
کۆمەڵێک وتار و نووسراوەکانی
هاوڕێ محەممەد سلێمانی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی
ڕەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ی زایینی

پێرست

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣..... لاپەڕەی ٩

١- ئامانجی ئاژاوەنانەوەیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ پاراستنی حکوومەتیانە.....

٢- ئاکامی دیالۆگی ڕێبەری بنەماڵەیی گەورەیی دێمۆکڕات بۆ کەس ڕوونیە!.....

٣- چەند وتەیەک لە پەراوێزی وشیاری نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!.....

٤- کاتێک لە وڵاتێکی وەک ئێران دا مەجالی گەشەکردنی ئازادی و مافە دێمۆکراتیکەکان خەڵک پێک دێت.....

٥- پرسی سیاسی و نەتەوایەتی کورد لە تورکیە.....

٦- بووژانەوەیی خێرایی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.....

٧- خولی نۆهەمین وتووێژی نێوان گروپی ١+٥ و ئێران بێ هیچ نەتیجەیەک کۆتایی پێهات!.....

٨- سەکۆیەکی هاوبەشی سیاسی و نەتەوەیی کە هەموولایەک خۆی تێدا بدۆزێتەوە زەرورەتێکی مێژوویە!.....

٩- ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بەجیهانیی کردنی کێشەی کوردو بێلوتفی زۆرمان!.....

١٠- بۆ ماڵپەڕی گیارەنگ کە خاوەنی لایەنگرو نووسەریی بوێر و زۆرو زەوەندە.....

١١- ئەو هەڵبژاردنەش خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی گەلانی ئێران دابین ناکات.....

١٢- خامنەی زۆر بە وریای چاوەدێری جمووجۆڵی هەڵبژاردن دەکات.....

١٣- ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی دەورەیی یازدە هەمی سەرۆک کۆماری ئێران.....

١٤- شەڕەفکەندی بەهەق ڕێبەرێکی بوێروبیرمەندی نەتەوەیی بوو.....

١٥- پرۆسەی هەڵبژاردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا!.....

١٦- ئەردۆگان و پاکێجی دێمۆکڕاتیزەکردنی وڵاتەکەی!.....

١٧- حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان و ماددەی ١٤٠!.....

١٨- سمکۆی شکاک هەر وەک شۆڕشگێر دەمێنێتەوە!.....

١٩- مالیکی نەیتوانی نیگەرانی حکوومەتی ئەمریکا بگۆڕێ!.....

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ..... لاپەڕەی ٦٧

٢٠- بەڵام دۆستایەتیش کە لەگەڵ دوژمنی خوێن و وڵات بێ، هەر دوژمنە و نابێتە هاونیشتمانی نەتەوەیت!.....
٢١- بە ئانقەست بکوژی د. قاسملوو، سحراروودی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێت!.....

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥..... ٧٤

٢٢- بووژانەوەی شۆڕش بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبێڵن!.....
٢٣- کەمینەیەکی تەواو عەیار، بڕیاری لەسەر یەکگرتنەوەی حیزبیدا لە کۆنگرەی ١٠!.....
٢٤- سەردەمانێک کەسمان لایەنگری بەیەکەوە کارکردن لە نێو حیزبدا نەبووین، بۆچی؟.....
٢٥- ئۆباڵی لاوازی شۆڕش هەمووی بخرێتە سەر لێکدابڕان! ئینساف نیە.....
٢٦- تورکەکان بۆ دژایەتی گەلی کورد پاڵەپشتی داعش دەکەن!.....
٢٧- من براگەورە و تۆ برای پچووک" و پرسی یەکیەتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!.....
٢٨- شەری ساردی نێوان یەکیەتی نیشتیمانی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەسەرچی!.....
٢٩- سیاسەتی نەرمی ئۆباما، بەتەواوی لە بەرژەوەندی بەرنامەی ناوەکی تاراندایە!.....
٣٠- ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بەکردەوە سەرکردایەتی گەورەی ئیپراتۆری شیعە دەکات!.....
٣١- ئۆباما وەک دەروازەبانێکی بێ ئەزموون، گۆڵی ڕێژیمی ئێرانی خوارد!.....
٣٢- بەڵام دۆستایەتیش کە لەگەڵ دوژمنی خوێن و وڵات بێ، هەر دوژمنە و نابێتە هاونیشتمانی نەتەوەیت!.....
٣٣- ڕاپەڕینی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆتای بە قۆناخی نسکۆی سیاسی و ڕێکخراوەی هێنا!...
٣٤- بەدەست پێشخەری پارتی کرێکاران، هێرشی چەکداری کراوە سەر پێشمەرگەکانی حدکا!.....
٣٥- هەرگیز چاکەیەکی خێر لە سەر ڕێگای حیزبی قازی و قاسملوو و شەڕەفکەندی سەوز نەبوویەوە!.....
٣٦- وشەی "هاوڕێیانی پێشوو" مان مانەی ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێ و بەناوی خۆیان بناسرێن!.....
٣٧- دێمۆگرافیای شاری"ورمێ" و کوردستانی بوونی بە هیچ هێزێکی فاشیستی ناگۆڕدرێت!.....
٣٨- هێرشەئاسمانیەکانی فەڕانسە، هاوشێوەی ئەمریکا "بەپێخۆر" نیە بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش!.....
٣٩- حەشدی شەعبی برابچکپۆڵەی سپای پاستارانی حکومەتی ئاخوندی ئێرانە!.....
٤٠- بەرفراوانتربوونی چالاکیەکانی ڕوسیا لە ئاستی ناوچەکەدا، سنووردرابوونی ئێرانی لێدەکەوێتەوە!.....

٤١- لە پەراوێزی "دەردە دڵیەکەی" ڕێزدار خالید عەزیزیدا!.....
٤٢- بۆ چی دەبێت گەلی کورد بکرێتە قوربانی کێشە و ملمالانەی سیاسی نێوان وڵاتان!.....

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٦..... لاپەڕەی..... ١٣٠

٤٣- سەقامگیری سیاسی ڕێژیمی ئاخوندی و چەند قسەیەک!.....
٤٤- ئەوەی گەلی کورد داوایکردوە، هەڕەشە و هێرشنیە بۆسەر دابەشبوونی جوگرافیای تورکیە!.....
٤٥- دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان و "حەڵاڵ" یە مێژوویەکەی تەنیا مافی سیاسی حدکایە!.....
٤٦- پاشکۆیەتی و ناروونی هەڵوێستی سیاسی و هەڵبژاردنی دەورەی نوێی مەجلیسی ئێران!.....
٤٧- بڕیاری سیاسی و هەڵوێستەکانی "حدکا" بەرئەنجامی ڕاوێژ و تێڕوانینی وردن!.....
٤٨- نامەیەکی سەرئاواڵە بۆ ڕێزدار بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!.....
٤٩- ڕێژیمی تاران حەشدی شەعبی بەدژی کوردی باشور هاندەدات!.....
٥٠- ئەزموونی خەباتی چەکداری لە نێوان ئەمرۆ و ڕابردوودا!.....
٥١- باشوری کوردستان لە بەردەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆی کوردستاندا!.....
٥٢- تێزە شۆڤێنیەکەی ئاخوندەکان، "ئیمە هەموومان ئێرانین و موسوڵمانین"، ڕوحانی گەیاندە مەهاباد.....
٥٢- ڕێبەری حدکا و حدک ئەگەر کەیفیان لێبێت، بە دوو کۆبوونەوە حیزب دەخەنەوە سەریەک!.....
٥٤- شیعاری"ڕوخان"ی ڕێژیم پەرتەوازی سیاسی لێدەکەوێتەوە!.....
٥٥- بەڵی بۆ ڕیفراندۆم، بەسییەتی ژێردەستەی تورک و عەرەب و فارس!.....
٥٦- حدکا نامۆ نیە بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران.....
٥٧- دکتۆر قاسملوو سیمایەکی کاریگەر و تێکۆشەری سیاسی و دیپلۆماتکارێکی بەئەزموونی نەتەوەی بوو!.....
٥٨- خواستی سیاسی کورد، پەیوەندی بە کولتوری ڕۆشنبیرییەکەیەوە هەیە!.....
٥٩- تاران و ئانکارا و وڵاتە پاشکۆکانیان، هاوڕان بۆ دژایەتی کردنی کورد!.....
٦٠- دکتۆر سەعید شەرەفکەندی ڕێبەرێکی بوێر و خاوەن بڕیار و هەڵوێست لە ڕووبوو!.....
٦١- ملمالانەی سیاسی لە نێوان هێزە کوردییەکاندا بۆچی!.....

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧..... لاپەڕەی ١٧٢

٦٢- بەداخەوە کورد لە دوژمنەکانی زیاتر نەیاری خۆیەتی!.....
٦٣- بایکۆتی، هەڵبژاردن و پۆستە جادوویەکانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران بکرێ!.....
٦٤- ڕێبەری حدکا و حدک ئەگەر کەیفیان لێبێت، بە دوو کۆبوونەوە حیزب دەخەنەوە سەریەک!.....
٦٥- بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم، بەسییەتی ژێردەستەی تورک و عەرەب و فارس!.....
٦٦- دکتۆر قاسملوو روحی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن و دێمۆکراتیکی کوردە!.....
٦٧- لە فارس فێل بازتر و پەیمان شکێنتر و بێورەتر پەیدا نابێت و ڕووبەروو نەوێراونەتە کورد!.....
٦٨- تورکیا لە نێوان گومانی دیپلۆماسی و پەیوەندی لە گەڵ کورد دا!.....
٦٩- دکتۆر سەعید مرۆڤێکی تێکۆشەری ناسراوی خاکی و بوێر و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو!.....
٧٠- ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئەگەر لە ئێستادا گونجاو نەبێت، لە داهاتووشدا بواری پێنادرێت!.....
٧١- دەنگدان بە "بەڵێ" بەرەو سەربەخۆی کوردستان، ڕەدکردنەوەی ستەمی نەتەوایەتیە!.....
٧٢- ناکرێت هەتا دونیا بەدونیایە، کورد ژێردەستە و کۆیلەی عەرەب و فارس و تورک بێت!.....
٧٣- بنەمای فیکری ڕێژیمی ئێران لەسەر سڕینەوەی نەتەوەیی و تیرۆری سیاسی دامەزراوە!.....
٧٤- قۆناخی ڕزگاری نەتەوەیش دیسانەوە لێکترازان و پەرتەوازی نیشتیمانی لێدەکەوێتەوە!.....
٧٥- سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم، نسکۆیەکی گەورەی سیاسی و نەتەوەییە!.....
٧٦- بە وازهێنانی بارزانی، کورد لە بەغدا ڕۆڵی جارانی نامێنێت!.....
٧٧- ڕێژیمی ئێران حیساب بۆ گەمارۆ و سیاسەتی بەیاننامە دەرکردنی ئەمریکا ناکا!.....
٧٨- زەمین لەرزەی کرمانشان و شارەکانی دەوروبەری و خەمساردی دەسەڵاتی ئاخوندی!.....
٧٩- یەکگرتنەوەی دووبالّی دێمۆکرات گرینگە وەک ئەمری نەتەوەی سەیربکرێ!.....
٨٠- گێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێکی ژیانی پێشمەرگایەتیم!.....
٨١- دروشمی خۆپێشاندەرانی "مەشهەد" و شارەکانی تر، نموونەی ڕوونی ناڕەزایەتی گەلانی ئێرانە!.....

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٨..... لاپەڕەی ٣٣٦

٨٢- بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان بەگشتی هاو شێوەی یەکن!.....

٨٣- عەلی جەوانمەردی کانتۆنی مەنگوڕ و هۆزەمەنگورەکانی بە گشتی بە جاش داناون!.....
٨٤- خۆپێشاندانەکانی خۆڕسکی ئێران، لە ڕەوتی درێژەکێشانیدا توانی خۆی ڕێکبخات!.....
٨٥- تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات، بە چیرۆکی ساختەی نێو فیلمەکە ناخەڵەتێن!.....
٨٦- ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتدا، دەرئەنجامی بیری نەتەوەی حدک بووە!...
٨٧- حەیدەر عەبادی ئەگەر بۆی بلووێ، هاوینەهەوارەکانی کوردستانیش دادەخات!.....
٨٨- بەئامانج گرتنی حدکا، بۆچ مەبەست و بەرژەوەندیەکە!.....
٨٩- دوور کەوتنەوە لە بەغیلی سیاسی، کورد بەئامانجەکانی دەگەیەنێت!.....
٩٠- حکوومەتی ئاخوندی خەریکە بەسیاسەتە خراپەکانی سەریخۆی دەخوات!.....
٩١- مایک پۆمپیۆ دژی پێگەی بەهێزی مسکۆ و تارانە و بۆ لاوازکردنیان کاردەکات!.....
٩٢- ئەگەر خۆخۆڕی ناوخۆی نەبوایە، یەکێک لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچە، دەوڵەتی کوردی دەبوو!!.....
٩٣- ڕۆژهەڵاتیەکان لە بەر ئەوەی خۆیان ناپارێزن کراونەتە ئامانجی تیرۆرکردن!!.....
٩٤- ئێران و تورکیە لە ڕوسیە زیاتر قوربانی ڕووداوە نوێکان دەبن!.....
٩٥- حکوومەتی ئاخوندی ئێران وەک هەیکەلێکی تێک قرماو داتەپیوو ماوەتەوە!.....
٩٦- شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕێبەری کارێزمای دکتۆر قاسملوو ناسرا، بەڵام ئێستاچی!.....
٩٧- شەهید سولەیمان ڕەسوڵزادە، کادرێکی سادە و خۆش فکری سیاسی بوو!.....
٩٨- کە داعش نەما، کوردی خاکی زۆری لە دەستدا و هیچی بەرنەکەوت!.....
٩٩- پێشمەرگە نەریتە چەکداری و مێژوویەکەی بۆ جارێکی تر درەوشاندەوە!.....
١٠٠- حیزبی دێمۆکرات بە قوتابخانەی ژینگەی مۆدێرنی سیاسی و ڕوحی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە!..
١٠١- ڕێژیمی تاران لە گێژاوی گەوەری قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆیدا دەژیت!...
١٠٢- ستەمی سیاسی و نەتەوایەتی هۆکاری سەرهەڵدانی قۆناخە چەکداریەکانی حدکا بووە!.....
١٠٣- ڕێژیمی ستەمکاری ئێران، شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی بۆ بێدەنگ ناکرێت!.....
١٠٤- کاریگەری ڕاسانەوە دوژمنی دووچاری بێزاری و نائومێدی زۆر کردۆتەوە!.....
١٠٥- هاوپەیمانی سیاسی و ستراتیژی حدکا و کۆمەڵە بە هیچ جۆرە پیلانێک لێک ناترازێ!.....
١٠٦- ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لە داماویان زمانی هەڕەشە بەکار دێنن!!...
١٠٧- ئەمریکا دەبوو ڕۆڵی بەیەک گەیاندنی کوردی ڕۆژئاوا و ئانکارایی گێڕابا!.....

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٩..... لاپەڕەی ٢٩٢

١٠٨- ئەمریکا هاوپەیمانەتیەک لە گەڵ دەوڵەتە دژبەرەکانی ئێران پێکدێنێت!.....

١٠٩- لە پەراوێزی لە بەیەکی دکتۆر قاسملوو بۆ پەیامی خومەینی!.....

١١٠- "سەمای ئازادی".....

١١١- هەسەدە دەستی بەسەر دوا مۆڵگەی داعش لە "باغۆز" دا گرت!.....

١١٢- ڕزگاری نەتەوەیی.....

١١٣- کورتەباس کرۆکی کۆی ئەو داخواز و ئامانجانەیە.....

١١٤- کورتەباس کرۆکی کۆی ئەو داخواز و ئامانجانەیە.....

١١٤- یادی ١٧ ساڵەی ماڵپەری گیاڕەنگ پیرۆزبێت!.....

١١٥- حکوومەتی ئاخوندی ئێران وەک هەیکەلێکی تێک قرماو داتەپیوو ماوەتەوە!.....

١١٦- حکوومەتی ئێران کاتی ڕوخانی نزیک تر بۆتەوە!.....

١١٧- سیاسەتی تورکیە بەگشتی دژی گەلی کورد و شۆڕش و ئامانجەکانیەتی!.....

بابەتەکانی ساڵی..... ٢٠٢٠ - ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ - ٢٠٢٦..... ٣٣٧

١١٨- سیاسەتی نابەڕپرسانەی تاران بۆتە مایەی سەر ئێشە بۆ گەلانی ئێران!.....

١١٩- سیاسەتی حدکا وەک گومی مەند وایە و بە کەس شلۆ ناکرێت.....

١٢٠- فارس و تورک بە خشکە خەریکی شێواندنی دیمۆگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.....

٢٠٢٢

١٢١- گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی ڕەزا پەهلەوی و هاوتەریبەکانیەتی بۆ سەر دەسەڵاتی ستەمکارانەیان

١٢٢- ئەو سێ وڵاتە ئەوەندە پێک ناکۆکن، هەرگیز ناگەن بەیەک.....

٢٠٢٣

١٢٣- دەبێت هەموو نەتەوەکانی وڵات ڕۆڵیان کە ئێرانی داهاتوودا هەبێت.....
١٢٤- دیالۆگ لە گەڵ کێ، کە هەرهەمووشتی بۆخۆی دەوێ و هیچی تۆی قبوول نەبێت.....
١٢٥- پردی متمانەی نێوان جەمسەری ڕۆژئاوا و تاران بەرەو داڕمانە.....
١٢٦- ڕێژیمی ئێران خەباتی کوردی پێ لە ناوناچێت.....
١٢٧- هێرشی ئەو جارەی سەر ئیسرائیل خەوی لە چاوی کاربەدەستانی ئێران تاراندووە.....
١٢٨- دەسەڵاتی ئێران بەشەق و زلە نەبێت ڕاستە ڕێ نابێت.....

بابەتەکانی ساڵی..... ٢٠٢٤ - ٢٠٢٦

١٢٩- ڕێزگرتن لە شەهیدان، وەفاداریە، نەک دواکەوتوویی و لادان لە ڕێبازی سیاسی.....
١٣٠- خەباتی سیاسی و چەکداری لە شاخەوە گەیووەتە نێوشارەکانی ڕۆژهەڵات.....
٣١- ئیسرائیل ئەمریکای هێنایە ناوشەڕ وبێ ڕەزامەندی ئەوان شەڕ بەتەواوی ناوەستێ.....

سەرچاوەی بابەتەکان ماڵپەڕی گیاڕەنگ



بابەتەکانی ساڵی..... ٢٠١٣

ئامانجی ئاژاوەنانەوەیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ پاراستنی حکوومەتیانە.

لە نێواڕاستی حەفتەیی ڕابردوودا کۆمەڵگایی جیهانی ئاگاداری هێرشیی هەوایی هێزە نیزامیەکانی ئەرتەشی ئیسرایل بۆ سەر بنکەیەکی گرینگی نیزامی حکوومەتی سووریە کە لە نیزیک سەر سنووری لوبنان هەڵکەتووە بوو و ئامانجی ئەو هیرشە هەوایە ی ئەرتەشی ئیسڕایل ئەو بوو کە پەکی ناردنی کەلو پەلی نیزامی کە گومانی ئەوەش دەکڕیت کە لەو ڕێگایەوە هاوکاریەنیزامیەکانی حکوومەتی ئاخوندی بگەنە دەستی هیزە نیزامەیەکانی حیزبوولاّیی لوبنان کە بە دوژمنی دیارو گاری گەری حکوومەتی تەلەوی دەناسرێت.

پاش ئەو هێرشەهەوایی ئیسڕایل بۆ سەر بنکە گوماناویەکانی دەمێشق لە ڕۆژی چوارشەممەدا، زۆر لە چاوەدێرانی سیاسی نێونەتەوەیی و ناوچەیەیی ئەو ڕوداوەیان بە سەرەتایی گرژی و ئاڵۆزی زیاتر لە قەلەمدا و هەڕەشەیی حکوومەتی ئێران بۆ سەر ئیسرایل و بەکارهێنانی هێز بەمەبەستی پشتیووانیکردن لە حکوومەتی بەرەودامانی دەمێشق، بێگومان ئامانجی لەو سیاسەتەیی بەگژیەکدا کردنی دەسەلاّتی نیمچەکۆتایی بەشار ئەسەد و حیزبوڵایی لوبنانێ زیاتر هیچیتر نیە و ڕێژیمی تارانێ هەرگیز خۆی ناخاتە نێو ئەو باتلاّقە وە کە چاوەڕوانیەتی.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران تاکتیکی لە هەڵگریساندنی شەر لە نێوان ئیسڕایل و دۆستە نیزیکەکانی خۆیدا واتە دەسەلاّتی بەشار ئەسەد و حیزبوولاّدا ئەوەیە کە لەو ڕێگایەوە فشاری نێونەتەوەیی و نێو خۆی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و ئەو هەڕەشەیەش کە بەدژی حکوومەتی تەلەبی لەو چەند ڕۆژەیی ئاخیرد اکردی، ناکەوێتە خانەیی کردەوە و بە ڵکوو بەو شێوەیە دەیهەوێت بە ڕێژمی دەمێشق بڵی کە ئێمە لە هەر کات و هەلومەرجێکی سیاسی و دژواردا لە سەنگەری بەگری ئێوەدا پاڕیزگاری دەسکەوتەکانتان دەکەین. بەلاّم سەیر نیە کە بەشار ئەسەد ئێستاشی لە گلّەدا بێت لەو سیاسەتیان تێبگات و دوور نیە ئەگەر لە خۆیی ڕاببینێت بەگژ حکوومەتی ئیسرایل دا بچێتەوە کە ئەوەش پێش لە هەموو لایەک بەقازانجی ئاخوندەکانی ئێران تەواو دەبێت.

کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی و چاوەدێرانی سیاسی کە شارەزایی سیاسەتی تێکدەرانی ئاخوندە دەسەلاّتدارەکانی ئێرانن باش لە نیەت خراپی ئەو ڕێژیمە تێدەگەن کە نیگەرانی دەسەلاّتی تاران لە بەرانبەر هێرشی هەوایی ئیسڕایل بۆ سەر ئەو بنکە

ستراتیژیەیی دەیێشق لە بەر ئەوەیە کە بەرنامە و پیلانەکانی بەئاکام نەگات کە چاوەڕواندەکرێت چەکی کۆمەڵکوژی لێ بەرهەم بهێنرێ و ڕێگایەکی گرینگ و بەفراوانیش بێت بۆ ئەوەیی هەر جۆرە کەلوپەلێکی نیزامی و چەکی کۆمەڵکوژی ئێران بگاتە دەستی نەیارانی ئیسڕایل کە لە بڵاو بوونەوەیی ئەو کەل وپەلە شیمیایانە ئێرانیش ناڕاستەو خۆ دەستی لەو پیلان گێڕیەدا هەیە و دەیهەوێت قەیرانی سیاسی لە ئاستی ناوچەکەدا زیاتر پەرە پێبدات هەتا تەمەنی دەسەڵاتداری خۆیان درێژتر بکەنەوە.

حکوومەتی ناوەندی تاران بەمەبەست لەو دواياندا بەئاشکرا پشتیوانی خۆی بۆ دەسەڵاتی بەشار ئەساد ڕاگەیاند و هەڕەشەیی هێرشی هاو بەشی بەدژی حکوومەتی ئیسڕایل کردوە و بە نوێنەرایەتی هەردوو وڵاتی دەیێشق و تاران ڕایانگەیاندوە کە ئەو دوو وڵاتەش سەبارەت بەسنوور بەزاندنی ئەرتەشی تەلەبی، بێ هەڵوێست و دژکردەوەیی هاو شێوە نابن. بەڵام سیاسەت و تاکتیکی ڕێژیمی نیزامی ئێران لە و پەیوەندیەدا ئەوەیە کە بە قازانجی پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی ئاگری ناکۆکی لە ناوچەکەدا خۆشتر بکات ودۆست و هاوپەیمانەکانی کە حکوومەتی بەشارئەسەد و حیزبوواڵایە بەگژ حکوومەتی ئیسڕاییلیان دابکات و خۆشی لە پشتی پەردەدا هاوکاریان پێشکەش بکات، هەر وەک هەتا ئێستاش ئەو سیاسەتەیی خۆی لەو بارەوە درێژە پێداوە.

دەسەڵاتدارانی ئاخوندی لە کاتێک دا سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەیی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕستدا پەرەپێدەدەن، بۆ ئەوەیی هەڵوێست و سیاسەتی کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی لە سەر خۆیان دووربکەنەوە و هەموو لایەک بە قەیرانی سووریە و ئیسڕایل لە هەلومەرجی ئێستادا سەرقاڵبکەن، هەتا خۆیان باشتر بتوانن پەرە بە سەرکووتی هەر جۆرە دەنگێکی ناڕەزایەتی لە ئێران بدەن و ڕۆژنامە نووسانی ڕیفۆرمخواز و ئازادیخواز باشتر بەخەنە بەر لافاوی گرتن و زیندان و بتوانێت سیاسەتی بە ئاکام گەیاندنی بەرنامەی ناوکیەکەی بگەیەنێتە کۆتایی.

خۆ ئەگەر هەڵوێستەیەکی کورت بە سەر مێژوویی ڕوداو ئاڵوگۆڕەکانی ئەو چەند ساڵەیی دوای دا بکەین، ڕەنگە لە هەموو کاتێک باشتر لە هەلومەرجی ناسەقامگیری ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کە بە هیزو زەبروزەنگی زۆر زاڵمانە خۆیان بەسەر چارەنووسی سیاسی و ئیداری وڵاتێکی فرەنەتەوەیی وەک ئێران دا گرتووە و دەرەتانی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی ئازادیخوازانە یان لە گەڵانی بندەستی وڵات بڕیوە و هەر جار ناجارێک لە ژێر دروشمی نا شیاو نادروست دا ئاڵقە و ماشینی هارینی کەسایەتیە بە نفوزو شوێندارەکان لە نێو کۆمەڵگایی ئێراندا بەهێزتر دەکات و بە ڕێگایی جۆر بەجۆردا لە نێویان دەبات هەتا خەلکی وڵاتی پێ چاوترسێن بکەن.

هەر وەک ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی ناوەندی لە تاران ئێستا لە ساڵانی پێشوو زۆرتر نیگەرانی ڕەوتی روداو و مێژووی

سەرهەڵدان و بەئاکام گەئیشتنی بزووتنەوەیی سیاسی و جەماوەری بەهاری عەڕەبی و ردەکردنەوەیی سیستەمە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکانی وڵاتەکانیان و هەر لەو کاتەشدا ئێستا کە دەبنری باوی جیهانی دیکتاتۆری گەیشتۆتە کۆتایی تەمەنی وزەمینەی گونجاو بەمەبەستی دروست بوونی حکوومەتی گەلی و دێمۆکراتیک پێک هاتووە و ڕێژیمە زۆردارەکان درەنگ یان زوو دەبێ دەسەڵات بەجێ بڵێن و حکوومەتی دێمۆکراتیک و پێشکەوتنخواز لە ئاستی ناو چەکەدا دەرەتانی حوکمڕەوایان بۆ پێک بێ و دەرفەت بەخەڵک بدرێت لە سەر چارەنووس و حوکمڕەوایی خۆیان بڕیار بدەن. بەرنامەو پیلانەکانیان خەریکن ئەو جار بەئاشکراتر بەڕیوەدەبن لە ئاستی دەرەوە و نێوخۆدا.

سەرەڕایی خۆدزینەوەیی دەسەڵاتدارانی ئێران لە واقعی سیاسی وئابووری و کۆمەڵاتیەتی و هەست کردن بە بێزاری خەڵک لە سەر شێوەیی حوکمڕەوایی لە وڵاتدا، چاوەڕوانی ئەوەیی دەکەن کە گەلانی ئێران ئەو جارەیان بە شێوەیی بەر بڵاوتر بێنە مەیدان و هیچ جۆرە بزووتنەوەیەکی بەڕواڵەت سەوز نە توانێت ڕاپەرینی جەماوەری لە پێناو گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە ئێراندا، شکڵ و شێوەیی خەباتی جەماوەری و ناڕەزایەتی گەلانی ئێران سەبارەت بە حکوومەتی ئێران بەلاڕیدابرێ، بەڵکوو ئازادیخوازانی وڵات بەشێوەیەکی گشتی و لەسەر یەک هەوڵدەدەن لە هەڵبژاردنی داهاتووی وڵاتەکەیاندا ڕۆڵی گرینگی خۆیان بگێڕن و ئامانجی شیعارەکانیان زۆر ڕادیکاڵتر و قوڵتر لەوەیی بن کە بەناو ڕیفۆرمخوازانێکی مەسڵەحەت وخواز و پارێزگاریی فەلسەفەیی سیاسی وئیداری حکوومەتی ئاخوندی لە تێکۆشانی سیاسیان دا بەئاڕاستەیی پێچەوانە دا ببرێ.

ڕێژیمی ئێران بۆ خۆپاراستن و بە لاڕێدا بردنی بیروڕایی گشتی دونیا هەڵوێستی شەر بەدژی ئیسرایل ڕادەگەیەنێت و لەو ڕێگایەوە دەی هەوێت ئیدارەیی نوێ ئەمریکا وشیار بکاتەوە ئەگەر ئەو وڵاتە سوور بێت لە سەر دروست کردنی گیروگرفت لە بەردەم بەرنامەیی ناوەکی حکوومەتی ئێراندا، ئەوانیش ئەو هێزەیان هەیە کە هەڕەشە دروست بکەن لە سەر ئامانجە ئابووری و بازرگانیەکانی ڕۆژئاوا لە ئاستی دونیادا.

٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

ناکامی دیالۆگی ڕێبەری بنەماڵەیی گەورەیی دێمۆکڕات بۆ کەس روونیە!

چەند وتەیەک لە پەراوێزی ڕەوتی کۆبوونەوەیی حدکا لە گەڵ ئەو هاوڕێیانەیی کە چەند ساڵیک لەوەیی پێش بەفرمی دابڕانی خۆیان لە حیزب ڕاگەیاند و لە ژێر ناوی حدک دا دەستیان بە تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی کرد. دیارە ئەو ڕوداوە بە یەک لەو ڕوداوە ناخۆشانە دادەنرێ لە تۆپی مێژووی حیزب دا، لە کەس شاراوە نیە کە شوێنی زۆر ناڵەباری لە سەر ڕەوتی ڕولەگەشەیی خەباتی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا و بوو بە هۆیی نائومێدکردنی خەڵکی کوردستان لە هەلومەرجی سیاسی ئێستادا و لێک دوورکەوتنەوەیی زیاتری هێزە سیاسیەکان کە هەتا ئێستاشی لە گەڵ دابێت بە هۆی ئەو جۆرە لێک جیابوونەوانە کە بەسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا هاتووە هەنگاوەکانی پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی کوردستانی و کۆبوونەوەیان لە ژێر بەرنامەیەی هاوبەشی سیاسیدا وەدی نەهاتووە و بە داخەوە هێزو توانایان بەسەر چەند دەستەیی پچووک دا بەشبووە.

ڕەوتی دانیشتنەکان کە بوونە مایەیی دڵ گەرمی خەڵکی کوردستان، دیارە لەژێر فشارو داوایی دڵسۆزانی یەکڕیزی بەمەبەستی بەهێزکردنی بزووتنەوەیی نیشتیمانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا زەمینەی بۆ پێکهاتووە و هەرکام لە ڕێبەرایەتی ڕەنگە ئامانجیان لەو دیدار و یەکتر لە نامێزگرتنە لە بەر چاوی کامێراو ڕاگەیاندنەکاندا ئەوە بێت کە بتوانرێ لە ئاستی پەیوەندیەکان فشاری خەڵکی کوردستان کە لاینگری یەکیەتی ژیانی ڕێکخراوەین لەسەر بەشەکەی خۆیی کەمبکاتەوە.

حیزبی دێمۆکرات لە گەڵ هاوڕێیانی پێشوومان ئەوە بۆ چەند جارێکە بەیەکەوە کۆبوونەتەوە بۆ ئەو مەبەستەیی ڕێگای چارەسەرکردن بدۆزنەوە و هەوڵی وەسەریەکخستنەوەیی بنەماڵەی گەورەیی دێمۆکڕات بەئاکام بگەیەنن و لەو ڕێگایەوە دڵی ئازادیخوازانی کورد بە ڕاگەیاندنی یەکڕیزی دووبارەیی حیزب خۆشبکەن.

بەڵام ئەوەیی هەتا ئێرە نەمان توانیوە لێی تێبگەین و بۆتە مایەیی پرسیار بۆ هەموو خەمخۆرانی پرسی وەسەریەک کەوتنەوەیی حیزب، ئاکامی ڕەوتی ئەو دیدار و چاوپێکەوتنە دوو قۆڵیانەن، کە ڕەوتی پێشوەچوونی بۆ کەس ڕوون نیە و هیچ لە و بارەوە نازانرێ و هەر دوو لاش بەردەوام باس لە گرینگی بەردەوامبوون و درێژەکێشانی ئەو ڕەوتە دەکەن، کەچی هێشتا هیچ لە بارەیی پرۆسەیی لێک نزیکبوونەوەدا بە شێوەیی فەرمی بڵاو نەکراوەتەوە و ئەو مەسەلەیە لە چوارچێوەیی ڕێبەریدا بە نهێنی دەپارێزرێ و لە دواڕۆژێشدا ئەگەر ئەندامان و لایەنگرانی دێمۆکڕات بە ئاکامەکەی ڕازینەبوون و

بەشدارو هاوبەش نەکرێن لە چارەسەرکردن و دروست کردنی زەمینەیی شیاو، دوورنیە بۆ جارێکیتر شاهیدی ئەو ئاڵۆزیەیی کە لە پاش یەکبوونەوەیی کۆنگرەیی ١٠ی حیزب هاتە گۆڕی دیسان سەر هەڵبداتەوە.

ڕێبەری بنەماڵەیی دێمۆکرات ئەرکی گرینگ و هەستیاری دەکەوێتە سەر شان بۆ ئەوەیی لە نێوە ڕێزەکانی تەشکیلاتیشدا ئەو زەمینەیە دروست بکرێت و هەلومەرجی سیاسی و تەشکیلاتی پوێست پێک بهێنرێت. دەکرێ لە ڕێگایی جۆربەجۆرەوە، وەک پێکهێنانی کۆڕو سیمینارییی هاوبەش سەبارەت بە شێوەیی چارەسەرکردن و دۆزینەوەیی مێتۆدو میکانیزمی گونجاو سەبارەت بەو مەسەلە جەوهەریە و تێبکۆشرێ هەتا بەوجۆرە پێش لە ئەگەرەکانی دووبارە سەرهەڵدانەوەیی ناکۆکیە نێوخۆیەکان بگیری و پاش یەکگرتنەوەیی حیزب دیسان زەمینەی کەوتنە وێزەیی یەکترو یەکتری خستنە پەراوێز سەر هەڵنەدا و ئەو بابەتە بۆ هەمیشە گۆڕبکرێ و بە هەموو لایەک ئەو دەسکەوتە مەزنە بپارێزین و یەکپارچەی سیاسی وتەشکیلاتی وەک ئامانجێکی بەرزی نەتەوەیی سەیر بکرێ.

ناکرێ لێرەدا تیشک نەخرێتە سەر نیگەرانی ژمارەیەکی بەرچاو لە تەشکیلاتی بنەماڵەیی گەورەیی دێمۆکرات کە ماوەیەکە باس و خواس و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیی جیاو دژبەیەکین لە سەر پرۆسەیی یەکبوونەوە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەلا دروست بووە و تێڕوانینیان سەبارەت بەو بابەتە گرینگ و هەستیارە ئەوەیە کە ڕەنگە ئاکامی دیالۆگی دوولایان ئەوە بێت کە حدکا ئەو هاوڕێیانە بە ناوی حدک بناسێ و بەو جۆرە دوو حیزب بەتەوایی لێکچوو و هاوشێوە ببنە ئەرزی واقع لە گۆڕەپانی ڕوداوە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا و بە هۆیەوە دابەشبوونی دێمۆکرات بکەوێتە بواری کردەوە و ئومیدی وەسەریەککەوتنەوە بەرەو لاوازی ببات.

بێگوومان ئەو ڕوداوە هەر چەندە ڕەنگە هێندێک کەس هەبن کە ئەو بیرۆکەیان بەدڵبێت و بە هەنگاوێکی ئەرێنی دابنێن، بەڵام ئەگەر بەوەردی سەرنج بدەینە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەلاتی کوردستان زۆر قورس دەبێت هەتا بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبیش کە چۆن خۆیان لە نێو خەڵک دا لێک جیا بکەنەوە. چوونکی مێژووی هاوبەش، شەهیدی هاوبەش و بۆنەیی سیاسی و نەتەوەیی هاوبەش ناکرێ بە سادە سەیر بکرێن. بەڵکوو ئەو قەڕارە سیاسیە کە چاوەڕواننەکراوە بێتە گۆڕێ و دەبەشکردنی حیزبی دێمۆکرات وەک سەرەتایی گەورەترین و ئاڵۆزترین قەیرانی ڕێکخراوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەلات دادەنرێ.

ڕەنگە ئەو مەسەلەیە وەک دەنگۆیی لە سەر دروست بووە زۆر لە ڕاستیەوە دوور بێ و خەڵکی کوردستان و تەشکیلاتی وشیارو خەمخۆری بە هێز بوونی بزووتنەوەیی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان لایەنگرو پشتیوانی ئەو پرۆسەیە ناکات و بەسەرفەسڵی قەیرانی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی دادەنێن.

گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پاش دروست بوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی کوردستاندا ئەو بەرچاو رونیەیی بۆ پەیدابووە کە لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی نەتەوەیی هەڵوێستی سیاسی خۆی وەربگرێ و کۆمەڵگایی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە زۆر ژیرانە کە بەرهەمی وشیارەی سیاسی و نەتەوایەیەتی و هەرلەوکاتەشدا ئەو خوێندنەوەیەیی کە بۆ دواڕۆژی خەبات لە لایی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دروست بووە ئەوەیە کە کورد دەبێت بەو ڕەنگاو ڕەنگیە کە لە بیروڕاو دابەشبوونی ڕێکخراوەیدا هەیانە یەکگرتووبن بۆ ئەوەیی بتوانین بە ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانمان بگەین و کەمنین ئەو هێز و لایەنانەیی غیرە کورد کە لە دواڕۆژی سیاسی ئیڕاندا بەرەنگاری داخوازەکان مان ببنەوە، نموونەیی دیارو بەرچاو کە لە جەوهەردا سەلمێنەری ئەو ڕاستیە ناکۆکیەکانی حکوومەتی هەرێمە لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندا. بەو یەکپارچەیەیی کە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە نێویاندا هەیە دەبینین بە چ هەلومەرجێکی سیاسی و سەخت دا دەڕۆنە پێش بۆ ئەوەیی مافە سیاسی و ئیداریەکانیان بچەسپێنن لە چوارچێوەیی ئێراقی فیدڕاڵدا.

ڕەوتی سەرجەمی ئەو ڕوداو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ئاستی دونیا و ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاتوونە کایەوە، بێگوومان ئەزموونێکی زۆر بەنرخ و هەستیارن بۆ خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەیی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا.

کورد کاتێک بە ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی دەگات کە ستراتیژی و میتۆدی بزووتنەوەیی خۆیی بگۆڕێت و بەر لە هەر شتێک نێو ماڵی خۆی ڕێکبخات و زۆر جەوهەریانە سەبارەت بە دواڕۆژیی سیاسی و ئیداری حکوومەتی کوردستان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بیربکاتەوە و دەفکری چارەسەری کێشە نێوخۆیەکاندا بێت و ئەزموون لە سەرهەڵدان و بەئاکام گەیشتنی شۆڕشی بەهاری عەرەبی وەرگرێ و ئەو بەرچاورونیەیی هەبێت و بە باشی لەو ڕاستیە بگەین کە ئەگەر هەلومەرجێکی هاوشێوە لە ئێراندا ڕوبدا کە زۆر دوورنیە ئەو هەلە زێرینە بۆ کورد لەو وڵاتەدا بێتە پێش. بەڵام بەر لە هەر شتێک کورد دەبێت یەکدەنگ و یەک هەڵوێست بێ بۆ ئەوەیی باشتر بتوانێت بە ئامانجەکانی خۆی بگات و مافی زۆرتر وەربگرێ و نەهێڵین ئەو سنوورو سەراوردە جوگرافیانەیی کە وێدەچێت بەرەو ڕوبی کێشەی سیاسی و ئیداری ببنەوە فیدایی کرچ و کاڵی بیرکردنوەیی دەسەڵاتی تاک و دەستە و حیزب بکرێن و لە پرشوبڵاویدا دەسکەوتێکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێت. هەر بۆیە ئێستا هەموو لایەک ئەرکی سیاسی و نیشتیمانی لە ئاستی چاوەڕوانی کەسوکاری شەهیدان و بنەماماڵەیی زیندانیانی سیاسی کوردستان دەکەوێتە سەر شان.

ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو دوایانەیی کە شۆڕش و سەرهەڵدانی جەماوەریان بە خۆوەبینی، دیتمان بۆ ئەوەیی ڕاپەرینی سیاسی بەلاڕێدا نەبرێ و لە ئامانجەکانی دوور نەکەوێتەوە ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی سەرەکی دەبینی و لە ئاستی نێو نەتەوەیشدا وەک دەسەڵاتی دوو هەم و شەرحی سەیری دەکرێت و لە سەردەستی ئەوان میکانیزمی چارەسەری گیروگرفتە

سیاسی وئیداریەکان دادەڕێژن.

ئیستا هەم بارودۆخی سیاسی گشتی گێتی و ناوچەیی جیاوازە و هەمیش کورد و بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێرانە و بڕیارو خوێندنەوەیی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە سەر بنەمایی بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد و کورد هەرگیز لە نیۆ خۆیدا دژ بە کیانی سیاسی و دەسکەوتەکانی ناوەستێتەوە.

۷ی فێبریوێری ۲۰۱۳

چەند وتەیەک لە پەراوێزی وشیاری نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!

دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕووخانی بەشێکی بەرچاوی ڕێژیمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکانی دونیا و نەمانی شەری سارد و کۆتایی دابەشبوونی جیهانی دووجەمسەری و بەردەوامی شۆڕشی ئازادیخوازانەیی گەلی کورد بۆ ئەستاندنی مافی ڕەوایی خۆی و نەپچڕنی هاوکاری و پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵانی هەروای خەڵکی کوردستان لە گەڵ شۆڕش لە کوردستاندا، هۆکاری گەلێک بەرچاو و بەهێزی ئەو پڕۆسە نەتەوەیە دەژمێردرێن لە مێژووی هاوچەخی کورد دا.

کاتێک کە بزووتنەوەیی گەلی کورد کەوتبوو ژێر تەپ و تۆزی بیری چەپ گەرایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەو مەسەلەیە خەڵکی بەجارێک ئائومێدو هەراسان کردبوو، بەڵام تێکۆشانی لێبڕاوانەیی حیزبی دێمۆکرات و هێندێک هیزی سیاسی پچووکیتر توانیان شوێنی دیارو بەرچاویان لە سەر گۆڕینی میتۆدی بیرکردنەوەیی چین و توێژەکانی خەڵک هەبێت و تارمەیی ئائومێدیان لە سەر بڕەونەوە و کارەساتی سەرنەکەوتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هۆکارەکانی بەگوێرەیی ئیمکان ڕوونبکەنەوە تۆی هیوا و ئومێد بە نێو خەڵکی کوردستاندا بڵاو بکەنەوە. هەرچەندە زۆر جاران ڕەخنەیی زۆر ئاڕاستەی ئەو هێزە گەورە و کاریگەرانەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت کە بزووتنەوەی کوردیان لە ئاستەنگی و گیروکرفتی سیاسی و کۆمەلاتی ڕزگار نەکردوە و لە لایی تریشەوە ئەرکی مێژوویان وەک پێویست ئەنجام نەداوە و ڕۆڵی شیاویان لە سەر بزووتنەوەیی شۆڕشگێڕانەیی گەلی کورد نەبووە.

دیارە هەر کەسێک سەربەستە کە چۆن و لە چ ڕوانگەیەکەوە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکات پاش ڕوخانی حکوومەتی دیکتاتۆری شا لە ئێراندا و بەلاڕێدابرانی دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە مەزنە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بەداخەوە کەمیش نین ئەو بەڕێزانەیی کە زۆر جار لەو بوارەدا ڕومانٓی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان لە دوایی دەست پێکردنی شەڕ لە کوردستاندا دەکەن و بۆیان زۆر مەسەلە نیە کە ڕوداوە سیاسی و مێژوویەکانیش بشێوێنن لە بەرژەوەندی دەستە و گروپی بچکۆلەدا و ئۆبالٓی هەموو کەم کورتیەکان بخرێتە گردنی هێزێک کە دوژمنانی کوردیش پێیان هێزی پێشنگ و نموونەیی قەڵایەکی پتەوی بەرگری و دێمۆکراسیخوازی لە ئێراندا ناوبانگ و پرستیژی سیاسی خۆی بردبۆسەرێ.

ڕوداوە سیاسیەکانی ئەو سێ دەیەیی ئاخیری مێژووی سیاسی ئیران و کوردستان گەوایی ئەو ڕاستیەن کە حیزبی دێمۆکرات بارەقەڵایی گۆڕینی کۆمەڵیک فات و چەمکی بەهێزی سیاسی و نەتەوایەتیە لە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا. هەر بۆیەش

یەکڕیزی و یەکپارچەیی بنەماڵەیی گەروەیی دێمۆکڕات گەلێک گرینگە و دێمۆکڕات هەمەن ئەو ڕەسااڵەتە مێژوویەی لە داهاتووی گۆڕانکاریەسیاسیەکانی ئێراندا دەکەوێتەوە سەر شان.

لە زۆربواری گرینگی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خەڵکی کوردستانی بەو تەرکیبە کۆمەڵایەتیەیی کە تێیدا دەژیا توانی لە دووریانی سیاسی دوربخاتەوە و بەرەو ئامانجی سیاسی و شۆڕشگێڕانە ڕێنیشاندەری و بەرچاوروونی بخاتە بەر چاوی گەلی کورد.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژهەاڵتی کوردستان دا حیزبی دێمۆکڕات بەرنامەیی ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وەک بەرنامەیەکی نوێ هێنایە نێو خەڵک و هەوڵی جێ بە جێکردنیشی بۆدرا و حیزب دەری خست کە الیەنگری عەداڵەتی کۆمەڵایەتیە و دژی هەرخۆرە نابەرانبەریەک دەوەستێتەوە و هەوسەنگی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێو چین و توێژەگەلیەکانی کوردستاندا داڵەسەر بنەمایی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی دەپارێزێت.

هەر چەندە گۆڕینی ژیانی سیاسی و کۆمەڵاتی پاش ڕوخانی حکوومەتی شا ئەوەندە هاسان نەبوو، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا حیزب بەرنامەیی ڕێفۆرمی سیاسی وکۆمەڵاتی لە نێو خەڵکدا پیادەکرد، سەرەڕایی هەبوونی گەلێک ئاستەنگی گەورە لە سەر ڕێگایدا و ماوەیی کورتی حوکمڕەوایی سیاسی لە کوردستان. بەرنامەی گۆڕینی بناخەیی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان بەسەرنجدان بە ئاستی وشیاری و تەرکیبی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردستان ئەوەندە هاسان نەبوو کە بەو ماوە کورتەی کە دەسەاڵت بەدەست هێزو الیەنە کوردیەکاندا بوو بەرنامەکانیان وەک پێویست جێ بەجێ بکرێن.

بەاڵم حیزب وەک ئەزموونێکی نوێ و مۆدێڕنی حووکمڕەوایی لە کوردستان ئەو بابەتە گرینگ و جەوهەریانەیی خستە دەستووری کاری خۆی کە بنەمایی هاوبەشی و بەشداری خەڵکی کوردستان لە سەر شێوەیی حوکمڕەوایی لە خۆیگرتبوو. هەر لەو پەیوەندیەشدا حیزب بە چڕی کاری بۆ ئەوە دەکرد کە وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نیو خەڵکدا باڵو بکاتەوە و چین و توێژەگەلیەکانی خەڵک هانبدرێن کە ژێرانە بێنە نێو مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و بەرچاوروونانە بڕیار لە سەر ژیان و چارەنووسی سیاسی وااڵت بدەن و لە ئاستی خەباتی نەتەوایەتیمان دا دەستەو وەستان نەبین و نەوەی نوێ لە کوردستان ژیرانە پشتیوانی لە سیاسەت و ستراتیژیەک لە کوردستان بکەن کە فاکتەرێکی کاریگەرو بەهێز دەبێت لە سەر ڕێکخستنی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو مەبەستەیی کە لە ڕێگایی شۆڕشی کوردستانەوە گۆڕانی بنەڕەتی و قۆڵ لە کوردستان و ئێراندا پێک بێت.

ئاکامی شۆڕشی هێزی پێشمەرگە و تێکۆشانی ژیانی ڕێکخراوەیی لە ڕۆژهەاڵتی کوردستاندا توانی هەموو پیالن و بەرنامەی

دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران لە بەرگی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا لە سەر خەڵکی کوردستان و گەلانیتری وڵاتدا مایە پوچ بکاتەوە و ئەو وشیاریە سیاسیەیی کە لە نێو خەڵکدا بڵاوکراوەتەوە و چالاکی حیزب و ڕێکخراوەسیاسیەکانی کوردستان توانیویانە هەلومەرجی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی لو کوردستاندا بگۆڕن.

شۆڕشی خەڵکی کوردستان دروستبوو بۆ ئەوەیی لەو ڕێگایەوە بتوانرێ گۆڕانی ڕیشەیی لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا پێک بێنێ و لە ڕێگایی وشیاری سیاسی ونەتەوەیدا هەموو لایەک هەوڵبدەن بۆ ئەوەیی ڕیفۆرم پێک بێت، لەو سەردەمەدا سەرەڕایی جیاوازی بیرکردنەوە و خوێندنەوەیی کۆمەڵە لە گەڵ حیزب بەڵام بۆ پێک هێنان و وەدی هێنانی ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەک هەڵوێستبوون، سەرەڕایی ئەو بارگرژیەش کە بەسەریاندا زاڵبوو.

ئێستاش دەبێت لە جاران زیاتر لە مەسەلەیی دورستکردنی زەمینەی پێک هێنانی ڕێفۆرمی بەکردەوەدا هەوڵبدرێ و بێگوومان ئەو زەمینەیە ڕەخساو گونجاوە کە لەسەر بوژانەوەیی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان بەرنامە و پلانی شیاو بۆ دابنرێن.

بەرزبوونەوەیی ئاستی وشیاری سیاسی و نەتەوایەتی لە نێو خەڵکی کوردستاندا ئیستا ئەو دەرفەتەیی دروستکردوە کە بە هاوبەشی و هاوکاری لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستاندا بەرنامە و سیاسەتی دریژخایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە مەبەستی بووژانەوە و بەرەوپێشبردنی ژیان و گۆزەرانی خەڵک دابنرێ و هەر لەو کاتەشدا کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ڕێکبخرین بۆ ئەوەیی بە یەک هەڵوێستی سیاسی بەشداری لە هەلبژاردنی داهاتووی ئێراندا بکەن، بۆ ئەوەیی کۆدەنگی و هاوکاری سیاسی بۆ هەموو لایەک دەربکەوێت.

۱۷ی فێبریوێری ۲۰۱۳

کاتێک لە وڵاتێکی وەک ئێران دا مەجالی گەشەکردنی ئازادی و مافە دێمۆکراتیکەکان خەڵک پێک دێت

کاتێک لە وڵاتێکی وەک ئێران دا مەجالی گەشەکردنی ئازادی و مافە دێمۆکراتیکەکان خەڵک پێک دێت کە یاسایی بنەڕەتی وڵات سەر لە نوێ دابڕێژڕیتەوە!

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران ئەو ساڵیش وەک جارەکانی پێشوویی فەرمانڕەوایی بەسەر چارەنووسی گەلانی وڵاتدا، خۆی ئامادە دەکات بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی دەورەیی یازدەهەمی پارلمانی، ئەوەش لە کاتێکدایە کە بە بێ دودڵی کردن و هەڵوێستە لە سەرکردن، بۆ هەموو لایەک و کۆروکۆمەڵە نێونەتەوەیی و گەلانی ژێردەسیتەی وڵات روون و ئاشکرایە کە ئەو شانۆسازیەش بێگوومان هیچ جیاوازییەکی ئەو تۆی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگایی ئێرانی تێدا بەدی ناکرێ و هەتا لەو پەیوەندەشدا کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندی دەیان هەوێت بیرورایی خەڵکی ئازادیخواز و گۆڕانخواز کە سەبەرەت بە سیستمی سیاسی و ئیداری وڵاتدا لە لایان گەلاڵە بووە، ئەوجارەش بەلاڕێدابرن بەدانی قەل و بەڵێنی بێبنەما و دوور لە ڕاستی.

ئەو جارەیان گەلانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی وڵات ئەرکی گەلێک گرینگ و جەوهەریان دەکەوێتە سەرشان کە زۆر بەرچاو ڕونانە سیاسەت و هەوڵویستی خۆیان لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو دەورەیەی هەڵبژاردندا ڕابگەیەن و ئەو کۆدەنگیە دورست بێت کە لە ماهیەتی ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندانیە ڕیفۆرمی قوڵ و ڕیشەیی بە قازانجی ماف و ئازادیە دێمۆکراتیکەکانی گەلانی وڵات بسەلمێنی و هەلومەرجی هەڵبژاردنێکی ئازاد پێک بێ. ناڕاستەوخۆ هەست دەکرێ کە هێندێک لایەنی سیاسی ڕۆژهەلات هیوایەکیان لە سەر ئەو دەورەیەیی هەڵبژاردن هەڵچنیوە و شەرمێونانە پشتیووانی لە هەڵبژاردنی ئازاد دەکەن. سەیرە وەک ئەوەیی بە باشی ڕیژیم و فەلسەفەیی دەمەزرانی ئەو حکوومەتەیان لە بیرکردبێ یا خۆد خۆیان هەڵوێستیان گۆڕابێت لە سەر هەلومەرجی سیاسی و حوکمڕەوایی کاربەدەستانی ئێران.

هەر لە پەراوێزی ئەو مەسەلەیەدا بێگوومان حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە ئێرانی و کوردستانیەکانیش ئێستا کەوتونەتە خۆ بۆئەوەیی بیرو ڕاو هەڵوێستی سیاسی دیاریکراویخۆیان سەبارەت بە ڕەوتی بەڕێوەچوونی ئەو دەورەیەی هەڵبژاردن ڕابگەیەنن. دیارە هەر وەک سروشتی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، زۆر جار بینیومانە کە سەرەڕایی هەبوونی بەرنامە و تاکتیکی ڕاگەیاندنیان لە زەمینەی پشتیووانی کردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا، بەڵام ئەوەیی

بـۆ هـیچ لایەک شـاراوەنیە ئەوەیە کە لە دەورەیـی پێشـووی هەڵبژاردنـدا دیمـان کە هێـدنێک لایەنـی سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە خێرایـی سـواری شـەپۆلەکانی ڕەوتـی هەڵبـژاردن بـوون و هەر لەو کاتەشـدا دڵیـان خۆشکردبوو بە بەڵێنـی پاڵێوراوان و هەتا خەڵکیان هاندەدا کە خۆیان بگەیەنە سەر سندووقەکانی هەلبـژاردن بـۆ ئەوەیـی بەقەول گۆڕانخوازانێک کە باوەڕیان بە نیزامی ئاخونـدی و فەرمانڕەوایی لە ئێرانـدا نەماوە لەو ڕێگـایەوە بێنە سـەر دەسـەڵات هەتـا هەلـومەرجی ڕیفۆرمی سیاسی لە وڵاتدا پێک بێت.

ئەوەیـی هەڵوێسـت و خوێنـدنەوەیی سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە گەڵ بەشـەکانیتری وڵات بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتداریەتی ڕێژیمی ئاخوندی لێک جیاکردۆتەوە ئەوە بووە کە هێزو لایەنە سیاسی و شۆڕشگێڕەکان لە هیچ شەرایەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بەسەر بارودۆخی وڵاتدا زاڵبووە ،خۆیـان و بزووتنەوەیـی سیاسـی و ڕزگـاریخوازی کوردیان نەکردۆتە پاشکۆیی ئەو سیاسەتەیی کە بناخەیەکەی لە سەر ئەسڵی فەلسـەفەیی کۆمـاری ئیسلامی دامەزراوە و هەر چەندە زۆر جار بینیومانە کە لە سەرو بەندی هەڵبژاردندا هێندێک قەول و بەڵێنی سەر زارەکی بە گەلانی ئێران دراوە.

کاتێک لە وڵاتێکی وەک ئێران دا مەجالی گەشەکردنی ئازادی و مافە دێمۆکراتیکەکان خەڵک پێک دێت کە یاسایی بنەڕەتـی وڵات سـەر لە نـوێ دابڕێـژڕیتەوە و ئەو دەرەتـانە بـۆ هەمـوو لایەک هەبـێ کە لە پڕۆسـەیی بنیـات نـانەوەیی سـەر لەنـوێی سیستەمی سیاسی ئێران بە بێ دانانی هیچ جیـاوازیەکی نەتەوەیـی و ئـاینی بەشداری بکەن. پێویسـتە خەڵکی کوردسـتان و هێزە لایەنە سیاسی یەکان لەوەیی تێبگەن بە بێ گۆڕینی قـانوونی ئەساسی وڵات وەدی هـاتنی مـاف و ئـازادی گەلانـی وڵات ئیمکانی نیە و ئەو هەڵبـژاردنانەش کە لە ئێران دەکرێن تەنیا لایەنی تەفرەدانی گشتیان هەیە.

باشترین بەڵگەش ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵاتیەکانی پێش و پـاش دەورەیـی هەڵبـژاردنی دەورەیـی دەهـی پـارلمـانی لە ئێرانـدا بوو کە زۆر لەو کە سانەیی وەفاداریان بە فەلسەفەی نیزامی ئاخوندی و پریسیبەکانی پێشـووی ڕێـژیم دەربڕیبـوو، ویسـتیان شەپۆلەکانی جەماوەری وەزاڵەهاتووی ئێران کە بەدژی ڕێژیم سەری هەڵدابوو و لە شیعارەکانیاندا داوایـی گـۆڕانی بنەڕەتـی سیاسی و ئیداریان لە سەر شێوەیی حوکمڕەوایی لە وڵاتدا دەکرد، کاندیداکان کە پاڵێوراوی سەرۆک کۆماری بـوون هەر کەس هەوڵیـدەدا ئەو ڕەوتە بە قـازانجی گێڕانەوەیـی دەسـەڵات بـۆ خۆیـان بە دانـی هێنـدێک بەڵێنـی سـەر زمـان بە لای خۆیانـدا بخەن و خۆیان بە پێشرەوی شۆڕش لە قەڵەم بدەن و شەرحیەت بۆ دەورەیەکی دیکە بۆ ڕێژیمەکەیان بگەڕێنەوە.

ئەو ماوەیە باس لەوەیی دەکرا کە گوایە هێندێک لایەنی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشـوویان بە وەی خۆشە کە بەڵـی ئەوان پشـتیوانی هەڵبژاردنـی ئـازاد لە ئێرانـدا دەکەن. بەڵام ئەوەیـی بەلایـی زۆر کەس و چـاوەدێرانی سیاسـیەوە جێگـایی هەڵوێستە لەسەرکردن بێت ئەو مەسەلەیە کە چۆن دەکرێت حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەو خوێندنەوە سیاسیە بگەن کە ئومێد بە

هەڵبژاردنی ئازاد لە نێو ڕێژیمێک دەربڕن کە بە تەواوی شارەزایی فەلسەفەی فیکری و نەوحی حوکمڕەوایی دەسەڵاتی ئاخوندی ئێرانن.

ئەو ڕێژیمە و کاربەدەستانی بەرزو نزمی لە سەر ئەساسی وەفاداری بە فەلسەفەیی سیاسی ڕێژیم بەردەو پیری هەڵبژاردن دەڕۆن و هیچ نابێت چاوەڕوانی ئەو بین کە لە ئێراندا هەڵبژاردنی ئازاد هەلومەرجی بۆڕەخساوە. چاوەڕوانی ئەوەش بێگوومان لە هێزو لایەنەکوردیەکان ناکرێت ئەو بابەتە بکەین بە تەوەری گرینگی دیالۆگ لە نێوخۆیاندا بۆ ئەوەیی ئەو هەڵە سیاسیە بکرێ و خەڵکی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە شانۆی بە نێو هەڵبژاردنی ئازاد و دێمۆکراتیک هانبدەن.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران ئێستا بە قۆناخێکی گەلێک هەستیار و قەیرانیدا بەردەو پیری دەوردیی یازدەهەمی هەڵبژاردن دەچێ و وەزحی سیاسی و قەیرانی ئابووری و داڕمانی ژێرخانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات بە هۆی سیاسەتی سەرکوت و سەرەڕۆیانەیی حکوومەتی ئەحمەدی نژاد و گوێنەدانە سیاسەتی ئاشتی خوازانەیی دیالۆگی گونجاو بەمەبەستی ڕزگار کردنی ئێران لە قەیرانی مەوجود، بێگومان هەلومەرجێکی سیاسی تایبەتی دێنێتە ئاراوە و بێزاری و ناڕەزایەتیەکان زیاتر پەرە دەستێنن.

ئەگەر ئەوجارەیان سەرهەڵدانێکیتر پەرەبگرێ لە شارەکانی وڵاتدا، بێگوومان بەقازانجی پەرەگرتنی بزووتنەوەیی سەرانسەری و ئازادیخوازی دەبێت و ئامانج و داخوازیەکانیان ڕادیکاڵتر و شۆڕشیانە دەبێ و هەموو لایەک لە سەر ئەوەیی کۆک دەبن کە وڵات نیازی بە گۆڕانی سیستەمی سیاسی و ئیداری هەیەو دەورانی دەسەلاتداری تاقمێک و گروپێکی پچووک کۆتایی هاتووە .

گەلانی ئێران نابێت چاوەڕوانی گۆڕانێکی سیاسی لە نێو جومگەکانی دەسەڵات لە ڕێژیمی ئێران بە قازانجی ئازادی و مافە دێمۆکراتیکەکانی گەلانی ژێردەستی وڵات پاش کۆتایی ئەو دەوردیەیی هەڵبژاردنیش بین و لە سروشتی سیاسی و حوکمڕەوایی دەسەڵاتدارانی وڵاتدا نیە مەجالی ئازادی و بەشداری خەڵک لە بڕیارو خواستەکانیاندا بڕەخسینن.

هەرچەندە لەو بارەوە بەڕاستی زۆر بێشەرمانە بەرنامەیی ناوەکی خۆیان بەردەو پێشبردوە، ئەو پێشوەچوونەش لە کاتێکدایە کە هەموو ڕێسا و یاسایەکی گشتی کە خۆشیان ئیزیان لە ژێرکردوە لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەئاشکرا شکاندنی ڕێککەوتنە نێونەتەوەیەکان کە هەموو وڵاتێک دەبێت ڕێز لە پرۆتۆکۆڵی کۆمەڵگایی وڵاتان بگرێ و ناکرێ پەیرەوەی بەرنامە و ستراتیژیەک بکات کە بە پێچەوانەیی ئەو پرینسیبە بێت.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بێگوێدانە ئەو بابەتە نێو نەتەوەیە لە سەر سیاسەتی خۆی بەردەوامە و دەبینین کە بە هۆی ئەو سیاسەتەیان چۆن گەلانی ولاتیان خستۆتە نێو قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژێرخانی ئابووری ئێرانیان بە چ شکلێک بەرەو داڕمانبردوە.

٧ی مارچی ٢٠١٣

پرسی سیاسی و نەتەوایەتی کورد لە تورکیە.

هەنگاوەکانی دەست پێکردنی پرسی سیاسی و نەتەوایەتی کورد لە تورکیە پاش ئەوەیی دێت کە ڕێزدار ئۆجالان بە بۆنەیی هاتنی جێژنی نەتەوەیی نەورۆزەوە لە پەیامێکی ئاشتی و تێکۆشان بۆ ئەوەیی لە ڕێگایی دیالۆگی سیاسی لە نێوان حکوومەتی تورکیە و سەرکردایەتی سیاسی کوردکار بۆ هەمواركردنی نەخشە ڕێگای ئاشتی و چارەسەرکردنی مەسەلەی سیاسی کورد لەو ولاتەدا بکرێ و هەموو لایەک خەبات بکەن بۆ ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بە مەبەستی دۆزینەوەیی ڕێگاچارەیەکی شیاو کە تێیدا پرسی کورد لە تورکیەدا بە ئاکامی ئاشتی بگەیەنێت و کۆتایی بە قەیران لە نێوان کورد و تورک بێت و زەمینەی سەقامگری بەرفراوانی سیاسی لەو ولاتەدا پێک بێ کە بەقازانجی هەر دوو نەتەوەیی کورد و تورکە.

ئاشتی لە تورکیە لە بەرژەوەندی هەر دووک نەتەوەیی پێک هێنەری ئەو ولاتەدایە و سیاسەتی وەلانان و پەراوێزخستن بێگوومان بۆ هیچ لایەک خێری نابێت و تەنیا کێشەو ناکۆکیەکن قوڵتر و بەرفراوانتر دەکات و ئەو دەستەیی کە خەون بەو سیاسەتەوە دەبینیت تورکە ڕەگەزپرستەکانی ئەو ولاتەن بە ڕێبەرایەتی باخچەلی کە لایەنگری سیاسەتی نیزامی و ئەمنیەتی توند دەکات بە دژی کوردەکانی کوردستانی تورکیە، کە خۆشبەختانە ئەو هێزەیان نیە پێش بە ڕەوتی ئاشتی و ئازادی سیاسی کورد لەو ولاتە بگرێ.

هەر وەک سروشتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلان و میژووی قەیرانە سیاسی و نێونەتەوەیەکان لە ئاستی دونیادا، ئەو ڕاستیەیان بۆ هەموو سەلماندوە کە هیچ لایەک هەتا ئەگەر پشت بە هیزو جبەخانەشی ببستێ، ناتوانێت لە ڕێگایی تووندوتیژیەوە بەسەر لایەکەیتردا سەر بکەوێت، و ئاشتی و ئارامی سەقامگیر بکات لە ولاتەکەیدا، بە بێ لە بەرچاوگرتنی مافی سیاسی بەرانبەری و دۆزینەوەیی ڕێگایی چارەسەرکردنی کێشەو ئالۆزیەکان کە بەرۆکی حکوومەتیانگرتووە. کێشەی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لە تورکیەی ئەمڕۆدا میژوویەکی دێرنی هەیەو بەردەوام لە تورکیە هەوڵدراوە لە ڕێگایی زۆرەوە چارەسەربکرێ و حاشا لە بوونی ئەو مەسەلە سیاسی و نەتەوەیە بکرێ.

بەڵام دەبینین ئێستا ئەو سیاسەتە باوی نەماوەو گەورە دەسەڵاتدارانی تورکیە ناتوانن مەسەلەی کورد لە ولاتەکەیاندا بە هێند وەرنەگرن و پشتگوێ بخرێ. هەتا زلهێزە گەورەو بەنفوزەکانی دوویناش ئێستا پشتیوانی لە سیاسەتی ئاشتی لە نێوان دوو نەتەوەیی پێک هێنەری تورکیە دەکەن و هەنگاوە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەو پەیوەندیەدا بەرزەنرخێنن و لایەنگری خۆیان بۆ چارەسەری پرسی کورد لەو ولاتەدا دەربڕیوە.

بێگوومان ئەو هەنگاوەیی ئۆجلان بە ڕاگەیاندنی پەیامی ئاشتی ڕوو لە گەلی کورد و تورک، بە سەر فەسڵی دەست پێکردنی سیا سەتێکی نوێ و سەردەمیانە دادەنرێ و چارەسەری بارگرژی و ئاڵۆزی لە نێوان گەلان و پەیوەندیە نێونەتەوەیی و نیشتیمانیەکاندا بە بێ بوونی دیالۆگی یەکتر قبوڵکردن و لێک تێگەیشتن، ناکرێ هەلومەرجی شیاو بەئاڕاستەی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی یان چارەسەرکردنی کێشە کاندا بڕەخسێندرێت.

ئەو هەنگاوەیی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە کە زۆر ژێرانە پێشوازیان لە پەیامی ئاشتی لە تورکیە کرد بەمەبەستی دۆزینەوەیی ڕێگای چارەسەکردنی پرسی سیاسی کورد وەک سەرەتایی قۆناخیکی نوێی خەباتی شۆڕشگێرانەی کورد سەیردەکرێ، بە هۆی گرینگی پەیامی ئاشتی کورد بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی ،تواناێ هەڵویستی سیاسی زۆر لە وڵاتە زلهێزەکانی گیتی لە سەر خۆیان بگۆڕن و هەتا وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا وڕایی پشتیوانی کردن لە هەڵوێستی سیاسی و ئاشتی خوازانەی ڕیبەری بەندکروای پکک، خوازیاری پرسی کورد لە ڕێگایی ئاشتیەوەن و داوایی لە حکوومەتی تورکیە و پکک کرد کە ئەو ستراتیژیە سیاسی بکەنە هەوێنی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیەدا.

پرسی کورد لە وڵاتی تورکیەدا ئێستا پێی ناوەتە قۆناخێکی گەلێک هەستیار و چارەنووس ساز و ڕیبەری سیاسی بزووتنەوەیی نیشتیمانی کورد لەو بەشەی کوردستاندا هەر وەک لە سیاسەتی ڕاگەیاندراوی خۆیاندا کە ئاڕاستەی دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیەیان کردوە، کە تییدا داوایانکردوە لە حکوومەتی تورکیە هەوڵبدرێ سەرەتا لە ڕێگایی پێک هێنانی ئاڵۆگۆڕ بەسەر دەستووری گشتی وڵاتدا زەمینەیی پرسی چارەسەری کورد خۆشبکرێ و هەموو لایەک دڵسۆزانە کار بەو ئاڕاستەیەدا بکەن. دەوڵەتی تورکیە دەبێت بەکردەوە بیسەلمێنی کە باوەڕی بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی سیاسی کورد هەیە لە وڵاتەکەیدا.چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە تورکیە دا، بەدڵنیایەوە شوێنی گرینگ و جەوهەری دادەنێتە سەر جووڵانەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە بەشەکانیتری کوردستاندا.

هاوپەیمانی و دۆستایەتی نیزیکی سیاسی و بازرگانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ وڵاتی تورکیە دا، ڕاستی ئەو ستراتیژیە سیاسی و نەتەوەیە دەسەلمێنێ و ئەو مەسەلەیە دەخاتەرو کە حکوومەتی ئانکارا بە لە بەرچاوگرتنی ئاستی گۆڕان و قەیرانەکانی دونیاو ناوچەیی ڕۆژهەڵات، ئەو سیاسەتە بەڕیوەببات کە لە ڕێگایی چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد لە نێو خۆی وڵاتەکەیدا پێش بەسەرهەڵدانی نائارامی گەورە و هەرلەوکاتەشدا هەلومەرجی پەرەپێدان و بەردنەسەری ئاستی دەسکەوتی سیاسی و ئابووریەکانی ببات سەرێ و وڵاتەکەی لە شەری مالوێرانکەری نێوخۆی بپارێزی و بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەرگایی چوونە نێو یەکیەتی ئۆروپا بۆخۆیان بکەنەوە و گرینگی ژۆئۆپۆلیتیکی سیاسی و ستراتیژی وڵاتەکەیان بەهێزتر بکەن لە ئاستی دونیادا.

دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیە بەو ئاکامەی گەیشتوون کە ناکرێ چیتر سیاسەتی پشتگوێ خستنی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە وڵاتەکەیاندا درێژە پێبدەن و دەبێت ڕێگایی چارەسەری ئاشتیانەیی بۆ بدۆزنەوە و ئەو پرسە گرینگ و نەتەوەیە پێویستە لە سەر مێزی دیالۆگ لە ڕێگایی بە بەڕەسمی ناسینی ماف و ئازادیە دێمۆکراتیکەکانی گەلی کورد چارەسەربکەن. چوونکی دەسەڵاتدارانی تورک بێگومان سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەڵوێستیان گۆڕاوە و بەو ئاکامەی گەیشتوون کە لە ڕێگایی سیاسەتی نیزامی و ئەمنیەتی توند ناتوانرێت کێشەی کورد لە وڵاتەکیاندا چارەسەر بکەن هەر وەک لە ماوەیی ٣٠ی ساڵی دواياندا بۆیان نەکرا. هەر بۆیە دەبینین کە ئێستا حکوومەتی تورک سەڵاحیەتی پرسی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی لە دەسەلاتی ئەرتەشی وڵاتەکەی دەرهێناوە و حکوومەتی ئۆردۆغان بەڕەچاوکردنی میکانیزمی ئاشتی و دیالۆگ سەبارەت بەچارەسەری پرسی کورد لە تورکیە ئەو وەک ستراتیژی نوێی سیاسەتی حکوومەتەکەی پەیڕەوی دەکات.

هەر چەندە لە لایتری مەسەلەکەوە باخچەلی کە نوێنەرایەتی تورکە ڕەگەزپەرستە تونڕەوەکانی وڵاتەکەی دەکات بەردەوام لە پەیامی ئاژاوەگێڕانەی دا ڕەخنەی توندی لە حکوومەتی تورکیە دەگرێ کە بیرۆکەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی هێناوەتە پێش و ئیستا بۆتە پرسیکی گرینگی لە سەر شەقامی تورکیە. بێگومان کورد و تورک لەو ڕاستیە تێگەیشتوون کە بە شەر و توندو تیژی ناتوانن هیچ هەنگاوێک بڕۆنە پێشوو و هەر دووک نەتەوە دەبێت وەک برا لە تەنیشت یەکتریدا بژین و وڵات بەڕیوەببەرن.

لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆدا ئەرکێکی گرینگ و نیشتیمانی دەکەوێتە سەر شانی ڕۆشنبیرانی کورد و تورک کە زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوتۆ لە تورکیە پێک بێنن لە نێوان هەر دوو نەتەوەیی کورد و تورک، ئەویش ئەوەیە بەئاشتی و بە هاوبەشی حکوومەتی دێمۆکراتیکی تورکیە کە بەرهەمی خەباتی ڕیفۆرمی سیاسی ولاتبێ ئیدارە بکەن و پێش بەسەرهەڵدان و پەرەگرتنی هەستی ڕەگەزپەرستی بەدژی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەدا بگرن.

چارەسەری سیاسی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە تورکیە دا زامنی سەقامگیری و ئارامی سیاسی و قەومیە لەو وڵاتەدا و بەفرانکردن و بەشداری کورد لە حوکمڕەوایی ولاتدا، بێگوومان بە قازانجی کورد و تورک دەبێت و حکوومەتی تورکیە هەنگاوەکانی چوونە نێو یەکیەتی ئۆروپا خێراتردەکات و دەروازەکانی ئابووری و بازرگانی لە گەڵ کورددا بەرەو قۆناخێکی نوێ دەڕوات.

٢٧ی مارچی ٢٠١٣

بووژانەوەیی خێرایی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی داڕشتنی نەخشەڕێگایی حوکمڕەوایی دێمۆکراتیک و سەردەمیانە لە کوردستاندا و دانانی میکانیزم و میتۆدی ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان و ئەنجامدانی ڕیفۆرمی سیاسی لەسەر شێوەیی ئیدارەکردنی وڵات و سەقامگیرکردنی پایەکانی حکوومەت لە ئاستی دەرەوەدا،

بێگوومان بدوایی قۆناخی ڕزگارکردنی کوردستان و دەمەزراندنی پارلمان و حکوومەت بەشاکاری سیاسی و دیپلۆماسی سەرکردایەتی سیاسی کورد دادەنرێ کە تێیدا دەسکەوتی گەورەو مێژوویان بۆ گەلی کورد بەدوایخۆدا هێناوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاش تێپەڕبوونی بەسەر دژوارترین قۆناخەکانی ژیانی سیاسی و حوکمڕەوایی لە کوردستان و سەرکەوتنی بەسەر کۆمەڵێک گیروگرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوخۆیدا، ئەمڕۆ هەموو لایەک شادی کەشەکردن و پێشکەوتنی ئاستی پەیوەندیە نێو خۆی و نێو نەتەوەیەکانن و هەر لەو پەیوەندیەشدا لە ڕێگایی داڕشتنی سیاسەتی ئابووری درێژخایەن لە کوردستان ، توانی ئاستی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ببووژێنێتەوە و بیگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و دەڵخۆش لە سەر ئاستی ئێراقدا و بە جۆرە سەرنجی سیاسی و ئابووری ولاتە زلهێزو بەنفوزەکانی گێتی بۆ لایخۆی ڕابکێشێت.

بووژانەوەیی خێرایی ژێرخانی ئابووری و گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، هەلومەرجی نوێی هێناوەتە کایەوە و گۆڕانێکی بنەڕەتی سەبارەت بەپەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی لە گەڵ دونیایی دەرەودا پێک هاتووە و سیاسەتی نەوتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەوپەیوەندیەدا سەرنجی زۆر لە کۆمپانیە گەورەکانی بۆ لایی خۆی ڕاکێشاوەو ئێستا دەبینین زۆر لە وڵاتان و کۆمپانیەکان دێن لە کوردستان سەرمایەگوزاری دەکەن کە بێگوومان شوێنی ڕاستەوخۆی لە سەر گەشەکردن و سەقامگیری سیاسی و ئابووری دەبێت لە کوردستاندا.

بەهێز کردنی سیاسەتی ئابووری و نەوت لە هەرێمی کوردستان لە قۆناخی ئێستا خەباتدا پێویستی بە بەرچاوروونی زۆرتر هەیە و کورد دەبێت دەفیکری بەڕێوەبردنی سیاسەت و ستراتیژیەکی ئەوتۆدابێ کە بتوانێت لەو ڕێگایەوە ئەمنیەتی نەتەوەیی بپارێزێت و هەناگاو بەرەو ئەوەی بنێت کە لە هەموو بوارێکدا بیرلە پاراستنی هەرێمی کوردستان کرابێتەوە لە ڕووی سیاسی و نیزامیەوە.

چوونکی کەمنین ئەو دوژمنانەیی کە بەردەوام لە دەووری ئەزموونی سەرکەوتوویی حوکمڕەوایی کورد دا خەریکی پیلان داڕشتنن بۆ لە نێوبردنی دەسکەوتەکانمان. دیارە بارودۆخی سیاسی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرژەوەندیی کێشەیی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد دا گۆڕانی گەورەیی بە خۆوە دیتووە و ئیستا وڵاتێکی وەک تورکیە، لای نیە لە دۆستایەتی و هاوپەیمانی کورد لە کوردستاندا، ئەو مەسەلەیەش پێشاندەری ئەو ڕاستیە سیاسیە دەگێنێت کە کورد بە هۆی بەڕێوەبردنی سیاسەتی ورد و حەکیمانەیی دا توانیویە پەرەبە ئاستی پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی لە گەڵ وڵاتانیترداببات. کاتێک وڵاتێکی گەورە و بەنفوزی وەک تورکیە سیاسەتی خۆی لە بەرانبەرکوردا دەگۆڕێت و پشتیووانی لە سیاسەتی پەرەپێدان بە هاوکاریە ئابووری و بازرگانیەکانی لە گەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، نیشانەیی گەشەکردنی پڕۆسەیی سیاسی و حوکمڕەوایی گەلی کورد لە کوردستان دەگەیەنێت.

سەردانی وەفدێکی پایەبەرزی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز نێچرڤان بارزانی بۆ ئاڵمان و کە بە شێوەیی بەرفی بانککرابوون بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی وزە بۆ ئۆروپادا، بەو مانایەیی دێت کە یەکیەتی ئۆروپا و ڕۆژئاوا دەیان هەوێت بۆشایی وزەیی نەت و گازی خۆیان لە ڕێگایی دامەزراندنی پەیوندیە ئابووری و بازرگانیەکانیان لە گەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبین بکەن و پەیڕەوی سیاسەتێکی نوێی درێژخایەنی سیاسی و ئابووری و بازرگانی لە گەل حوکمڕەوایی کورد لە ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بکەن. دیارە ئەو مەسەلەیە بەرلە هەموو شتێک بەقازانجی ئەمنی قەومی نەتەوەیی سیاسی کورد دەژمێردرێ و هەنگاوێکە بەئاڕاستەیی گەشەکردنی ئاستی پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی حکوومەتی هەرێم دا.

بەڵام دەبینین کە لە سایەیی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەت و بووژانەوەیی ژێرخانی ئابووری هەرێم و دابینکردنی ئاسایشی گشتی لە کوردستاندا، توانراوە بە شێوەیەکی بەرچاو سەرنجی زۆر لە کۆمپانیە گەورەکانی دونیایی بۆ لایی خۆی ڕاکێشاوە و ئێستا بەشێک لە وڵاتانی بەهێز خۆزیاری پەرەپێدان بە پەیوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانیەکانیانن لە گەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی ڕێزدار نێچرڤان بارزانی.

پاش سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری لە ئۆروپا و بە ئاکام گەیشتن و سەرکەوتنی بەشێک لە شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی و پێک هاتنی گۆڕانکاری بەرفران بەسەر شێوەیی حوکمڕەوایی ئەو وڵاتانە دا، بە بێگوومان کاریگەری ئەرێنی لە سەر ئاستی پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە گەڵ وڵاتانی دونیا داناوە و کۆمەڵێک قەیرانی گەورەیی بە دوایخۆیدا هێنا لە ئاستی ناوچەکەداو بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ستراتیژی سیاسی ناوچەکە گۆڕانی ماددی و مەعنەوەی بە خۆیەوە دیووە.

ئێستا هەرێمی کوردستان بە هۆیی ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی کە لە سەر ئاستی ئێراق و ناوچەکەد اهەیەتی و دۆزرانەوەیی کانی نەتیی زۆر لە کوردستاندا و بووژانەوەیی خێرایی ژیرخانی ئابووری و بەرزبوونەوەیی ئاستی ژیان و گۆزەرانی خەڵکی کوردستان، هەلومەرجی هەستیاری ژئۆپلۆتیکی سیاسی و ئابووری کوردستانی بەرەو قۆناخێکی دیکە بردوە و ستراتیژی سیاسی و دیپلۆماسی کورد جوولەیی پشتیوانی زۆری لەو پەیوەندیەدا بۆ پەیدابووە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، کە گوومان لەوەیدا نیە ڕێزدار نێچرڤان سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری و کۆدەنگی هەموولایەک کە بەشداری پڕۆسەیی سیاسین لە کوردستان، سەرمایەگوزاری ماددی و مەعنەوی لە سەر ئەو باتەبە گرینگە دەکەن بە مەبەستی ڕزگاری یەکجار کوردستان بەرەو سەربەخۆی.

٣١ی مارچی ٢٠١٣

خولی نۆهەمین وتووێژی نێوان گروپی ٥+١ و ئێران بێ هیچ نەتیجەیەک کۆتایی پێهات!

هەروەک پێشبینی دەکرا ئەوجاریش نۆهەمین دەورەیی وتووێژەکانی نێوان گروپی "٥+١" و ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کە لە ئالماتی وڵاتی قازاقستان سەبارەت بە قەیرانی ئەتۆمی ڕێژیمی نیزامی ئاخوندی ئێران بەڕیوەچوو، بێ ئەوەیی گەشەکردن و دەستکەوتێکی ئەوتۆیی لێبکەوێتەوە کۆتاییپێهات و بەو جۆرە ئاستی نیگەرانیەکان لەو پەیوەندیەدا زیاتر پەرەیان ئەستاندوە و وڵاتانی ڕۆژئاوا و یەکیەتی ئوروپا گومانەکانیان لە سەر بەرنامەی ناوەکی ڕێژیم زیادیکردوە و کاترین ئەشتون بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەیی یەکیەتی ئوروپا و وەفْدی هاوڕێی لەو ڕاستیە گەیشتوون کە ئێران لە ڕیگایی دیپلۆماسی سیاسی و و دیالۆگی هێمنانەوە دەست بەرداری بەرنامەکەیان نابن و ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ ئاستی هەڕەشەکانی ئێران بۆ سەروڵاتانی ناوچەو ئیسڕایل لە بەرزبوونەوەدایە.

دیارە ئەوەش لە کاتێکدایە کە وەزیری دەرەوەیی روسیە کە نوێنەرایەتی وڵاتەکەی دەکرد لەو دانیشتنەدا، پێیوابوو کە ئاسۆیی ڕوونی چارەسەرکردنی پرسی ئەتۆمی ئیران لە گەڵ کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی هەست پێدەکات و لەوبڕوایەدابوو کە لێک نیزیک بوونەوە لەسەر چەندخاڵێک هەبووە.

بەلام ئەوەیی بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە حکوومەتی مسکۆ بەردەوام پشتیوانی لە سیاسەتی گەشەپێدانی بەرنامەی ناوەکی ئێران کردوە و لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی تاراندۆتە نێو بابەتی ئەتۆمی و ئەوەیی وەزیری دەرەوەیی ئەو وڵاتە پاش کۆتایی هاتنی وتووێژیی ئالماتی لە وڵاتی قازاقستان بە ئیجابی نەوبردوە، تەنیا بەڕاشکاوی هەڵوێستی وڵاتەکەیبەئاگاداری بیروڕایی دونیا ڕاگەیاندوە و زۆر ڕاشکاوانە پشتیوانی کردنی لە حکوومەتی ئاخوندی ئێران دەربڕیوە کە ئەوەش بێگوومان ڕەنگدانەوەیی ئەو بەرژوەندیە ئابووری وبازرگانییەیی حکوومەتی کریملێن لە گەل تاران دا بەیەکەوە هەیانە دەگەیەنێت.

سەعید جەلیلی دەبیری باڵایی شوڕایی ئەمنیەتی میللی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کە سەرۆکی وەفْدی تارانی لە ئالماتی لە ئەوستۆبوو، وێرایی پێداگری و پەک نەخستنی بەرنامەیی ناوەکی وڵاتەکەیان و خۆدزینەوەیان لە وڵامدانەوە بە داواکاریی گروپی" پێنج کۆ یەک"کە درابوو بە نوێنەری ئێران لە هەشتەمین خولی وتووێژیاندا.

ئەوبابەتەیی کە لەوکۆبوونەوە نوێدا نەلە دوور و نەلەنیزیک ئاماژەیی پێنەکرا و وەفْدی تاران بەلایدا نەچوو وڵامی

ڕێژیمی ئێران بە گەڵاڵەیی پێشنیارکراوی گروپی پێنج کۆ یەک بوو کە لە دانیشتنی خولی هەشتەمدا درابوو بە حکوومەتی ئێران و چاوەڕوانبوون لەو دانیشتنەدا ولامی ئێران ببیسن. بەڵام وەڵامی ڕێژیمی نیزامی ئێران بە هێرانەگۆڕ و پێشکەشکردنی کۆمەڵێک داواکاری و پێشنیاری تازە سەبارەت بە بەرنامەی هەستەیی وڵاتەکەیان، بە وڵاتەزلهێزەکانی جیهان لە کۆبوونەوەیی ئەوجاردا بەمەبەستی پەرەپێدانی بەرنامەی ناوەکی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران کە ئەوە بۆ چەند دەورەیەک دەچێت تەنیا کات بەفیڕۆدەدەن، ئەوجاریش زۆر زیرەکانە خۆیان لە مەسەلەی ئەسڵی وتووێژ و کاکڵی پرسەکە پاراست و جگە لە پێشکەشکردنی گەڵاڵەیی نوێیان هیچ شتێکیتریان پێنەبوو. دیارە بە هێنانە گۆڕی هێندێک خاڵی نوێ سەبارەت بە کێشەیی ئەتۆمی ڕێژیمی تاران لە گەڵ گروپی" پێنج کۆ یەک " توانیان ئامانجی ئەو دانیشتنەش لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بگۆڕن و بە جۆرە دەرەتانێکیتر بۆ خۆیان بڕەخسێنن هەتا لەو ماوەیەدا سیاسەتی حکوومەتەکەیان کە بەئاکامگەیاندنی بەرنامەی ناوەکی و خۆپڕچک کردنە لە ئامانجەکانیان نیزیک بکەونەوە.

دیارە کات بەفیڕۆدان و بەلاڕێدابردنی بیروڕایی گشتی کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی لە ساڵی ٢٠١٣ی زایینیی دا بۆ ڕێژیمی تاران گرینگی و بایخی تایبەتی خۆی هەیەو لەلایەک دەرەتانی باشتریان بۆ پێک دێت هەتا سیاسەتی ناوەکیان پەرەپێبدەن و بیگەیەنەقۆناخی کۆتایی و هەرلەوکاتەشدا بە ئامادەبوونیان لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا زۆرتر لایەنی تەفرەدانیان هەیە و دەنا ئاخوندەکان نیازیان نیە بەرنامەیی دەست ڕاگەیشتنبە تەسلیحاتی پێشکەوتوو بخەنە پشتگوێ و بەرهەم هێنانی چەکی هەستەیی وەک مافێکی سیاسی و میللی بۆ خۆیان دادەنێن و چەند جارێکیش کاربەدەستانی باڵایی ڕێژیم ئەو ڕاستیەیان نەشاردۆتەوە و ڕایانگەیاندوە بۆ ئەو مەبەستە پێویستیان بە ئیزن وەرگرتنی هیچ لایەک و دەرەوە نیە .ئەو سال ئەو ڕێژیمە هەنگاو بەرەو بەڕێوەبردنی دەورەیی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری لە ئێران دەهاوێژێت و حکوومەتی تاران نیازی بەوە هەیە ،کە لەڕێگایی ناردنی وەڤدەکان و بەشداری و ئامادەبوونیان لە وتووێژەکانی تایبەت بە کێشەیی ئەتۆمی ڕێژیمەکەیان لە گەڵ دونیایی دەرەوەدا ،لانیکەم ئەو دەستکەوتە بەدەست بێنن کە شوێنیان لەسەر بیروڕایی کۆروکۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتیە نێوخۆی و نێونەتەوەیەکان لە سەر سیاسەت و نیازخراپیان هەبێت و بەقازانجی پاراستنی نێزام هەڵوێستی سیاسی گێتی لەسەر خۆیان بەلاڕێدابەن ، چوونکی دەسەلاتدارانی تاران نیازیان بەکاتی زۆرتر بۆ تێپەڕبوونیان بەسەر قۆناخی دیپلۆماسی سیاسی پێش ئەو دەورەیەیی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا.

بێگوومان بە هۆیی ناکۆکیە سیاسیە نێونەتەوەیەکان سەبارەت بە پرسی ئەتۆمی ڕێژیمی ئاخوندی و قەیرانی سیاسی و بەردەوامی شەڕ لە سووریە هەلومەرجێکی باشی بۆ حکوومەتی تاران ڕەخساندوە بۆ ئەوەیی بەرنامە و سیاسەتی خۆیان بەباشترین شێوەیی موومکین بەڕێوەبەرن ولە قۆناخی ئێستایی دیپلۆماسی سیاسی دا نیگەرانی دەرچوونی هیچ جۆرە بڕیارێکی ئەو تۆناکرێ کە پێش بە بەرنامەیی ناوەکی ئەو ڕێژیمە بگرێ. جیهانی چەند جەمسەری زۆر بە هێمنی و لەسەر ئەساسی تاکتیک و ستراتیژی سیاسی و ئابووری و نیزامی نوێ بە شێوەیەک لە شێوەکان شکڵی گرتووەو و بێگوومان ئەو دابەش

بوونەوە تازەیەیی کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی بەسەر ڕۆژئاوا و یەکیەتی ئۆروپا و بەرەیی روسیەو چینی دا لێکگرێداوە و بەو جۆرە مەترسیەکانی شەری سارد بەسەر رەوتی روداو کێشە دیپلۆماسی و سیاسیەکانی جیهاندا خۆیان دەرخستووە و درێژەکێشانی شەر لە سووریەو بەردەوامبوونی ڕێژیمی ئێران لەسەر سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و سووربوونیان لە سەر بەرهەم هێنان و دەست ڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵ کوژی دەکەونە نێو بەستەری ئەو سیاسەتە نوێی جیهانیەوە.

سیاسەتی پاوانخوازانەی مسکۆ و هێدێک جاریش هی حکوومەتی چین بە هۆکاری ئەساسی تەشەنەکردنی قەیرانە سیاسیە نێونەتەوەیەکان دەژمێردرێن و ئەو دوو وڵاتە گەورەو بە نفوزی دونیا کە لە کۆڕی نەتەوەیەکگرتووەکاندا مافی ڤیتۆیان هەیە هەموو جارێک بۆ بەردەوامی وبۆ تەمەندرێژی حکوومەتە ملهوڕ و دیکتاتۆرەکانی ئێستا بەکاری دێنن، هەر وەک لە پەیوەندی لە گەڵ قەیرانی سووریەدا بینراوە. حکوومەتی مسکۆ لە هەموو قۆناخە نیزیکە مێژوویەکاندا پشتیوانی لەو وڵاتانەکردوە کە سیستمێکی بەتەواوی نا دێمۆکراتیک و دیکتاتۆریی حووکمڕەوایی بەسەر چارەنووسی گەلان لە جیهاندا دەکان کردوەو لە بەرژەوەندی و پاراستنی ئەو حکوومەتانەدا کاتێک کە مل ملانە دیپلۆماسی و کێشە جیهانیەکان گەورەبوونەتەوە، بۆ پاراستنی لایەنگرە دیکتاتۆرەکانی خۆیی خزاندۆتە نێو کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی گێتی یەوە.

هەر وەک هەمیشە ئێستاش ئاسۆیی روون بەدی ناکرێت کە یەکیەتی ئۆروپا و ڕۆژئاوا لە غیابی روسیە و چین دا بە هۆیی گۆڕانی هاوکێشە دیپلۆماسیە سیاسی و سیاسەتی نێونەتەوەیی لە پەیوەندی لەگەڵ کێشە و مل ملانە نوێکاندا بتوانن یەلایەنە هیچ بڕیارێکی ئەوتۆ دەربکەن کە پێش بە قەیرانی شەری سووریە و دەست ڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئێران بە چەکی هەستەیی بگرێ و روخساری سیاسەتی نێونەتەوەیی بگۆڕن.

هەر بۆیەش حکوومەتی ئێران مل بۆ هیچ داواکاریەکی گروپی" پێنج کۆ یەک "ڕاناکێشێ و بەردەوامبوونی خۆیان لە سەر پەرەپێدانی بەرنامەی ناوەکی ئێران بەئاشکرا ڕاگەیاندوە و دەردەکوێت کە ڕێژیمی ئاخوندی جارێ هەست بە نیگەرانی دەرچوونی بڕیارێکی جیدی لەمەڕ پەکخستنی بەرنامەیی ئەتۆمی ناکات.

۱۰ی ئەپریلی ۲۰۱۳

سەکۆیەکی هاوبەشی سیاسی و نەتەوەیی کە هەموولایەک خۆی تێدا بدۆزێتەوە زەرورەتێکی مێژوویە!

گەلی کورد کاتێک بە سەرجەمی ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی دەگات کە ستراتیژی سیاسی و میتۆدی بزووتنەوە یی خۆیی بگۆڕێت و بەر لە هەر شتێک نێو ماڵی خۆی ڕێکبخات و زۆر جەوهەریانە سەبارەت بە دواڕۆژیی سیاسی و ئیداری حکوومەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بیربکاتەوە و چارە سەرکردنی کێشە نێوخۆیە کان بکات بە هەوێنی هاوکاری و تێکۆشانی شیاو و سەردەمیانە و هەوڵبدرێ مێزی دیالۆگ بە مەبەستی لێک تێگەیشتن و ڕێککەوتن لە سەر ئەو خالانەیی کە ئەساسین و پەیوەندیان بە دواڕۆژی خەباتەوە هەیە سازش بەیەکەوە بکەن و چارەنووسی سیاسی وڵاتیک، زۆر شیاو نابێت ئەگەر بێت و فیدای بەرژەوەندی حیزبێک و ڕێککەوتنی چەند لایەن بە شێوەی کرچوکاڵ بکرێت و ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بە هێند نە گیرین.

جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان لەو چەند دەیەیی ئەخیردا شاهیدی گەلێک کۆڕانکاری گەورەیی سیاسی نێوخۆی و نێونەتەوەیی بووە کە شوێنی بەربڵاوی لەسەر ئاستی وشیاری سیاسی و نەتەوایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەبووە و ئەمڕۆ چین و تووێژە جۆر بە جۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی پێشوو باشتر هەست بە شوناسی نەتەوەیی دەکەن و زۆر بیرمەندانە و بەرچاوروونانە پشتیووانی خۆیان لە خەبات دەکەن بۆ ئەوەیی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ستراتیژی سیاسی و نێوەرۆکی داواکاریە سیاسی و مافەڕەواکانی گەلی کورد لە چوار چێوەیی حکوومەتێکی یەکگرتوو و فیدڕال لە سەر ئاستی ناوچە ی ڕۆژهەڵات و ئێراندا پێک بێت.

بزووتنەوەی نیشتیمانی گەلی کورد بەو ئەزموونە دوورودرێژە مێژوویە کە لە مەیدانی خەبات دا بەدەستی هێناوە، بێگوومان ئێستا دەبێت بەکردەوە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بەگوێرەی دەورو قۆناغیان کە لەسەرجووڵانەوەی مافخوازی کوردستانیان هەیە، وێڕایی پتەوکردنی ئاستی هاوکاری و یەکگرتوویی سیاسی و پێکهێنانی سەکۆیەکی هاوبەشی نەتەوەیی کە هەموولایەک خۆی لە باری بیروهۆزری نەتەوەیی تێدا بدۆزێتەوە دابمەزرێ و لەو میمبەرەوە نیشتیمانیەوە نەخشە ڕێگایەکی نوێ بۆ داهاتووی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی دابڕێژرێ و جەوهەری حوکمڕانی سیاسی هەرێمی کوردستانی تێدا ڕەنگ بداتەوە و هەلێکی ئەتۆ بڕەخسێندرێت بۆ خەڵکی کوردستان هەتا لە ڕێگایی هەڵبژاردنێکی ئازاد و سەردەمیانە دا بڕیار لە سەر شێوە و شکڵی چارەنووسی حوکمڕانی خۆی بدات لە چوارچێوەی ئێرانی پاش روخانی ڕێژیمی نیزامی ئاخوندی.

لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆدا بژاردە و ڕۆشنبیرانی سیاسی کورد لەو دەورەیەیی خەبات دا، دەبێت بەباشی ئەرکی میژووی خۆیان بەڕێوەببەرن و پێناس و تـوێژینەوەیەکی سەردەمیانە لەسەر چەمکی گەشەکردن و دامەزراندنی کیانی سیاسی کورد بکرێ و بەرچاوروونی سیاسی کە پەیوەندی بە دیالۆگی ئاشتی کورد لە گەڵ ئەو حکوومەتانەی کە وڵاتی کوردنیان بەزۆر بە سەرخۆیاندا لەکاندووەو باس و ڕاویژی ڕۆشنبیری گەورەیی لە بارەوە پێک بێنن و هەرلەوپەیوەندیەشدا هانی میدیایی ئازادی کوردی بدرێ لەو هەلومەرجە زێڕینەی کە بۆکورد هاتۆتەپێش لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕۆڵی گرینگ و هەستیاری خۆی بگێڕێ.

ئێستا مەسەلەیی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد بەپێچەوانەیی قۆناخە میژوویەکانی ئەو یەک دوو دەیەی ئاخیری، لە هەموو ڕوبەکەوە گەشەکردن و پێشکەوتنی بارچاوی بەدەست هێناوە لە سەر ئاستی نێونەتەوەیدا و دەبینین کە لەوپەیوەندیەدا هەڵوێستی سیاسی زۆر وڵات گۆڕانی بەسەردا هاتووە. مەسەلەیی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد ئەمڕۆ وەک پرسیکی گرینگی و هەستیاری ڕامیاری سەری هەڵداوە و کەوتۆتە سەر میزی کۆمەڵێک وڵاتی گەورەو بەنفوزی سیاسی و ئابووری دونیا کە بەردەوام ڕۆڵی بەرچاویان لەسەر ڕەوتی روداو هاوکێشە سیاسیە نێونەتەوەیی لە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی گێڕاوە و ژمارەیەکی زۆر کیانی نوێ لە ژێربڕیاری سیاسی ئەواندا کەوتنە سەر نەخشەی سیاسی جیهانیەوە. لەقۆناخێکی ئەتۆنویدا، بێگوومان سەرکردایەتی سیاسی و ڕۆشنبیرانی بوێرو ئازادیخوازی کورد کە باوەڕیان بە ئەسڵی پرینسیبەکانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد هەیە، تێ بکۆشن هەوڵەکانیان چالاکتر بکەن و لێک نیزیک بوونە و هابەشی و کۆدەنگی لەسەر بڕیاروڕاسپادرە سیاسی و نەتەوایەتیەکانیان بەلاوە گرینگ بێت و بڕیاری سیاسی لە سەر چارەنووس و شکڵی حوکمڕانی کورد لە ژێرتیشکی ڕووناکایی خوێندنەوەیەکی تازەدا بدرێ.

دیارە دروست بوونی ئەو هەلومەرجە مەعنەویە لە ئاستی دەرەوەدا لە بەرژەوەندی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان لەلایەک و گەشەکردنی ئاستی وشیاری نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدڵنیایەوە شوێنی گرینگی لەسەر حیزبەکان دانا و بە گۆڕینی شیعاری ستراتیژی خۆیان و بڵاوکردنەوەی بیروهزری نەتەوەیی بێگوومان دەوری وشیارکردنەوەیان هەبووە و لەو ڕێگایەوە کۆدەنگی و هاوبەشی و پشتیووانی لە نێو بزووتنەوەیی نیشتیمانیدا زۆر بارچاوترگەشەیکردوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی باشتر لە دەوری یەک کۆکردۆتەوە.

ئەوەیی لە هەموو کاتێک زیاتر گەلی کورد دڵ گەرم و ئومێدەوار بە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان دەکات لە هەلومەرجی سیاسی ئێستایی خەباتی شۆڕشگێڕانەیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساغ بوونەوە و هەتا ڕادەیەک هاوکاری لە نێوان هێزو لایەنە سیاسیەکانی دایە کە وێڕایی ڕەنگاو ڕەنگی لە بەرنامەی سیاسی و تێڕوانین و خوێندنەوەیی جیا لە سەر بارودۆخی ئێران و گێتی، بەڵام لانیکەم لەسەر چەسپاندن و وەدەست هێنانی مافی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد لە

وڵاتدا بە شکڵی فیدڕالی وەک تەنیا ڕێگایی چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەتەوەیی لە ئێران کە وڵاتێکی فرەنەتەیەوە دەست نیشانکراوە و کورد و حیزب و ڕێکخراوەکانیش لەسەر ئەو بابەتە گرینگ و هەستیارە کۆدەنگی لە نێویاندا گەشەیکردوە و هیچ لایەک لەسەر ئەو ئامانجە سیاسی و نەتەوەیە لایان نیە و بووە بە ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی کورد بەگشتی.

بژاردە و ڕۆشنبیرانی ئازادیخوازی کورددەبێت بایخی بارچاوتر بە وشیاری سیاسی و هزری نەتەوەیی بدەن و هەرلەوکاتەشدا وێڕایی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیی بابەتیانەیی بارودۆخی سیاسی کێشەی ڕەوایی گەلی کورد، بەرچاو روونی زیاتر بخەنە پێش چاوی خەڵک و لە ڕێگایی شیکردنەوە و تووێژینەوەیی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستی بەرزی داواکاریە سیاسیەکانمان کە گرێدراوە بە ئاستی وشیاری سیاسی و هاوکاری و کۆدەنگی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بڕیار لە سەر چارەنووسی سیاسی و شێوەیی ئیدارەکردنی هەرێمی کوردستان لە ڕیگایی ڕێفراندۆمێکی ئازادەوە بدرێ.

ڕێبەری بزووتنەوەیی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێگوومان ئەگەر لە ئێستاوە بنەمایی ستراتیژی سیاسی و مافەڕەواکانی بەوردی و لە سەر ئەساسی بەرژەوەدی گشتی جوولانەوە دیاری نەکات و بەخستنە بەرچاو ی نێوەرۆکی مافەڕەواکانی و دیاریکردنی سنوورو سەراوەدە جوگرافیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ گەلانیتری وڵات روون نەکرێتەوە و شەرمێونانە باسی کێشە ئەساسیەکان بکرێت، دەبێت چاوەڕوانی ئەو بارودۆخەنالەبارە سیاسی و ئیداریەبین کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەند بۆی دروست بووە و لەبەر ئەوەیی لە کاتی خۆیدا مەسەلە ئەساسیەکانیان یەک لانەکردۆتەوە،

ئێستا بە قەیرانێکی قوڵی سیاسی و ئیداری لە گەڵ حکوومەتی فیدڕالی ئێراق دەست و پەنجە نەرم دەکەن.

۱۳ی ئەپریلی ۲۰۱۳

ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بەجیهانیی کردنی کێشەی کوردو بزوتنەوەی زۆرمان!

مێژووی نوێی شۆڕشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شاهیدی ڕۆڵی بەرچاو و بوێرانەی دوکتور قاسملووی نەمرە لە نێو ئینترناسیۆنال سۆسیالیستو ئامانج لە هەوڵدان بۆ چوونە نێو ڕێکخراوەیەکی ئەتۆ لە ئاستی دەرەوەدا بەجیهانی کردنی کێشەی سیاسیو نەتەوایەتی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو.

دوکتور قاسملوو ئەگەر ڕێژیمی ئاخوندیو مرۆڤ کۆژەکانی بە پیلانی تیرۆریستی شەهیدیان نەکردبایە، بێگومان ئەو نەخشە ڕێگای کە وەک ئامانجی گرینگی کاری دیپلۆماسی خستبوویە دەستووری کاری سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەیدا، بەمەبەستی گەیاندنی کێشەی کورد بۆ نێو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تێدەکۆشاو دەستی بە هەنگاونان کردبوو لە ڕێگای دۆستەکانییەوە.

هەوڵەکانیشی هەر بەو ئاڕاستەیەدا لەنێو ڕێکخراوی ئینترناسیۆنڵ سۆسیالیستدا زۆرتر چڕ کرد بۆوە، هەتا لە ڕێگای دۆستە ئوروپاییەکانیدا کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەن، کێشەی سیاسی کورد بگەیەنێتە نێو کۆڕی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو لەو میمبەرە جیهانیەوە باس لە مێژووی سیاسیو نەتەوایەتی بزووتنەوەی نیشتمانی گەلی کوردو ئامانجە سیاسیەکانی بکات. ئەو کارەساتە گەورەیەی کە بەسەر گەلی کوردو وڵاتی کوردستان داتووە، وەک دابەشکردنو بەزۆر لەکاندنی خاکی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی بەهێزی ناوچەکەدا، یەکێک لەو باسە گرینگانەی دوکتور قاسملوو بووە لەنێو کۆڕو کۆمەڵە پێشکەوینخوازو لایەنگرانی سەقامگیرکردنی دێمۆکراسی.

پێکهاتنی کۆمیتەی تایبەت بە کورد لە نێو ڕێکخراوی ئینترناسیول سۆسیالیست لەساڵی ٢٠١٣ی زایینیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە دوکتور قاسملوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسیی کورد دا دەرگای ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆی بەسەردا کرایەوە، بەڵام زۆر گرینگە بزانین ڕۆڵی ئەو کۆمیتەیە چیەو ئامانجی سەرکیان چی دەبێت لە پاش مەرگی ڕێبەرو گەورە پیاوی مێژووی سەردەمی نوێی جوولانەوەی ماف ویستی گەلی کوردستان. ئەگەر بێتو ئەو ستراتیژییە سیاسیو دیپلۆماسییەی کە دوکتور قاسملوو دایڕشتبوو پێش لە مەرگی نابەوەختی خۆی، دەسکەوتێکی گەورە دەبێ بۆ کورد کە هەوڵەکانیان بەو ئاڕاستەیەدا چڕ بکەنەوە کە کێشەی کورد بگاتە سەر مێزی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیەکان بەشێوەی گشتی کە هەلومەرجەکێکی زێڕینی لە ئاستی دەرەوەدا بۆ ڕەخساوە.

وەڤدی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون، دەبوو پێشنیاری ئەوەیان کردبا کە ناوی ئەو کۆمیتەی کە تایبەت بە کورد پێکهاتووە لە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان بەناوی" شەهید دوکتور قاسملوو "نێودێر کرابا، وەک ڕێزو وەفایەک بۆ هەوڵو خەباتی بێوچانی لەنێو ئینترناسیۆنالٌ سۆسیالیست دا.

ئەو سەرکەوتنە سیاسییەی کە ئێستا بەدەستی کوردو هێزەسیاسییەکانی دێت، ئاکامی ئەو بەرچاو ڕوونییە سیاسیو مێژوویی کە دوکتور قاسملوو لەنێو ئەندامانو لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەدا پێکیهێنابوو. بەڵە ڕووداوە سیاسیو ئیدارییەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی کە بەرهەمی ڕیفۆرمی سیاسیو ئابووری لە پێش ساڵی ١٩٨٩ی زایینییدا لە ئوروپا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕویانداو جەوهەری تێڕوانینو پێوەرە سیاسیو پەیوەندییە جیهانییەکان کەوتنە ژێژ تەوژمی ئەو گۆڕانکارییەوە.

دوکتور قاسملوو بەهۆی بیرمەندی، دووربینیی سیاسیو دێمۆکڕات بوونی، دۆستی گرینگی لە ئاستی دەرەوەدا بەمەبەستی پشتیوانیو لایەنگری کردن لە مەسەلەی کورد پەیدا کرد بووو زۆر بە هاسانی لە کاتی دانیشتنو کۆبوونەوەدا شوێنی لەسەردادەنانو سەرنجو تێڕاونینە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دوکتور قاسملوو لەسەر مەسەلە گرینگو کێشە نێونەتەوەیەکانبە هێند وەردەگیراو زۆر بەسەرنجەوە گوێڕایەڵێ باسو هەڵسەنگاندنە سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی دەبوون.

دیارە بەهۆی پێکهاتەی سروشتی سیاسیو ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بووە کە دوکتور قاسملوو هەوڵیداوە بۆ ئەوەی لە نێویان دا شوێنی خۆی بکاتەوە هەتا پرسی کورد بەرەو پێشەوە ببات زەمینەی ئەوە دروست بکات بۆ ئەوەی پرسی ڕەوای کورد بگەیەنێتە سەر مێزی ئەو وڵاتە گەورەو بەنفوزانەی دونیا کە شوێنو جێگای پەنجەیان بەسەر مەسەلە هەستیارو هاوکێشە سیاسیەکانداً لە جیهاندا هەبوو.

دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکڕات، وێڕایی ڕێبەریی کردنی جوولانەوەی نیشتمانیی خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، لە بەرانبەر سیاسەتی سەرکوتو دیکتاتۆرانەی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران، لە گەرمەی شەری ساردو بێلوتفی وڵاتانی سۆسیالیستی سەبارەت بە کێشەی سیاسیو خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لەو قۆناخە سەختەی کاری سیاسیو دیپلۆماسیدا، قاسملووی نەمر زۆر لێبڕاوانە تێکۆشا بۆ ئەوەی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لە ئاستی دەرەوەدا گەشەی پێبداو بیروڕای هێزو کۆمەڵگا دێمۆکراتیکەکان بۆ لای مەسەلەی کورد ڕابکێشێ. دیارە لەو کاتەدا ئەوەندە ئاسان نەبوو کە بە هەموو ئامانجەکانی بگات لە کارو خەباتی دیپلۆماسی سیاسی، بەهۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارەی کە زاڵبوو بەسەر پەیوەندیی وڵاتاندا، چونکە لە گەرمەی جیهانی دوو جەمسەریو

ئاڵۆزیی سیاسیو ناڕوونیی هاوکێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا زۆر دیار نەبوو کە کام لایەنی شەری سارد براوەیی ئەو هاوسەنگە سیاسیو ئابووریە دەبێ لە ئاستی دونیادا، بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخە کە بەسەر هەلومەرجی گێتیدا زاڵببوو، توانیبووی زۆر ژێرانە دۆستی ناودارو بەنفووز لە وڵاتانی ئوروپاو ئەمریکا کە شوینی گرینگیان لەسەر سیاسەتی وڵاتەکەیان هەبوو، بکات بە دۆستو لایەنگری خەباتی ڕەوایی گەلی کورد لەپێناو گەیشتنی بە مافی سیاسیو نەتەوایەتی خۆیدا.

خەباتو تێکۆشانی دوکتور قاسملوو لە نێو ڕێکخراوەی ئینترناسیونال سۆسیالیستدا وەک ڕێبەرێکی دێمۆکراتو پێشکەوتنخواز کاریگەری لەسەر خوێندنەوەو تێڕوانی ئەو ڕێکخراوەیە داناو گرینگیو هەستیاریی مەسەلەی کورد وەک کێشەی گەلێکی گەورە، شوێنی خستە سەر سیاسەتو هەڵوێستی ئینترناسیول سۆسیالیست سەبارەت بە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد. ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەش کە لە کوردستان پێکهاتوون بەرهەمی خەباتو ماندوو بوونی دوکتور قاسملووی ڕێبەرن.

بەدوای ئاڵۆگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئوروپا کە لە هەشتاکاندا زەمینەی سەرهەڵدانو گەشەکردنی بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو وڵاتانی سۆسیالیستیدا بەئارامی زەمینەی بۆ دروست ببوو. هەر لەو پەیوەندییەدا دەرکەوتنی خاڵی لاوزی سیاسیو ئابووریی وڵاتانی سۆسیالیستی لەو قۆناخەی خەبات دا، بێگومان زەمینەی گەشەکردنی بیری ئازادیو سەربەستیی گەلانی جیهان زەمینەی گونجاوتری بۆ ڕەخسا. دوکتور قاسملوو بەر لە سەرهەڵدانی ئەو ڕیفۆرمە سیاسیو ئابوورییەی کە پاشان ڕوخساری سیاسی ئوروپاو ئاسیای بەتەواوی گۆڕیو زۆر وڵاتی نوێ بەدوای دارمانی بلۆکی سۆسیالیستیدا کەوتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهانەوە پێشبینی ئەو قۆناخە سیاسییەی کردە بوو.

دوکتور قاسملوو دەمێک بوو هەڵسەنگاندنو تووێژینەوەی ئەو بارودۆخە سیاسیەی جیهانی کوردبوو و بە پێشکەش کردنی "کورتە باسێک لەسەر سۆیسالیزمی دێمۆکراتیک" هەموو پێوەرو چەمکە فیکرییەکانی بە شێوەیەکی سەردەمیانە وێرایی ڕەخنە لە سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتیی وڵاتانی سۆسیالیستی، ڕێگای ڕزگاربوون لە قەیرانی خستبوو بەرچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە.

هیوا خوازین ئەو کۆمیتەی کە تایبەت بە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکهاتووە لەنێو ڕێکخراوی ئینترناسیۆنالْ سۆسیالیستدا ئەو دەورو ڕۆڵە مێژووییو نەتەوەییە بگێڕی کە دوکتور قاسملوو لە هەشتاکاندا نەخشە ڕێگای بۆ داڕشتبوو.

۱۷ی ئەپریلی ۲۰۱۳

بۆ ماڵپەڕی گیارەنگ کە خاوەنی لایەنگرو نووسەریی بوێر و زۆرو زەوەندە.

وێڕایی سڵاوی گەرم و دۆستانە بۆ برایی بەڕێزم حەمەڕوسوڵ کەریمی! زۆر دڵخۆشبووم کە ئەو سائیش ئێمەت لە بیربووە وەک خوێنەرو خۆت گوتەنی نوسەری دایمی ماڵپەڕی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گیارەنگ کە ئێستا وەک سەکۆیەکی پڕشەنگداری سیاسی و ڕۆشنبیری ڕۆڵی خۆی دەبینی و بەزر دەخەنەوە و بەرچاوروونیەوە،

هەر جارێک بە کۆڵێک وتارو بابەتی هەمەڕەنگ خۆی دەکاتە میوانی خوێنەرانی. وێڕایی پێشکەشکردنی چەپکەگوڵێکی ڕازاوەو بۆن خۆش بە دەستەیی بەڕێوەبەری و برایی هێژاو خەباتگێڕم کاک حەمەڕەسوولی کەریمی، زۆر بەئامانت و دڵسۆزیەوە کە شیاوی ماڵپەڕی گیارەنگ بێت دەمهەوێت لە چەند دێریکدا زۆر بەکورتی سەرنج و بیروڕایی خۆم بۆ جارێکیتر سەبارەت بە ماڵپەڕی گیارەنگ ڕابگەیەنم و بەبۆنەیی داگیرسانی مۆمی ١١ ساڵەیی دەست بەکاربوونیدا، پاش دەستخۆشی و ماندوو نەبوونی بە دەستەیی بەڕێوەبەری کە زۆر شێلگیرانە ئەرکی ڕۆشنبیری و گەیاندنی زانیاری هەمەڕەنگ بە خوێنەرانی هێژایی بە شێوەیەکی جوان و بەربڵاو ئەدا کردوە، بەو بۆنەوە هیوایی بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتر و بەرچاوترتان لە ڕەوتی کارو تێکۆشانی کاری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاند دا بۆ ئارەزوو دەکەم.

ئەو ساڵ بەپێچەوانەیی ساڵی ڕابردوو پێم خۆشە هێندێک پێشنیار بخەمە بەرچاوی ئێوەیی بەڕێز بەمەبەستی گەشەپیدان و پەرەپێدانی ماڵپەڕی گیارەنگ، دیارە سەرنجەکانم لە سەر شێوە، دیزاین و فۆرمی ماڵپەڕی گیارەنگ وەک پێشنیار دەخەمە سەرخەرمانی پڕبەهرەو دەوڵەمەندی تێکۆشان و کاری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنی ئێوەیی بەڕێز.

١- پێشنیار دەکەم ماڵپەڕی گیارەنگ کە خاوەنی لایەنگرو نووسەریی بوێر و زۆرو زەوەندە لە قۆناخی ئێستایی ژیانی سیاسی و ڕاگەیاندنی خۆیدا، وەک بیروڕایی ماڵپەڕ هەر جارەو لە سەر بابەتێکی گرینگ کە پەیوەندی بەهەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری گشتی و کوردستانەوە هەیە، سەروتاری هەبێت و هەڵسەنگاندنی بابەتیانەیی گەشەکردن و بەهێزکردنی بیری سیاسی و نەتەوەیی لە سەر ئەساسی بەرژەوەدنی گشتی تێدا ڕەنگ بداتەوە.

٢- پێشنیار دەکەم گۆڕانکاری بەسەر شێوە و فۆرمی ماڵپەری گیارەنگدا بێت و لێک جیاکردنەوەیی وتاری سیاسی و ڕۆشنبیری لە گەل بابەتی کۆمەڵایەتی لێک جیابکرێنەوە و ئەو ڕیزبەندیەیی کە ئێستا کاری پێدەکرێت بەشێوەیەکی جوانتر بگۆڕدرێت.

٣- سەکۆیی سیاسی و ڕۆشنبیری ماڵپەڕی گیارەنگ لە بەرژەوەندی هاوکاری و یەکێتی و یەکڕیزی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستاندا بەهێزو پتەوتربکرێت و هەر لەو کاتەشدا لەسەر هزری نەتەوەیی کار بکرێ و ئاستی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان بەو ئاڕاستەیەدا گەشەیی سیاسی پێبدرێ.

دیارە ئێوە لە ماوەیی ئەو ١٠ ساڵەیی تەمەنی ماڵپەڕی گیارەنگ دا ئەرکێکی گەلێک گرینگ و نیشتیمانیتان ئەنجامداوە و بەدڵنیایەوە شوێنی بەرچاوتان لە سەر وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خوێنەرانتان هەبووە و توانیوتانە پەیوەندی پتەو بەهێز لە نێو چین و تووێژە گەلیەکانی کۆمەڵگایی کوردستان دروست بکەن و زەمینەیی شیاوتان ڕەخساندوە لە پویەندی لە گەڵ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

پێم خۆشە لەو بارەشەوە ستایشتان بکەم کە ماڵپەری سەرسەوزی گیارەنگ خۆی پاراستووە لە بڵاوکردنەوەیی بابەت گەلێک کە زمانی زبر و تۆند ئاژۆیی بەسەردا زاڵبووە، هەر لەو پەیوەندیەشدا زۆر حەکیمانە هەڵسوکەوتی لە گەل ئەو بارودۆخە سیاسیەیی کە پاش لێکدابڕانی تێکۆشەرانی دێمۆکرات بەسەر کوردستان و ژیانی ڕاگەیاند دا زاڵبوو هەڵوێستی وەرگرت و نەبوو بەبەشێک لە گرژانی تەنووری تۆندوتیژی ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە.

هەربۆیە بە دڵەوە و بەردەوام وەک خوێنەرو نووسەر ئێوە ماومەتەوە و بێگومان هەتا لە سەر ئەو ڕێچکەیە بڕۆن بە هەزارانی تریش بە دڵ گەرمیەوە هاوکاری و پشتیوانیتان لێدەکەن.

لە کۆتایی دا هیوایی گەشەکردن و پەرەپێدان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بۆ بەئاوات دەخوازم و بەو هیوایی لە داهاتوویەکی نیزیک دا ئەرکە سیاسی و نیشتیمانیەکانمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا بەڕێوەبەرین.

براتت محەممەد سولێمانی

٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

ئەو هەڵبژاردنەش خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی گەلانی ئێران دابین ناکات.

ئەو دەورەیەیی هەڵبژاردنیش بێ ئەوەی بتوانیت خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی گەلانی ئێران دابین بکات، کۆتای پێدێ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ دەنێتە قۆناخێکی ناسک و هەستیار و لە هەلومەرجێکی ئەتۆی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە هەموو وەختێک

زیاتر هەست پێویستی یەکڕیزی سیاسی و ڕێکخراوەی دەکرێت بۆ ئەوەی گەلی کورد لە ڕێگای پشتیووانی و کۆدەنگی سیاسی نێو ماڵی خۆی، بتوانێت مافە نەتەوایەتیەکانی لە ئێراندا دەستەبەر بکات.

کاتێک لە وڵاتێکی فرە نەتەوەیی وەک ئێرانی ئێمە دا هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێمۆکراتیک بە قازانجی گەڵانی بندەستی ئەو وڵاتە پێک دێت کە دەستووری گشتی بە لەبەرچاوگرتن و دابینکردنی ماف و ئازادیە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلانی ئەوڵاتەی بەتەواوی تێدا ڕانگبداتەوە. ئەوەش کاتێک دەکرێت کە دەستووری وڵات سەر لەنوێ بنووسرێتەوە و دەستەیەکی شارەزاو ماف ناس کە نوێنەرایەتی ئیرادەیی گەلانی وڵات بکات ئەو ئەرکە نیشتیمانیە بەڕێوەبەرن و هەرلەوکاتەشدا بناخەی دەستووری نوێ لەسەر شەراکەتی ئیداری هاوبەش و بنکەفراوان دابڕێژرێت کە مافی هەموو پێک هاتەکانی تێدا ڕەچاوکرابێت بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی لە ئێراندا.

پاش ئەو گۆڕانکاریە دەستووریە کە بنەماکانی لەسەر ئەساسی دێمۆکڕاسی سیاسی و فرە نەتەوەیی لە سەر شکڵی فیدڕاڵی دابمەزرێت و فرە ئیدارەی سیاسی و هەرێمی لە ولاتێکی وەک ئێراندا باشتر زەمینەی گەشەکردنی بۆ بڕەخسێ و دەسەڵاتێکی نیشتیمانی سیاسی بخرێتە نێو چوار چێوەیی دەستووری گشتی وڵات. هەرلەوکاتەشدا زۆر گرینگە کە شێوەی حوکمڕانی و ئیدارەی وڵات لەسەر بنەمای دیاریکردنی سنووری جوگرافیایی ئیداری سیاسی حکوومەتە هەرێمیەکان دابمەزرێت و لە ئاستی ناوندیشدا دەسەڵاتێکی هاوبەشی بەڕێوەبەری لە سەر شکڵی فیدڕاڵی پێک بێت و نەوحی حوکمرانی نوێ لە ئێراندا کە دەستوور دیاری بکات و بەشێوەی بنکە فراوانی سیاسی ئێران بەڕێوە ببردرێت.

هەموو لایەک بێگوومان دەبێت وڵامی نەخێر بەو سیستمە دیکتاتۆریە بڵێن و ئیتر دەورانی ئەوەی بەسەرچووە ئاخوندێکی وەک خامنەی و هاوبیرانی ئێران بە شێوەی دیکتاتۆری و خۆسەپێنینانە بەسەر ماف و چارەنووسی سیاسی گەلانی ئێراندا بەڕێوەبەرن.

ئەو کات دەرفەتی ئەوە پێک دێت کە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی بەرفراوان بین سەبارەت بە شێوەیی حوکمڕانی سیاسی و ئیداری لە ئێراندا. ئەگەر ئەو دەرفەتە پێک نەیەت و کاندیداکانیش کە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵات بەربژێر دەکەن لایەنگری و خواستی گۆڕانکاری لە بەر چاو نەگرن و هەر وەک هەمیشە سیلەی چاویان برِیبێتە سەر ئەوەی کە فەلسەفەی سیاسی و ئیداری لە ژێر سێبەری رِێژیمی ئاخوندی دا بپارێزن و لەو بازنە دیکتاتۆریەدا بسوڕێنەوە. چۆن دەکرێت هیوایەکمان بە ئاڵوگۆڕی شیاو و بەرچاو لە ئێراندا هەبێت و خەڵکی چەوساوە و زەحمەتکێشی کوردستان هانبدەین برِۆنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی بەشداری بەربڵاوی خەڵک لە هەر وڵاتێکدا رەنگدانەوەی خواست و داواکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیان، کە پێشوەخت پرِوپاگەندەی هەلبژاردنی لەسەر دەکرێ و هانی خەڵک دەدەن کە دەنگ بەوبەرنامە ڕاگەیاندراوە بدرێت کە خواستی زۆرینەی هاوواڵتیانی تێدا رەچاوکرابێت. هەر بۆیە دەکرێت بڵێین خەڵکی وڵاتە ئازاد و دێمۆکراتیکەکان دەنگیان بۆ ئەو حیزب و لایەنە دەدەن کە هەڵگری ویست و داواکاریەکان بێ و لە بەرژەوەندی گەشەی گشتی دا، خزمەت بەگەل و نیشتیمانەکەی بکات. بەڵام هەلبژاردن لە ئیران دا ڕاست بە پێچەوانەی ئەو چەمکە گرینگە بەرِێوەدەچێت و زۆر جاریش بەقازانجی رِێژیم و داخراویی زۆرتری حکوومەتی ئاخوندی فێل لە دەنگی خەڵک دەکرێت. بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە بەشداری خەڵک بەتایبەت خەڵکی رِۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵبژاردندا بە هیچ کام لە ئامانجە کانیان ناگەیەنێت و تەنیا ئەوە نەبێت سەرانی رِێژیم بڵێن ئەوان باوەرِو متمانەی خەڵکیان لە رِێگای هەڵبژاردنەوە بەدەست هێناوە و شەرعیەتی نارەوا بە حاکمیەتی خۆیان بدەن.

بێگوومان ئەو مەسەلەیە دەبێت بۆ وڵاتێکی فرە نەتەوەیی وەک ئێران زۆرروونتر بکرێتەوە و بێجگە لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، زەمینەی دابین کردنی ئازادی سیاسی و چەسپاندنی مافی گەلانیش رەچاوکرابێت و کۆتایی بە هەڵاواردنی سیاسی و نەتەوایەتی بێ و دەبێت حکوومەتی ناوەندی بەشێوەیی فیدرِاڵی ئیدارە بکرێت و هەلومەرجی هەموارکردنەوەی دەستووری سیاسی وڵات پێک بێت کە ئەوە تەنیا رِێگایەکە بۆ ئەوەی گەلانی وڵات بەمافی ئازادی و یەکسانی خۆیان بگەن لە چوارچێوەی ئێرانیکی دیمۆکرات و فیدرِالدا.

خۆ رەنگە زۆر کەس و لایەنی ئەو تۆ هەبن کە پێیان وابێت هەلبژاردنی دەورەی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری هێندێک جیاوازی لە گەل هەڵبژارنە فەرمایشتیەکانی تردا هەبێت و قەیران و مل ملانە نێو خۆیەکانی رِێژیمی ئاخوندی ئێران بە قازانجی خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئازادیخوازانی وڵات تەواو بێت.

دیارە زۆر دەمێکە خەڵکی ئازادیخواز و رِیفۆرمخوازی وڵات دڵی خۆیان بە هەڵبژاردنە دەورەیەکانی رِێژیمی ئاخوندی ئێران

خۆشکردەوە و پێیان وابووە کە دەرفەتێکی باش پێک دێت بەئاڕاستەی گەشەکردنی ئازادی سیاسی نەتەوەیی و هەلومەرجی ڕیفۆرمی سیاسی و ئیداری لە ئێراندا هەلومەرجی لەبارتری لە پێناو چەسپاندنی ماف و ئازادیە دێمۆکراتیکەکانی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات بۆ دەرەخسێت. بەڵام بێگوومان ئەو هەلومەرجە وەختیک زەمینەی بۆ دەرەخسێت کە کاندیداکان باوەڕیان بە دەستکاری دەستوور و ڕیفۆرمی سیاسی لە نێو جمگەکانی دەسەڵات هێنابێت و سەنگەری گۆرانکاری و ئازادیە دێمۆکراتیکەکان هەڵبژێرن و چیتر خۆیان بە نیزامی ئاخوندی نەبەستنەوە.

هەر وەک دەبینین فەلسەفەی فیکری کاندیداکانی دەورەی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری حکوومەتی نیزامی ئاخوندی ئێران سیمای زۆر دیکتاتۆر و پشتیووانی تیرۆرنێونەتەوەیان تێدا وەبەرچاو دەکەوێت، کە بەردەوام بەدژی بیری ئازدی و لایەنگرانی دابین کردنی سیستەمێکی بەتەواوی دێمۆکراتیک پلانی تیرۆریان بە ئاکام گەیاندوە و ئێستاش بێگوومان باوەڕیان بە هێچ جۆرە گۆڕانیکی حوکمڕانی سیاسی و فرە ئیداری بەشکڵی هەڕیمی لە ئێراندا نیەوە و هەموویان لەسەر ئەوەی کۆکن کە پارێزگاری دەستووری وڵات بکەن و ڕێگا بە نەیارانی نیزامەکەیان نەدرێ ئەو زەمینەیە بڕەخسێنن کە بە قازانجی گۆڕانێکی ڕیشەی بێ و نیزامی دیکتاتۆری بروخێنێ.

بێگوومان هەڵبژاردنی ئەو دەورەیەش هیچ گۆڕانێک لە بەرژەوەندی ماف و ئازادیە دێمۆکراتیکەکانی گەڵانی وڵاتدا بەدوای خۆیدا ناهێنێت و هەر وەک سالانی پێشوو کۆتای پێدێت و قۆناخێکی ترسناکتر لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی گەلانی نبدەستی وڵات دەست پێدەکاتەوە و کاربەدەستانی ڕێژیم هەتا بیرلە دەربازبوون لە قەیرانە نێوخۆی و دەرەوەیەکانیان نیەو ڕێژەی بێکاری و داڕمانی ژیرخانی ئابووری وڵات لە سالانی پێشووزیاتر پەرە دەستێنێت.

٦ی مای ٢٠١٣

خامنەی زۆر بە وریای چاوەدێری جمووجۆڵی هەڵبژاردن دەکات

خامنەی ڕێبەری پلە یەکەمی ڕێژیمی نیزامی ئاخوندی ئێران و بڕیار بەدەستی سەرەکی ئەو حکوومەتە، لە پاش ڕاگەیاندرانی لیستی کاندیداتۆریەکان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری وڵاتەکەی نیگەرانی سیاسی سەبارەت بە بارودۆخی وڵات بە سیمایەوە دەرکەوت. دواجار خامنەیی لە مێدیا و ڕۆژنامەکانی وڵات خۆی دەرخست و پاش هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیی مەرجەعیانەی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێران پێش دەست پێکردنی قۆناخی هەڵبژاردن. سەرنج و خوێندنەوەی خۆی لەو بارەوە بەئاگاداری هەموو لایەک ڕاگەیاند و داوای لە خەڵکی وڵات کرد کە زۆر بە وشیاری و پاش دڵنیا بوون لە کەسایەتی بەربژێری سەرۆک کۆماری دەنگی خۆیان بدەن. ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران وێڕای وشیارکردنەوەی کانیداکان کە باس لە بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری سەرۆک کۆمار لە ئیرانیان هێناوەتە گۆڕێ و دەیان هەوێت بەدژی بنەما سیاسی و فیکریەکانی ڕێژیم بجووڵێنەوە و وڵات بەرەوئاڵۆزی و پەشێوی بەرن، دەبێ خۆیان بە بەرپرس بزانن لە بەرانبەر ئەگەری هەر ڕووداوێکدا و ئاکامەکەیشی هەرچی بێت قبوڵی بکەن.

سەرانی حکوومەتی ئێران کە لە ژێر ئەمرو و دەسەڵاتی خامنەی دا کاردەکەن ئیستاش وەک هەڵبژاردنەکانی پێشوو ماشێنی هارژن و ترساندنیان وەکارخستۆتەوە و ئەو دەستە و هێزە نێوخۆیانەی وڵات کە بە پێچەوانەی ڕێبەر و قۆڵی سەر بەبانگی خامنەی بیربکاتەوە بە نفوزی بێگانە و نەیارانی ڕێژیم تۆمەت بار دەکرێن و ئۆباڵی بەرگرژی وڵاتیان بە خێرای دەخەنە پاڵ.

لەڕاستیدا ئەوە بووختانێکی بێ بنەمایە و ئەو دەستە و گروپەی خامنەی بە نفوزی دوژمنانی ڕێژیمەکەی تاوانباریان دەکەت هەر وەک خۆی لە چوار چێوەی بەرژەوەندی گشتی ڕێژیم کاردەکەن و تەنیا ئەوە نەبێت کە لایەنگری کەمترکردنەوەی دەسەڵاتی ڕێبەر و فراوانکردنی شێوەی حوکمڕانی وڵات لەسەر میکانیزمی نوێ دەکەن. ئەوەبابەتەش بێشک بە دڵی خامنەی و دەوروبەرەکەی نابێت و دەبێ پیلانی بۆ بگێڕن هەتا خۆیان و دەسەڵاتی بێ سنووریان بپارێزن.

هەر بۆیەش دەمێکە ئەو سیاسەتە لە ئێران پەیڕەو دەکرێت و هەر کەسێک لای بکات و گوێ بۆ ڕێبەری مەزهەبی نەگرێ بە خێرای دەکەوێتە ژێر فشارو پەراوێزخستنی فیزیکیەوە.ئەو بابەتە بێگوومان خامنەی و دەوروبەرەکەیان زۆر بێزار و هەراسانکردوە و زۆر ڕاشکاوانە بەهەموو لایەکی ڕاگەیاندوە کە سەرۆکی نوێ دەبێت لە چوار چێوەی سەلاحیەت و بەرژەوەندی ڕێژیمدا کار بکات و ئەگەر ئەو متمانەیە نەتوانێت بپارێزێت ئەوە کەس گوێی لێناگرێ و وەک سەرۆکی خۆیان

سەیری ناکەن. هەربەوجۆرەش پشتیوانانی حکوومەت و نیزامی ئاخوندی لێی قبوڵ ناکەن. دیارە واتەی ئەو لێکدانەوەی خامنەی ئەو مانایەی دەبێت کە سەڵاحیەتی وەک سەرۆک کۆماری نوێ لە لایەن ناوبراو قبوڵ ناکرێ و کەسێک کە متمانەی ڕێبەری لە پشت بێ، دەتوانێ ئەو ئەرکە نیشتیمانیە وەئەستۆبگرێ لە ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندا.

دیارە ئەو بۆ چوونەی ڕێبەر بەرووتی ڕوانگەی ناوبراوی خستۆتە بەرچاوی هەموو لایەک و بەومانایە دێت ئەگەر بێت و کاندیدێک براوەی هەڵبژاردنیش بێت بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵات و بە قازانجی نەیارانی نیزام خەت و ڕێبازی نوێ مان بۆ دابنێت متمانەی سەرۆک کۆماری نامێنیت و کەس گوێ لێناگرێت.

لە کەس شاراوەنیە کە ئەو هەڵبژاردنەش هەر وەک ئەوانەی پێشوو کۆتای دێت و" بەڵام ئەو جارەیان خامنەی لە ساڵانی پێشوو زۆرتر خۆی خزاندۆتە نێو بابەتی هەڵبژاردن و زۆر بە وریای چاوەدێری جمووجۆڵی هەموو لایەک دەکات و گومانی لەسەر هەر کاندیدێک هەبێت بە خێرایی دەیخاتە پەراوێز و مەجالی هاتنە پێشەوەی لەلایەن ڕێبەرەوە پێنادرێت".

کاربەدەستانی ڕێژیم کە وەک پاشکۆی ڕێبەر سێبەری خۆیان خستۆتە سەر دامووەزگا ئیداری و نیزامیەکانی ڕێژیم، هەمەن ئەو بیروڕایان سەبارەت بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێستای ئێران هەیە کە خامنەی ستراتیژی بۆ دادەڕێژێ و زۆر ڕوهەڵماڵاوانە و بە بێ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پلان و بەرنامەی گۆڕینی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیان هەبێت و هیچ خاڵێک کە مافە سەرەتایەکانی چین و تووێژە جۆر بە جۆرەکانی وڵاتی تێدا ڕەچاوکرابێت، داوای بەشداری و پشتیوانی خەڵک لە خۆیان دەکەن.

خامنەی نایشارێتەوە و زۆر بە ئاشکرا ڕایگەیاندوە "ئەو کەسەی خۆی بەربژێردەکات بۆ سەرۆک کۆماری ئێران، دەبێت توانا و هێزی ئەوەی هەبێت کە بەرگری لە حکوومەتی ئێران بکات و ڕێگا بە نەیارانی ڕێژیم نەدرێت خۆیان زاڵبکەن بەسەر هەلومەرجی هەڵبژاردنی دەورەی یازدەهەم کە بڕیارە ئەو ساڵ بەڕێوەبچێت". هەر لەو کاتەشدا سەرۆکی نوێ خۆی نەکات بە پاشکۆ و بڵێنگۆی تەبلیغاتی نەیارانی ڕێژیم کە زەمینەی هەڕەشەی دەرەکی بۆ سەر حکوومەتی ئاخوندی ئێران دروست بکات و هۆکاری بەرگرژی و سەرچاوی ناڕامی وڵات بێت. هەر کەسێک و لایەنێک ئەوەبکات تەنیا خۆی تێیدا زەرەرمەند دەبێ و نیزامی ئاخوندی سەرکۆنەی دەکات و دەبێت سزای خۆی وەربگرێت.

هەر لە پەراوێزی قسەکانیدا خامنەی داوای لە گەلانی بندەستی وڵات کردەوە کە دەنگەکانیان بەکاندیدێک بدەن کە خۆی بە وەفاداری ڕێژیم دەزانێ و لە ژێر کاریگەری دەرەوەدا نەبێت و دڵسۆزانە خزمەت بە نیزام و ڕێژیمەکەی بکات و بەواتەی هەڵسەنگاندنەکەش گوێ لە مست و پاشکۆی ڕێبەری نیزام بێ.

بەڵام ئەوەی بۆ هەموو لایەک و چاوەدێرانی سیاسی جێگای سەرنج و لێورد بوونەوەی زۆرترە لەو دەورەیەی هەڵبژاردنیشدا کە زۆر بەرچاو و دیارە ئەوەیە کە، نە کاندیداکان و نە ڕێبەری مەزهەبی ئێران هەتا ئاماژەیەکی سەرپێیشیان بە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی گەلانی ئێران نەکردووەو و هەموو لایەکیش داوا لە خەڵک دەکەن کە دەنگیان پێبدرێ بۆ ئەوەی وەک سەرۆک کۆماری داهاتوو خزمەتی وڵات بکەن. هەرچەندە کاربەدەستانی ڕژێم هەوڵدەدەن کە بەڵێن لە ئێراندا هەست بە بوونی هیچ جۆرە قەیرانێکی سیاسی و ئابووری ناکەن و بەردەوام نیکۆڵی لەو بابەتە دەکەن.

بەڵام ئەو قەیرانە بەتەواوی جوومگەکانی نێودەسەڵاتی ئاخوندی گرتۆتەوە و هەلومەرجی نالەباری ئابووری و کۆمەلایەتی بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە لە سەر ڕژێمی ئیسلامی ئێران و هیچ لایەک بەرنامەی ڕیفۆرم و بەرنامەی دەربازبونیان لەو قۆناخەدا نیە. قۆڵی سەر بە ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران ئەوەی ناشارنەوە و دەڵێن کە نەیارانی ڕژێم دەیان هەوێت ئەوەی بێنە بەرچاوی خەڵکی ئێران کە حکوومەتی ئاخوندی دەست و پەنجەی لە گەل قەیرانی قوڵی دەسەڵاتداری و نارووندی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەرم دەکات.

دیارە هەرچی کاربەدەستانی ڕژێم بیان هەوێت ڕاستی ڕوداوەکان بە پێچەوانە بۆ گەلانی بندەستی ئێران روون بکەنەوە، سەرکەوتوو نابن و ئەوەی ئێستا لە ئێران دەگوزەرێت ئەو قەیرانە سیاسی و ئیداریە کە لە پاش مردنی دامەزرێنەری ڕژێم(خومەینی) سەری هەڵداوە. دیارە ڕێبەری مەزهەبی ئێران زۆر بەڕاشکاوی و بێپەردە ڕایگەیاندوە کە ئەو نیازی بە کەسێکە کە وەک خۆی بیربکاتەوە و ئەوانەی بیر لە ڕیفۆرمی ئیداری سیاسی لە نێو جومگەکانی ڕژێمی ئاخوندی دەکەنەوەو هەر بەو ئاڕاستەیەشدا هانی چین و تووێژەکانی خەڵکی ئێران دەدەن کە بەشداری دەنگدان بکەن بە هەڕەشەی دەدەنێت بۆ سەر نیزامی ئاخوندی.

خامنەی دەڵێت؛ سەرۆک کۆماری داهاتووی ئێران دەبێت مرۆڤێکی بەهێز و وەرە پۆڵاین بێ و وەک پاستارێ بەوەفای نیزام و وڵات ئیداربکات و بەوەردی سیلەی چاوی بڕێبێتە سەر ئەو دەستە و هێزانەی کە بەردەوام لە فیکری پەرەپێدانی نائارام و ئاژاوەگێڕیدان.هەر چەندە خامنەی دەسەڵاتێکی زۆر و بێ سنووری بەسەر ڕژێمەکەیدا هەیە، بەڵام بێگومان لە قۆناخی سیاسی ئێستای ئێران زۆر نیگەرانەو هەر ئەوەش کە باس لە فراوانکردنی دەسەلاتی ئیداری ئۆرگانە جیا جیا کانی ڕژێم و یەک لەوان فراوانکردنی دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار دەکرێت، یەکێک لەو خاڵانە یە کە ڕێبەری حکوومەتی ئاخوندی بەتەواوی بێزار و هەراسانکردوە.

ئاشکراتربوونی مل ملانەی دەسەڵات لە نێو جومگەکانی ڕژێمی ئاخوندی ئێراندا ڕوداوێکی تازە نیەو قەیرانی سیاسی و ئیداریە لەو کاتەوە سەری هەڵداوە کە دەمەزنێنەری حکوومەتی ئاخوندی (خومێینی) مرد و خامنەی بوو بەجێگرەوەی

و کۆنترۆڵکردنی دەسەلات لە دەستی تاقێکی تووندڕەوی سەر بەخۆیدا.

ئاکامی قسەکانی خامنەی ڕێبەری مەزهەبی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران ئەوەیە ئەگەر سەرۆک کۆماری تازە هەڵبژێردراوی ئێران لە سنووری خۆی دەر بچێت و بەپێچەوانەی بنەما فیکری و فەلسەفەی ئیدئۆلۆژی ڕێژیم بیربکاتەو نیازی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی هەبێت ،هیچ لایەکمان لێی قبوڵ ناکەین و دەبێ خۆی بەرپرسایەتی دەرەنجامەکانی وەئەستۆبگرێ.

٢١ی مای ٢٠١٣

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی دەورەیی یازدە هەمی سەرۆک کۆماری ئێران.

لە رۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٥ی یونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی دەورەیی یازدەهەمی سەرۆک کۆماری ئێران لە لایەن وەزیری ناوخۆی ئەو ولاتە ئاشکراکراو بە پێی سەرچاوەفرمیەکانی ڕێژیمی نیزامی ئاخوندی حەسەن روحانی کاندیدای باڵی میانەڕەوی نێو سیستەمی سیاسی و ئیداری ئیران بەربژێر کرابوو. توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنی و بەو شێوەیە وەک سەرۆکی نوێ ئێران ڕاگەیاندرا کە پشتیوانی هاشمی و خاتەمی لەو بوارەدا ناکرێت بەهێند وەرنەگیرێت لە سەر ئاکامی سەرکەوتنی سەرۆکی تازەهەڵبژێردروادا. پاش ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن کە بەسەرکەوتنی حەسەن ڕوحانی کۆتای پێهات و هەڵبژادنیش نەکەوتە قۆناخی دووهەم کە بێگوومان دەسەڵاتی ناوەندی لە سەرئێشە و گێچەڵ پاراست.

بەوڕادەیەی کە چاوەڕوان نە دەکرا ،ژمارەی دەنگدەران زۆر زیاتر لە سەر سندوقەکانی دەنگدان دەرکەتن کە بێگوومان ئەو بەشداریەش بەلایەنگری ڕێفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئیران سەیر دەکرێ و هاتنە مەیدان و پشتیوانی بەباڵوی خەڵک لە کاندیدای میانەڕەو لە قۆناخی ئێستادا هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە کە دەکرێت؛

لە دووخاڵدا کوردبکرێتەوە، کە بە جەوهەری ئەساسی مەسەلەکە دەکرێ دەست نیشان بکرێن.

یەکەم: ئەوەیە کە گەلانی بندەستی ڕێژیمی ئاخوندی ئیران بەگشتی لایەنگری گۆڕان و ڕێفۆرمی سیاسی و ئیداری دەکەن و هەر ئەوەش کە روحانی وەک پاڵێوراوی میانەڕەو زۆرینەی دەنگی بەشداربووانی هێنایەوە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە. هەر لەوکاتەشدا دەبێت سەرۆکی نوێ ئەو متمانەیەی خەڵک بە باشی لەبەرچاوبگرێ و هەنگاوی گۆڕانکاری و هێورکردنەوە ئەو بارگرژی و ئاڵۆزیەبدات کە بە هۆی سیاسەتی ئەحمەدی نژادیەوە دروست بووە و ئابووری ولاتی بەرەو داڕمانبردوە.

دووهەم: ئەوەیە زۆر بەرووبی وبە ئاشکرای گەلانی ناڕازی و بێزار لە سەر شێوەی حوکمڕانی لە ئێراندا ئەو جار بە نەخێر وڵامی خامنەی و داروودەستەکانیانداوە کە ئەوان نیازیان بەئازادی و بەرانبەری لە ئێراندا هەیە و پشتیوانی لە حکوومەتی ڕەنگاو ڕەنگ و کراوەی سیاسی دەکەن کە نموونەکەش بەوهەڵبژاردنەوە گرێدەدەن.

هەرچەندە ڕوحانی بەڵێنی داوە بەگەلانی ئیران کە کار بکات لە بەرژەوەندی گشتی خەڵکی وڵاتەکەیدا و حکوومەتی ئیران لە قەیرانی سیاسی و ئابووری ڕزگاربکات و دەرگای دیالۆگ لەو پەیوەندیەدا بەرووی دونیای دەرەوەدا بکاتەوە و

ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای بەرنامە سیاسی و ئابووریەکانی لابەرێت. بەڵام ئەو کەسەی لە سەر مەسەلە ئەساسی و بنەڕەتیەکانی ئێران بڕیار دەدەت ڕێبەری ڕوحی ڕێژیمی ئاخوندی عەلی خامنەی یە نەوەک حکوومەت و پارلمانی ئەو ولاتە بە سەرۆک کۆماریشەوە ناتوانێت لەو بازنەیە بڕواتە دەروە بە بێ ئاگاداری و پەسەندی ڕێبەری نیزام.

لە هیچ کەس شاراوەنیە کە هیچ کام لە کاربەدەستینی بالای ئێران نیازی باشترکردنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی ئێرانیان نیە و بیگوومان هەنگاوێک لە پێناو دابین کردنی ماف و ئازادی گەلانی ئەو ووڵاتەدا نانرێ و سیاسەتی سەرکووت و تۆقاندن هەروەک پێشوو بەردەوام دەبێت و هەر دەستە و تاکێک لە نێو کۆمەلگادا لە چوار چێوەی فەلسەفەی فیکری نیزام دەربچێت سزای خۆی وەردەگرێت و دوچاری هەلومەرجی دژواری ژیان دەکرێتەوە.

سەرەڕایی بایکۆتی دەورەیی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دیتمان کە خەڵکێکی زۆر چوونە سەر سندقی دەنگدان و بەشداری ئەو هەڵبژاردنەیانکرد. دیارە بەشداری بەربڵاوی گەلی کورد بۆ زۆر هۆی ئابووری و کۆمەلایەتی دەگەڕێتەوە و ئەو خەڵکەش کە بەشداریان کردوە، بەو مانایە نیە کە ئەو ڕێژیمە و ئاکارەکانیان بەدڵی بێت. خەڵکی کوردستان زۆر بەر چاوروونانە هەلومەرجی سیاسی و ئیداری ووڵاتیان لێکداوەتەوە و بەدڵنیایەوە دەزانن کە هیچ کام لە ماف و ئازادیەکانیان وەدی نایەت و هەر وەک سالانی پێشوو دووچاری هەڵاواردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بە هۆی کورد بوون و کوردستانی بوونیانەوە. بەڵام کە دەنگیاندواوە زۆرتر بۆ هۆکاری ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خۆیان دەگەڕێتەوە . ئەگەر هەڵبژاردنی ئێران وەک ولاتیکی نۆرویژ ئازاد بایە و زۆر سەربەت بای لە بەشداریکردن یان نەکردنی دەنگداندا، بەدڵنیایەوە ڕێژەیەکی زۆرکەم لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەردەکەوتن.

پاشان خامنەی ڕێبەری ڕوحی نیزامی ئاخوندی ئێران بەخێرای پیرۆزبای ئەو سەرکەوتنەی لە سەرۆک کۆماری نوێ و تازە هەڵبژێردروا وکرد و ڕایگەیاند کە هەموو لایەکیان دەبێت هاوکاری و پشتیوانی ڕوحانی و حکومەتی تازە بکەین لە بەر ئەوەی حەسەن ڕوحانی سەرۆک کۆماری ئێرانە و گەلی ئیران دەنگی متمانەی پێداوە. لە پەیامەکەی خامنەی ڕادەردەکەوێت کە حەسەنی ڕوحانی چووبێتە نێو دڵی ڕێبەرو زۆر بە نیزیک لە خۆی بزانێت کە پیرۆزبای سەرکەوتنی بە خێرای ئاراستەکرد. بێگوومان لە قۆناخیکی وەک ئێستا هەستیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا حکوومەتی ئاخوندی ئیران کەسێکی ئەو تۆی دەوێت کە بتوانێت لە قەیرانی سیاسی نێونەتەوەی کە بەهۆی بەرنامەی ناوەکی و سیاسەتی تونڕەوانەی ئەحمەدی نژاد سەری هەڵداوە چارەسەر بکات و لەو ڕێگایەوە هەلومەرجی بێکاری و داڕمانی ژیرخانی ئابووری نەهێڵێت لەوەی زۆرتر بەرەوژوربێتەوە و باڵانسی ئابووری ئیران لە بەرژەوندی خۆیاندا بەرزبکەنەوە و سەقامگیری حوکمڕانیان جێگیرتربکەن.

حەسەنی روحانی بەدوای سەرکەوتنی لە هەڵبژادنی سەرۆک کۆماریدا، لە پەیامێکی کوررتدا کە رووی لە کۆمەڵگای جیهانی بوو ڕایگەیاند کە ئەوان ئامادەی دیالۆگ و دانیشتن لە گەل جیهانی دەرە ن بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیران و کێشە هەڵاوەسراوەکانیان. دیارە بەکردەوە بۆ هەموو لایەک و کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیش دەرکەوتووە کە ئەوەی بڕیار لە سەر مەسەلە هەستیارو گرینگەکانی حکوومەتی ئێراندەدا تەنیا ڕێبەرە و سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی ئەوەی نیە هەڵوێستی پێچەوانەی ڕێبەری هەبێت سەبارەت بە مەسەلە سیاسی و دیپلۆماسیەکان. ئەگەر بێت ئەوەبکات قەیرانی قوڵی سیاسی و ئیداری لە ولاتدا سەرهەڵدەدات و روداوەکانی شۆڕشی وڵاتانی عەڕەبی دەگاتە ئێران. حەسەنی ڕوحانی ڕاستە وەک کاندیدای هاشمی و خاتەمی دەرکەوت. بەلام شێوەی راگەیاندنی تاکتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر شێوەی خیتابەکانی محمد خاتەمی هەیەو هەمەن ئەو ستراتیژیەی گرتۆتە بەر کە ناوبراو لە ماوەی سەرۆک کۆماری دا ئەنجامیدا بۆ ئەوەی ڕێژیمی ئێران لە مەترسیەکان دوربخاتەوە و متمانەی کۆڕوکۆمەڵە جیهانی و نێو خۆیەکان بۆ لای حکوومەتەکەیان ڕابکێشێت. دەرکەوت کە خاتەمی وەک میعماری ئەو بواره سەقامگیری سیاسی و ئابووری بۆ وڵاتەکەی گەڕاندەوە و لە ڕێگای کۆمەڵێک تاکتیکی سیاسی لە مەیدانی مل ملانی ڕاگەیاند دا سیمایەکی تازەی بەڕێژیم و جینایەتەکانیدا.

سەرۆک کۆماری نوێ دەبێت هەڵوێستی ولاتەکەی لە هەمبەر قەیرانی سووریە دا یەکلا باکاتەوە و ئەگەر لەو پەیوەندیەدا بتوانێت هێزەکانی کە ژمارەیان ٤٠٠٠ پاستارە کە حەفتەیەک پێش دەست پێکرنی هەلبژاردن ڕەوانەی سووریە کراون هەتا هاوکاری حکوومەتی بەشار ئەسەد بکات، بگێڕێتەوە و سیاسەتی ولاتەکەی لەو پەیوەندیەدا بگۆڕێت. بێگوومان لە ڕوانگەی کۆمەڵگای جیهانیەوە بەسەرەتای هەنگاوێکی نوێ لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران بە حیساب دێت و ئەگەر لەوبارەوە نەتوانیت ستراتیژی سیاسی و دیپلۆماسیان بگۆڕێت و هەر وەک دەورەی سەرۆک کۆماریەکانیتر خۆی بکات بە زەلیلی ژێردەستی خامنەی.

ڕوحانیش ناتوانێت بەسەر بارودۆخی ئێستای وڵاتدا زاڵبێت و خۆی و حکوومەتەکەی وەک پاشکۆی ڕێبەر چاولێدەکرێن و متمانەی خەڵک و بیرمەندانی وڵات لە دەست دەدات.

٢٠ی جوونی ٢٠١٣

شەڕەفکەندی بەهەق ڕێبەرێکی بوێروبیرمەندی نەتەوەی بوو.

دیارە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی لایەنەشارەوەکانی ژیان و خەباتی شەهیدی سەرکردە، دکتۆر سەعید شەڕەفکەندی نەک هەر زۆر هاسانیە،بگرە ڕەنگە لە تاقەت و توانەی ئێمەمانانێک دانەبێت کە خوێند نەوەوەیەکی سەردەمیانەیی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی سیاسی نوێی جوولانەوەی کورد بۆ ئەو قۆناخەی خەبات بکەین کە خۆی وەک تێکۆشەرێکی دێمۆکرات و ئازادیخوازێکی ولات پارێز و هەروەها خەباتگێڕێکی شۆڕشگێر کە هەڵقوڵاقوی ناخی روداوە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتبوو بخەینە بەرچاوی هۆگران و مافخوازانی گەلی کورد لە کوردستاندا.

ئەونەمرە سیمای ڕێبەرێکی بیرمەند، بەرچاوروون و شارەزە بە هەل و مەرجی سیاسی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بوو. دکتۆر شەڕەفکەندی وەک سیمایەکی دیار و نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەرو خەمخۆرێکی دیاری ڕێگای ئازادی گەلی کورد، لەو کاتەوە کە پێی ناوەتەمەیدان و سەنگەری ڕزگاری و مافویستی هەڵبژاردوە، ڕۆڵی کاراو بەرچاوی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەحیزبییەکانی دا لە سەر شان هەبووە و هەرگیز نەکەوتۆتە شوێن ئەو روداو گۆڕانەنەی کە لە بەرژەوەندی بزووتنەوەیی نیشتیمانی کوردستان دا نەبووە. بەڵکوو وەک کەسایەتیەکی دیارو یارو هاوسەنگەری ڕۆژانی سەختی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، دکتۆر قاسملووی نەمر دوەری خۆی گێڕاوەو، ئەوکاتەش کە روداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئێران و کوردستان زۆر بەئاڕاستەی خەباتی نەتەوایەتی دانە بوون و هەتا بە شێکی بەرچاو لە لاوانی کورد شوێن پێی بیرو باوەڕی چەپەکانیان هەڵگرتبوو مەسەلەی نەتەوایەتیان وەک شیعارێکی ناوچەی و بچوک دەبینی و زۆر شەرمێونانە باسیان دەکرد. دکتۆر سەعیدی نەمر بە نووسینی کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی مێژووی لە سەر جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەر هەست و تێگەئشتنی چەمکی نەتەوایەتی لەو قۆناخەیی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرچاوروونی باشی خستە بەرچاویان و بەشێکی گرینگی لاوان بە بیر ئەو هەستە نیشتیمانیەوە هاتن. هەرلەوکاتەدا هانی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی دەدا کە خۆیان لە سەنگەرێک دا ڕێکبخەن کە هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی نەتەوە ژێردەستەکەمان بێت. لەو سەردەمە سیاسی و مێژوویەدا شوێنی بەرچاوی لە سەر وشیارکردنەوەی سیاسی و نەتەوایەتی چین و تۆژە گەلیەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەبوو و لە و بوارەدەدا هەستی بە ئاوەیدی نەکردوەو بەردەوام ئەو هەستی نیشتیمانەی کردبوو بە هەوێنی نووسین و خیتابی ڕەسمی خۆی.

دکتۆر سەعید شەڕەفکەندی بەدوای شەهید کرانی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلەکەمان، دکتۆر قاسملووی نەمردا، وەک

جێنشینێکی شایستەو باوەڕ بەخۆ و خاوەن داب و نەریتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی سەردەمیانە، وەک کە سی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕات دەرکەوت وئەرک و بەرپرسایەتیە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی حیزبی گرتە ئەستۆو زۆر بەخێرایی وپاش ئەو کارەساتە قورس و جەرگبڕە کە بەرحیزب و جوڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردستان کەوت، خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی دێمۆکڕاتی بە هاوکاری و پشتیوانی تەشکیلاتی حیزب ڕێکخستەوە و حیزبی بۆ قۆناخێکی دیکە لە خەبات و بەربەرەکانی بەدژی ڕێژیمی کۆنەپەرست و تیرۆریستی ئاخوندی ڕێبەریکرد.

شەڕەفکەندی لە پەیامێکی گرینگ و شوێندانەر دا، کە ڕووی لە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان بوو، داوای هاوکاری و پشتیوانی لەخەباتی خۆیان کەڕزگاری گەلی بەشمەینەتی کوردە،لێخوازتن و هەرلەوکاتەش دا هانی شۆڕشێکی قوڵ وهەمەلانەی لە قۆناخی ئەوسای خەبات دابەگوێی پشتیوانانی جووڵانەوەیی خەڵکی کوردستان دا چرپاند. جێنشینی بەئەزموون و خاوەنڕابرووی سیاسی و ڕێبەری کارێزماو بەئەزموونی خەبات خاون داهێنان و بەرنامەو ستراتیژی سیاسی و مێژووی سەردەمی خۆی بوو. کاک دکتۆر سەعید بەهەق نیشانی دا کە هیچ سەختیو و دژواریەکی سیاسی و مێژووی ناتوانێت لە خەبات و تێکۆشان ساردی بکاتەوە هەروەها ناتوانێت پێشی شۆڕشی گەلی کورد لە پێناو مافی ڕەوای خۆی دابگرێ و دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و خوێنمژی ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندیش دەبێت ئەوەی باشبزانن کە بەتیرۆرکردنی ڕێبەرانمان بەهیچ شێوەیەک ناتوانن بە سەر ئیرادەی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی ڕۆڵە ئازاو فیداکارەکانی گەلی کورد دا زاڵبن و لە خەبات و تێکۆشان دڵساردیان بکەنەوە لە لایەکیتریش بڵاوە بە جوڵانەوەیی کورد بکەن.

دکتۆر سەعیدی بوێرو بیرمەندی نوێخوازی بزووتنەوەی نیشتیمانی تیرۆرکرانی دکتۆر قاسملووی لە هەل و مەرجی سیاسی و دیپلۆماسی ئەوکات دا بەخەسارێکی زۆر گەورەویی لە سەر بزووتنەوەی دێمۆکڕاسیخوازی وەسفکرد و پێیوابوو کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا کورد خەمخۆرێکی چالاکی خۆی لە دەست داوە. بەڵام بێگوومان تیرۆری شەرپفکەندیش ئەو کەلێنە گەورەیەی خستە نێو جووڵانەوەی سیاسی و نیشتیمانی کوردستان. شەڕەفکەندی نەمر لە پەیامەکەی دا کە ڕووی لەئازادیخوازان و مافویستانی دونیا و کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، ڕایگەیاند کە خەبات بۆ ئازادی و ئەو ئامانجانەی کە قاسملووی ڕێبەر لە پێناوی دا سەری دانا، بە پشتیوانی ماددی و مەعنەوەی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان، خەباتی قوتابیانی قاسملووی ڕێبەر درێژەی دەبێت و حیزبی دێمۆکڕات سەرەڕای پاراستنی یەکیەتی و یەکپارچەی ڕیزەکانی لەهەل و مەرجی چارەنووس سازی سیاسی وەک ئێستا دا کە بەسەر دونیا و ناوچەکەدا زاڵبووە ،بەڵێن بەگەلی کورد دەدەین کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕۆڵەکانیان هەر وەک هەمیشە بەردەوام دەبێ. ئێمە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکڕات بەوئیرادە سیاسی وبیروباوەرە کە بەمافی نەتەوایەتیمان هەیە هیچ نائومێدیەک ناتوانێت سێبەری بکێشێتە سەر وڕەو ئیمانی شۆڕشگێڕانەی تەشکیلاتی ئاشکراو نهێنی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و خەبات بۆ ئازادی و دێمۆکڕاسی هەروەک جاران درێژەی دەبێت و کوردستانی ڕۆژهەڵات و شۆڕشە بەرهەقەکەی دەبێ نموونەیەک بێت لە خۆڕاگری و کوردستان بەسەنگەری

بەرگری و دێمۆکراسی لە سەرانسەری ئێران دا دەمێنێتەوە.

ئەوکات زۆر هێزو لایەنی سیاسی نەیار و هەتا دۆستەکانی حیزبیش چاوەڕوانی دووبارە بوونەوەی مێژووی ڕەشیان بەسەر حیزب و بزتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد و پێیان وابوو کە قوتابیانی قازی و قاسملوو ئیدی تازە ناتوانن لە مەیدانی بەربەرەکانی دا خۆڕاگرن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان تووشی سەرلێشێواوی و نائومێدی دێن و ڕەنگە وەک پێشوو توانای بەربەرەکانی و ڕوبەڕوبوونەی هێزی داگیر کەرو کۆنەپەرستی ئاخوندیان لە مەیدانی خەبات دا نەبێت و ئاڕایشی تێکۆشانی سیاسی، تەشکیلاتی ونیزامی بەرەو کاڵبوونەوە بڕوات.

دوژمن لەو ساڵە دا ئەگەر بەشێوەی ئیتفاقیش بێ زەربەی قورسی لە هەموو شارو ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات خوارد و هێزی پێشمەرگە،نیشانی دا کە هەر وەک هەمیشە لەسەنگەری خۆڕاگری و مافویستیدا خەبات دەکات و ڕێگا نادات، نائومێدی باڵ بەسەر بزووتنەوەی نیشتیمانی گەلی کورد دا بکێشێت لەو بەشەی خاکی کوردستان دا.

لەباری هەلومەرجی سیاسی ناوچەیشەوە وەزعە کە زۆر باش نەبوو، شەڕی ئێران و ئێراق چەند ساڵێک بوو کۆتای پێهاتبوو، ئەوسا لێکدانەوە سیاسیەکان زۆرتر بەو ئاڕاستەیە دابوون، کە ئەگەر حکوومەتی ئەو دوو وڵاتە لەسەر هەموو مەسەلە گرینگەکان بگەنە ڕێککەوتن، ڕەنگە بەیەکەوە بتوانن پیلانی هاوبەش لە دژی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان دابڕێژین و دەرەتانێکی ئەوتۆ بۆ شۆڕشی کوردستان نەهێڵنەوە و بەهاوبەشی بکەونە دژایەتیو و لەنێوبردنی جوڵانەوەی کورد.

شەڕەفکەندی ژیرو بەئەزموون زۆر نەترسانە لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی،ئابووری و کۆمەڵایەتی دونیا،ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست،ئێران و کوردستانی کردبوو و بەو ئاکامەگەیشتبوو کە ڕوداو ئاڵوگۆڕەجیهانیەکانی ئەوجارە دەکرێ چاوەڕوانی هێندێک گۆڕان بین لە بەرژەوەندی بزووتنەوەیی نیشتیمانی گەلی کورد دا و ئاکامی ڕوداوە سیاسی یەکان ڕەنگە کورد بەهێندێک دەسکەوتی سیاسی ومێژووی خۆی بگەیەنێت. لە ڕاستی داشەڕەفکەندی زۆر شارەزایانە لیکدانەوە و خوێندنەوەی پێشهاتەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانی خەباتی دەکرد و هەرگیز نەدەکەوتە ژێر باری هاتووهاواری ئەو میدیا گەورانەی کە لە بەرژەوەندی هێزو دەسەڵاتی کۆنەپەرستان دا تەندوری ڕاگەیندنیان گەرم دەکرو ئامانجیان لەوەش بەبێگوومان دڵسارکردنەوە و بەلاڕێدابردنی خەباتگێڕان بوو.

خوێندنەوەو لێکدانەوە سیاسیەکانی جێگای سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، کەسایەتیەکی دیارو بەرچاوی نێو ئۆپۆزسیۆینی ڕێژیمی ئاخوندی بوو، سەرنج و تێڕوانینە سیاسیەکانی سەبارەت بەوەزحی سیاسی وڵات و خەباتی سەرانسەری

لە ئێراندا جێگای بایخی هەموولایەکبوو.

دکتۆر سەعید لە پاش مەرگی قاسملووی ڕێبەر دا ئەرک و بەرپرسایەتی گەلێک گرینگ و دژواری لە سەرشان بوو، حیزب لە بەرە بەری گرتنی کۆنگرەی نۆیەمی خۆی نیزیک دەبووە، شەڕەفکەندی ئەوجارەیان بەتەنیا دەبوو خۆی بۆ گرتنی ئەو کۆنگرەیە ئامادە بکات و ڕاپۆرتێکی سیاسی و هەمە لایەنە لە سەر هەلومەرجی خەبات و ئاڵوگۆڕ و وردەوسیاسی ،ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی جیهان، ئێران و کوردستان بنووسێ و سەرنج و لێکدانە وە کانی خۆی بخاتە ڕوو و بەرنامەی گونجاو بۆ قۆناخی داهاتووی شۆڕش دابنێ. شەڕەفکەندی خاوەن داهێنان و داڕشتنی بەرنامەو ستراتیژی سیاسی و نوێ بوو بۆ حیزب و جووڵانەوەی کورد.

دکتۆر سەعید بەهەموو لایەکی سەلماند کە ئەو ئەزموونەسیاسی و تەشکیلاتیەی کە لە ماوەی تێکۆشانی خۆی لە داوێنی حیزب دا بەدەستی هێناوە، لە کات و قۆناخی چاوەڕوانکراوی شۆڕش دا دەتوانێت سودی لێوەربگرێ و بەرنامەو ڕێبازی سیاسی حیزبی دێمۆکڕات لە ژێرتیشکی ڕوناکایی هەڵسەنگاندنکی وردو هەمەلایەنەدا لە پێناو نیزیک بوونە و بەرەوپێشوەچوونی خەباتی سیاسی دا کەڵکی لێ وەربگیرێ و ڕێزەکانی حیزب ڕێکبخاتەوەو تێڕوانین و خوێندنەوەی نوێ بۆ هەل و مەرجێکی تازە لە تێکۆشان بێنێتە نێو تەشکیلاتی حیزب.

شەڕەفکەندی ڕێبەر، لە سەردەمێک دا تێکەڵ بەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی دەبێت کە ئەو کات کەش و هەوای سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتی ئێران و هەتا دونیاش دا، باو هەرباوی جووڵانەوەی سۆسیالیستی و چەپێکی ڕادیکاڵ و کاڵ بەروی نەتەوەخوازی دابوو. بەڵام شەڕەفکەندی وەک مرۆڤێکی سیاسی و نەتەوەیی دەرکەوتبوو و هەرگیز نەکەوتەژێرتەئسیر و کاریگەری بزووتنەوەی چەپی وڵات کە پانتایەکی بەرچاوی ئێرانی بۆ خۆی داگرتبوو و هەتا زۆر یەک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبوونە ژێرتەوژمی ڕوداوەسیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی وڵات و کورد بوونیان بەشەرم و پاشکەوتووی دەزانی.

بەڵام شەڕەفکەندی هەر بەدوای تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نیشتیمانی لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانێ دا، ئەو سەنگەرەی کە لە یەکەم ساتەکانی ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی دا باوەڕی قووڵی پێ هێنا هەتا دواساتەکانی ژیانی لە پێناویدا خەباتی کرد و هەر لە وڕێگایەشدا سەری بەرزی نایەوە.

۱۵ی سێپتەمبەری ۲۰۱۳

پرۆسەی هەڵبژاردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا!

هەڵمەتی بانگاشەی هەڵبژاردنی پارلمانی لە هەرێمی کوردستان لە ئاخرین حەوتووی خۆیدایەو هەموو کیانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەیەکان لە چوارچێوەی دەستووری وڵات و لە ژێر ئاموژگاری و بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆمیسۆنی هەڵبژاردندا کە لە ٢١ ئەو مانگەدا بەڕێوەدەچێت،

هەنگاو بەرەو دەنگدانی گشتی لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک دەنێن و هەر لایەک هەوڵی ئەوەی دەدات زۆرترین دەنگدەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت لە ڕێگای بەدەست هێنانی زۆرترین کورسی پارلمانی کوردستان بتوانێ چوار ساڵیتر حوکمڕانی وڵات بکات و بەڵێنیەکانی کە بە خەڵکی دراوە جێ بە جێ بکات.

بێگوومان پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان نیشانەی ئاستی وشیاری سیاسی و گەشەکردنی بنەماکانی دێمۆکڕاسی سیاسی و بەرەوپێشچوونی فۆرمی حوکمڕانی کورد لە ئاستی جیهانیدا دەگەیەنێت و لە ڕوانگەی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیش وەک دەسکەوتیکی گرینگ و مێژووی بۆ خەڵکی کوردستان بە حیساب دێت کە لە سێبەری بڕیاردانی سیاسی گەلی کورد خۆیان ، ئەو دەرەتانەیان پێک هێناوە کە داموەدزگای سیاسی و ئیداری بەرەو قۆناخی دێمۆکڕاتیزە کردن بەرن و پارلمان وەک مەرجەعی سەرەکی داڕشتن و هەموارکردنەوەی دەستوور سەیر دەکرێت و ڕیفۆرم لە سیستمی سیاسیدا بکرێت.

لە هەرێمی کوردستان مافی بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵژاردندا بۆ هەموو هێزو لایەکان ڕەخساوە و لیست و قەوارە سیاسیەکان بە ئازادی هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆدەنگی و پشتیوانیکردن لە لیستەکانیان دەست پێکردوە و لەو پەیوەندیەشدا هەست بە هیچ جۆرە ڕێگریەک ناکرێ و ئازادی بەتەواوی هەست پێدەکەیت.

دیارە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بڕیاری خۆیانداوە کە زۆر بەسەربەستی لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لە سەر سندووقی دەنگدان ئامادە بن و دەنگ بەو لایەنە سیاسیە بدەن کە بەرنامەی ڕاگەیاندراوی لە بەرژەوەندی گشتی ئەواندابێت و لە حوکمرانی پاش پرۆسەی هەلبژاردندا بەڵێنیەکانی کە داویانە بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەئەنجام بگەیەنن و تواناو ئیمکاناتی ئەوەی هەبێت کاتێک دەگاتە ئاستی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و هەرلەوکاتەشدا داهاتی گشتی بەشێوەی یەکسان بەسەر هاو وڵاتیانی هەریمی کوردستاندا دابەش بکرێت وداهاتی نەوت و گاز لە ڕێگای سیاسەتی ڕوون و شەفاف بەڕێوەببێت.

ئەوەی گرینگە لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت و وەک بەرچاوروونی لەسەر هەرێمی کوردستان بخرێتە بەر چاوی هەموو لایەک ڕەوتی بانگاشەی هەڵبژاردنە لە کوردستاندا کە پرۆسەیەکی بەتەواوی ئازاد و دێمۆکراتیکە و بێگومان شان لە شانی ڕەوتی هەڵبژاردانی وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا دەدات و هەموو قەوارەکان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بانگاشەی هەڵبژاردن بۆ حیزبەکایان دەکەن کە ئەوەش نیشانەی سیستمێکی سەقامگیرو دێمۆکرات لە کوردستان دەگەیەنێت.

هەڵبژاردنی پارلمانی لە کوردستاندا هەر چەندە ئەزموونێکی درێژی لە پشت نیە بەڵام بەو ماوە کورتەی کە ئەو ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیە دەستی پێکراوە لە هەرێمی کوردستاندا، و وێرای دروست بوونی ڕەوتی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن لە چوارچێوەی حوکمڕانی وڵاتدا و فۆرمگرتنی ئەو شکڵە سیاسی و نوێیە لە کوردستان. ئەو ڕەستەیە ئێستا بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆتەوە کە کورد باوەڕی قوڵی بە دێمۆکراسی و فرە ڕەهەندی و ڕەنگاورەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا و هەر لەو کاتەشدا بەردەوام پابەندی خۆی بۆ ئەو چەمکە سیاسی و مێژوویە دووپات دەکاتەوە و کاردەکات هەتا میکانیزمە سیاسی و فیکریەکانی دێمۆکراسی باشتر جێبکەوێت لە هەرێمی کوردستاندا.

وەک دەبینین ئەو هەرێمەی ئێمەش واتە کوردستان بەکردەوە سەلماندی وەک ولاتێکی ئازاد و دێمۆکرات کە بنەمای حوکمرانی سیاسی و ئیداری لە سەر بنەماکانی دێمۆکراسی دامەزراوە، دەتوانێت لە هەموو ڕوویەکەوە شان لە شانی وڵاتانی پێشکەوتوو و دێمۆکرات بدات و لە سایەی ئاسایش و ئەو ئەمنیەتەی کە لە کوردستان پێک هاتووە هانی زۆر لە کۆمپانیەکانی دونیابدات هەتا بێن لە پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستاندا لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی گشتی نیشتیمانی بەشداری بکەن و بەو شێوەیە ڕوخساری وڵاتی کوردان بە جوانی خۆی لە سەر نەخشەی جیهان بنەخشێنێت و هەر لەو پەیوەندیەشدا هەڵوێستی بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتە زلهێزەکانی گێتی بە بواری زۆر ئیجابیدا بەقازانجی پڕۆسەی سیاسی و دەسەلاتی کوردی بگۆڕێت.

بە هۆی گەشەکردنی بنەماکانی دێمۆکراسی وشیاری سیاسی لە کوردستاندا ڕەوتی هەڵبژاردنی پارلمانی لە قۆناخی بەرزی خۆدایە و هەموو حیزبەکان پاش ڕاگەیاندنی ناوی لیستەکانیان بەرنامە و پلانی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان خستۆتە بەرچاوی خەڵکی کوردستان هەتا کۆدەنگی و پشتیوانی جەماوەری بۆ قەوارەکانیان بە دەست بێنن. سەرەڕای بوونی هێندیک توند ئاژۆی لە سەرەتای پرۆسەکەدا و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک پەشێوی لە شارو ناوچەکاندا.

بەڵام ئێستا هەموو لایەک زۆر بە هێمنانە و وەریای سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بەرەو پیری پرۆسەی دەنگدان هەنگاو دەنێن و هەتا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار بارزانی داوای لە خەڵکی کوردستان و هێزو لایەنەکان کە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن کردوە کە هیچ لایەک کاریک نەکات زیان بە دەسکەوتە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی حکوومەتی هەرێم بگەیەنێت.

سەرکەوتنی پڕۆسەی هەڵبژاردنی ئەوجارەیان گەلێک چارەنووس سازە بۆ لیست و قەوارەکان و هەموولایەک هەوڵی گەئیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی دەدەن.

هەڵبژاردن پێی ناوەتە ئاستێکی گەلێک هەستیارو وتاری سیاسی هەموو حیزبەکان لە پێناو باشترکردنی ژیان و گۆزەرانی خەلکی کورستاندایە و هەر لایەنیکی سیاسی بە چەپ و ئیسلامیەکانەوە دەیان هەوێت ئەگەر بگەنە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی وڵات، کۆمەڵێک ئاڕاستەی نوێ لە بەرژەوەندی گشتی هاونیشتیمانیاندا بگەیەنە قۆناخی جێبەجێ کردن و لە زۆربواردا دەستور هەموار بکرێتەوە و ستراتیژی سیاسی و ئابووری نوێ لەسەر میکانیزمی خۆماڵیترکردنی سامانە سروشتیەکان لە کوردستان دابنرێ. هەموو لایەک لە کوردستان لە سامان و داهاتی گشتی وڵات سومەندبکرێن و یاسای خانەنشینکردنیش هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بگرێتەوە.

دێمۆکراسی سیاسی و هەڵبژاردنی پارلمانی لە کوردستاندا ئێستا لە قۆناخی کرچوکاڵی تێپەڕ بووە و هەست بە شارستانی بوون و ڕۆشنبیری نوێ و گەشەکردوو دەکرێت و هەموو لایەک زۆر بەئازادی و بە بێ سانسۆڕ و چاولێک سووڕکردنەوە لە ئاستی ڕاگەیاندنداا بانگاشەی هەڵبژاردن دەکرێت و هەتا زۆر جار هەست بە هەبوونی زۆر توند ئاژۆی و کەمکورتی لەو بوارەدا دەکرێت.

بەڵام ئەوەش لە گرینگی و بایخی مەسەلەکە و ئاستی گەشەکردن و پیشکەوتنی دێمۆکراسی لە هەرێمی کوردستان کەم ناکاتەوە. هەرلەوکاتەشدا ئاستی وشیاری سیاسی وکۆمەڵایەتی لە کوردستاندا گەشەی زۆریکردوە کە هەمووی ئاکامی سەقامگیری و ئەمنیەت و ئاسایشە لە هەرێمی کوردستاندا.

۱۸ی سێپتەمبەری ۲۰۱۳

ئەردۆگان و پاکێجی دێمۆکراتیزەکردنی وڵاتەکەی!

سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە گۆنگرەیەکی ڕژنامەوانیدا پاکێجی دێمۆکراسیبوونی تورکیای لە ڕێکەوتی ٣٠ - ٩ - ٢٠١٣ ڕاگەیناد کە بێگوومان لە ڕوی ناوەرۆکەوە چەند گۆڕانکاریەکی گرینگ و مێژووی لە سیاسەتی ئەو وڵاتەدا تێدا پێک هاتووە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد بە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیەوە.

یەکێک لە خاڵە گرینگ و بنەڕەتیەکانی ئەو پاکێجە ئەوەیە کە چەند گۆڕانکاریەکی سیاسی و دەستووری و ئیداری سیاسی لە خۆی دەگرێت و هەموویان بە قازانجی گەلی کورد و پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتەن.

لە بەشێکی پاکێجی ئاشتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دا هاتووە کە: ئەوە یەکەمین و دوایین پاکێج نابێت و بەڵکوو لە بەردەوامی پڕۆسەی سیاسی تورکیادا پاکێجی تریش ئەبینرێن. ئەردۆگان هەوڵدەدات زۆر وشیارانە هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا بنێت و بۆ ئەو مەبەستەش، سەرەتا هەوڵدەدات زەمینەی شیاو بڕەخسێنێت و گۆدەنگی و پشتیووانی گەلی تورکیا بەدەست بێنێ. نیگەرانیەکانی ئەردۆگان سەبارەت بە هەنگاوی خێرای ئاشتی لە تورکیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "ڕەوتی نەتەوەپەرستی" لە نێو دەسەلاتی تورکیادا زۆربەی جوومگە هەستیارەکانی حوکمرانی قۆرخکردوە و ئەگەر بێت و زۆر بەڕاشکاوی و ڕوونتر باسی پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکات،ڕەنگە هەمەن چارەنووسی ئیسعاق ڕابین سەرۆک وەزیرانی ئیسرایلی بە نسیب بێ و تونڕەوەکانی وڵاتەکەی لێی خۆش نەبن.

لە ڕوی ناوەرۆکی ئەو پاکێجەوە بێگوومان زۆر بابەتی گرینگ و گۆڕانکاری مێژووی دەبینرێت، کاتێک داوای گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردنی تورکیا دەکرێت و ڕێگای چارەسەرەکانی ئەو مەسەلەیەش لە پاکێجەکەدا خراوەتە بەرچاو، هەر لەوپەیوەندیەشدا بەرووبی ئاماژەی بەوەداوە کە پێویستە هاوکاری حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان زیادبکرێت و ئەو هێزانەی کە ڕێژەی لە سەدا ٥ی دەنگیان هەبێت، مافی بەشداریکردنی پارلمانیان پێدەدرێت. دیارە پێشتر ئەو ڕێژەیە مافی ئەوەی نەبوو بەشداری پرۆسەی سیاسی و حوکمرانی وڵات بکات، لەلایتریشەوە هاوکاریەکانی حکوومەت ئێستا زیادی کردوە بۆ لەسەدا ٧ کە ئەمەش ٤ دەرسەد هەڵکشاوە.

سەرۆک وەزیرانی تورکیا نەی شاردەوە و بە ئاشکرا باسی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی کرد و ڕایگەیاند:

ئەگەر بەئـارەزووی خـۆم بـوایە سـەرجەمی ئـاڵوگۆڕە دەسـتووری و ئیـداریەکانم لە یەک پاکێجـد پێشـکەش دەکـرد، بەڵام هەڵومەرجی دژواری تورکیا ڕێگە بەوەنادات هەموو مەسەلە جەوهەری و هەستیارەکان بە یەک جـار باسیان لەسـەر بکرێت. ئەردۆگـان بەو هەنگـاوە بـوێرانەی تەڵیسمی تونـدوتیژی و سیاسـەتی حاشـاکردن لە گەلـی کـوردی کە بە درێـژای مێـژوو لە تورکیا پەیڕەوی دەکـرا، شکاند و هەمـوو لایەکـی دڵنیـاکردۆتەوە کە وێـرای ئاستەنگ و گیروگرفتی زۆر، گەل و حکـوومەتی تورکیا بەردەوام دەبن لەسەر هەنگاو نان بەرەو دێمۆکراسی و قبووڵکردنی لایەنـی فـرە ڕەهەنـدی و ڕەنگـاو ڕەنگی سیاسـی و نەتەوەی.

ڕەجەب تەیب ئەردۆگـان لە بەشێکتری پاکێجەکەیـدا ئـاماژەی بەوەدا کە سـزای سـەرپێتەکوردیەکان هەڵدەوەشێتەوە و نـاوی گوند و شارۆچکەکانیش دەگەڕێتەوە سەر دۆخی پێش سـاڵی ١٩٨٠ کە گۆڕانکـاری بەسـەرناوەکاندا هـاتووە و کیبـۆردی کـوردی ئـازاد بکرێـت و ڕی لە بەردەم خوێنـدن بەزمـانی دایـک لە قوتابخانەکـان نـاگرن و هەڵـومەرجی شـیاوتری کـۆمەڵایەتی و کولتوری پێک دەهێنن و لە شوێنە ئیداریەکان ئازادی پۆشینی جلوبەرگ پێک دێت.

ئەردۆگان لە درێـژەی پێشکەشکردنی پاکێجی دێمۆکراسیبوونی تورکیادا تیشکی خستە سەر خاڵێکی زۆر هەستیار و گوتی: لە هەر شوێنێک چەک لە جیاتی دیالۆگ قسەبکا و خوێندنەوە و تێڕاونین کاری پێنەکریت و چەک بەکـار بهێنرێت، چارەسەرکردنی کێشەکان زۆر دژوارترە. پێک هاتەی سیاسی و ئیداری حکوومەتی تورکیـا جۆرێکە کە ئەو لایەنەی لایەنگری چارەسەرکردنی کێشەو ئالۆزیەکانی وڵاتن بە ڕێگای ئاشتیدا، هەست بە ئاقڵیەتی کۆدەتا چیەکـان دەکەن لە نێـو جمگەکـانی دەسەڵاتدا. هەربۆیەش هەنگاوی ئاشتی وەک چاوەڕواندەکرێت خێرا ناڕوات بەڕێوە. ئەردۆگـان و حکـوومەتەکەی پێش هەمـوو شـتێک پێویسـتان بە هەمـوارکردنی دەسـتوور هەیە و بـۆ ئەو مەبەسـتەش پێویسـتە زەمینەی گونجـاو پێـک بێـنن و دڵـی نەتەوەپەرەستەکانیش ڕازیبکەن و هەموو لایەک لەوەی تێبگەن کە ئاشتی لە تورکیـا مەترسی نابێت لەسەرپارچەکردنی وڵات.

٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان و ماددەی ١٤٠!

کابینەی نوێی لە هەرێمی کوردستان پاش پێک هاتن و دەست بەکاربوونی چەند ئەرکێکی جەوهەری و مێژووی دەکەوێتە سەرشان کە ئەو جاریان دەبێت بە هەموو لایەک جەخت لە سەر بەئاکام گەیاندنی بکەنەوە و توانای ماددی و مەعنەوەی خۆیان لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوە بەکاربهێنن بە مەبەستی جارەسەرکردنی.

ئەویش بێگوومان مەسەلەی ماددەی ١٤٠ و ناوچەکێشە لەسەرەکانیتری کوردستانە کە هیچ جۆرە پێشوەچوونێک لەو بوارەدانابینرێ لە گەڵ حکوومەتی ناوەندداو، بگرە هەست بە قوڵتر بوونەوەی ئەو قەیرانە سیاسی و جوغرافیا دەکرێت و جیا لە کورد هیچ لایەک مەیلیان بە لای چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و شوێنەدابڕاوەکانی کردستاندانیە . بەمەبەستی یەک لایکردنەوەی سنووری ئیداری هەرێمی کوردستان لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزی ئێراق ،کورد دەبێت یەکڕیزی سیاسی خۆی وەک پێویستیەکی سیاسی ومێژووی بپارێزێت بۆ ئەوەی بە ڕێگای ئاسانتر دا بتوانێت قەیرانی ناوچە دابڕاەکان چارەسەربکا و هەموو ناوچەکان بەگەڕێندرێنەوە سەرهەرێمی کوردستان. سەرۆکایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان نابێت ڕێگا بە هیچ هێز و لایەنێکی ئێراق بدات سنووری ئیداری کوردستان بشێوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی بە جێ بەجێکردنی ئەو بڕیارو پڕۆژە یاسایانە بکرێت کە لە بەرژەوەندی کورددا قەراریان لەسەردراوە و بەڵام هەر بە هەڵاوەسراوی ماونەتەوە.

سنووری ئیداری سیاسی کوردستان بایخی مێژووی خۆی هەیە و کابینەی نوێ دەبێت بە هێزتر لە سالانی ڕابردوو بۆ ئەو مەبەستە کار بکات. گەلی کورد بۆ گەیشتنی بەو ئامانجە سیاسی ونەتەوەیە دەبێ پێش هەموو شتێک ناومالّی خۆی ڕێکبخات و ئەو کێشە و مل ملانەی نێو خۆیانە کە لە سەر شێوەی حوکمرانی سیاسی و ئیداری هەرێمی کوردستان سەریان هەلداوە وەلابنرین و هیچ هێزێکی سیاسی ئامانجی بەلاوازکردنی لایەنی بەرانبەری لە گۆڕەپانی سیاسیدا سود نابات و هەر کورد لێی زەرەرمەند دەبێ. ڕەنگا وڕەنگی سیاسی و تیڕوانینی جۆربەجۆر لە سەر مەسەلە ئەساسیەکان نابێت زیان بە دەسکەوتە سیاسی و نیشتیمانیەکان بگەیەنێت و "کورد هێشتا بەتەواوی بە مافی سیاسی خۆی نەگەیشتووە کە خۆمان ببین بەمەترسی و هەڕەشە لەسەر کیانی سیاسیمان". بوونی فرە ڕەندی سیاسی و فیکری لە کوردستان هۆکاری گەشەکردنی دیمۆکڕاسی سیاسی و وشیاری نەتەوەی گەلی کورد دەگەیەنێت و ئەزموونی نیشتیمانی بەرەو لوتکەی گەشەکردنی خۆی دەبات. بێگوومان کەمکردنەوەی ناکۆکیەکان لە پێناو سەقامگیری سیاسی و ئیداری کوردستان و گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچەکانیتری کوردستان دەکرێت بخرێتە پێش هەر خواستێکی سیاسی و حیزبی.

حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان لە پێناو ئامانجی گەورەی سیاسی و نەتەوەیدا پێویستە ناکۆکیە کانیان لە سەر ئاستی کوردستاندا کەمتر بکەنەوە و بە زمانی یەکگرتووی لە گەڵ حکوومەتی ناوەندیدا سەبارەت بە مەسەلە چارەسەرنەکراوەکان لە گەڵ بەغدا بکەونە گفتوو گۆی سیاسی و ڕێگا نەدرێت کێشەی کەرکوک هەروا درێژە بکێشێت و لە دەرەوەی ئیدارەی کوردستاندا بمێنێتەوە. خەڵکی کوردستان بە باشی نیازی کاربەدەستانی ئێراق سەبارەت بە کێشەی ناوچەدابڕاوەکان دەزانن و ئەگەر بە خۆشی خۆیان بێ هەرگیز ڕێگا نادەن کەرکوک و شوێنەکانتر بگەڕێنەوە سەر کوردستان، هەربۆیە کورد و سەرکردایەتی سیاسی پێویستە هەنگاوە سیاسی و گفتووگۆکانی لە گەڵ حکوومەتی ناوەندیدا خێراتر یەکبخات بەمەبەستی چارەسەرکرن و مەسەلەی کەرکوک بە تەوەری سەرەکی گفتوگۆکاندابنرێ.

چوونکی کوتلە و قەوارە غەیری کوردەکان لە پارلمان و حکوومەتی ئێراقدا هەتابۆیان کرابێت تەنگوچەڵەمەی گەورەیان دروست کردوە و زەمینەی بارگرژی و ئاڵۆزی لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان زیاتر پەرەی ئەستاندوە و هەموو ئەو ماددە و پڕۆژە یاسایانەی لە بەرژەوەندی کورد دا تۆمارکراون بە ئاشکرا دەخەنە پشت گوێ و دەیان هەوێت مەسەلەکان بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی هاوبەش دەرئەنجامیان لێبکەوێتەوە و جەوهەری خاڵە ئەساسیەکان بەرەکاڵبوونەوە بەرن .

یەکلانەکرانەوەی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکانیتری کوردستان بە هۆی مل ملانەی هێزە سیاسی و نێو خۆیەکانی، بەداخەوە هەتا ئێستاش هەروەک خۆی ماوەتەوە و نەگەڕێندراوەنەتەوە ژێردەسەلاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەریکە کەمەنەتەوەکان لەو شوێنانە بالادەستی خۆیان بەسەر مەسەلە هەستیارەکاندا دەسەلمێن. زۆر لە چاوەدێرانی سیاسی نێو خۆیی و دەرەوە پێیان وابوو ئەوجار هەموو لایەنە سیاسی و کۆمە لایەتیەکانی کوردستان بەیەکگرتووی و لە ژێر دروشم و ستراتیژی تازەی سیاسیدا بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچەکانیتر کە لە دەرەوەی سنووری ئیداری حکوومەتی کوردستاندا ماونەتەوە بەرنامەی شیاو پێشکەش دەکەن وەک یەکێک لە خاڵەگرینگەکانی بانگاشای هەڵبژاردن. بەلام ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە هیچ هێزولایەنێک نە لەدوور و نە لە نیزیک باسی ئەو بابەتەیان نە هێنایە گۆڕی. ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوجارەشیان بە کەمترخەمی کار لەسەرماددی ١٤٠ بکات بێگوومان گەڕانەوەی کەرکورک لە دواڕۆژدا دژوارتر دەبێ و مەترسی لە سەر شێواندنی سنووری کوردستانیش زۆر زەقتر دەردەکەوێت لە سالانی پێشوو.

هەلومەرجی سیاسی و ئیداری کوردستان سەرەڕای بوونی زۆر گیروگرفت و کەندوکۆسپی سەر ڕێگای، بە هۆی خۆسەلماندنی و بەهێزکردنی بنەماکانی دێکۆمڕاسی و ژیانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری و گەشەکردنی بەرچاوی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، ئێستا وەک حکوومەتێکی سیاسی و نیشتیمانی سەیر دەکرێت و کاتێک سەیری ئاستی پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسیەکان دەکرێت دەبینیت کە وەک وڵاتێکی سەربەخۆ مامەلەی لەگەڵدا دەکرێت و وەک نموونە دەسەلاتێکی پێشکەوتووی نیشتیمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕست چاولێدەکرێت.

وەختێک کوردستان ئەو هەموو لایەنە بەهێزو جەوهەریانەی لە ئاستی دەرەوەدا هەیە و ئیرادەیەکی گەورەی سیاسی و نەتەوەی لە ماوەی حوکمرانی خۆیدا بەرهەم هێناوە لە کوردستان، بۆچی نابێت ستراتیژی نوێ دابنێت بۆ ڕزگارکردنی سەرجەمی ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان کە تا ئێستا نیکۆڵی کوردستانی بوونیان لە لایەن ناوەندوە لەسەرە.

بەڵام ئەوەی زۆر بەرووتی ئێستا هەستی پێدەکرێت لە بیرکردن و پشت گوێ خستنی ئەو مەسەلە جەوهەری و هەستیارەی کوردستانە کە بە هۆی ناکۆکی لەسەر ڕێژەی دەنگ هێنان و وەرگرتنی کورسی پارلمانی خەریکەن ستراتیژی خاڵە گرینگ و جەوهەریەکان دەخرێنەوە پەراوێز و بەرووتی هیچ لایەک بەرنامەو پلانی بۆ جارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک نیە.

کوردستان لە ناوچەیەکی گەلێک هەستیار و پڕلە سەر ئێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەمنیەتی هەڵکەوتووە و هەر چوار لای بە داگیرکەرانی کوردستان تەنراوە، کورد و سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەگەر پێی وابێت وڵاتانی درواسێی دەبن بە هاوکار و پشتیوانی کێشەی سیاسی کورد، هەڵسەنگاندنێکی شیاو نیە و بەڵکوو پشت بەستن بە دووژمنی مێژووی هیچ سودێکی نابێت لە زیان و زەرەرزیاتر.

پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا پێی ناوەتە قۆناخێکی زۆر هەستیارو کورد ئەگەر بەشێوەی گشتی کێشەو ناکۆکیەکانی خۆی نەخاتە لاوەو هەر بەچاوی ڕابردوو هەڵسەنگاندنی کێشە و پەیوەندیەکانی خۆی بکات، بێگوومان چەند هەنگاوێک لە ئامانجە سیاسی و نەتەوەیەکانی دوور دەکەوێتەوە و یەکگرتووی نێومااڵی کورد زۆر زیانی پێدەگات.

هەرچەندە هێزو لایەنە سەرکەتووەکانی هەڵبژاردنی پارلمانی بە شێوەی ڕەسمی بیروڕای خۆیان لە سەر شکڵ و شێوەی پێک هێنانی حکوومەتی نوێ ڕانەگەیاندوە، بە هۆی سەرهەڵدانی گلەی و سکاڵای هێندێک لایەن سەبارەت بە ناکامی ڕێژەی کورسی حیزبەکان.

بەڵام هەروەک چاوڕواندەکرێ ئێستا قۆناخی پێک هێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستانە و ئەو هێزانەی کە زەمینەی هاوکاری و پەیوندیەکانیان لێک نیزیکترە و خاڵی هاوبەشی کارکردنیان لەگەڵ یەکتریدا زۆرترە هەوڵدەدەن کار بکەن لەسەر ڕاگەیاندنی حکوومەت لە داهاتوودا.

١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

سمکۆی شکاک هەر وەک شۆڕشگێڕ دەمێنێتەوە!

سمکۆی شکاک بە داهێنەر و ڕێبەری بزووتنەوەیەکی مۆدێرینی ناسیونالیستی سیاسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دادەنرێ و کەم سەرکردەی سیاسی هەن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڵەی مێژوویان لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا لەسەر تۆمارنەکرابێت. من دەڵێم خۆزگە ئێمەش وەک کورد و ڕۆشنبیرانی زۆر سەربەستانە و دوور لە هۆگری تایبەتیمان لێکدانەوەی زانستیانەی هەڵومەرج و ژیان و خەباتی ڕێبەرانی بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردستانمان لە هەر چوار بەشی کوردستان کردبا و دەست نیشانی کەموکورتیەکانمان بەگوێرەی ئیمکان کرابا هەتا نەسلی نوێ ئەزموونی سیاسی و تێکۆشانیان لێوەربگرن. بە هۆی هەژاری سەرچاوە مێژوویەکان و ئەو دیکۆمێنتانەی کە لەسەر جوولانەی کورد نوسراوە ن، شەرت نیە هەموویان دروست بن و کورد بە ملکی خۆی بزانێت. من دەڵێم ئەو ڕوداوانەی بەسەر کورد داهاتوون و کەوتوونەتە سەر زاروبوون بە نێوئاخنی پەرتوکە مێژوویەکان، زۆر جاران شێواندنی پێوە دیار بووە و غەدری گەورە لە کورد و ڕێبەرانی کراوە بە هۆی دەزگای جاسووسی داگیرکەرانی کوردستان و ئەو زلهێزانەی جیهان کە بەرژەوەندیان لەگەل کورد و سەرکەوتنی خەباتیدانەبووە.

هەژاری سەرچاوە مێژوویەکان زۆر جار بەئاشکرا زیانی گەورەی بە کورد و ئەزموونی سیاسی گەیاندوە و بووە بە هۆی لێک دوورخستنەوە و پەرتەوازی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا.

ئەوەی پەیوەندی بە ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک لە کوردستاندا هەیە، تاڵانکردنی شاری مەهاباد بە یەکێک لە هەڵەکان دادەنرێت، بەڵام کوشتنی ڕێبەری ئاشوریەکان ناکرێت بخرێتە گردنی سمکۆ، چوونکی دوور نیە ڕووسەکان و هەتا کاربەدەستانی ئەوسای تاران دەستیان لەو پیلان گێڕیەدا هەبووبێت و بە هەڵە سمکۆ لە هەڵوێستی ئاشووریەکان تێگەیاندرابێت و پەرەیان بە بارگرژی دوولایەندا بێت و خۆشیان پیلانی کوشتنەکەیان ئەنجامدابێت. ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک بەدژی حکوومەتی پاشایەتی و تێکۆشان بۆ ئەستاندنی مافی سیاسی کورد و ڕێکخستنی جوولانەوە و هێنانە ئارای فۆرمی نوێی خواستی سیاسی گەلی کورد و سەردانی شێخی نەمر لەسلیمانی نیشانەی هۆگری سمکۆ بووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد لە هەردوو بەشی کوردستاندا.

من بە چاوی ڕەخنەوە نووسینەکەی ڕێزدار فەرید ئەسەسارد لەسەر مێژووی سمکۆی شکاک هەڵدەسەنگێنم و پێم باشتر بوو بەڕێزیان کە کەسایەتیەکی دیاری سیاسی و ڕۆشنبیری کوردە هەموولایەنە سیاسی و سەردەمیەکانی ئەو سای لێکدابایەوە و

لێکۆڵینەوەی وەرتری لەو بارەوەکردبا. زۆر ڕاست نیە چارەسەری هەڵەیەک بە هەڵەیەکی گەورەتر بکرێت و خۆمان ببین بە هۆکاری شێواندنی ڕاستی و دروستی روداوە مێژوویەکان. هەر بۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەی شیاتر لەو بارەوە ئەنجام بدرێ و سمکۆش وەک ڕێبەری جووڵانەوەی کورد بەرێز و شکۆوە خەباتەکەی بنەرخێندریت.

٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

مالیکی نەیتوانی نیگەرانی حکوومەتی ئەمریکا بگۆڕێ!

سەردانی ئەو دوایانەی نوری مالیکی بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و دیداری لە گەڵ سەرۆک ئۆباما و گەورە بەرپرسانیتری ئیدارەی کۆشکی سپی بەمەبەستی ڕاکێشانی پشتیووانی و گۆڕینی بیروڕای کاربەدەستانی ئەو وڵاتە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی عیراق و سیاسەتی مالیکی کە لەو چەند ساڵەیدا لە عێراق

پەیڕەویکردەوە سەر کەوتوو نەبوو و هەتا وەک سەرۆک وەزیرانی وڵاتێکی دۆست پێشوازی لێنەکرا. بێگوومان بە هۆی سیاسەتی تووندڕەوانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرهەڵدانی ئاڵۆزی سیاسی وڵاتەکەی و دووركەوتنەوەی لایەنەکان لە یەکتری نیگەرانی زۆری بەدوایخۆیدا هێناوە و ئەو سەردانەش نەیتوانی ڕوانگەی ئەمریکایەکان لەسەر خۆی (مالیکی) بەگۆڕێ. ئەوەی سەرۆک وەزیرانی عیراقی فیدڕال لەو سەردانەیدا پێشوەخت پلانی بۆدارشتبوو تێیدا سەرنەکەت کە بەنیاز بوو دەسەڵاتدارانی واشنگتۆن بەوەڕازی بکات لە ڕووی سەربازیەوە هاوکاری و یارمەتی بە حکوومەتی نوری مالیکی بگەیەن و بیروڕایان لەسەرخۆی باشتربکا و ئەوەیان پێ بڵێت کە مالیکی و حکوومەتەکەی پابەندی ستراتیژی نێوانیانن لە گەڵ گەلی ئەمریکادا.

مالیکی لە وتارەکەیدا کە پێشکەش بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی کرد، ڕایگەیاند کە ئەوان پێویستیان بە یارمەتی و هاوکاری سەربازی و ئەمنی ئەمریکایەکانە بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر گروپە تڕۆریستەکانی ئەلقاعیدەدا سەربکەن و پێش بە نائارامی وڵات بگرن. هەرچەندە سەرۆک وەزیرانی (مالیکی)باسی پەیوەندی مێژووی حکوومەتی عێراقی لە گەڵ واشنگتۆن هێنایەوە گۆڕێ و" بە ئامانج پێداگری لەسەر هاوکاری ستراتیژی سیاسی ئەو دوو ولاتەکردەوە".

هەر وەک پێشبینی دەکرا مالیکی کەوتە پەراوێزی ستراتیژی سیاسی حکوومەتی ئەمریکا و باوەڕو متمانەی لەلای ئەوان بەتەواوی لەدەستداوە و ئێستا گەلی کورد کە بە نیزیکترین هاوپەیمانی ئیداری ئەمریکا لە گۆڕەپانی عێراق دەژمێردرێت پێویستە لە سەر ئەساسی میکانیزمێکی نوێ پەرە بەهاوکاری و هاوپەیمانی خۆیان لە گەل حکوومەتی ئەمریکا بدەن و لە بەرژەوەندی کورددا هاوکێشە سیاسی و ئیداریەکان لە عێراق بگۆڕن.

چوونکی ئەمریکایەکان نیگەرانی هەڵسوکەوتی ئەو چەند ساڵەی مالیکی بوون و زۆر جار بەئاشکرا و لە کاناڵی جۆربەجۆرەوە نیگەرانیان گەیاندۆتە سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا ئاگاداری

بیرورایخۆیانکرۆتەوە. نوری مالیکی هیچ وەختێک پێی خۆش نەبووە گوێ بە ئەمریکایەکان بداو ئیستاش دەیهەوێت لەو گەمەسیاسیەی دەستی پێکردەوە خۆڵ دەچاوی هەموو لایەک بکات و سیاسەتە هەڵەکانی لە بیر هەموو لایە بڕێتەوە. بەڵام بارودۆخەکە بەجۆرێک گۆراوە کە وێناچیت لە بەرژەوەندی تاکرەوی و سەرەڕۆی مالیکی دا گۆڕانێک لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕوبدات. گەلانی عێراق پێویستیان بە حکوومەتیکی بنکەفراوان و هاوبەشی سیاسی و ئیداری هەیە و هەموو لایەکیش بەرژەوەندیان لە دامەزراوەیەکی دیمۆکراتیکدایە.

نوری مالیکی کاتیک دێتە سەر باسی سیاسی و ئەمنیی عیراق و پەیوەندی شیعە و کورد و سوننە دەڵێت بەپێی دەستوور ولاتی بەڕێوەبردوە و پێک هاتەکانی وڵات پشتگوێ نەخراون. لا لایتریشەوە هۆکاری بارگرژی ولاتەکەی بۆ گروپی ئەلقاعیدە گەڕاندۆتەوە، بەڵام کاربەدەستانی باڵای ئەمریکا بە پێچەوانەی نوری مالیکی دەڕوانن بارودۆخی سیاسی ئێستای عێراق و ئیدارەی کۆشکی سپی نوری مالیکی و حکوومەتەکی بەهۆکاری ئاڵۆزی سیاسی وڵات دادەنێن و پێیان وایە مالیکی کورد و سوننەی لە بەڕێوەبردنی عیراقدا پەراوێزخستووەو بەو جۆرە هەڕەشەی لە سەر سەقامگیری سیاسی و ئیداری وڵات دروستکردوە.

بە هۆی شکەستی گەورەی مالیکی لە ئیدارەکردنی وڵات و سەرهەڵدانەوەی تووندوتیژیەکان لە عیراق و فشارخستنە سەرسوننە و قوڵبوونەوەی کێشەو ناکۆکیەکان لە سەر پرسی ناوچەدابڕاوەکان و مەسەلەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای تورکیاوە بۆ بەندەرە جیهانیەکان و هەوڵدان بۆ قۆرخکردنی دەسەلات لە دەستی خۆیدا، ئیدارەی ئەمریکا بە گوومانەوە سەیری مالیکی دەکەن و هەر بۆیەش لەو سەردانەیدا وەک پێویست نەی توانی پشتیوانی حکوومەتی ئەمریکا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

ئاڵۆزبوونی پەیوندیە نێوخۆیەکانی حکوومەتی فیدراڵی ئیراق لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێدەکرێت و مالیکی و لایەنگرانی وەک گەورەترین هەرەشەو مەترسی لە سەر پرۆسەی سیاسی و بەرەودیمۆکراتیزەبردنی عێراق دەناسرێن و هەتا لە ئاستی پەیوەندیەکانیشدا لە گەڵ وڵاتانی دراوسێیدا بەتەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و سەبارەت بە قەیرانی سیاسی سووریە گوێی لە ئەمریکایەکان نەگرت و پشتیوانی لە سیاسەتی تاران کرد. ئێستاش بۆ ئەوەی بااڵنسی هێز لە بەرژەوەندی تەنیا خۆی و حیزبەکەیدا بگۆڕێت سەردانی ئەمریکای کردوە و باسی ئەوەی کردەوە کە هیچ لادانێکی سیاسی و یاسای نەبووە و بەپێی دەستووری وڵات حوکمڕانی عێراقی کردوە و سیاسەتی هەڵاواردنی پەیڕەونەکراوە دژ بە پێک هاتەکانی حکوومەتی فیدراڵی.

بەدرێژای حوکمرانی نوری مالیکی لە عێراقدا نەیتوانیوە سیاسەتێکی حەکیمانە و دوور لە تووندوتیژی و فرت و فێل لە

وڵاتدا بەڕێوەبەرێت و هەتا بۆی کرابێت لە سەر حیسابی پەراوێزخستن و گێڕانەوەی دەسەڵاتی زۆرتر بۆ خۆی دەست کاری دەستووری وڵاتیکردوە و ئەو مادە و یاسانەش کە بە ئامانجی چارەسەرکردنی قەیرانەکان هاتونەتە ئاراوە، لەگەڵ دژایەتی ئەوان لە حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بەرەوروبووە و شکەست بەهەر هەوڵێکی سیاسی و نیشتیمانی هاتووە کە لە بەرژەوەندی گشتی دابووە.

حکوومەتی مالیکی دریغی لە هیچ جۆرە پێشێلکاریەکی یاسای نەکردۆتەوە و ئەو و کوتلەکەی رێگری دەکەن بۆ ئەوەی پرۆسە یاسای هەڵبژادنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە قۆناخی دێمۆکراتیزەکردندا نەڕوات و هەموو مەسەلە گرینگ و جەوهەریەکان لە بەرژەوەندیی ئەواندا لە پارلمان تێپەڕیندرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕیزدار مەسعود بارزانی بڕیارە سەردانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات و چاوی بەگەورە دەسەلاتدارنی کۆشکی سپی بکەوێ و لە نیزیکەوە سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی و ئەمنییەتی عێراق و پەیوەندی هەرێمی کوردستان لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی و داهاتووی وڵات ئاڵوگۆڕی بیروڕایان بکەن. سەردانی بارزانی بۆ ئەمریکا پاش سەردانی مالیکی بێگوومان بێ هۆکاری سیاسی نیە و ئیدارەی واشنگتۆن دەیان هەوێت هانی کوردان بدەن بۆ ئەوەی پشتگیری سەقامگیری سیاسی عێراق بکەن.

٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

بابەتەکانی ساڵی..... ٢٠١٤ و ٢٠١٥

بابەتی ساڵی..... ٢٠١٤

بەڵام دۆستایەتیش کە لەگەڵ دوژمنی خوێن و وڵات بێ، هەر دوژمنە و نابێتە هاونیشتمانی نەتەوەیت!

چەند ساڵێک دەبێت گومانێک کە زۆر هەستیار و سەرنج ڕاکێشە لە لای ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕات سەری هەڵداوە و بەشێوە و فۆرمی جیاجیا ئاوێزانی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەکرێ و هەتا لە مەجلیسی تایبەتی و بەکۆمەڵدا دێتە گۆڕێ. ئەو گومانەش دەتوانن خۆتان لە وێنەکاندا هەستی پێبکەن. "دەگوترێ شەهیدکردنی دکتۆر قاسملوو بە پلان و ڕێخۆشکردنی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بووە."

بەڵام ئەوەی لێرەدا سەرنجی منی وەک ئەندامی حیزب و کادری پێشووی ڕۆژانی سەختی خەباتی شاخ و شار ڕاکێشاوە و بەپەرۆشی ئەو باسەوەین بۆ ئەوەی بچینە بنچوبناوانی مەسەلەی پەیوەندیدار بە سەردێری وێنەکان. بەڵام بۆچی ڕێبەری ئێمە، ئەگەر ئەوی دەگوترێ و لە ڕاستیەوە نزیکە، هیچ جۆرە ڕوونکردنەوە و لێدوانێکی لەوبارەوە نەداوە و هەڵوێستی ڕوونی ڕانەگەیاندوە و وڵامیشی بۆ دۆستان و لایەنگرانی خۆی نیە؟ لە بیرمە ئەو کات کە پیاوکوژانی ڕێژیمی تاران کردەوە تیرۆریستیەکەیان ئەنجامدا و لە پیلانەکەیاندا بەئامانجی چەپەڵییان گەیشتن، ئەو وەختی و ڕاست لە پاش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، ڕێزداران مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و حەسەنی شەرەفی بە مەبەستی بەدواداچوونی کردەوە تیرۆریستیەکە و بەخاک سپاردنی تەرمی گەورەپیاوی مێژووی نوێی گەلەکەمان دکتۆر قاسملوو سەفەری دەرەوەیی وڵاتیان کرد و لە فەڕانسە وتار و لێدوانیان لەو پەیوەندیەدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارو مێدای ئەو کاتدا بڵاوکرایەوە و ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئاخوندی بەدارێژەرو ئەنجامدەری ئەو پیلانە دەست نیشانکرا و پەنجەی تۆمەت بۆ هیچ و هیزو لایەنکی کوردی درێژ نەکرابوو. لە هیچ شوێنێکدا ئەو باسە نەهاتبۆ گۆڕێ کە باس لە دەست تێدابوونی کەسی یەکەم و دووهەمی یەکیەتی نیشتمانی بکا و

بڵێن ئەوان ئاگاداری ئەو پیلانەی دوژمن بووبن و زەمینەی ئەوەیان ڕەخساندووە.

ئەوەی ئەمڕۆ دەگووترێ بێگوومان دەبێتە بووختانی سیاسی و ئەگەر وانیە با حدکا وحدک لەو بارەوە بێنە جواب و وڵامی ئەو باسە بدەنەوە. من ئەوکات لە هاوڕێیانی خۆمان زۆر جار بیستبووم کە لە دیداری یەکەمدا ڕێزدار تاڵەبانی بە پارێزەرەوە بەدڕەقەی دکتۆر قاسملوو‌ییان کردوە و هەتا کا دکتۆر کە دەزانێت مام جەلال هاوڕێکانی بەچەکەوە لە گەڵ خۆییدا هێناوە، پێیگووتووە "ئەوە چییە مام جەلال لێرەش (نەمسا، ئوتریش) خرێ ناوزەنگت ژیاندۆتەوە، ئێمە ئێستا لە ئۆروپاین و پێویست بەو نیگەرانیە ناکات. لە وڵامدا مام جەلال دەڵێت،" کاک کتۆر من باشتر ئەو فارسانە دەناسم، جێگای باوەڕ پێکردن نین. ئەی لە کوێن ئەو مرۆڤانەی ڕۆژگارێک بە شانازییەوە ئەو قسانەیان دەگێرانەوە، بۆچی ئێستا هیچی لەسەر ناڵێن و بە لای ئەو باسەدا ناڕۆن. خۆ ئەگەر ئێستا لە بەر هۆکاری سیاسی و ئەمنیەتی بە سەڵاحی نەزانن و بێ دەنگیان هەڵبژاردبێ خۆیان لە قەرەی ئەو باسە بدەن، دەبێت ئێمەیش لە چوارچێوەی ئەو پرینسیپانەدا هەڵسوکەوت بکەین کە ڕێبەری دیاری دەکا. لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیی دا حیزب وەک تاکە هێزی گەورەی کوردستان ئەو ئیمکان و دەرەتانەی هەبووە ڕاستیەکان وەک خۆی بگوازێتەوە لە سەر چۆنیەتی کەیسی دکتۆر قاسملوو. بەڵام سەیرە ئەو مەسەلە بۆچی لە سەر زار و زمان نەکەوێت و بەردەوامی پێدەدرێت. هەر بۆیە پێم وایە کاتی ئەوەی هاتووە مێدیای کوردی بەدوادا چوون سەبارەت بەو بابەتە بکەن.

هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەی بوو کاربەدەستانی تاران بۆ ئەوەی ساناتر پیلانەکەیان ئەنجام بدەن، لە دانیشتنەکانیتردا، ڕێگا بە کاک دکتۆر نەدرێ یەکیەتی و مام جەلال لە ڕەوتی دانیشتنەکان ئاگادارین. نوێنەرانی ئێران مام جەلالیان پێ گەورەترین کۆسپ بووە و لە سەر بەڕێوەبردنی پیلانی دوژمنانەیاندا. هەتا دەگێرنەوە کە ئێرانیەکان گووتوویانە نابێت جەلال تاڵەبانی ئاگاداری بەردەوامی دانیشتنەکانی ئێمە و سکرتێری گشتی حدکا بێت. چوونکی ناوبراو (مام جەلال) زۆر زاربەهاواڕە و لە هەموو شوێنێک باسی وتووێژی دوولایەن دەکات. خۆ هەر ئەو کات نیاز خراپی نوێنەرانی ئێران دیاربووە کە ئامانجیان چارەسەرکردنی پرسی سیاسی گەلی کورد نیە، بەڵکوو لە کەمینی لە نێوبردنی دکتۆر قاسملوو دان. بە داخەوە زۆر بە هاسانی ئەو مرۆڤە گەورەو گرینگەی ئێرانیان لە سەر ڕێگای خۆیان لادە کە ڕیشەی حکوومەتی تارانی لەق کردبوو.

باشە ئەی بۆ ئەندامانی حیزب پرسیاری ئەو بابەتانە لە ڕێبەری ئەو سا و ئێستا ناکرێت و ئەو بەڕێزانەیان نەهێناوەتە زمان لە بارەی ئەو پرسەوە؟ خۆ ئەو کات حدکا وەک ئێستا دەوری "سیمی خاڵدار نەکرابوو و خۆی حوکمڕانی سەر سنوورەکانی بەدرێژای سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات و گەرمێنی دەکرد و هێزێکی گەورە و ڕێبەرێکی بوێرو چاونەترسی وەک شەهید دکتۆر سەعید، لە نێو روواو مەسەلەکاندا بوو". پێتان وایە ئەگەر ئەوکات، ئەوەی ئەمڕۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

بەرچاو دەکەوێت و دەگووترێ، شکی لەسەر بایە، چاوپۆشی لێکردبا و خۆی لێ بێ خەبەر کردبا. من دەڵێم نەخێر! ئەو شۆڕشگێڕێکی گەورە و بوێرو پشوو درێژبوو، ناهەقی و غەدری سیاسی لە هیچ کەس و هێزێک قبووڵ نەدەکرد. من بۆیەش کۆپی ئەو وێنەیەم داناوە، هەتا هەموو لایەک سەرنجی خۆیان بخەنە سەر ئەو باسە و ئەو قسانەی کە دەکرێن. من زۆر نیگەرانی ئەوەم دەستی دوژمنانی لە پشت بێ و هەوڵی ئەوە بدەن زیان بە ئاستی پەیوەندیە سیاسی و میژوویەکانی حیزب و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بگەیەنن. منیش پێمخۆشە ئەو مەسەلەیە بۆ هەموو لایەک و خەڵکی کوردستان و میژوو روون بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو لاپەڕەیە دابخرێت. دەنا بەردەوامی ئەو باسە، لە سەر ئەساسی بێبنەمای و دوور لە ڕاستی مەسەلەکە، بێگوومان خزمەت بە ئاستی هاوکاری و دۆستایەتی گەلی کورد لەو دوو بەشی کوردستان ناگەیەنێت و پشتیووانی و بڕیاری سیاسی و میژووی یەکیەتی نیشتمانی کە لە حیزبی دێمۆکراتی کرد، دەخاتە ئەو لاوە و ئەو خوێنانەی کە بۆ بەرگری کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەنگەرێکدا تێکەڵ بەیەکبوون لێمان نابوورن (**خوێنی سووری پێشمەرگەکانی حدکا و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، کە وەک هێزی پشتیووان بەهانەی حیزب و دکتۆر قاسملووی هەمێشە زیندووە هاتبوون و لە سەنگەری بەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکەڵ بەیەکبوون و میژووی سیاسی گەلی کورد هەرگیز ئەو ڕۆژانەی لە بیرناچێت**). مام جەلال و نەوشیروان ئەو دوو کەسایەتیە بوون کە هێزی پشتیووانیان نارد بەرەکانی شەڕ بەدژی لشکری حکوومەتی ئاخوندی ئێران و بڕیاری سیاسی و میژوویاندا، هەر ئەو کاتیش دکتۆر قاسملوو ڕوو لە هێزی پێشمەرگە ئەو ڕاستیەی ڕاگەیاند کە یەکیەتی ئەمڕۆ بڕیارێکی سیاسی و میژووی داوە، کە بەهانەی پارچەیەکیتری نیشتمانەوە چوون و بە خوێنی پێشمەرگەکانیان بەرگری لێبکەن.

کاتێک کە دکتۆر سەعید لە بەرلێنی ئاڵمان لە "ڕیستۆرانتی میکۆنووس" بە دەستی تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانی شەهیدکرا. پاش کۆتایی کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالْ سۆسیالیست، مام جەلال بە کاک دکتۆر سەعید دەڵێت لەو سەفەرەتدا دەبێ زۆر ئاگاداری خۆت بی، چوونکی ڕێژیمی ئێران پیاوکوژەکانی ڕەوانەی ئێرەکردوە هەتا ئیوەش لەناوبەرێت، ئێمە لەلایەن حیزبە ئیسلامیەکانی خۆمانەوە ئەو زانیاریەمان پێگەیشتووە و دەبێت زۆر وریایی خۆت بی، ئەو ماوەیەی کە لە دەرەوە دەمێنیەوە. کاک دکتۆر سەعید مام جەلال دڵنیا دەکاتەوە کە هەر ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ پاریس و لە بەرنامەیان دا نیە لە ئاڵمان بمێنێتەوە. ئەگەر یەکیەتی و شەخسی مام جەلال بە پەرۆشی ژیانی ڕێبەرانی حیزبەوە نەبان، چۆن بەو پەرۆشیەوە ئاگاداری پیلانی دژمنیان دەکاتەوە و بە چەکەوە پارێزگاریان لێدەکات لە دەرەوەی وڵات.

کورد هەرگیز لەسەر ئەوەی ڕانەهاتووە چاکەی لەبیر بچێ و لە تاریکیدا مەلەی گوومان بکات و ڕێبەرانی شەهیدیش ئەو وانەیان فێری ئێمە نەکردە و ڕاهاتبووین کە ڕاستگۆ و بەهەڵوێست بین و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب دەبێ لە کاتی تەنگانەدا زۆر سەر ڕاستانە بڕیار بدەن و بە چاو نوقاوی بەدوای ڕووداوەکان نەکەوین. ئیستا ڕێبەری حدکا و حدک دەبێت لەو بارەوە هەڵوێستیان هەبێ و لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتە بکەن. هەر چەندە من چەند جارێک ئەو بابەتەم لەدەرەوەی

وڵات لەگەڵ دۆستانی خۆم هێناوەتە گۆڕێ و باسم لەوەی کردوە کە لە ڕێگای تەشکیلاتیەوە ئاگاداری هەموو لایەک بکرێ، لە بڵاو کردنەوەی وێنە و گۆتاری هاوشێوە خۆیان بپارێزن. چوونکی حیزبی ئێمە هەرگیز ئەو باسەی نەگواستۆتەوە بۆ نێو ڕێکخراوەکانی و ئەو قسانەش دوورن لە هەڵوێستی سیاسی حدکا. حیزب لە کاتی بەهێزی دا ئەگەر مام جەلال و نەوشیروان هاوبەشیان کرد بێت لە بەڕێوەچوونی ئەو پیلانەدا، حیزب و شەخسی دکتۆر سەعیدی نەمر بەدڵنیایەوە هەڵوێستی خۆی دەگرت و بڕیاری سیاسی لەو بارەوە دەدا. بەڵام زۆر سەیر و سەرنج ڕاکێشە بەلامەوە، بۆچی مێژووی دەست پێکردنی ئەو باسە زۆر تازەیە و باوەڕ ناکەم پێی نابێتە ٦ ساڵ. ئەگەر وایە بۆ کەسی یەکەمی حیزب خۆی لەو باسە بە دوور دەگرێ و هیچ قسەیەکیان لەو پەیوەندیەدا نالێن و خۆیانی لێ پشت ئاو دەکەن و وەک ئەوەی لەو بارەوە هیچ زانیارێکیان بە لاوە نەبێت. زۆر لە هاوڕێیانی ڕێبەری ئەو کاتیش بەڕپرسایەتیان هەبوو و بەوردی ئاگاداریٔ ئەو ڕووداوەن و ئەگەر ئەو گوومانە ڕاست بووە، بۆچی تائێستایش باس نەکروە و بەداویدا نە چوون. ئەگەر ئەو مەسەلەیە ئەسڵ و ئەساسی نیە چۆن ڕیگا بە دۆستانی حیزب و ئەندامانی خۆمان بدەین تێکەڵ بەو باسە بن و ڕێچکەی ڕووداوە و تاوانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە بخەینە گەردنی دۆستانی مێژووی ڕێبەری شەهید دکتۆر قاسملوو. من ئەو گلەیەم بە دۆستان و ئەندامانی یەکیەتی گەیاندوە کە بۆچی دەبێت بکۆژی دکتۆر قاسملوو بەردەوام سەردانی کوردستان بکات و لە نیزێکەوە چاوەدێری کاروباری یەکیەتی بکات. ڕاستە یەکیەتی بە هۆی سروشتی سیاسی و جوگرافیای لەگەڵ ئێران، دۆستی وڵاتی ئیرانن، "بەلام دۆستایەتیش کە لەگەڵ دوژمنی خوێن و وڵات بێ، هەر دوژمنە و نابێتە هاونیشتمانی نەتەوەیت". ڕێژیمی ئێران بوو نزیکترین هاوڕێ و دۆستی یەکیەتی نیشتمانی و مام جەلال، دکتۆر قاسملووی لە سەر مێزی وتووێژ تیرۆرکرد و ئێستا ئەو کەسەی ئەو کردەوەیەی ئەنجامدوە و فیشەکی کۆتایی لە جەستەی ڕێبەری مێژووی کورد خاڵیکردەوە (محمد جعفر سەحراروودی) نێوە بە نێوە دەگاتە سلێمانی و لە گەڵ بەرپرسانی یەکیەتی کۆدەبێتەوە و تاوتوێی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانیان لە گەڵ دەکات. ناوبراو خۆی تاوانبارە و دەستی چۆتە خوێنی ڕێبەرێکی گرینگ و گەورەی گەل. گلەیکردن زۆر شتێکی باشە و هەر دۆست ڕەخنەی لە سەر دۆستی سیاسی و مێژووی خۆی دەبێ.

کۆتای چیرۆک بۆ خوێنەران بەگشتی و بەتایبەت ئەو بەڕێزانەی کە جار بەجار سەری ئەو باسانە دەکەنەوە بە جێدێڵم.

٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٤

بە ئانقەست بکوژی د. قاسملوو، سحراروودی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێت!

سەردانی نوێنەرانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەولێرو سلێمانی و پێشوازیکردنیان لە لایەن بەرزترین پلەی دەسەڵاتداری سیاسی هەرێمی کوردستان، کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زۆر ناڕەحەت و نائومێد کردەوە و بۆجارێکتر بریتی لە دەست دانی ڕێبەرەکەیان لەسەر جەستەی سەری هەڵدایەوە.

چوونکی پێک هاتەی نێردراوانی حکوومەتی دیکتاتۆری ئێران بۆ هەرێمی کوردستان، پێک هاتبوو لە "عەلی لاریجانی و محەممەد جەعفەری سەحراروودی" تیرۆریست کە لە ساڵی ١٩٨٩ی زاینی لە ڤیینە پێتەختی وڵاتی ئوتریش(نەمسا) گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دکتۆر قاسملوویان لە سەر مێزی وتووێژ شەهید کرد.پێموانیە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکانی نیگەرانی هەبوونی هاوکاری و پەیوەندی دیپلۆماسی سیاسی و ئابووری، دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان لە گەڵ دراوسێکان و یەک لەو وڵاتانەیش کە ئێرانە هەبێت و شەقامی کوردی لە ڕۆژهەڵات نیگەران بکات. بەڵام ئەوەی ئەو جار هەموو لایەکی بێزار و نائومێد کردەوە، لە ڕاستی ئاستی" ئەو پێشوازییە گەرمە بوو کە بە ئاشکرا لە بکوژی دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕات لەلایەن ناوەندی بڕیاردانی سیاسی هەرێمی کوردستان، لەو وەقدە تیرۆریستە لە کوردستانی ئازاد دا لێیانکرا". گەلی کورد و بەتایبەت کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دڵخۆشبوون بە هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەی سەرکردایەتی سیاسی و بەتایبەت سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی سەبارەت بە پرسی کورد لە هەرچوار بەشی کوردستان. بەڵام ئێستا بۆمان هەیە گلەی و گەزندەی خۆمان بەرزبکەینەوە و بڵێین دوژمنی کورد، بۆ کورد هەر دوژمنە و هەرگیز نابێت بەدۆست و هاوپەیمانی کورد و خەڵکی کوردستان تەماشابکرێ. دوژمنانی کورد لە هەرکوێیەک بۆیان بلوێ زیان بەکورد و دەسکەوتەکانی دەگەیەنن. ئێمەی کورد کێشەی خاک و خوێنمان لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا هەیە و ئەو وڵاتانە هەرگیز نابنە ئەو دۆستە کە چاوەروانی پشتیووانی پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان بکەن. نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بێگوومان بۆ ئەوەی ناهاتبوون دەست خۆشی سەرکەوتنی هێزە پێشمەرگەی کوردستان بە هاوکاری و یارمەتی هاوپەیمانان لە خەڵکی کوردستان و سەرۆکی هەرێم بکەن، بێگوومان نیازی ئەوان بەگژیەکتریداکردنەوەی گەلی کوردەو نانەوەی ئاژاو و بەرگرژیترە لە کوردستاندا. تیرۆریستانی ڕێژیمی ئاخوندی هەتا درونی بۆگەنیان ڕێگای پێنەدان وشەی پیرۆزی" پێشمەرگە" بە سەر زارو زمانیاندا بێت و بە چاوی ڕێزەوە باسی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی پێشمەرگە بکەن کە بەدژی گروپی تیرۆریستی داعش بەدەست هێناوە.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کاتێک دەبێنێت ئاستی پەیوەندییە سیاسی و ئابووریەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو و جێگیر پەرەی ئەستاندوە و سنووری زۆر وڵاتی گەورە و بەنفوزی سیاسی و ئابووری و نیزامی دونیای لە بەرژەوەندی دۆخی سیاسی کورد دا، بڕیوە و ئەو بەشە زۆر چاک بەرەوگەشەکردن چووە و بۆتە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتانی وەک و ئەمریکا و ئاڵمان و فرانسە و ئیتالیا و بریتانیا و وڵاتانیتری دیمۆکرات و پێشکەوتوو لە ئاستی گێتیدا. ئەو وڵاتەش هەوڵدەدات لەو ڕێگایەوە زیان بەئاستی ئەو پەیوەندیانە بگەیەنێت و بەدونیا بڵێن ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە دۆستی گەلی کوردە و لە مەترسیەکانی دەوروبەر دەیان پارێزێت و هەرلەوکاتەیشدا میژوویەکی دوور و درێژی هاوکارییان بەیەکەوە هەیە. دیارە خەڵکی کوردستان زۆر باش لەو ڕاستیە گەیشتووە کە نابێت باوەڕ بە هیچ کەم لە داگیرکەرانی کوردستان بکرێ، دیتمان کاتێک هەرێمی کوردستان و هەولێر کەوتنە بەر دنوکی هەڕەشەی داعش حکوومەتی تورکیە چەندەلەسەر کورد بەجوابوو. ئەوەش لە جێگای خۆیدا نیازی دوژمنانی ئێمەی کورد نیشاندەدات. لە شوێنێک دەبنن کورد سەردەکەوێت، دێنە پێشوو وای پێشاندەدەن کە بەو سەرکەوتنەمان دڵخۆشن، بەڵام لە پشتی پەردەدا پلانیتر بەدژمان دادەڕێژن.

کوردەکانی ڕۆژهەڵات کاتێک بەڕێز "ئۆجەلان" لە ڕێگای هاوپەیمانیەکی دەرەکیەوە ڕادەستی میتی تورکیەکرایەوە و لە ئێمڕاڵی زیندانیکرا. خەڵکی کوردستان بەجۆشوخرۆشەوە لە زۆربەی شارەگەورەکانی ڕۆژهەڵات ڕژانە سەرشەقام بەمەبەستی ئیدانەکردنی ئەو کردەوەیە کە بەدژی ڕێبەرێکی کورد ئەنجامدراوە. وەختێکیش هەرێمی کوردستان و هەولێر کەوتنە بەر هەڕەشەی داعش، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەئەرکی سیاسی و نیشتیمانی خۆیان ئەڵستان و چوونە بەرەکانی شەڕ بۆ ئەوەی پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان بکەن و هێزی پێشمەرگەی خۆیان ئاوێزانی وەزارەتی پێشمەرگە کرد و وەک هێزێکی نەتەوەی لە ژێر فەرمانی سەرۆکی هەرێمدا جوڵە بە هێزەکانیان لە بەرەکانی شەڕدا بکەن. ئەوەشمان بینی وەختێکیش شاری هەڵەبەت و خۆڕاگری "کۆبانی" کەوتە بەر هێرشی داعش و داعشەکانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆجارێکتر خرۆشان و هاتنەوە مەیدان. بەڵام بۆچی دەبێت هەرکوردی ڕۆژهەڵات بە هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانیەکانی وەفا بکات، باشە ئەی دەبێت چ جیاوازیەک لە نێوانی خوێنی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵات و باکور و باشور و ڕۆژئاوادا هەبێت. نێوەرۆک و مەبەستی ئەو قسەیە بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە، ئێمەیش وەک کوردەکانی ڕۆژهەڵات پێمان خۆشە جارێکیتر ئێوە بە وێنەی هەڵوێستی نەمر "ملا مستەفا" و هێزی پشتیووانی "یەکیەتی لە تەنیشت خۆماندا ببین و سەیری هاوکاری و یەکدەنگیتان بکەینەوە. دڵمان خوێنی لێدەچۆڕێت کە تێک بکۆژی ڕێبەری جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دکتۆر قاسملوو بەو شێوەیە و بە بەر چاوی کوردەوە بەهەولێر و سلێمانی دا دەسوڕینەوە. داواکارین لە سەرکردایەتی سیاسی کورد و سەرۆکی هەرێم ڕێزدار مسعود بارزانی بە چاو و هەستی ئێمە سەیری بکوژانی دکتۆر قاسملوو بکرێت لە کوردستاندا. "دژی هاوکاری و پەیوەندی سیاسی و بازرگانی ئێوە نین، بەڵام گلەیمان لەسەر شێوازی پێشوازی و وەڤدی نێردراوی ڕێژیمە بۆ کوردستان".

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بەئانقەست هەموو جارێک محەممەد جعفری سحراودی لە گەڵ وەفدەکانیان ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکەن. بۆ ئەوەی کەلێن بخەنە نێو مالّی گەلی کوردەوە و بەدژی یەک سەنگر لێک بگرین. کوردەکانی ڕۆژهەلّات لایەنگری یەکڕیزی نێومالّی گەورەی کوردن و گەشەکردنی سیاسی هەرێمی کوردستان بەسەرکەوتنی هەموو کورد دەزانن!!!

٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٤

بابەتی سالّی..... ۲۰۱۵

بووژانەوەی شۆڕش بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبێڵن!

بۆ ماوەیەک دەبێت بە شێوەی بەربڵاو گوێ بیسی بووژاندنەوە و چالاک کردنەوەی خەبات و تیکۆشانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبین و ژمارەیەک لە کوردەکانیش فیکری خۆیان بەو مەسەلەیە سەرقالکردوە لە ئاستی دەرەوە و نێوخۆدا.

دیارە ئەو باسە بێگوومان گرینگی ستراتیژی سیاسی و مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو دۆستانەیش کە بەو کارەهەستاون، ڕەنگە پەرۆشیان بۆ لاوازی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوی گرتبێت و هەوڵبدەن لەو ڕێگایەوە وشیاری و بەرچاوروونیەک بڵاوبکەنەوە، هەتا ئەو مەسەلەیە بکرێتە هەوێنی باس و خواسی گشتی لە لای حیزبەکان. لەڕاستیدا ئەو پیامە زۆر لە جێگای خۆیدایەوە و هەتا ئەگەر بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکیش بێت، بێگوومان کاردانەوەیەکی باش بەدوایخۆیدا دێنیت و هەموولایەک لە سەر زۆر خاڵی هەستیار و پەیوەندیدار ئاگادەکاتەوە کە بەچاوی ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی بزووتنەوە کەیان لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆدابکەن.

پێویستە لێرەدا ڕووی قسەی دڵیخۆمان ئاڕاستەی ئەو بەرێزانە بکەین کە شەو و ڕۆژ، خەو و پشوویان لە خۆیان حەرامکردوە و زۆر دڵخۆشکەرانە و بە بەردەوامی لەو ڕێگاپیرۆزەدا هاوڵێخۆیان خستۆتەگڕ بۆ ئەوەی فشارێک بخەنە سەر حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات (کوردستان). بەمەبەستی دیسان چالاکبوونەوە و هاتنەدەر لە قۆناخی "کەمپ نشینی" کە بەهۆی بارودۆخی خاسیخۆیان لە هەرێمی کوردستان تێیکەوتن. دیارە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی بەدەست هاتوو لە کوردستانی ئازاددا، بەهاوبەشی لە گەڵ براکوردەکانیان بپپارێزن و هاوکاربن بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسە سیاسی و نیشتیمانیە، خەبات و تیکۆشانیخۆیان "هەڵپەسارد و بەوجۆرە شۆڕشیان خستە ئەو ئاستە لاوازەی" کە ئەمڕۆ هێندێک کەس و میدیاکار لە" باشوور "یش دەیان هەوێت قەرەبووی خەباتمان بۆ بکەنەوە.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەزۆربەی قۆناخە مێژوویەکانیدا، سەرقافڵەی نوێی شۆڕشی گەلی کوردستانی لەسەرشانبووە و ئێسایش لە جاران زمینەی پەرەگرتن و بووژانەوەی خەبات و تێکۆشان بەرچاوترە. پێموانیە کوردەکانی

ڕۆژهەڵات بیان هەوێت دەستی یارمەتی و هاوکاری سیاسی بەشەکانیتری کوردستان ڕەدبکەنەوە، بەڵام باهەموولایەک مەسەلەی بووژانەوەی شۆڕش بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزەسیاسیەکان بەجێبڵێن و کارێک نەکرێ کۆپی شۆڕش لوێشدا سەرهەڵبدات و میکانیزمەکانی بووژانەوەی خەبات بەرەو ئاقارێکیتربڕاوت. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدڵنیایەوە بەئەندازەی پێویست بەرچاوروونی لەسەر مەسەلە سیاسی و نەتەوایەتی هەیە و ئەو وشیاریە پانتایەکی باشی لە کۆی ڕووداوەسیاسیەکانی ئێران بۆخۆی گرتووە و زۆر دەمێکە ئاشنان بە جۆرو شێوەکانی خەبات و بەپێچەوانەی ئەو کەسانەیش کە دەڵێن لەوێ واتە: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕش پەکی کەوتووە و چاولەدەستی ئەملاو و ئەولابێت.

بێگوومان ئێمە لەسەر ئەوەی ڕانەهاتووین لە پێناو دەسکەوتێکی پچووکدا، پەنابەرینە بەر نەیارانی گەلی کورد و کێشە ڕەواکەی لە دەوروبەرمان.

ئەو بزووتنەوەیەش کە لەو پەیوەندیەدا خەریکە دەکەوێتە سەر پێیخۆی، بێگوومان لە توانایدا نابێت، پێشڕەوی ئەو خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتیە بەرینەی گەلی کورد بکات و پێیان وابێت بەو پۆلە لە نەیارانی ڕێژیمی ئاخوندی ئیران، شۆڕش لە قۆناخی لاوازی دەهێنرێتەدەرەوە و لە غیابی حیزبەکانیشدا جووڵانەوە سەری بەرزدەکاتەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هێندێک میدیاکارو خەڵکی نەناسراو لە باشووری کوردستان لە ژێرناوی هاوکاری شۆڕشی خەڵکی کوردستان هەوڵدەدەن ڕۆڵی هێزەسیاسیەکان و خەڵکی تێکۆشەر و مافویستی ئەو بەشەی کوردستان پەراوێزبخەن و نوێنەرایەتی ئیرادەی سیاسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و وای پێشانبدەن کە حیزبەکان بەهۆی ژیانی ئۆردوگا نشینیانەوە، لە بەرنامەی کرداریان دوورکەوتونەتەوە و خۆیان لەتێکۆشانی سیاسی پشت ئاوکردوە.

بەڵام ئەوەئ ئەمڕۆ بەشێوەی گشتی، خەڵکی دڵسۆز و تێکۆشەری کوردستان لە قۆناخی ئێستادا سەرنجی خۆی خستۆتەسەر و بەپەڕۆشەوە لێکدانەوەی لەبارەوە ئەنجامدەدات و چاوەدێریدەکات، سەبارەت بە مەترسی ئەو سیاسەت و بەرنامەیەن کە هەوڵی دست خستنە نێوکاروباری سیاسی ڕۆژهەڵات خەریکە ڕوونتر خۆی دەردەخات و هەلومەرجێکی تر هەوڵی پێک هێنانی بۆ دەدرێت. دیارە ئەو مەسەلەیە گەلێک گرینگترو فراوانترە کە بەو جۆرە بیری لێدەکرێتەوە، شۆڕش دەبێت لە نێوخۆی وڵاتدا سەرهەڵبدات و ناکرێ شۆڕشیکی شوێنێکیتر کۆپی خەباتی خەڵکی بەشێکیتر بکرێت و هەوسەنگی سیاسی بۆ ڕابگیرێت. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە ولایەنەکانیان شانازی گەورەی جوولانەوەی ناسیۆنالیزمی سیاسی و مۆدێرینی کوردیان خستۆتە سەر لاپەڕەکانی مێژووی سیاسی و ئێستایش ئەو ڕێگا و ڕێبازە سیاسی و نەتەوەیە درێژەی هەیە.

ڕاستە خەبات لەو بەشەی کوردستان بە بەراورد لە گەڵ پارچەکانیتری کوردستان لاوازترە. بەڵام نابێت بەومانایە

لێکبدرێتەوە کە ئیدی کەس لوێ هەستی شۆڕش و خەباتی تێدا نەماوە. سەرەتا هەموولایەک دەبێت چاو بە ئاستی پێک هاتەی نەتەوەی و فرە گەلی لە ئێراندا بگێڕیت و هەلومەرجی سیاسی و نەتەوەی ئیران لەگەڵ ولاتەکانیتری داگیرکەری کوردستان تەواو جیاوازە و دەکرێ هەربەوجۆرەش لێکدانەوەی لە سەربکرێت. بەدڵنیایەوە کەس لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نادۆزرێتەوە" لایەنگری لە لاوازی شۆڕش و لاوازترکردنی بکات"، بەڵام دەبێت هەلومەرجی سیاسی نێوخۆی حیزب و ڕێکخراوەکان وەک هەیە لێکبدرێتەوە و هانی ئەو هێزانە بدرێت بە سیاسەت و ستراتیژی بەڕانگاربوونەوەیان لە گەڵ ڕیژیمی ئاخوندیدا بچنەوە و پەیڕەوی لە سیاسەت و بەرنامەگلێک بکەن کە زەمینەی چالاکی سیاسیان دەستەبەربکات.

باشە کەس ئەوەی دەپرسێت بۆ چی حیزبی دێمۆکڕات و هێزەکانیتری ڕۆژهەڵات دەست بەرداری خەباتی خۆیانبوون و بەرەوقۆڵای خەکی کوردستان بەچەند کیلۆمیتر لە سنوورەکانی بەینی ئێران و ئێراق دوورکەوتنەوە. ڕەنگە کەس حەزنەکات بەدواداچوون بۆ ئەوباسەبکات،

بەڵام بەخێرای بەدوای ئەوەدا دەگەڕین کە جێگرەوەی حیزبەکان بدۆزرێتەوە. بێگوومان ئەوکرداره ناچێتە خانەی ئینساف و ئەخلاقی سیاسی و شۆڕشگێڕیەوە. بائەوەش بزانین" شۆڕش هەڵگریساند، ئەوەندەی پاراستن و پەرەپێدانی لە ولاتدا زەحمەت و ماندووبوونی نیە".

۷ی جانیۆیری ۲۰۱۵

ئۆپاڵی لاوازی شۆڕش هەمووی بخرێتە سەر لێکدابڕان! ئینساف نیە.

بەشی یەکەم

مەسەلەی بووژانەوەی تێکۆشانی سیاسی لە نێوخۆی وڵات و هەنگاونان بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی لێکدابران و وەسەریەککەوتنەوەی ئەو هێزانەی ڕۆژهەڵات کە بەهۆی مل ملانەی ڕێکخراوەی و یەکتر قەبووڵ نەکردن تۆشی دابڕان، لە ئاستی بەرزترین پلە، تانزمترین پلەی تەشکیلاتی هاتوون و نێوە بەنێوە ئەو دەنگۆیانە بڵاودەکرێنەوە کە گوایە هەوڵدەدەن ئەو مەسەلانە لە نیوخۆیاندا یەکلای بکەنەوە و جۆشوخرۆشێکی نوێ بەشۆڕش و سەربەرزکردنەوەی خەبات بدەن و هەنگاو بەرەو دروستکردنی هەلومەرجێکی نوێ بنێن.

ئەگەر بێت و مەسەلەحەت و خۆشەویستی کورسی دەسەڵات ڕێگایان پێببدات، وەک جاران سەنگەرەکانیان بکەنەوە بەیەک و کۆتای بەو لێکدوورکەوتنەوەیەبێ و بەگشتی بۆجارێکیتر لەسەر سفرە گەورەکەی ڕێبەرانمان نانی بەرەکەت بخۆنەوە.

مەسەلەی یەکگرتنەوەی حیزبیش، پێموانیە لە چوارچێوەی قسە و ڕیکلامی ڕاگەیاند بەولاوە شتێکیتری لێشین بێتەوە و هەڵوێستەکانیان بۆ وەسەریەککەوتنەوەی سەرلەنوێی حیزب بکەنەیەک. سیاسەت و خەبات بێگوومان بەوجۆرە ناکرێ و ئیمکانی نزیککەوتنەوەی لە ئامانجەکانی خێراترناکات. "زۆر لە سیاسی و ڕۆشەنبیرانی ئێمە، کزی و لاوازی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەستنەوە بە دابڕانی هێزە سیاسیەکانی کوردسان لەو بەشەی وڵاتدا. هۆکارەکانی خاوبوونەوەی بەرخۆدان گەڵێک زۆرن، بەڵام بەشێک لە خەمخۆرانی یەکگرتنەوە، بەداخەوە هەرلایەنێکی ئەو مەسەلەیەن دێتەبەرچاویان و خەمی پێوەدەخۆن. بۆ چالاکترکردنەوەی خەبات و تێکۆشانی سیاسی، کەس بەردەستی ئەو لایەن و بەڕێزانەی نەگرتووە کە بەتاسە و تامەزرۆی شۆڕشی بەهێزترەوەن. شۆڕش مرۆڤێک دەتوانێت وەڕێی بخات و سەربیخات، ئەوەی لە کۆبا و وێنام و هێند و ئەفریقا ڕوویدا. بێگوومان ئەگەر "گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دکتۆر قاسملوو تیرۆر نەکرابا و تەمەنی نێو بزووتنەوەی درێژتر بایە، کوردیش ڕەنگە ڕۆژمێرە مێژوویەکانی خۆی بەوئاستە گەیاندبا". کەس نیە دژایەتی یەکگرتووی و هەوسەنگی سیاسی بەهێزبکات و خەڵکی کوردستان و سیاسیەکانی بەردەوام ئەو خەمەگەورەیان خواردوە و ئێستاش زۆر بەپەرۆشەوەن بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆژێک لەدایک بێتەوە. دیارە هۆکارزۆرن بۆ لێکدابڕان و جیابوونەوە و، هەر بەو ڕادەیەش دەلیل ڕیزدەکرێنەوە بۆ یەکبوونەوە لە ژماردن نایەن! لە ئێستادا پێویستە هەموو قسەکان لەسەر ئەو هەوڵانەی دەستیان پێکردوە بۆ یەکگرتنەوەی حیزب بکرێن و پەیامی تەبای و یەکترقبووڵکردن

بە شێوەی ڕیشەی کاری لەسەربکرێ و بپرسین ئاخۆ ئەگەر حیزبەکان ئەو جاریش ڕیزەکانیان بخەنەوەسەریەک و یەکبگرنەوە، وەک ڕابروو دیسان بەهۆکاریترەوە لێک جیانابنەوە و گەلی کورد نائومێد ناکرێتەوە؟

بێگوومان وەسەریەککەوتنەوەی بەپەلە و بەرلەوەی زەمینەی تەواوی بۆبڕەخسینین، ڕەنگە زیانی زۆرتربێ لەوەی بەقازانجی گشتی جووڵانەوەی تەواوبێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە حیزبەکان هەڵوێستەکانیان بخەنە ژێر تەوژمی ئەو شەپۆلانەی لە پێناو یەکڕیزیدا دستیان پێکردوە، لە یەکگرتنەوەی پێشووتری حیزبی دێمۆکرات ڕەنگە خێردارترنەبێت و ناکرێ چاوەڕوانی یەکبوونێکی درێژخایەن بین. ئەگەر نیەتی باش و یەکترقبووڵکردن لە پشتی ئەو یەکبوونەوەیەدا نەبێ. هەر وەک ئەوەمان بەکردەوە لە نێوحیزبی دێمۆکرات بەچاوی خۆمان دیت، پاش ئەوەی ئێمە لە گەڵ حدکا، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ یەکمان گرتەوە، بەداخەوە ئەو یەکگرتنەوەیە ئەوندی نەبرد حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی ڕووبەرووی ئەزموونێکی تاڵترکرد و تۆشی قەیرانی ڕێکخراوەی و یەکتر قبووڵنەکردن هات و هەموو لایەک ئەو کات جیاوبوونەوە و بەجیاکردنیان بە موناسب و کاریگەرتر لەوەی دەبینی، کە لە نێو حیزبی یەکگرتوودا هەوڵی چەکسازیبدرێ. هەمووکەس قسە لەسەر یەکڕیزی داکاو بەتەنیا عامیلی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی شۆڕشی دەزانێت. کەس گلەی لە سەر ئەو شێوە بیرکردنەوەیە نیە و لێکدانەوەیەکی باشە. ئێستا کە دەگووترێ فشاری دەرەوەیان لەسەر دروست بووە، بۆ ئەوەی پرۆسەی یەکبوونەوە هەرچی وورتر بەئاکامبگەیەن موژدەکەی بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدەن، بەڵام لە بیرمان نەچێت پێش لەو دابڕانەش ئەو هەوڵانە لە ئارادابوون و داوا دەکرا کە ڕێبەرایەتی حیزب پێش بە کارەساتی لەتبوونی حیزب بگرێ، بۆچی ئەو کات کەس سەرنجی نەخستە سەر ئەو مەسەلەیە. ئەوەی ئێمە دەمان هەوێت، ئەوەیە کە هەوڵێکی دڵسۆزانە ،بەرهەمی خێردارببەدوایخۆیدا بێنێ و بۆ هەمیشە ماڵ ئاوای لەو ئەزموونە تاڵانەی خەبات بکرێ.

ئەی کەس هەیە ئەوە بڵێت کێن ئەوانەی دیسان نوێنەرایەتی یەکگرتنەوەی سیاسی و تەشکیلاتی نێو حیزبەکان دەکەن؟

ئایا فیکرەکان و کەسەکان هیچ گۆڕانیکیان بەسەرداهاتووە و زەمینەی بەیەکەوە کارکردنیان لە حیزبی یەکگرتوودا لە خۆیاندا پێکهاناوە؟

ئایا کەس هەیە ئەوە بەڕاشکاوی بپرسێت، کێن ئەوانەی شۆڕشی خەڵکی کوردستانیان هەتا لوتکەی نسکۆ برد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە هۆکارەکانیان پێچایەوە؟

کەس هەیە قسەی دڵی خۆی بەرووی ئەو دەستەیەدابداتەوە کە پاش یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات ڕیزخۆیان لە حیزب جیاکردەوە و دژی ئەو پرۆژە نەتەوەیە وەستان؟

کەچی هێندێک لە روخسارەکان ئێستا لافی یەکگرتن لێدەدەن و بە قسەی خۆیان ئەو جارە دەبێت خێرو بەرەکەت بەسەر حیزبدا ببارێنن و جوولانەوەی سیاسی بەهێزبکەنەوە. "یەکگرتن کاتێک بوونی ڕاستە قینەیخۆی دەسەلمێنێت کە دڵەکان و هەستەکان لە بەرانبەر یەکتریدا بەتەواوی پاکبکرێنەوە، لە تۆڕەی و تۆڵکردنەوە لە بەرانبەرەکەیان".

بێگوومان هەر ئەو بەڕێزانەن وەک کورد دەڵێت: نە" پێک هەڵدەکەن و نە بەبێ یەکیش هەڵدەکەن".

دیارە خاڵ و هۆکاری لاوازی ژیانی ڕێکخراوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرن و بەشێکیان کەمتر ئاماژەی ڕوونیان پێدراوە و ئەو بابەتەیش کە بۆتە ڕۆژەڤی کاری میدیاکارانی کورد، هەمووی لە مەسەلەی جیابوونەوەی هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتدا کوردکراوەتەوە و لەو ماوەیدا بازارگەرمیەکی باشی بۆ جۆشداوە. کورد گوتەنی ئێمە کردەوەمان دەوێت، "نەوەک شیعاری بریقەدار کە جەوهەری خۆڕکخستنەوە و هەستانەوەی شۆڕشی تێدا بەدی نەکرێت". بەداخەوە ئەو گرۆپ و دەستەیەش کە ڕێبەری خەبات دەکەن، بەرنامەی ڕوونیان بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ڕانەگەیاندوە و لە بێبەرنامەی و نەبوونی ستراتیژی ژیار و ڕوون دا، چەند ساڵێکە بەو جۆرە بەدەوریخۆیاندا خۆل دەخۆنەوە و چاوەڕوانی ئەوەن لایەنێکی دەرەکی بەهێز پەیدابێ و چەمبەڵۆکێک بە ڕێژیمی ئێراندا بکێشێت و هەموو لایەک لە دەستی ئەو حکوومەتە ڕزگار بکات. خۆ ئەگەر ئەوەش ڕووبدات و ڕێژیم بڕوخێت و هێزە سیاسیەکان خۆیان بۆ ئامادەنەکردبێت، ئەوکات کارەسات ڕوودەدات و ڕێک بەسەر خۆیانداەدرۆخێت.

دەکرێت ئێستا باسی خاڵێکی زۆر جەوهەری بەکین و بەڕاشکاوی ئەو مەسەلەیە بروژێنین و ڕابگەیەنین کە ناکرێت" ئۆپاڵی لاوازی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمووی بخرێتە سەر لێکدابڕان" یان ئەو جیابوونەوانەی کە لەو دوو دەیەی ئاخریدا بەرچاوترلە مێژووی ڕابردووی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە سەریانتووە. هێزەسیاسیەکانی ئەو بەشەی نیشتیمان خۆیان بەرپرسیاری ئەساسین لە سەر شێوەی تێکۆشانی سیاسی و نەبوونی بەرنامەی شیاو کە بتوانن خۆیان لەو قەیرانە دەربازبکەن کە حیزبەکان تێیکەوتوون. حیزبێکی سیاسی کاتێک دەتوانێت شوێنی لەسەر ڕەوتی ڕووداو ئاڵۆگۆڕەکانی وڵات دەرکەوێت، کە ڕایەڵکەیەکی بەهێز و پتەوی پەیوەندی سەرەتا لە نێوخۆی حیزبەکەیدا دروستبکات، ئەوجار کار لە سەر شێوازی نوێی کارو خەباتی خۆیبکاتەوە و میکانیزمێک دابڕێژێت کە وڵامدەری ئەو قۆناخەی خەبات بێ. ئەو زەمان بەسەرچوو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات گلەیان لەسەر ئاستی وشاری سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد هەبێت، ئێسا چین وتوێژەگەلیەکانی کوردستان لە سالانی ڕابردوو بەرچاوروونتر و چالاکانەتر داوای مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان لە چوارچێوەی ئەو ولاتەدا دێنەگۆڕی کە کورد کێشەی نەتەوەی و خاکی لە گەڵیداهەیە.

زۆر لە سیاسیەکانی ئێمە و بە ڕێبەری حیزبەکانیشەوە، لە کۆی ئەو هەموو پەیام و دیدارو چاوپێکەوتنانەی لە گەڵ

تەلەفزیۆن و ڕۆژنەمەکان ئەنجامیانداوە، کەسیان بەرووڕی تیشکی نەخستۆتە سەر شێوەی بووژانەوە و چالاککردنەوەی قۆناخی نوێی بەرخۆدان و هەموو جارێک وتەکانیان دووبارە وچەند بارە دەبنەوە.

حیزبەکان کە خۆیان بە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەزانن، لانیکەم دەبوو لە ساتەوەختی گرینگ و میژووی وەک ئەمڕۆدا پێشڕەوی بووژانەوە و سەربەرزکردنەوەی خەباتیان بەدەستەوە گرتبایەوە.

١٤ی جانیۆیری ٢٠١٥

سەردەمانێک کەسمان لایەنگری بەیەکەوە کارکردن لە نێو حیزبدا نەبووین، بۆچی؟ "

بەشی دووهەم

قسەکان ئێستا هەموویان لە سەر میحوەری یەکگرتن و یەکریزی سیاسی و نیشتیمانی لە نێوان هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئیران دەکرێن و کەس قسەی لەسەر یەکگرتووی بنەماڵەی گەلی کورد و حیزبی دێمۆکراتدا نیە.

بەڵام ناکرێ هۆکاری لاوازی و کزی شۆڕش و بەرخۆدان لەو بەشەی کوردستان هەمووی بخرێتە پاڵ لێکدابڕان و لێک جیابوونەوە سیاسی و تەشکیلاتی نێو حیزبەکان و، لە ڕاستیدا بەلای خەڵکی سیاسی و روناکبیری کوردەوە کە بە ئینساف و بێلایەنانە خوێندنەوەیەکی وردی ڕەوشی ئێستای ژیانی ڕێکخراوەیان کردوە، مەسەلەکە بەو جۆرە نابینن. ئەوانەی خۆیان بەکورد و خەمخۆری دۆزەڕەواکەی بزانن، لە گەڵ پرشو بڵاوی سیاسی و ڕێکخراوەیدانین و ئەو پەیامەش بۆ هەموولایەک روون و ئاشکرایە و بەردەوامیش بەدژی لێکترانزان هەڵوێست وەرگیراوە. بەڵام وێککەوتنەوەی بە خێرای و بەرلەوەی لە هەموو بارێکەوە زەمینەی بۆ بڕەخسێت، پڕۆسەیەکی بەرهەمدار نابێت و ئاکامەکەی لە یەکگرتنەوەکانی پێشوتری چاکتر نابێ، لانی کەم بۆ حیزبی دێمۆکرات. جیابوونەوەی ئەوجارەیان لە قۆناخێکی هەستیاردا ڕوویدا و بەدڵنیایەوە زیانی زۆری بەجووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند. ئەمڕۆ کە پرسی یەکگرتنەوە لە ئارادایە و بە تێروتەسەلی باسی لەسەر دەکرێت و زۆربەی لایەنگرانی گرۆپی ١ی بەفرانبار پێیان وایە، ئەگەر حیزب بکەوێتەوە سەر یەک، ئیدی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕۆخێت و دەرفەتی گەڕانەوە و تێکۆشان لە نێوخۆی کوردستان پێک دێت.

وەک بیروڕا شتێکی جوان و جێگای ڕێزە، بەڵام لە ڕووی سیاسی و لێکدانەوەی هەلومەرجی نێوخۆی حیزبەکان ڕەنگە لە شوێنی خۆیدا نەبێت. لە قۆناخی پێش یەکگرتنەوەدا، دەبێت پەنجە بخرێتە سەر کەلێن و درزەکانی ڕابردوو و هەتا ئەوجارەیان بە شێوەیەکی دیارتر و ڕیشەی بنەبڕی کێشە نێوخۆیەکان بکرێت، ناکرێ ئەمڕۆ بنەماڵەی گەورەی حیزب بکەوێتەوە سەریەک و سبەی یان دووسبەی بەدەلیلی بەبنەما و پوچ زەمینەی لێکدوور کەوتنەوە بڕیخسێننینەوە. بەبێ جیاوازی پێویستە هەموو لایەک هەست بە بوونی خۆی لە نێو حیزبی یەکگرتوودا بکات و بۆ هەمیشە ماڵ ئاوای لە خۆدی و غەیرە خۆدی و ناوچەگەرای بکرێ و ئەو مەسەلە روتینیانە لە ژیانی سیاسی دا گۆربکرێن. دۆستایەتی و خزمایەتی لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا وەک سالانی ڕابردوو کاریان پێنەکرێ لەسەر شێوەی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی

حیزبیدا، بۆ هەموو لایەک و ئەندامانی حیزبی لێهاتوی سیاسی و تەشکیلاتی بکرێتە پێوەر.

لێرەدا پێویستە ئەو مەسەلەیەش بیربخرێتەوە کە دەستەیەکی زۆر پچووک، سەردەمێک بازارێکی زۆر گەرمیان وەڕێخستبوو کە گوایە حیزبی دێمۆکرات لە ڕێبازی ئەسڵی خۆی لایداوە و لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتیشەوە بەرەو ناشێلگیربوون هەنگاوی بەرەودواوە هاویشتووە یان لە ڕووی پێک هاتەی کۆمەڵایەتیەوە هەژاری سیاسی بەحیزبەوە دیارە. ئەگەر بێت لەسەر ئەو بنەمایە و ئەو فیکرە یەکبگرینەوە، بێگوومان زۆر نابات، قەیرانەکان سەرهەڵدەدەنەوە. بەرویەکیتریشدا دەبێت چ هۆکارێک هانی زمان" فەلسەفیانی" دابێت، هۆگری یەکبوونەوە لە گەڵ ئەو پێک هاتە نەخوێندەواری نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران بن. قسەی جوان و حیسابی بێگوومان هەموو کەس پێی دەوڕێت و لە کاتی ڕومالکردنی بابەتەکانی پەیوەندیدار دا بەزەقی ئەو مەبەستەی کە نیەتی دەربڕینی هەیە، پێی دەڕازێنێتەوە. دەنا ڕاستە، هۆکاری ئەوەی کە کورد بە درێژای مێژووی تیکۆشانی سیاسی بەمافی خۆی نەگەیشت بێت، مەسەلەی لێکدابڕان و قەیرانی نێوخۆی ڕێکخراوەی بووە. بەر لە هەر شتێک پێویستە لایەنگران و تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات سەبارەت بە پرسی یەکبوونەوە ، چاو و گوێیان زۆرتر کراوەبێت و ئەو جار نەبێت ئەو یەکبوونەوەیە بکەوێتە ژێرکاریگەریەکانی هەستی سۆزداریەوە. پیاو سەری لە ڕاستی ئەو هەموو پێدا هەڵدان و مەتحووسەنای یەکڕیزیدا سوڕ دەمێنێت، ئێستا هەموویان دەلیلیان زۆرن بۆ یەکگرتنەوە و پێکەوەکارکردن لە حیزبێکی یەکگرتوو و بەهێزدا، بەڵام ڕۆژگاریکیش، پێچەوانەکەی لە بازاردا پارەی دەکرد.

کەس دژی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات نەبووە، بەڵام بێگوومان سەردەمانێک کەسمان لایەنگری بەیەکەوە کارکردن لە نێو حیزبدا نەبووین، هەموو لایەک ئەو مافەیان هەیە بپرسن، بەڕاستی ئەو میکانیزم و میتۆدانەی لەو پەویوندیەدا لەسەری ڕێکدەکەون بۆ یەکبوونەوە کامانن؟ خۆناکرێ ئەو جارەشیان بۆ پەڕێنەوەی دەستەیەک، پێش بەستنی کۆنفڕانس و کۆنگرەی پاش یەکبوونەوەی حیزبی بەناو ناتۆرەی فلان"لادەر" و فلان ملای" و "فلان مستەفای"، بەدژی یەک بکەوینەوە سەنگر و خەڵکی کوردستان تۆشی نائومێدیەکیتر بکەینەوە. ڕێبەری و تەشکیلاتی هەر دوو لای حیزب دەبێت، سەرەتا لەسەر چەند ئەسڵێکی گرینگ بگەنە ئاکام و ڕێوشوێنی لەبار بۆ ئەو مەبەستە پێک بێت.

هێڵە گشتیەکانی تایبەت بە یەکگرتن چۆن دیاری دەکرین، ئەگەر هەموو لایەک بۆ مێژووی ئاکامی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی ١٣ی حیزب بگڕێینەوە، بەدڵنیایەوە بە کەمینە و زۆرێنەوە دەنگی ڕەوای و مشروعیەت دراوە بۆ ئەو کۆنگرەیە. هەر چەندە بە هۆی یەکتر قبووڵ نەکردن و بەیەکەوە کارنەکردن، لێکدابڕان دروستبوو و ئێستایش ئەو گروپە دەنگی یەکبوونەوەیان بەرزکردۆتەوە. ئەو نەخۆشیەی کە پێک هاتەی ڕێکخراوەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی بەو ڕۆژگارەگەیاند، "هەڵسوڕانی ئەساسی ئەو پۆلەبوون، کە ئێستاش بەڕەزای شیرینەوە مایکی دیدار بۆ یەکگرتنەوە هەڵیگرتوون". ڕاستە مرۆڤ وەک

بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نیە، بەڵام ئاخۆ دەبێت شەرایەتی مەوجودی نێوخۆی، هەندەر نەبێت بۆ ئەو مەبەستە؟

کەسانێک لە نێو گرۆپی وەسەریەککەوتنەوەی حیزبیدا بەرچاو دەکەون، وەختی خۆی بەزبرترین زمان بەدژی حیزب و ڕێبەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیاننووسی و لێدوانی جۆر بەجۆریان دەدا و، بەڵام ئەمڕۆ سوکانی (فەرمانی) ماشێنەکیان بەلایتردا هەڵدەسوڕێنن. بۆخەڵکێکی زۆر جێگای پرسیارە، هێندێک لە دۆستانی لایەنگری پڕۆژەی ١ی بەفرانبار، چەند جارێک لە ڕووی تە شکیلاتیەوە ئەو بەرەو بەریانکردوە و ئێستا دەنگیان بۆیەکبوون بەرزوو زوولال کردۆتەوە و کاتی خۆیشی ئەوەی ناڕەواو ناڕاستبوو لە سەر حیزب و ڕێبەری و سیاسەت و ستراتیژی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران ئاوێزانی بەژن و باڵای ڕۆژنامە و پاڵپەڕەکانیانکرد.

حیزبی دێمۆکرات وەک هێزێکی مۆدێرن و گەشەکردووی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە قۆناخی ئیستای خەباتدا پێویستە هەست بەبرپرسیارەتی و ڕەسالەتی مێژووی خۆی بکات و ئەو هەنگاوانەی لەو پەیوەندەیدا دەیهاوژێت، ئاکامی لێکدانەوە و خوێندنەوەی سیاسی و تەشکیلاتی ورد بێ و بە چاوی ڕەخنەوە، بەڕابردووی یەکبوونەوەدا بچێتەوە. ئەو بەڕێزانەی بەراستی خۆیان بە لایەنگری یەکڕیزی نێو ماڵە گەورەکەی دێمۆکرات دەزانن، دبێت بەهەستێکی بەرزی نیشتیمانی و نەتەوەی هەموو ئەو مەسەلانە لە بیر بکرێن کە تادوێنی کەسانێک هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوەی حیزبیان بەمەبەستی لێکدابڕان سیاسی و تەشکیلاتی ئەنجامدەدا و ئەمڕۆش پێچەوانەکەی نیشاندەدەن.

چوونکی یەکگرتنەوەی پێشوو هەموو ئەگەرەکانی ڕووداندەوەی بۆ وێناکردووینەوە، ئەگەر بە ئەقڵیەتی نەگۆڕو چەقبەستوو ڕیزەکان یەکبخرێنەوە و بیر لە چەند ئاڕاستە و خەتی جیاواز و دژ بەیەکبکرێتەوە، تەمەنی یەکبوونەوە درێژخایەن نابێت!!!!

١٩ی جانێوێری ٢٠١٥

کەمینەیەکی تەواو عەیار، بڕیاری لەسەر یەکگرتنەوەی حیزبیدا لە کۆنگرەی ١٠!

بەشی سێهەم:

ئەمڕۆ دڵسۆزانی کورد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە بیروڕای جیاوەزەوە بەشداری پڕۆسەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات دەکەن و بەوپەڕی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرنج و تێ بینیەکانیان، دێنەگۆڕێ و باسی بابەتە پەیوەندیدارەکانی ڕابردووی یەکبوونەو و تێیدا، دەست نیشانی کەموکورتیەکان دەکرێ و تۆوی تەباوی و هەوێنی یەکبوونەوەیەکی درێژخایەن و مانادار بڵاودەکەنەوە و لایەنگری چەکسازی و خۆدارشتنەوەی حیزبی لەسەر بنەمای لێبووردن و یەکتر وەرگتن، بەدڵێکی پاکەوە دەکەن.

نیشتیمانپەروەرانی دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد، کە خۆیان بەلایەنگری ڕاستە قینەی یەکگرتووی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب دەزانن و جیاوازتر لە کۆمەڵێک کەسیتر کە ئەوانیش خەمخۆریان دەربڕیوە بۆ ئەوەی کارلەسەر نەخشە ڕێگای یەکبونەوەی دێمۆکرات بکەن، و بەلای ئەو بەرێزانەوە گرینگ ئەویە هەرچۆنێک بێت پرۆسەکە تێپەڕیندرێت و هێلە گشتیەکانی تایبەت بەو مەسەلەیە هەلومەرجی زەینی بۆش پێک نەیەت خراپ نیە. بەڵام ڕێژەی بەرچاوی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزب پێیانوایە دەبێت ئەوجار پێشوەخت پەنجە بخەینە سەر کەلێن و درزەکانی ڕابرووی پێش و پاش جیابوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و لە هۆکارەکانی لێکترازان بکۆڵینەوە و هەرلەو ڕاستەیەشدا لە ڕێگای تێگەیشتن و بەرچاوروونی لەو بارەوە هەوڵبدەین بەسەر کۆی قەیران و خاڵەنامۆکانی نێوان دوو لایەنی دێمۆکرات سەربکەوین. رۆچوون بە نێو ناخی قەیرانی ڕێکخراوەی و ئەو وەزحەی کە بەسەر حیزبدا هاتووە و بە هۆی وێکهەڵنەکردن و کاربەیەکەوەنەکردن لە نێو حیزبی دێمۆکراتدا، ئەمڕۆ دڵە تۆراو تۆڕەکان بە شێوەیەکی تر هەوڵدەدەن شەن و کەوی بارودۆخەکە بکەن و هەنگاوەکانیان بە پێچەوانەی ئیرادەی ڕابردوویان بەمەقەستی دادپەروەری شەپۆلەکانی تووڕەی ببڕن. پێموانیە کەس لە گەڵ روتی دیالۆگی ڕێکخستنەوەی نێومالی گەورەی دێمۆکرات دژایەتی بکا و ئەگەر خەڵکانێک بیرو سەرنجەکانیان لە وبارەوە بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە شێوەی جێگیرتر میکانیزمەکانی دیاریبکات، دەردەبڕن، ناکرێ والێکبدرێتەوە کە نیەتی خێریان نەبێ و هەوڵبدەن ڕەوتی دیالۆگ و یەکگرتنەوەی حیزب بەلاڕیدا ببرێ و بەڵکوو ئەو دەستەیە دەیان هەوێت ئەو یەکگرتنەوەیە بەئاشکرا و شەفاف و بەرچاو ڕوونانە ئەنجامبدرێ و تەشکیلاتی هەردووک لایان لەو پەیوەندیدا زەمینەی تەوایان لە نێوداپێک بێ. پرۆسەیەکی ئەوتۆ گەورە و گرینگی سیاسی و تەشکیلاتی، ناکرێت بەرچاوی هەموولایەک دیزە بەدەرخۆنەبکرێتەوە و زەمینەی لەبار و گونجاویبۆ نەڕەخسێت. لە ڕابرووداً ئەو کارەکرا و تێدا

سەرکەوتوونەبووین، بۆیە ناکرێت جارێکیتر ئەزموونێکی شکەست خواردوو دوپات بێتەوە و گوێ بەگۆتاری هاوشیوە بدرێت. چوونکی هیچ لایەک لە تاقەت و توانایدا نیە، بەردەوام لە ژیانی سیاسی دا بەدوای یەکگرتنەوە و لێکدابڕان برۆوات.

بەداخەوە هێندێک لە پشتی پەردەی یەکبوونەوەدا، بەناڕەوە و تانەوتەشەر و قسەی ناڕاست و بێبنەما، هەوڵدەدەن لە بایەخی ڕاستە قینەی مەسەلەکان دووربکەونەوە و بە چاوی ڕەخنە و پێداچوونەوە بەسەر جۆر و هەڵوێستی وەسەریەککەوتنەوەدا نەڕۆن. بێگوومان لایەنگرانی ڕاستە قینەی یەکبوونەوەی دووبارێ حیزبی دێمۆکراتی پێیان وایە، ڕێبەری و تەشکیلاتی هەردوو بەشی حیزب ئەوجار زۆر بەچاو کراوەی سەرنج و بیروڕای خۆیان سەبارەت بە یەکگرتنەوە بێنەگۆڕێ و پەنجە بۆ هەموو ئەو قەیران و کێشانە درێژبکرێت، کە هۆکاری لێکترازانەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکراتی لێکەوتەوە بەدوای یەکگرتنەوەی پێشوودا. بۆ ئەو یەکبوونەوەیە زۆری نەبەرد، دیسان بەدژی یەک، تەشکیلاتی حیزب کەوتەوە مل ملانێ و زەمینەی یەکتری پەراوێزخستن دەستی پێکردەوە و حیزبی بەمڕۆژگاری ئەمڕۆ گەیاند کە ئێستا کاربۆ وەسەریەککەوتنەوەی دەکرێت.

با هەموو لایەک بزانێت، حیزب هەر لە یەکەم کۆنگرەی هاوبەشدا، کە گیرا، بەسەر دوو ئاڕاستەی بەتەواوی دژبەیەکدا دابەش بووبەوە، بۆچی؟ ڕنگە ئەو کەسانەی لایەنگری خێرای یەکبوونەوە دەکەن، بەدوای ئەو مەسەلەیەدا نەچووبن و هەستیان بەو ڕاستیە نەکردبێت کە پاش کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێمۆکراتی کورستانی ئێران، زەمینەی یەکگرتنەوە بەتەواوی پێک نەهاتبوو. کەسێک خۆی بە کورد و خەمخۆری دۆزەڕەواکەی بزانێت و ڕابردوویەکی سیاسی و پڕشەنگداری لە مێژووی سیاسی نێو حیزبدا، تۆمارکردبێت، بەڵنیایەوە بەدەر دەبێت لە گۆتاری هاوشێوە و خەمی گەورەی هەمووان، هەوڵدانە بۆ بوونەوە بەیەک و بەهێزکردنەوەی سەنگری خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەگەر کەسێک قسەیەکی پێچەوانەی ڕەوتی ئەو شەپۆلانەی هەڵیانکردوە بکا و ئاروزی ئەوەبکات و جەخت لەسەر گرینگی و ئاکامەکانی ڕوتی دیالۆگی سیاسی و تەبای لە نێوان حیزبی دێمۆکراتدابکا، بەنەیار و هاوبیری دوژمن سەیربکرێت، ئەی ئەوانەی لە ڕابرووداو بە ژەنگاویترین چەکی دەستیان، نیشانەیان لە ڕابردووی حیزب و ڕێبەری ناوداری گەل دکتۆر قاسملوو دەگرت، دەکەونە نێو کام پێوەر و لێکدانەوەی ئەو بەرێزانەی لە پشتی گۆتاری یەکبوونەوەدا، بەزمانی زبرو دوور لە ڕاستی دەدوێن و وتاری ئاگرین لە هەگبیان هەڵدەوەرێت.

مرۆڤ ئەگەر تۆزقاڵێک هەستی بە دڵسۆزی و نیشتیمانپەروەری بۆ گەلەکەی بکا و درێژخایەنانە پێشبینی هەنگاوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی حیزبی دێمۆکرات و دێمۆکراتی یەکگرتوو بکا، دەبێت بە شێوەی گشتی باس لەسەر هەموو ئەو گرفتانە بکرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە ژێر درزەکانیەوە حیزب بەرەو لێکترازانێکیتر نەبات. ئەو یەکبوونەوەیە دەبێت، بە قەناحەتی هەموو لایەک بێت و ناکرێ ئەو جارەیش کەمایەتی زۆر بچووک نوێنەرایەتی یەکگرتنەوە بکا.

ئەوەی لە کۆنگرەی ١٠ای بڕیاری لەسەر یەکگرتنەوەی حیزبیدا، بێگوومان زۆرینە نەبوو، بەڵکوو کەمینەیەکی تەواو عەیاربوو، ئەوکات لە ئاستی مەڵبەند و کومیتەی شارستانەکاندا لایەنگرانی یەکبوونەوە زۆر کەمبوون. بۆیە نابێت ئەو مەسەلەیە لەمێژووی یەکبوونەوەدا دووبارەبێتەوە.

٢٤ی جانیۆڕی ٢٠١٥

تورکەکان بۆ دژایەتی گەلی کورد پاڵەپشتی داعش دەکەن!

کاربەدەستانی تورک هاوکاری و یارمەتی گەلێک زۆریان پێشکەش بە داعش کردوە لە ماوەی دەرکەوتنی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە لە ئێراق و سووریە و کوردستاندا و، ئامانجی سەرەکی هاوکاری و پاڵەپشتی حکوومەتی تورکیە لەو گرۆپە مەترسیدارە،

یێگوومان بۆ لە نێو بردنی ئەزموونی حوکمڕانی سیاسی و ئیداری سەرەتا لە نێوبردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پاشان ئەو زنجیرە پیلانەی ئانکارا رۆژئاوای کوردستانیش بگرێتەوە. چوونکی بیرۆکەی تورکەکان ئەوەبووە کە لەو ڕێگایەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەربکەون و مەترسی گەورە لە نێوخۆی وڵات و سنوورەکانیاندا بنەبڕ بکەن. تورکیە بۆ دژایەتی کورد هاوپەیمانی "داعش"ی هەڵبژاردوە و ئیستایش دەیهەوێت بە هۆی ئەوانەوە ئاژاوە و بارگرژی لە کوردستان و بەتایبەت سنووری کەرکوک پەرەپێبدات و هانی تورکەکانی ئەو شارەدەدات خۆیان لە داعش نزیک بکەنەوە. سەرکردایەتی سیاسی کورد و وەزارەتی پێشمەرگە دەبێت زۆر بەوریای چاوەدێری ئەو مەسەلەیە بکات کە هێندێک لایەنی دەرەکی کارهاسانی ئەو پیلانە مەترسیدارە لە دژی گەلی کورد و دەسکەوتەکانی دەکەن.

گەلی کورد بە ڕێگای یەکڕیزی و یەک هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەیدا، بەدڵنیایەوە ئەو پیلانەیش وەک زۆربەی سەناریۆکانیتری دژمنانی گەلی کورد پووچەڵ دەکاتەوە و هیچ هێزێک ناتوانێت بستێک لە خاکی کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی گەلی کورد دەربێنێت کە بە خوێنی خۆی بەدەستی هێناوەتەوە. کاتێک حکوومەتی تورکیە لە پیلانی یەکەمیاندا سەرنەکەوتن و شکەستی گەورەیان لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەنسیب بوو و، لە ئاستی ئیرادەی سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد تێک شکان، دواجار بەرنامەی سەر کۆبانی دانرا و پەلاماری ئەو شارە دراو خەڵکەکەی ئاوارە کران.

دیارە نەیارانی سەرسەختی گەلی کورد بەوەشەوە نەوەستاون و لە ژێرەوە دیسان پلانی داگیرکردنەوەی کەرکوکیان خستۆتەمێشکیان و هەوڵدەدەن ئەو شارە کۆنترۆڵبکەن. وەک دەر کەوتووە حکوومەتی تورکیە لەگەڵ داعش ڕێککەوتووە بۆ هێرشکردنەوە سەر کەرکوک، بەڵام بەدڵنیایەوە ئەوجارەش تێکشکان و دۆڕان هەر بە نسیبی دوژمنانی گەلی کورد دەبێت. دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیە دەمێکبوو خۆیان بەدۆست و هاوپەیمانی کورد نیشاندەدا، بەڵام هەرلەسەرەتاوە نیازی تورکەکان ئەوەبووە کە ئەگەر بکرێ شەڕ بخاتە نێو ماڵی کورد و ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بەگژیەکیدا بکات بۆ ئەوەی ڕێگای بەهێزبوون و پەرەئەستاندنەکانی شۆڕشی خەڵکی کوردستان لە بەشەکانی تردا بگرێ. بەڵام وەختێک لەو بارەوە هیچ دەسکەوتیکیان

دەست نەکەوت، ستراتیژی دژایەتی خۆیان لە گەڵ گەلی کورد گۆڕێ و لە بەرگی دۆستایەتیدا پیلانی سەر هەولێر دانرا، کە ئەو بڕیارەش بێگوومان لە ئانکاراوە دەرچووبوو. وەک دیترا ئەوجارەیان بە ڕێگای داعشەوە هەوڵی لە نێوبردنی ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پاشان پاشەکشەکردنی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی ڕۆژئاوایان کردە ئامانجی سەرەکیان. تورکەکان بەرلەوەی هەوڵی یارمەتیدانی بەرچاوتری داعش بدەن، پێویستە تۆزێک سەیری پێگەی سیاسی و دیپلۆماسیان بەدوای دەرکەوتنی داعشدا بکەن، کە چەندە پەراوێزخراون و هەتا هاوپەیمانانیان بە شایەنی بەشداری کردنی دەوڵەتی تورک لە کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی دانەراو و ئەو کۆبوونەوە گرینگ و گەورەیە بەرووی دەوڵەتی ئانکارا دا داخرا. ئەوەیش بێگوومان پەیوەندی بە تێوەگلانی تورکیە لە گەڵ داعشدا هەیە. ئێستا هەرێمی کورستان وێرای سەقامگیری سیاسی و ئابووری و هەلەوکاتەیشدا، پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی لە سایەی گۆدەنگی گشتی و هاوهەڵوێستی سیاسی و سیاسەتی دووربینانەی سەرکردایەتی کوردی ئەو بەشەی کوردستان، قۆناخی ڕزگاریخوازی گەلی کورد پێی ناوەتە بەردەم قۆناخێکی گرینگ و مێژووی و، چارەنووس ساز کە لەو ڕێگایەوە هەنگاو بەرەو چارەسەرکرنی کێشەی ڕەوای خۆی دەنێت. "ئۆردۆغان بە دڵنیایەوە هەلومەرجی سیاسی و نێو نەتەوەی زۆر باش خوێندۆتەوە و لەو ڕاستیە گەیشتووە کە لە دایکبوونی حکوومەتی کوردستان نزیکبۆتەوە". کاتێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەنوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بەشداری کۆنفرانسی "میونیشن" ی ئاڵمان دەکات و وێڕای سەرکردەی گەورەڕەی وڵاتانی زلهێزی جیهان لەسەر پرسی داعش و مەترسیەکانی ئە وڕێکخراوە، ڕاوێژیان لە گەڵداکردەوە و کوردیش بێگوومان لەسەر ئەرزی واقعدا وەک لایەنی سەرەکی و بەهێزی ئەو کۆبوونەوەیەبووە و هەموو لایەک جەختیان لەسەر یارمەتی و پاڵەپشتی گەلی کورد دوپات کردۆتەوە. لەرویەکیتریشەوە شانازییەکی زۆر گەورەیە بۆ گەلی کورد کە ئاڵای کوردستان، وێرای ئاڵای هاوپەیمانان لە" هۆتێل میونشین" لە تەلاری کۆنفرانس بەشەکاوەی بینرا و ئەوەش ئەو پەیامەی نارد کە کورد لە باری نێونەتەوەیشەوە هەلومەرجێکی تاڕادەیەکی باشی لە بەرژەوەندی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا پێک هێناوە.

بایخ پێدانی کۆمەڵگای نێونەتەوەی و بەتایبەت هاوپەیمانان بە خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە، جێگای دڵخۆشی و ئومێدی گەلی کوردستانە.

حکوومەتی تورکیە و ئێران ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بەمەترسی سیاسی لە ئاستی نێو خۆ و سەرسنووڕەکانیان بۆ دروستبووە و، ئەو دوو وڵاتەیش کێشەی خاک و نەتەوەی گەورەیان لە گەڵ گەلی کورد دا هەیە. پەیدابوون و گەشەکردنی داعش و کردەوە و ڕفتارەکانی ئەو ڕێکخراوەیە زۆر لە بەرژەوەندی حکوومەتەکانی تاران و ئانکارا دایە. بەڕەوپێشچوونی شۆڕشی گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندابێت، ئێران و تورکیە بەمەترسی لەسەر ئاسایش و ئەمنیەتی وڵاتەکەیانی لێکدەدەنەوە، ئەو یارمەتی و هاوکاریانەی ئێران لە ئێراق لە پێناو پاراستنی سەروەری خاکی ئەو وڵاتە بە شیعەو کەمتاکورتێک بەکوردی دەکات، زۆرتر لایەنی خەڵەتاندنی هەیە. پرسیار ئەوەیە،" لە ماوەی سەرهەڵدان

و پەرەگرتنی داعش کە هاوسنووری وڵاتی ئێرانە، هەتا ئێستا کەسێک بە رەگەزنامەی ئەو وڵاتەوە بارمتەی داعش نیە، باشە بەڕاستی ئەوە چیدەگەیەنێت؟". کاتێک ئەو ڕێکخراوە بارمتەی زۆر بەی ئەو وڵاتانەی گرتووە یان لەلایە کە بە جدی دژایەتی داعش دەکەن لە ئاستی ناوچەکەدا.

هەر وڵاتیک بەزۆر خۆی بەسەر ئیرادەی گەلەکەیدا بسەپێنێت، دەوامی تەمەنی حوکمڕانی هەتا هەتایە درێژە ناکێشێت و ئەو وڵاتانەی بەدرێژای مێژووی هاوچەرخ، پرسی کورد و مافی سیاسی کوردیان پشتگووێ خستووە، دەکرێ بە ڕێگای ئاشتیدا ئەو پرسە هەنگاوی چارەسەرکردنی بۆ بنرێ. ئەوە سیاسەتێکی ڕەوانیە لە دونیای ئەمڕۆدا گەلێکی ٤٠ میلۆنی وەک کورد لە سەر خاکی کوردستان، کە وڵاتی گەورەی کوردانە، لە هەموو مافێکی سیاسی و نەتەوەی بێبەشبکرێ. گەلی کورد لە کوردستان لە سەر خاک و ماڵی خۆیدا، بە میوان و میوانی خانەخوێ حیساب بکرێت.

بۆچی حکوومەتی تورکیە بەشداری کۆنفڕانسی ئاسایشی نێو نەتەوەی پێناکرێت و دەبێت لە دووڕەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی پەیوەندیداربێت، ڕەنگە ئەو مەسەلەیە ڕاستەوخۆ ئەوە بسلمێنێت کە دەسەڵاتی ئانکارا هاوکاری و پاڵەپشتی "داعش" ی کردەوە و وەک ساڵانی پێش شەری سارد جێگای متمانە و بایخی هاوپەیمانەکانی لە ئێستادانیە و پێگەی بەرەولاوازی چووە.

سەرۆک کۆماری دەوڵەتی فاشیستی تورک، بەدوای شکەستی "داعش" لە کۆبانی لە بەرانبەر گەریلا و پێشمەرگەدا بەخێرای و بێ ئەوەی تۆزێک بیر لە هەلومەرجی سیاسی نێو نەتەوەی بکاتەوە، نیگەرانی خۆی و وڵاتەکەی بە ئاشکرا ڕاگەیاند و ئۆردۆغان گووتی: "ئەو ڕازی نابێت ئەزموونێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بێتەوە". حکوومەتی تورکیە بەدرێژای مێژووی ساسیی، خۆی کێشە بۆ گەلی کورد ناوەتەوە و گیروگرفتی خستۆتە بەردەم پرۆسەی ئاشتی.

کاتێک کاربەدەستانی پلە بەرزی ڕێژیمی تورکیە نیگەرانیەکانیان سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی کێشەی سیاسی کورد ناشارنەوە و بێگوومان نیگەرانی هەنگاوەکانی دوای ڕزگاری ڕۆژئاوای کوردستانن و پێشوەچوونی پرسی کورد لە بەشەکانیتری کوردستان بەگەورەترین مەترسی لەسەر وڵاتەکەیان دەزانن. چوونکی بەلای "ئۆردۆغان" نەوە دروست بوونی دوو هەرێمی نیمچە سەر بەخۆی کوردستان مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەی تورکیە هەست پێدەکات و نیگەرانی سەرۆک کۆماری تورکیە زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلی کورد لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە هەنگاوی زۆر گەورە و بەرچاوی لە ئاستی نێوخۆ و نێونەتەوەیدا هاویشتووە و لەلایترێش کورد ئێستا وێڕای هاوپەیمانانی بەدژی گرۆپی تیرۆریستی داعش لە شەڕێکی گەورەو بەرێندایە. لێدوانی ئەو دوای ئۆردۆغان بۆجارێکیتر ئەوەی سەلماند کە تورکیە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری و

پشتیوانی داعشی بەدژی گەلی کورد کردوە،

ئەگەر جاران ئەو بابەتەیان ڕەددەکردەوە، بەڵام پاش پرۆسەی ڕزگاری کۆبانی، ئەو ڕاستیە ئاشکراتر خۆی دەرخستەوە. هاوکاری و پاڵپشتی ولاتی تورکیە بۆ داعش نەیتوانی پێشی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان بگرێ و کە بەدرێژای تەمەنی دروستبوونی داعش، تورکیە تەنیا ولاتێکی دراوسێی کورد بووە کە هەر لەسەرەتاوە پشتیوانی تیرۆریستانی بەدژی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان کردوە.

١١ی فێبریوێری ٢٠١٥

من براگەورە و تۆ برای پچووک" و پرسی یەکیەتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!

کۆمەڵێک هۆکاری ئەساسی هەن کە بەدرێژای مێژوو ڕێگربوونە لە بەردەم پێک هێنانی یەکیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوان پێک هاتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و، خەمیگەورەی گەلی کوردیەکریزی و هاوکاری و پاڵەپشتیە لە نێو بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەڵام دەبێت بگووترێ بەداخەوە لە بەر هۆی کاری" من براگەورو تۆ برای پچووک" هێشتا هێزەسیاسیەکانی ئەو بەشەی کوردستان لێک نزیک نەکەوتوونەتەوە لەسەر ئەو پرس و خاڵەنەی کە جەوهەری پێکەوەکارکردن دەستەبەربکات لە پێناو ئامانجی گەورەی نەتەوەیدا. هەرچەندە زۆر لە سیاسیەکانی کوردستان پێیانوایە، پێک ناهاتنی بەرەی کوردستانی یان کۆدەنگی نیشتیمانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی "ریشسپیەتی" ئەو ناوەندە گشت گیر و هەموولایانەی سیاسی و ڕێکخراویدا هەیە و هێزەکان لەو بارەوە نەیانتوانیوە وەک پێویست لەسەر میکانیزمێک ڕێکبکەون و پێش بەپرشوبڵاوی زیاتر بگرن. وەختێک نەتەوەیەک بەسانای بەسەر گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای خەباتدا سەردەکەوێت، کە هاوکاری و کۆدەنگی نەتەوەی لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی گشتی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەسیاسیەکانیدا بەشێوەیەکی باش پەرەیگرتبێ و کەس لە پێنا و دابینکردن و ئەستاندنی مافی سیاسی گەلی کورد دا، خۆی لەوانیتر بەزلتر و کاریگەرتر نەزانێت و ڕێز لە هێزو توانای هەموو لایەک وەک هەن بگرن. ڕاستە دەبێت هەموو لایەک ڕێز لە ڕابردوو و قورسای سیاسی و مێژووی و تەشکیلاتی حیزبەکانی کوردستان بگیرێت، بەڵام ئەوەیش بەومانەیە نابێت لێک بدرێتەوە، کە هێزە پچووکەکان بخرێنەوە پەراوێز و لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە حیساب بۆ پێگەو هەلومەرجی دروستبوون و دامەزراندنیان لە کوردستاندا نەکرێت.

زۆر گرینگە لە قۆناخی ئێستای تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەرچاوتر لە ساڵانی ڕابردوو چڕتربکرێتەوە. هەموو لایەک دەبێت واقیەتی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان لە بەرچاوبگرن و ناکرێ هیچ لایەک لەسەر بنەمای ڕابردوو خۆی بە ڕێبەرو ڕێنیشاندەری خەباتی خەڵکی کوردستان بزانێت، چوونکی ئاڵوگۆڕی زۆر بەسەر ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەی لە کوردستاندا هاتووە و لەو قۆناخەنوێیەدا ئاستی وشیاری کۆمەڵگای کوردستان لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە زۆر گەشەیکردوە. سەردەمانێک ئەو هێزانەی پشتیووانیان لە خەباتی جەماوەری و مافی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد بەئاشکرای دەکرد زۆرکەمبوون و لە نێوایاندا و دیارترینیان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو کە وەک هێزیکی میللی دێمۆکرات بە ڕاشکاوی داکۆکی لە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد دەکرد. هەرچەندە لە سەر بوونی بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەی ڕەخنەی زۆری ئاڕاستە دەکراو بەهۆی نەتەوەیبوونیەوە لە لایەن هێندێک تاقم و کەسەوە، نێوەرۆکی داخوازیە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردیان

پـــێ شـــتی پـــوچ و پاشـــکەوتووبوون. بەڵام ئێســـتا دۆخەکە لە ڕووی سیاســـی و کـــۆمەڵایەتیەوە گۆڕانکـــاری گەورەی بەسەرداهاتووە، ئەمڕۆ هێزەکـانی کوردستان هەموویـان خۆیـان بەلایەنگری چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نەتەوەی کورد دەزانـن و کەسیان هەست بەشەرمیونی و سوورهەڵگەڕان ناکـات کاتێک بەس دێتە سەر پرسی کورد و کێشەی سیاسی ئەو گەلە. کەس لەو بـارەوە لاری نـیە و هەموویـان لە سـەر پرسـی نەتەوەی هاوبەشـن، کە ئەمە خـاڵێکی گرینـگ و جەوهەری خەباتی سیاسی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. کە پێشتر هەرگیـز ئەو هەلـومەرجە پێک نەهـاتووە لە نێـو خەڵکی کوردسـتاندا. ئەگەر بێت و لە سـەر پێـوەر و ڕێچکەی سـاڵانی پێشـوو بـڕۆینە پێشـەوە، بەدڵنیـایەوە خوێنـدنەوەی ڕاست و دروست لەسەر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان ئەنجـامنەدراوە."کاتێک بۆشای سیاسی و تەشکیلاتی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان دروستبووە، ئێستا ڕێکخـراوە مەدەنیەکـان خەرێکە لەبـاری جەوهەریەوە کـاری سیاسـی حیزبەکـان دەکەن و زۆر بـوێرانەش ئامانجەکانیـان دەپێکێن". بـۆیە زۆر بەجێیە گەلـی کـورد و پێـک هـاتە سیاسـی و کۆمەڵایەتیەکـانی کوردسـتان بە شـێوەی سـوننەتی و تەقلیـدی بەسـەر ڕووداوەکـانی وڵاتـدا هەنگـاو نەهـاوێژین، بەڵکـوو دەبێت لێکـدانەوە و هەڵسـەنگاندنی شیـاوتر لەسـەر ئێـران کوردسـتان و لە پەراوێـزی ئەو مەسـەلانەشدا هەلـومەرجی سیاسـی و نێـونەتەوەی کە پەیوەنـدی بەخەبـات و تێکۆشـانی گەلـی کـوردا هەیە ئەنجامبـدرێ و لەسـەر کـۆی ئەو بـاس و خـاڵانەی خـوارەوەدا، هێـزە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر مێزی گفتووگۆی سیاسی لە گەل یەکتریدا کۆببنەوە. دیـارە هێندێک هاوکـاری و هەمـاهەنگی لە نێـوان حیزبەکـانـدا دروسـتبووە، بەڵام بە هـۆی قەیرانـی لێکـدابڕان و لێکترازانـی سیاسـی و تەشـکیلاتیەوە، حیزبەکـانی ڕۆژهەڵات بەسەر دوو ئاڕاستەی دژ بەیەکدا دابەشبوونە. هیچ لایەک نایەوێت لە گەڵ لایەنـی بەرانبەریـدا، کە بەلادان لە ڕێبـاز و لە ژێرپێنـانی ئوسوڵەسیاسـی و تەشکیلاتیەکان خەتـابـاردەکرێن لەو بـوارەدا کـۆببنەوە و لە ناوەنـدێکی سیاسـی دا بەیەکەوە کاربکەن. گەلی کورد ئەگەر بێت لە نێوخۆیدا ناکۆکیەکـانی وەلابنـێ و هاوکـاری و کـۆدەنگی لەسـەر پرسی سیاسـی کورد دروست بکات و ئاستی پەیوەنـدیە دیپلۆماسیەکانی زادەی بیـرو هـزری هەمـوو لایەک بـێ، بێگوومـان حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسی و کۆمەڵاتیەلانی کوردستان بەسەر قۆنـاخی پرشـوبلاویاندا زاڵـدەبن و فیکـرو بەرژەوەنـدی گشـتی نەتەوەی بەرچـاوتر پەردەدگرێ و هێزی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی پانتایەکی بەرفراوانتر لە مێژووی سیاسی وڵاتدا بۆخۆی دەگرێت.

پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی و لێک نـزیکە نەکەوتـنەوەی هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان بێگومـان پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بەمەسـەلەی "ڕیشسـپیەتی" ئەو نـاوەدە گشـت گیـرو نەتەوەیەوەدا هەیە و، زۆربەی هێزەکـان پێیانخۆشـە بە نـوێنەرایەتی گەلـی کـورد لەو بەشـەی کوردسـتاندا وەک بـراگەورەی هەموویـان بڕیـارو هەڵوێسـتێکی سیاسـی تـایبەت بەبارودۆخیکوردستان بدەن.

گەلی کورد لە مێژە لەوە باسە گەیشتووە کە هۆکاری گەشەنەکردن و بەئامانج نەگەیشتنی گەلـی کـورد پەیوەنـدی بە جـۆر و شـێوەی بیرکـردنەوەی ئەو هێـزەنەداهەیە کە پێیـان خۆشـە، بەردەوام لە هەمـوو کۆڕوکۆبـوونەوەیەکی سیاسـی و نەتەوەیـدا،

قسەی سەرەتا و کۆتای مافی ئەوانبێت. بۆچی هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ئێرەش سەبارەت بە پێک هێنانی "بەرەی" یەکی سیاسی و نیشتیمانی کە نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات، ناتوانن لە نێوخۆیاندا پێک بێن و لە هەموو بارێکەوە سیاسەت و هەلوێستەکانیان لەسەر ئەو خاڵ و بابەتانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە شێوەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی کوردا هەیە بکەن بەیەک. وەختێک بەرە پێک دێت کە مەسەلەی براوگەورەو براپچووکی کۆتای بێت و هیچ لایەک لایەنی تری بەرانبەری نەخاتە پەراوێزەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قسەکان هەموویان لەسەر شێوەی خەبات و پێک هێنانی ناوەندێکی سیاسی و نەتەوەی چرکراونەتەوە و کەمنین ئەو مرۆڤانەی هەوڵدەدەن سەنگەری ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان لە ڕووی هاوکاری سیاسی لە نێوان حیزبەکاندا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی نیشتیمانی پەرە بگرێ و هەموو لایەنەکان لەدەوری یەک و بەیەکەوە خەبات بەدژی مەترسیدارترین ڕێژیمی سیاسی لە میژووی ئێران و کوردستان بکەن. ئەو ڕێژیمەی کە خەریکە زۆر زیرەکانە لەژێرباری فشاری نێونەتەوەی خۆی ڕزگاردەکات و ڕوخساریکتر لە خۆی نیشاندەدات.

۲۵ی فێبریوێری ۲۰۱۵

شەری ساردی نێوان یەکیەتی نیشتیمانی و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لەسەرچی!

بەداوی سەرهەڵدانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە، ئاسایشی کۆیە بەبڕیاری دادگای ئەو شارە چوونە سەر بنەماڵە و بەرەگای حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە نزیک شاری کۆیە بەمەبەستی ڕادەستکردنی داواکراو. دیارە چۆنی ژمارەیەکی زۆری هێزی ئاسایش بۆ نێو بنەماڵە و مەنقەرەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران و تێپەرین لە سنووری سیاسی و ئەمنیەتی حیزبێکی تر، بەر لە مۆڵەت وەرگرتن،بە شکاندن و لە ژێرپێنانی کەرامەت و هۆئیەتی سیاسی و ڕێکخراوەی ئەو هێزە ئەژمار دەکرێ و لەوەیش بەرچاوتر بە سنووربەزاندن دەدەنرێ بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی حیزب و بنەماڵەکانیان. سەرهەڵدانی ئەو تەنگژەیە، بێگوومان لێدوان و گۆتاری جۆر بەجۆری لێکەوتەوە و ئەوەی تائێرە هەستی پێدەکرێت زۆربەی نزیک بەتەواوی وتارو لێدوانەکان بەتوندی ڕویان لە "یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان" کە سنووری سیاسی و ڕێکخراوەی هێزێکی گەورەی وەک حیزبی دێمۆکڕاتی لە دەشتی کۆیە بەزاندوە کردوە و، سەبارەت بە شێوەی داواکراو لە لایەن دادگای کۆیە قسە و سەرنجی جۆربەجۆری لێکەوتەوە. گەلەی و ڕەخنەی زۆر ئاڕاستەی دادگا و ئاسایشی کۆیە سەبارەت بەو مەسەلەیە کراوە و دەکرا لەو بارەوە زۆرتر دیقەت و هوشیاری بەخەرجدرابا. باسی داواکراو و کێشەی کۆمەڵایەتی مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزن و تایبەتین و ڕەنگە لێرەدا زەروورەتی باسکردنیان لە بایخیئەو سەرنجەی مەبەستەبگات، سەبارەت بە نێوەرۆکی بابەتەکە کەمڕەنگبکاتەوە. هەربۆیە ئەو باسە بۆ دادگا و دادوەران و ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو بابەتەن بە جێ دێڵین و هەرلەوکاتەیشدا هیواخوازین بەوێژدانەوە سەرنج بخرێتە سەر ئەو ڕووداوە. بەڵام ئەوەی گرینگە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین، سەرهەڵدانەوەی ئەو ناکۆکیانەوە کە دەمێکە زەمینەی سەرهەڵدانی بۆ پێک هاتووە و کاتێک لە سنووری "سەوزدا" کردەوەیەک بەدژی حیزب دەکرێ، بەشێکی بەرچاو لە تەشکیلاتی حیزبی سواری ئەسپی ئیحساساتیان دەبن و هەرچی لە هەگبەیاندا بێت و بەزیادیشەوە باسی دەکەن و یەکیەتی بە پیاوی بە کرێگیراوی ڕژێمی ئاخوندی ئێران سەیر دەکەن و دەگوترێت کە ئەو حیزبە بۆتە داردەستی کاربەدەستانی تاران. باشە بۆچی دەبێت ڕێبەری حیزبی دێمۆکڕات لە ئاستی ئەو هەموو سنووربەزاندن و بێڕێزیەدا بێدەنگ بێت، ئایا ئەو خاڵانەی کە هۆکاری سەرهەڵدانی شەری ساردن لە نێوان حدکا و یەکیەتی نیشتیمانی دا، ڕێبەریش لە سەریان هاوڕایە یان ئەوەتا ئەو دۆستانەی زۆر لە هەرێمەکەوە دوورن و، لە مەترسیەکان دوورن، بەلایخۆیانەوە بەرچاوروونی باشتریان لەسەر مەسەلەکانی پەیوەندیدار لەلای دروستبووە و لەدەرەوەی وڵاتڕا، دەبێت بە نوێنەرایەتی حیزب هەڵوێست وەربگرن. دۆستایەتی سیاسی و پەیوەندی دیپلۆماسی ناکرێ بەتاوان و حەیبە سەیر بکرێ و لێکدانەوەی نادروستی لەسەر ئەنجامبدرێ و هیچ لایەنیکی سیاسی کوردستانی باشوور بەداردەستی وڵاتانی دراوسێیان لە قەڵەمبدرێن. حیزبی دێمۆکڕات زۆر لەوەی گەورەترە بیروڕای بەلای خاڵی لابەلادا بەرێت و لە سەر مەسەلە ئەساسیەکانی دوور بکەوێتەوە و هەرکارێک و هەڵوێستێک بگرێت، بەرئەنجامی خوێندنەوە و لێکدانەوەی

وردی سیاسی دەبێت و هەرزەکارانە سواری شەپۆلی رووداوکان نەبووە و نابێت. کاتێک مرۆڤ سەیری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەکات، دەبینی بەئاشکرا هانی دووبەرەکی و قوڵترکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان حدکا و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان دەدرێت لە ژێرناوی پشتیووانی و "زگسوتان" بە دەماوی و مەزلومیەتی حیزب دێمۆکراتی دیمۆکراتی کورسستانی ئێران. لە ڕاستیدا مێژووی سەرهەڵدانی شەری سارد لە نێوان" حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان" دا ڕیشەی بۆ زۆر دوور ناگەڕێتەوە و بێگوومان زۆربەی زۆری تێکۆشەرانی هەردوولایش هەستیان بە بوونی ئەو ناکۆکیە دەروونیەی نێوانیان کردوە و، پێناچێت هیچ لایەک مەیلی هەوڵدان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەبێ لانیکەم لە ئێستادا. بەڵام بەداخەوە چالاکانی ساسی و چالاک لە نێو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەک ئەوەی لە هەوڵی پەرتەوازەی سیاسی و لێکترازان و پێکهەڵبەزینی دوولایەندا کاردەکەن، ئەوەندە تێ ناکۆشن زەمینەیەکی لە بەر برەخسێنن بۆ ئەوەی لە ڕێگای دیالۆگەوە هەردووی هێزەکان پەیوەندیەکانیان بەرە هێوربوونەوە بەرن. دۆستایەتی سیاسی و مێژووی حدکا و یەکیەتی نیشتیمانی، پەیوەندیەکی دێرین و مێژووی گەش و پڕشەنداریان بەیەکەوە هەیە و ناکرێت ڕابرووی سیاسی و ڕێکخراوەی بە ڕقوتۆڵەلێکوەرگرتنەوە لە یەکتری بگۆڕینەوە. ئەو مەسەلەیەش بە بیروڕای زۆر لە دۆستانی نزیک لە ڕووداوەکە، زیاد لە پێویست گەورەکرایەوە و دەکرا بە ڕێگایتردا ئەو بابەتە هەوڵی چارەسەرکردن و لێک تێگەیشتنی بۆدرابا. زۆر لە دۆستان و هاوڕێیان کە ڕەنگە زۆر دووربن لە سنووری ڕووداوەکە و وەک پێویست بەدواداچوونیان بۆ ئەو مەسەلەیەنەکردبێت و لە ڕووی سیاسی و تەشکیلاتیەوە، بەو پابەندیەی بە حیزبەکەیان هەیانە، لایەنەکانیتری ئەو پێک هەڵپڕژان و سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی نەدیت بێ و تەنیا لایەنێکی قەزیەکەیان تەماشاکردبێت. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە رابروو و ئێستایشدا، زۆر بەرپرسیارانە هەڵسووکەوتی لە گەڵ رووداو و پێشهاتەکانداکردوە و کەمواهەبووە بکەوێتە ژێرتەوژمی هاتو هاوری ڕاگەیاندنێک کە لایەنی دووبەرەکی و ئاڵۆزکردنی کێشەکانیدابێ. دەستی زۆر لە پشتیپەردەوە بەدی دەکرێن کە هەوڵی تێکدانی پەیوەندی لە نێوان یەکیەتی و حدکادا زۆر دەمێکە بەئارامی و بەچڕی دەست پێکردوە. بەوهیوای ئەو دەنگانە نەتوانن شوێن لەسەر بڕواو ئیمانی تێکۆشەرانی دیمۆکرات دابنێت و بکەوینە سەنگەری دژایەتی هیچ هێزێکی سیاسی کوردستان. کەسمان دڵمان بەو رووداوانەی کە پاش ڕاپەڕین بەسەر حیزب و ڕێکخراوەسیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیدا هاتووە، خۆش نیەو زۆر کردەوەی قێزەونمان بەچاوی خۆمان دیتووە، کە ڕەنگە پێویست بە ئاماژەپێدانیان لەو بابەتەدا نەکات. بەڵام چەندپاتەو دووبارەکردنەوەیان لە لایەن ژمارەیەکی زۆرکەم لە دۆستان و لایەنگرانی حیزب، لانیکەم لە قۆناخی ئێستای تێکۆشانی سیاسی گەکی کورد دا خزمەت بە بارودۆخی سیاسی کوردستان ناکات. زۆر جار هێندێک بەناو لە سیاسیەکان باسی بابەت و مەسەلەی شەخسی و ڕووتینی سەیر و سەمەرە ئاوێزانی نێو بابەتەکانیان دەکەن و بە گلەی و ڕەخنەگرتنی نەوعی، راهاتوون و بەوشێوەیە خۆیان سواری شانی لایەنێکی سیاسی لە کوردستان کردوە و بوێری دەربڕینی ڕووداوەکانیان وەک خۆیان نەبێت.

٥ی مارچی ٢٠١٥

سیاسەتی نەرمی ئۆباما، بەتەواوی لە بەرژەوەندی بەرنامەی ناوەکی تاراندایە!

قەیرانی ناوەکی ئێران لە گەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەی و ڕۆژئاوادا وەک چاوەڕوانکراوێت بەوسانایە ئەنجامێکی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە و بێگوومان کاردەگاتە ئەو بڕاردانەی کە ئەمریکا لە ئەگەری شکەست هێنانی دانووستانەکاندا،

پێشوەخت هێڵە ستراتیژیەکانی لەسەر دارشتووە. پاش ئەوەی "ئۆباما" وەک سەرۆکی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەدەڵاتی دەست، هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسیەکان لەو پەیوەندیەدا بە خێرای دەستیان پێکردوە، بە نیەتی کۆتایی هێنان بەو قەیرانە کە نیگەرانی زۆری بەدوایخۆیدا بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەی و گەلانی وڵات لێکەوتۆتەوە.

حکوومەتی ئاخوندی ئێران زۆر زیرەکانە هەوڵیداوە و دەیدات لە مەیدانی گفتووگۆکانی لە گەل ڕۆژئاوادا، کەڵکی بە سود لە سیاسەتی نەرمی ئۆباما لە بەرژەوەندی پەرەپێدانی بەرنامەی ئەتۆمیەکەیان وەربگرن و، لە درێژەی دانوستانەکانیدا، ئەنجامێکی گرینگ لە کۆبوونەوەکاندا، وەک دەسکەوتێکی شیاو بەدەست بێنن و ئەمریکا لەسەر هەوڵوێستی سیاسی خۆیان ڕازیبکەن کە بەردەوامبوونیانە لەسەر سیاسەتی دەست گەیشتن بە چەکی ناوەکیە.

دەسەڵاتدارانی تاران ئەگەر هەست بە نەرمی و هاتنە پێشی ئیدارەی ئۆباما سەبارەت بە قەیرانی ناوەکیان نەکردبایە، هەرگیز بەو خێرایە ئامادەی ڕەوتی بەردەوام و دەورەی دانیشتنە ٧ قۆڵیەکان نەدەبوون (کرۆپی ٥+١ و ئێران). دەورانی حووکمڕانی لە ئیدارەی نوێی ئەمریکادا هەلومەرجێکی ئەوتۆی ڕەخساندوە کە بەئاشکرا لە بەرژەوەندی بەرنامەی "بۆمبای ئوتۆمی" ئێران دابەڕێوەچووە و هەرلەوپەیوەندیەشدا لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی زۆری بە دوایخۆیدا هێناوە و هەتا بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەو وڵاتە نیگەرانیەکانیان بەئاشکرا دەربڕیوەو زۆر بەوەردی لە" قۆناخی نوێی گفتۆگۆکندا" چاوەدێری هەنگاوەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لەو پەیوەندیەدا دەکەن و بەچاوی ڕەخنە و لاوازی دیپلۆماسی سیاسی، سەیری ڕەوتی کۆبوونەوەکانی ئێران و ئەمریکا دەکەن و بێگوومان لەو پەیوەندیەدا سەرنج و بیروڕای بەرچاوتریان دەخەنە ڕوو. هەرلەوپەیوەندیەشدا ئەوەیان ڕاگەیاندوە، کە ئەگەر بێت و ئەو ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندی و بەمەیلای ئەمریکایەکان نەبێت، بە بڕیارێک هەڵی دەوەشێنەوە پاش کۆتای دەورەی ئۆباما.

وەزیری دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکیش لەو ڕاستایەدا، هەستی بە نیگەرانیەکانی هاوتا فەڕانسیەکەی کرد و کێری ڕایگەیاندوە کە ئەوان هاوڕان لەسەر پرسی بەرنامەی ناوەکی ئێران و ئیدارەی ئۆباما پەلەی لە ڕێککەوتن سەبارەت بەو

قەیرانە نیەو بەڵکوو پێویستە سەرنجی هەموولایەنکان و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگای جیهانیش لە بەرچاو بگرین. زۆر لە سیاسیەکان لە ئاستی نێوخۆی ئەمریکا و دەرەوەدا، پێیان وایە سەردانی "ناتەنیاهۆ" بۆ کۆنگرێس و فاکتەکانی شوێنی زۆر بارچاوی لەسەر وریاکردنەوەی لایەنەکانی بەشداری گفتووگۆکانی ڕۆژئاوا و ئێران هەبووە.

حکوومەتی نیزامی ئێران زۆر بە خێرای کەوتوونەتەخۆیان هەتا پێشدەست پێکردنی قۆناخی هەڵبژاردنی دەورەی سەرۆکایەتی لە ئەمریکادا، لەو بوارەدا بەئامانجەکانیان بگەن و خۆیان لە پرسی ناوەکی لە گەڵ ڕۆژئاوادا یەکلای بکەنەوە. بەپشت بەستن بە میکانیزم و فاکتە سیاسی و فیکریەکانی ئەمریکا، جێگۆڕکەی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی لەو وڵاتەدا، لە نێوان" دێموکرات و کۆماریەکاندا" یەک لای دەبێتەوە و بەدرێژای مێژووی سیاسی، ئەو دوو حیزبە وڵاتیان بەڕێوەبردوە و لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەکەبارایەتی یەکتری دەکەن. بەڵام کاتێک "سەیری پاشەکشەی سیاسی و نیزامی و دیپلۆماسیەکانی ئەمریکا دەکرێت، زۆر بەی شکەست و پاشەکشەکان لە سەر دەستی دێموکراتەکان تۆمارکراون لە مێژووی سیاسی ئەو وڵاتەدا" و، وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە لایەن "باراک ئۆباما" بەقۆناخی شکەست و پاشەکشەی گەورەی ئەمریکا دەژمێردرێ و ئەو وڵاتە لە بواری سیاسی و ئابووری و بازرگانی و دیپلۆماسیەکانی بەهۆی نەرم ڕەوی ئۆباماى، مەیدانی بەتەواوی لێ بەرتەسک کراوەتەوە. بەڵام کۆمەریەکان لە ئاستی سیاسیەتی دەرەوەدا پەیڕەوی ستراتیژی خێراو قوول کە لە گەڵ بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانی بگوونجێ، پشتیووانیانکردووو سیاسەتێک بەڕێوەدەبەن کە لە هەموو بوارەکاندا هێزو قورسایی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاستی نێونەتەوەیدا نیشانبدات و هەنگاو بەهەنگاو لە مەیدانی کایە سیاسی و دیپلۆماسیەکاندا خۆیان دەربخەنەوە. لە ئەمریکادا سیاسەت و بڕیاری نیشتیمانی لەسەر دەستی دوو ئاڕاستەی جیاوازدا دیاری دەکرێ و هەرلەوکاتەشدا وڵاتی پێبەڕێوە دەچێت و ئەوەی سیاسیەکانی ئەمریکا هەوڵی بەهێزکردن و پەرەپێدانی دەدەن، باڵادەستی و توانای سیاسی و ئابووری و نیزامیەکانی وڵاتەکەیانە. دیارە لەو کاتەوەی ئۆباما وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەرکەوتووە، پەیڕەوی لە دیپلۆماسیەتێکی سیاسی نەرم دەکات و هەوڵدەدات زۆر بەی کێشە و قەیرانەکان بە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگدا بەئەنجام بگەیەنێت. ئیدارەی ئەمریکا زۆر بەچڕی لە ماوەی سەرۆکایەتی ئۆبامادا کەوتۆتەخۆی بۆ ئەوەی سەبارەت بە قەیرانی ناوەکی ئێران بگاتە ئانجام و لەو ڕێگایەوە کۆتای بە ئاڵۆزیە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی وڵاتەکەی لە گەڵ دەسەڵاتی خۆ سەپێنی تاراندا بێنێت. کاتێک بنیامین ناتانیاهۆ لە کۆنگرێسی ئەمریکا، بە هێنانەوەی فاکت و بەڵگەی سەلمێنەر، پەردەی لەسەر نێوەرۆکی گەلاڵەی ئەو ڕێککەوتنەی ئەمریکا و ئێران هەڵدایەوە کە هەردوولایان خەریکبوو کەلەسەری ڕێککەوتن بکەن. حکوومەتی ئەمریکا و بەتایبەت کۆماریخوازەکان، لە گەڵ لابردنی سزاسەپێندراوەکاندانین و متمانەیان بە ڕێژێمی ئێران لە تەواویەتیخۆیدا نیە، چوونکی زۆر بەی خەڵکی ئەمریکا و سیاسیەکانی ئەو وڵاتە شارەزای باشیان لە پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی ئێراندا هەیە و بێگوومان کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندی لە هەوڵی ئەوەیدان، کەڵک لە دەورانی حوکمڕانی ئیدارەی ئۆباما وەربگرن و کۆتای بە قەیرانی ناوەکیان لە گەڵ ڕۆژئاوادا بهێنن. دیارە بۆ کاربەدەستانی ئێران سانا نابێت لە پاش کۆتای دەورەی نویی هەڵبژادنەکانی

ئەمریکا، کە چاوەڕوانـدەکرێت ئەو جـار کۆماریەکـان بـراوەی هەڵبژادنـی سـەرۆکایەتی ئەو ولاتە بـن و، بەوجـۆرەش قۆناخەکانی گفتووگۆی دولایەن دژوارتردەبێ و وەک ئیدارەی ئێستای ئەمریکا خاڵ و ئیمتیاز بە ئێران نادرێت.

حکوومەتی ئاخوندی ئێران و وەڤدی دانووسانکاری ڕێژیم لە ژێر سێبەری ئەو لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەیاندا، بەخێرای دەنێرێتە سەر مێزی گفتووگۆکان، بۆ ئەوەی لە ماوەی ئیدارەی ئۆباما دا بەلانی کەمی ڕێککەوتنێک بگەن سەبارەت بە کێشەی ناوەکی ولاتەکەیان و لەو ڕێگایەوە زۆر زیرەکانە خۆیان لە مەترسیەکانی کە ڕووی لە دەسەلاتی تاران کردوە، لەسەر خۆیان لابەرن و ئەو مەسەلەیە بە یاسای بکەن.

حکوومەتی نیزامی ئاخوندی ئێران، وەک ڕێژیمێکی ترسەناک و پێشێلکردنی هەموو ڕێسا و یاسایەکی جیهانی ناسراوە کە تێیدا دژی هەموو پێوانە و نەریتێکی جوانی گەشکردن و پێشکەوتنخوازی سیاسی و مرۆڤایەتیە لە ئاستی گێتیدا و ئەو ولاتە لە پێناو پاراستنی دەسەلاتی سیاسیاندا دەست بۆ هەرکارێکی ناشرین دەبن، چۆن سەردەمانێک بە ڕۆژی ڕوونـاک و لە ئۆروپا دژبەرانی خۆی تیرۆری سیاسی دەکرد، ئێستایش ئەگەر بۆیان بلوێت ئەو زەمینەیە دروست دەکەنەوە بـۆ لە نێوبردنی موخالیفانیان لانیکەم لە ئێراقی پڕ لە کێشە و قەیران و ئاڵۆزی سیاسیدا.

گەلانی ولات و بەتایبەتی گەلی کورد بەتەواوی لە سیاسەتی ئەو ڕێژیمە بێزار و نیگەران و کۆمەڵگای ئێران بەگشتی چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاو دەکەن کە بەڕێگای خەباتی جەماوەری فراواندا، ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و پاشکەوتووبە لە سەر ڕێگاییخۆیان لابدەن و جێگرەوەیەکی سیاسی دێمۆکراتیک دابمەزرێنن.

۱۰ی مارچی ۲۰۱۵

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بەکردەوە سەرکردایەتی گەورەی ئیپراتۆری شیعە دەکات!

نیگەرانیەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور و نزیک سەبارەت بە هەڕەشە و مەترسیەکانی ئێران هەتادێت زۆرتر پەرەدەگرێ و وڵاتانی ناوچەکەیش هەست بە بەرپرسیارەتی سیاسی و مێژووی لە ئاستی بااڵدەستی ئەو ڕێژیمی تاران دەکەن کە لە ئێراق و سوریا و یەمەندا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەرچاوتر لە هەمیشە دەرکەوتووە و، بەاڵی شارەزایانی سیاسی و لێکۆڵەرەوە وەک لێکدەرێتەوە کە ئێران بەکردەوە بۆتە سەر چاوەی بارگرژی و ئێستاش هەوڵی هەڵگریساندنی شەڕی تایفی و مەزهەبی کە سیاسەتی لەپێشدا داڕێژراویانە بەزەقی پەرەپێداوە و شەڕی مەزهەبیان گەیاند بن گوێی سعودیە. سنوور بەزاندنی حکوومەتی ئاخوندی ئێران بەو شێوە بەربااڵوە، الیەنە ناکۆکەکانی بەرەی عەرەبی سونە مەزهەبی بەدژی دەستێوەردانی تاران لە کاروباری وڵاتانی وەک ئێراق و سووریا و یەمەن و ئەفغانستان هێنایەدەنگ و لە بەرەیەکی هاوبەشدا کۆیکردنەوە و هەوڵەکانیان بۆ بەرەنگار بۆنەوەی دوژمنی هاوبەش سختە گەڕ و، لە ژێرناوی "گەردەلولی برگری"دا هێرشی ئاسمانی و وەک چاوەڕوانیش دەکرێت، بڕیارە شەر لە ئاسمانەوە بگاتە سەرزەوی و جوڵەی سەربازیش بەدژی "حوسیەکان" نی یەمەن ئەنجام بدرێت. ئێران دەمێکە دەستی بەسەر پایتەختی چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا گرتووە و ئەوەی لەو ڕۆژانەیشدا لە یەمەن ڕووبداوە، درێژەی سیاسەتێکە کە حکوومەتی تاران بەدوای کۆتای هاتنی شەری ٨ ساڵەی لە گەڵ ڕێژیمی سەدام حوسین دا دەست پێکردوە و زۆر بە ئارامی و وریای قەڵەمڕەوی دەست وەردان و فراوانخوازی وڵاتەکەی پەرەپێداوە و بە هانەشیان بۆ ئەو کردەوە مەترسیدارەیان، بەجۆرێک باسی دەکەن کە گوایە بەهانای خەڵکی لێقەوماو بێدەرەتانی نێو شەر و دوای شەر چوون و یارمەتی و هاریکاری مرۆیان گەیاندوونێتێ. ئێستا بۆ کۆڕوکۆمەڵێ نێو نەتەوەیش دەرکەوتووە کە ئامانجی حکوومەتی ئاخوندی ئێران لەو هەوڵانەی دەیدات چیە و بەرنامەیان بۆ چی داڕشتوە. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لە هەر شوێنێکدا "شیعە" مەزهەبێک لە تەنگانە و مەترسیدا بدۆزنەوە، بەخێرای و بێدوودڵی هاوکاری و پاڵپشتی بە ئاشکراو لە ژێر پەردەدا پێشکەشی دەکەن و هانی ئەو الیەنە دەدرێت کە هەلومەرجەکە لە بەرژەوەندیخۆیاندا بگۆڕن. ستراتیژی ئاخوندەکان ئەوەیە کە لە ڕێگای ئاژاوە و شەڕوکاولکاری هێزی خۆیان پێشانبدەن و الیەنی بەرانبەریان مل کەچی ویستەکانیان بکەن.

ئێران لە ژێر ناوی پاریزگاری لە پیرۆزیەکانی شیعەکانی ئێراق، هێزیکی زۆری گەیاندە ئەو وڵاتە و لە وێشڕا وێڕای چەکدارانی شیعە مەزهەب، بۆ یارمەتی و پاڵپشتی هێزە چەکدارە حوسیەکان، لە یەمەن دەرکەوتن و بەرەی شەڕیان بۆ ئەوێگواستەوە. ئێران قازانج و بەرژەوەندی وڵاتەکەی لە ئاژاوە نانەوە و خۆشترکردنی ئاگری ئەو شەڕدا هەیە و، ئەوەی لە ئێراق بەدژی داعش ئەنجامی دەدات، بێگوومان بەالڕێدا بردنی بیروڕای کۆمەڵگای جیهانیەوە و دەیهەوێت لەو ڕێگایەوە

پەیامی ئاشتی و ئاشتەوای نیشانی گەلانی دونیا و ناوچەبدات کە بەدژی تیرۆر شەڕ دەکەن و هاوکاری هێزەکانی ئێراق دەکەن بەدژی ڕێکخراوی داعش.

دواجار هاوپەیمانی و یەکڕیزی وڵاتانی سونە هەزهەب، بەتەواوی دەستی ئێرانیان کوردت کردەوە بە هۆی هێرشەئاسمانیەکانیەوە بۆ سەر حوسیەکان لە یەمەن و بێگوومان وڵاتانی عەرەبی لە کۆتایدا لە مەترسیەکانی ڕێژیمی ئێران ئاگاداربوون و ئێستا لە ژێر سایەی ڕۆژئاوادا هەوڵدەدەن پێش بەنفوزو دەسەڵاتخوازی حکوومەتی تاران بگرن و لەوەی زیاتر مەجل بە حکوومەتی تاران نەدرێت بەئارەزوی خۆی لە ناوچەکەدا بجوڵێتەوە. یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی وڵاتانی سونە لە بەرانبەر ئێران و ئەو دەست درێژی و پێشێلکاریانەی ئەنجامیدەدات، سەلماندیان کە ئێران ئیدی بۆی نیە، بەلەوەی زۆرتر دەست وەربداتە نێو کاروباری وڵاتانی عەڕەبیەوە و ئەگەر ستۆپێک بۆ کردار و سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا دەنەنێت لە ئاستیدا، سەبریان بەسەر دەچێت و حکوومەتی ئاخوندی دەبێ چاوەڕی تەقینەوەی تورە وڵاتانی ئۆمەی عەربیی لە بەرانبەر خۆیاندا بکان.

ئێستا کێشەو ناکۆکیەکانی ناوچە، خەریکە بەتەواوی بکەوێتە ژێر کاریگەری دوو مەزهەبی بەتەواوی ناتەبا و دژبەیەک،حکوومەتی ئاخوندی ئێران زۆر دەمێکە ئەو پیلانەی داناوە کە دونیا شیعە گەری لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و سەرکردایەتی گەورەی ئیپراتۆری شیعە بکات لە ئاستی گێتیدا. قوڵتر بوونەوەی قەیرانی سیاسی و مێژووی لە نێوان سونە و شیعەی ئێراقدا، ئەو دەرفەتەی بۆ ئێران پێک هێناوە هەتا بەکەیفی خۆیان لەو مەیدانەدا ئەسپی سەرکێشیان تاوبدەن و بەدژی سونە خۆیان لە بەرەی هاوبەشدا ڕێکبخەن، بەڵام ئەوەی بەلای سیاسیەکانی ناوچە و دنیا ڕۆژئاوادا جێگای لێوردبوونەوە و خوێنەوەی، سیاسەت و هەڵوێستی شل و شەوێقی ئیدارەی ئۆبامایە لە بەرانبەر حکوومەتی تاراندا. ڕەنگە جولە سەربازی و سنووربەزاندنەکانی ئەو وڵاتە خێری زۆر بە هاتنەوە مەیدانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بگەیەنێت، کاتێک واشنگتۆن هێزەکانی لە ئێراق و پاشان لە ئەفغانستادا کێشایەوە و بێگوومان پاش کشانەوەی ئەو زلهێزەی دونیا و جێهێشتنی بۆشای سەربازی، ئێران هژەموونی خۆی بەسەردا سەپاندوە و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوجار، بەبێ هۆکاری سیاسی و سەربازی کە لەلایەن وڵاتەکانەوە بەڕێزەوە میوانداری بکرێنەوە. ئەمریکا بەجۆرە نەبێت ناتوانێت جارێکیتر هێزی خۆی ڕەوانەی ئەو ناوچە گرینگ و دەوڵەمەند و سوبەخشە بکاتەوە کە لە دەستی داوە و لە بەرانبەردا ئێران دەستی بەسەرداگرتووە. قەیران و ناکۆکیە سیاسی و مێژووی و مەزهەبیەکانی ناوچە، تاڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی پرسی نەتەوەی کورد دایە و، بەمەرجێک سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر ژیرانە لەو بارودۆخە نوێیە بەقازانجی خۆی کەڵک لێوەربگرێ و چوونکی کێشەی ئێمەی کورد، مەسەلەی ئاین و شتی لەو جۆرەنیە، بەڵکوو وەک کورد دەبێت هەوڵی چەسپاندنی مافی سیاسی و نەتەوەیمان بدەین. کورد نابێت لە بەرژەوەندی تایفە و مەزهەبێک لە ئێراق و ناوچەکەدا شەری لایەنێک بکات.

٣ی ئەپریلی ٢٠١٥

ئۆباما وەک دەروازەبانێکی بێ ئەزموون، گۆڵی ڕێژیمی ئێرانی خوارد!

ئۆباما وەک دەروازەبانێکی بێ ئەزموونی ناو یاریگای تۆپی پێی وڵاتەکەی کە نوێنەرایەتی ئیرادەی سیاسی و دیپلۆماسی دەکات، گۆڵی ئێرانی خوارد و لە کۆتایدا دەرفەتی بە ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندا،

بۆ ئەوەی پەرە بەبەرنامەی ناوەکیەکەی بدات و زەمینەی لەباری بۆ ئەو وڵاتە هێنایە ئارا و بە قەولی: باراک ئۆبامایش بێ ئیستا بەنامەی ناوەکی ئێران لە ژێر سیستمی کۆنترۆڵی نێونەتەوەیدا کارەکانی وێزگە ئەتۆمیەکان بەڕێوەدەچن". چوارچێوەی ئەو ڕککەوتنە ئەوەندەی لە قازانج و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانی حکوومەتی ئاخوندی دایە، بەو ڕادەیەش زیان بە پرۆسەی ئاشتی و ئازادییە سیاسی و دیمۆکراتیکەکانی گەلانی وڵات دەگەیەنێت. ئێران براوەی یەکەمی دانیشتنەکان بوو و زۆر ژیرانە توانیان زلهێزەکان لەسەر مەسەلەی بەرنامەی ناوەکی وڵاتەکەیان رازی بکەن، لە ڕاستیدا ئێران سودی زۆری لە ماوەی سەرۆکایەتی ئیداری نوێی ئەمریکا وەرگرت و توانی لە ڕەوتی گفتووگۆ کانی لە گەڵ زلهێزە جیهانیەکاندا سەرنجام بەڕێککەوتن بگات و بەرنامەی ناوەکیەکەی لە بەردەم بیروڕای نێونەتەوەیدا بە "یاسای" بکا و بەڕواڵەت نیازی ئاشتیخوازی وڵاتەکەی لەو بوارەدا پێشانداوە و لەو بەرنامەیاندا لایەنی خزمەتگوزاری و ئاشتییان تێدا ڕەچاوکردوە و مەبەستی ئاخوندەکان لە ماوەی گفتووگۆکاندا هەر ئەوەبوو کە نیەت باشیان بسەلمێنن. ناڕوونی نێوەڕۆکی ڕێککەوتنی نێوان ئۆباما و ڕێژیمی تاران دۆستەکانی ئەمریکای بەتەواوی لە ناوچکەدا نیگەرانکردوە و وڵاتانی عەڕەبی بە سەرنجەوە دەڕوانە ئاکامەکانی ئەو پێک هاتنە ڕوکەشەوە و وەزیری دەرەوەی سعودیەش لەو پەیوەندییەدا ئەوەی گووتووە: کە وڵاتەکەیان هەست بە مەترسی و نیگەرانی سەبارەت بە دەست ئاواڵەبوونی ئێران دەکات و گوومانی ئەوەیان هەیە حکوومەتی ئاخوندی پڕۆگرامی ناوەکیەکەی بە ئامانج بگەیەنێت و بەوجۆرەش دەبێتە هەڕیشە و مەترسی لە ناوچەدا. نوێنەرانی کۆنگرێس و ناوەندە بڕیار بەدەستاکانیتری ئەمریکایش بە گوومانەوە چاوەدێری و خوێندنەوەیان لەو بارەوە ئەنجامداوە و کۆمارییەکان و هەتا هێندێک لە دێمۆکراتەکانیش ڕایانگەیاندوە، ئێران براوەی ئەو بازییە دیپلۆماسیەوەبووە لە سایەی سەری "ئۆباما"ی دا و لەو پەیوەندییەدا نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە و داوای ڕوونکردنەوەی زۆرتریان کردوە. ئەو ڕێککەوتنە بەلای زۆربەی سیاسیەکانی نێوخۆی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و موخالیفانی ڕێژیمی ئاخوندی ئیران، لە بەرژەوەندی ڕەوتی دێمۆکڕاسی و پەرەگرتنی ئازادییە دێمۆکراتیکەکانی گەلانی وڵات نیە و بەڵکو ئێران ئێستا لە هەموو بارێکەوە براوەی ئەو گەماسیاسیە جیهانیەبووە کە ئەمریکا هەوڵیدەدا دەستی حکوومەتی تاران بەتەواوی کوردت بکاتەوە و مەجالی هاتنە پێشی زۆرتری پێنەدرێت. چاوەڕواندەکرێت ئۆباما ئەو جار کار بۆ لادانی، سزا ئابووریەکان بکات و ئەو دەرفەتە بە کاربەدەستانی تاران بدات بۆ ئەوەی خاڵە کانی پێک هاتنەکەیان وەک

خۆی کیسەی بۆ هەڵدرووە، بەخێرای نەتیجەی بۆ دونیا دەربکەوێت و دەست بەجێ بە جێ کردنی نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکەیان بکات. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران پاش بەدەست هێنانی دەسکەوتی گەورەی لەو پەیوەندییەدا، پێناچێت ئەو جار بە سانای مل کەچی مەرج و خاڵی زلهێزەکانی جیهان بێ وەک ئەوەی ئیدارەی ئۆباما پێشوەختە ڕایگەیاندوە و گەشبینن بە ئەنجامی کارەکەیان. باراک ئوباما بەدوای ڕاگەیاندنی ئەکامی ڕێککەوتنی نێوان زلهێزەکان و ئێراندا، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرایل کردوە و دڵنیای داوە بەو وڵاتە کە ئاسایشی وڵاتەکەیان پارێزراوە و نابێت هەست بەمەترسی زۆرتر لە ئاست ئێراندا بکەن. بەڵام ناتانیاهۆ بە ئاشکرا بێزاری و ناڕەزایەتی خۆی بە سەر کۆماری ئەمریکا ڕاگەیاندوە و ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە وڵاتی ئیسرایل ناتوانێت باوەڕ بەو ڕێککەوتنە و بەرنامەی ناوەکی تاران بکات و تەکیدی لەسەر سیاسەتی خۆی لە بەرانبەری ئێراندا کردۆتەوە و دووپاتی سیاسەتی نەگۆڕیانی لە ئاستی حکوومەتی ئاخوندیدا کردۆتەوە.. زۆر لە سیاسی و ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهان بە شێوەی دیاریکراویان شەن و کەوی ئەو ڕێککەتنەیانکردوە و بەشێکیان پێیانوایە، جێ بەجێکردن و پاراستنی ڕێککەوتنە کە زۆر گرینگە، ئەگەر بێتو حکوومەتی ئێران بە تەواوی جێ بە جێی بکات و بچێتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئاژانسی وەزەی ئەتۆمییەوە و کارەکانی پەیوەندیدار بەئاشکراو لە ژێر چاوەدێریدا ئەنجامبدەن. پاش ئەو قۆناخە نوێیە کە بۆ حکوومەتی ئاخوندی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیدا پێک هاتووە، بێگوومان ئەرک و بەرپرسیارەتی" ئۆپۆزیسیۆن" زۆر لەجاران قورستر دەبێ و بە جدی هەوڵی بەجەستەکردنی ئامانج و بەرنامەی ڕێژیمی تاران بدەن و بەرچاوروونی بخرێتەوە پێش چاوی کۆمەڵگای جیهانیەوە و هەنگاوەکانیان یەکبخەن و لە ئاستی دەرەوە و وڵاتداسەنگەریکانیان ڕێکبخەنەوە.

هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئێستادا کەوتونەتە ژێر باری ئەرکی گرینگ و مێژووی سیاسی و دیپلۆماسی و بێگوومان پێویستە بایخ بە فراوانتر کردنی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەری بدرێ و هەنگاوە سیاسیەکان بێ لە بەر چاوگرتنی بیروباوەڕی سیاسی و حیزبی بوون، لە دەوری یەکدا کۆببنەوە و بە یەکدەنگی بەدژی حکوومەت دریژە بەخەبات و تێکۆشانیان بدەن.

٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

بەڵام دۆستایەتیش کە لەگەڵ دوژمنی خوێن و وڵات بێ، هەر دوژمنە و نابێتە هاونیشتمانی نەتەوەیت!

چەند ساڵێک دەبێت گومانێک کە زۆر هەستیار و سەرنج ڕاکێشە لە لای ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات سەری هەڵداوە و بەشێوە و فۆرمی جیاجیا ئاوێزانی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەکرێ و هەتا لە مەجلیسی تایبەتی و بەکۆمەڵدا دێتە گۆڕێ. ئەو گومانەش دەتوانن خۆتان لە وێنەکاندا هەستی پێبکەن. "دەگوترێ شەهیدکردنی دکتۆر قاسملوو بە پلان و ڕێخۆشکردنی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بووە".

بەڵام ئەوەی لێرەدا سەرنجی منی وەک ئەندامی حیزب و کادری پێشووی ڕۆژانی سەختی خەباتی شاخ و شار ڕاکێشاوە و بەپەرۆشی ئەو باسەوەین بۆ ئەوەی بچینە بنچوبناوانی مەسەلەی پەیوەندیدار بە سەردێری وێنەکان. بەڵام بۆچی ڕێبەری ئێمە، ئەگەر ئەوی دەگوترێ و لە ڕاستیەوە نزیکە، هیچ جۆرە ڕوونکردنەوە و لێدوانێکی لەوبارەوە نەداوە و هەڵوێستی ڕوونی ڕانەگەیاندوە و وڵامیشی بۆ دۆستان و لایەنگرانی خۆی نیە؟ لە بیرمە ئەو کات کە پیاوکوژانی ڕێژیمی تاران کردەوە تیرۆریستیەکەیان ئەنجامدا و لە پیلانەکەیاندا بەئامانجی چەپەڵییان گەیشتن، ئەو وەختی و ڕاست لە پاش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، ڕێزداران مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و حەسەنی شەرەفی بە مەبەستی بەدواداچوونی کردەوە تیرۆریستیەکە و بەخاک سپاردنی تەرمی گەورەپیاوی مێژووی نوێی گەلەکەمان دکتۆر قاسملوو سەفەری دەرەوەیی وڵاتیان کرد و لە فەڕانسە وتار و لێدوانیان لەو پەیوەندیەدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارو مێدای ئەو کاتدا بڵاوکرایەوە و ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئاخوندی بەدارێژەرو ئەنجامدەری ئەو پیلانە دەست نیشانکرا و پەنجەی تۆمەت بۆ هیچ و هیزو لایەنکی کوردی درێژ نەکرابوو. لە هیچ شوێنێکدا ئەو باسە نەهاتبۆ گۆڕێ کە باس لە دەست تێدابوونی کەسی یەکەم و دووهەمی یەکیەتی نیشتمانی بکا و بڵێن ئەوان ئاگاداری ئەو پیلانەی دوژمن بووبن و زەمینەی ئەوەیان ڕەخساندووە.

ئەوەی ئەمڕۆ دەگووترێ بێگوومان دەبێتە بووختانی سیاسی و ئەگەر وانیە با حدکا وحدک لەو بارەوە بێنە جواب و وڵامی ئەو باسە بدەنەوە. من ئەوکات لە هاوڕێیانی خۆمان زۆر جار بیستبووم کە لە دیداری یەکەمدا ڕێزدار تاڵەبانی بە پارێزەرەوە بەدرەقەی دکتۆر قاسملوویان کردوە و هەتا کا دکتۆر کە دەزانێت مام جەلال هاوڕێکانی بەچەکەوە لە گەڵ خۆییدا هێناوە، پێیگووتووە" ئەوە چییە مام جەلال لێرەش (نەمسا، ئوتریش) خڕێ ناوزەنگت ژیاندۆتەوە، ئێمە ئێستا لە ئۆروپاین و پێویست بەو نیگەرانیە ناکات. لە وڵامدا مام جەلال دەڵێت، "کاک کتۆر من باشتر ئەو فارسانە دەناسم، جێگای باوەڕ پێکردن نین. ئەی لە کوێن ئەو مرۆڤانەی ڕۆژگارێک بە شانازییەوە ئەو قسانەیان دەگێرانەوە، بۆچی ئێستا هیچی

لەسەر ناڵێن و بە لای ئەو باسەدا نارۆن. خۆ ئەگەر ئێستا لە بەر هۆکاری سیاسی و ئەمنیەتی بە سەڵاحی نەزانن و بێ دەنگیان هەڵبژاردبێ خۆیان لە قەرەی ئەو باسە بدەن، دەبێت ئێمەیش لە چوارچێوەی ئەو پرینسیپانەدا هەڵسوکەوت بکەین کە ڕێبەری دیاری دەکا. لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیی دا حیزب وەک تاکە هێزی گەورەی کوردستان ئەو ئیمکان و دەرەتانەی هەبووە ڕاستیەکان وەک خۆی بگوازێتەوە لە سەر چۆنیەتی کەیسی دکتۆر قاسملوو. بەڵام سەیرە ئەو مەسەلە بۆچی لە سەر زار و زمان نەکەوێت و بەردەوامی پێدەدرێت. هەر بۆیە پێم وایە کاتی ئەوەی هاتووە مێدیای کوردی بەدوادا چوون سەبارەت بەو بابەتە بکەن.

هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەی بوو کاربەدەستانی تاران بۆ ئەوەی ساناتر پیلانەکەیان ئەنجام بدەن، لە دانیشتنەکانیتردا، ڕێگا بە کاک دکتۆر نەدرێ یەکیەتی و مام جەلال لە ڕەوتی دانیشتنەکان ئاگادارین. نوێنەرانی ئێران مام جەلالیان پێ گەورەترین کۆسپ بووە و لە سەر بەڕێوەبردنی پیلانی دوژمنانەیاندا. هەتا دەگێرنەوە کە ئێرانیەکان گووتوویانە نابێت جەلال تاڵەبانی ئاگاداری بەردەوامی دانیشتنەکانی ئێمە و سکرتێری گشتی حدکا بێت. چوونکی ناوبراو (مام جەلال) زۆر زاربەهاوارە و لە هەموو شوێنێک باسی وتووێژی دوولایەن دەکات. خۆ هەر ئەو کات نیاز خراپی نوێنەرانی ئێران دیاربووە کە ئامانجیان چارەسەرکردنی پرسی سیاسی گەلی کورد نیە، بەڵکوو لە کەمینی لە نێوبردنی دکتۆر قاسملوو دان. بە داخەوە زۆر بە هاسانی ئەو مرۆڤە گەورەو گرینگەی ئێرانیان لە سەر ڕێگای خۆیان لادە کە ڕیشەی حکوومەتی تارانی لەق کردبوو.

باشە ئەی بۆ ئەندامانی حیزب پرسیاری ئەو بابەتانە لە ڕێبەری ئەو سا و ئێستا ناکرێت و ئەو بەڕێزانەیان نەهێناوەتە زمان لە بارەی ئەو پرسەوە؟ خۆ ئەو کات حدکا وەک ئێستا دەوری "سیمی خاڵدار نەکرابوو و خۆی حوکمڕانی سەر سنوورەکانی بەدرێژای سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات و گەرمێنی دەکرد و هێزێکی گەورە و ڕێبەرێکی بوێرو چاونەترسی وەک شەهید دکتۆر سەعید، لە نێو ڕووداو مەسەلەکاندا بوو". پێتان وایە ئەگەر ئەوکات، ئەوەی ئەمڕۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەرچاو دەکەوێت و دەگووترێ، شکی لەسەر بایە، چاوپۆشی لێکردبا و خۆی لێ بێ خەبەر کردبا. من دەڵێم نەخێر! ئەو شۆڕشگێڕێکی گەورە و بوێرو پشوو درێژبوو، ناهەقی و غەدری سیاسی لە هیچ کەس و هێزێک قبووڵ نەدەکرد. من بۆیەش کۆپی ئەو وێنەیەم داناوە، هەتا هەموو لایەک سەرنجی خۆیان بخەنە سەر ئەو باسە و ئەو قسانەی کە دەکرێن. من زۆر نیگەرانی ئەوەم دەستی دوژمنانی لە پشت بێ و هەوڵی ئەوە بدەن زیان بە ئاستی پەیوەندیە سیاسی و میژوویەکانی حیزب و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بگەیەنن. منیش پێمخۆشە ئەو مەسەلەیە بۆ هەموو لایەک و خەڵکی کوردستان و میژوو ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو لاپەڕەیە دابخرێت. دەنا بەردەوامی ئەو باسە، لە سەر ئەساسی بێبنەمای و دوور لە ڕاستی مەسەلەکە، بێگوومان خزمەت بە ئاستی هاوکاری و دۆستایەتی گەلی کورد لەو دوو بەشی کوردستان ناگەیەنێت و پشتیوانی و بڕیاری سیاسی و میژووی یەکیەتی نیشتمانی کە لە حیزبی دێمۆکراتی کرد، دەخاتە ئەو لاوە و ئەو خوێنانەی

کە بۆ بەرگری کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەنگەرێکدا تێکەڵ بەیەکبوون لێمان نابوورن (خوێنی سووری پێشمەرگەکانی حدکا و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، کە وەک هێزی پشتیووان بەهانەی حیزب و دکتۆر قاسملووی هەمێشە زیندووە هاتبوون و لە سەنگەری بەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکەڵ بەیەکبوون و مێژووی سیاسی گەلی کورد هەرگیز ئەو ڕۆژانەی لە بیرناچێت). مام جەلال و نەوشیروان ئەو دوو کەسایەتیە بوون کە هێزی پشتیووانیان نارد بەرەکانی شەڕ بەدژی لشکری حکوومەتی ئاخوندی ئێران و بڕیاری سیاسی و مێژوویاندا، هەر ئەو کاتیش دکتۆر قاسملوو ڕوو لە هێزی پێشمەرگە ئەو ڕاستیەی ڕاگەیاند کە یەکیەتی ئەمڕۆ بریارێکی سیاسی و مێژووی داوە، کە بەهانەی پارچەیەکیتری نیشتمانەوە چوون و بە خوێنی پێشمەرگەکانیان بەرگری لێبکەن.

کاتێک کە دکتۆر سەعید لە بەرلێنی ئاڵمان لە "ڕیستۆرانتی میکۆنووس" بە دەستی تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانی شەهیدکرا. پاش کۆتایی کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالٔ سۆسیالیست، مام جەلال بە کاک دکتۆر سەعید دەڵێت لەو سەفەرەتدا دەبێ زۆر ئاگاداری خۆت بی، چوونکی ڕێژیمی ئێران پیاوکوژەکانی ڕەوانەی ئێرەکردوە هەتا ئیوەش لەناوبەرێت، ئێمە لەلایەن حیزبە ئیسلامیەکانی خۆمانەوە ئەو زانیاریەمان پێگەیشتووە و دەبێت زۆر وریایی خۆت بی، ئەو ماوەیەی کە لە دەرەوە دەمێنیەوە. کاک دکتۆر سەعید مام جەلال دڵنیا دەکاتەوە کە هەر ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ پاریس و لە بەرنامەیان دا نیە لە ئاڵمان بمێنێتەوە. ئەگەر یەکیەتی و شەخسی مام جەلال بە پەرۆشی ژیانی ڕێبەرانی حیزبەوە نەبان، چۆن بەو پەرۆشیەوە ئاگاداری پیلانی دژمنیان دەکاتەوە و بە چەکەوە پارێزگاریان لێدەکات لە دەرەوەی وڵات.

کورد هەرگیز لەسەر ئەوەی ڕانەهاتووە چاکەی لەبیر بچێ و لە تاریکیدا مەلەی گوومان بکات و ڕێبەرانی شەهیدیش ئەو وانەیان فێری ئێمە نەکردە و ڕاهاتبووین کە ڕاستگۆ و بەهەڵوێست بین و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب دەبێ لە کاتی تەنگانەدا زۆر سەر ڕاستانە بڕیار بدەن و بە چاو نوقاوی بەدوای ڕووداوەکان نەکەوین. ئیستا ڕێبەری حدکا و حدک دەبێت لەو بارەوە هەڵوێستیان هەبێ و لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتە بکەن. هەر چەندە من چەند جارێک ئەو بابەتەم لەدەرەوەی وڵات لەگەڵ دۆستانی خۆم هێناوەتە گۆڕێ و باسم لەوەی کردوە کە لە ڕێگای تەشکیلاتیەوە ئاگاداری هەموو لایەک بکرێ، لە بڵاو کردنەوەی وێنە و گۆتاری هاوشێوە خۆیان بپارێزن. چوونکی حیزبی ئێمە هەرگیز ئەو باسەی نەگواستۆتەوە بۆ نێو ڕێکخراوەکانی و ئەو قسانەش دوورن لە هەڵوێستی سیاسی حدکا. حیزب لە کاتی بەهێزی دا ئەگەر مام جەلال و نەوشیروان هاوبەشیان کرد بێت لە بەڕێوەچوونی ئەو پیلانەدا، حیزب و شەخسی دکتۆر سەعیدی نەمر بەدڵنیایەوە هەڵوێستی خۆی دەگرت و بڕیاری سیاسی لەو بارەوە دەدا. بەڵام زۆر سەیر و سەرنج ڕاکێشە بەلامەوە، بۆچی مێژووی دەست پێکردنی ئەو باسە زۆر تازەیە و باوەڕ ناکەم پێی نابێتە ٦ ساڵ. ئەگەر وایە بۆ کەسی یەکەمی حیزب خۆی لەو باسە بە دوور دەگرێ و هیچ قسەیەکیان لەو پەیوەندیەدا نائێن و خۆیانی لێ پشت ئاو دەکەن و وەک ئەوەی لەو بارەوە هیچ زانیارێکیان بە لاوە نەبێت. زۆر لە هاوڕێیانی ڕێبەری ئەو کاتیش بەرپرسایەتیان هەبوو و بەوردی ئاگاداری ئەو ڕووداوەن

و ئەگەر ئەو گوومانە ڕاست بووە، بۆچی تائێستایش باس نەکروە و بەداویدا نە چوون. ئەگەر ئەو مەسەلەیە ئەسڵ و ئەساسی نیە چۆن ڕێگا بە دۆستانی حیز ب و ئەندامانی خۆمان بدەین تێکەڵ بەو باسە بن و ڕێچکەی ڕووداوە و تاوانی ئەو کردەوە تیرۆریستیە بخەینە گەردنی دۆستانی مێژووی ڕێبەری شەهید دکتۆر قاسملوو. من ئەو گلەیەم بە دۆستان و ئەندامانی یەکیەتی گەیاندوە کە بۆچی دەبێت بکۆژی دکتۆر قاسملوو بەردەوام سەردانی کوردستان بکات و لە نیزێکەوە چاوەدێری کاروباری یەکیەتی بکات. ڕاستە یەکیەتی بە هۆی سروشتی سیاسی و جوگرافیای لەگەڵ ئێران، دۆستی وڵاتی ئیرانن،" بەلام دۆستایەتیش کە لەگەڵ دوژمنی خوێن و وڵات بێ، هەر دوژمنە و نابێتە هاونیشتمانی نەتەوەیت". ڕێژیمی ئێران بوو نزیکترین هاوڕێ و دۆستی یەکیەتی نیشتمانی و مام جەلال، دکتۆر قاسملووی لە سەر مێزی وتووێژ تیرۆرکرد و ئێستا ئەو کەسەی ئەو کردەوەیەی ئەنجامدوە و فیشەکی کۆتایی لە جەستەی ڕێبەری مێژووی کورد خاڵیکردەوە (محمد جعفر سەحراروودی) نێوە بە نێوە دەگاتە سلێمانی و لە گەڵ بەرپرسانی یەکیەتی کۆدەبێتەوە و تاوتوێی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانیان لە گەڵ دەکات. ناوبراو خۆی تاوانبارە و دەستی چۆتە خوێنی ڕێبەرێکی گرینگ و گەورەی گەل. گلەیکردن زۆر شتێکی باشە و هەر دۆست ڕەخنەی لە سەر دۆستی سیاسی و مێژووی خۆی دەبێ.

کۆتای چیرۆک بۆ خوێنەران بەگشتی و بەتایبەت ئەو بەڕێزانەی کە جار بەجار سەری ئەو باسانە دەکەنەوە بە جێدێڵم.

٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٥

ڕاپەڕینی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆتای بە قۆناخی نسکۆی سیاسی و ڕێکخراوەی هێنا!

رووداوە سیاسی و ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی مەهاباد و شارەکانیتری کوردستان، نادروستی و بێمانای ئەو دەنگۆیانەیان سەلماند کە باس لەوەی دەکرا،

کە گوایە "شتێک بەناوی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی مابێت یان هەلومەرج و زەمینەی ئەوتۆی بۆ لە ئارادابێت و بەخێرای خەبات سەرهەڵبداتەوە و جەماوەری وەزاڵەهاتووی کوردستان بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لە بەرەیەکی بەرین و بەهێزدا ڕێبەری و ڕێنوێنی بکرێنەوە و تێکۆشانی سیاسی مەترسی لە سەر حکوومەتی ناوەندی ئێرن دروست بکاتەوە". بەدڵنیایەوە هەتا کوردێک لەو بەشەی کوردستاندا بژیت خەبات و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ئامانجگەلێکی سیاسی و نەتەوەیدا وەک هەمیشە درێژەی دەبێت و کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتی سیاسیش ناتوانن پێشی ڕەوتی نوێی بەرخۆدانی کوردانی ڕۆژهەڵات بگرێ و، لە مێژە زۆر لایەن و هەتا حکوومەتی ئاخوندیش لەسەر ئەو مەسەلەیە کاردەکەن و دەیان هەوێت بڵێن شۆڕشی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆشی هەرەس و نسکۆی گەورە بووە و بۆ جارێکیتر ناکەوێتەوە سەرپێی. بەداخەوە ژمارەیەکی دیار لە سیاسی یەکانی کوردستانی بەشەکانی تری کوردستان لەسەر ئەو بیروڕایەبوون کە بووژانەوەو دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی سیاسی و سەربەرزکردنەوەیان، بە شتێکی زۆر مەحاڵ لە قەڵەمدەدا و بەجۆرێک باسی هێزە سیاسی یەکانی ڕۆژهەڵات و خەباتی سیاسی و مەدەنیانەی ئەو بەشەی کوردستان دەکرا کە کاریگەریەکی ئەو تۆیان بەسەر رووداوەکانی ولاتدا نەمابێت. بەڵام رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەمدواینە و نائارامیەکانی کوردستان، بەدڵنیایەوە بە بێ زەمینەی پێشوەخت و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو هەر لە خۆیەوە و خۆ ڕسکانە نەهاتۆتە ئاراوە و ئەو کەس و دەستەیەش کە نەیاری بزووتنەوەی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بە زمانی چەواشاکاری و بەلارێدابردنی ئامانجی ڕاپەرینی جەماوەری هاتوونەتە سەرخەت و بەداخەوە لە ئاستی بەرزدا هەڵویستی سیاسی و پشتیوانی سیاسی لە بەرژەوەندی ئەو بەشەی کوردستان وەک چاوەڕواندەکرا، لێیان نەبینرا. هەر چیەک بێت ئامانج لەو ڕاگەیاندن و دەنگۆیانەدا، چاندنی تۆوی نائومێدی و خاوکردنەوەی هەستی بەرەنگاری و تێکۆشانی سیاسی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا لێکدەدرێتەوە. ڕاستە بە هۆکار و دەلیلی جۆر بەجۆر خەبات لەو بەشەی کوردستاندا، چەند ساڵێکە بەرەوکزی هەنگاوی ناوە و جێگای خۆیداوە بە خەباتی سیاسی و مەدەنیانەی نێوخۆی کوردستان و ئەو بابەتەیش لە هەموو وەختێک زۆرتر حکوومەتی ناوەندی سەخڵەت و نیگەرانکردوە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە خاوەنی پێگە و نفووزی بەرفراوانیەتی و هەرگیز لە کۆمەڵگای کوردستان و خەباتی سیاسی دانەبڕاوە و بەڵکوو ئاستی پەیوەندییە

سیاسی و ڕێکخراوەیەکانی بەباشترین شێوە دەرەنجامەکانیان لە قۆناخی ئێستای خەباتی سیاسیدا دەرکەوتووە و کاریگەری پەیام و خوێندنەوەی ڕاست و دروستی بەسەر ڕووداوەکاندا دیاربووە و ناکرێت ڕۆڵی ئەو هێزەنەی کوردستان بە کەم سەیر بکرێت.

هێزێکی وەک حدکا کە خاوەنی کۆدەنگی و پشتیوانی بەربڵاوی خەڵکی کوردستانی بەدرێژای مێژووی سیاسی لە پشت بووە، ئەگەر ئەو هاوکاری و پشتیوانیە بەرفراوانتر نەبووبێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەدڵنیایەوە بەرەو کزیش نەچووە. کاتێک خەباتی چەکداری و هەڵسوڕانی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران فیدای پاراستن و سەقامگیری ئەزموونی حوکمڕانی باشوری کوردستان کرا و ئاستی تێکۆشانی سیاسی و جەماوەری حیزبی دێمۆکرات پێینایە قۆناخێکی تازە و ناسک لە کوردستاندا و حیزب بیری لە ڕێگای پەیوەندی گونجاوتر کردەوە هەتا لە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان دانەبڕێت و بە بەرنامە و ڕایەڵکەی تەرەوە خەباتی خۆی بەڕێتە پێش و بۆشایەکانی خەبات و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگەکانی بە ڕێگای کانالەکانی تر دا پڕبکاتەوە کە لێرەدا جێگای ئاماژە پێدانیان نیە.

کۆدەنگی نیشتیمانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ جارێکیتر ئەو ڕاستیەی سەلماند کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لەو بەشەی کوردستاندا ڕیشەی قوڵ و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریەی کە بەشێکی شارەکانی کوردستانی گرتووە، بە بێ هۆکار و زەمینەی پێشوەخت بەدڵنیایەوە ڕووینەداوە. گەلی کورد بەیەک دەنگی هاتەمەیدان و سەرەڕای جیاوازی سیاسی و فیکری، بەڵام بەیەکەوە و لە تەنیشت یەکتریدا بە گژدوژمنی هاوبەشدا چوونەوە کە ئەمە خاڵی گرینگ و جەوهەری ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریە سەیر دەکرێت. زۆر کەس و لایەنی سیاسی پێیان وابوو شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەسانای سەر هەڵنادات‌ەوە، بەڵام نارەزایەتی و هاتنەمەیدانی خەڵکی کوردستان بەمەبەستی مەحکووم کردن و بەسزاگەیاندنی هۆکارانی بکۆژی "فەرینار خوسرەوانی" زۆر باش ڕووخساری هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی پێشانداوە.

شاری مەهاباد لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شاری لانکی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ناوبانگی بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە. "لە شاری کۆمار و ئاڵا و پێشەوا ، گەلی کورد بەدڵنیایەوە هەر ئەو یەک هەڵوێستیان لێ چاوەڕواندەکات". ڕاپەڕینی ئەوجارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناخی سیاسی ئێستای خەباتدا، کۆتای بە سەرەتای قۆناخی نسکۆی سیاسی و ڕێکخراوەی لەو بەشەی کوردستان هێنا. جێگای خۆیەتی دەست خۆشی و هەزاران ئافرین بنێرین بۆ ئەو تێکۆشەرانەی چاو نەترسانە، هاتنە مەیدان و داوای بەسزاگەیاندنی تاوانبارانیان کردوە. ئەگەر بێت ڕۆڵەکانی گەلی کورد هەر بەو جۆرە کورد بەیەکەوە و بە هاوبەشی بەشداری پرسە گرینگ و هەستیارەکان بکەن،بەدڵنیایەوە ڕێژێمی ئاخوندی ئێران بە سانای بۆی ناچێتەسەر ئەوەی پێی خۆش بێت و کەیفی لێبێت دەرهەقی گەلی کورد ئەنجامی بدات.

۱۱ی مای ۲۰۱۵

بەدەست پێشخەری پارتی کرێکاران، هێرشی چەکداری کراوە سەر پێشمەرگەکانی حدکا!

بەداخەوە ئەوەی نەدەبوو رووبدات لە نێوان هێزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و پارتی کرێکارانی کوردستاندا ئەمڕۆ بەدەست پێشخەری " پکک" هێرش کراوەتە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران جێگیر لە ناوچە سنووریەکان و لە ئاکامی ئەو هێرشەدا، وەک نوێنەری حدکا ڕێزدار "محمد سالح قادری" بە تۆڕێ میدیای رووداوی ڕاگەیاندوە، دوو پێشمەرگە شەهید بوونە و بریندارێش هەیە. گریلاکانی پکک لە کاتێکدا ئەو کردەوەیان ئەنجامداوە، کە دڵسۆزانی ئاشتی و تەبای لە نێوان هێزەسیاسیەکوردستانیەکاندا زۆر بەچڕی لە هەوڵی هێور کردنەوە و بەرگرتن لە تەشەنەکردنی ئاڵۆزی و بارگرژی لە نێوان حدکا و پکک لە ئارادابوو و ئەو هەوڵانە هەتا ئێستایش بە جدی بەردەوامیان هەیە. بۆ چی سەرکردایەتی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان بێ گوێدانە ویست و ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، بە خێرای بڕیاری هێرش کردنە سەر پێشمەرگەکانی حیزبیان دەرکردوە. ئەو هەڵوێستەی پارتی کرێکاران بە دڵنیایەوە زیانی زۆر دەگەیەنێت بە تەبای و هاوکاری لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکوری کورستاندا. دیارە هەوڵەکانی لێک تێگەیشتن و گفتووگۆی سیاسی بە هۆی بڕیاری خێراو چاوەڕواننەکراوی پکک شکەستی هێناوەو دوولایەن کەوتنە بەردەم شەڕی براکوژییەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە، پشتیوانی بارگرژی و ئاڵۆزای سیاسی و دروستبوونی شەڕی براکوژی ناکات و پاش پێکدادانی چەکداریش بە دەست پێشخەری پکک، بەڵام حیزبی دێمۆکڕات ڕایگەیاندوە کە بەمەبەستی کۆتای هێنان بەو قەیرانە، ئامادەی گفتووگۆی سیاسین و هەوڵدەدەن بە ڕێگای ئاشتیەوە ئەو مەسەلەیە چارەسەربکرێت. ئەوەی پکک لەو سنووره کردویەتی بە هیچ پاساوێک پاک ناکرێتەوە و درێژەی ئەو ستڕاتیژیە مەترسیدارەیە، کە دوژمنانی گەلی کورد هەوڵدەدەن خۆ کوژی و شەڕی براکوژی بکەوێتەوە نێو ماڵی گەلی کوردەوە.

پارتی کرێکارانی کوردستان بە چی نیەت و مەبەستێک پێش بە چالاکی سیاسی و تێکۆشانی ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دەگرێت. ئەو بزووتنەوەیەی کە بۆ چەند ساڵێک دەبێت بەرەو کزی و لاوازی چووە و، پاش هەڵسەنگاندن و دروست بوونەوەی هەلومەرجی لەبارتر، حیزبی دێمۆکڕات بڕیاری چالاکی و هەڵسوڕانی خۆیداوە و هەوڵدەدات کۆمەڵانی هەرواوی خەڵکی کوردستان وەک ساڵانی ڕابردووو بەدژی سیاسەت و سەرکووتی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران ڕێکبخاتەوە. ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە و جێگیرکردنیان لە سەرسنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەشاندنەوەی خەبات و زیندووکردنەوەی ئومێدە لە لای گەلی کورده. کاتێک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بڕیاریدا، هێزەکانی لە سەر سنوورەکانەوە بەرەو قوڵایی خاکی کوردستانی باشوور بجوڵێنێت، بۆ ئەوەی بوو کە بەشداری پاراستن و پشتیوانیکردنبووە لە سەقامگیری سیاسی و حوکمڕانی کورد لە باشوری کوردستاندا. بە دڵنیایەوە ئەو هەڵوێستەی

هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەوەندەی لە خزمەتی دوژمنانی گەلی کورد دایە، ئەو خێرەی بۆ شۆڕشی کوردستان لێناکەوێتەوە و بەڵکوو زیانی زۆر گەورە بە بووژانەوەی شۆڕشی کوردستان لەو بەشی کوردستان دەگەیەنێت.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژسااڵە بڕیاری خۆیداوە کە هێزە تێکۆشەر و ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵاتیان بە پێشڕەوی خەباتی سیاسی خۆیان قبووڵکردوە و هێزە تەقلیدی و خۆسەپێنەکان بەدوور لە ئیرادە و هەستی نەتەوەی سەیر دەکەن و چین و تۆێژەگەلیەکانی کوردستان بە شایانی هاوکاری و کۆدەنگی نیشتیمانیان نابین. بۆ چی پکک دەبێت گەمارۆی هێزێکی پێشمەرگەی حدکا بدات، کە بەدرێژای مێژووی سیاسی ئەرکی پاراستن و تێکۆشانی سیاسیان لەو بەشە گرینگەی کوردستان لەسەر شانبووە. ئەگەر ئەو هەواڵە بڵاو کرایەوە، سەیرم پێیهات و هەرگیز بیرم بۆ ئەوەی نەدەچوو "پکک" کارێکی واناشیاو و هەڵوێستێکی ئەوتۆی هەبێت و بەکردەوە و سنووردکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دژایەتی هێزەکانی کوردستان بەکاربێنێت. چوونکی ساڵانی پێشوو بە ئیستایشەوە هێزە ئەمنی و جاشەکانی حکوومەتی ئاخوندی سنووردکانیان بە هێزێکی زۆر و مۆنگەی گەورەو پچووک گەمارۆدابوو، بۆ ئەوەی پێش بە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆپکراتی کوردستانی ئێران بگرن بۆ نیو قۆڵای خەکی کوردستان. جێگای داخە کە ئەمڕۆ هێزێکی کوردی، کەئیدیعای زۆر گەورەو بریقەداریان گەڵگرتووە، ئەو کارە بکەن و سنووردکان بۆ دوژمنان بپارێزن و گەمارۆی هێزێکی سیاسی وەک حدکا بدات. حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کە ڕەسااڵەتی سیاسی و مێژووی لەسەرشانە،زۆر بەوریای و بەرچاوروونیەوە لەو پەیوەندیەدا هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە و بەئاشکرا، بێزاری خۆی لە بارگرژی سیاسی و شەڕی براکوژی پێشانداوە و لە ئاستی بەرزی ڕێبەریدا، هەوڵدەدات ئەو قەیرانە بەرێگای لێک تێگەیشتن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیدا چارەسەربکرێ و پارتی کرێکارانی کوردستان واز لە گێچڵ کردن بێنێت و ئەگەر بێت ئەو کردەیە ئەنجامبدات، هیچ خزمەتێک بەپرسی سیاسی و نیشتیمانی کورد لە ڕۆژهەڵات ناکات. بەو هیوای سەرکردایەتی سیاسی پکک بەو هەڵوێستەیاندا بچنەوە و هەوڵی بارگرژی و ئاڵۆزی سیاسی و ڕێکخراوەی لەوەی زۆرتر نەدەن. ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی هەر گیز ئەو کردەوەیە بەشتێکی شیاو پەسند نابینین. چوونکی هیچ پاساوێک ئەو کردەوەیەی پێ سەرپۆش ناکرێت. بەڕاستی ئەگەر پکک خۆی بە برا گەورەی هەر چوار بەشی کوردستان سەیر بکات، لە ئێستاوە لانیکەم ئەو مرۆڤانەی مێژوویەکی دوور و درێژی سیاسی و نیشتیمانپەروەریان لە نێو شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەیە و هەبووە و لە ڕۆژە سەختەکانی خەباتی شار و شاخی ڕۆژهەڵاتدا بەشداربوونە، ئەو براگەورەیان قبووڵ نیە و شوێنی کار و چاالکی پارتی کرێکارانی کوردستان، کوردستانی تورکیە ، نەوەک باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. بەو هیوای پارتی کرێکارانی کوردستان بەو سیاسەت و هەڵوێستەیاندا بچنەوە ونەبنە هۆکاری گرژی سیاسی لە نێو گەلی کورد دا.

٢٤ی مای ٢٠١٥

هەرگیز چاکەیەکی خێر لە سەر ڕێگای حیزبی قازی و قاسملوو و شەڕەفکەندی سەوز نەبوویەوە!

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی میللی و دێمۆکرات و پێشکەوتنخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدرێژای مێژووی لە دایکبوونیەوە (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی) زۆر سەربەرزانە خەباتی کردوە و هەرگیز لە سەر حیسابی بەشەکانیتری کوردستاندا، پەرەی بە شۆڕشی گەلی بندەستی کورد نەداوە و ئەگەر قۆناخێکی گرینگ و هەستیار لە هەر پارچەیەک هاتبێتە پێشەوە و جووڵانەوەی نەتەوەی گەیاندبێتە سەر هێڵی نزیک لە ڕزگاربوون، پشتیوانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێکردوە و هەوڵیداوە لە هەموو ڕوویەکەوە پاڵەپشتیان لێ بکات. حدکا وەک هێزێکی دیار و گاریگەری کوردستان گەلێک شانازی گەورەی لە مێژووی تێکۆشانی سیاسیدا تۆمارکردوە و کاتێکیش کۆماری کوردستان لە چوارچرا بە فەرمی ڕاگەیاندرا و دامووداژگە حکوومەتیەکان جێگرکران و، پاشان قۆناخی حوکمڕانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە لە سنووری حکوومەتی کوردستاندا بە دیاری پەرەیگرت و لە ماوەی کورتی تەمەنیدا دەسکەوتی زۆری بەدەست هێنا و ستیە سەر خەرمانی خەبات و تێکۆشانی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

حدکا لە هەموو کات و ساتێکی مێژووییدا، دەرگای بەسەر ڕۆلە لێقەوماوەکانی گەلی کوردا کراوە بووە و هاوکاری و یارمەتی گەورەی بە جووڵانەوەی بەشەکانیتری کوردستانکردوە. چوونکی بنەمای فیکری سیاسی و نەتەوەی حیزب لە سەر ئەو ئەساسە بیناکراوە و بە دڵنیایەوە بەردەوامدەبێت لەسەر درێژەپێدانی ئەو ڕێچکە نەتەوەیەی کە لە پێناویدا لە مێژوو ساڵە خەبات دەکات و خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە و سێ دانە، لە دیارترین و کاریگەرترین ڕێبەرەکانی (قازی و قاسملوو و شەڕەفکەندی) لە پێناوی ئازادی سیاسی و نیشتیمانی گەلی کوردستاندا، گیانیان فیداکردوە. وەختێک حکوومەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵات ڕاگەیاندرا و، پاشان بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی سەرکردەی ناسراوی کورد خوالێخۆشبوو "مەلا مستەفا" دەگەنە شاری مەهاباد، پێشەوای نەمر، وەک سەرۆکی حکوومەتی کوردستان زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێدەکرێت و بەکردەوەش بارزانیەکان کرانە هاوبەشی دەسەڵات و وەک میوان سەیرنەکران و بەڵکوو حیسابی خانەخوێیان بۆکرا. بەڵام "بەداخەوە هەرگیز ئەوەمان نەبینی لە بەر ڕێگای خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری حیزبی قازی و قاسملوو و شەڕەفکەندی سەوزبێتەوە" و هەتا ئەگەر بۆ جارێکیش بێت هەست بە میوانی و خەدر لێکراوی خۆمان نەکەین لە کوردستاندا. ئەو ڕووداوانەی بەدوایاندا بەسەر حیزب و جووڵانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتوون، زادەی ئەو قۆناخە سیاسی و مێژووییەبوون کە بەداخەوە بە هۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستکران و هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دوورخستنەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیان لە سەر سنوورەکاندا. حیزبی دێمۆکراتی

کوردستانی ئێران بە ڕەزامەندی خۆی بۆ ئاگاداری بیروڕای خەڵکی کوردستان، دەست بەرداری بناری قەندیل و کاروچالاکی سیاسی خۆی نەبووە. بەڵکوو بە هۆی ئەو فشار و زەختەوە بووە کە لە لایەن هێزە سیاسیەکانی باشووری کوردستان لەسەری بووە. ئێستا زۆر لە دڵسۆزانی چالاکبوونەوەی خەباتی سیاسی لەو بەشەی کوردستاندا، هاوکاری و پشتیووانی لە ڕەوتی چالاکبوونەوەی شۆڕش لەو بەشەی نیشتیمان دەکەن و فێعلن ڕێگەریەک بەدی دەکرێت لە بەردەم گەڕانەوەی هێزە کوردیەکان بۆ سەر سنووڕەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوور. بەڵام ئەو جارەیان بە داخەوە "پکک" هاتۆتە "نێوانی تێکۆشەرانی حدکا و ڕێژیمی ئاخوندی ئێران" لە سەر سنووڕەکان و پێیان وایە بۆ گەڕانەوەی هێزی سیاسی ڕۆژهەڵات کە هەڵقوڵا و زادەی ئەوێن لە پکک ئیزن بخوازن، دەخوا ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ دەکاتەوە یان بە پێچەوانەوە هەڵسوکەت دەکەن. زۆر لە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گوومانی هەبوونی ڕێککەوتنێکی سنوور پاراستن لە نێوان حکوومەتی ئێران و پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بە هاوپشت و هاوخوێنی هەر چوار بەشی کوردستان دەزانێت و هیچ پارچەیەک بە نەیار و دژی خۆی و شۆڕشە ڕەواکەی سەیر ناکات، ئەوەی پکک کایش ئێستا دەیکات، بێگوومان زیانی زۆر بە بووژانەوەی شۆڕش لە کوردستان دەگەیەنێت و پێمان خۆشە ئەوانیش وەک کوردێک سەیری بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەی لە بەشەکانیتری کوردستان بکەن.

بەداخەوە زۆر جار لە کوردستان بە شێوەی جۆر بەجۆر هەوڵی پەراوێزخستنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی ئێران و کوردستاندراوە و هەتا لە زۆر قۆناخی دیاریکاروەدا، لە گەڵ گیروگرفتی گەورە بەڕەوڕوو بۆتەوە. تازەترینیشیان کێچەڵفڕۆشی پارتی کرێکارانی کوردستان بە حیزبی جێگای باوەڕو متمانەی کۆمەڵانی هەروای خەڵکی کوردستانبووە. حدکا لە سایەی هەبوونی سیاسەتێکی ڕاست و ئوسوڵیەوە و ئاستی وریای و وشیاری سیاسی پێک هاتەی تەشکیلاتی حیزب، زۆر بەخێرای بەسەر قۆناخە سەختەکانی سەر ڕێگای خەبات و بەرخۆدانیدا زاڵبووە و هەتا ئێرەش هیچ کەندوکۆسپێک نەیتوانیوە لە ڕەوتی خەباتدا، پێشی ڕەوڕەوی تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بگرێت. بەڕوەکەیتریشدا هێزێکی سیاسی وەک "حدکا کە لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە پشت ئەستوور بێت بە هێزی لە بەبڕاننەهاتووی خەڵکەکەی خۆی و پەڕێزی تێکۆشانی سیاسی پاک و خاوێن بێت و پەڵە و لەکەی ڕەش بە ناوچاونیەوە نە نیشتبێت، زۆر بەدژواری هەوڵەکانی پەراوێزخستنی بەسەر ڕووداوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی وڵات، کە بە هۆی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران و ژمارەیەک لە کەسەدیارەکانی نێو بزووتنەوەی نیشتیمانی کورد دەدرێت سەرکەوتوویێت".

حیزبی دێمۆکرات لە ماوەی خەباتی سیاسیدا، بۆجارێک لە جاران" بە لایەنگری و پشتیووانی لە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان لە هەر بەشێکی کوردستاندا بووبێت، لوولەی چەکەکانیان بەرەو سینگی خەبات گێڕانی کورد نەگرتووە و لەو ڕێگایەدا خوێنی ڕۆڵەی کوردیان بەدەستی نەڕژاوە و، حیزب و تەشکیلاتەکەی بە ئەزموون وەرگرتن لە شەڕی نێوخۆی و براکوژیەوە، نەفرەت لە تێکەڵچوونی شەڕی چەکداری خۆبەخۆ دەکات.

هێزێکی سیاسی و بەکرداری وەک حدکا، لە هەر قۆناخێکی دیاریکراوی سیاسیدا بووبێت، هەمیشە ڕەچاوی بنەمای فیکری سیاسی و نەتەوەی خۆیکردوە و بڕیار و قەرارەکانی بەجۆرێک بووە کە تێیدا زیان بە ئاستی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی نەگەیەنێت و، بەدڵنیایەوە هەر بەو بەرپرسیارەتیەش هەڵسووکەوتی لە گەڵ رووداوی نەخوازراوی " کێلەشین " و دروستبوونی بارگرژی لە گەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان کردوە و دەیکات.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەمافی ڕەوای سیاسی و تەشکیلاتی خۆی دەزانێت، بۆ دەست پێکردنەوەی شۆڕش و خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، ئیزن لە کەس وەرنەگرێ و مافی پکک نیە وەک هێزێک کە زادەی ڕۆژهەلاتی کوردستانیە، گیروگرفت لە گەڵ هێزەکانی ئەوێدا دروست بکات و خۆی بکات بە پادشای سەرسنووردەکان و بکەوێتە نێوان کۆماری ئیسلامی و تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتەوە.

٩ی جوونی ٢٠١٥

وشەی "هاوڕێیانی پێشوو" مان مانەی ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێ و بەناوی خۆیان بناسرێن!

دیدار و کۆبوونەوەی دوولایەنی حیزبی دێمۆکڕات لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی ئەو حیزبە پاش ناو بڕێک و پشوویەک سەرلەنوێ دەست بە گرتبوونەوە کرایەوە و، ئەگەر زۆر بەجیدی لایەنەکان لە ئاستی بەرزدا هەوڵی بۆ بدەن و خۆیان بەدوور بگرن لە بەهانەگرتن و یەکتری سڕینەوە. بێگومان بەدەست هێنانەوەی یەکڕیزی تەشکیلاتی زۆر دژوار نیە، چوونکی خاڵی هاوبەش و مێژووی هاوڕێیانی دێمۆکراتی گەورە بەخۆشیەوە پترن لە بابەتی دژبەر و لاوەکی کە زیانیان بۆ سەر ڕەوتی هەنگاوە سیاسی و تەشکیلاتیەکان هەبێت.

کاتێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوەی سیاسی و تێکۆشانی تەشکیلاتی بەپتەوەی گەشە دەکات و بەرەوپێش دەچێت کە حیزبی دێمۆکرات لەسەر ئەساسی بنەمای گشتی و خاڵ و بەرنامەی دیاریکراودا هەوڵەکانیان بەمەبەستی یەکڕیزی سیاسی و خەباتی هاوبەش چڕتر بکەنەوە و لە ئاستی بەرزدا کار بکرێت بۆ ئەوەی کۆتایی بە قەیرانی پرش و بڵاوی و لێکترازان لانی کەم لە نێوان ڕۆڵەکانی حیزب بهێنرێت و، بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لە کەش و هەوای نالەباری نێوانمان بکرێ. هەرلەوکاتەشدا هاوکاری و پاڵەپشتی لەسەر ئەساسی بنەمای ئەخلاقی سیاسی و تەشکیلاتی پەرە پێبدەینەوە و بۆ جارێکیتر خۆمان ساز و ئامادەی خەبات بکەین. یەکبوونەوە بەدڵنیایەوە خەونی هەر تاکێکی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، و کەس لە دۆخی ئێستادا پشتیوانی بارگرژی سیاسی و ناکۆکیە حیزبیەکان ناکات. ئەویش لە نێوان ڕۆڵەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا کە بەدرێژای مێژووی سیاسی بەیەکەوە و لە سەنگەرێکدا بەدژی سەرسەختترین ڕێژیمەکانی سەردەم خەبتیان کردوە. قسەی گروپ و کەسانێکمان نیە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان بە دوژمنی خوێن و خاک و وڵاتمان هەڵاوەسیوە و خوویان بە پاشکۆیەتی گرتووە و چاویان بەرای نادات شۆڕشی خەڵکی کوردستان بەسەرپێوە و پەرەگرتووی ببینن.

ئەوەی لێرەدا بەگرینگی بزانین و هەڵوێستەی لەسەر بکەین و تۆزێک بە ڕوونی بابەتەکە هەستیار و گونجاوتر دەربخەین بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر و دەربڕینی بیرو بۆ چوونمان لەسەر پرسی دیالۆگی سیاسی لە ئاستی بەرزی ڕێبەری دوو حیزبی دێمۆکڕاتدا.

تێگەیشتنە لە هەڵوێست و بیروڕای هەر دووک لایەن لەسەر مەسەلەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. بۆ ئەوەی ڕەوتی دانیشتن و کۆبوونەوەکان ئەنجامی خۆیان بەباشی وەربگرن و ئومێدی بەرەوپێشچوونی

رەوتی یەکگرتنەوە خێراتر بکات و بەر بە بەهانەگرتنی لایەنەکان بگرێت،، "سەرەتا پێویستە واز لە کۆمەڵێک پرینسیپ و میتۆدی سواوی پێکەوە قسەکردن بێت و ئەو زەمینەیە پێک بێت کە وشەی" هاوڕێیانی پێشوو" مان مانای ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێ و بەناوی خۆیان بناسرێن و ئەوجار وەک دوو لایەنی سیاسی و تەشکیلاتی باشتر لێک تێدەگەن و قسە و باسەکانیان لەو پەیوەنیەدا شۆێندانەرتر ئەبێت. خۆ هەر چەندەی ئینکاری "مەعنەوی" و ناویان بکرێت، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەری ئەو حیزبە بەکردەوە بوون و ناوی سیاسی و تەشکیلاتی هەر لە سەرەتای دیدار و کۆبوونەوەکاندا، وەک خۆی لێ قبووڵ کردوون و هەموو لایەکیش دەبێت ئێستا بەو ڕاستیە رازیبن و بەهانەبڕاوبن. ئەی ئەوە نیە لە ئاستی دەقتەری سیاسی و بە بەشداری دوو سکرتێری حیزبی لە گەڵ یەکدا دیدار و کۆبوونەوە ئەنجامدەدەن و بە دوو لۆگای حیزبییەوە لە هۆڵی کۆبوونەوەکاندا بابەتە هەستیارەکان تاوتوێ دەکەن. ناکرێت هیچ لایەنێک لە رەوتی ئەو پرۆسەیەدا، هەوڵی پەراوێزخستن و پشتگوێ خستنی لایەنی بەرانبەری بدات، هۆکاری ئەو دانیشتنانەش کە بەداخەوە تا ئێرە هیچ یان لێ سەوز نەبووە، پێداگرییەکی لاوەکیە لە سەر جۆڕ و چۆنیەتی پرسی یەکبوونەوە. دەبێت تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکرات سەرەتا قبووڵی ئەو لێکدابڕانە بەمانای واقعی خۆی بکات کە حیزب بەگشتی بەسەر دوو پێکهاتەی ڕێکخراوەیدا دابەشبووە و ، دواجار هەوڵبدات کار لە سەر میتۆدو میکانیزمی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی دێمۆکرات بکات. چوونکی زۆر جاران لە زمان هاوڕێیان و دۆستانی هێژامانداا، گوێبیسبوونە و دەبین کە وەک پێویست لەسەر نێوەرۆکی بابەتەکە و چۆنیەتی لێکدانەوە و خوێندنەوەی هەنگاوەکان بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا نەنراون.

یەکگرتنەوەی حیزب پرۆسەیەکی ئەوەندە ئاڵۆز و قەیراناوی نیە کە نەتوانرێ لە نێوخۆماندا بە روح و هەستێکی بەرزی سیاسی و نەتەوەی چارەسەربکرێت.

بەو هیوای ئاکامی کۆبوونەوەکان، دڵی هەموو لایەک شاد بکات و موژدەی وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکڕات بەو زووانە ببیسین.

ای ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

دێمۆگرافیای شاری"ورمێ" و کوردستانی بوونی بە هیچ هێزێکی فاشیستی ناگۆڕدرێت!

خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی ئازەریەکانی نیشتەجێی شاری ورمێ کە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە ئاڕاستەکرابوو و دروشمی دژی کورد و، کە ورمێ کوردستان نیە و وەک شارێکی کوردی ناناسن دەنگیان بەرزکردبوویەوە.

ئەوەش لە کاتێک دایە کە ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بە دەلیل و هۆکاری دیاریکراوی خۆی دەیهەوێت ئەو پیلان گێڕیە لەو شارە کوردیە بە هۆی پیاوەکانیەوە ئەنجامبدات و ناکۆکیەکان قۆڵتربکات. حکوومەت خۆی بەئاشکرا بێڕێزی بە ئاین و زمان و کەلتوری نەتەوەکانی وڵات دەکا و کاتێکێش خەڵکی وریا و ئازادیخواز بۆ دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایەتیان بەرانبەر بەو سوکایەتیانەی کاربەدەستانی حکوومەت دێنەسەر شەقام و دەنگی ناڕەزایەتیان بەرزدەکەنەوە. بەداخەوە لە ڕێگای ژمارەیەک لە ئالقەبەگوێکانیان، ئامانجی ڕاستەقینەی خۆپێشاندانەکان بەدژی گەلی کورد و کوردستانی بوونی شاری ورمێ ئاڕاستە دەکرێت. هەلومەرجی سیاسی و مێژووی و دیمۆگرافیەی "ورمێ" وەک شارێکی کوردستانی بەهیچ گروپ و هێزێکی فاشیستی ناگۆردرێت و، ورمێ ئەو شارەیە کە بەدرێژای حومری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە بەهێزکردن و بەرفراوانترکردنی قەڵەمڕەوی حوکمڕانی کوردیدا. کاتێک کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا بەشێکی بەرچاو لە پیاوماقوڵان و کەسایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەزهەبیەکانی شاری ورمێ کە نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵکی ئەو شارەیان دەکرد، یەک ڕەنگ و یەک دەستپشتیوانی خۆیان و خەڵکی شارەکەیان بە حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد دەربڕی و ڕۆڵی بەرچاویان لەو بوارەدا بینیوە. ئەوە جاری یەکەم نیە کۆمەڵێک "ئازەری" ڕەگەزپەرست و "ئۆدۆگان ئاسا" بیان هەوێت بە فشار و خۆدەرخستن گۆڕانکاری لە سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات دروست بکەن. کوردبوونی ورمێ وشارو ناوچەکانی دەوروبەری بە درێژای مێژووی کۆن و نوێ، و بە پشت بەستن بەبەڵگە سیاسی و نەتەوەی و مێژوویەکانیش کوردبوونی ئەو هەرێمەی کوردستان بۆ دۆست و دوژمن سەلمێنراوە. باشە خۆناکرێت لەبەرچاوی ژمارەیەک ئاوارەی ئازەری بڵێن دەبێت " نەغەدە" یش بخرێتە سەر ناوچە ئازەری نشینەکان، بەڵکوو ئەو خەڵکە ئازەرییەی لە کوردستان نیشتەجێن وەک کەمە نەتەوە ڕێزیان لێگیراوە و ئەو ئەسڵەش بۆ هەموو شوێنەکانی کوردستان وەک یەک دەبێت. بەڵام ئازەریەکانیش نابێت وەک ڕابردوو خۆیان بخەنە سەنگەری نەیارانی خەڵکی کوردستان و خەیانەت لە کورد بکەن. ئەو ژمارە ئازەریەش کە لە کاتی شەڕەکانی شاکانی ئێراندا، لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەری هەڵیانگریساندبوو و بەدوای شوێنێکی ئارام و جێگیردا دەگەڕان و، بەناچاری ڕوویان لە کوردستان کردوە و لە چەند شوێنێک گریساونەوەوە و پاش ساڵانێکی درێژ خەریکە خۆیان دەکەن بەخاوەن ماڵ و خاوەن ماڵیش دەکەن بە میوان. دیارە ژمارەیەکیش لەو ئازەریانە کە لە ناویاندا خەڵکی بازرگان و چاوچنۆکیش بەرچاو کەوتون لە هێندێک شارو ناوچەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نیشتەجێبوونە و ئەوانە بە پیلان گێڕی

دوژمنانی گەلی کورد و ملک و زەوی زۆریان کڕیوە و لەسەرخۆیان تاپۆکردوە. خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ورمێ و شارو ناوچەکانی دەوروبەری دەبێت زۆر بە وشیاری و بەرپرسیارانە وڵامی ئەو بیرو بۆچوونە هەڵە و چەوتیانە بدەنەوە کە دەستێکی گووماناوی بە هێمنی هەوڵی دووبەرەکی نانەوە و ئاژاوەگێڕی لە نێوان گەلی کورد و ئازەریەکانی نیشتەجێی ئەو شارەکوردیانە دەدەن. بادۆست و دوژمن ئەوە بزانێت کە پارێزگای ورمێ هەرگیز ناکرێت بە " کەرکوک" و کە هەموولایەک خۆی بەخاون و میرات گری دابنێت. تەنیا گەلی کورد بۆی هەیە بڕیار لە سەر چارەنووسی سیاسی و ئیداری ئەو شارە بدات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێز لە هەموو کەمەنەتەوەکانی نیشتەجیی ئەو شارە دەگێرێت بە "تورکە" ئازەریەکانیشەوە. ئەگەر تۆزێک بۆ دواوە بڕوانین دەبینین بیری ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی بەڕێبەری" سمکۆی شکاک" لەو شارە سەری هەڵداوە و بەدرێژای مێژوو تێکۆشان و بەرخۆدان لەو هەرێمەدا بە شێوەی گشتی لە ئارادابووە و کاتێک گۆڕانکاری سیاسی و حوکمڕانی لە ناوەندی وڵاتدا ڕویداوە،

کورد بە ئاشکرا داوای مافی سیاسی و نەتەوەی خۆی لە سەر ئەساسی نەتەوەی و سنووری جوگرافای کوردستان کردوە. ورمێش یەکێکبووە لەو شارانەی کە بەردەوام بیری نەتەوەی و کوردبوونیان زاڵتربووە لە بابەت و مەسەلەی لاوەکیتر.

۱۲ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۵

هێرشە ئاسمانیەکانی فەڕانسە، هاوشێوەی ئەمریکا" بەپێخۆر" نیە بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش!

فەڕانسە وەک دیارترین و کاریگەرترین وڵاتی هاوپەیمانی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ئێراق و سووریە، بۆ جارێکیتر پەلاماردرایەوە و ژمارەیەک هاو وڵاتی سیڤیلی بوونەوە قوربانی ئەو کردەوە دژ بەمرۆڤایەتیە.

ئامانج لە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی نوێ و مرۆڤ کوژییەی پاریس، بەدڵنیایەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فەڕانسە زۆر بەجدی و بەرچاو بەدژی گروپی تیرۆریستی داعش بەشداری هیرشەئاسمانیەکان دەکا و وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا" بەپێخۆر" بەدژی تیرۆریستان بەشداری هاوپەیمانیەتیەکەی نەکردوە. فڕۆکە شەڕکەرەکانی فەڕانسە لە هەموو نوختە نیزامیەکان و ناوچە شەڕیەکاندا، زۆر بەدیاری ئامانجیان پێکاوە و هەر جارێک زیانی زۆریان بە نیزامیەکانی داعش گەیاندوە. هەر ئەوەیش هانی تیرۆریستان دەدات بەخێرای بەدژی ئەو وڵاتە بجووڵێن و ئەو کردەوە تازەیە و دوور نیە لە داهاتوویشدا لە پاریس هێرشی تیرۆرکردن ئەنجامبدەن.

بیرمەندەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و هاوپەیمانە نزیکەکانیان وەک "تورکیە و ئێران"ی دراوسێ کورد و داگیرکەرانی خاکی کورستان زۆر باش لە نێوەرۆکی هاوکاری و یارمەتیە مرۆڤ دۆستی و نیزامیەکانی فەڕانسە لە گەلی کورد گەیشتوون و بەڕێگای کردەوەی خۆکوژی و تیرۆریستیەوە، هەوڵدەدەن فشاربخەنە سەر هاوپەیمانان و یەک لەوانیش وڵاتی فەڕانسە بۆ ئەوەی کردەی هێرشە ئاسمانیەکانیان سنووردار بکات و هاوشێوەی ئەمریکا بە پێخۆر هەوڵی لاوازکردنی داعش بدەن لە ئاستی ناوچەکەدا. چوونکی بەلای کاربەدەستانی تاران و ئانکاراوە لاوازبوونی داعش لە بەرژەوەندی بەهێزبوونی پێگەی کورد لە ئاستی گێتیدا لێکدەدرێتەوە و، ئەوەش بە قازانجی دوو حکوومەتی دراوسێی کورددانیە. دیارە حکوومەتی تاران ڕایگەیاندوە کە دژی داعشن و بۆ لە نێوبردنیان هەوڵدەدەن. بەڵام دژایەتی ئاخوندەکان، تەنیا لەبەر پاراستن و هێشتنەوەی "بەشار ئەسەدە" لە سەر حوکم لە سووریە. فەڕانسە بە دۆستی نزیک و دڵسۆزی خەڵکی کوردستان ناسراوە و لە قۆناخە دژوارەکاندا لە ئاستی نادادپەروەری کە بە هۆی داگیرکەرانی کوردستانەوە، دەرهەقی گەلی کورد ئەنجامدراوە هەڵوێستی سیاسی دەربڕیوە و پشتیوانی داخوازەڕەواو بەرهەقەکانی شۆڕشی کوردستانیان کردوە. بەڕوویەکەیتریشدا پاریس کە لە سەردەمی شۆڕشی نوێخوازی و گۆڕانکاری سیاسی سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان، نموونەیەکی جوانیان لەو پەیوەندیەدا پێشکەشکردوە و لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دونیادا بە لانکەی دێمۆکراسی و مافپەروەری ناوبانگی لە ئاستی جیهانیدا بڵاو بۆتەوە و کاتێک باس لە حوکمڕانی و ئیدارەدانی وڵات کە هەموو مەفهومەکانی دێمۆکڕاسی سیاسی و دێمۆکڕاسی کۆمەڵایەتی و دێمۆکڕاسی ئابووری جێ بەجێ کردبێت و، وەک پێشەنگی حوکرانی هاووڵاتی ناسراوە، تەنیا

فەڕانسە بەنموونە دەهێنرێتەوە و ئەو شانازیەی بەردەکەوێت. بەگشتی فەڕانسە هێمایەکە لە جوانی، ئاشتی و دێمۆکراسی و دادپەروەری لە ژیانی سیاسیدا. هێزە تاریک پەرستەکانیش کە چاویان بەروونـاکی ژیان هەڵنایەت و هەوڵی لێدان و لە نێوبردنی دەدەن، هەر بۆیەش ئێستا داعش ئامانجە تیرۆریستیەکانی بۆ پاریس و شارەکانی دیکەی فەڕانسەی گواستۆتەوە بۆ ئەوەی لە دڵی دێمۆکراسی و مرۆڤ دۆستی دونیا بدات. کاتێک ئاور لە رابردوو دەدەینەوە، دیتەوە بیرمان کاتێک حکوومەتی سەدام حوسێن پەلاماری کوەیتی دا و داگیریکرد، فەڕانسە هەڵوێستی هەبوو و لەسەر پێشنیاری "فەڕانسۆ میتران" مەداری ئەمنی لە سەر حکوومەتی ئەوسای ئێراق فەرزکرا. ئامانجیش لەو بەستە پێشنیارەی فەڕانسە بۆ ئەوەی بوو بە باشترین شێوە کوردەکان لە باشووری کوردستان لە هێرش و پەلاماریەکانی حکوومەتی ناوەندی بپارێزێت.

زۆر جێگای داخە کە دوژمنانی گەلی سزای باشترین دۆستەکانی خەڵکی کوردستان بە تیرۆر و ڕەشەکوژی دەدەنەوە. بەڵام ئەو کاروانەی کە هەرلە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیەوە وەک نەخشە ڕێگای بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی وڵات لە فەڕانسە وە سەری هەڵداوە، زۆر دوورنیە، لە کوردستانیش بگاتە مەنزڵی سەرکەوتن و گەلی کورد بە ئازادی و سەربەخۆی ولاتی خۆی ئیدارەبکات.

١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

حەشدی شەعبی برابچکۆڵەی سپای پاستارانی حکومەتی ناخوندی ئێرانە!

حەشدی شەعبی هەوڵی دەست بە سەر داگرتن و کۆنترۆڵ کردنەوەی هەموو ئێراق بە کوردوستانیشەوە دەدات و هەر لە سەرەتای دروست بوونی ئەو میلیشایە چەکداریەوە بۆ زۆر کەس و کۆڕو کۆمەڵی نێونەتەوەیش روون بوو کە ئامانج لە پێک هێنانی ئەو ڕێکخراوە بەسەرپەرستی راستەوخۆی " قاسم سلێمانی" نوێنەری جێگای متمانەی خامەنیەی لە ئێراقدا سەرپەرستی دەکرێت. حەشدی شەعبی وەک برابچکۆڵەی سپای پاستارانی ڕێژمی ناخوندی ئێران، لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی نیزامی و فراوابخوازی ئاخوندەکانەوە بە هەموو شێوەیەک هاوکاری و ڕاهێنانیان پێ دەکرێت و هەتا لە رووی پێک هاتەو ستراتیژیەکانیان بەیەک ئاڕاستەیدیاریکراودا هاوشێوەی سپای پاستارانی ڕێژیم لەئێراقدا ڕێنمای و ئاموژگاری دەکرێن. حکوومەتی ئاخوندی ئێران بۆ مەبەستی تایبەتی سیاسی و ئابووری و نیزامی خۆی میلیشای چەکداری شیعەکان بەهێز و پتەودەکات بۆ ئەوەی هەر ڕۆژێک کەیفیان لێبێت بەدژی نەیارانی خۆی لە نێو سنووری ئێراقدا بەکاریان دێنێت و، هەروەک دیتمان لەو ماوەیەکی زۆر کورتدا چەند جارێک هێرشیان کردۆتە سەر بنکەی ناوەندی "مووجاهێنی خەڵکی ئێران" و بەرووبەکەیتریشدا لە ڕێگای ئەو گروپەوە باشتر دەتوانن کۆنترۆڵی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی ئێراق بکەن و شیعەکان لەو وڵاتەدا بگەیەنە لوتکەی دەسەڵات. ئەو میلیشایە نیزامیە کە هاو شێوەی "بەسیجەکان"ی ئێران ڕاهێنانیان پێکراوەو هەرچۆنێک شیعە تووندڕەوەکانیان بیان هەوێت بەدژی پێک هاتەکانی ئێراق ئاڕاستەیان دەکەن. ئەو رووداوەی لە قەزای "دووزخورماتوو" هاتەپێشەوە و، چەند ڕۆڵەیەکی کورد شەهیدبوون و ژمارەیەکیش ماڵ و هێلانەی خۆیان بەرەو شوێنێکی ئامان بەجێهێشتووە، بەدڵنیایەوە شتێکی خۆرسک و لەناکاونیە و بەڵکو پێشوەختە زەمینەی بۆ ڕەخسێندراوە. سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە دەبێت لە ئێستاوە لەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە کارقایمی خۆی بکات و ئامادەی ئەوەی تێدابێت، بەرەوروی هەموو ئەگەرێکی نەخوازراوبێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی باشتر لەو پەیوەندیەدا کاریگەریان هەبێت، پێویستە سەرەتا نێوماڵی خۆیان ڕێکبخەنەوە و کێشەو ناکۆکیەکان، فیدای بەرژەوەندی گشتی سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد بکرێت. سیاسەت و حوکمداری ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەها گرینگە نیشتیمانیەکان وەک گلێنەی چاو بپارێزێت. هێزی حەشدی شەعبی بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانە جووڵەی پێکراوە و کاتێک سەرۆکوەزیرانی ئێراق دەڵێت: "دەبێت پۆلیسی فیدراڵ خورماتوو بپارێزێت"، رووئە کە دەیان هەوێت بەهێمنی قەڵەمڕەوی خۆیان بەرەو کوردستان و لە سەر حیسابی بەهاسیاسی و نەتەوەیەکانی گەلی کورد فراوانتر بکەنەوە. ئەگەر حەشدی شەعبی بەسیاسەتی خۆیاندا نەچنەوە و لەیایەن لایەنی میانەڕەوی شیعەوە چاوەدێری کارو کردەوەکانیان نەکرێت، دوورنیە شەڕ بەدژی کورد ڕابگەیەنن. ڕەنگە لە ئێستادا ئەوەیان بۆنەکرێت، چوونکی هێشتا لەمەترسیەکانی داعش ڕزگاریان نەبووە و زۆر شوێنی گرینگ ماوەن کە بۆیان ڕزگارنەکرێتەوە و بەبەردەوامی تێکشکاون. بە هۆی دەسەڵاتخوازی و دارلە پشتدانی ئێران وەک دۆست و هاوپەیمانی

نزیکیان لە سەر "خورماتوو" چەند شار و ناوچەی تر، کێچەڵ بەکورد دەفرۆشن. ئەو هێزە میلیشا شیعەیە نموونەیەکە لە سپای پاستارانی ئێران و لە تەنیشت سپای فەرمی وڵات خاوەنی زۆرترین ئیمتیاز و بۆجەی سالانەی ئێراقی بۆ دەچێت هەتا زیاتر پرچەک بکرێت و بە هێزی بەکن هەتا باشتر بتوانن گۆڕانکاری بەسەر نەخشەی سیاسی حکوومەتی ئێراق دا لە قازانجی،شیعەدا بێن و دەست بەسەر وڵات و دەسکەوتەکانی خەباتی چەندین سالەی گەلانی ئێراقدا بگرێتەوە و نموونەیەک لە حوکمرانی پێشووی وڵات پێشکەش بکات. لە ڕاستیدا ئەوە زۆر ئاسان نابێت بۆ ئەو گروپە و، بێ گوێدانە هەلومەرجی نێو خۆ و دەرەوە و حیساب نەکردن بۆ مافی سیاسی و دوو نەتەوەی کورد و عەرەب لە وڵاتدا کێشەکان درێژەدەکێشن و لە بەرژەوەندی هیچ تاکیکێ ئیراقدا نیە و ئەو جۆرە جۆرە هەڵسوکەت و ڕفتارانەی حەشدی شەعبی شوێنی نالەبەرلەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی کورد ئەوان دادەنێت. کورد شەڕی داعش بە ئیرادە و بیروباوەڕی خۆیدەکات و هەرلەوکاتەیشدا ئەمرۆ هەرێمی کوردستان گرینگترین هێزە لە سەر ئەرزی واقع کە بەدژی تیرۆریستانی داعش شەڕ دەکات و سنووردکانی کوردستان بەخوێنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕزگارکراون و هەرکەسێکیش بیهەوێت، ئازادی ئەو شوێنانە بخاتەمەترسیەوە، بەدڵنیایەوە خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە لێیان قبوڵ ناکات. ئەوەی لە خوورماتوو ڕوویداوە، گەلی کورد وابیر دەکاتەوە کە ئیهانەی کورد بەگشتی کراوە و هەرتاکێکی خەڵکی کوردستان دەبێت هەڵوێستی هەبێ لە ئاستی سنووربەزاندن و پێشڕەوەیەکانی میلیشیای شیعە بۆ سەر ناوچە کورد نشینەکانەوە. کورد شەڕانی و شەڕ فرۆش نەبووە و بەردەرگای بە هیچ نەتەوە و کەمایەتیەک نەگرتووە و، ئەوانەیش کە خاکی کوردستیان دەگیرکردوە و زۆر جار لە پێناوی ئاشتی و تەبایدا غەدری لە خۆیکردوە بەخاتری ئەو کەمەنەتەوانەی لە سنووری هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێکراون بە ئامانجی سیاسی، بەڵام هەرگیز زوڵمی لێنەکرددوون. ئەگەر شەڕیش بگاتە پێشدەرگا و، سوکایەتی بە کورد بکرێ و لەسەر خاکی خۆیدا غەدری لێبکرێ، هیچ تاکێکی کورد ئەوە قبوڵ ناکا و گەلی کورد ئەو ئامادەیەن تێدایە بەدڵ و بەگیان بەرگری لە بست بەبستی خاکی وڵات بکا و کەس بەوەڕازی نابێت میژووی کوردستان بۆدواوە بگەڕێتەوە.. ئێراق لە ئێستادا لە گەڵ قەیرانی ئەمنی و ئابووری و ئیداری گەورە بەرەوروویە و باوەڕ ناکرێت ئەو نائارامیە لە بەرژەوەندی هیچکام لە پێک هاتەکانی وڵاتدا بێت و، ئەگەر لایەنی شیعەیش ئەو کارەبکەن بەهۆی میلیشای شیعەکانەوە لە هەموو پێک هاتەکان زیاتر زەرەرمەند دەبن.

١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

بەرفراوانتر بوونی چالاکیەکانی ڕوسیا لە ناستی ناوچەکەدا، سنووردار بوونی ئێرانی لێدەکەوێتەوە!

دەسەڵات و نفوزی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی حکوومەتی ئاخوندی ئێران بەندە بە شێوەی هاوکاری و پشتیوانیە مادی و معنەویەکانی روسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە وەک هاوپەیمانی نزیکی لەو وڵاتەی دەکات و،

ئەگەر بێت و هێندێک وڵاتی عەرەبی سۆزو پشتیوانیەکانیان بۆ مسکۆ ڕابگەیەنن و ببن بەهاوبەشی ئابووری و بازرگانی لە ناوچەکەدا. بەدڵنیایەوە دۆستە گرینگ و مێژوویەکەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئێران کە بەدرێژای مێژووی حوکمڕانی گەلانی بندەستی ئێران دەچەوسێنێتەوە و، لە لایتریشەوە کاربەدەستانی وردودرشتی حکوومەتی ئاخوندی خۆیان بە برای پشتی حکوومەتی مسکۆ دەزانن. دیارە ئەگەر بێت و ئاستی هاوکاری و پەیوەندیەکانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ روسیادابە شێوەک لە شێوەکان پەرەبستێنن لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی هاوبەش و لاپەرەیەکی نوێ لە نێوخۆیاندا هەڵبدەنەوە و چیتر خۆیان بە موریدی بەردەرگای "ئەمریکا" نیشان نەدەن و ڕێککەوتنی سیاسی و ئابووری و بازرگانی لە گەڵ روسیادا ئەنجامبدەن. حکوومەتی مسکۆ لە زۆربواردا دەسەڵاتی ئێران لە سنووردا دەکات و، لە هێندێک وڵاتدا لاق بەڕێژیمی تاران خردەکاتەوە و دەبێت سیاسەتێک پەیڕەوبکات کە هەرەشە نەبێت لەسەر ئاستی ناوچەکەدا و، چوونکی ئەگەر بێت و حکوومەتی"کریملین" دڵی لێیان بشکێت، نەتیجەی باش نابێت بۆئاخوندەکان. ڕاستە حکوومەتی ئێران بە زاهیر هێزو دەسەڵاتی بەرفراوانی خۆی لە ئاستی ناوچەکەدا سەلماندوە و وەک ڕەکەبەری دیاری ڕۆژئاوا و ئەمریکا مامەلەی لەگەڵدا دەکرا و، پێگەی خۆی زۆر باش بەهێزکردوە و هەوڵدەدا بەتەواوی کۆنترۆڵی چەند پایتەختێک بکات. ڕێژیمی نیزامی ئێران بەهاوکاری و پشتیوانیەکانی روسیە توانیویەتی پەرەبەچالاکیەکانی لە ئاستی ناوچەکەدا بدات و بەئاشکرا لە چەند وڵاتێک عزوری سەبازی نیشانبدات، کاتێک روسیە بەکردەوە خۆی هاتۆتە نێو شەرەکەوە و دەیهەوێت هێزو نفوزی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بەتەواوی بسەپێنێ و پاشەکشەی زیاتر بەڕۆژئاوا بکەن. لەوەتی روسیا بەکردەوە هاتۆتە نێو کێشە ئاڵۆز و پڕلەقەیرانیەکانی ناوچەکە و لە سوریە لە جیاتی حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد بەدژی گروپی تیرۆریستی داعش شەڕ دەکات و کاریگەری هیڕشە ئاسمانی و زمینیەکانی روسیایش، ئەو گروپەی بەتەواوی توشی شڵژان و مەترسیکردۆتەوە. هەرچەندەی روسیا لە ناستی ناوچەکەدا دەسەڵاتی فراوانتر بێت، بەو ڕادەیەش ئێران دەسەڵاتی خۆی لە دەست دەدات و جۆری جموجۆڵە سیاسی و سەربازیەکانی دەبێت بەهەماهەنگی لە گەڵ مسکۆدا ئەنجامبدات وبەوشێوەیە ئەویش دەکەوێتە ژێر تەوژمی کۆنترۆڵکردنەوە. مێژوویش ئەوەی سەلماندوە کە دەسەڵاتی تاران، هەرچەندەی خۆیان بەهێزکردبێت و قەڵەمڕەوی خۆیان بەرفراوانکردبێت و زۆر دەسکەوتیان بەدەست هێنابێت،" دواجار مسکۆ بەسەریاندا زاڵبووە و بەشە خێری ئێرانی بۆ

خۆیبردوە". ڤلادمیر پۆتین لە ماوەی ڕابردوودا بەکردەوە باسی "لە سنووردار کردنی" حکوومەتی ئاخوندی ئێران لە ئاستی ناوچەکەدا کردوە و ئەویش بەستراوەتەوە بە ڕێککەوتنی نێوان عەرەبستانی سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکەی ناوچەکە کە دەستەبەری بازارێکی فراوانتر بکرێت بۆ حکوومەتی روسیا. پاش ئەوەی مسکۆ بەکردەوە هاتە نێو بابەتی سوریە و، بۆ لێدانی داعش هێزی سەربازی ڕەوانەی ئەو وڵاتەکردو بەهێزی زەمینی و هەوای بۆ پاراستنی حکوومەتی بەشار ئەسەد هاتە سەرخەت و ڕێگای لە پێشڕەویەکانی نەیارانی حکوومەتی دیمێشق گرتوو و لە ڕووی سەربازی و دیپلۆماسیەوە روحێکی نوێی بەبەر حکوومەتی سوریەدا کردەوە و لەلایترێشەوە بۆ لاوازترکردنی ڕیکخراوەی گەورەی تیرۆریستی داعش، بەئاشکرا هاوکاری پێشکەش بەهێزە کوردیەکان(پەیەدە) کرد و، هاوکاری و پشتیوانیەکانی حکوومەتی روسیا بۆ کورد، دەسەڵاتی تەکڕەوی و خۆبەزلزانی "ئۆردۆگانی" تۆشی شۆکێکی زۆر گەورەکرد. لە ئێستادا هاوکاری و پشتیوانیە ئابووری و سەربازیەکانی حکوومەتی تورکیە کە لە داعش کراون بەتەواوی ڕوونبۆتەوە و ئیدی شتێک نەماوە کۆمەڵگای نێونەتەوەی لەسەر تێوەگلانی تورکیە و هاوکاریەکانیان لە تیرۆریستان شاراوەبێت. لە پەنای ئەو هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسیانەدا و دروستبوونی مەترسی لەسەر ئەمنیەت و ئاسایشی نەتەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا، هێندەی دیکە "وەرەقە" کان لە دەستی کایەکەرە دیارەکاندا، لە بەرژەوەندی بارودۆخی سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد دا دەگۆڕدرێن. پێویستە لەسەر ڕێبەرانی کورد، پاش بەخۆداچوونەوە و خۆ ڕێکخستنەوە، نەخشە ڕێگایەکی نوێ و ستراتیژێکی گونجاو دابڕێژن بۆ ئەوەی گەلی کورد کەڵک لە هاوکاری و پشتیوانیە ئابووری و سەربازییەکان وەربگرێ و خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ ئەو بارودۆخە نوێیە بکرێت کە لە ئارادایە." گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازیەکەی لە مێژووی سیاسی خۆیدا، هەرگیز بەڕادەی ئەمڕۆ دۆست و هاوپەیمانی زۆر نەبووە"، بەداخەوە لە ڕابردوودا دوژمنەکانی زۆر و کاریگەر و بەهێزبون و بەهەموشیان دژایەتی شۆڕشی خەڵکی کوردستانیان دەکرد و کەم هێز و دەسەڵات هەبوو لای لە کورد کردبێتەوە. بەڵام هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ بەگشتی لە بەرژەوەندی کورددایە و ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی و نەتەوەی کورد، خۆی لە چوارچێوەی بیرتەسکی حیزبی و قازانجی خاس و کەسی خۆی بێتەدەر، بەدڵنیایەوە لە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کورد غەدری لێناکرێتەوە و دەتوانێت دەسکەوتی زۆر گەورە بەدەست بێنێت. لەرابردوودا کورد ڵە بێکەسی ڕێبەر و کەمئەزموونیدا نەیتوانیوە داوای وڵات و مافی خۆی بکات و توانای ئیدارەدان و خۆ بەڕیوەبردنی خۆی بۆ زلهێزەکان بسەلمێنێت و کایە بەهەستەکانیان بکات. ڕێبەرانی ئەمڕۆی گەلی کورد بەبەراورد بە مێژووی ڕابردوو ئەزموونی زۆری بەسەرێک ناوە و ئەگەر لە قەیرانی مل ملانەی نێوخۆی بێتەدەر و بەچاوی گەشبینی سەیری داهاتووی بکات، ئاسۆیەکی ڕوون چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دەکات. بەڵام کە خۆت نەبیت داوای مافی سەربەخۆی سیاسی و حوکمڕانی وڵات بکەیت، کەس نایەت ئەو کردارەت بۆ بکات بەپارویەکی ئامادەکراو بیخاتە ناو دەمانەوە. ئاڵۆزیە سیاسی و ئەمنیەکانی سوریە و ئێراق و یەمەن و هیتد... بەتەواوی ڕوخساری جوگرافیای ناوچەکەی بەڕەو لێکترازان و هەڵوەشانەوەبردۆتە پێشەوە و ڕۆژئاواو ئەوروپا و ئەمریکایش بەو ئاکامەی گەیشتوون کە ئەو وڵاتەنەی گەورەن و زۆرتر لە نەتەوەیەکیان تێدا دەژێت و تەنیا

نەتەوەیەک دەستی بەسەر دەسەڵات و دەسکەوتەکانی وڵاتداگرتووە و گەلانی دیکەی بەهەژاری و ستەملێکراوی هێشتۆتەوە و، هیچ مافێکیان پێڕەوانابینێت، زەمینەی سەربزێوی و سەرهەڵدان دێتە ئاراوە. ئارامی لەو وڵاتەنەدا بەدی نایەت.

٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

لە پەراوێزی" دەردی دڵیەکەی" ڕێزدار خالید عەزیزیدا!

بەڕێوەچوونی کۆڕیادی دۆستی ناسراو و هاوفیکری دکتۆر قاسملووی کۆچکرد "دانیال میتران" لە هەولێر بەبەشداری ژمارەیەک لە ڕێبەرو کەسایەتی دەرەوە ئەویادە کرایەوە وەک دەربڕینی ڕێزو وەفا بۆ ئەو خانمە و باقی دۆستە فەڕانسیەکان. بە دڵنیایەوە پلە بەرزە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی هەرچوار بەشی کوردستان بەشداری ئەو کۆڕیادەیانکرد و دێمۆکراتیش بە هەر دووک بەشیەوە وەک میوان ئامادەبوون و لەسەر ناونەهێنانی دکتۆر قاسملوو وەک کەسایەتیەکی دیارو بەرچاوی مەیدانی سیاسی و دیپلۆماسیەتی سیاسی کورد لە نێو کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیدا و، وەک نارەزایەتی دەربڕینێک لەسەر چۆنیەتی ئەو یادکردنەوەیە لە هەولێر بە ئامادەبوونی هێژا سەرۆک بەرزانی، "دەردی دڵەی" سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کودستان ڕێزدار خالید عەزیزی لێکەوتەوە. بەڵام تائێرە لە بەڕێز "هیجری" هیچ نەبیسراوە کە ئەو بۆچی لەو پەیوەندیەدا بێدەنگی هەلبژاردوە، یان ئەوەتا لە ڕێگایترەوە گلەی خۆیکردبێت. بەڕێزیان وەک خۆی گێڕاویەتەوە بەدڵ پێی ناخۆش بووە کە هیچ کام لە کۆڕ گێڕەکان باسیان لە ئاشنایەتی ئەو خانمە تێکۆشەر و ئازادی خوازە نەکردوە کە بە هۆی دکتۆر قاسملوو ئاشنایەتی لە گەڵ گەلی کورد و شۆڕشەکەی پەیداکردوە. دەبوو لانی کەم ئاماژەیەک بەسەرەتای دۆستایەتی و ئاشنایەتی "فڕانسومیتران و هاوسەرەکەی میتران" کراباو وەک خۆی ئەو مەسەلەیە باسکرابا. دیارە ئەو قسانەی عەزیزی ئەگەر بە شێوەی دردی دڵێش بێت، گەلێک هەق و ڕاستن و هەموو لایەک شاهیدی بۆ ئەو ڕاستوێژیەدەدەن. گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و تێکۆشەرانی دێمۆکرات بەشانازیەوە خۆیان بەدرێژەدەری ڕێبازی شەهیدان و لەسەرەوەی هەموشیاندا قازی و قاسملوو شەرەفکەندی دەزانن. ئەگەر هاتباو" سەرۆک بارزانی "وەک کەسایەتیەکی دیار و نەتەوەی لە قسەکانیدا ئاماژەیەکی چەند چرکەی بەڕۆڵی دکتۆر قاسملوو لەو پەیوەندیەدا کردبا، بەدڵنیایەوە دڵی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلاتی خۆشتر دەکرد. خۆ ئەگەر لە ڕابردوودا پارتی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی دێمۆکرات بەهۆی پیلان گێڕی دوژمانەوە، هێندێک ناکۆکی و دڵ ئێشاویان لە نێواندا سەری هەڵدابێت ، بەخۆشیەوە ئێستا دۆستایەتیەکی بەهێز و زۆر پتەو باش لە نێوان ئەو دوو حیزبەداهەیە و کە بۆ هەموو لایەک جێگای شانازیە. هەر لەو پەیوەندیەشدا دۆست ئەو مافەی هەیە گلەی لە هاوڕێ نزیکەکەی کەی بکات لەسەر بە هێندگرتنی سیاسی یەکتری. دکتۆر قاسملوو کاتێک" چڵ ساڵ خەبات" لە پێناوی ئازادیدا دەنووسێت زۆر بە دیاری و شانازییەوە باسی پشتیووانی و ڕۆڵی بارزانیەکان لە کۆماری کوردستان دەکا و لە ناو هێنانیان خۆی نەبواردوە. چوونکی ئەو نەدەکرا بەسەر ڕووداوێکی گرینگی مێژوویدا بازبدات.

دکتۆر قاسملوو زۆر بەشانازیەوە باسی ڕۆڵی بارزانیەکان و کەسایەتی خوالێخۆشبوو "مەلا مستەفا" دەکات و دەڵێت: شەڕو بەرخۆدانی بارزانیەکان بە ڕێبەرایەتی مەلامستەفای بارزانی وەی هێزەکانی شای ئێرانی تێک شکاند و هەرلەوکاتەیشدا

وەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بەرزکردەوە و ئومێدیان بەسەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لەلای دروستبوویەوە.

ڕەخنە لەخۆگرتن بەڕاستی بوێری و وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوێت. ڕێزدار خالید عەزیزی ئاماژەی بە خاڵکردوە کە ڕەنگە هەموو کەس ئەو ئازایەتی و بوێرییەی تێدا نەبێت یان پێی حەیف بێت لەسەر مەسەلەیەکی ئاوها بێتە جواب و بە دەردی دلێکیش دەربیڕێت. پێویستە تێکۆشەرانی دێمۆکرات بەگشتی لە ئاستی کەملوتفی دامودەزگای سیاسی و ناوەندە بڕیار دەرەکانی هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان هەبێت. زۆر کەس بەناوی دڵسۆزی و یەکگرتنەوە، دەیان هەوێت لە ڕێڕەوی مەسەلەکەدوور بکەونەوە و بابەتەکە بەلاڕێدا بەرن. من نام هەوێت لێرەدا باسی گەورەی و ڕۆڵی گەورەپیاوی مێژووی نوێی گەلەکەمان دکتۆرقاسملوو ڕێبەری شۆڕشی کوردەکانی ڕۆژهەڵات بکەمەوە. زۆر دەمێکە من ئەو باسمکردۆتەوە وجارێک لە وتارێکدا ئاماژەم بەو نەزەرەیدابوو کە بەداخەوە کاتێک باسی ئاشنایەتی و دۆستایەتی گەلی کورد و ڕێبەرەکانی لە گەڵ دونیادەرەدا دێتە ئاراوە، هەر کەس و لایەنێک بەکەیفی خۆی، دەبێتەسوارچاکی ئەو مەیدانە. هەموو جارێ دکتۆر قاسملوو لە قەڵەم دەکەوێت. خەڵکی کوردستان زۆر باش ئەو ڕاستیە دەزانێت کە وڵاتی فەڕانسە و کەسایەتیە دیارەکانی لە ڕێگای دکتۆر قاسملوویەوە ئاشنای خەباتی خەڵکی کوردستان بوون و فرمێسکیان بۆی ڕشتووە. بەڕێز عەزیزی گوتەنی: بەرە بەرە ئەو زەمینەیەش پێک دێت کە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە گەورەیە، خەریکە لە حیزبی دێمۆکرات بیبەری دەکرێن. لە درێژەی دەردی دڵیەکەیدا، عەزیز ئاماژەی بەوەکردوە کە: کاتێک یادی کۆماری کوردستان دەکرێتەوە وەک میوان بەشدار دەبن و لە سەفی دووهەم جێگایان بۆ دیاری دەکرێت. زۆر بەلامەوە سەیرنیە بۆ چی حیزبی دێمۆکرات ئەوەندە بچووک بۆتەوە، پەرتەوازەی سیاسی و لێک دوورکەوتنەوە و دابڕان لە خەڵکی کوردستان و ناوچە سنووریەکان و پەراوێزخستنی تێکۆشانی سیاسی و نیزامی ئەو مەقۆلانەی لێبەرهەم هاتووە.

چاکنیە بەڕێز عەزیزی ئەگەر بەشێوەی دەردی دڵکردنیش بێت، باسی لە کەملوتفی لایەنە پلە باڵاکانی هەڕێمی کوردستانکردوە کە لە ڕانبەر بەکارو خەباتی دکتۆرقاسملوو دەکرێت و وەک خۆی باسی ناکرێت. بەڵام زۆر بەلامەوە سەیرو سەرنج ڕاکێشە، کاتێک ئەو مەسەلانەروودەدەن بۆ" دوو سکرتێری دێمۆکرات هیچ هەڵوێست و ڕوونکردنەوەیەکیان بۆ تەشکیلات و خەڵکی کوردستان نیە".

ئەی بۆ بەشداری ئەو جۆرە یادکردنەوانە دەکەن ئەگەر لە کاتێکدا وەک ڕێزدار عەزیزی وتەنی: وەک میوان سەیربکرێن و هەموو جارێکیش ناوی دکتۆر قاسملوویش و حیزبی دێمۆکرات لە زۆر شوێنی گرینگدا لە قەڵەم بکەوێت؟

٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

بۆ چی دەبێت گەلی کورد بکرێتە قوربانی کێشە و ململانەی سیاسی نێوان وڵاتان!

قەیرانە سیاسی و ئەمنیەکانی سوریە و ئێراق و تورکیە بۆیە دێنە نێو خاکی کوردستان هەتا بەهەموویان پیلانی لە نێوبردنی ئەزموونی سیاسی و کۆتای بە حوکمڕانی کوردی لە ناوچەکەدا بێنن.

دوژمنی خاک و خوێن، ئەگەر خۆی بەدۆستیشت پێشانبدات، هەرگیز دڵسۆز و پشتیووانی خواستە سیاسی و نیشتیمانیەکان لە کورد ناکات. بۆیە ڕێبەرانی کورد دەبێت چاو گوێیان کراوەتر لە ساڵانی ڕابردووبێت، دراوسێکانی کوردستان هیچ کامیان بەدڵ پشتگیری لە کورد ناکەن و بۆیە دەبێت زۆر بە وشیاری خۆیان لە گەڵ رووداوەکاندا بەرنە پێشەوە و بۆ ئەوەی نەکەوینە نێو بەرداشی ئەو مل ملانەی لە شکڵ و فۆرمی نوێدا سەری هەڵداوە.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لوێشدا بەشەکانی کوردستان خەریکە دەبن بە جێگای یەک لایکردنەوەی مل ملانەی نێوان زلهێزەکانی دونیا و ئەو ناوچەیەی کە ڕوبەری جوگرافیاکەی کوردستانی لێهەڵکەتووە،بە هۆی ستراتیژی و بەرژەوەندی ئابووری هێندێک وڵات دەیان هەوێت کۆی قەیرانە جیهانیەکان بۆ پاراستنی هاوسەنگی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بگوازنەوە بۆ نێو خاکی کوردستان بەمەبەستی یەکلایکردنەوەی کێشەکان لە قازانجی خۆیاندا. دروستبوون و پەرەگرتنی داعش بە دڵنیایەوە بەهاوکاری و پشتیووانی دوژمنانی گەلی کوردپەرەیگرتووە و داگیرکاریەکانی کروپی تیرۆریستی داعش لە سووریا و ئێراقدا کە بەشەکانی کوردستانیشی خستە ژێر مەترسی دوژمن کارانەی خۆی و، بەڵام گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە گیان و خوێن کوردستانی لە دەستی داعش پاراست. هەرێمی کوردستان کە لە گەڵ حکوومەتی فیدڕاڵی ئێراقدا هاوبەشی سیاسی و ئابووری و بەڕیوەبردنیان پێکەوە هەیە و، گرینتیەکی دیاریکراوی سیاسی و نەتەوەیان لە سەر ئەرزی واقعدا پێک هێناوە و، ئەو قەیرانەی داعش بەدوایخۆیدا هێناوە لە ناوچەکەد، بەدڵنیایەوە زیانی زۆر گەورەی بەژێرخانی ئابووری و گەشەکردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە گەیاندوە کە داگیریانکردوە یان پەرەیان بە کێشە و ئاڵۆزی سیاسی و ئەمنیداوە. داعش لە ڕێگای بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی نیشتمانی گەلان و دروستکردنی ئاژاوە و نائەمنی، گەلێک قەیرانی ناهەمواری بەرهەم هێناوە و ئاسایش و ئارامی خەڵک و ناکۆکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و دورستبوونی قەیرانی گەورەی ئابووری کە بەگشتی وەک مەترسی و هەڕەشەی دیار لە سەر ژیانی هاو وڵاتیان ئەژمار دەکرێن، لە سوریە و ئێراق، بە هەرێمی کوردستانیشیەوە، فشاری زۆری لە سەر ژیانی هاونیشتمانیان دروستکردوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە کەمێک لێی بڕوانین و سەرنجی بدەینێ و بەچاوی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن تێیڕامێنین، ئەو خاڵە جەوهەری و گرینگەیە کە "بۆچی دەبێت خاکی کوردستان بەدرێژای مێژووی سیاسیەوە، وەک

نەتەوەیەکی گەورەو بندەست و بێ وڵات ببێتە شوێنی یەک لایکردنەوەی کۆی ئەو کێشە و ناکۆکیانەی کە زلهێزەکان و داگیرکەرانی خاکی کوردستان لە نێوانیاندا دێتەکایەوە". بۆ چی هەر دەبێت گەلی کورد بکرێتە قوربانی کێشەو ململانەی ئەو هێزانەی کە هەوڵی خۆسەپاندن و بەرفراوانترکردنی هێزی خۆیان دەدەن. پاش پێکانی فڕۆکە شەرکەرەکەی روسیا بە هۆی هێرشی ئاسمانی تورکیە و کوژرانی فڕۆکەوانەکەی، لە سەر سنووری نێوان سوریە و تورکیەدا(کوردستان) ئەو دەرفەتەی بۆ روسیا پێک هێنا کە بەکردەوە بێتە نێوکایەکە بۆ لێدان و لە ناوبردنی داعش کە هاتنەناوەی روسیا بە دوو مەبەست بوو.

یەکەم: روسیا ویستی ئەو دەرفەتە لەدەست نەدات بۆ ئەوەی خۆی بەسەر ناوچەکەدا فەرز بکاتەوە و سنوورێک بۆ ئەمریکا و هاوپەیمان دابنێت و سوریە لە مەترسی پێلانەکانی تورکیە بپارێزێت.

دوو: روسیا زۆر زیرەکانە قەیرانی کەوتنەخوارێ فڕۆکەی وڵاتەکەی وەک فشار و دوورخستنەوەی تورکیە لە قەیرانی سوریەدا بەکار هێنا و چەند جارێک بەجیدی هەڕەشەی لە تورکیە کردوە و ئەو بەڵگانەیشی خستنەروو کە هاوپەیمانی تورکیە و داعش دەسەلمێنێت.

بەڵام ئالۆزیەکان بەوە کۆتایان پێنەهات و بەودوایانە حکوومەتی تورکیەش هێزێکی زۆری لە نزیک "موسڵ" دا جێگرکردوە و هاتنی هێزی ئەو وڵاتە بۆ نێو خاکی کوردستان، لێکدانەوە و تەفسیری جیاجیا و دژ بەیەکی بەدوایخۆیدا هێناوە. هەتا حکوومەتی ئێراق بە پشتیوانی کریملین ماوەی ٤٨ کات ژمێری بۆ چوونەدەری لشکری تورکیە دیاریکردوە و کە پێناچێت ئەو ئۆڵتوماتیمەیش دەسەڵاتدارانی ئانکارا بترسێنێت و هێزەکانیان لە ئێراقدا پاشەکشێ پێبکەن.

کورد پاش سەرهەڵدانی ئەو ئالۆزیانە خەریکە لە نێوخۆیدا تۆشی چەند گۆتاری و کێشە و ئالۆزی نێوخۆی دەبێت و بە جۆرێک رفتار دەکەن وەک ئەوەی نەیاری یەکتری بن و بەو جۆرەش دوژمن و پیلانەکانیان کە لە دژی گەلی کورد دایانڕشتووە لە بیر دەکەن. دیارە ئەو پیلان گێڕیەی کە داعش بەدوایخیدا هێناوە، سەرەتا و بەرلەهەر شتێک داگیرکەرانی کوردستان بۆ لە نێوبردنی ئەزموونی حوکمرانی سیاسی کورد لە هەرێمی کوردستان بە زیریکیەوە پشتیووانیان لە بەرفراوانبوونی قەڵەمڕەوی گروپی تیرۆریستی داعش کردوە و بە شێوەی جۆر بەجۆر هاوکاری و چاوساغیان بۆکردوە. گەلی کورد و سەرکردایەتی سیاسی لە هەلومەرجێکی ئەتۆدا ئەرکی زۆر گرینگ و هەستیاری دەکەوێتە سەرشان و دەبێت بە گیانی کۆدەنگی و هاوپشتی، هاوکاری و یامەرمەتی یەکتری بدەن و بۆ ئەوەی بەسەر نەیارانیاندا سەربکەون، پێویستە کێشە نێوخۆیەکانیان وەلابنێن ولاپەرەیەکی نوێ لەپەیوەندیەکانیاندا هەڵبدەنەوە. ئەگینا بە یەکتری تاوانبارکردن هیچ لە

بابەتی مەوزوعی مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەو ئالۆزیانەی کە بەمدواییانە بەرۆکی خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی کوردی گرتۆتەوە،

ئەگەر بێت و زۆر بەوشیاری هەڵسوکەوتی لە گەڵدا نەکرێت و لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی بیرکردنەوەی لەسەر نەکرێت، ئەو دەسکەوتانەی بەدەست هاتوون دەکەونە ژێر مەترسی لە نێوبردن.

۱۰ی دێسەمبەری ۲۰۱۵

بابەتەکانی ساڵی..... ٢٠١٦

سەقامگیری سیاسی ڕێژیمی ئاخوندی و چەند قسەیەک!

بە پێچەوانەی باس و خواسی گەرمی دەسەڵاتدارانی تاران کە باس لە سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان دەکەن و وای نیشاندەدەن کە گوایە ئێران بەرەو دێمۆکراتیزەکردن و دادپەروەری سیاسی ونەتەوەی هەنگاوی بەرەو پێشەوە هاویشتووە و لەو ڕێگایەشەوە وڵات و دەسەڵاتەکەی خۆی سەقامگیرکردوە و هیچ جۆرە هەڕەش و نیگەرانیەک شک نابن کە ئەوان بترسێنێت و لەسەر دەسەڵات لایانبدات. دیارە جۆری خۆپێدا هەڵدان و مەتحو سەناکەیان بەتەواوی داماوی و پەشێوی پێوەدیارە وئەگەر بە گوێرەی قسەی کاربەدەستانی نیزام ئەوەڕاست بێت، ئەی بۆچی بەڕپرسە ئەمنیەکانی ڕێژیم زۆر بە نیگەرانیەوە باس لە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی کوردستان و لاوازی جمووجۆڵی چەکداری هێزە تیکۆشەر و خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و دەڵێن سنووڕەکان ئارامن و لە مەترسی نیزامی نەیارانیان پارێزراون. ئاماژەکردن بەو خاڵە و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی پەیوەندیدار ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە نەڕێژیمی ئاخوندی سەقامگیربووە و بەڕوبەکەیتریشدا خەباتی چەکداری تێکۆشەرانی کوردستانیش پەکی نەکەوتووە و هەر ڕۆژێک گەل بخوازێت ئەو ئیرادە و وشیاریە نەتەوەیە بەدی دەکرێت کە وەک ڕابردوو مەترسی گەورە لەسەر ڕێژیم و دامودەگانەمنی و سیاسیەکانی دروست بکرێتەوە. بەدڵنیایەوە خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات و هێزەکانی تری ڕۆژهەڵات لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی کوردستان بکرێتەوە مەتەرێزی بەرخۆدان و تێکۆشانی سیاسی و نیزامی. دیارە ئەوە ڕاستنیە کە گوایە نیزامی ئاخوندی توانیویەتی بەسەر کێشە و قەیرانە نێوخۆی و دەرەوەیەکانیدا زاڵ بێت و، بەهەشتێکی بەرینیان بۆ گەلانی ئێران دروستکردوە و بەگشتی کۆمەڵگا تێیدا هەست بەئاسودەی و ئارامیان دەکات. دیارە ئەوە تەنیا خەیاڵ و پڵاوی ئاخوندەکانی ئێران و بەس. ئەوەی ڕاستی بێت کار بەدەستانی تاران بۆ ئەوەی خۆیان لە شەپۆلی بێزاری و ناڕەزایەتی گەلانی وڵات بپارێزن لە ئێستادا، لە دەرەوەی سنووڕەکانی ئێران خۆیان سەرقاڵی شەڕ و ململانەی لاوەکیکردوە بۆ ئەوەی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کوردتیش بێت خۆیان لە مەترسیەکانی نێوخۆی ڕێژیم بپارێزن. بەتایبەتیش لە حاڵی حازردا کە خۆیان بۆ دەورەی دەیەمی هەڵبژاردنی پارلمانی وڵات ئامادە دەکەن. بەگوێرەی تۆێژینەوە و و تێڕوانینی چەمکی زانستی سیاسی سەبارەت بە میکانیزم و میتۆدی سەقامگیری حوکمڕانی لە هەر وڵاتێکدا، بەجۆرێک سەیر دەکرێت کە تاج ڕادەیەک دێمۆکڕاسی و دادپەروەری و مافی سیاسی و نەتەوەی لە بەرچاوگیراوە و سیاسەتی لێک هەڵاواردن و پەراوێزخستن پەیرەوی نەکراوە. کاتێک حکوومەتێکی نادێمۆکراتیکی وەک ڕێژیمی ئاخوندی بە ڕێگای فشار و بە هێزی نیزامی خۆیان بەسەر

ئیرادەی خەڵکەکەیانداسە پاندوە وەەر جۆرە ڕادەربڕین و ئازادیە سیاسی و نەتەوەی و ئابووریەکان لە بەرژەوەندی دەستەیەک پچوکدا قۆرخ کراون و پەرێزێک لە خۆشگوزەرانی پاوانی خۆیان و بنەماڵە و هاوقۆڵەکانیانکردوە و گەلەکەیان توشی برسیەتی و نەداری دەکەن، ناکرێت ئەو وڵاتە خۆی دڵی بە سەقامگیری خۆش بێت. بەرویەکەیترێشدا ڕۆژانە ئازادیخوازانی وڵات کە داوای سەرەتایترین مافی خۆیان دەکەن، ڕوبەڕوبگرتن و ئیعدامی بەکۆمەڵ دەکرێنەوە و لە سێدارەدان ڕێژەی ئاسایخۆی تێپەڕانوە و وڵات کراوەتە کۆشتارگای جیابیران و نەتەوەخوازانی ئێران. لە حاڵێکیوادا ناکرێت ئیدیعای سەقامگیری سیاسی ئێران لە جێگای خۆیدابێت، چوونکی لەو پەیوەندیەدا دڵی هاووڵاتیانی خۆی بەدەست نە هێناوە و کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەی گەلانی لە پشت نیە و زۆرینەی گەلانی پێک هێنەری وڵات دژی سیاسەتی حکوومەتی ئاخوندین. ئەوە ئاشکرایە کە حکوومەتی ئاخوندی ئێرانیش وەک هەر وڵاتێکی دیکتاتۆری دیکەی دونیا بە زۆری سەرنێزە و کۆمەڵکوژی ئازادیخوازانی وڵات دەستی بەدەسەڵاتەوە گیرکردوە و ئەگەر بێت و مەجالی هەڵبژاردنێکی دێمۆکراتیک لە ئێراندا پیک بێت، ئەو دەسەڵاتە بەتەواوی پەراوێز دەخرێ و گەلانی وڵات بەگشتی دەنگ بە ئازادی و مافی سیاسی و هاونیشتیمانی بوون دەدەن و بۆجارێک دیکە ڕەوای ئیدارەدانی وڵات بەو دەسەڵاتە نادرێتەوە. کاربەدەستانی تاران وێرای تێپەڕبوونیان بەسەر قەیرانی سیاسی و ئابووری و نالەباری ژیان و گوزەرانی خەڵکی وڵاتدا و، بەلاڕێدابردنی بیروڕای نێوخۆی و نێونەتەوەی سەبارەت بە چۆنیەتی هەلومورجی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی بندەستی ژێرحاکمیەتی ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندا، خۆیان سەرقاڵی ململانەی ناوچە کردوە و ئەوەتا لە سووریە و یەمەن و ئێراقدا بەشداری کەڵاوەکیشیەکان دەکات و ساڵانەیش بوجەیەکی کەڵانی وڵات بەو ڕێگا ناشەرعیەدا بەهەدەر دەدرێت. حکوومەتی ئاخوندی ئێران و داموەزگا ئەمنیەکانی ئەو وڵاتە ماوەیەکە لە کاناڵی جیا جیاوە هەوڵدەدەن ئەوە بسەلمێنن کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مەترسییان لەسەر نیە وهێزەکانی ئەو بەشەی کوردستان لە سنوورەکانەوە جموجۆڵی خەباتی چەکداریان نەماوە و بەقەولی خۆیان ئێستا ئێرانی فرە ڕەنگ و فرەنەتەوەی بۆتە دەریای ئارام و وڵات بەگشتی لە ئەمن و ئاماندایە.

کاربەدەستانی ئەمنیەتی ڕێژیم دەمێکە لەو ڕێگایەوە هەوڵی خۆهێورکردنەوەیان دەدەن وئەو کاتەیش کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قەڵای بەرگری و تێکۆشانی سیاسی و چەکداری بەدژی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت ناسرابوو و بە سەنگری بەرگری لە دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ ناوبانگی بە هەموو وڵاتدا بڵاو ببوویەوە، ئەو چیرۆکە بێمانایەن بۆ دڵدانەوەیان باس دەکرد هەتاشکەست و پاشەکشەکانیان لە بەرچاوی لایەنگرانیان بشارنەوە.

پاش سێ دەیە تێپەڕبوون بەسەر ڕووداوەکانی وڵاتدا، خەریکن بۆ جارێکی دیکە پاشەکشە و نائارامیەکانیان بەو ڕێگایەدا بشارنەوە. بێگوومان دەورەی دەیەمی شانۆسازی پارلمانیش کە ئێستا خۆی بۆ ئامادە دەکەن ناتوانێت ئەو دەسەڵاتە لە قەیران و گێژاوی نێوخۆی بپارێزێت و داخوازەڕەواکانی گەلانی وڵات دابین بکات.

٥ی جانیۆیری ٢٠١٦

ئەوەی گەلی کورد داوایکردوە، هەڕەشە و هێرشنیە بۆسەر دابەشبوونی جوگرافیای تورکیە!

باکوری کوردستان بە پێشچاوی گەلی کورد و کۆمەڵگای نێونەتەوەیەوە کەوتۆتە بەر هێرشی درندانەی حکوومەت و دەسەڵاتی تاکڕەوانەی سپای نیزامی "ئۆردۆگان" و بەهۆی سیاسەتی خۆپەرستیانەوە ڕۆژئیە لە شارەکانی باکوردا، بەتاوانی هێنانە بەرباس و داواکاری سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، پیرو گەنج و منالی کورد شەهید و بریندار دەکرێن و، یان بەتاوانی نازادیخوازی و بە دلیل و بەهانەی بێبنەما دەگیرێن و دەخرێنە زیندانەوە. سەرهەڵدانەوەی شەڕ و نائارامیەکانی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی تورکیە، ئۆمێدی پرۆسەی ئاشتی و پێکەوە ژیان و هەوڵدان بۆ سەقامگیری سیاسی و دابینکردنی مافی سیاسی و نەتەوایەتی کورد لە باکوری کوردستانیدا، بەرەو لوتکەی ترس و نادیاری بردۆتە پێشەوە. حکوومەتی تورکیە ئەگەر نیازی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کوردی بەر لەسەر هەڵدانەوەی ئەو قەیرانە هەبووایە و چارەسەری پرسی نەتەوایەتی گەلی کوردیان لە بەرنامەی حکوومەتەکەیاندا دەست نیشان کردبایە و باوەڕیان بە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە لە هەلومەرجی ئێستادا هێنابایە، هەرگیز سپای تورک بە بڕیاری ئۆردۆگان هێرشی نەهێنایەوە بۆ سەر خەڵکی کوردستان و پرۆسەی لە نێوبردن و قڕکردنی نەتەوەی کوردی نەدەگرتەوەبەر. بەهۆی خەونی سوڵتانیزم و تورکیزمی حکوومەتی تورکیە و بێ باوەڕی کاربەدەستانی ئانکارا بە چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد ، هەرگیز ئەو ڕووداوەی لێنەدەکەوتەوە کە دەوڵەتی تورکیە بۆجارێکیتر سپایەکی پڕچەک، بەو جۆرە بەربلاو و درندانەیە ڕەوانەی سەر ژیان و گیان هاوڵاتیانی کورد بکا و پەلاماری بۆسەر شار و ناوچە و گوندەکانی کوردستانی باکور دەست پێ بکاتەوە. لانی کەم دەوڵەتی تورکیە دەبوو لەو ڕاستیە گەیشتبان کە بەرێگای شەڕ و کوشتاری بەکۆمەڵی کوردانی کوردستاندا، ناتوانن بەسەر ئیرادەی نەتەوەی کورددا زاڵبن و تەنیا وئەو کێشەیە بە ڕێگای دیالۆگی ئاشتیەوەچارەسەردەکرێت. ئێستایش زۆر درەنگ نیە کە دەسەڵاتی تورک ئاوڕی جیدی و بەرپرسانە لە مەسەلەی کورد بداتەوە و لە گەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستاندا بکەوێتە وتووێژی ئاشتی بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی کورد. چوونکی شەر کلیلی چارەسەرکردنی هیچ کێشە و قەیرانیکی سیاسی و نەتەوەی و هەتا ئابووری و کۆمەڵایەتیش نیە و گەڕانەوەی دوولایەن بۆسەر مێزی گفتووگۆی سیاسی سەرەتا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و لابردنی قەدەخەکردنی هاتوو چۆی هاونیشتیمانیانی کوردستان لە شوێنی ژیانیانەوە بۆ هەر شوێنێک کەخواستیان دابین دەکات. ئۆردۆگان ئەگەر پێیوابێت بەرێگای تۆندوتیژی ئەمنی و نیزامیدا بەسەر ئیرادەی سیاسی و سۆڕشگێڕی گەلی کورد دا سەردەکەوێت و پاشەکشە بە بزووتنەوەی نازادیخوازی و نەتەوایەتی کورد لە باکوری کوردستان دەکات، بیرکردنەوەیەکی هەتا بڵێی هەڵەیە و ئەو خەباتەی لەو بەشەی کوردستان دەستی پێکردوە و بەدار و بەرد نازادیخوازانی کورد بەرەوروی هێزی تورک دەبنەوە بە بەرچاوی بیروڕای نێونەتەوەیە، سیگنالێکی گەلێک دیار و ڕوونە کە کورد بێگەڕانەوە بۆ خاڵی سیفر داوای مافی سیاسی

خۆی دەکات و داوایانکردوە، گەلی کورد خۆی ئیدارەی کوردستانی باکور بکات. "ئەوەی گەلی کورد داوایکردوە، هەڕەشە و هێرشنیە بۆسەر دابەشبوونی جوگرافیای تورکیە"، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ ئەوەی تەبای و برایەتی نێوان دوو گەلی کورد و تورک لەسەر ئەساسی قبووڵکردنی یەکتری بینا بکرێت و ناکرێت حکوومەتی تورکیە لەسەر سیاسەتی ڕابردووی کە حاشاکردنبووە لە گەلی کورد بەردەوامی بەو جۆرە بیرکردنەوە شۆڤێنیان بدەن و بەڵکوو پێویستە ڕێز لە خواستی گەلی کورد بگرێ و تورک لاپەرەیەکی نوێ و دوور لە توندو تیژی لە گەڵ خەڵکی کوردستاندا بەیەکەوە لە تورکیەی دێمۆکراتدا بەئارامی و دوور لە شەڕ و نائارامی هەڵبداتەوە و لە تەنیشت یەکتریدا بژین. ئەگەر بەڕاستی حکوومەتی تورکیە زۆر جار بە شێوەی فەرمی و نافەرمی ڕایانگەیاندوە کە پشتیووانی لە دروسبوونی دەوڵەتی کوردی لە باشوری کوردستان دەکەن،باشە ئەگەر بەڕاستیانە و لەو بارەوە نیەتی خێریان هەبێت

بۆ پرسی کورد کە مێژوویەکی چەندین ساڵەی هەیە سەرەتا لە لای خۆیان یەک لای ئەو پرسە نەتەوەیە ناکاتەوە، خۆ ئەو خەڵکەی ڕۆژانە لەشارەکانی کوردستانی باکور بەدەستی سپای تورکیە شەهید دەکرێن، ئەوانیش هەر کوردن و دەیان هەوێت لە چوار چێوەی وڵاتی تورکیەدا بەمافی سیاسی و نەتەوەیان بگەن.

٦ی جانێوێری ٢٠١٦

پاشکۆیەتی و نارووني هەڵوێستی سیاسی و هەڵبژاردنی دەورەی نوێی مەجلیسی ئێران!

لە وڵاتێکدا کە حکوومەتەکەی دوور لە هەر بەهاو ڕێساو یاسایەکی سیاسی و نەتەوەی وەک ڕێژیمی ئاخوندی و لە بەرچاونەگرتنی مافی ڕادەربڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاونیشتیمانیانی وڵاتەکەی ئیدارەبکرێ و کۆمەڵێک مرۆڤی پاشکەوتوو و تەنگ بیر، حوکمڕانی بەسەر پانتایەکی گەورەو جوگرافیای و فرەنەتەوەی وەک ئێراندا بکەن. زۆر بەدژواری دەبینم هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێمۆکراتیک دەرەتانی بەرێوە چوونی هەبێت یانیش پاش فیلتێرکردنی ناوی بەربژێرەکان و ڕەدکردنەوەی ڕێژەیەکی بەرچاوی کاندیدەکان لە کوردستان مانایەکی ئو تۆبۆ شانۆی بەناو هەڵبژردانی مەجلیس مابێتەوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە زۆر بەهەستیاری و بەرچاو و ڕوونی هەڵوێستیان سەبارەت بە هەڵبژاردنی دووەی" دەیەمی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی ئێران " هەبێ و نەکەونە ژێر تەوژم و کاریگەری شەپۆلی ڕووداوەکان و وەک خۆی پیناسەی حکوومەتی نیزامی و دەسەڵاتدارانی تاران بکرێ و هانی چین و تونژەگلیەکانی ،لانیکەم هی کوردستان نەدرێت لە ڕێگای بەشداریکردنیان لە دەنگدان بە پیاوەکانی نیزامدا ، خۆیان بکەنە پاشکۆی پشتیوانی ئیعدامی بەکۆمەڵی ئازادیخوازنی وڵات و داواکەی خامنەی جێ بەجێ بکرێت کە دەڵێت: "با موخالیفانیش بەشداری هەڵبژاردن بکەن". حکوومەتی ئەمنی و نیزامی ئاخوندی ئێران بۆ شەرحیەدان بە درێژکردنەوەی دەسەڵاتی ویلایەتی حوکمڕانیان و، بەشداری هەرچی زۆرتری گەلانی بندەستی ڕێژیم وەک هەوڵێک بۆ سرینەوەی میژووی ڕەشیان بە ڕووی کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا بەکار بهێن و بڵێن، زۆرینەی پێک هاتەکانی وڵات پشتیووانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران دەکەن. مەبەستی کاربەدەستانی ڕێژیمی نیزامی ئێران بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە دەیان هەوێت ئەوە بسەلمێنن باوەڕیان بە بنەما و پرینسیپەکانی دێمۆکراسی و ئازادی ڕادەربڕین هەیە و دەرفەتێکی باش و گونجا و هەیە کە هەموو لایەک بەشداری هەڵبژاردن بکەن بۆ ئەوەی هەلومەرجی دەستاو دەستی دەسەڵات لە بەرژەوەندی لایەنەکاندا گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردابێت. بەڵام بەدڵنیایەوە کەس بەو دوحای ڕێژیم باوەڕناکات، بەڵکو لەو ڕێگایەوە هەوڵدەدەن بیرورای گشتی کۆمەڵگای وڵات بەتەواوی لەسەر مەسەلە ئەساسی و بنەڕەتیەکان، لەو چوارچێوەیەدا بەلاڕێدا بەرن و ئەو بابەتی هەڵبژاردنەش بکرێتە ئامرازی فریودان و لە بیربردنەوەی پرسی نەتەوەی و قەیرانی ئابووری و نالەباری ژیان و گوزەرانی خەڵکی وڵات. ڕێژیمی ئاخوندی لەسەر" بنەما و فەلسەفەی ئەوتۆ بەرتەسک و تەنگ بیر دامەزراوە کە بە پێوەر و هەڵسەنگاندنەکانی سەدەکانی نێوەڕاست حوکمڕانی بەسەر گەلانی ئێراندا" دەکات و ڕۆژنیە جودابیران و تێکۆشەرانی مافویست و دێمۆکراسیخواز لە هەموو بەشەکانی وڵات ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکان نەکردڕێن و ماف و ئازادیە سیاسی و نەتەوەیەکانیان لە چوار چێوەی ئەو ڕێژیمەدا پایەمالّ نەکرێت. خەڵکی کوردستان قوربانی یەکجار زۆر و بەنرخی لە پێناوی مافی سیاسی و نەتەوەیخۆیدا بەخشیوە و لە ڕابردووشدا حیزبی دێمۆکرات وهەموو لایانە سیاسییەکانی چالاک لە مەیدانی سیاسی وڵاتدا، هەوڵیاندا بە

ڕێگای دیالۆگی ئاشتی و لێک تێگەیشتن پرسی سیاسی کورد لە چوار چێوەی دەستووری وڵاتدا جێ بە جێ بکرێت. بەڵام هەموولایەکمان بەچاوی خۆمان بینیمان حکوومەتی ئاخوندی بە چ جۆرێک پێشوازی لە هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی حیزب و نوێنەری دیاریکراوی گەڵ بۆ پرسی ئاشتی لە ئێراندا کرد. کاتێک هێزە سیاسییەکان بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن و بە بەرچاوی میدیای و تیڤی دەڵێن: بڕیاری بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بابۆخەڵک بێت و هەڵوێستی بایکۆت کردنیان دەرنەبڕیوە و خۆیان دەکەن بەپاشکۆی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، ئیدی ئەو هێزانە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا، لە ڕووی کرداری و مەعنەویەوە چ مانایەک بۆ خۆیان و ڕابردووەکەیان دەهێڵنەوە. یان ئەوەتا بە هەڵە خوێندنەوەی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ژینگەی سیاسی و حوکمڕانی ئێرنیان کردوە و بەو خەونەوە دەژین کە ڕۆژێک لە ئێراندا هەلومەرجی خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی ئازاد زەمینەی بۆ بڕەخسێت. خۆ ناشکرێت ڕێژیمی ئێرانمان لە گەڵ کۆمەڵگایەکی بەتەواوی دێمۆکرات و ئازاد لێتێک بچێت. ڕاستە هەر کەس ئازادە چۆن بیردەکاتەوە و ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام پێموانیە کەس هەبێت ئەوەی تێنەگیشتبێت، لە حکوومەتی ئاخوندیدا شتێک بە نێوی هەڵبژاردنی ئازاد بوونی نیە و هەر لەوپەیوەندیەشدا ئەو کەسانەیشی لە فیلتەری ڕێژیم دەردەچن، کۆمەڵە خەڵکێکن کە لانیکەم لە کوردستاندا باوەڕیان بە نیزام و پێکهاتەی ڕێژیم و شێوەی بەڕێوەبردن و ئیدارەکانی وڵات بە سەپکی ئاخونددەکان هێناوە. زۆر جێگای داخە کە "حدک" ئەزموونی ڕابردووی دووبارە دەکاتەوە ، بەڵام بە شکڵ و فۆرمێکی دیکەوە. ئەوەی بەلای خەڵکی کوردستانەوە جێگای پرسیار و تێرامانە، ئەوەیە کە ئاخۆ دەبێت لە ڕێژیمی ئاخوندیدا سەبارەت بە مافی سیاسی نەتەوەکان ئاڵۆگۆڕێک پێک هاتبێت یان نیازی دابینکردنی ئەو مافە نەتەوەیە لە چوار چێوەی حکوومەتی ئێرانداڤەگەری دابینکردنی هەبێت کەچەند لایەنێکی سیاسی کوردستان لاریان نیە لەوەی خەڵک بەشداری لەو هاڵبژاردنەدا بکات|؟ پاش خوێندنەوە و هەڵسەنگانی بنەما و فەلسەفەی فیکری حکوومەتی ئاخوندی ئێران و سیاسەتی دژی گەلی و وەستانەوەیان لە بەرانبەر هەر بیرێکی ئازاد و دێمۆکراتێکدا و ئەو ستمە سیاسی و نەتەوەیەتیان کە دەرهەقی خەڵکی کوردستان درێژەی پێدەدرێت، هاندان و بەشداری خەڵک بە دڵنیایەوە هیچ پاساوێکی بۆ نیە و تێگەیشتن و هەڵوێستی سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەتەواوی لە شوێنیخۆیدایەوە و هەتا ئەگەر خەڵک خۆشیان بەهۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی و شوێنی ژیان و گوزەرانیان بەشداری بکەن،

بەڵام نابێت هێزێکی سیاسی کە خۆی بە پێشڕەوی شۆڕش بزانێت ڕێگای هەڵە و چەوتی پێشانی کۆمەڵانی خەڵک بدات و هەژاری دەستی هەڵوێستی ناروونیخۆیبێت و هەلومەرجی سیاسی وەک خۆی لێک نەدابێتەوە.

١٩ی جانیۆیڕی ٢٠١٦

دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان و "حەڵاڵ" یە میژوویەکەی تەنیا مافی سیاسی حدکایە!,

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە مێژووی سیاسی و خەباتی نەتەوایەتی خۆی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ڕووبەڕێکی گەلێک فراوانی لەسەر نەخشەی سیاسی و ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران بۆ خۆی گرتووە و کاتێک باس لە سەر شێوەی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دێتە ئاراوە هەموو ئاڕاستەکان ڕوو لە حیزبی دێمۆکڕات دەکەن. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکی زۆر ناسک و دژواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بە هۆی بیرمەندی تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد پێشەوا" قازی محمد" لە سەر بنەما و میکانیزم و میتۆدی پێشکەتوو دادەمەزرێ و ئامانج لە پێک هێنانی حیزب لە سەردەمی پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا، بەدڵنیایەوە حیکمەتی سیاسی و نەتەوایەتی تایبەت بەخۆی هەیە و ژینگەی خەباتی سیاسی گەلی کورد پێویستی بە هێزێکی ئەتۆ مۆدێرن و شۆڕشگێربوو کە بەرنامە و ئامانجی ڕزگاری نەتەوەی هەبێت. ئامانجە سیاسی و نیشتیمانیەکانی حیزب بەشێکی گرینگبووون لە خواست و داخوازی ڕەوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا و ئەوکات زۆر بەخێرای ئەو تیگەیشتنە دروستبوو کە هێزێکی بەتەواوی دێمۆکڕات و پێشکەوتنخوازی جەوهەری دەتوانێت ڕۆڵی بەرچاو لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتیدا بە ئەستۆبگرێ و ئازادیخوازانی کوردی هەر چوار بەشی کوردستان بەرەو هەنگاوی گەورەو گرینگی بزووتنەوەی نەتەوەی ڕێبەری بکات. ئەو کارە باش و خزمەت بە گەل و نیشتیمانیەش کاڵایەکبوو بۆ بەژنی لار و بەرزی حدکا بڕابوو. حیزبی دێمۆکڕات لە قۆناخە جیا جیاکانی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامیدا، دەست خۆشی گەلێک سەرکەوتن و گەشەکردنی سیاسی و فیکری بووە و هەر لەو پەیوەندیەشدا وشیاری نەتەوەی وەک تەنیا ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا تەماشاکردوە و کاتێک کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد لەسەرئەساسی بنەمایەکی بەتەواوی نەتەوەی دادەمەزرێت و لە ماوەی تەمەنی کورتی حکوومەتی کوردستاندا، کۆمەڵێک دەسکەوت و شانازی زۆر گەورە و گرینگ بەدی دێن. ڕوانینی سیاسی حیزب بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان لەسەر ئەساسی پشتیووانی ماددی و مەعنەوەی خاسبووە و هیچ کاتێک بۆ قازانجی خۆی زیانی بە شۆڕشی کوردستان نەگەیاندوە و زۆر جار لەو پەیوەندیەدا زوڵمی زۆریشی لێکراوە، بەڵام لە" پێناوی ئامانجی ڕزگاری نەتەوەی و یەکڕیزی نێومانی کورد دا، ددان بەخۆداگرتنی هەڵبژرادوە".

شانازی دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان لەشاری مەهاباد تەنیا بەهاوکاری و پشتیووانی خەڵکەکەی بوو و ئەو ڕووداوە سیاسی و نەتەوەیەش بێگوومان بەرهەمی وشیاری نەتەوەی ئەو بەشەی چین و تۆیژە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستانبوو کە ئەو زەمینەی پێک هێنا هەتا حکوومەتی کوردستانی تێدا ڕابگەیەندرێت و "حەڵاڵیە" مێژوویەکەی و دەسکەوتەکانی تەنیا مافی

سیاسی حدکایە و ناکرێت" تاپۆی" ئەو سەروەریە گەورە و مێژوویە بەناوی کەسێک و حیزبێکی دیکەوە بکرێت. حیزبی دێمۆکڕات و ڕێبەرانی تێکۆشەر و کوردپەروەری هەر لەسەردەمی ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان و شاکانەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر بارەگا و دامودەزگای حکوومەتی کوردستاندا، توانی بۆ یەکجار لە مێژوودا ژنان بەشداری خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی وێرای پیاوان پێبکات و هەرلەو ڕاستایەشدا لاوان وەک تۆێژێکی گرینگی کۆمەڵگای کوردستان دەرەتانی خەباتی سیاسی و مەدەنیان بۆ پێک هات. ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لەو سەردەمەدا چاپ و بڵاوکرانەوە و کەش و هەوایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانی گۆنجاو بۆ دانیشتووانی ئەو هەرێمەی دەسەڵاتی کۆماری گەیشتبوویە پێک هاتبوو. سوپای میللی کە بەهێزی پارێزەری کۆمار و دەسکەوتە بەدەستهاتووەکان لە مێژوودا ناسراوە، بە بڕیاری سەرۆک کۆماری کوردستان "پێشەوا قازی محمد" دامەزرا. ئاڵای پیرۆزی کوردستان بە بەشداری نوێنەری هەرچوار بەشی کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد دەست نیشانکرا و شانازی دیاری کردنی نێوی پیرۆزی پێشمەرگەیش لەو سەردەمەدا تۆمارکرا. هەر چەندە ماوەی حوکمڕانی کۆمار کەمتر لە سانێک بوو، بەڵام ئەگەر لە گەڵ دەسکەوتەکانی مقایسەی بکرێت هەرگیز باوەرناکرێت لەو ماوەکورتەدا ئەو هەموو کارە بکرێ و وەک دەسکەوت و هەوێنی خەباتی سەردەمیانە لاپەرەکانی مێژوویان پێ بڕازێنرێتەوە. ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی زۆر باشەی پەرەی پێدرابوو و دۆستایەتی کۆمار لە گەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانی لەسەر بناخەی بەژەوەندی سیاسی و نەتەوەی هاوبەش دامەزرابوو و لە پێناوی خوانێکی بچکۆڵەدا، ئامانجە سیاسی و نەتەوەیەکان پشتگوێ نەخرابوون. سنووری حوکمڕانی حکوومەتی کوردستان بە هۆی هەولومەرجی سیاسی و بەردەوامی شەڕی دووهەمی جیهانی و باروزروفی ژینگەی سیاسی و ئەمینەتی کوردستان، نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو کوردستاندا فراوان بکات. لە ماوەی دەسەڵاتی حکوومەتی کوردستاندا ئابووری و بازرگانی بەشێوەیەکی زۆر درەوشاوە گەشیان پەیداکرد و دزی و قات و قوڕی نەمابوو و لە دامودەزگای حوکرانیشدا گەندەڵی بە هیچ جۆرێک بوونی نەبووە و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی نیشتیمانی بە خڕاپەیەکی گەورە دانراوە. پێک هێنانی وەزارەت و دامووەزگای نوێی ئیداری نەموونەیەکی ڕوونی بە دەوڵەت بوونی کورد دەگەیەنێت، هەربۆیەش دوژمنانی حیزبی دێمۆکڕات بە درێژای مێژوو هەوڵی لەسەردانی سەری بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دراوە و بەداخەوە ڕێبەرانی کراونەتە ئامانج و لە نوێبراون. دامەرزانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە گەرمەی شەری دوو هەمی جیهانیدا، لە مێژووی نوێی گەلەکەماندا بەسەرەتای نوختە کۆڕانێکی زۆر گەورە و گرینگ لە مێژووی سیاسی کورددا سەیردەکرێت. پێشەوای نەمر بە هۆی هەبوونی کەسایەتی دیار و ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەرلەوکاتەیشدا پەرۆشی بۆ ئەوەی کورد لە سەرخاکی خۆیدا بەئازادی و بەدوور لە دەست تێوەردانی داگیرکەرانی کوردستان، بڕیار لەسەر شێوەی ژیان و ئیدارەدانیخۆیبدات و، بەرفراوانی خواست و ئامانجی قازی محمد توانی ببێتە هەوێنی ئەو قۆناخەی کە پاشان کۆماری کوردستانی تێدا دادەمەزرێت. هەتا ئێرە زۆر تۆێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر زەمینەی پێک هاتنی کۆمار کراوە و لە پەراوێزی ئەو باسانەیشدا، ئاماژە بە هۆیەکانی تێکچوونی دەوڵەتی کوردستان دراوە کە دیارترین کتێب و لێکۆڵینەوەیش کە بەتەواوی "ئۆبژێکتیف" بوونی تێدا ڕەچاوکرابێت،" چڵ ساڵ خەبات لە پێناو ئازادیدا" لە نووسینی ڕێبەری میژووی نوێی گەلەکەمان دکتۆر قاسملووی نەمرە.

حیزبی دێمۆکرات زۆر کەندوکۆسپی گەورەی لە ڕەوتی خەباتی سیاسیدا هاتونە سەر ڕێگا و هەموو جارێک زۆر حەکیمانە لیان دەربازبووە و هەرگیز لە ڕەوتی خەباتی سیاسیدا بە هۆی هەڵوێستێکی سیاسی زیانی بە بزووتنەوەی سیاسی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەگەیاندوە کە وەیش شانازیەکی دیکەی حیزبە خۆشەویستەکەمانە. هەرچەندە لەو ساڵانەی دوایدا هێندێک لایەنی سیاسی کوردستانی هەوڵدەدەن بەزۆر حیزبی دێمۆکرات بەرەو ئاقارێکی تر بەرن و بەدەلیلی بێبنەما لەسەر ڕێچکەی ڕاست و دروستی خۆی بە لاڕێیدا بەرن.

بەڵام بە خۆشیەوە ڕێبەری حیزب بە هەستکردنی بە بەرپرسیارەتی مێژووی خۆی زۆر بەسەرنج و ورد بینیەوە لە گەڵ هاوکێشە سیاسی و ڕووداوەکاندا چۆتە پێشەوە و سەربەخۆی سیاسی و بڕیاردانی هەتا ئێستایش بەرنەداوە و لە سەر ڕێچکە و فیکری دکتۆر قاسملوو بەڕێوەدەبرێت. حیزب بە دڵنیایەوە لەسەر ئەزموون و خۆڕاگری و پشوو درێژی خۆی ئەوەندە ساڵانە خۆی گرتووە و هەتا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگرەوەی بۆ دروست نەکراوە و، هەر چەندە لێرە و لەوێ کاری زۆر کرا و پارەی زۆریش بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە و ڕێژیمی ئاخوندی وەک سەرەکیترین بەشەمارەکە ئەو پیلانەی بەدژی حیزب و بزووتنەوەی سیاسی گێڕاوە، بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدیل وجێگرەوەی تەزویر لە جیاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بێنێتە ئاراوە و، مەبەستەکانیان بەدی بێنن، بەڵام تێدا سەرنەکەوتوون. کاتێک باس لە شۆڕشی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت، بەخێرای چاوەکان دەچنەوە سەر ئەو مێژوویە کە حیزب لەمێژووی کوردستاندا زۆر بەسەربەرزی و ڕووسوری تۆماریکردون. دونیا بینی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبی دێمۆکرات، هەڵقۆڵاوی بیر و هزری دکتۆر قاسملووی نەمران بەدوای هەستانەوەی حیزب لە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستاندا.

حیزبی دێمۆکرات لە رابردوودا بەهۆی شێلگیربوونی لەسەر خەباتی نەتەوایەتی زۆر جار لەلایەن هێندێک هیزی مارکسی و لینیزمیەوە سەرکۆنەدەکرا و مافی نەتەوەی و خەباتی نەتەوایەتی حیزبیان بەشتێکی بەسەرچوو و پاشکەتوو لێکدەدایەوە و خۆیان لە گەڵ حیزب نەدەگۆڕیەوە. بەڵام ئەو جۆرە بیرکردنەوە و ڕوانینەی ئەو هێزانەی کوردستان، خۆدزینەوەیەک بوو لە چالاکی خەباتی نەتەوایەتیان .

ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات پیرۆزبێت.

١٤ی جانێوێری ٢٠١٦

بڕیاری سیاسی و هەڵوێستەکانی "حدکا" بەرئەنجامی ڕاوێژ و تێڕوانینی وردن!

هێندێک کەس ڕەنگە ئەوە بپرسن و بڵێن بۆ چی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەرسەدێکی بەتەواوی زۆرینەی باوەڕی بە شانۆی دەورەی هەڵبژاردنە پارلمانی و سەرۆکایەتیەکانی ئێران نیە؟ بڕیارە سیاسی و هەڵوێستەکانی حدکا بەرئەنجامی ڕاوێژ و تێڕوانینی وردی پێک هاتەی تەشکیلاتی حیزبە و کاتێکیش مەسەلەکە پەیوەندی بە بارودۆخی نێوخۆی ڕێژیم و حوکمڕانی لە ئێراندا هەیە، هیچ دووڵی ناوێت، واقعی سیاسی و ئیدارەدانی وڵات لەپێشچاوی هەموو لایەکە. بەداخەوە تا ئێرەشی لە گەڵدابێت گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی کە مافە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد دابین بکات، لە پێک هاتە و فەلسەفەی سیاسی و فیکری ڕێژیمی ئاخوندیدا بەدی ناکرێت. مرۆڤ وەختێک بەدوای ڕووداوێک دەکەوێت کە بەتەواوی بۆی ڕوون نەبێت، بەڵام کە هۆکەرەکەی بۆ دەرکەوت ئەو کات بڕیاردان و قەزاوەتکردن لە سەری زۆر هاسانتر وەک چاوەڕواندەکرێت. هەربۆیە حکوومەتی ئاخوندی و ڕووداوەکانی وڵات شتێک نین کە بۆمان دیارنەبێت چین و کاربەدەستانی وڵات ئێران بەرەو چ ئاقارێک ڕێبەری دەکەن.

لە سایەو فەلسەفەی سیاسی و فیکری ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندابە دڵنیایەوە دەرەتانی هیچ جۆرە جموجۆڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەماوەتەوە و کاتێک ڕیفۆرمخوازەکانی نێو مل ملانەی هەڵبژاردنی پارلمانی و سەرۆکایەتیەکان کە بەشێکی بەرچاو و دیاری پێک هاتەی دەسەڵاتی حوکمڕانی حکوومەت ئەژمار دەکرێن ڕێگا پێدراونین و بەمەترسی لەسەر نیزام و سیستمی سیاسی وڵات لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت. بە سانای ئە ودەستەیە کەوتنەبەر ڕەحمەتی زاڵمانەی هێزە ئەمنی و هاوقۆڵەکانیان و بەتوندترین شێوە وڵامی ڕفتارەکانیان پێدەدرێتەوە و بە نەیار و دەسیسەی بێگانە سەیردەکرێن و هیچ جۆرە وەفایەکیان بۆ لەبەرچاو ناگیرێت، ئەی بۆچی چاوی ئەوانەی کیسەیان لەسەر خەیاڵ و پڵاوی خۆیان هەڵدروە و، پێیان وایە لە داهاتوودا ئومێدەکانیان سەوزدەبن وگۆڕانکاری لە ڕێژیمی ئاخوندیدا بەدروێنەی خەرمانی لێکدانەوەکانیان دەگەن و بەرهەمی دەبێت. دەبیت ئیستا چ قسەیەکیان بۆ گووتن هەبێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەشێک لە دیارترین سیماکانی نێوبزووتنەوەی ڕێخۆرمخوازی لە ئێراندا هەتا ئێستایش دەست بەسەرکراون و مەجالی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان پێنادرێتەوە. باشە وەختێک ئەو ڕاستیە بەسەر کەش و هەوای سیاسی وڵاتدا زاڵبووە و هەموو دەسەڵاتێک لە دەستی دەستەیەکی زۆر بچووک لە پیاوەکانی ڕێژیمدا قۆرخکراوە و ئەوەی "جغز"ی خۆی ببەزێنێت هەمن چارەنووسی بەناو ڕیفۆرمخوازەکانی دەبێت! ئەگەر بێت و حکوومەتی ئاخوندی بەراورد بکرێت لە گەڵ ساڵانی پێشووتری، کەس هەیە هەست بە گۆڕانکاری لە بنەماو فەلسەفەی پێک هاتەی حکوومەتدا بەدی بکات. کاتێک لە ئێراندا "هەلومەرجێکی نوێ دێتە ئاراوە کە هەوڵی گۆڕین یان هەمووارکردنەوەی دەستووری وڵات قسە و باسی لە بارەوە بکرێت ". ئەزموونی سیاسی ئەو سی دەیەی

حوکمڕانی ئاخوندەکان بەسەر چارەنووسی گەلانی وڵاتدا ئەوە ڕاستیەی سەلماندوە کە هیچکام لە هەڵبژاردنەکانی ئێران بۆ بەرژەوەندی و دەستەبەری مافی سیاسی و نەتەوەی گەلانی وڵات بەڕێوەناچیت و بگرە خۆ نوێکردنەوە و جێگۆڕکەی مۆرەکانی ڕێژیمە بۆ مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی تونتری وڵات.

هەر لەو ڕاستایەشدا دەبێت ئەوە بگووترێت کە هێندێک سیاسی و ڕۆشنبیر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکەوتوون کە باوەڕیان بەوە هێناوە بڕۆنەوە لە ئێراندا، دەست بە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەن و بەرە بەرە هەوڵی چ سپاندنی مافی سیاسی نەتەوەی لە چوار چێوەی ئێراندا بدرێت. بەڵام ڕەنگە هیچکام لەو بەڕێزانە نێوەرۆکی دەستووری وڵاتیان لە بیرنەمابێت کە بە یاسا و دەستوور ئینکاری فەرهنەتەوەی لە ئێراندا کراوە و بەو بەهانەیەش کە ئێمە هەموومان "مسوڵمان"ین و برای یەکدین. ئەوە تیزە دیار و شوڤێنیستیەکەی خومێنی و هاوبیرەکانیەتی سەبارەت بەپرۆسەی سیاسی و فرەنەتەوەی بوونی ئێران و پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی هەموو جومگەکانی حوکمڕانی، یەکەم بڕیاری خۆیاندا و خەتێکی سووریان بەسەر پێک هاتە نەتەوەی و مەزهەبیەکانی ئێراندا کێشا.

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئاخۆ دەبێت لەو چوارچێوەیەدا هیچ گۆڕانکاریەک ڕووبدات لە " هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی" دا کە خەڵکانێک و هەتا حیزبی سیاسیش دڵی خۆیان خۆشکردوە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری و شەرمێونی هەڵوێستی سیاسی و بڕیاری خۆیان؟

٢٧ی جانێوێری ٢٠١٦

نامەیەکی سەرناوانّە بۆ ڕێزدار بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!

ویَرای پشتیووانیکردن لە بیرۆکەی ڕاپرسی نەتەوەی لە پێناو چەسپاندنی ئامانجی سەربەخۆی کوردستان کە " سەرۆکی هەرێم ڕێزدار بارزانی" لە ئێسادا هێناویەتە ئاراوە، بەهەنگاوێکی بوێرانە سیاسی و نەتەوەی سەیر دەکەم. بەڵام هەر لەو پەیوەندیەشدا خستنە ڕووی خاڵێک بە گرنگ و پێویست دەزانم لێرەدا سەرنجی وردی بخەینە سەر و بەروونی و دوور لە مەبەستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی باسی ئەو بارووزوفە بکەین کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە هاونیشتیمانیان بەدەستیەوە دەنالێن. بڕین یان کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران لە ژێرناوی "پاشەکەوت" کردندا، بەدڵنیایەوە ئالۆزی زۆری بەدوایخۆیدا هێناوە و دەکرا ئەو بابەتە و یان پێک هێنانی گۆڕانکاری لە مووچەی فەرمانبەراندا،درابایە دەستی کەسانی شارەزای ئەو بوارە و یان بخرایە دوای ڕاپرسیەکە.

ئەو کەش و هەوا سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی ئەمڕۆ بالّی بەسەر هەرێمی کوردستاندا کێشاوە، کە بڕینی بەشەبوودجەی خەڵکی کوردستان لەلایەن ناوەندەوە وەک فشارێکی ئابووری، بەڵنیایەوە پیلانی دوژمنانی گەلی کوردی لە پشتەوەبوو و، نەیارانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد چاویان بە گەشەکردنی سیاسی و ئاستی پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانی کوردستان هەڵنایەت. ئەو قەیرانەی کە بەمدوایانە ڕووی لە هەرێم کردوە و بەرمانبەران بۆ ماوەی نزیک بە ٥ مانگ دەبێت مووچەیان پێنەدراوە و لە بێزاری و هەراسانی بەدەست نالەباری ژیان و گۆزەرانیان ، زۆربەی کۆمەڵگای هێناوەتە سەر شەقام . لە بارودۆخێکی وەک ئەمڕۆدا پرسی ڕیفراندۆم رەنگە بەلای من و زۆر خەڵکی دیکەی لایەنگری ئەو پرۆسە نەتەوەیە بەتەواوی لە جێگای خۆیدا نەبێت و ناڕەزایەتی خەڵک لە حکوومەت بە مەترسی لە سەر پرۆسەی ڕاپرسی لێکدەدەنەوە و هەربۆیەش وەک کوردێک داواکارم لە بەرێز بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەروەک زۆر بەجیدی لە سەر "پرسی نەتەوەی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی کاردەکات، بەو لێبڕاوی و بەرپرسیارەتیە مشووری چارەسەکردنی قەیرانی دارای و ئاسایکردنەوەی بارودۆخی بژیوی ژیانی هاووڵاتیانی بخوات".

سەبارەت بە ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان کەوا بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەڕێوەبچێت وتەیەکی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دکتۆر قاسملوو وەبیردەخەمەوە کە لە مانیفێست و تێزە سیاسی و ئابووریەکەیدا دەڵێت" ئازادی ئەگەر نانی لە گەڵدا نەبێت، مانایەک بۆ ژیانی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگادا ناهێلێتەوە" هەر بۆیە نان و ئازادی بەدوو دیاردەی تەواوکەری یەکدی سەیردەکات. مانای ئەو وتەیە بەو واتایە دێت کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر ئازادی هەبێت و، بەڵام زگیبرسی بێ و نانی نەبێت بیخوا، دیسان هەست بە ناتەواوی و کەموکرتی دەکات و خۆی لە

چالاکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان هەڵدەپەسیرێت و هێندێک جار لە پێناوی باشترکردنی ژیانیدا پەنا دەباتەبەر خۆپێشاندان و مانگرتن. حوکمڕانی سیاسی و نەتەوەی کاتێک دەبێت هەست بە ئاسایش و ئامان لە ئاستی خەڵکەکەیدا بکات کە توانی بیت ژیان و گوزەرانی هاوواڵتیانی بەگوێرەی پێوەرە نێونەتەوەییەکان دەبین بکا و ئەگەر ئەوەش نەگونجا لانیکەم بیر لە چارەسەردنی قەرانەکان بکرێتەوە.

کوردی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر کە شارەزای ڕابردووی سیاسی و مێژووی گەلەکەیەتی ، نابێت دژی ئەو هەنگاوانە بوەستیەوە کە بەرەو سەربەخۆی کوردستان دەنرێن . بەڵام ئەو قۆناخەی کە بڕیارە ڕاپرسی تێدا ئەنجامبدرێت لە هەرێمی کوردستاندا، بەداخەوە هەلومەرجەکەی بەتەواوی بۆ پێک نەهاتووە و بەتایبەتی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هۆکاری ئەساسین لە بەردەم بەشداری بەربڵاوی خەڵک لەو پرۆسە نەتەوەییەدا. شەقامی کوردی لە جیاتی سەرقەڵبوونیان بەمەسەلەی سەربەخۆی و بەشداریکردن لە ڕیفراندۆمدا، ڕۆژانە نارەزایەتی و بێزاری دەردەبڕن لە پێناو چارەسەرکردنی ڕیشەی هەلومەرجی ئابووری خۆیان وەک فەرمانبەر. دیارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبوو زۆر دەمێک بوایە بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری وەک بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات دابڕشتبا و بیر لە پاشەکەوتکردنی داهاتی گشتی کوردستان بۆ ڕۆژەسەختەکان بکرابایەوە. زۆرینەی دانیشووانی هەرێمی کوردستان زۆر بەخوێن ساردیەوە بیر لە پرۆسەی سیاسی و سەربەخۆی دەکەنەوە و زۆرتر خەیاڵیان لەسەر چۆنیەتی باشترکردنی ژیان و گوزەرانیانە و تاکی کورد لانی کەم لە ئێستادا دەنگ بەژیان و گۆزەرانی خۆیدەدات و پشتوانی لە بارودۆخێک ناکات کە ئاسۆی بژیوی ژیان و گۆزەرانی ئابووری بەتەواوی نادیار و تاریک بێت.لە ئێستادا بزە لە سەر لێوی خەڵک بڕاوە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان خەریکە بەرەو کزی دەڕۆن. شەقامی کوردی وەک پێویست گرنگی بە پرۆسەی " ریفراندۆم" نادات. هۆکارەکەی بۆ هەموو لایەک ڕوونە و سەرکردایەتی سیاسی و بەتایبەت ڕێزدار " مەسعود بارزانی" وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە مرۆڤێکی نەتەوەی و بەمشور ناسراوە،

پێویستە سەرەتا بەسەر قەیرانە نێوخۆیەکاندا زاڵبێت و لانیکەم بۆ بارودۆخی هەڵبژاردن، باری ئابووری و دارای هاوواڵتیانی بەرەو باشتربوون بەرێت. ئەگەر نا ڕێژەیەکی زۆر کەم لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەشداری پرۆسەی دەنگدانی گشتی دەکەن.

۱۳ی فێبریوێری ۲۰۱٦

ڕێژیمی تاران حەشدی شەعبی بەدژی کوردی باشور هاندەدات!

شەرو تێکڵچوونەوەی سەر لە نوێی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و میلیشیا چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە خورماتوو کە شەهیدی و بریندارى لە ڕۆژهەکانی گەلی کورد لێکەوتەوە،

ڕاستەوخۆیان ناڕاستەوخۆ بە دەسیسە و پیلانی ئاژاوەگێڕانەی کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران دووبارەبوویەوە و نیازی تاران ئەوەیە بە ڕێگای ململانەی تایفی و مەزهەبی و نیزامیدا باڵی تونڕەوی شیعەی هاوپەیمانی عێراقی گوێڵەمستیان بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە ناوچە کوردیەکاندا فەرزبکاتەوە. کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندی کە ڕاستەوخۆ حوکمی بەغدا دەکەن، هەوڵدەدەن قورساسی بارگرژی و نائارامیەکانی ناوەند و خووارى ئێراق بۆ کوردستان بگوازنەوە و بۆ ئەوە مەبەستەیە حەشدی شەعبی لە خورماتوو و ناوچەکێشەلەسەرەکان دەرکەوتووە و جار بەجار شەر بەکورد دەفرۆشن. بەئاشکرای دیارە کە ڕووداوەکانی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردووی خورماتوو دەستی ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندا تێدایە و ئەگەر ئەو وڵاتە فەرمان دەرنەکات، هیچ حەرەکەیەکی شیعەی ئێراق ناتوانێت جمووجۆڵی لانیکەم سەربازی بەدژی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان ئەنجامبدات. ئێران بە ڕێگای پەرەپێدانی ئاژاوە و ناکۆکیەکانی نێوان شیعە و کورد دەیەهەوێت بیروڕای سیاسی و نەتەوەی ڕۆژهەکانی ئەوبەشەی کوردستان سەبارەت بەپرسی "ڕیفراندۆم" کە بڕیارە لە مانگی ٩ی ئەمساڵدا لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت بە ئاڕاستەیەکیتردا بەرێت و حومکڕانی سیاسی کورد سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە بکات. ڕێژیمی ئاخوندی هەرگیز نابێتە ئەو دۆستەی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی ئەو بەشەی کوردستان کە هێندێک لایەنی کوردی کیسەیان بۆ هەڵدرووە و ئەو وڵاتە بە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان لە قەڵەمدەدەن بەدڵنیایەوە لە سەر هێلێکی بەتەواوی هەڵە سیاسەتیان داڕشتووە و دوژمنی خاک و نیشتیمان نابێتە دۆستی خوێن و دڵسۆزی نەتەوەی گەلی کورد. دەسەڵاتدارانی تاران لە دەرفەت دەگەڕین بۆ ئەوەی بەڕێگایەکدا ئەزموونی حوکمڕانی سیاسی کوردلە با باشوری وڵاتدا لە نێوبەرن. حەشدی شەعبی بەهۆی پێک هاتە و بنەمای فیکری و بەستراوە سیاسی و ڕێکخراوەیان بە کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەر ڕەزامەندی و گڵۆپی سەوزیان لە لایەن تارانەوە بۆ هەڵنەکرێت، ناتوانن بەو جۆرە لە ناوچەکوردستانیەکاندا خۆیان بەدەربخەن یان هەوڵی خۆسەپاندنیان بدەن و شەر بەکورد بفرۆشنەوە. گەلی کورد و سەرکردایەتی سیاسی و بەتایبەت ئەو هێزانەی باشور کە دۆستایەتی نزیک و مێژوویان لە گەڵ ئەو ڕێژیمەدا هەیە، دەبێت زۆر بەرچاوروونتر و چاو کراوەتربن لە ئاستی ئێران و حەشدی شەعبیدا، چوونکی هەر کاتێک بیان هەوێت پەلامارى کوردستان دەدەنەوە. ئەوە بۆ جارى چەندەمە کورد و لایەنی ئێرانی و شیعەی ئێراق هەوڵیانداوە بە ڕێگای گفتووگۆی سیاسی و ئیداریەوە بگەنە ئەنجامی چارەسەرێکی گشتی لەبارەی قەیرانی خورماتوو. هەروەک دەرکەوتووە لە

کۆبوونەوەکانی پێشووتریشداوەڤدی کوردی و شیعە بە دانوستاندن کێشەکانیان بەلایەکدا خستووە و هەردوولا لەسەر ئەوە کۆکبوونەکە سەرپێچی لە گێرەشێوێنان قبووڵ ناکرێت. دیارە هاتنی میلیشیای حەشدی شەعبی بۆ خورماتوو، لە ڕاستیدا بە پیلانگێڕی دادەنرێ و مەبەستی ئەو میلیشیایە دروستکردنی پەشێوی و ئاژاوەگێڕیە لە ناوچەکوردیاکاندا کە بە درێژای مێژوو کورد خوێنی لە پێناودا داوە. سەرکردایەتی سیاسی لە باشوری کوردستان دەبێت لەو پەیوندیەدا ستراتیژی سیاسی و نیزامی خۆی بگۆڕێت و ناکرێت لەسەر خوێنی شەهیدانی ئەو ناوچانە مساوەمە لە گەڵ لایەنێکدا بکرێت کە لە هیچ رووبەکەوە مافی بەسەر ئەو ناوچانەوەنیە و هاتنیان هۆکاری سەرەکی بارگرژی و شەری تایفیە لە خورماتوودا. کاتی هاتووە کورد بە مێژووی چەند ساڵەی پەیوەندیەکانیدا لە گەڵ لایەنی شیعە و سوننەی ئێراقدا بچێتەوە و بەدڵنیایەوە هیچکام لەو دوو پێک هاتە ئاینی و تایفیە دۆستی کورد نین و لەهەر کوێیەک بۆیان بلوێ زیان بە کورد و دەسکەوتەکانی دەگەیەنن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەو هەرێمە لە قۆناخی ئەمڕۆدا ئەرکێکی گەلێک گرینگ و هەستیاری مێژوویان لەسەرشانە و بۆ یەک لایکردنەوە و چارەسەرکردنی کۆی قەیرانەکان لە گەڵ ناوەند و حەشدی شەعبی پێویستی بەیەک ڕیزی و هاوهەڵوێستی سیاسی و نەتەوەی نێومالّی خۆی هەیە و ناکۆکیە نێوخۆیەکان لە پێناوی ئامانجی گەورەتر و چارەنووس سازدا وەلابنرێن و بیر لە بیناکردنەوەی سەرلەنوێ بیری نەتەوەی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بکرێتەوە. کورد دەمێکە لە ناوەندەوە جوابکراوە و هەر بە روتینی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا ماوەتەوە و هیچ خێرێکی لە حکوومەتی بەناو فیدڕاڵی بەغدا پێنەگەشتووە.

٢٦ی ئەپریلی ٢٠١٦

ئەزموونی خەباتی چەکداری لە نێوان ئەمڕۆ و ڕابردوودا!

شەروتێکەڵچوونی نێوان ڕۆلە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرەکانی گەلی کورد لە ناوچەی ڕەبەت" مێونێ" لە گەڵ هێزێکی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و کۆشتن و بریندارکردنی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو هێزە، بۆجارێکیتر هێزو توانای تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سەلماندوە و هەرکاتێک پێشمەرگەکانی کوردستان بیان هەوێت هەلۆ ئاسا دەتوانن زۆر بەسانای "جەزیرەی" ئارامی حکوومەتی ئاخوندی و گۆمەمەندەکەیان لێ بشلەقێنن. ئەو شوێنانەی کوردستان کە هێزەی پێشمەرگە جوولانەوەی چەکداری لە نێودا ئەنجامدەدات شوێن و ژینگەی خۆیانە و ئەو خاین و دژی گەلیانەیش کە بۆ پاراستنی نیزامی ئاخوندی لە کوردستان مۆڵدراون و زیان بە خەڵک و هاو وڵاتیانی کوردی ئەو ناوچانەدەگەیەنن، هەمەن چارەنووسی ئەو خۆفرۆش و داگیرکەرانەیان دەبێت کە دوێنی لە ڕەبەت بەسزای خۆیان گەیاندراون.

بووژانەوەی خەباتی سیاسی و چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا لە بکەوێتەوە، بیرکردنەوە و بڕیارێکی دروست و بەجێیە و کاتیخۆیشی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هاوڕانەبوون لە لەڵ ژیانی" ئۆردوگا" نشینیدا و هەربۆیەش بەشێکیان زۆر بەنابەدڵیەوە بەرەو تاراوگە ماڵ ئاوایان هاوڕێیانیان لە کوردستان کرد. دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە قۆناخی ئێستای تێکۆشاندا، بەدڵنیایەوە دەبێت بەرهەمی بیرکردنەوە و خۆرێکخستنەوەیەک لە سەر ئەساس و بنەمای نوێ بێ و، ئەگەر بێت و هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی ئەو بەشەی کوردستان بە هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ یەکتریدا ئەوکرداره ئەنجامیبدەن ساناتر دەتوانن درێژە بەکاروچالاکیەکانیانبدەن بە درێژەی سنووری کوردستان. گەلی کورد و بزووتنەوە سیاسی و چەکداریەکەی لە هەموو وەختێک زۆرتر پێویستی بەسیاسەتی یەکگرتووانە و کۆدەنگی نەتەوەی کە هەموو لایەنەکان لە سەر چەند خاڵێکی گرینگ و هاوبەش کە بەرەوپێشبردنی خەباتی جەماوەری بەرفراوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە دەوری یەک کۆبکاتەوە و، یارمەتی و هاوکاری لە گەڵ خۆیاندا بکەنە دەسپێکی سەرەتای شۆڕشێکی بەرین و لەقوپۆی ئەو شێوە تێکۆشانە هەموو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە بۆ ئەوەی لانیکەم سەر لە ڕێژیم و هێزە نیزامیەکەی بشێوینن. ئەگەر بێت و قورسای ئەو خەباتە بکەوێتە سەرناوچە و سنورێکی دیاریکراو، ساناتر بەرگری لێدەکرێت و جوولانەوەی چەکداری ناتوانێت زۆر درێژە بکێشێت و زیان بەر تێکۆشەرانی دەکەوێت. کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لەرووی پانتای سیاسی و جوگرافیای جێگای خەبات و تێکۆشانی هەموولایەکی تێدادەبێتەوە و ئەوەی دەبێت بە جدی و وەک پرسی سەرەکی و هاوبەش بیری لێبکرێتەوە، ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانە. حکوومەتێک کە بەدرێژای مێژووی دەسەڵاتداری

خۆیەوە سەرکوتی گەلانی وڵاتی کردوە و لە نەهامەتی و و هەژاری و بێکاریدا ڕایگرتوون و لەلایتریشەوە زۆر زیرەکانە هەوڵی بەلاڕێدابردنی بیر و هزری لاوانی بەشەکانی ئێران و بەتایبەت کوردستانی وەک بەشێک لە پیلانی حکوومەتەکیان بەسەر چین و تووێژە گەلیەکانی خەڵکی کوردستاندا بەڕێوەبردوە. حکوومەتی ئاخوندی ئێران بە ڕۆژی ڕووناک پێشێلی مافی مرۆڤ دەکات و هەتا سەرەتای ترین ئازادی سیاسی و بیروڕادەربڕین بە ڕەوای جیابیرانی وڵات نازانێت و ئیعدامی بەکۆمەڵی لاوانی کورد بەتاوانی کوردبوون و داواکردنی مافی ڕەوایان ڕۆژانە بە بەرچاوی کۆمەڵگای بێ بووخاری نیونەتەوەیەوە بەدارادەکرێن و ژیان لە پێناوی ئازادیدا بەخت دەکەن. ئەو ڕێژیمە دژایەتی هەر جۆرە گەشەکردنیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان دەکا و لە گەڵ بنەماکانی دیمۆکراسی بەتەواوی لە دژایەتیدایە و ئەو بەناوهەڵبژاردنانەیش کە لە ئێراندا بەڕێوەدەچن زۆرتر لایەنی ڕەوانی و ڕوخسارشاردنەوەی سیستمەکەیان دەگەیەنێت. لە ئێراندا دەستەیەک لە کاربەدەستانی حکوومەت و هاوقۆڵەکانیان بەتەواوی لە خێروبێری وڵات و داهاتی گشتی سودمەند دەکرێن. زەمینەی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەلایەتی هاوبەش لە نێوخۆی کوردستاندا لە هەموو کاتێک قۆناخەکەی لەبارترە و تەنیا پێویستی بە تۆزێک هەڵسەنداندن و پێداچوونەوەی گشتگیر لەو بارەوەهەیە و جەمسەرەکانی سیاسی کوردستان ناکرێت لەسەر ئەساسی کاروچالاکیەکانی سالانی پێشوویان کار لە نێوخۆی وڵاتدا بکەن و بۆ ئێستا لازمە بەرنامە و تاکتیکی شیا و کاراتر بۆ ئەو مەبەستە بێتەئاراوە. هێزی پێشمەرگە و کادر و دڵسۆزانی ئەو بواره دەبێت لە سالانی پێشوو هەستیارتر و شارەزاتر بن و باش هەڵکەوتووی جوگرافیای سنووری هەڵسورانی سیاسی و نیزامی و تەشکیلاتیان بزان و هەرلەوپەیوەندیەشدا دەبێت زانیاری وردیان لەسەر داموودەزگا ئەمنیەتی و نیزامیەکانی حکوومەت هەبێت. دیارە بەڕادەیەکیش دەبێت خەڵکیخۆیان بناسن و ناکرێت لەسەر پێودانگی خەباتی سالانیڕابردوو کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە نێو خەڵکدا بکرێت. دەکرێت لە شێوەی خەباتی چەکداری کە لە ڕابردوودا بەڕێوەدەچوو لە کوردستان، ئەزموونی لێوەربگیری و لایەنەکانی سەرکەوتن و پاشەکشەکردنی بەوردی و زانستی تووێژینەوەی لەسەر ئەنجامبدرێت و خاڵە گرینگەکانی وەک دەست مایەی تێکۆشانی چەکداری سودی لێببینرێ. دیارە هێزەکانی کوردستان بەرلەهەر هەنگاوێک کەبیان هەوێت بیهاوێژن، پێویستە زەمینەی کرداری لە نێو خەڵک و کادر و ئێشمەرگەکانیاندا پێک بێن بۆ ئەوەی ئەگەر خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی بەشێوەی گشتی دەستی پێکردەوە، هەردوو لایەن ئامادەی ئەوکارەیان تێدا بەدی هاتبێت و تەواوکەری ئەو خەباتە نوێیەبن و لە پیلان و داوی دژمن ڕۆڵەکانیان لە شارە و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بپارێزن. شۆڕشی چەکداری ئەزموون و ئیرادەی گەلێک بەهێزو درێژخایەنی دەوێت و کاتێک ئەو جۆرە تێکۆشانە بەرەوپێشدەچێت کە ئەو هەستە واتە هەستی خەباتی چەکداری و خۆڕاگری لە ئاستی هێزی زۆرو پرچەکی ڕێژیمدا لە خۆیدا بەدی بکات. بەڵکو ئەو شێوە خەباتە سەرەتا پێویستی بە ئیرادەی سیاسی و شۆڕشگێری و خۆبەختکردن هەیە و هەربۆئەو مەبەستەش جووڵانەوە چەکداری هەزینەی مادی و مەعنەوەی خاسی خۆی دەوێت. بەرنامە و تاکتیکی سیاسی و نیزامی هێزەکانی کوردستان ئالقەیەکن لە چۆنیەتی چالاککردنەوەی شێوەکانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا بکەین ئەو کاتە باشتر دژواری ئەو خەباتەمان بۆ دەردەکەوێت و ڕایەڵکەی پەیوەندی تەلەفونی دەتوانێت بەخێرایەکی زۆر و چاوەڕواننەکراو کارهاسانی بۆ هێزەکانی دوژمن بکات و خەڵکی دژی شۆڕش و خەباتی گەلی کورد کەمنین و ناکرێت بەچاوی کەمیش سەیربکرێن.

٥ی مای ٢٠١٦

باشوری کوردستان لە بەردەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆی کوردستاندا!

پرسی "ڕیفراندم" و هەبوونی جەمسەری دژ بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و هەوڵدان بۆ هەرەس پێهێنان بە هەوڵەکانی بەئاکام گەیاندنی ڕاپرسی لە باشوری کوردستاندا، شتێکی نوێ و تازەنیە. سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد بەداخەوە جۆرێک هەڵکەوتووە کە بە درێژای مێژووی سیاسی و نەتەوەی خۆی، دەبێت هێندێک دژبەری نێوخۆی بۆ پەیدابن و زەمینەی لەبەر و ڕەخساو تێکبدرێت و هۆکاری هەڵویست گۆرینی سیاسی لە کوردستان بن. بەڵام ئەوجار نابێت ئەو مەسەلەیە بە سادەی کورد و هێزە نەتەوەییەکان بەسەریدا بازبدەن و دەرفەت لە دەست بدرێت و هەروا بە سانای ئەوبابەتە لە بیربکرێ و ئاوری جدی لێنەدرێتەوە و کۆمەڵگای کوردستان لە ئاستیدا بێدەنگ بێ.

کێشە و ناکۆکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیە نێوخۆییەکان کە زادەی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شۆڕشەکانی کوردستانن، نابێت بکرێنە کەندوکۆسپ لە بەردەم پرسی ڕیفراندۆم بەرەو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا. گەلی کورد بەدرێژای مێژووی تێکۆشان و خەباتی ئازادیخوازی هەوڵیداوە کە هەلومەرجێکی ئەو تۆ بێتە ئاراوە هەتا بتوانێت بڕیاری سیاسی و نەتەوەی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بدات و بەدەر لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ئیدارەی حوکمڕانی خۆی بکات. کۆتای هاتنی ڕێککەوتن نامەی "سایکس پیکۆ" دەرفەتێکی زۆر باشی خستۆتە بەردەمی سەرکردایەتی سیاسی کورد هەتا ئەو جار بتوانێت مافی ڕەوای خۆی بەدی بێنێت. سەردەمێک زلهێزەکانی دونیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانیەکانیان لە گەڵ ئەو حکوومەتانەی ناوچەکەدا پێک دەهاتن کە دەسەڵاتیکی بەهێزی نیزامیان هەبوو و دەیان توانی بەسانای مافی گەلانی دیکەی وڵاتەکەیان پایەماڵ بکەن بە قازانجی دەسەڵاتی خۆجێی و دەرەکی. ئێستا ئەو تیۆریە سیاسی و ئیداریە بەتەواوی بەرەو لێک بڵاو بوون و هەرەس هێنان چووە. بەخۆشیەوە لە نێو کورددا کەمنین ئەوانەی بیر لە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی دەکەنەوە و هەوڵی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەدەن و، ئەو فیکرە پیرۆزە دەمێکە کاری بۆ دەکرێت. باشوری کوردستان ئەو دەرفەتە زێرینەی بۆ پێک هاتووە کە بتوانێت بە پشتیوانی ئیرادەی گەل ئەو بڕیارە سیاسی و مێژوویە بدات و سەربەخۆی سیاسی و ئیداری ڕابگەیەنێت. ئەمریکا و ئوروپا بەهیچ شکلێک بە دژی ئیرادەی ئەو گەلە هەڵوێست وەرناگرن کە بەشێوەیەکی ئازاد و دێمۆکراتیک داوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەنن، ئەگەر بێت و لە ڕێگای ڕاپرسیەوە ئەو بڕیارە بدرێ." بەختەوەری گەلانی سەردەست و بندەستی گێتی بەحام بەرهەمی کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەی نێوخۆیان بووە". لە کوردستانی باشور بە هۆی ململانەی حیزبی و هەتا کێشەی دەسەڵات لەو هەرێمەدا، خەریکە بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکان دەکەونە مەترسیەوە و هەست بە دوو جەمسەری لەسەر پرسی " ڕیفراندۆم" دەکرێت و هێندێک لایەن و گروپ هەن کە پێیان خۆشنیە سەر بەخۆی کوردستان لە سەر دەستی ڕێزدار"

مەسعوود بارزانی" بەدی بێت و هەوڵی پێچەوانەی بەدژی دەدرێت. ئەگەر مرۆڤ تۆزێک بیر بکاتەوە و سەرهەڵبڕێ و چاو بە نێو لاپەڕەکانی مێژووی ڕابردوودا بگێڕێت ئەو کات چاکتر هۆکاری سەرنەکەوتنی جوولانەوەی سیاسی کوردی بۆ ئاشکاربێ کە نەیتوانیوە بە ئامانجی خۆی بگات.

کێشە نێوخۆیەکانی نێو ماڵی کورد هۆکاری ئەساسی بەژێردەستەی مانەوەی گەلی کورد بووە و، کەمتر واهەبووە ڕێبەرانی کورد لەسەر پرسی نەتەوەی و جۆری چارەسەرکردنی لەسەر هەموو مەسەلە ئەساسی و جەوهەریەکان بەیەک ڕێچکەدا بڕۆن و بەردەوام دژایەتی هەبووە. ئێستا حکوومەتی عێراق بەکردەوە کۆتای پێهاتووە و لە ڕاستیدا کورد نابێت بۆ جارێکی دیکە هەوڵبدات حکوومەتی ناوەندی بەدژی خۆی بخاتەوە سەرپێی، چوونکی لە ماوەکانی ڕابردوودا ئەگەر هاتباو کورد و لێهاتووی ئەوان نەبوایە عێراق لەوەی خراپتر بەسەردەهات کە دامودەزگا یاسا و شەرحیەکانی دەکڕێنە ئامانج. کورد هەرگیز نابێت خراپەی ناوەندی دەرهەقی گەلی کورد و قۆت بڕینیان لە بیر بچێتەوە. پاشان کورد چی لەو عەرەبانە کەمترە کە حوکمڕەوای بەسەر وڵاتدا دەکەن، گەلی کورد دەمارگرژ و تووند ئاژۆنیە، بەڵام زۆر بە جێنابێت لەسەر حیسابی ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستان حکوومەتی مەرکەزی بکەوێتەوە سەر پێیخۆی. ئەو دەسەڵاتە لاوازەی بەغدا هەتا ئێستایش لەسەر پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان ڕەزامەندی خۆی پێشان بەکورد نەداوە کە ئەو شوێنانە بەگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. کەوابوو عێراق لە هیچ کات و حاڵاتێکدا ئەو ئامادەیەی تێدا پێک نایەت و هەربۆیەش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز بارزانی بۆ دانیشتن و گفتووگۆی سیاسی پێشوەخت خاڵەکانی خۆیانیان بە ڕێککەتن پێ بسەلمێنن.

دیارە کورد لە ئێستادا پێویستە خۆی ڕێکبخات بەرەو ڕیفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی. چوونکی غەدرێکی زۆر گەورە دەبێت ئەگەر بێتوو کورد ئەوجار لە هەڵوێستەکانیدا بەرەو دواوە بگەڕێتەوە و بە دوو قسەی خۆشی عێراقیە دەست ڕویشتووەکان قەناحەت بەخۆی بکات و لە گەڵیاندا بسازێتەوە. ئەگەر ئەمڕۆش پێک بێین، سبەی حەشدی شەعبی شەری کورد دەست پێدەکات، ڕووداوەکانی خورماتوو نموونەیەکی زۆر باشی ئەو بۆچوونن.

٢٢ی مای ٢٠١٦

تێزە شۆڤێنیەکەی ناخوندەکان، "ئیمە هەموومان ئێرانین و موسوڵمانین"، روحانی گەیاندە مەهاباد!

هەروەک پێشبینیدەکرا سەردانەکەی روحانی بۆ پارێزگای ورمێ و پاشان گەیشتنی بەشاری مەهاباد و پێشکەشکردنی وتار لە مەیدانی "ئابیاری" دا، کە تێیدا ئاماژەی بەکۆمەڵێک پرس و باسی جۆر بەجۆر دا و لە درێژەی قسەکانیدا هەروەک پێشەی ڕۆژانەی سیاسەتی حومکڕانیان بەسەر گەلانی ئێراندا، کۆمەڵێک قەول و بەڵێنی بە خەڵکی ئەو شارەدا. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕۆژنیە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەهۆی داواکاری سەرەتای ژیان و ماف و ئازادیەکانیان دەخرێنەزیندان یان ئەوەتا بەدارادەکرێن، بەتاوان هەڵبەستن بۆیان هەتا بەشتر بتوانن پلانەکانیان بەدژی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئەنجامبدەن. سەرۆک کۆماری حکوومەتی ناخوندی باسی لە کۆمەڵێک خاڵی گەلێک هەستیار و گرینگدا کە ئەگەر بێت و بەکردەوە و بە گوێرەی دەستووری وڵات ئەنجامبدرێن، ڕەنگە خێرێکیان بۆ گەلانی بندەستی وڵات لێبکەوێتەوە. لە بەشێکی قسەکانیدا دەڵێت نابێت پێدانی کار و پێشەی ئیداری لە ئێران و پارێزگای ورمێ لەسەر بنەمای هەڵاواردنی نەتەوەی بێ و بەڵکوو پێویستە لەسەر ئەساسی لێوەشاوەی و لێهاتووی زانستیبێت. بەڵام ئەوەی هەتا ئێرە لە ئێراندا بەکردەوە ئەنجامدراوە و دابەشکردنی پۆستە گرینگە ئیداری و حکوومەتداریەکان لە سەر بنەمای ئاین و نەتەوەی دابەشکراون و ئەو پۆستانەی کە جوومگەکانی دەسەلاتیان لەسەر وەستاوە، هەرگیز بەکوردیان ڕەوا نەبینراون و کاتێک سەیری تەرکیبی ئیداری و ئاوەدانی و کەرتی گەشتیاری و پێشەسازی کوردستان دەکەین، ڕەنگە ئەوکات باشتر لە نێوەرۆک و ئامانجی سەردانەکەی ڕوحانی و هاوفیکرەکانی بۆ شارەکوردیەکان نەتیجە وەربگرین. روحانی لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا دەڵێت: قبوڵ ناکات کرداره ئیداری و خزمەتگوزاریە مەدەنیەکان لەسەر بنەمای هەڵاوارنی نەتەوەی لە وڵاتدا جێ بە جێبکرێن و خەڵکی شایستە و لێهاتوو بکەونە ژێر تەوژمی هەستی نەتەوەی و ڕەگەزپەرستیەوە. دیارە نێوەرۆکی قسەکانی بۆ گەوجاندن و بەلاڕێدا بردنی بیرورای خەڵکی شارەکورردیەکان، هەتابڵێێ قسەی جوان و بەپێز و نایابیوون. بەڵام ئەوەی ڕۆژانە و بە بەرچاوی کاربەدەستانی حکوومەتکەی روحانی یەوە لە پێناوی بڕی پەیداکردن لە سەرسنورەکوردیەکاندا بە دەستی پیاوکوژانی ڕێژیمەکەی دەکوژرین، هەرهەموویان کوردن و خەڵکی ئەو شارەکوردستانیانەن کە قەولوبەڵێنی باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان پێدەدات. ئەگەر بەراستی ئەوەندە بەپەرۆشی ئەو خەڵکیە، چۆنە نەیانتوانیوە ڕێژەی هەژاری و بێکاری کەمبکاتەوە یان هەنگاوی جدی بۆ نەهێشتنی جیاوازیە نابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بهاوێژن. کورد گووتنی: قسەی لوس و جوان بەهەموو کەس دەکرێ و گرینگ ئەوەیە چۆن بەکردەوە ئەو گفت و بەڵێنیە دراوانەی کە بەخەڵکی شارەکانیدەدات، لە دەسەلاتی حکوومەتەکەی دایە ئەنجامیانبدات. خەڵکی کوردستان بەدرێژای مێژووی ئەو حکوومەتە لە هیچ ڕوویەکەوە پێشوویەکی بەئاسودەی هەڵنەکێشاوە و هەتا ئەو نیزامە حوکمڕەوای بەسەر

ولاتدا بکات، ژیان و گوزەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵک لەوەی کە هەیە باشتر نابێت.

دیارە ئامانجی قسەکانی کە نێوەرۆکی باسو لێکدانەوەی وتارەکەی لەسەر پێک هاتبوو و، بۆ جارێکی دیکە ئەوەی بیر خەڵکی کوردستان و گەلانیتری ولات هێنایەوە و بەو قەوانەکۆنەوە دیسان قسەیکرد کە بە هۆی ئەو تێزە ئایینی و شۆفینیستیەوە بڕیاری قەڵت و عامی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لەلایەن ڕێبەری ڕوحی ئەوسای نیزامەوە، "خومێینی" بەدژی گەلی کورد دەرکرا. ئەو کاتیش بە هەمەن شێوە و بۆ ئەوەی خۆیان لە پرسی سیاسی و فرەنەتەوەی بوونی ئێران ببوێرن، لە ژێرناوی ئیمە هەموومان" ئێرانین و موسوڵمانین و لە سایەی حکوومەتی ئیسلامیدا کۆبووینەتەوە و شانازی پێکەوە ژیانمان هەیە"، خەتێکی سوریان بەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی داکێشاو قەیرانە گەورەکان بەوجۆرە بە هەڵپەسێردروای مانەوە و بەردەوام نیکۆڵی لە مەسەلەی نەتەوایەتی بە مەفهۆمە ڕاستەقینەکەی دەکەن و ئامادەی ئەوەیان تێدا بەدیناکرێت لە بەرژەوەندی پێک هاتە نەتەوەی و ئاینیەکاندا، هەمواری دەستوری ولات بکەنەوە و بەفەرمی مافی گەلانی ولات دابین بکەن.

ئاکامی سەردانی روحانی ناتوانێت ژیان و گوزەرانی خەڵک باشتر بکات و هەلومەرجی شێاوتری ژیان بۆ گەلی کورد دابین بکات. ئەو ڕێژیمە وەک هەرێمێکی بەتەواوی نیزامی و میلیتاریزەکراو، سەیری کوردستان دەکات و ئێستا بەهەزاران لە هێزەکانی لە کوردستاندا و لە شار و ناوچە ستراتیژی و گرینگەکاندا کۆکردۆتەوە، چوونکی لە ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیان کە بەزۆر خۆیان بەسەر ئیرادەی خەڵکدا فەرزکردوە دەترسن و نیگەرانی داهاتووی خۆیان و حکوومەتەکەیانن.

٢ی جوونی ٢٠١٦

ڕێبەری حدکا و حدک ئەگەر کەیفیان لێبێت، بە دوو کۆبوونەوە حیزب دەخەنەوە سەریەک!

جاریش دیداری ئاست بەرز لە نێوان دوو دەفتەری سیاسی و دوو سکرتێر و دوولایی ئەندامانی دەفتەری سیاسی حدکا و حدک دا، بەڕێوەچوو و بەگوێرەی سەرچاوەکانی پەیوەندیدار،

ئەو ڕۆنیشتنە بۆ مەبەستی وەگەڕخستنەوەی" مەلەفی" یەکگرتنەوەی حیزب ئەنجامدراوە و، زۆر بە ئیجابی و گرینگ تەماشادەکرێت. لەو پەیوەندییەدا پرسیار گەلێک فرەن و، بەڵام تەنیا پرسیارێک دەکەین! ئەگەر بەڕاستی هەر دوولاوەک یەک و بەدڵەوە کاردەکەن بۆ وەسەریەک خستنەوەی حیزب و وەک لە بەرچاوی میدیادا باسدەکرێ و دەڵێن گوایە بەتەواوی موشتاقی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکراتن، ئەی بۆچی تا ئەمڕۆش ئەو دیدار و کۆبوونەوانە ئەکامێکی ئەوتۆیان نەبووە؟ بەرووبەکەی تریدا بڵێین ئەگەر ئەوەندە پشووتان خۆشە بەتەکگرتنەوە بۆ بەجدی کاری بۆ ناکەن و هەر ئەمڕۆ و سبەی پێدەکرێت و بۆ تە پرسێکی هەڵاوەسراوی نێوان دووبەرداش؟ بێگوومان پێناچێت بەوجۆرە دانیشتن و قاوە خواردنەوە و گفتوو گۆی خۆش و پڕ لە نوکتە، مەسەلەکانی پەیوەندیدار یەک لایبکاتەوە و ئومێد و چاوەڕوانی هەموولایەک بەو سانایە بەدی بێت! ئەگەر باس لە زەمینە سازی و هەلومەرجی شیاو بکرێ و بە هۆکاری بنەڕەتی تەماشابکرێت، بابەتێکە بەتەواوی لە شوێنێخۆیدایە. بەڵام بەگوێرەی بیروڕا و سەرنجی سیاسی و تەشکیلاتی دوولایەنی دێمۆکرات لە بەرچاوبکیرێ، لە ئێستادا لایەنگرانی وەسەریەکخستنەوەی حیزب زۆرینەی تەواو ڕەهای هەیە. کەوابوو ئاکامی ئەو لێکدانەوەسەرپێیە ئەوەیە کە بۆچی ئەو پرسە هەستیار و نەتەوەیە ئەو دەستەو دەستی پێدەکرێ! ڕەنگە جەوهەری ئەو مەسەلەیە زۆرتر پەیوەندی بە هێندێک گرێبەست و خاڵی تایبەتی یەوە هەبێت و ئەو دەستە و لایەنەی بە شێوەی گشتی بیر لە دەسەڵات و داهاتووی کورسی بکاتەوە لە نێو هەر دوولادا، لە حیزبی گەورەو بەهێزدا بابەتەکەی ڕەقتر و دژوارتر کردبێ. هەموومان لە ئۆرگانەکانی خوارەوە پێمان خۆشە، حدکا و حدک ببنەوە بە هێزێکی بەهێزتر و کاریگەرتر لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەیدا و، خەباتی مافخوازی لە هەموو وەختێک زیاتر نیازی بەیەکڕیزی و هاوپشتی و یەکدەنگی نیشتیمانی هەیە. کاتێک یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی کوردستان بەدژی حکوومەتی ئاخوندی ئێران شوێن و کاریگەری بێ وێنەی لەسەر شەقامی کوردی دروست دەکا و لەو کاتانەدا ڕێژیم توشی نیگەرانی و ترس دەبێتەوە لە بەرانبەر بێزاری و ناڕەزایەتی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان. چوونکی دوژمن زۆر باش لە تووڕەی یەکگرتووانەی چین و توێژەگەلیەکانی کوردستان نیگەران دەبن و کۆدەنگی نیشتیمانی و هاوپشتی کە هەموو ڕەنگ و فیکرەکان لە نێویدا دەردەکەوێت، دەسەڵات حیسابی لەسەر دەکا. گرینگی یەکگرتن و بەهێزبوون لە یەکتر قبوڵکردن و هاوکاری و یەکدڵیدایە. ڕەنگە کارکردن لە نێو حیزبێکی گەورەتر و بەهێزتردا بۆ هەموو لایەک جێگای دڵخۆشی و بەشانازی بزانین و هەربۆیە

دەبێ هەموو لایەک بەکردار بۆ ئەو مەبەستە کار بکات. ئومێد دەکەین چیدیکە ڕێبەری دوولایەنی دێمۆکڕات بە بەهانە و بیانووی دیاریکراو خۆیان لە گەشەپێدانی ڕەوتی یەکبوونەوە نە دزنەوە و بوێرانە بڕیاری سیاسی و تەشکیلاتی سەبارەت بە یەکگرتنەوەی حیزب بدەن. مادام ئێستا پەیوەندییەکان گەلێک باشن و کاتێک لە دەوری یەکدا کۆدەبنەوە و، کاتەکە بە سەیر و سۆحبەت و دیالۆگ بەرێدەکرێ، لازمە ئاورێکی خێرا و جدی و بەهەستێکی بەرزی نەتەوەی ونیشتیمانی دوا بڕیار بدرێ و وەک موژدەیەک بەخەڵکی کوردستان ڕابگەیەندرێت. زۆر بەداخەوە کە ئەو بابەتە بەو جۆرە کراوەتە خۆراکی نێوان دووبەرداش و بەو هیوای چیتر ئەو کۆنگرە و کۆنگرەی پێنەکرێ. لە ڕاستیدا زۆر جێگای داخە کە هەموومان لە داوێنی دێمۆکڕاتدا گەورە بووین و پێگەیشتوون و ڕابردوو و سەروەری زۆرمان بەیەکەوە تۆمارکردوە لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەچی ناتوانین لەسەر باسێک قەرار بدەین کە پەیوەندی بە ئایندەی گەلەکەمانەوە هەیە. "دەمێک بوو دەم و دەستی خۆمگرتبوو کە بەلای ئەو باسەدا نەچم، بەڵام ئەو جاریش دڵی دۆستانم و هاوڕێیانم لە خۆم نەڕەنجاند و هاتمەوە سەر باسی جاران"! هەروەک ئاشکرایە نێو بەنێوە بابەتی یەکگرتنەوەی حیزب وەک پرسێکی گرینگ سەرهەڵدەدا و پاش چەند شەو و ڕۆژێک دیسان وەک ئەوەی پێویستی بە پشوو درێژی و حاوانەوەبێ، لە بەرچاوی هەمووان بزردەبێتەوە. سەبارەت بەپرسی یەکبوونەوە، ئێستا لە ساڵانی ڕابردوو زۆرتر بەرچاوروونی پەیدابووە و شیاو نابێت بەهۆکاری فەنی و هونەری خۆڵبکرێتەوە چاوی خەڵک و تەشکیلاتی ئاشکرا و نهێنی دوولایەنی دێمۆکرات." ڕێبەری حدکا و حدک ئەگەر خۆیان کەیفیان لێبێت بە دوو کۆبوونەوە ئەو پرسە یەک لایەکانە وە دوابڕیار لە بارەی یەکگرتنەوەی حیزب دەدرێ".

وەک دەبینین کێشەکە لە ئاستی بەرزی بڕیاردانداید و بەداخەوە نەتوانراوە بەدڵی خەڵک کۆتا قسەی خێر بکرێ. بەڕاستی ئەگەر کورسی و دەسەڵات ئەوەندە بەنرخ نیە بەلاتانەوە، یەکبوونەوە بکەنە موزدە بۆ گەلی کورد.

۷ی جوونی ۲۰۱٦

شیعاری"روخان"ی ڕێژیم پەرتەوازی سیاسی لێدەکەوێتەوە!

ناکۆکی و تێڕامان و خوێندنەوەی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە شیعاری" روخاندن" ی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران و بەردەستەکردنی هزری بەرگری و پتەوترکردنی خەباتی سیاسی و نیزامی بەدژی حکوومەتێک کە خۆی بەنەیاری هەموو جۆرە بنەماو ئەخلاقێکی مرۆڤدۆستانە و بە نەیار و دژ دەزانێت، لادانی ئەو جۆرە دەسەڵاتە کۆنەپەرست و دژی گەلیە، لانیکەم بۆ قۆناخی سیاسی ئەمڕۆ، نیازی تەواوی بە کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی نەتەوەی و نیشتیمانی هەیە. ئەو هێزانە و کەسایەتیەکانیان کە خۆیان بە ناکۆک و دژبەری تاکتیکی روخانی حکوومەتی ئێران دەزانن و پێیان وایە ناکرێت ئەو جۆرە شیعارە بدرێت و لە توانا و دەسەڵاتی کورد دانیە، ئەو ڕێژیمە بروخێنێت، بەڵنیایەوە لێکدانەوە و خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروستیان بۆ داهاتووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێژیم و گەلانی بندەستی حکوومەت نەکردوە. خۆ بەرزکردنەوەی شیعاری "بروخ" ێ حکوومەتی ئاخوندی پەیوەستە بە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی ڕێژیم و کاتێک دەسەڵاتی تاران ئامادەی ئەوەی بەتەواوی تێدا پێک بێت کە هەوڵی هەموارى دەستووری وڵات لە بەرژەوەندی گەلانی وڵاتدا بە ڕێگای گۆڕانکاری ئەنجامبدات و بنەماکانی حوکمڕانی ڕەها و دێمۆکراتیک بچەسپێنێت، ئەوە خۆی روخانی حکوومەت دەگەیەنێت. بەواتایەکیتر باڕێژیم هەر لە شوێنی خۆی بێ، بەڵام ماف و ئازادیە سیاسی و نەتەوەی و کۆمەڵایەتیەکانی گەلانی ئێران دەبین بکات. کاتێک دەسەڵاتیکی دیکتاتۆر و کۆنەپەرست، هەوڵبدات ژینگەی سیاسی و نەتەوەی شیا و بۆ خەڵکەکەی دابین بکا و گۆڕانکاری لە جومگە هەستیارەکانی دەسەڵاتدا پێکبهێنێت و ڕێوشوێنە دەستوری و یاسایەکان بە ژێری و لە قازانجی کۆمەڵگای وڵاتەکەیدا بگۆڕێت، بەومانایەدێت کە سیستمی حوکمڕانی روخاوە و دەسەڵاتێکی دیکە جێگای گرتۆتەوە و بە گوێرەی دەستووری نوێ هەموو لایەک هەق و مافیخۆیان وەرگرتوە. جا ئەگەر بێت و هەمەن کەسەکانیش بن دەسەڵات بەڕێوەبەرن. بەڵام بەو جیاوازیەوە کە نێوەرۆکی دەسەڵاتداری و ئیدارەدانی وڵات بە شکڵێکی دیار و بەرچاو بگۆڕدرێت. زۆر جار کاربەدەستانی ڕێژیم ئەو پرسیارەیان لە "وڤدی" دانوستانکاری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کردوە لە کاتیخۆیدا، کە بۆچی حدکا ئەو شیعارەیان بەدژی ڕێژیم هەڵگرتووە و ئەوەتا ئەوان واتە حکوومەت نەروخاوە و ئێستا لە گەڵتان وتووێژ دەکات. لە وڵامدا نوێنەری حیزب دەڵێت ڕاستە ئێوە ماون و لێرەن بۆ ئەوەی بەڕێگای ئاشتیدا پرسی سیاسی و نەتەوەی کورد چارەسەربکەن، مەبەستی شیعاری حیزب ئەوەیە کە ڕێژیمی ئاڵۆگۆڕ بەسەرخۆیدا بێنێت و دەستووری وڵات بە جۆرێک دابنرێت و بنووسرێت کە ماف و ئازادیەکانی گەلانی وڵات بەگشتی تێیدا ڕەنگ بداتەوە و کۆتای بە حوکمڕانی و فەرمانڕەوای کەمایەتی نەتەوەی بە سەر زۆرینەی گەلانی ئێراندا بێت، ئەوە مانای ڕوخانی حکوومەت دەگەیەنیت لە ڕوانگەی" حدکا وە و مەبەستی ئێمەیش ئەوەنیە کە پێمان وابێت ڕێژیمی دیواری بەقورو بەردە و دەبێت بروخێت". بەڵکوو نیەتی حیزب ئەوەیە کە ڕێژیم خۆی بگۆڕێ و ئاڵۆگۆڕی سیاسی و ئیداری و فرەنەتەوەی

وڵات وەک هەیە بسەلمێنێت. دیارە ئەو هێزانەیش کە نەیاری ئەو شیعارەن، ڕۆژێک حکوومەتی ناوەندی ئامادەبێ لە گەڵ نوێنەرایەتی گەلی کورد سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی کورد کۆبێتەوە و ئامانجەکانیان بەدی بێنێت، ئەوە مانای ڕوخانی ڕێژیم دەگەیەنێت. مەبەست لە ڕوخانی زۆرتر بواری تاکتیکی و هەراسانترکردنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان دەگەیەنێت. بەڵام بەوەڕ ناکرێت ئەو ڕێژیمە بەرێگای ئاشتی و ئاقلانیدا هەڵسوکەوتی بەرپرسانە لە گەڵ قەیرانە نیوخۆیەکاندا بکات. بۆیە خوێندنەوەیەک کە پێیوابێت ئەگەر بێت و وازلە دروشمی ڕوخانی ڕێژیم بێت، ئەوە حکوومەت دەرگای بەزەی و ڕوحمیان بەڕووداەکاتەوە، هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی زۆر سادە و بێبنەمایە، "کاتێک حکوومەت بەوڕازیبێ، پرسی نەتەوەی لە ئێراندا چارەسەربکات، ئەوە ڕوخاوە". ئەی ئەو هێزو و دەسەتەو کەسایەتیانەی کوردستان، دەبێت ئەو کات چی بکەن، قبوڵی بکەن یان بڵێن وەری ناگرین لە بەر ئەوەی ڕێژیم ڕوخاوە....! زۆر بەداخەوە کورد بەردەوام بەدوای شتێکدا دەگەڕێت هەتا لە نێو مانی خۆیدا، پەرتەوازەی سیاسی دروست بکات، ئەگینا ئەو باسە و وروژاندنی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و، لە جیاتی ئەو قسە بێ هێز و بێکردارانە،

باشتر وایە بیر لە چۆنیەتی تووندوتۆڵترکردنەوەی پەیوەندی سیاسی و نەتەوەی بکرێتەوە و خەیاڵ لە سەر" ڕەوتە" ریفۆرمخوازەکانی نێو بازنەی دەسەڵات لەئێران هەڵ نەچنین. چوونکی ئەو ڕوتانەش بەشیخۆیان زیانیان بە جمووجۆڵ و تێکۆشانی دێمۆکراتیک و مەدەنی لە کوردستان گەیاندوە و هیچ خێرێکیان بۆ کورد نەبووە.

۱۲ی جوونی ۲۰۱٦

بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم، بەسیەتی ژێردەستەی تورک و عەرەب و فارس!

گەلێکی مەزن و دیاری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گێتی زۆر جەسوورانە و نیشتیمانیانە دوا بڕیاری سەبارەت بە داهاتووی سیاسی خۆی بە ئاشکرا بۆ بیروڕای گشتی دونیا و گەلی کورد ڕگەیاندوە کە خەونی چەندین ساڵەی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بووە. بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە: ٢٥ - ٩ - ٢٠١٧ی زایینیی لە باشووری کوردستان و هەڵوێستی سیاسی و نیشتیمانی"حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران" لەو پەیوەندیەدا، بۆ گرینگی ئەو پرسە و قووڵی ڕێبازی نەتەوەیی حیزب دەگەڕێتەوە. حیزبی دێمۆکرات بۆیە دامەزرا هەتا بۆ شایی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕبکاتەوە و کاتێکیش لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا موژدەی پێک هاتنی لە کوردستان دەنگیدایەوە و، ئومێد و دڵخۆشی زۆر بە نێو خەڵکی کوردستاندا بڵاو بوویەوە کە هێزێکی تێکۆشەری نیشتیمانی دروست بووە و بە شێوەی سەردەمیانە و دێمۆکراتیکانە ڕێبەری خەباتی ڕزگاریخوازی دەکا. لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیداحدکا پشتیوانی ئەو پرۆژە نەتەوەیەی باشوور دەکات کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار" مەسعوودبارزانی" ڕۆژی ئەنجامدانی گشتپرسیە کە ئاشکراکراوە بۆ خەڵکی کوردستان.

حیزبی دێمۆکراتیش بەئەرکی سیاسی و نەتەوەی دەزانێت هەر وەک لە بەرنامەی حیزبدا بە ڕوونی ئاماژەی پێدراوە پشتگیری و هاوکاری خەباتی بەشەکانی کوردستان بۆ ڕزگاری دەکا و ئەو دەرفەتەش کە بۆ گەلی کورد لە باشوور هاتۆتەکایەوە بە هەڵێکی زێڕینی دەزانێ و داوای لە خەڵکی کوردستان و لە ئەندامان و لایەنگرانی و دڵسۆزانی جووڵانەوەی سیاسی کوردستان کردوە بەدڵو ئومێدی نەتەوەی بەرەوپیری گشتپرسی بڕۆن و دوا بڕیاری خۆیان سەبارەت بە داهاتووی سیاسی هەرێمی کوردستان بە ڕێگای دەنگدانەوە بدەن. ئەو دەرفەتەی ئەمڕۆ لە سایەی هەوڵو خەبات و قوربانیدانی تێکۆشەرانی ئەو بەشەی کوردستان بۆ گەلی کورد، هاتۆتە ئاراوە، کەس بە گونجاوی نازانێت بە هۆکاری بێبنەما و ناکۆکیە حیزبیەکان بەلاڕێدا ببرێ و، لازمە هەموو لایەک بە بێ جیاوازی سیاسی و بیرکردنەوەیان هاوکار و یارمەتیدەری ئەو پرۆژە گەورە و نیشتیمانیە بکەن و بەشداری ڕیفراندۆم بن کە ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەییە. ئەگەر سەیری ڕابردووی سیاسی و مێژووی جووڵانەوەکانی کورد بکەین، هەڵی هاوشێوەی زێڕین هەرگیز بۆ کورد نەرەخساوە کە تێدا بتوانێت دوابڕیار لەسەر کیانی سیاسی و جۆری ئیدارەدانی وڵاتیخۆی بدات. پێویستە هەموو لایەک بە ڕێگای بەشداری و دەنگدانەوە، بڕیار لەسەر داهاتووی سیاسی هەرێمی کوردستان بدرێ و کورد شایانی ئەوەیە دەوڵەتی نەتەوەی هەبێت. حیزبی دێمۆکرات لە بەر گرینگی پرس و خەمخۆری بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە بەشەکانی کوردستاندا، پەرۆشبوونی بۆ ئەنجامدانی ئەو گشتپرسیە دەربڕیوە و، بێ ئەوەی بیهەوێت لە بەرژەوەندی هێزێکی دیاریکراودا خۆی نیشان

بدات و دەست وەربداتە کاروباری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکوو بە چاوی ڕێز و ئەمەگناسیەوە ستایشی ئەو بڕیارە گرینگ و گەورەیە دەکا و زۆر خۆشحاڵە کە کورد ئێستا بەرەو ڕێفراندۆم هەنگاو دەنێت کە دەرهاویشتەی خەباتی ڕزگاریخوازییە. کەس بە شیاوی نازانێت ئەو پرسە بە هی حیزب و کەسێک بزانرێت و بەڵکو دەبێ بەهی هەمووان و بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی خەباتی ڕۆڵەکانی ئەو بەشەی کوردستان تەماشابکرێ و بەهەستی بەرزی نیشتیمانی پێشوازی لە ڕیفراندۆم بکرێت. هەرلەوپەیوەندییەشدا دەکرێ هەڵوێستی نەتەوەیی لایەنێک و دەستە و کەسێک وەک هەنگاوی بوێرانە و نەتەوەی ڕێزی لێبگیرێ و دەستخۆشی ئەو بڕیارەیان لێبکرێ." گەلی کورد بۆ ئەوەی خوێنی نەداوە هەتا ژیانی هەیە بەژێردەستەی تورک و عەرەب و فارس بمێنێتەوە" و لەسەر خاکی خۆی و نیشتیمانی خۆیدا وەک میوان تەماشابکرێ و ڕۆژانە دایک و باوکەکان جەرگ بڕاوبن. لە مێژووساڵە کورد خەبات دەکا و خوێنی زۆر و بەنرخی لە بەرچۆڕاوە هەتا هەلومەرجێکی ئەوتۆی پێک هێناوە و لە سایەی دوابڕیاری گەلی کورددا، بتوانێت ئایندەی سیاسیخۆی دیاریبکات و دەوڵەتی سەربەخۆی ڕابگەیەنێت. کوردیش وەک نەتەوە ئەو مافەی هەیە چارەنووسی بەدەستی خۆی دیاریبکا و چیتر بە کۆیلەی نەمێنێتەوە و بەسەربەستی و ئازادی لە وڵاتی کوردستاندا درێژە بەژیانی بدرێت. کورد و سەرکردایەتی سیاسی ناکرێ چاوەڕوانی هاوکاری و پشتیوانی ئەو چوار وڵاتە بکەن کە کوردستانیان بەبێ ڕەزامەندی و بڕیاری کورد بەسەرخۆیاندا دابەشکردوە و، ئەمڕۆ بەسانای دەست بەرداری سنووربەزاندن و داگیرکارییەکانیان بن. بە هەموو پێوەر و لێکدانەوە مێژووی و سوننەتیەکان و تۆڕینەوە سەردەمیەکان کورد نەتەوەیەکی گەورەی بێ وڵات و خاک و نیشتیمانەکەی لەلایەن عەرەب و تورک و فارس داگیرکراوە و ئێستایش پاش کۆتایی هاتنی ڕێکەوتننامەی " سایکس - پیکۆ" ، زۆربەی وڵاتان لە ڕووی مێژووی و پرۆتۆکۆڵیەوە، سەروەری سنوور و سەراوردە جوگرافییەکانیان لە دەستداوە و دەکرێ کورد خاکی خۆی بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی . ئێران و ئێراق و تورکیە و سووریە وڵاتانێکن جگە لە نەتەوەی فەرمانڕەوای خۆیان بەوڵاوە، نەتەوەیتریان تێدا دەژێ و لە کاتیخۆیدا بەهۆی لە دەستدانی هێز و نەبوونی بەرنامە و تاکتیکەکانی ڕووبەڕووبوونەو ە وخەباتی دیپلۆماسی، کورد و زۆرنەتەوەی تر کراونەتە نەتەوەی بندەست و ستەملێکراوی گێتی.

هەنگاوی ئەنجامدانی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەدڵنیایەوە هەوڵێکی گرینگ و چارەنووس سازە و ئەگەر بێت و کورد بە کۆیدەنگ، ئەو بڕیارە سیاسی و نیشتیمانیە نەدا و کەش و هەوای سیاسی حیزبایەتی زاڵبێ بەسەربارودۆخەکەدا، ئەنجامەکانی ئەو گشتپرسیە ڕەنگە ئەو ئاکامەی نەبێ کە خۆمان بمان هەوێت. بابەتی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستاندا نیازی بە کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی سیاسی و نیشتیمانی خەڵکی کوردستان و هێزەسیاسی و تێکۆشەرەکانیەتی و بەهەموو لایەک دەکرێ لەو پێناوی ئامانجی گەورەدا، سەرەڕای جیاوازی بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسی لەسەر شێوەی حوکمڕانی وڵات. بەڵام پرسی ڕیفراندۆم دەکرێ وەک "تاقانە" فرسەت تەماشابکرێ و بە دەنگدان خەمخۆریمان بۆ شەهیدان و قوربانیەکان ئەنفال و کیمیابارانەکان دەربڕین. بە بڕوای زۆر لە سیاسی و تۆژەران، گەلی کورد هەلێکی زێرینی لە

بەردەمـدایە و ئەگەر بە ژیـری و نـاڤڵانیەوە ئاڕاسـتەی نەبێـتەوە، زیـانی زۆر گەورە بە خەبـاتی ئێسـتا و داهـاتووی دەگەیەنێت. هەموو لایەک ئومێد دەکەن پرسی ڕیفراندۆم بە سیاسی نەکرێ و بە هۆی ململانەی نێوخۆییەوە مەسەلەکە بە لاڕێدا ببـرێ و بە ملـک و داهێنـانی کەس و هێزێکـی دیـاریکراوی بزانێـت لە پێنـاوی بە هێزترکردنـی پـێگەی حیزبێکـی دیاریکراوی کوردستاندا.

ئەگەر سەیری میـژووی ڕاپەڕین و ئامانجی نەتەوەیی هێزەکوردییەکـان بکـرێ، هەموویـان لە سەر ئەوە هاوڕا و یەک دەنگبوونە کە ئامانجیان ڕزگاری سیاسی و نەتەوەییە. کەوابوو ئەمڕۆش کاتی ئەوە هاتووە، بەڕابردووی سیاسی مان وەفاداربین و بەکردار ئامانجی ڕزگاری نەتەوەی لە ئێستادا بخەینە ئەولەویەتـی هەموو باس و خواسەکانی شەقامی کوردی و بەکردەوە و دلسۆزی بۆ خەبات و داهاتووی سیاسی کوردستان بەشداری بەربڵاوی ڕیفراندۆمی بکەین کە مافی هەر تاکێکی کورد ئەرکی نەتەوەی بە ڕێگای دەنگانەوە و پشتگیری بۆ سەربەخۆی کوردستان دەربڕێت.

١٩ی جوونی ٢٠١٦

حدکا ناموّ نیە بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ولّاتی فرەنەتەوەی ئێران!

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەدرێژای مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی، بەپێی قۆناخ و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئێران و کوردستان، ستراتیژی سیاسی و تاکتیکەکانی بزووتنەوەی نیشتیمانی لە پێناوی بەدی هێنانی مافی سیاسی گەلی کورد دەست نیشانکردوە و بڕیارەکانی بەدڵنیایەوە شوێنی کاریگەری لەسەر بەرەوپێشچوونی شێوەکانی تێکۆشانی خەبات لە نێوخۆی کوردستاندا هەبووە. بووژانەوە و پەرەپێدان، بە خەباتی چەکداری بەدژی حکوومەتی تیرۆریستی ئاخوندی ئێران، دیاردەیەک نیە کە گیروگرفت بخاتە بەردەمی وتووێژی ئاشتی ئەگەر هات و دەسەڵاتی تاران ئەو دەرگای بەروی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی لە ولّاتدا بکاتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت تائێرەش ئەو بابەتە وەک مەسەلەیەکی مەحاڵ و نەزۆک دێتەبەرچاو و بەرویەکەیتریشدا، ئێمە لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک و ئازاد و پێشکەوتووی ئەوتۆدا ناژێن کە شێوەکانی خەباتی سیاسی و مەدەنی بخەینە پێشەوە.

نۆرۆژیەکان کاتێک پاش هەرەسهێنانی ئیمپڕاتۆری "ناپلۆان" بێ ئاگاداری و ئامادەبوونیان دەخرێنە سەر قەڵەمڕەوی سۆید و ئەو بە حەڵاڵ زانینەی دەسەڵاتی سۆێدیەکان، تا ساڵی ١٩٠٥ی زایینی درێژەی دەبێ و بێ ئەوەی گولە لە لولەی چەک دەربچێت، دەسەڵاتی سەربەخۆی ولّات بۆ نۆرۆژیەکان دەگەڕێتەوە و ئێستا وەک دوو ولّاتی دراوسێ و برای باش لە گەڵ یەکدیدا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. " بەڵام هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات توشی هەڵەی گەورەی سیاسی و ڕێکخراوەی دەبن، ئەگەر بێت و توێژینەوەی ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەیان نەکردبێ کە خەباتی لێدەکەن". ئەوماوەیە زۆر کەس و لایەن پێیانوایە حدکا بە دەست لە پشتدان و هاندانی هێندێک ولّات و هێزی سیاسی کوردی، کردەوە چەکداریەکانیان بەدژی ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردۆتەوە. دیارە لە ڕابردووشدا ئەو پڕوپاگەندانەمان لەسەر حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان زۆر جاران بەرگوێ دەکەوت، بەڵام بە هۆی سیاسەتی ڕاست و دروستی حیزب ئەو مەسەلانە و بووختان و پروپاگەندەی بێجێ،وەک بڵقی سەرئاو بوونیان نەدەما.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەر وەک لە بەرنامە و ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیدا هاتووە، بەردەوامدەبێت لە سەر خەبات و تێکۆشانی هەتا بەدی هێنانی مافی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان. سیاسەتی حیزب ئەوەبووە لە ڕابردوو نێستادا کە ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد بە توندوتیژی و شەر ناکرێ و دەبێت بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەربکرێ. ئەو شەڕە حکوومەتی ئاخوندی بەدرێژای مێژووی دەسەڵاتی ئەو نیزامە کۆنەپەرست و تیرۆریستە بەدژی خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاندوە و گەلی کورد تەنیا بۆ خۆپاراستن، پەنای بردۆتە بەرچەک. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەردەوام زەمینەی خەباتی سیاسی و چەکداری هەیە و ئەگەر سەیری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەو بەشەبکەین، دەبینین کە ی حیزب ویستبیەتی تێکۆشانی چەکداری پەرەی پێدراوەتەوە. ئەوەش راستە ڕێژیمی ئاخوندی ئێران ئێستا لە قۆناخی بەهێزی خۆیدایە و، لە ڕووسەربازییەوە ناکرێ بەراوردی هێزبکرێ لە گەڵ هێزە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرەکانی کورد. بەڵام ئیرادەی گەل و بیروباوەڕی نەتەوەی و ڕزگاریخوازی ئەو دەرفەتەی پێک هێناوە کە کورد لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمە گەورەو بە هێزەدا خەبات بکاو بوەستێتەوە. خەباتی چەکداری هەرگیز نابێت وەک کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگای وتووێژ و دیالۆگی سیاسی سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی لە ئێراندا لێکبدرێتەوە. لە سەرەتای گفتووگۆکانی نوێنەرایەتی کورد لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی، لە کوردستان خەباتێکی بەربڵاو و چڕی چەکداری لە ئارادابوو و دانیشتن و کۆبوونەوەی بێ ئاکامیش ئەنجامدەدران. لە ڕاستیدا شەهید بوونی پۆلێکی دیکە لە کادر و پێشمەرگەکانی دێمۆکرات لە قۆناخی بێدەنگی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاند گەلێک جێگای داخ و حەسرەتە، بەڵام ڕزگاری و بەدی هێنانی ماف، بێ قوربانیدان و گیان بەختکردن بەدی نایەت. گەلی کورد لە گەڵ ڕێژیمێکی ئەوتۆ درندە و دژی گەلی و دژبە ماف و ئازادیە دێمۆکراتیکەکان بەرەوروبۆتەوە کە لە گەڵ هیچ ڕێسا و یاسەیەکی گشتی ئاشیانە هەڵناکا و بەردەوام بەدوای فیتنە و پەرەپێدان بە ئاڵۆزی و بارگرژیدایە. کارو چالاکیە سیاسی و چەکداریەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئێستادا زۆر لە جێگایخۆیدایە و ناکرێ چاوەڕوانی بکرێ کەی هێزێکی دەرەکی ئەو حکوومەتە لەسەر دەسەڵات لابدات. زیندووکردنەوە و پەرەپێدان بە تێکۆشانی سیاسی و چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەستانەوەیە لە بەرانبەر سەرکوت و ستەمی سیاسی و نەتەوەی کە ڕێژیمی ئێران هەر لەسەرەتاوە ڕەوای خەڵکی کوردستانی بینیووە. بە دڵنیایەوە کۆمەڵانی هەرواوی خەڵکی کوردستان بە دڵ و روحیەی سالانی ڕبردوویەوە پێشوازی لە ڕۆڵەکانیان لە نێو قوڵای کوردستان دەکەن.

دەمێکە حیزبی ئێمە و ئەندامان و لایەنگرانی بەو ئاکامەی گەیشتوون کە حکوومەتی ناوەندی زۆر دژوارە بە ڕێگای ئاشتیدا ئاوڕێک لە مەسەلەی کورد بداتەوە. ئەگەر فشاری نێو خۆی و دەرەوەی لەسەر دروست نەکرێت و چاوەڕێی ئەوەبکرێ، داخوا کەی بەخێراخۆیان هەوڵدەدەن لە گەڵ کورد دابنیشن و مافیان لە چوارچێوەی دەستووری وڵاتدا بگوونجێنن، ئەو لێکدانەوەیە سیاسەتێکی بەتەواوی هەڵەیە و ناکرێ ئەوە لە حکوومەتی ئاخوندی ئێران چاوەڕوانبکرێ. لانیکەم لە قۆناخی سیاسی ئێستادا کە ڕێژیمی ئێرانی تێدایە.

٢٢ی جوونی ٢٠١٦

دکتۆر قاسملوو سیمایەکی کاریگەر و تێکۆشەری سیاسی و دیپلۆماتکارێکی بەئەزموونی نەتەوەی بوو!

٢٧ ساڵ لەمەوبەر، ڕێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی ئێران لە ڤیینە پایتەختی وڵاتی ئوتریشدا، دیارترین و کاریگەرترین تێکۆشەری سیاسی و دیپلۆماتکاری بەئەزموون و نەتەوەی، دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر مێزی وتووێژی ئاشتی بە دەستی پیاوکوژەکانی شەهید دەکا و بەوجۆرە بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیانی گەورەی پێدەگات. بەداخەوە بە هۆی تێوەگلانی حکوومەتی ئوتریش و داموودەزگائەمنیەکانی ئەو وڵاتە، بکەرەکانی ئەو کرداره نامرۆڤانەیە بە سڵامەتی ڕادەستی تاران دەکرێنەوە و خەباتی گەلێکی بندەست و ستملێکراوی وەک کورد، فیدای کۆمەڵێک دەسکەوتی پچووکی ئابووری و بازرگانی دەکرێت و لەوێدا حیساب بۆ مافی سیاسی و نەتەوەی مرۆڤەکان لە بەرچاوناگیرێت. لەو ڕۆژەوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو ساڵێک بە ئازار و ناڕەحاتیەوە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر یاد دەکاتەوە و پەیمان و بەلێن لە گەڵ ڕوح و ڕێبازی پڕ لە شانازی و بنەما دێمۆکراتیکەکانی خەباتی دکتۆر قاسملوو نوێ دەکەنەوە کە هەتا بەدی هاتنی ئاواتەکانی تێکۆشان و بەرخۆدان لە کوردستان بەدژی ڕێژیمی نیزامی ئاخوندی درێژەی دەبێت. بێگوومان دەستپێکردنەوەی بزووتنەوەی چەکداری لە هەلومەرجی ئێستای خەباتدا، جێ بەجێکردنی یەکێک لە تاکتیکە کورتخایەنەکانی ئەو شێوە شۆڕش و تێکۆشانە بەرین و گشتگیریە کە ڕێبەری چاونەترس و ناوداری گەلی کورد قاسملوو بەدژی حکوومەتی ئاخوندی ڕایگەیاندبوو و وەک وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی. دیارە کاتێک ناوەندی بڕیاردانی سیاسی و ئەمنی وڵاتێک هەوڵدەدات بە ڕێگای سەرکووت و لەنێوبردندا، دەنگی ئازادیخوازی نەتەوەیەک کپ بکات، باشترین بژاردەی ڕووبەڕووبوونەوە بۆ گەشەپێدان و بردنە پێشەوەی بەرخۆدانی نەتەوەی، تێکۆشانی سیاسی و چەکداریە هەتا ناوەند ناچاربکرێ، بێت لەگەڵدا کۆبێتەوە و گوێ بۆ داواکاریەکانت بگرێ. ڕێژیمی ئاخوندی هەتا ئەو جێگای دەرەتانی هەبێت و فشاری نێوخۆ و دەرەوەی لەسەر نەبێت، ئاوەڕ لە مەسەلەی کورد و کێشەی فرەنەتەوەی بوون لە وڵاتدا ناداتەوە و هەوڵدەدات ئەو واقعیەتە سیاسی و فرەنەتەوەی و فرە ڕەنگی لە وڵاتدا بشارنەوە و وەک خۆیان دەیان هەوێت حوکمڕانی بەسەر ئیرادەی گەلانی ئێراندا بکەن. حیزبی دێمۆکڕات بنەمافیکری و نەتەوەیەکانی لەسەر ئەساس و پێوەرە دێمۆکراسیەکان دامەزراوە و هەرگێز لە خەباتی خۆیدا، کەیفی بە پێکدادانی چەکداری و تووندوتیژی نەهاتووە و ناچارکراوە کە بۆ مانەوەی خۆی و پاراستنی پیرۆزیەکانی نەتەوەی کورد، چەک بگرێتە دەست. ئێستایش کە تێکۆشانی چەکداری دەستپێکراوەتەوە و کادر و پێشمەرگەکانی حدکا لە نێوخەڵکدا کاری سیاسی و تەشکیلاتی ئەنجامدەدەن و لە زۆر شار و ناوچەی کوردستان لە گەڵ سپای پاسداران توشی شەڕ هاتوون و زیانی زۆر گەورەشیان بەڕێژیم گەیاندوە، بەدڵنیایەوە هیچ لایەک و لانیکەم حیزب و خەڵکی کوردستان خوازیاری ئەو پێکدادانە

نیزامیە نین و، ئەوە کاربەدەستانی تارانن کە گەلی کوردیان ناچارکردوە بۆ جارێکی دیکە لە مێژووی سیاسیدا، پەنا بەرێتەوە بەر خەباتی چەکداری. چوونکی رێژیم هەوڵنادات بێت بە رێگای تردا پرسی نەتەوەی کورد لە ئێراندا چارەسەربکات و ئارامی و ئاسایش بۆ گەلانی بندەستی وڵات بگێڕێتەوە.

حکوومەتی ئاخوندی کاتێک دکتۆر قاسملوویان وەک کاریگەرترین نەیاری خۆیان لە دەرەوەی وڵات لە نێوبرد، پێیانوابوو، ئیدی تازە شۆڕشی خەڵکی کوردستان بڵاوەی پێدەکرێ و بزووتنەوەی سیاسی بەتەواوی پەکیدەکەوێت. بەڵام مێژووی سیاسی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەڵماندی کە قوتابیانی ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو بە شێوەیەک پەروەردەکراون کە بەرگەی سەختی و ڕۆژە ڕەش و تاریکەکانی قۆناخە جۆربەجۆرەکانی خەبات بگرن و لەکات و جێگای پێویستدا بڕیاری نوێ و چارەنووسسازبدەن و مەیدان تێکۆشان چۆل نەکەن و هەوڵی بەرەوپێشبردنی خەبات بدەن.

۱۳ی جوولای ۲۰۱٦

خواستی سیاسی کورد، پەیوەندی بە کولتوری ڕۆشنبیرییەکەیەوە هەیە!

جووڵانەوەی سیاسی گەلی کورد لە هەرچوارپەشی کوردستاندا، پێناوەتە قۆناخێکی نوێ و گەش و هەرگیز پرسی نەتەوەی بەڕادەی ئەو یەک دوو دەیەی ڕابردوو لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا دەنگدانەوەی نەبووە و ڕۆژگارێک هەرتاکێکی کوردستان ئومێدی بۆ ئەوە دەخواست، کێشە کەیان بە نێونەتەوەی بکرێت و سنووری ئەو وڵاتانە ببڕێت کە کوردستانیان بەسەرخۆیاندا، دابەشکردوە. رزگاری و بەدی هێنانی سەرجەمی ماف و ئازادیە سیاسی و نەتەوایەتیەکان کاتێک لە کوردستان دەستەبەر دەکرێت کە، کورد لە نێوخۆیدا یەک دەنگ وبەک هەڵوێست بێ و، لەسەرئەساسی بنەمای لێک تێگەیشتن و بەرفراوانی "خواستی سیاسی و کولتوری ڕۆشنبیری نەتەوەی و کۆدەنگی نشتیمانی" دا، داواکاریەکانی بێنێتە ئاراوە و خۆی سەرقاڵی بابەتی لاوەکی ودژبەیەک نەکات و هەلەومەرجی ڕەخساولە کیسنەدرێت. جووڵانەوەی نوێی ڕزگاریخوازی لە کوردستاندا، پێویستە سەرەتایەک بێت بۆ ڕیفۆرمی سیاسی و ڕێکخراوەی لە نێو خۆی بزووتنەوە سیاسی و جەماوەریەکانی کوردستاندا و لە زاویەی بیری حیزبی و بنەماڵە و بەرژەوەندی گروپی سەیری داهاتووی سیاسی و بزووتنەوەی نەتەوەی گەلی کورد نەکرێت و هەموولایەک شانازی بەو ڕێبەر و تێکۆشەرانەی کوردەوە بکەن کە هەوڵی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیان کردۆتە جەوهەری ڕێچکەی نوێی خەبات. ڕاستە زۆربەی زۆری هێزە سیاسی و نیشتیمانیەکانی کوردستان لە بەرنامەی سیاسییاندا، پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان گونجاندەوە و بەو پێیەبێت، دەبێ هەوڵی لە پێناودا بدرێت. بەڵام " شوعار" ئەگەر کردار و هەڵوێستی سیاسی لە پشت نەبێت و کولتوری نەتەوەی لە سەر بنەمای جیهان بینی و تێڕوانینی نوێ زەمینەی بۆ نەرەخسابێ و هەر وەک جاری جاران لە سەر ئەساسی مێتۆدی سونەتی و بنەماڵەی و خێلایەتی سەیری داهاتووی سیاسی کوردستان بکرێ و، بەرویەکەیتریشدا بەهۆی بەستراوەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی بەرەو ئەو ڕۆشنبیریە دەچێن کە دەمێکە زیان بە خەباتی ڕەوای گەلی کورد دەگەیەنێت و، خاڵ و برگەی پەیوەندیدار تەنیا وەک مەرەکەبی سەرکاغەز دەمێنەوە و هیچ خێرێک بە ماڵی خۆی ناگەیەنێت. زۆر جار جیاوازی خوێندنەوە و تێڕوانینی سیاسی و نەتەوەی لە کوردستان گەورەترین کێشەیان لە بەردەمی پرسە ئەساسی و جەوهەریەکانی خەباتی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان دروست کردوە و خۆبەزلزانی و براگەورەی بەئێستایشەوە دژوارترین و ڕەقترین کۆسپن لە بەردەمی یەکدەنگی و هەڵوێستی سیاسی و نیشتیمانی گەلی کورد لە هەرچوار بەشی کوردستاندا." چڵێسی دەسەڵات و بەرژەوەندی ئابووری" وەک ژەهرێک خەریکە بەنێو جووڵانەوەی سیاسی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە و ژمارەیەک مرۆڤی سیاسی و بەڕابردووی شۆڕش لە ئێستادا هەوڵدەدەن لە سەرحیسابی ژیان و گۆزەرانی خەڵک و شۆرش خۆیان بەهێزبکەن و دەسکەوتی هێڵەگشتیەکانی خەباتی سیاسی و نەتەوەی لە پێشچاودا بزرکردوون و لە جیاتی خەیاڵ و بیریان لەلای سەربەخۆی کوردستان بێت، چاویان بڕیوەتە بەدەست خستنی کۆمەڵێک دەسکەوتی ماددی. بەلای زۆربەی سیاسی و

ڕۆشنبیرانی کوردستانەوە شتێکی شیاوە کە لە سەر مەسەلە ئەساسی و بنەڕەتیەکانی خەباتی هاوبەشی سیاسی و دیپلۆماسی کورد، بە بیرو ڕای جیاواز کە ڕەنگدانەوەی فرەڕەنگی فیکر و هزری هەر لایەنێک و تاکێکی کۆمەڵگای کوردستانە، هەبوونی هەبێت و گەشەی دێمۆکراتیکی پێبدرێت.

بەمەرجێک ئەو جیاوازیانە بەورادەیەنەبێت کە بە دژی یەکتری هەڵوێستی ناشیاو و زیان بەخسش بگیرێتەبەر. کورد یەک نەتەوەیە و کێشەیەکی لە مێژینە و مێژووی دێرینی لە گەڵ ئەو وڵاتانەدا هەیە کە خاکی کوردستانیان بە بێڕەزامەندی کورد بەسەرخۆیاندا دابەشکردوە. دیارە ڕووداوی هاوشێوە لە زۆر شوێنی دونیادا ڕوویانداوە و نەتەوەیەک بەهۆی هێز و باڵادەستی زۆڵمی لە بەرانبەرەکەی کردوە و هەوڵیدوە بابەتە ئەساسی و نەتەوەیەکانی بسرێتەوە، دەوڵەتی تورک و فارس و عەرەب لەو پیلانەیاندا سەرنەکەوتن و نەیانتوانی پێش بەرەوڕەوەی مێژووی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی سیاسی و نیشتیمانی گەلی کورد لە وڵاتەکانیاندا بگرن. بەڵام مەسەلە ئەساسی و جەوهەرییەکە ئەوەیە کە بەداخەوە کورد "خۆی بەشێکی ئەو خۆ بەدەستەوەدانە بووە" و وەک پێویست هەوڵی ڕزگاریخۆیان نەداوە. مێژووی کورد ڕاستی ئەو دید و بیرکردنەوەیەمان بۆ دەسەلمێنن، بەڵام ئێستا دەبێت دەرس و ئەزموونی باش لە هۆکاری شکەست و پاشەکشەکردنی خەباتی ئازادیخوازی وەربگرین و ئەو ڕووداوە تاڵ و زیانبەخشانە نەهێلێن دووبارە بنەوە و هێزو لایەنەکانی کوردستان هەوڵبدەن ئاستی هاوکاری و پەیوەندیەکانیان بە باشی ڕێکبخەنەوە و چیتر بەدژی یەک سەنگەر نەگرن. گەلی کورد دەبێت بەدژی ئەو دوژمنە هاوبەشانەیان خۆی بەهێزبکا و لە سەنگەرێکدا خەبات بکات کە هەموو کارەساتێکی بەسەردا هێناوین و وەک دوژمنی "خاک و خوێن" مامەلەیان لەگەڵدا بکەین و ئەو وڵاتانە هەرگیزنابنە دۆست و هاوپەیمانی ڕاستەقینەی کورد وخەباتەکەی. شۆڕشەکانی کوردستان کە بەشێکیان داوای سەربەخۆی سیاسی و نەتەوەی گەلی کوردیان دەکرد لە کوردستاندا، بەداخەوە هەرخۆیان هۆکاری بەشێکی خۆبەدەستەوەدان و شکەست هێنان بوونە و" ئەگەر ئەو دەرفەتە نوێیە لە کیس کورد بچێت، دەبێت نزیک بە نێوسەدە تێکۆشان بکرێت هەتا بارودۆخێکی ئەو تۆی زێرین بێتەوە پێشەوە کە تێیدا داوارەوەکانمان بەرزبکەینەوە". کەچی خەریکن بەهەموویان لە دەستی خۆیانی دەردێن ولە جیاتی بیرکردنەوە لە ڕەخساندنی بیری دەوڵەت سازی و حوکمڕانی سەربەخۆ، هەرلایەک خۆی بەدوژمنێکەوە گرێداوە و بۆتە دۆستی. بەداخەوە ئەو ڕێچکە فیکریە تاڕادەیەک لە نێو کوردا بوونی هەیە و ئەوەتا دەبینین لە کورستان کە هێزە تێکۆشەرەکانی خۆیان بە نوێنەری ئیرادەی سیاسی و نەتەوەی گەل دەزانن، چەندە ناکۆک و دژبەیەک دەجووڵێنەوە و لە خۆوە، ئیرەی سیاسی بەیەکتری دەبن و هەتا پرسی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانیش خەریکە فیدای ئەو ململانەیە دەکرێ لە کوردستان و لەو بارەوە وەک پێویست کۆدەنگی سیاسی سەبارەت بەو پرسە گرینگ و هەستیارە بەدی ناکرێت. کورد لەو ئاستەدایە کە بتوانێت لە هەموو ڕوویەکەوە وڵاتی خۆی ئیدارەبکات و ئەزموونێکی باش و سەرکەوتووی حوکمرانی پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات و ئەزموونی بەڕێوەبردنی "باشور"ی کوردستان نموونەیەکی دیار و بژاردەیەکی زۆر سەرکەوتوویە. سەرەڕای کەموکورتیەکانی حوکمڕانی، بەڵام هەموو تاکێکی کوردستان بەشانازییەوە سەیری ئاکام و گەشەکردنەکانی ئیدارەدانی ئازاد و دێمۆکراتیک لە هەرێمی

کوردستان دەکا و بەتاسەوە دەبێت بڵێین کەمیشنین ئەوانەی پێچەوانەی ئەو فیکرە بیردەکەنەوە.

بەڵام لە هەمووی ئەوانە دیارتر و هەستیارتر ئەوەیە کە کورد و هێزەسیاسیەکانی دەتوانن لە ئەزموونی خۆ بەڕێوەبردندا زۆر بەچاکی سەربکەون، بەمەرجێک کۆدەنگی و هەمەڕەنگی لە پشتبێت و ڕۆڵەکانی کورد نەیاری ئەرکەکانی خۆیان نەوەستنەوە و زۆر بە بەرچاو ڕوونی بەشداری پرۆسەی حکوومەتداری بکرێت و چاومان لە ئاستی هەڵە و کەموکرتیەکاندا نەنووقێنین و بە دڵسۆزیەوە دەست نیشانی لاوازیەکان بکەین.

٣١ی جوولای ٢٠١٦

تاران و ئانکارا و ولاتە پاشکۆکانیان، هاوڕان بۆ دژایەتی کردنی کورد!

ئۆردۆغان و حکوومەتەکەی بۆ پەراوێزخستنی پرسی سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد ئامادەیە لە گەڵ نەیارترین دوژمن و ڕەکەبەریخۆیان لە ناوچەکەدا دەست تێکەڵ بکەنەوە و پاش کڕنۆش بردنی لە بەردەم "کریملین" دا لەدەمێشقێش دەستی" ئەسەد"یان ماچکرد و بۆ نەزاو پاڕانەوەیان، رووبان لە کاربەدەستانی تیرۆریستی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کردوە، هەتا بەدژی کوردی ڕۆژئاوا پشتگیرییان لێبکرێ و حکوومەتی سوریان بەگژدابکات. هەرلەو پەیوەندیەشدا "عەبادی" ش پاش هێرشەسەربازییەکەی حکوومەتی سوریە بۆ سەر حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، ڕایگەیاندوە کە دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە شوێنەکانی پێش هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئێراق. رووداوەکانی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو ئاماژەن بە سیاسەتە چوار قۆڵیەکانی ئەو چوار وڵاتەی کە کێشەی کوردیان تێداهەیە و بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. پێش روخاندنی ڕێژیمی سەدام لە ئێراق، کۆبوونەوەی چوار قۆڵی هەر جارە و لە وڵاتێکدا بەڕێوە دەچوو و، ئامانجیش لەو دیدار و کۆبوونەوانە، دژایەتی گەلی کوردبووە. دیارە ئەو پیلانە ترسناکە بەهێواشی خەریکە لە نێوان ئەو وڵاتانەدا گەشە دەستێنێ و" هەتا دوێنی حکوومەتی تورکیە هەوڵی لادانی ئەسەدیان لە پۆستەکەیدەدا، بەڵام ئێستا بە مەبەستی دیاریکراویان لایەنگری مانەوەی دەکەن". بەداخەوە کورد و سەرکردایەتی سیاسی هەر چوار بەشی کوردستان لە جیاتی هاوکاری و یارمەتیدانی یەکدی، هەریەک و بەجۆرێک خۆی بە نەیاری ئەوی تریان دەزانێ و زۆر ساویلکە و هەرزەکارانە، یەکیان پارێزگاری لە سیاسەتی تاران و ئەوەیتریان لە ئانکارا و بەغدا دەکات. بەڵام با بۆ جارێکی دیکەش ئەوەی بخەمەوە بەرچاوی تێکۆشەرانی ڕێگایڕزگاری گەلی کورد کە "دوژمنی خاک و خوێن و نەتەوەی، هەرگیز نابێتە دۆست و هاوپەیمانی خەڵکی کوردستان" کەوابوو دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەریەکەو بەجۆرێک وێرای پشت گوێ خستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووری و بازرگانیەکانیان، لە گەڵ یەکدیدا ئامادەی سازشن بۆ دژایەتی و لە نێوبردنی پرۆسەی سیاسی کورد. دیارە چاوەڕواننناکرێت ئەو جار سیاسەت و پیلانە سێبەر و چوار قۆڵیەکان بەدژی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەوەندە کاریگەری لەسەر سیاسەتی نێونەتەوەی و زلهێزەکانی دونیا هەبێت. تورکیە ئێستا لە قۆناخی پەراوێزخستندایە و لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە قورسای خۆی لە دەستداوە و ئێرانیش جێگای باوەڕ و متمانەی سیاسی و دیپلۆماسی نیە و سوریە و ئێراقیش گەیونەتە لێواری دابەشبوون و پارچەبوونی سیاسی و نەتەوەی و جوگرافی. کورد لە ئێستادا وەک هێزێکی دێمۆکرات و دژی تیرۆر و داعش لە ئاستی گێتیدا ناوبانگی دەرکردوە و بارودۆخی سیاسی و ئەمنی کوردستان، زلهێزەکان دەپپارێزن و بۆجارێکی دیکە دەمێشق و بەغدا ناتوانن حوکمی هەوڵێر و قامیشلۆ بکەنەوە، هەر ئەوەش حکوومەتی تورکیەی ئەوەندە سەخڵەتکردوە کە هەوڵبدات سەر بە هەموو کونێکدا بکات هەتا لایەک بەگژکوردی ڕۆژئاوادا بکا و، بۆ ئەو مەبەستەش هەر ئەسەد شک دەبات. دیارە ئەو سیاسەتەی تورکیە کاتێک دەستپێکردوە کە

دڵنیابوون لە لاوازی داعش لە بەرانبەر پێشڕەویەکانی کوردی ڕۆژئاوادا. لەو ماوەیەدا وێککەوتنێکی میدیای لە نێوان هێزە کوردیەکانی بەشەکانی کوردستاندا ڕوویدا و هەرلایەک هەوڵیدەدا پشتیوانی لە سیاسەتی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە پاساوی بێبنەما بکا و بەوجۆرە زیان بە میژوو و خەباتی هاوبەشی نەتەوەی کورد بگەیەنرێت. ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەرخۆیاندا دابەشکردوە، هیچیان لەوەیدیکەیان بۆکورد باشتری نەکردەوە و وەک یەک و بە گوێرەی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، سیاسەتی لە نێوبردن و قەڵاچوکردنیان بەڕێوەبردوە و هەموو ڕێگاکانی جینۆسایدو و قڕکدنیان ئەنجامداوە. سەیربکەن، کاربەدەستانی تورکیە بەئاشکرای دیفاع لە ئەسەد و حکوومەتەکەی دەکەن، بۆچی؟ بە دڵنیایەوە تەنیا لە بەر دژایەتی و پەراوێزخستنی مەسەلەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندایە، ئەگینا ئانکارا و دەمێشق خاڵی دژبەیەک و دوژمنایەتیان یەکجار زۆرن، بەڵام بۆ دژایەتی کورد، هەموویان بەلاوەناون و هەوڵدەدەن پیلانی هاوبەش دژی پێشڕەویەکانی گەلی کورد لە ڕۆژئاوا دەدەڕێژن. پێویستە هێزە سیاسی و وڵات پارێزەکانی کوردستان چاو بەئاستی پەیوەندیەکانیاندا بگێڕن و سیاسەت و هەڵوێستەکانیان زیاتر یەکبخەن و بەهاوبەشی دژی پیلانگێڕیەکانی وڵاتانی دەروبەر تێبکۆشن و ناکۆکیە نێوخۆیەکان بەلاوەبنرێن لە پێناوی ئامانجی گەورەی سیاسی و نیشتیمانیدا. دەبینین بۆدژایەتیکردنی پرسی سیاسی کورد ئانکارا و دەمێشق و تاران و بەغدا لە ژێرەوە خەریکی بنکۆڵکردنی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی ناوچەکەن لە برژەوەندیخۆیاندا و ئەگەر بۆیان بکرێ، هێزە کوردیەکانیش بەگژیەکدا دەکەنەوە. گەلی کورد بەگشتی یەکڕیزی و کۆدەنگی دەوێت و کەس پشتگیری سیاسەتی ناکۆکی و هەڵاواردنی نێومانی کوردی ناوێ و پەسەندناکات.

٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٦

دکتۆر سەعید شەرەفکەندی ڕێبەرێکی بوێر و خاوەن بڕیار و هەڵوێست لە رووبوو!

ئەمساڵ ٢٤ ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی دکتۆرسەعید شەرەفکەندی و هاوڕییانیدا کە، بەدەستی پیاوکوژانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران شەهیدکران لە بەرلێنی ئەڵمان تێدەپەڕێت. هەرچەندە ئەوکردەوەیە وەک هی ئوتریش سەرانی ڕێژیمی ئێران لێیدەرنەچوون و بڕیاریان لەسەردرا کە کاربەدەستانی بەرزی حکوومەتی ئاخوندی ئەو کردەوەیان بە دژی سکرتێری گشتی حدکا ئەنجامداوە. بەهۆی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە و بڕیاردانی بەشی قەزایی وڵاتی ئاڵمان و ئاکامی لێکۆڵینەوەکان ئەوەبوو کە گەورە بەرپرسانی سیاسی ئێران وەک بکەر و بڕیاردەر لە پشتی گەلاڵەی تیرۆرکردنکە بناسێنن و هەربەوشێوەیەش حوکمیان بەسەردادرا.

دکتۆر سەعید شەرەفکەندی ڕێبەرێکی بوێر و خاوەن بڕیار و هەڵوێست لە رووبوو، لە کاتی دیالۆگ و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندندا، بەشەرمێونیەوە بەشداری بابەت و پرسە سیاسی و تەشکیلاتی و مێژوویەکانی جوولانەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردی نەکردەوە. مرۆڤێکی هەتا بڵێێ تێکۆشەر و خونەویست و دڵسۆزی حیزب و خەباتی ڕەوای گەلەکەیبوو و هەرگیز لە پێناوی خوانێکدا، پشتی لە ئامانجە سیاسیەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێری خەڵکی کوردستان نەکرد. مرۆڤێکی دڵ گەورە و داوێن پاک و بەئەخلاقبوو، سیمای دێمۆکرات و تایبەت مەندییەکانی کادرێکی باشی حیزبی لە سیفەتە بەرزەکانی بوون. شەرەفکەندی نموونەی شۆڕشگێرێکی سیاسی و تێکۆشەری کوردبوو، هەرگیز لە ئاستی خواست و مافەڕەواکانی گەلەکەیدا لایەنی کەمترخەمی و پشوودانی هەڵنەبژارد و وەک خەباتگێرێکی بەوەفای بزووتنەوەی سیاسی کورد ڕۆڵی گەورە و کاریگەری لە سەر خەباتی نوێی حیزبی دێمۆکرات لە پێناوی گەیشتنی گەلی کورد بەمافە سیاسی و نەتەوایەتیەکانیدا هەبوو. کەسایەتیەکی گەلێک بەهێز و دێمۆکراتیکی هەبوو و بۆ ساتێکیش پشتی لە شۆڕشی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان نەکردوە و کاتێک شەپۆلەبەربلاوەکانی کەملوتفی "نەتەوە" ی ڕووی لە کوردستانکردبوو و، بەشێکی زۆر لە لاوانی کورد بەدوایدا دەچوون، شەرەفکەندی زۆر بەورە و ئیرادەی سیاسی و میللی دێمۆکراتیکیەوە کە هەیبوو، بە ڕێگای بڵاوکردنەوەی وتار و بابەتی نەتەوەی دژی ئەو تۆڕمە مەترسیدارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستایەوە. ئەوەش لە کاتێکدابوو کە لەوکاتەدا زۆر ئاسانبوو کە هەموو مرۆڤێک خۆی لە قەرەی ئەو جۆرە هەڵسەنگاندن و مەسەلانەبدات. کەش و هەوای سیاسی ئەوسای کوردستان پێویستی بە وجودی شەرەفکەندی هەبوو، شوێنی بەرچاوی لەسەر ڕوونکردنەوە و تێگەیاندنی بەشێکی زۆری لاوانی ئەو سەردەمەهەبوو کە کەوتبوونە ژێرکاریگەری شوعارو دروشمی ناواقعیەوە. دیارە هەستی وڵاتپارێزی و نەتەوەی دکتۆر سەعید ئەوەندە بەرز و بەهێزبوو کە زۆر جەسوورانە و لەرووداو، هەڵوێستیخۆی لەسەر بابەت و خاڵەهەستارەکان دەردەبڕی. شەرەفکەندی ئەو ڕێبەرە بوێر و تێکۆشەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە بۆکاروباری سیاسی و

تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی میکانیزم و پێوەری کارکردنی تایبەتیخۆیبوو و لەهەموو قۆناخە سیاسی و میژوویەکاندا پەیڕەوی لە چەمکەفیکریەکانی دکتۆرقاسملوو دەکرد و هەرگیزبە پێچەوانەی بنەماکانی دێمۆکراسی و ئیدارەدانی گشتگیر بڕیاری نەداوە.

شەڕەفکەندی لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی رووداوە سیاسی و میژوویەکاندا گەلێک شارەزاو سەرڕاستبوو، کاتێک" ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ۹ی حیزب ئامادەکردبوو" زۆر بەژیری و وردبینیەوە هەلومەرجی چەندجەمسەری و شکڵگرتنی حکوومەتی دێمۆکراتیکی دیکەی لە ئاستی جیهاندا ئاماژەپێکردبوون وەک پێشبینی سیاسی خۆی. هەتا باسی لە گەشەکردنی هەستی نەتەوەی لەسەر بنەمای میژووی و نەتەوەی گەلانی تری گێتی کردبوو.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

ململانەی سیاسی لە نێوان هێزە کوردییەکاندا بۆچی!

ململانەی سیاسی لەسەر شێوەی بااڵدەستی و فراوانخوازی نێوان هێزە تێکۆشەرەکانی کورد بەدڵنیایەوە لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکدانیە و، خەریکە زیان بەدەسکەوتەکانی حوکمڕانی و ئیدارەکردنی کوردستان دەگەیەنێت و هەتا مەترسی لەسەر ستراتیژی خەباتی هاوبەشی نەتەوەی دروستکردوە و هێڵەگشتییەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد زۆری نەماوە بکەوێتە ژێر ئایدئۆلۆژیایەک کە هاوکاری و کۆدەنگی نیشتیمانی لێک دووردەخاتەوە. گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی، هەڵگری هەر جۆرە پەیام و بیرکردنەوەکی سیاسی و نەتەوەیبن، مەحکوومەن بەیارمەتی و پشتگیریکردن لە یەکدی. سەردانی ڕێزدار "سەالحەدین دەمیرتاش" بۆ هەرێمی کوردستان و دیدار و چاوپێکەوتنی لە گەڵ گەورە بەرپرسانی سیاسی و حکوومەتی لە باشوور، بەدڵنیایەوە جەختکردنەوەیە لەسەر هێڵە گشتیەکانی خەباتی هاوبەشی نەتەوەی لەهەرچواربەشی کوردستاندا. خەڵکی کوردستان دەبێت ئەو ڕاستیەی لەالروون بێت کە لە ئێستادا مەترسی زۆری لەسەرەو ئەگەر بە وشیارییەوە بارودۆخی سیاسی ناوچە و پیالنی هاوبەشی دوژمنانی کورد تێنەگەیشتبین و لە دەوری یەکدیدا کۆنەبینەوە، هەموو الیەک بەشیخۆی بەرپرسیارەتی دەکەوێتەسەرشان، لە کاتی لە دەستدانی دەرفەتی سیاسی و مێژووییەی کەبۆ کورد هاتۆتە ئاراوە لە ئاستی ناوچەکەدا. کورد ئەگەربێت و لە نێوخۆیدا کۆک و یەکگرتووبێ، دۆست و هاوپەیمانی کاریگەرتر دۆستایەتی لەگەڵ دەکات و، بایخی زیاتر بە مەسەلەی کورد دەدرێت، چوونکی نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەی بێ وڵاتی ناوچەکەیە و لە بواری سیاسی و مێژووی و جوگرافیاویدا، کوردستان گرینگی و قورسای خۆی هەیە.

قەیران و ئاڵۆزییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەاڵتی نێوەراست کە هۆی سیاسی و مێژووی و نەتەوایەتی هەیە، خەریکە بەشێکیان توشی دابەشبوون دێن کە کورد بەدڵنیایەوە میحوەرێکی گەورەی پرسەکەیە و ئەگەر ئەزموونی ڕابردوو بەسەرخۆیدا دووبارەنەکاتەوە، ئەوجار دەتوانێت مافی خۆی بەتەواوی وەربگرێ. بەداخەوە بە هۆی کێشە و پرسە پچووکەکانی وەک دەسەاڵت ودەسەاڵتخوازی لە کوردستاندا، هەر بەدرێژای مێژوو زیانی بە خەباتی ڕەوای کورد گەیاندووە هەمیشە توشی لێک ترازان و دژایەتی یەکدی کردوونەتەوە. ئەگەر بێت و کورد بە یەکگرتووی درێژە بەخەباتی سیاسی و دیپلۆماسی بدات، ساناتر دەتوانێ بەئامانجەکانییگات. ئەمڕۆ کولتوریکی زۆر هەڵە و ناروون بەسەر کەش و هەوای سیاسی کوردستاندا زاڵبووە و هێزەکوردییەکان و هەتا ڕۆشنبیرانی کوردیش، لە لێدان و کەمڕەنگ کردنەوەی قورسای سیاسی کەسایەتیەکاندا بێ تەسیرنین و، لە ئێستادا زۆرێک لە هێزەکان و تاکی کوردی بۆ ناشیرین کردن و ناوزراندنی سەرکردەکانیخۆی کاردەکات. بەشێک هەن بەتەواوی کەوتوونەتە دژایەتی ویالیەتی سیاسی و خەباتی نەتەوەی ڕێزدار"مسعوود بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە دیوەکەی تریشدا بەشێک کارلەسەر ئەوەی دەکەن "پەکەکە" بە ڕیکخراوێکی تێکدەر و تیرۆریست بناسێنن.

دیارە هەردووک پێوانەکە نادروست و جێگای خۆیدانیە. بارزانی هەوڵدەدات بۆ ئەوەی پاش ڕەخساندنی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نێوخۆی، بڕیار لەسەر شێوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد بدرێت کە خەونی هەموو تاکێکی کوردە و پەکەکە ش وەک زۆر لە تورکە ڕەگەزپەرستەکانی ئەو وڵاتە و پاشماوەکانیان لە کوردستان لەسەر پەکەکە باسی دەکەن باسێکی بەتەواوی هەڵە و پووچە و ئەو هێزە کوردییە میلیۆنان لە خەڵکی باکور پشتگیری لێدەکەن و وەک هێزێکی تیکۆشەری کوردی سەیر دەکرێت.

کوردستان جێگاو شوێنی هەموو کوردێکە، بەهەر بیروباوەڕ و فیکرێکی سیاسی کەهەیەتی، خەڵکی بەشەکانی تری کوردستان لەئێستادا ئەزموونی باشووری کوردستان و حوکمڕانیەکەی بە هی خۆیان دەزانن و ئەگەر مەترسی بکەوێتە سەر ئەو بەشەی کوردستان، هەر تاکێکی کوردستان ئامادەیە بەدژی دوژمنانی، بەخوێن بەرگری لێبکات. کاتێک داعش پەلاماری بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد، هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لە سەنگەرێکدا کۆبوونەوە و بۆ پاراستنی کوردستان و حکوومەتی هەرێم.

دیارە جیاوازی بیروباوەڕ و خوێندنەوەی سیاسی سەبارەت بەروودواوەکان بابەتێکی بەتەواوی سروشتی و ئاسایە، بەمەرجێک زیان بەدەسکەوت و بەرژەوەندیە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد نەگەیەنێت.

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

بابەتەکانی ساڵی..... ٢٠١٧

بەداخەوە کورد لە دوژمنەکانی زیاتر نەیاری خۆیەتی!

ئەرکی سەرشانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا و هێزە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرەکانی کوردستانە کە بەگشتی ڕێز بۆ ئیرادەی سیاسی و حوکمڕانی گەلی کورد لە "باشوور" دابنێن و هۆکاری کێشە و ناسەقامگیری نەبین و هەتا ئەو جێگای بکرێ،

بەهەموولایەک هەوڵی سەرخستن و بەئاکام گەیاندنی ئەو ئەزموونە گرینگ و فراوانە سیاسی و نیشتیمانییەی ئەو بەشەی کوردستان بدرێت. ئەگەر بێت و لەسەر ئەرزی واقیع بەهانە بدەینە دەستی داگیرکەرانی کوردستان، کە بەکردەوە بێن و بەنهێنی وەک پیشەی هەمیشەیان، لە زیانپێگەیاندنی نەتەوەی کورد لە هیچ شتێک سڵیان نەکردۆتەوە و سلێش ناکەنەوە. بائەوەشمان لەبیرنەچێت کە دوژمنی خوێن و خاک هەرگیز نابێتە دۆست و هاوپەیمانی کوردو، ئەگەر بۆماوەیەکیش خۆیان واپێشانبدەن کە ئامادەی یارمەتی و هاوکرین بۆ کورد، بەدڵنیایەوە نەک بەدڵەوەیان نیە، بەڵکوو لە فیکری ئەوەیدان کە چۆن ڕووداوەنەخوازراوەکانی ڕابردوو بەسەر کورد دا دووبارەبکەنەوە و کورد لە کوردستان، بەدژی یەک سەنگەر بگرێتەوە. شەری خۆکوژی بەداخەوە دەبێت بەڵێین بوویە بە بەشێک لە کولتوری زۆربەی جووڵانەوە سیاسی و شۆڕشگێڕیەکانی گەلی کورد و لە لوتکەی سەرکەوتندا، بەهۆی ناکۆکییە نێوخۆیەکانی تووشی شکەستبووە و، زۆربەبەشیان بە پیلان گێڕی نەیارانی کوردبووە. ئەو کاتەی کە دەسکەوتەکانی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی بەرچاو و گەورەدەبن، بەداخەوە مێژوو زۆربەی کات دووبارە و چەند بارەبۆتەوە و بە هۆی شەڕی کورد لە گەڵ کورد یان بەواتایەکی تر بلێن" براکوژی" یەوە دەسکەوتە بەدەست هاتووەکان کەبەرهەمی خوێن و فرمێکی چەندین ساڵەی ڕۆڵە بەوەجەکانی گەلی کوردە، بەهەدەربچێت. کورد ئەو ئامادەیەی تێدایە کە بۆ کێشە نێوخۆیەکانی پشت بە دوژمنی خوێن و خاک و وڵاتی خۆی ببەستێت، کەچی ئامادە نیە لە گەڵ خۆیاندا بە تەبای و برایانە و بەڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆی کراوەدا چارەسەری ناکۆکیەکان لە گەڵ یەکدیدا بکەن. ڕووداوەکانی شەنگالیش بەدڵنیایەوە بەدەرنین لەو کردە سیاسی و مێژوویییەی نێو جووڵانەوەی سیاسی کورد. شەڕی براکوژی و سیاسەتی یەکتری شکاندن و قبوونەکردنی هاوسەنگی لایەنەکان و خۆبەگەورەزانین، هۆکاری بنەڕەتی سەرنەکەتن و تێکچوونی زۆربەی ڕاپەرین و شۆڕشی نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کوردستان وێنادەکرێت. خەریکە ئەو

بووختانەی کە داگیرکەرانی بەشەکانی کوردستان بەڕێبەر و شۆڕشەکانیان کردەوە لە رابردوو و ئێستاشدا، کە زۆر جاران لێرە و لەوێ لە زمان دومنانی کوردەوە ئەوە گووتراوە کە" کوا کورد توانای خۆبەڕێوەبەری و دەوڵەتداری هەیە و تەنانەت ئەو مەبەستە گونجاویش نین" بەکردەوە و هەڵسوکەوتەکانمان لە گەڵ یەکدیدا ناوەرۆکی بووختانی دوژمن بەدیدێنین. کاتێک سەیری مێژووی کورد دەکرێ، رووداوی ئەوتۆتاڵوناخۆشی تێدایە کە مرۆڤ بە خوێندنەوە و بیستنیان لەخۆی زویردەبێت کە بۆچی ئێمەی کورد بەوجۆرە ژیابین و ئەزموون لە ڕابردوو وەرنەگرین. جیاوازی سەلیقە و ڕەنگاوڕەنگی سیاسی و ڕێکخراوەی یەکێکە لە مەفهومە گرینگەکانی دێمۆکراسی و کۆمەڵگای پێشکەتوو، کاتێکیش لایەنێک بیهەوێت سنووری ئازادی ڕادەربڕین ببەزێنێ وبۆ بەرژەوەندیخۆی کەڵک لە چەمک و کرداری سیاسی و کۆمەڵایەتی وەربگرێ، بەدڵنیایەوە تایبەت مەندییەکانی دێمۆکراسی ڕەچاونەکردوە. هێزە تێکۆشەرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێت هاوکاری و پاڵەپشتی سەرخستن و بەرەوپێشبردنی ئەزموونی حومکرانی لە هەرێمی کوردستاندا بن. وشەی نەتەوەیی بوون و کوردستانی بیرکردنەوە هەر ئەوە نیە کە حیزبەکانی بەشەکانیتری کوردستان هەوڵی سەپاندنی هەژموونیان بەسەر "باشووری" کوردستاندا بدەن یان رووتر بڵێین چەند هێزێکی سیاسی خۆیان بەبراگەورەی ڕێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بزانن و هەوڵی خۆزاڵکردن بدەن. دەکرێ لەکاتی تەنگانێ و پێویستدا وەک پێشمەرگەی کوردستان، بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی حکوومەتی هەرێم تێبکۆشین، بەڵام شتێکی شیاونیە لەسەر ئەو ئەساسە داوای گەورەترمان هەبێت و دەست بەخەینە نێوکاروباریانەوە و ئاواتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بەدی بێت. کاتێک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ناوچەسنووریەکانی بەرەوقووڵای خاکی کوردستان چۆڵکردن، زۆر گروپ و هێزی سیاسی پێیانوابوو، ئەو حیزبە توانەی شێوەکانی خەباتی نەماوە و بڵاو بەسۆڕشکرد. بەڵام لە کۆتاییدا هەموولایەک لەو ڕاستیە گەیشتن کە حیزب بۆچی دەست بەرداری خەباتی سیاسی و چەکداری لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە. بەڵام ئێستا دەستی بە تێکۆشانی خۆی کردۆتەوە لە ژێر دروشمی"ڕاسان" دا لە ناوچەسنووریەکانەوە و ئەگەر ڕۆژێک بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی باشوور بخوازێ، بەدڵنیایەوە ئەو تێکۆشانە پێیدەنێتە قۆناخێکیتر کە کورد تێیدا زیانی پێنەگات. گەلی کورد بەگشتی و هێزە سیاسیەکانی بەتایبەتی دەبێت بەو نەتیجەیە گەیشتبن کە کۆتایی هەموو ئاڵۆزی و بارگرژییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڕێگای دیالۆگ و دانیشتن و لێک تێگەیشتندا چارەسەردەکرێ.

دکتۆر قاسملوو هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە "گەلی کورد شەڕ بۆ شەر ناکات، بەڵکوو شەڕ لە پێناوی ئاشتیدا دەکات" واتە ئەگەر شەریش رووبدات، کۆتایەکی هەر دەبێتە ئاشتی. هەربۆیە نابێت شەری براکۆژی بۆجارێکیتر بەردەرگای ماڵی گەورەی کورد بگرێ و هەموومان دەبێت نەفرەتی لێبکەین و بە سەرکردە و ڕێبەرانمان بڵێین نابۆ شەڕی براکۆژی.

٧ی مارچی ٢٠١٧

بایکۆتی، هەڵبژاردن و پۆستە جادوویەکانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران بکرێ!

ئەو هەڵبژاردنانەی سەرۆککۆماری و پارلمانی کە لە ئێراندا بەڕێوەچوون و دەچن، سەرەڕایی قەولوبەڵێنی و شوعاری بێکرداری بەربژێرەکان، کە لە گەرمەی کاری دەورەیی هەڵبژاردنەکاندا بە لایەنگران و گەلانی وڵاتەکەیاندااوە، شتێکی ئەوتۆی لێ سەوزنەبووە و هەرگیز ئاوات و ئارەزوەکانی بەجێنەگەیاندوون و، هەتا ئەوجاریش خەڵک بەجۆش و خرۆشەوە بەرەوپیری سندووقەکانی دەنگدان بڕۆن و دەنگ بەنوێنەری دڵخوازیان بدەن. ئەو ژمارەییەی کە بۆ پۆستی سەرۆککۆماری دەست نیشانکراون، کەسانێکن کە بەتەواوی باوەڕیان بە ئەسڵەکانی ولایەتی فەقیە و، جارێ لە وڵاتێکدا کە ئازادی سیاسی و فرەیی سیاسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەک بنەما و مەرجەکانی حکوومەتێکی دێمۆکراتیک نەبێ و، جیابیران و تێکۆشەرانی وڵات کە داوایی باشترکردنی ژیان و گۆزەرانی خەڵکی ئێران دەکەن، بگیرێن و پاش ئازارو ئەشکەنجەدانی زۆریان، ژمارەیەکی بەرچاویان لە ئیعدام بکرێن بەتاوانی جیاوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینی فراوانیان بۆ ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران. چۆن دەگونجێت ئەو شێوە هەڵبژاردنە وەک وەسیلەی دەستاودەستی دەسەڵات و جێگرکردنی دێمۆکراسی و بەختەوەری کۆمەڵگای ئێران سەیربکرێت. بەدڵنیایەوە بەبێ دێمۆکراسی سیاسی و کۆمەڵایەتی حوکمڕانی شیاو هەرگیز لە ئێراندا جێناکەوێت و، پێویستە هەموولایەک زۆر بەوشیاری هەڵسەنگاندنی بارودۆخی وڵات بکەن. حکوومەتی ئاخوندی هەر لە سەرەتایی دەسەڵاتداریەوە، ئێرانی فرەنەتەوەیی کردۆتە دۆزەخێک بۆ ژیانی ئەو مرۆڤانەی، بەپێچەوانەی ئەوان لێکدانەوەی کەش و هەوای سیاسی ئێران دەکەن. لەوەها زروفێکدا بەشداری خەڵک و دەنگدان بە پۆستە "جادوویەکانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران"، جگە لە خۆخەڵەتاندن و هەڵوێستی ناروون شتێکیتر نیە. ئاکامی کۆتایی هەموو هەڵبژاردنەکانی ئێران کە بەدرێژایی مێژووی سیاسی بەڕێوەچوونە، نەتیجەکەی یەک شتیدیاریکراوە، ئەویش ئەو کاندیدە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت کە بەتەواوی باوەڕی بە پێک هاتەو و بیرو هزری شۆڤێنیستی فەلسەفەی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لەبەرانبەر فرەنەتەوەیی بوونی ئێراندا هەبێت. کەوابوو لێرەدا نەتیجە وەردەگرین و بەروونی نادێمۆکراتیک بوون و ناتەندروستی شانۆی هەڵبژاردنەکانمان بۆ دەردەکەوێت. گەلانی ئێران و لە نێویشیاندا بزووتنەوەیی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەوجار بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی جیاوازترەوە بابەتی هەڵبژاردنیان دێراسەدەکەن و ئەگەر خەڵکانێک لە کوردستان بڕۆنەسەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگبدەن، بێگومان پەسندی هەموو سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئاخوندیانکردوە و، لەو ڕێگایەوە شەرحیەت بە دەسەڵاتێک دەدرێت کە بەنامەشروعی هەر لە سەرەتاوە لە دایکبووە و هەموو جوومگەکانی حوکمڕانی وڵات بەدەستی تاقمێک ئاخوندی کۆنەپەرست و دژی ئازادی و بەرانبەری کۆمەڵایەتی پاوانکراوە. هەڵوێستی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی کوردستانیش بەرئەنجامی لێکدانەوە و بیرکردنەوەیەکی قووڵدێت کە پێیان وایە ئەو ڕێژیمە هیچکام لە تایبەت مەندییەکانی حکوومەتێکی گەلی و دێمۆکراتیکی نیە و بەزۆر و بە فشار خۆیان

بەسەر ئیرادەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا فەرزکردوە و ئەو هەڵبژاردنەیان بایکۆت کردوەوە و، داواشیان لە هەموو لایەککردوە، بە ڕێگایی دەنگداندا، خۆیان نەکەنە شەریکی ئیعدام و ماڵوێرانی زۆرتری گەلی کورد و گەلانی تری ئێران. سیاسەتی حکوومەتی تاران بەدرێژای مێژووی ئیدارەکردنی ئێران، بەرسیکردن و چەکدارکردنی ڕۆڵەکانی گەلانی وڵاتە و ئەو ژمارەی زۆرەش کە لە کوردستان و بەشەکانی تردا، لە پێناوی ناندا کەرامەت و ئیرادەیی نەتەوەیی خۆی تەسلیمی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی دەکات، زیان سەرەتا بەخۆیی و پاشان بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت. حکوومەتی ئاخوندیی تاران هەتا ئێستایش وەک پێویست خەمی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیان لەبەر نیەوە و، نەبووە و هەتا ئەو جێگاییەی بۆیان بکرێ زیان بە دامەزراوە و شوێنە مێژووی و نەتەوایەتیەکانیشی دەگەیەنێت.

لە ئێستادا یەک دڵی و یەک هەڵوێستی تەنیا ڕێگایی ریسواکردن و بێنرخکردنی مۆرە سیاسیەکانی ڕێژیمە کە خۆیان بە مرۆڤی باش و خەمخۆری گەلانی وڵات دەزانن. پۆستی سەرۆککۆماری وەک ئۆرگانێکی بڕیاردەر یان جێبەجێکاری فەرمۆدەکانی ڕێبەری نیزام کە پڕیەتی لە نابەرانبەری نژادی و پەراوێزخستن و هەڵاواردن، شتێکی ترنیە بۆ ئێرانی فرەنەتەوەیی.

٩ی مای ٢٠١٧

ڕێبەری حدکا و حدک ئەگەر کەیفیان لێبێت، بە دوو کۆبوونەوە حیزب دەخەنەوە سەریەک! ،

ئەو جاریش دیداری ئاست بەرز لە نێوان دوو دەفتەری سیاسی و دوو سکرتێر و دووڵایی ئەندامانی دەفتەری سیاسی حدکا و حدک دا، بەڕێوەچوو و بەگوێرەی سەرچاوەکانی پەیوەندیدار،

ئەو ڕۆنیشتنە بۆ مەبەستی وەگەڕخستنەوەی" مەلەفی" یەکگرتنەوەی حیزب ئەنجامدراوە و، زۆر بە ئیجابی و گرینگ تەماشادەکرێت. لەو پەیوەندییەدا پرسیار گەلێک فرەن و، بەڵام تەنیا پرسیارێک دەکەین! ئەگەر بەڕاستی هەر دووڵاوەک یەک و بەدڵەوە کاردەکەن بۆ وەسەریەک خستنەوەی حیزب و وەک لە بەرچاوی میدیادا باسدەکرێ و دەڵێن گوایە بەتەواوی موشتاقی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکراتن، ئەی بۆچی تا ئەمڕۆش ئەو دیدار و کۆبوونەوانە ئەکامێکی ئەوتۆیان نەبووە؟ بەرووبەکەی تریدا بڵێین ئەگەر ئەوەندە پشووتان خۆشە بەتەکگرتنەوە بۆ بەجدی کاری بۆ ناکەن و هەر ئەمڕۆ و سبەی پێدەکرێت و بۆ تە پرسێکی هەڵاوەسراوی نێوان دووبەرداش؟ بێگوومان پێناچێت بەوجۆرە دانیشتن و قاوە خواردنەوە و گفتوو گۆی خۆش و پڕ لە نوکتە، مەسەلەکانی پەیوەندیدار یەک لایبکاتەوە و ئومێد و چاوەڕوانی هەموولایەک بەو سانایە بەدی بێت! ئەگەر باس لە زەمینە سازی و هەلومەرجی شیاو بکرێ و بە هۆکاری بنەڕەتی تەماشابکرێت، بابەتێکە بەتەواوی لە شوێنێخۆیدایە. بەڵام بەگوێرەی بیروڕا و سەرنجی سیاسی و تەشکیلاتی دووڵایەنی دێمۆکرات لە بەرچاوبکیرێ، لە ئێستادا لایەنگرانی وەسەریەکخستنەوەی حیزب زۆرینەی تەواو ڕەهای هەیە. کەوابوو ئاکامی ئەو لێکدانەوەسەرپێیە ئەوەیە کە بۆچی ئەو پرسە هەستیار و نەتەوەیە ئەو دەستەو دەستی پێدەکرێ! ڕەنگە جەوهەری ئەو مەسەلەیە زۆرتر پەیوەندی بە هێندێک گرێبەست و خاڵی تایبەتی یەوە هەبێت و ئەو دەستە و لایەنەی بە شێوەی گشتی بیر لە دەسەڵات و داهاتووی کورسی بکاتەوە لە نێو هەر دووڵادا، لە حیزبی گەورەو بەهێزدا بابەتەکەی ڕەقتر و دژوارتر کردبێ. هەموومان لە ئۆرگانەکانی خوارەوە پێمان خۆشە، حدکا و حدک ببنەوە بە هێزێکی بەهێزتر و کاریگەرتر لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەیدا و، خەباتی مافخوازی لە هەموو وەختێک زیاتر نیازی بەیەکڕیزی و هاوپشتی و یەکدەنگی نیشتیمانی هەیە. کاتێک یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی کوردستان بەدژی حکوومەتی ئاخوندی ئێران شوێن و کاریگەری بێ وێنەی لەسەر شەقامی کوردی دروست دەکا و لەو کاتانەدا ڕێژیم توشی نیگەرانی و ترس دەبێتەوە لە بەرانبەر بێزاری و ناڕەزایەتی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان. چوونکی دوژمن زۆر باش لە تواڕەی یەکگرتووانەی چین و توێژەگەلیەکانی کوردستان نیگەران دەبن و کۆدەنگی نیشتیمانی و هاوپشتی کە هەموو ڕەنگ و فیکرەکان لە نێویدا دەردەکەوێت، دەسەڵات حیسابی لەسەر دەکا. گرینگی یەکگرتن و بەهێزبوون لە یەکتر قبوڵکردن و هاوکاری و یەکدڵیدایە. ڕەنگە کارکردن لە نێو حیزبێکی گەورەتر و بەهێزتردا بۆ هەموو لایەک جێگای دڵخۆشی و بەشانازی بزانین و هەربۆیە

دەبێ هەموو لایەک بەکردار بۆ ئەو مەبەستە کار بکات. ئومێد دەکەین چیدیکە ڕێبەری دوولایەنی دێمۆکڕات بە بەهانە و بیانووی دیاریکراو خۆیان لە گەشەپێدانی ڕەوتی یەکبوونەوە نە دزنەوە و بوێرانە بڕیاری سیاسی و تەشکیلاتی سەبارەت بە یەکگرتنەوەی حیزب بدەن. مادام ئێستا پەیوەندییەکان گەلێک باشن و کاتێک لە دەوری یەکدا کۆدەبنەوە و، کاتەکە بە سەیر و سۆحبەت و دیالۆگ بەرێدەکرێ، لازمە ئاوڕێکی خێرا و جدی و بەهەستێکی بەرزی نەتەوەی ونیشتیمانی دوا بڕیار بدرێ و وەک موژدەیەک بەخەڵکی کوردستان ڕابگەیەندرێت. زۆر بەداخەوە کە ئەو بابەتە بەو جۆرە کراوەتە خۆراکی نێوان دووبەرداش و بەو هیوای چیتر ئەو کۆنگرە و کۆنگرەی پێنەکرێ. لە ڕاستیدا زۆر جێگای داخە کە هەموومان لە داوێنی دێمۆکڕاتدا گەورە بووین و پێگەیشتوون و ڕابردوو و سەروەری زۆرمان بەیەکەوە تۆمارکردوە لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەچی ناتوانین لەسەر باسێک قەرار بدەین کە پەیوەندی بە ئایندەی گەلەکەمانەوە هەیە. "دەمێک بوو دەم و دەستی خۆمگرتبوو کە بەلای ئەو باسەدا نەچم، بەڵام ئەو جاریش دڵی دۆستانم و هاوڕێیانم لە خۆم نەڕەنجاند و هاتمەوە سەر باسی جاران"! هەروەک ئاشکرایە نێو بەنێوە بابەتی یەکگرتنەوەی حیزب وەک پرسێکی گرینگ سەرهەڵدەدا و پاش چەند شەو و ڕۆژێک دیسان وەک ئەوەی پێویستی بە پشوو درێژی و حاوانەوەبێ، لە بەرچاوی هەمووان بزردەبێتەوە. سەبارەت بەپرسی یەکبوونەوە، ئێستا لە ساڵانی ڕابردوو زۆرتر بەرچاوروونی پەیدابووە و شیاو نابێت بەهۆکاری فەنی و هونەری خۆڵبکرێتەوە چاوی خەڵک و تەشکیلاتی ئاشکرا و نهێنی دوولایەنی دێمۆکرات." ڕێبەری حدکا و حدک ئەگەر خۆیان کەیفیان لێبێت بە دوو کۆبوونەوە ئەو پرسە یەک لایەکانە وە دوابڕیار لە بارەی یەکگرتنەوەی حیزب دەدرێ".

وەک دەبینین کێشەکە لە ئاستی بەرزی بڕیاردانداید و بەداخەوە نەتوانراوە بەدڵی خەڵک کۆتا قسەی خێر بکرێ. بەڕاستی ئەگەر کورسی و دەسەڵات ئەوەندە بەنرخ نیە بەلاتانەوە، یەکبوونەوە بکەنە موژدە بۆ گەلی کورد.

٧ی جوونی ٢٠١٧

بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم، بەسیەتی ژێردەستەی تورک و عەرەب و فارس!

گەلێکی مەزن و دیاری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گێتی زۆر جەسوورانە و نیشتیمانیانە دوا بڕیاری سەبارەت بە داهاتووی سیاسی خۆی بە ئاشکرا بۆ بیروڕای گشتی دونیا و گەلی کورد ڕگەیاندوە کە خەونی چەندین ساڵەی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بووە. بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ٢٥ - ٩ - ٢٠١٧ی زایینیی لە باشووری کوردستان و هەڵوێستی سیاسی و نیشتیمانی" حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران" لەو پەیوەندیەدا، بۆ گرینگی ئەو پرسە و قووڵی ڕێبازی نەتەوەیی حیزب دەگەڕێتەوە. حیزبی دێمۆکرات بۆیە دامەزرا هەتا بۆ شایی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕبکاتەوە و کاتێکیش لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا موژدەی پێک هاتنی لە کوردستان دەنگیدایەوە و، ئومێد و دڵخۆشی زۆر بە نێو خەڵکی کوردستاندا بڵاو بوویەوە کە هێزێکی تێکۆشەری نیشتیمانی دروست بووە و بە شێوەی سەردەمیانە و دێمۆکراتیکانە ڕێبەری خەباتی ڕزگاریخوازی دەکا. لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیداحدکا پشتیوانی ئەو پرۆژە نەتەوەیەی باشوور دەکات کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار" مەسعوودبارزانی" ڕۆژی ئەنجامدانی گشتپرسیە کە ئاشکراکراوە بۆ خەڵکی کوردستان. حیزبی دێمۆکراتیش بەئەرکی سیاسی و نەتەوەی دەزانێت هەر وەک لە بەرنامەی حیزبدا بە ڕوونی ئاماژەی پێدراوە پشتگیری و هاوکاری خەباتی بەشەکانی کوردستان بۆ ڕزگاری دەکا و ئەو دەرفەتەش کە بۆ گەلی کورد لە باشوور هاتۆتەکایەوە بە هەلێکی زێڕینی دەزانێ و داوای لە خەڵکی کوردستان و لە ئەندامان و لایەنگرانی و دڵسۆزانی جووڵانەوەی سیاسی کوردستان کردوە بەدڵو ئومێدی نەتەوەی بەرەوپیری گشتپرسی بڕۆن و دوا بڕیاری خۆیان سەبارەت بە داهاتووی سیاسی هەرێمی کوردستان بە ڕێگای دەنگدانەوە بدەن. ئەو دەرفەتەی ئەمڕۆ لە سایەی هەوڵو خەبات و قوربانیدانی تێکۆشەرانی ئەو بەشەی کوردستان بۆ گەلی کورد، هاتۆتە ئاراوە، کەس بە گونجاوی نازانێت بە هۆکاری بێبنەما و ناکۆکیە حیزبیەکان بەلاڕێدا ببرێ و، لازمە هەموو لایەک بە بێ جیاوازی سیاسی و بیرکردنەوەیان هاوکار و یارمەتیدەری ئەو پرۆژە گەورە و نیشتیمانیە بکەن و بەشداری ڕیفراندۆم بن کە ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەییە. ئەگەر سەیری ڕابردووی سیاسی و مێژووی جووڵانەوەکانی کورد بکەین، هەلی هاوشێوەی زێرین هەرگیز بۆ کورد نەرەخساوە کە تێدا بتوانێت دوابڕیار لەسەر کیانی سیاسی و جۆری ئیدارەدانی وڵاتیخۆی بدات. پێویستە هەموو لایەک بە ڕێگای بەشداری و دەنگدانەوە، بڕیار لەسەر داهاتووی سیاسی هەرێمی کوردستان بدرێ و کورد شایانی ئەوەیە دەوڵەتی نەتەوەی هەبێت. حیزبی دێمۆکرات لە بەر گرینگی پرس و خەمخۆری بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە بەشەکانی کوردستاندا، پەرۆشبوونی بۆ ئەنجامدانی ئەو گشتپرسیە دەربڕیوە و، بێ ئەوەی بیهەوێت لە بەرژەوەندی هێزێکی دیاریکراودا خۆی نیشان بدات و دەست وەربداتە کاروباری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکوو بە چاوی ڕێز و ئەمەگناسیەوە ستایشی ئەو بڕیارە گرینگ و گەورەیە دەکا و زۆر خۆشحاڵە کە کورد ئێستا بەرەو ڕیفراندۆم هەنگاو دەنێت

کە دەرهاویشتەی خەباتی ڕزگاریخوازییە. کەس بە شیاوی نازانێت ئەو پرسە بە هی حیزب و کەسێک بزانرێت و بەڵکو دەبێ بەهی هەموان و بەرهەمی تیکۆشانی چەندین ساڵەی خەباتی ڕۆڵەکانی ئەو بەشەی کوردستان تەماشابکرێ و بەهەستی بەرزی نیشتیمانی پێشوازی لە ڕیفراندۆم بکرێت. هەرلەوپەیوەندییەشدا دەکرێ هەڵوێستی نەتەوەیی لایەنێک و دەستە و کەسێک وەک هەنگاوی بوێرانە و نەتەوەی ڕێزی لێبگیرێ و دەستخۆشی ئەو بڕیارەیان لێبکرێ." گەلی کورد بۆ ئەوەی خوێنی نەداوە هەتا ژیانی هەیە بەژێردەستەی تورک و عەرەب و فارس بمێنێتەوە" و لەسەر خاکی خۆی و نیشتیمانی خۆیدا وەک میوان تەماشابکرێ و ڕۆژانە دایک و باوکەکان جەرگ بڕاوبن. لە مێژووساڵە کورد خەبات دەکا و خوێنی زۆر و بەنرخی لە بەرچۆڕاوە هەتا هەلومەرجێکی ئەوتۆی پێک هێناوە و لە سایەی دوابڕیاری گەلی کورددا، بتوانێت ئایندەی سیاسیخۆی دیاربیکات و دەوڵەتی سەربەخۆی ڕابگەیەنێت. کوردیش وەک نەتەوە ئەو مافەی هەیە چارەنووسی بەدەستی خۆی دیاربیکا و چیتر بە کۆیلەی نەمێنێتەوە و بەسەربەستی و ئازادی لە وڵاتی کوردستاندا درێژە بەرەوتی ژیان بدرێت. کورد و سەرکردایەتی سیاسی ناکرێ چاوەڕوانی هاوکاری و پشتیوانی ئەو چوار وڵاتە بکەن کە کوردستانیان بەبێ ڕەزامەندی و بڕیاری کورد بەسەرخۆیاندا دابەشکردوە و، ئەمڕۆ بەسانای دەست بەرداری سنووربەزاندن و داگیرکارییەکانیان بن. بە هەموو پێوەر و لێکدانەوە مێژووی و سوننەتیەکان و تەوێژینەوە سەردەمیەکان کورد نەتەوەیەکی گەورەی بێ وڵات و خاک و نیشتیمانەکەی لەلایەن عەرەب و تورک و فارس داگیرکراوە و ئێستایش پاش کۆتایی هاتنی ڕێکەوتننامەی " سایکس - پیکۆ" ، زۆربەی وڵاتان لە ڕووی مێژووی و پرۆتۆکۆلیەوە، سەروەری سنوور و سەراوردە جوگرافییەکانیان لە دەستداوە و دەکرێ کورد خاکی خۆی بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی. ئێران و ئێراق و تورکیە و سووریە وڵاتانێکن جگە لە نەتەوەی فەرمانڕەوای خۆیان بەولاوە، نەتەوەیتریان تێدا دەژێ و لە کاتیخۆیدا بەهۆی لە دەستدانی هێز و نەبوونی بەرنامە و تاکتیکەکانی ڕووبەڕووبوونەو ە وخەباتی دیپلۆماسی، کورد و زۆرنەتەوەی تر کراونەتە نەتەوەی بندەست و ستەملێکراوی گێتی. هەنگاوی ئەنجامدانی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەدڵنیایەوە هەولێکی گرینگ و چارەنووس سازە و ئەگەر بێت و کورد بە کۆیەدەنگ، ئەو بڕیارە سیاسی و نیشتیمانیە نەدا و کەش و هەوای سیاسی حیزبایەتی زاڵبێ بەسەربارودۆخەکەدا، ئەنجامەکانی ئەو گشتپرسیە ڕەنگە ئەو ئاکامەی نەبێ کە خۆمان بمان هەوێت. بابەتی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستاندا نیازی بە کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی سیاسی و نیشتیمانی خەڵکی کوردستان و هێزەسیاسی و تێکۆشەرەکانیەتی و بەهەموو لایەک دەکرێ لەو پێناوی ئامانجی گەورەدا، سەرەڕای جیاوازی بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسی لەسەر شێوەی حوکمڕانی وڵات. بەڵام پرسی ڕیفراندۆم دەکرێ وەک "تاقانە" فرسەت تەماشابکرێ و بە دەنگدان خەمخۆریمان بۆ شەهیدان و قوربانیەکان ئەنفال و کیمیابارانەکان دەربڕین. بە بڕوای زۆر لە سیاسی و تەوێژەران، گەلی کورد هەلێکی زێڕینی لە بەردەمدایە و ئەگەر بە ژیری و ئاقڵانیەوە ئاڕاستەی نەبێتەوە، زیانی زۆر گەورە بە خەباتی ئێستا و داهاتووی دەگەیەنێت. هەموو لایەک ئومێد دەکەن پرسی ڕیفراندۆم بە سیاسی نەکرێ و بە هۆی ملمالانەی نێوخۆییەوە مەسەلەکە بە لاڕێدا ببرێ و بە ملک و داهێنانی کەس و هێزێکی دیاریکراوی بزانێت لە پێناوی بە هێزترکردنی پێگەی حیزبێکی دیاریکراوی کوردستاندا.

ئەگەر سەیری میٚژووی ڕاپەڕین و ئامانجی نەتەوەیی هێزەکوردییەکان بکرێ، هەموویان لە سەر ئەوە هاوڕا و یەک دەنگبوونە کە ئامانجیان ڕزگاری سیاسی و نەتەوەییە. کەوابوو ئەمڕۆش کاتی ئەوە هاتووە، بەڕابردووی سیاسی مان وەفاداربین و بەکردار ئامانجی ڕزگاری نەتەوەی لە ئێستادا بخەینە ئەولەویەتی هەموو باس و خواسەکانی شەقامی کوردی و بەکردەوە و دلسۆزی بۆ خەبات و داهاتووی سیاسی کوردستان بەشداری بەربلاوی ڕیفراندۆمی بکەین کە مافی هەر تاکێکی کورد ئەرکی نەتەوەی بە ڕێگای دەنگانەوە و پشتگیری بۆ سەربەخۆی کوردستان دەربڕێت.

١٩ی جوونی ٢٠١٧

دکتۆر قاسملوو روحی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن و دێمۆکراتیکی کورده!

۲۸ ساڵ لەمەوە بەر، دەسەڵاتی ئاخوندی بێمانای ئێران دیارترین مرۆڤی هاوچەرخی میژووی سیاسی وڵاتی، واتە دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێ لە گەڵ عەبدوڵا قادری ئازەر بەرپرسی پەیوەندییە نێونەتەوەیەکانی حیزب بە پیلانێکی تیرۆریستی لە سەر میزی وتووێژی ئاشتی لە ڤیەن شەهیدکردن. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بەرپرسی زۆر بەی ئەو تیرۆرە سیاسیانەیە کە لە دەرەوەی سنووورەکانی وڵاتدا ئەنجامدراون و بەرنامەی زۆربەی تیرۆرەکان لە ناوندی بڕیاردانی تاراندا دەرچوون و ئێستا دەسەڵاتی خۆسەپێنێ ئێران بکوژی هەموو قەتڵە سیاسیەکانە کە مرۆڤی زۆر گەورەی تێدا بوتە قوربانی سیاسەتی دەپلۆسێنەرانەی ئاخوندەکان. دکتۆر قاسملوو بەروحی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناسیۆنالیزمی مۆدڕن و دێمۆکراتیکی کورد ناسرابوو و، هەرلەوکاتەشدا ڕێبەری بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی و جەماوەری بەدژی حکوومەتی ناوەندی تاران لە کوردستان دەکرد و، توانیبووی نیگەرانی و دڵەڕاوکەی زۆر بخاتە نێو دڵی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران. ئەو نیزامەی کە پێک هاتەی فەلسەفەی لەسەر دژایەتی ئازادی و مافی سیاسی نەتەوەکانی وڵات دامەزرابوو و، بێزاری و هەوڵو خەباتی سیاسی و چەکداری لە زۆر بەی بەشەکانی وڵات بۆ مەبەستی خۆپاراستن و بەرگریکردن لە بەرانبەر ڕێژیمی ئاخوندیدا بە شێوەی دیار و بەربڵاو بەدوایخۆیا هینا و توانی خەونی دەسەلاتی تاران بە خێرای لە گۆڕبنێت. بەڵام هەلومەرجی شۆڕش و بەرخۆدانی نیشتیمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دیارتر و بەرچاوتر خۆی دەنواند و هەربۆیەش حکوومەتی نیزامی ئاخوندی ئێران بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕا هەتا بتوانێت بە پیلانێک خەباتی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەری حدکا و ڕۆڵی گەورە پێاوی میژووی هاوچەرخی سیاسی ئێران و کوردستان دکتۆر قاسملوو لە نێوبەرێ بۆ ئەوەی ئەگەر نەشتوانن بڵاوە بە خەباتی کورد بکەن، بەڵام بەرەو لاوازی و ستی بەرن. ئەوەی گرینگ و جێگای شانازی و تێرامانە ئەوەیە کە قوتابیانی ڕێبەرانی شەهید توانیویانە ڕەوڕەوەی شۆڕش بەرەوپێشبەرن و ئیدامە بە شێوەکانی خەبات لە کوردستان بدەن. خەباتی قاسملوو بۆ وەدی هێنانی مافی سیاسی و نیشتیمانی گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێراندابوو و، بنەماڤکریەکانی تێکۆشانی ڕێکخراوەی قاسملوو بەتەواوی دێمۆکراتیک و ئاشتیخوازانەبوون. ئەو هەوڵیدەدا بە ڕێگای سەقامگیرکردنی دێمۆکراسیدا مافی سیاسی هەموولایەک و یەک لەوان گەلی کورد پارێزراوبێت و کەس دەست ڕێژی نەکاتە سەر هۆئیەتی نەتەوەی لایەکەی تر. ئەو سیاسەت و بیرکردنەوە فراوان و مرۆڤ دۆستیە لە گەڵ ژیانی سیاسی و پاشکەوتوانەی ئاخەندەکان بەتەواوی دژ بەیەکبوون و، هەر بۆیەش بە هەموو شێوەیەک دژایەتیان دەکرد و بەدژی دەوەستانەوە و هەوڵیاندەدە لە بەینی بەرن. قاسملوو زۆر بە هێمنی بەرنامە و گەڵالەی سیاسی و نەتەوەی بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نیشتیمانی کورد لە گەڵ کاربەدەستانی تاراندا هێناوبوویەوە گۆڕێ و لە زۆر بەی دیدار و چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنی و رادیۆ و ڕۆژنامەکاندا چ لە

سەر ئاستی ناخۆ و دەرەوەدا ئەو پەیامەی ڕاگەیاندبوو کە "ئێمە دەمان هەوێت لە چوار چێوەی ئێڕان دا مافی سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد دابین بکرێ و دێمۆکراسیش جێگربکرێ و هەموو بەشەکانی وڵات و جومگە سەرەکیەکانی حکوومەت بگرێتەوە". کاتێک کاربەدەستانی تاران تۆزێک جیگای پێبخۆیان قایمکرد لە تاران و چەند شار و ناوچەی دەوروبەری، دژایەتی مافەڕەواکانی کوردیان بە ئاشکرا ڕاگەیاند و هەتا فتوایی ٢٨ی گەلاوێژی لێکەوتەوە و کوشتن و برینی کوردیان بە خەزا و عەڵازانی. حیزبی دێمۆکرات و ڕێبەری گەورەی شۆڕشی کوردستان زۆر ژێرانە توانی بەهاوکاری و دڵ گەرمی پێک هاتەی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی، پێشبەو پیلانەی دوژمن بگرێ و حدکا هەر لەسەرەتاوە ڕایگەیاند کە ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی کورد و گەلانی دیکەی وڵات دەکرێ بە ڕێگای ئاشتی و دوور لە توندوتیژی چارەسەربکرێت. بەڵام کاربەدەستانی تاران ئەو بەرنامەیان بەڕێوەبرد کە خۆیان دایاننابوو ئەویش دوور لە ئاشتی و پێکەوە ژیانی فرەی لە وڵاتدا. دژایەتی سەرانی حکوومەت بۆ حیزب و شەخسی دکتۆر قاسملوو شتێکی نامۆ و سەیر نەبوو، چوونکی بیر و هزری ئازادیخوازی و دێمۆکراتیکی قاسملوو بەتەواوی ئەوانی توشی" شۆک و فەتای سیاسی و نزای" خۆیانکردبوو و بەرووبەکەی دیکەیدا باشترە بڵێین نێوەرۆکی داخوازی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لە گەڵ ویست و ئامانجی کۆنەپەرستانەی حکوومەتی ئاخوندەکانی ئێران نەدەگونجاو هەر دەبوو دژایەتی هەتا سەرئیسقانی لێبکرێ. ڕێژیم هەموو ڕێگاکانی بەدژی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی تاقیکردوە و نەیتوانی پێشی ڕەوتی خەباتی بەربڵاوی کورد بگرێ و، گەلی کورد بەشێوەی بەرچاو پشتگیری ئەو خەباتەیاندەکرد کە قاسملوو لە کوردستان ڕێبەری دەکرد. کاتێک لە تاران پیلانی ئەو تیرووڕکردنەیان دانا، زۆر باش دەیانزانی کە دکتۆر قاسملوو و حیزبەکەی گەورەترین مەترسین بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئاخوندەکان و ئەو دەسەڵاتەی کە بەزۆر خۆی بەسەر ئیرادەی گەلانی وڵاتدا فەرزکردەوە. ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کاتێکدا ئەو یادە بەرزو و مێژوویە ڕێزدەگرن هەتا بە وردی و جەوهەریانە دێراسە و خوێندنەوەی چەمکە سیاسی و فیکرییەکانی دکتۆر قاسملوو لە دڵ و هەستیاندا بە زیندووی ڕابگرن و لە پەند و ئامۆژگاریەکانی وانەی خەبات و بەرخۆدان فێربن.

ڕۆڵەکانی دێمۆکرات لازمە بە ڕاسپاردە و بیری دکتۆر قاسملوو کە چەسپاندنی دێمۆکراسی و یەکگرتووی ڕێکخراوەی لە سەر بنەمای دێمۆکراتیک و بەر بڵاوی کرداری بوو، پەیڕەوی لێبکەن و هەموو لایەک بۆ بە هێزترکردنی و گەشەی خەباتی سیاسی و نەتەوەی هەوڵ و هەنگاوەکانیان یەکبخەن.

١٢ی جوولای ٢٠١٧

لە فارس فێڵ بازتر و پەیمان شکێنتر و بێورەتر پەیدا نابێت و رووبەروو نەوێراونەتە کورد!

هاوکاری و هاوپشتی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نزیکبوونەوەیان لە یەکدی، هەنگاوێکی زۆر گرینگ و گەورەیە لە پێناوی وەسەریەکخستنی هەموو وزەو توانای نیشتیمانی بەدژی ستەمکارترین ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی مێژووی هاوچەرخی سیاسی ئێران.

حکوومەتی ئاخوندی لەسەر ئاستی گێتیدا بۆتە مایەیی نیگەرانی و پەرەپێدان بە ئاژاوە و پێشیلکردنی مافی سیاسی گەلانی وڵات و پشتیوانیکردن لە هێزە تێکدەر و تیرۆریستەکان و هەر وڵاتێک دەستی ئاخوندەکانی پێڕابگات، جادووی ئاژاوەی تێدا گەشە دەکا. کاربەدەستانی ئەو نیزامە کۆنەپەرەست و دژ بە ئازادی و مافە دێمۆکراتیکەکانی گەلانی وڵات، ئەو هەڵبژاردەیان لە ڕێبەری مەزهەبی" خومێنی" یەوە بە میراث بۆماوەتەوە و پیرەوانی بۆ پاراستن و درێژەدان بە نەوحی حومکڕانی پارێزگاری چەمکە فیکریەکانی بەو جۆرەی لێدەکەن. لە وڵاتێکی وەک و ئێراندا کە زیاتر لە ٥ نەتەوەی تێدا دەژیت، لەلایەن کەمینەی "فارس"ە وە مافی سیاسی و نەتەوەی زۆرینەی ڕەهای دانیشتووانی وڵات پایەماڵ دەکرێ و کاتێکیش باس دێتە سەر مەسەلەی نەتەوەیی و فرەی بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی، کاربەدەستانی ئەو نیزامە زۆر وەستاکارانە خۆیان ڕێک دەخەن بۆ ئەوەی سیمای ناشیرینی ئەو دەسەڵاتە بە جوانترین شیوەی گونجاو بۆیاغ بکەن و ڕەنگی دیکەی بە ماهیەت و جەوهەری دژی گەلیەکاندا بکرێ بۆ شاردنەوەی هەموو قێزەونیەکانیان کە بەدرێژای میژووی حوکمڕانیان دەرهەقی گەلانی ئێران کردویانە. بەڵام گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی و وشیاری سیاسی گەلانی نبدەستی ئەو ڕێژیمە، ئێستا وەک ساڵانی پێشوو ناکەونە ژێر کاریگەری پیلان و گفتی جوان و شیرینی بەرپرسانی پلە باڵای حکوومەت. خەڵکی کوردستان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ساڵانی ڕابردوو بەرچاویان ڕووننترە و بەرچاوتر لە پەیوەندی لە گەڵ ماف و ئازادیە دێمۆکراتیکەکانیاندا خۆیان دەردەخن و کاتێک قسە دێتە سەر ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و جوگرافی، ویستەکانیان لە ئاستێکی بەرزی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتیمانیدایە. گەلێک کە هەست بە ژێردەستەی بکا و کارنامەی دژی گەلی حکوومەتی ئاخوندی بەتەواوی بۆ ڕوون ببێتەوە، ئیدی جێگای شانازی و دڵگەرمیە بۆ شۆڕشگێرانی کورد و هێزە سیاسی و خەباتگێرەکان. ئەوجار نزیکبوونەوە و هاوکاری سیاسی و نەتەوەیی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا، ئومێد و هیوای زۆرتر لای خەڵک و ئازادیخوازانی کورد دروست دەکا لە پێناوی ئامانجی سیاسی گەورەدا. لێک گرێدانی خەباتی شاروشاخ بەیەکەوە، هەوێنی ئەزموونێکی تازە و جەوهەری بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەریە و ئەگەر بکەوێتە سەر ڕێچکەی دیاریکراویخۆی، بێگوومان دەتوانێت لە نێوخۆدا ڕێژیم بەرەو نائارامی و کلۆری ئەمنی و ئاسایشی سیاسی و مەزهەبیان بەرێت. ئەگەر بەکورتی ئاوڕ

بەسەر مێژووی حوکمڕانی یەک بە دوای یەکەکانی ئێراندا بدرێتەوە، دەبینین جگە لە سیاسەتی تۆقاندن و پەراوێزخستن و تیرۆری ڕێبەرانی گەورەی کوردستێکی تری لەپاش خۆی بە جینەهێشتووە. فارس وەک نەتەوەیەکی هەتا بڵێی فێل باز و پەیمان شکێن ناسراوە و لە دوژمنانی دیکەی کورد ترسەنۆکتر و بێوەرەتر و بەردەوام لە پشتەوەڕا زیانی بە جووڵانەوەی سیاسی کورد گەیاندوە و ڕووبەڕوو نەیوێراوە هیچ بکات. دەبینین فارسەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکیەکانیان لە گەڵ گەلی کورد دا، زۆر جار پەنایان بردۆتە بەر فێلی وتوویژێ ئاشتی و نیازیان ئەوەنەبووە پرسی کورد بە ڕێگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتندا چارەسەربکەن، بەڵکوو هەر ئەو کات ئامانجی خۆیان کە لە نێوبردنی سەری شۆڕش و ڕاپەڕینبووە پێکاوە. سەیری ئەو قەدەرەی کورد بکەن لە ڕووداوی تیرۆرکردنی" جوامێرە ئاغای هەمەوەندییەوە بیگرە هەتا سمکۆی شکاک و دکتۆر قاسملوو"، هەموویان لە سەر مێزی ئاشیدا تیرۆرکروان. هەر بۆیە نابێت کورد و بزووتنەوەی سیاسی و نیشتیمانی هەرگیز جارێکی دیکە بە سانای بکەوێتەوە بەر ماشێنی تیرۆری ئەو ڕێژیمەی کە بە فەلسەفەی پەرەپێدانی تێرۆرناسراوە. لە ٢٨ی گەلاوێژدا "خومێنی" فەرمانی جهادی بەدژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و هانی هێزەکانیدا لە هیچ کردەوەیەکی تووندوتیژی خۆیان نەپارێزن و پیر و لاو و گەنجی کورد بکوژن و بەتەور لاشەی کورد لێک جیا بکرێتەوە، بەڕاستی ئێمەی کورد هیچی ئەو تۆ باشمان لە فارس نە بینیوە کە پێمانوابێ ئێستا لە روح و هەستیاندا گۆڕانکاری ڕوویدابێ. بۆ جارێکی دیکەش ئەوەی دەڵێمەوە کە سەرسەختترین دوژمنی خاک و نەتەوەی کورد حکوومەتی فارسە. کە گفتوو گۆت لە گەڵ دەکەن پێدا هەڵدەدەن و کە باسی زوڵم و ستەمکارییەکانی ڕێژیم دەرهەقی گەلی کوردیان بۆ دەکەی نەرمە فرمێسک هەڵدەوەرێنن،

بەڵام کە بابەت دێتە سەر مافی سیاسی کورد، دێمۆکراتەکەیان لەوانی دیکە زیاتر نەیاری خۆی دەردەبرێت لە ژێرناوی یەکپارچەی خاکی وڵاتدا. ئەوان پێیانوایە کە کورد داوای مافی خۆی بکات، ئیدی ئەوە ئێران کاول و پارچە پارچە دەکرێت.

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧

تورکیا لە نێوان گومانی دیپلۆماسی و پەیوەندی لە گەڵ کورد دا!

لە ئێستادا سیاسەتی ئۆردۆغان و حکوومەتەکەی بەسەر چەند ڕێچکەی جیاواز و بەتەواوی دژبەیەکدا دەڕوات و لە ئانکاراوە هەر ڕۆژەی گوێ بیسی قسە و هەوڵی دژبەیەک دەبین لە هەمبەر ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان و کێشەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا. لەو چەند ڕۆژەی ڕابرد سەرکۆماری تورکیا بە ڕەقترین شێوەی دیپلۆماسی سەبارەت بە باشوور و پرسی سەربەخۆی کوردستان لێدوانیدا و بە ئاشکرا گوتی: نای هەوێت گوێی لە وشەی ڕیفراندۆم و دەوڵەتی کوردی بێ" و دژی دەوەستن و بۆیان قبووڵناکرێت دەوڵەتێک بەناوی کوردستان دابمەزرێت و بەهەر قیمەتێک بێت دژایەتی دەکەن. ئەو قسانەی ئۆردۆغان بەومانایەدێت کە هەموو پەیوەندییەکان لە نێوان هەولێر و ئانکارادا دەگەنە خاڵی کۆتایی و بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان بەلادەنرێن. بەڵام لێدوانی "مەولود چاش ئۆغلۆ" بەتەواوی پێچەوانەی بیروبۆچوونی سەرکۆماری تورکیان و تاڕادەیەک بەدووری لە عینادی سیاسی و لە هەلێر چاوی بە نوێنەری زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان کەتووە و پێی ڕاگەیاندن کە لە ئێستادا لەگەڵ بڕیاری بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆمدانین و نیگەرانییەکانی حکوومەتەکەی بۆ ڕوون کردوونەتەوە. سەبارەت بە کێشەی کورد لە سووریە و هێزەکانی یەپەگەش هەر ڕۆژەی بەجۆرێک هەڵوێستی خۆیان ڕادەگەیاند و هەڕەشەی هێرش و بابەتی لەو جۆرەیان دەکرد، بەڵام لە کردارد هیچیان بۆ نەچۆسەر و دەبینین کوردەکانی ڕۆژئاوا کە ئەزموونی حومکڕانیان لەو وڵاتەدا پێک هێناوە، زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانیشیان خستۆتە ژێر سنووری دەسەڵاتی خۆیان و ئۆردۆغان و هەڕەشەکانی لە ئانکارا زیاتر بڕیان نەکرد. هێزی هاوپەیمانی دژ بەداعش لە ئێستادا زۆر بە فراوانی و لە نێویشیاندا ئیدارەی "ترامپ" زۆر بە ژێری یارمەتی و هاوکاری پێشکەش هێزەکوردەیەکانی ڕۆژئاوادەکات. ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی پاش دروستبوون و سەرهەڵدانی داعش بکەین، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی زۆر لە سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر شەڕ بەدژی داعش ڕازینەبوون و هەتا هێندێک جار گوومانی ئەوەیان لە تورکیا دەکرد کە هاوکاری تیرۆریستەکان دەکا. بارودۆخی سیاسی و ئەمنی وێرای دیداری ئاست بەرزی نێوان ئێران و تورکیە بۆ لێدان و زیانگەیاندن بەکورد و، ڕەوتی پەیوەندییە سیاسیەکان سەرکەتوونابێت. تورکیا بەدرێژای مێژوو دژایەتی بالادەستربوونی ئێرانی لە ئاستی ناوچەکەدا کردوە و بە دراوسێیەکی مەترسیداری خۆی زانیووە. بەڵام دەڵێی بە یەک کۆبوونەوەی هاوشێوە هەموو ئەو مەلەفانەی لەسەری ناکۆکن، بەلاوە بنرێن و بە هاوبەشی لە کورد بدەن! سیاسەتێکی لەو جۆرە نە ئیمکانی هەیە و نەبۆشیان دەگوونجێت بەدژی کورد مێژوو دووبارە بکەنەوە. کورد و هێزە ئازا و بەجەرگەکەی تەنیا هێزێکی کاریگەرە کە توانیویەتی دژی داعش شەربکا و قۆناخەکانی ئە وئالۆزیەش لە بەرژەوەندی خۆیدا بگۆڕێت و پشتگیری نێونەتەوەی بۆ دۆزە ڕەواکەی بەدەست بێنێت. ئەگەر سەیر بکەین تورکیە لە ئانکارا هەڵوێستێکی بەتەواوی نەیار و دژی هەنگاوە سیاسیەکانی باشوور ڕادەگەیەنێت و لە هەولێریش وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بەنەوحێکی نەرم و دیپلۆماسی

سازگار و ئاشتەوایی قسەدەکات. مەولود چاوش ئۆغلۆ دەڵێت: هاوکاری و پەیوەندی ئابووری و بازرگانیەکانی تورکیە لە گەڵ هەرێمدا، گرێدراوی هەنگاوی ڕیفرادۆم بۆ سەر بەخۆی کوردستان ناکرێ "و ئەو هاوکارییە بەردەوام دەبێت و ناکرێ سنوور بۆ مەبەستێکی واها بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەبخەین. خوێنەر کە لێکدانەوەی ئەو پاراگراف و لێدوانەی وەزیری دەرەوەی تورکیا دەکات، زۆر باشتر سیاسەتی بانێک و دوو هەوای ئەو وڵاتەی لە هەمبەری کورد دا بۆ دەر دەکەوێت. بەڵام لە بەرانبەردا سیاسەتی هەرێمی کوردستان پاش ڕاگەیاندنی بڕیاری ڕیفراندۆم، ئەوە دەبێت کە داوای یارمەتی و هاوکاری سەرەتا لە وڵاتە دراوسێ کان و پاشان کۆمەڵگای نێونەتەوەی دەکات کە بۆ یەک لایکردنەوەی پرسی نەتەوەی و نیشتیمانی کورد لە باشووری کوردستان یارمەتیدەر و هاوکاربن. بەواتایەکی دیکە بڵێین دروست بوونی کیانی سیاسی کورد بەو مانایە نابێت لێکدانەوەی بۆ بکرێ کە ئیدی کێشە و ئاڵۆزی دەکەوێتە نێو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر خۆیاندا، دابەشکردوە. ئەو ئاڵۆزییە سەرەتاکەی بۆ ئەو سەردەمە میژوویە دەگەڕێتەوە کە پرسی کورد لە لایەن تورک و فارس و عەڕەبەوە پاش داگیرکردنی خاکی کوردستان، پشتگوێ دەخرێ و بەرێگای تووندوتیژیدا هەوڵی یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە گەورە و نەتەوەییانداوە.

پاش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیش لە ئێران و تورکیە و سووریە و ئێراق دا کێشە و ئاڵۆزی سیاسی و سەربازی لە نێوان کورد و دەسەڵاتی ئەو چوار وڵاتەدا هەبووە. کلیلی چارەسەری ئەو پرسە نەتەوەیە، دابینکردن و سەلماندنی مافی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کوردە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا و دەکرێ بەدەر لە سیاسەتی توندوتیژی کێشەکان یەکلای بکرێنەوە.

٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٧

دکتۆر سەعید مرۆڤێکی تێکۆشەری ناسراوی خاکی و بوێر و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو!

٢٥ ساڵ لەمەوبەر حکوومەتی ئاخوندی ئێران، لە بەرلێن دکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە چێشخانەی" میکۆنووس" دا بە ڕێگای باندە تۆندئاژۆ و مرۆڤ کوژەکانیەوە،
توانی دیارترین و کاریگەرترین خەباتگێڕی سیاسی ڕۆژهەڵات و ئێران تیرۆر بکات و سەرلەنوێ زامێکی گەورە و قوڕس لە جەستەی شۆڕشی کوردستان بکاتەوە. بەوجۆرە زەربەیەکی گەورە بەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد لەو بەشەی کوردستان کەوت. حیزبی دێمۆکرات و خەڵکی خۆڕاگری کوردستان لەوکاتەدا کەوتنە ژێر قورسای ئەو خەمەگەورەیەوە و تاماوەیەک تاسان و دڵەڕاوکێی سیاسی و تەشکیلاتی کەش و هەوای ڕۆژهەڵاتی گرتبوویەوە. بەڵام درێژەدان بەخەبات و گەڕانەوەی حیزب بۆ نێوخۆی وڵات و ئیدامەی تێکۆشانی بەکردەوە لە نێوخۆی کوردستاندا، توانی پارسەنگی هێزی بگۆڕێ و ئومێد و دڵخۆشی گەڕاندەوە و هەمووڵایەک لەو ڕاستیە گەیشتن کە هەرگیز مێژووی ڕابردوو بەسەر شۆڕشی گەلی کورد دا دووبارە نابێتەوە و ئەگەر بێت و ڕێبەری تریش لە لایەن دەسەڵاتی تیرۆریستی تارانەوە بکرێنە ئامانج، بەرخۆدان و ڕاسان بەدژی داگیرکاری و نادادپەروەریەکانی حکوومەتی ئاخوندەکان هێشتا هەر ئیدامەی دەبێت. دکتۆر سەعید مرۆڤێکی تێکۆشەری خاکی و نەتەوەی بوو و خاوەنی کەسایەتی و تایبەت مەندی زۆر مەزن و ئومێد بەخشبوو و لەسەر مافەڕەواکانی گەلی کورد چاوساخ و پارێزەرێکی سەر ڕاست و بەئەزموونی خەباتی سیاسی لە پێناوی ئەستاندن و دابینکردنی مافی سیاسی و نەتەوەی خەڵکی کوردستان، سیمایەکی ناسراو و بەرچاو بوو. ئەو وەک سکرتێری گشتی حدکا خاوەنی لێکدانەوە و خوێندنەوەی وردبوو و لە بڕیاردان و خۆسازدان و ئارایشی سیاسی و تەشکیلاتیدا، دارایی بیرۆکەی خێراو کرداریبوو و هەرگیز لە ئاستی گیروگرفتەکاندا دەستەو وەستان نەدەمایەوە. زۆر ئاکادیمی و زانستیانە بارۆدۆخی سیاسی و نێونەتەوەیی و کاریگەری ڕووداوەکانی لەسەر جووڵانەوەی سیاسی کورد لێکدەدایەوە و خاوەن ئیرادەیەکی گەورە و نایابیوو. لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا مرۆڤێکی ئازا و مەردانە دەهاتە مەیدانێ و هەربەقسە خۆی لە بارودۆخەکان کە بۆ حیزب و خەباتی ئازادیخوازی کوردستان هاتبێتە پێشەوە نەپەڕاندۆتەوە. دکتۆر شەرەفکەندی بەگشتی چاوی لەسەر حیزب و پێک هاتەی ڕێکخراوەی بوو، ڕێگای بەکەس نەدەدا لە جیاتی کەسێک یان ئۆگانێکی دیکە ئەرک و فەرمان دەربکا و دەست لەکاروباری یەکدی وەربدرێت. کارەکانی حیزب و ئۆگانەکان بە گوێرەی یاسا و پرینسیبە نێوخۆیەکان بەڕێوەدەبران و بۆجۆرە مودیریەتێکی هاوبەشی سیاسی و تەشکیلاتی بە سانای حیزبی پێ ئیدارەدەکرا. کەمترخەمی و بێسەرەوبەری لەکەس قبووڵ نەدەکرا و هەر سەر پێچیەک بەگوێرەی پێڕەوی نێوخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا. لەسەر یەک حیزب یەک دەست و ڕێکخراو و وەک هێزێکی بە ئەزموون و مونەزەمی سیاسی و تەشکیلاتی کاری دەکرد و

کۆنگرە و کۆنفرانسەکان لە کات و وەختیخۆیدا دەگیران و ئەگەر هەڵومەرجێکی ناشیاو دژواریش بۆ حیزب هاتبا پێشەوە، پێشوەخت هۆکارەکەی بۆ تەشکێلاتی حیزب رووندەکرایەوە. دکتۆر سەعید بەداخەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، پاش مەرگی دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەری حیزب کار و ئەرکەکانی بەڕێوەبرد، بەڵام لە ماوەی کورتی سکرتێریدا زۆر جوامێرانە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا و بەهەق ڕێگای نەدا بێ دکتۆر قاسملووی بە حیزب و جووڵانەوەی نەتەوەی گەلی کورد بەدیار بکەوێت. سەرەڕایی پلە و پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکادیمی کە هەیبوو، کەچی زۆر خۆنەویست و ڕەوشت بەرز و خەڵکی و داوێن پاک بوو. سەرێک بوو بە تەواوی لەنێوسەراندا دیار و بە فیکر و کرداری جوامێرانەی قوربانیی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی لە نێو هێزە ئێرانی و کوردستانیەکاندا سەلماندبوو و هەموو لایەک بەسەرنجەوە گوێیان بۆ بیروڕاو هەڵوێستی سیاسی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستان ڕادەگرت. دکتۆر شەرەفکەندی لە هەڵوێست گرتن و ڕەخنە گرتندا هیچ باکی نەبوو، پێیوابوو حیزب وەختێک باش گەشدەکات کە لایەنێک هەبێت، دەست نیشانی خاڵە لاواز و بەهێزەکان بکات. هەڵسەنگاندنی کار و تێکۆشانی ئۆرگانە حیزبییەکانی بە زەروورەتێکی گرینگ و هەستیار سەیر دەکرد و لە درێژەی خەباتدا بە پێویستیدەزانی حیزب و بکەرەکانی بەخۆیاند بچنەوە و بۆ ئەوەی بە بەرنامە و گەڵاڵەی تازە و بەجێ بۆ قوناخەکانی بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان ڕێکبخەن. شەرەفکەندی پەیوەندیەکی زۆر پتە و بە هێزی لە گەڵ تەشکیلات و ئۆرگانە حیزبییەکاندا دروستکردبوو و زۆر بەی سیما ناسراوەکانی نێو حیزبی دەناسی و هەموولایەک بە چاوی ڕێز و ڕێبەرێکی شایستە و بوێر سەیری دەکرد. لە ڕاپەراندنی ئەرکە حیزبییەکاندا پەیڕەوی کولتورێکی جوانی دەکرد و پێی باش بوو هەرکەس لە شوێنی خۆیدا کاری حیزبی بەڕێوەبەرێ وکەس ئەو مافەی نەبێت دەست بخاتە نێوکاری هاوڕێیەکەی و هەموو ئۆرگانەکان سەڵاحیەتی بەرفراوانیان هەبێ لە ڕاپەراندنی کارەکانیاندا. ڕێژیمی ئاخوندی پاش مەرگی دکتۆر قاسملوو زۆر بە دیاریکراوی لەسەر ئامانجی خۆیان کە لە نێوبردنی شەرەفکەندی جێنشینبوو، کاریاندەکرد و بەداخەوە زۆر بەزووی توانیان شەهیدی بکەن. ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی سیاسی کورد ئەو ڕاستیەی بەتەوای سەلماند کە هەتا کوردێک مابێت، بەرخۆدان بۆ ئازادی سیاسی و ڕزگاری نیشتیمانی داگیرکرا درێژەی دەبێت. حکوومەتی ئاخوندی بەتیرۆری سیاسی و سیاسەتی سەرکووت و ئیعدامی بەکۆمەڵی نارازیانی وڵاتیش ئێستا نەیتوانیوە خۆی لە قەیرانی ئەمنی و بێزاری خەڵک ڕزگار بکا و ناڕەزایەتیی و بیزاری خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، پەیامێکی ڕوون و ئاشکران بۆ کاربەدەستانی حکوومەت کە نەیاری ڕێژیمن و لایەنگری ئازادی و گەڕاندنەوەی مافی سیاسی نەتەوەی و تاک دەکەن. دەبینین پاش تیرۆرکرانی ڕێبەرانی کاریگەری بزووتنەوەی سیاسی و نیشتیمانی کوردستان، تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژەی هەیە و بە دڵنیایەوە هەتا بەدی هاتنی ماف و ئازادییە سیاسیەکانی گەلی کورد ئیدامەی دەبێت. بەو هیوای بیرەوەری ٢٥ ساڵەی تیرۆرکرانی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بکرێتە دەرفەتێک بۆ نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات. هەزاران سڵاو لە ڕوح و ڕێبا و خەباتی شەرەفکەندی.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئەگەر لە ئێستادا گونجاو نەبێت، لە داهاتووشدا بواری پێنادرێت!

کورد بۆ دەبێت پرسبکات کە ڕیفراندۆم ئەنجامدەدات،خۆ ئەگەر وڵاتەکەی دابەشکرا و پاشان داگیرکرا، ڕاوێژ بەکورد نەکراوە. ڕیفراندۆم کە وابڕیارە لە ٢٥ی ئەم مانگەدا لە باشووری کوردستان بەڕێوە بچێت، گەڕاندنەوەی ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردە کە لە ڕابردوودا غەدری گەورەی مێژووی لێکراوە و لە ئێستاشدا کورد هەوڵدەدات بە ڕێگای ئاشتی و دێمۆکراسیدا ئەو مافە بۆ خۆی بگێڕێتەوە و سەربەخۆی ڕابگەیەنێت.

باشە ئەو کاتەی وڵاتی کوردان دابەشکرا و چارەنووسی گەلێکی چەندین میلیۆنی بەو جۆرەی بەسەرهات هیچ کەس و ناوەندێکی بەدەسەڵاتی گێتی ڕاوێژی بە کورد نەکرد، خێرە ئەمڕۆ کورد دەبێت پرس بە دوژمنی خاک و خوێنی و وڵاتەکەی بکات! بەڕاستی ئەوە کەی ڕەوایی هەقە. نیگەرانیەکانی ئێران و تورکیە و ئێراق و سووریە سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، وڵاتە زلهێز و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هێنایەسەرخەت و بە خێرایی نوێنەری ئەمریکا و هاوقۆڵەکانی نیگەرانیەکانیان سەبارەت بە ئەنجامدانی گشتپرسی لە گەڵاڵەیەکیدا بە سەرۆک بارزانی گەیاند کە تێیدا داوای وەپاشخستنی بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی باشووری کوردستانی لە خۆی گرتبوو.

بەڵام سەرکردایەتی سیاسی و لەسەرەوایی هەموشیاندا مرۆڤی سیاسی و نەتەوەی ڕێزدار "بارزانی" بەڕاشکاوی بە نوێنەری وڵاتان و کۆمەڵگای جیهانی گوتووە کە ئەگەر بەدیلێک لەوەی ڕیفراندۆم باشتر هەبێت بۆ کورد ئەوە ڕیفراندۆم دوادەخەن، ئەگەر نا ئەوە لە کاتی خۆیدا ئەنجامیدەدین و هیوایەکمان بە حکوومەتی عێراق نەماوە و هاوبەشی سیاسی و نیشتیمانی دەمێکە لێک بڵاوبووە و ئەوەی لە ئێستادا ئێراق بەڕێوەدەبات هێزێکی فاشل و هەزهەبی و تایفییەوە کە هەوڵدەدەن هەموو دەسەڵاتەکان خۆیان بەڕێوەی بەرن. زۆر جێگای داخە زلهێزەکان و کۆمەڵگای نێو نەتەوەی بییانهەوێت لە گەڵ یەکێک لە چالاکترین هاوپەیمانەکانیان کە خەڵکی کوردستانە بێوەفابن و هەوڵی غەدرێکی تازەیان بەرانبەر بە کورد هەبێت. کورد بە مافی خۆی دەزانێت لەو پەیوەندیەدا زۆر وشیار و دەقیق بیربکاتەوە و بڕیار بدات، چوونکی وەختێک زلهێزەکان و وڵاتانی داگیرکاری کوردستان ئەو غەدرەیان لە کورد کرد کەس نەبوو بڵێت کاتەکەی گونجاو نیە یان ئەوەتا ناوچەکە بەرەو نائارامی زۆرتر دەچێت. گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی گەورە و بێ وڵات کە نیشتیمانەکەی بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە و بە زۆریش ئەو کارەیان بەدژیکردوە. ئاخۆ دەبێت کەی کۆمەڵگای جیهانی ئەو مافە بۆ کورد بەڕەوا بزانێت و ڕێگری نەکا و لە بەرژەوەندی چەند وڵاتێکی دیاریکراوی ناوچەکەدا قەرار دەرنەکات و زیان بەدەسکەوتەکانی کورد نەگەیەنێت. ئێران و تورکیە پاش شەری چالدران کە لە ساڵی ١٥١٤ دا لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا ڕوویدا بەشکەستی

فارسەکان کۆتای هات. دەبوو پاش ئەو شەرە سنوورەکانیان لە گەڵ یەکدیدا لێک جیابکەنەوە بۆ ئەوەی تووشی کێشەی تر نەبنەوە و بۆ ئەو بەمەبەستە خاکی کوردستانیان بەکردەوە بەسەر خۆیاندا دابەشکرد و بەدوای لێک هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆری عوسمانیشدا بەداخەوە دیسان نیشتیمانی کوردان دابەشبوونی زیاتری بەخۆیەوە بینیوو و بەوجۆرە بەسەر ئەو چوار وڵاتەدا لێکیندرا کە ئەمڕۆ دژایەتی پرسی ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان دەکەن.

ئەو کات کە کوردستان داگیرکرا و گەلەکەی کەوتەژێرستەمی سیاسی و نەتەوایەتیەوە، لە هیچ بوارێکدا هەتا ئەو پرس و بابەتانەیش کە پەیوەندیان بە کوردەوە هەبوو پرس و ڕاوێژ بەو گەلە گەورەیە نەکرا و بەڵکوو زلهێزەکان و کۆمەڵگای نێو نەتەوەی پشتیان لە مافی سیاسی گەلێکی گەورە و چەندین میلیۆنی وەک کورد کرد و تورکیە و ئێرانیش بە هێز لە ناکۆکیە نێوخۆیەکانی کورد کەڵکیانوەرگرتوو و زیانی زۆر گەورەشیان بە جووڵانەوەکانی کورد گەیاندوە.. بەڵام لە ئێستادا ڕیزدار بارزانی سەرکردەی دیار و نەتەوەیی زۆر بە هێمنی و وشیاری سیاسی و دیپلۆماسی هەوڵدەدات بە پشتیوانی و کۆدەنگی نیشتیمانی ریفراندۆم وەک مافێکی نەتەوەی و بەمەبەستی یەکلایکردنەوەی کێشە و ناکۆکیەکانی لە گەڵ حکوومەتی ناوەندا یەکلاییبکاتەوە. دڵەڕاوکەی ئێران و تورکیە زۆرتر لە بەر کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانە، کە بەوجۆرە دژایەتی دەکەن و لەو بارەشەوە بۆیەکدی لەبۆسەدان و هەرلایەک هەوڵدەدات ئەوتریان لە شەرێکی تازە بگلێنێت.

بەڵام هەردوو وڵات زۆر بە وریا و بێ ئەوەی بیان هەوێت هێز بەکار بێنن دەیان هەوێت پرۆسەکە بوەستێ. یەکریزی و هاوپشتی و کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانی کورد زامنی دەستەبەردکردنی سەرجەمی ئەو ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوایەتیانەنن کە دەمێکە خەباتی لە پێناودا دەکرێت. تەنیا سەربەخۆی دەتوانێت لە ئاستی قوربانی و کارەساتە مێژوویەکانی کورد بێت. دیسان دەڵێم بەڵی بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆی.

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

دەنگدان بە "بەڵێ" بەرەو سەربەخۆی کوردستان، ڕەدکردنەوەی ستەمی نەتەوایەتیە!

دەنگدان بە "بەڵێ" لە ڕۆژی ٢٥ی مانگدا، بە جێگەیاندنی ئەرکی سیاسی و نەتەوەیی هەر تاکێکی کوردستانە و بە ڕێگای بەشداریکردنی گشتپرسیدا و سەرخستنی پرسی سەربەخۆیدا، نیشانەی ڕەدکردنەوەی ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد دەگەیەنێت. هەر بۆ یە لە ڕۆژە گرینگ و مێژوویەکەی سبەیدا با هەموومان دەنگ بە بەڵێ بدەین هەتا روحی شەهیدان شاد بکەین و بزەی شادی بخەینە سەر لێوی ئەو دایک و باوکانەی ڕۆڵەکانیان لە پێناوی ڕۆژێکی وەک ٢٥ی مانگدا گیان بۆ ئازادی و سەربەستی کوردستان بەخشی. بێگوومان سبەی کوردی تێکۆشەر و ئازادیخواز و نیشتیمانی دەنگ بە نەخێر نادات و بیر لە نەهامەتی و ڕۆژە ڕەشەکان دەکاتەوە کە داگیرکەرانی کوردستان نزیک بە دە دەیە خەڵکی کوردستانیان لە پێناوی ئامانجی فاشیزمی خۆیاندا چەوساندۆتەوە و کیمیاباران و ئەنفال کرا. کورد هەرگیز وەک گەلانی بەختەوەری گێتی بڕیاری لەسەر چارەنووسی سیاسی و داهاتووی نەتەوەی خۆینەداوە و ئەزموونی حوکمڕانی هەڕیمی کوردستانیش کە خەڵک ڕەخنە و گلەیان لەسەر هەیە، خۆی لە چوارچێوەی حکوومەتی عێراقدا ئیدارەی خۆیکردوە و بەربەست و گیروگرفتی زۆری بۆ دروستکراوە و سیاسیەکانی ئەو وڵاتە وەک سەردەمی بەعس ویستیان دەسەڵاتی خۆیان بەکار بێنن. دەنگدان بە بەڵێ لە پێناوی نیشتیمانێکی ئازاد و دێمۆکراتیک و دادپەروەردا، هەنگاوێکە بەرەو سەربەخۆی کوردستان و لە گۆڕانی ستەمی سیاسی و نەتەوایەتی بە دژی گەلی کورد. سەرەڕای چاوسوورکردنەوەی وڵاتانی ئێران و تورکیە و بەڕادەیەکیش عێراق و پەکخستنی پرۆسەی نیشتیمانی ریفراندۆم، گەلی کورد لە باشووری کوردستان سبەی زۆر بە شانازی و سەربەرزییەوە دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بە دەنگی بەڵێیان، تەوقی کۆیلایەتی دەشکێنین. سبەی ڕۆژێکی گەورە و پڕشەنگدارە لە مێژووی نوێی گەلەکەماندا و هەنگاوێکە بەرەو دروستکردنی ژینگەیەکی سیاسی و دێمۆکراتیک کە لە کوردستاندا هەموو پێک هاتە و کەمینەکان تێیدا هەست بە ئازادی و بوونی خۆیان وەک مرۆڤی سەربەست بکەن. کوردستان کاتێک بەتەواوی بەرەو گەشەکردن و دێمۆکراتیزەبوون دەچێت کە خاوەنی ئیرادەی سیاسی و نیشتیمانی خۆی بێت. زۆر بە خۆشحاڵیەوە بینیمان هێزە سیاسی و ئۆرگانە باڵاو بڕیاردەرەکان، ئەمڕۆ زۆر ئازایانە و کوردانە، سەرەڕای هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە وڵاتانی دراو سێ، کورد سبەی بڕیار لە سەر داهاتوو و ئایندەی سیاسی خۆی دەدات. هەر وەک چاوەڕواندەکرێت، سبەی دەنگی بەڵێ کە دەربڕینی ویستی خەڵکی تێکۆشەری کوردستانە لە پێناوی کوردستانێکی ئازاد و ئاوەدان و دادپەروەردا، بەڕێژەیەکی باش بەسەر جووڵانەوەی نەخێردا سەردەکەوێت.

بەداخەوە زۆر شەرمە بۆ کوردێک لە ڕۆژێکی وەها مێژووییدا بە ڕێگای دەنگانی نەخێردا خۆی بخاتە نێو ئەو سەنگەرەی دوژمن لە ناویەتی. خۆزگە ڕۆڵەکانی کورد، ئەگەر تەنیا بۆ جارێکیش بووایە بە ڕێگای ئاشتی و کۆدەنگی نەتەوەیدا و

هەموویان بە یەکەوە بەرەوپیری پرۆسەی ڕێفراندۆم چووبان. ئەو گەلەیەی لە براکەتی دەکەی، بەو شێوەیە لە داگیرکەری کوردستانی ناکەیت،چوونکی ئەو دوژمنی خاک و خەڵک و نیشتیمانەکەمانە و زۆر ئاسایە دژایەتی پرۆسەی دێمۆکراتیکی گشتپرسی کوردستان بکات، بەڵام کە کورد لە نێو خۆیدا لە ژێر ناوی جوولانەوەی نەخێردا دژایەتی ڕیفراندۆم دەکا. بەڕاستی ئەوە کارەساتی سیاسی و نەتەوەیی کە لەو هەلومەرجە زێڕێنەدا بەرۆکی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گرتووە. کەسانێک زۆر هەرزەکارانە دژایەتی ڕیفراندۆم و سەربەخۆی کوردستان دەکەن و دەڵێن ئەگەر دەوڵەتی کوردی لەسەر دەستی ڕێزدار بارزانی ڕابگەیەندرێت، ئەوە شانازییەکەی بۆ ئەو دەبێت وەک قارەمان و ڕزگاریدەری نەتەوەی ناوی دەچێتە ناو پرتووکە مێژوویەکانەوە. زۆر بەداخەین بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوە تەسک و خۆویستانە.

بنەماڵەی بارزانی زیاتر لە نیو سەدەیە لە پێناوی مافی سیاسی کورد دا خەبات دەکەن و ئەگەر ئەویش دەوڵەت ڕابگەیەنێت، شانازی گەورەیە بۆ هەموو کورد. بەو هیوای ئاکامی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕیفراندۆم بە دڵی ئەویندارانی سەربەخۆی کوردستان بێت.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

ناکرێت هەتا دونیا بەدونیایە، کورد ژێردەستە و کۆیلەی عەرەب و فارس و تورک بێت!

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ی زایینیی، کورد نە بودجەی هەبوو نە هێڵی ئاسمانی و ئینتێرنێت وشکانی. بەڵام خۆی ڕاگرت و بە ئیرادەی سیاسی و نەتەوەی دواجار هەمووی ئەوانەی وەک دەسکەوتی مێژووی بەدەست هێنان و بە باشیش توانی پەرەیانپێبدات و بیان پارێزێت. پاش ئەوەی گەلی کورد لە باشوور ریفراندۆمی بەڕەو سەربەخۆی کوردستان ئەنجامدا، حکوومەتی ناوەندی عێراق کە دەسەڵاتی تاران بەدژی کورد هانیاندەدات و ئاڕاستەیاندەکات، بڕیاریداوە ڕێگا ئاسمانی و وشکانیەکانی ببەستێت و هەوڵی تەوقکردنی کوردی دەست پێکردوە کە ئەوەش بە پێچەوانەی دەستووری عێراق و جارێگەردوونی مافی مرۆڤە. لە ئێستادا ئەو دەسکەوتانەی بەدی هاتوون کە بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی چەندین ساڵەی بزووتنەوەی سیاسی کوردە، دوژمنانی نەتەوەی کورد دەیان هەوێت بە هێز و گەلەکۆمەی نێو دەوڵەتی لە کوردی زەوت بکەن و بە ئاشکرا دژایەتی کورد دەکەن و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بە زیان و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیان دەزانن. تاران و ئانکارا و بەغدا و دەمێشق بە هاوبەشی هەوڵی لەباربردن و هەراسانکردنی کوردیان دەستپێکردوە. زۆر گرینگە خەڵکی کوردستان بەگشتی و ڕەوەندی کوردی بەتایبەتی بە ڕێپێوانی ئارام و هێمنانەیان لە بەردەم کۆنسۆلخانە و بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکیەتی ئوروپا دا بۆ جارێکی تر پشتیوانی و کۆدەنگیان بۆ دونیا پێشانبدەنەوە و داوای هاوکاری و پشتگیری مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد بکرێت. بەڵام زۆر سەیرە ئەی کێ ئەو مافەی بە ئێوەداوە، ئێوە بێن و ئاسایشی سیاسی و نەتەوەی کورد بشێوێنن و زوڵم و ستەمی سیاسی و نەتەوەی بەسەردا بسەپێنن! بۆ پاراستن و درێژەدان بەرەوتی خەبات و تێکۆشان بەرەو سەربەخۆی کوردستان، کورد تەنیا نیازی بەیەکڕیزی و هاوپشتی نەتەوەیی هەیە و یەکتر شکاندن و ئینکاری پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان بەتەنیا خێر و قازانجی بۆ شۆڤێنیەکانی دژی کورد دەبێت. کورد هەر دەبێت ببێتە دەوڵەت و بڕیاری لە سەر شێوەی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیداوە و بەڕێژەی لە ٩٢.٧٣% لە گەڵ دەوڵەتی کوردیدان. کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی و هاوپەیمانان دەبێت ڕێز لە دەنگی بەڵێی خەڵکی کوردستان بگرن و لە ئێستاشدا کوردی باشووری نیازی بە هاوکاری و پشتیوانی هاوپەیمان و کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی هەیە و زۆر بێوەفای دەبێت ئەگەر بێت و وڵاتانی وەک ئەمریکا و بریتانیا و فەڕانسە و هتد... لە سەر هەڵوێستی خۆیان بەردەوامبن بەرامبەر بە ئیرادەی گەلی کوردستان و دژایەتی ئەو پرۆسە دێمۆکراتیکە بکەن. دەوڵەتبوونی کوردستان زۆر نزیکە و دراوسێکانی دەبێت لە گەڵ بارودۆخەکەدا خۆیان ڕێکبخەن و ناکرێت هەتا دونیا بەدونیایە کورد هەر ژێردەستە و کۆیلەی عەرەب و فارس و تورک بێت. کوردیش لە ماوەی حوکمڕانی سیاسیدا ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە کولتووری بە دەوڵەتبوونی زۆر بەهێزە و بۆ ئەو مەبەستەش زەمینەکانی گوونجاون لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە. لە ئێستادا کورد بۆ ئەوەی لەو تاقیکردنەوەیەدا بەسەربەرزی بەرەولوتکەی سەرکووتن بڕوات، هەمووی

بەیەکەوەیە و لازمە ئەو یەک دڵی و یەک هەڵوێستیە زۆر تر ڕەنگبداتەوە و هەموو جومگەکانی پێوەکارکردن بگرێتەوە. ئیدی ئێستا سنوورە دەستکردەکان بەلای کوردی بەشەکانەوە بوونی نەماوە و هەستی نەتەوەیی زۆر بەرز و درەوشاوەیە. خرۆشانی گەلی کورد لە رۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکووردا ئەو ڕاستیەی سەلماند کە ئێمە هەموومان کوردین و بۆ یەک ئامانج و نیشتیمان خەبات دەکەین کە وڵاتەکەمان داگیرکراوە و ئەو چوار وڵاتە ئێستاش دژایەتی ماف و ئازادیە سیاسی و نیشتیمانیەکانمان دەکەن. هەر چەندەی ئەو چوار وڵاتە و زلهێزەکان بیان هەوێت ئینکاری ئیرادەی گەلی کورد بکەن، بە دڵنیاییەوە سەرناکەون و ئەو رۆژە گەلێک نزیکە کە کورد بەمافی خۆی بگات کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. کورد بەژمارە نەتەوەیەکی زۆر گەورە و کاریگەری ناوچەکەیە کە خاکەکەی داگیرکراوە و هەتا ئازادی سیاسی و خۆ بەڕێوەبەری پێڕەوا نابین. ئەو دژواری و بارودۆخەی کە پێک هاتووە بەخێرای دەگۆردرێ، پێویستە کورد پەیام و لێدوانەکانی دووربێت لە زمانی زبرو شەڕانگێزی. زمانی دیپلۆماسی و گفتووگۆی سیاسی زامنی چارەسەرکردنی هەموو تەنگژەکانە. بەڵام نابێت کورد لە داواکارییەکانی کە گەل بڕیاری لەسەرداوە پاشگەزبێتەوە. با چەند ساڵێک لە گەڵ دژواریەکاندا بژین. سەختی و جەورو ستەمی نەتەوەیی بەشێکبووە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان و بە درێژایی مێژووی داگیرکاریەکانی کوردستان، بەردەوام لە ژێر فشار و چەوساندنەوەدا ژیاوە و با ئەو ماوە کورتەش کە لە پێناوی ئامانجی گەورەی سیاسیدایە، لە گەڵیدا هەڵبکەین. ئەگەر بێت و کورد ئەو دەرفەتەی لە کیس خۆیبدات و پەیامی پاشگەزبوونەوە بدات، بۆ خاڵی زۆر لاواز و سفر دەگەڕێتەوە. ڕێزدار مەسعوود بارزانی لە ئێستادا وەک ڕێبەرێکی دیار و نەتەوەیی سەیردەکرێ و هەموو لایەک چاویان بڕیوەتە هەوڵ و خەباتی بەرێزیان.

بەو هیوای بە لێدوانەکانی وڕە و ئیرادەی گەل بەرزتر بکاتەوە. دیارە خەڵکی کوردستان زۆر ژیرانە و کوردانە بڕیاریان لە سەر شکڵی چارەنووسی سیاسی خۆیانداوە بەئاڕاستەی دروستبوونی دەوڵەتد.

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

بنەمای فیکری ڕێژیمی ئێران لەسەر سڕینەوەی نەتەوەیی و تیرۆری سیاسی دامەزراوە!

حکوومەتی ئاخوندی ئێران بنەمای فیکری لەسەر سڕینەوەی سیاسی و نەتەوەیی دامەزراوەو و ، کەوابوو سپای پاسدارانیش یەکێکە لە جوومگە سەرەکیەکانی باڵی سەربازی ئێران کە داڕێژەری زۆربەی تیرۆرە نێوو دەوڵەتیەکان بووە و دەبوو دەمێک بوایە ناوی خرابایە ناو لیستی تێرۆرەوە. بەدوایی بڵاو بوونەوەی هەواڵی تایبەت بە سپای پاسدارانی ئێران کە لە وێدا ئاماژە بەوەدراوە کە دوور نیە ئەمریکا سپای پاسداران بخاتە نێو لیستی تیرۆرەوە کە ئەو بڕیارەش هیچ لە بەرژەوەندی هەژەموونی دەسەڵاتی تاراندا نابێت لە ئاستی ناوچەکەدا. چوونکی ئەو کات جوڵە و کردارەکانیان لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا دەخرێتە ژێر چاوەدێریەوە و وەک ڕابردوو دەستیان ئاواڵە نابێت هەرشوێنێک کەیفیان لێبێت بۆی بچن. ڕێژیمی تاران بەو هەواڵە گەلێک تورە و هەراسان خۆیان دەرخست و هەتا زۆر بەئاشکرایی هەڕەشەی بەئامانجگرتنی پێگە و شوێنە ستراتیژیەکانی ئیدارەی کۆشکی سپی لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە ئامانج بگرن. بەکورتی هێرش دەکەنە سەر نفوزو قەڵەمڕەوی ئەمریکا کە لە دووروبەریاندا بەدەرەجەی یەک حزوریان هەیە و زۆر لێیان دوور مەودانین. بەڵام باوەڕناکرێت ئێران دەست بۆ کرداریکی هاوشێوە ببات، ئەگەر ئەو بڕیارەش جێ بەجێ بکەن، ئیدی دەبێت دوا قسەمان لەسەر شێوەی داڕشتنەوە و دیاریکردنی سنوورە بە زۆر بەسەریەک لێکێندراوەکانی ئێراندا بکەین و سنووری هەرێمی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەست نیشانبکرێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە دوورنیە بۆ گەلانی ئێرانیش بێتە پێشەوە و ڕێژیمی ئاخوندیش لە ساڵنامەی کۆتایی تەمەنی هەتادێت نزیک تر دەبێتەوە و ڕیبەرایەتی سیاسی کوردیش لازمە بۆ قۆناخێکی گرینگ و هەستیاری مێژووی خۆی ڕێکبخات و، کاتێک ئێران بەدژی بەرژەوەندییەکانی کۆشکی سپی دەست بەرێت بۆ هێزی سەربازی ، وەک کاربەدەستە پلە بەرزە نیزامیەکان ئیدیعای بۆ دەکەن، ئەوکات گۆڕانکاری گەورە ڕوودەدات لە بەرژەوەندی پرسی سیاسی و نەتەوەی کورددا. ئیدارەی ئۆباما دەرفەتی زۆر باشی بۆ ئێران ڕێکخست هەتا خۆی لە گەڵ دۆخی ناوچە و نێونەتەوەییدا بگوونجێنێت، کەچی ڕێژیمی تاران ڕێک بە پێچەوانە خەیاڵی ستراتیژی سیاسی و ئەمنی خۆیان پەرەپێدەدەن کە ئەوەش بەهیچ جۆرێک لە گەڵ ڕەوتی سیاسەتی نوێی "ترامپ" دا ناگونجێت. واشنگتۆن بەدوای بەدیلێکدا دەگەڕێت کە حکوومەتی ناوەندی ئیران لە بنەڕەتدا لە سەر ڕێگایخۆی لابدات. هەربۆیەش هەر بەرکەوتنێک و لیکترازانێکی فیزیکی ئەگەر بێت و ڕوبدات وەک لە ئاستی بەرزی سەربازی ئێراندا باسدەکرێت، حکوومەتێک بەناوی دەسەڵاتی ئاخوندەکان بوونی نەمێنێت و دەروخێت. ئەزموونی ئەو چەند دەیەی حوکمڕانی تاران ئەو ڕاستیەی بۆ هەموو لایەک سەلماندوە هەر کاتێک هەڕەشەو مەترسیەکان بۆ سەر حکوومەت و نیزامی ئاخوندی ئێران هەست بەجدیبوونیان بکرێت، بەخێرایی بەسیاسەت و گۆتارەکانیاندا دەچنەوە و لایەنی لاڵانەوە و پاڕانەوە پەیڕەو دەکەن و هەڵسوکەوت و تێڕوانینە سیاسی و دیپلۆماسیەکانیان دەگۆڕن و بەشێوەیەکی تر ڕوخساری خۆیان بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەردەخەنەوە. پاش

قەیرانەکانی سووریە و سەرهەڵدانی داعش و بەودوایانەش لێک نزیک بۆ نەوەی تاران و ئانکارا، ئیدی سەبری بۆ ترامپ نەهێشتوە و لە گەڵ هاوپەیمانەکانی بەتەواوی سیرەیان خستۆتە سەر جموجۆڵە کانی ئەو دوو وڵاتەوە. زۆر دەمێکە کوناحی ناسەقامگیری سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە خراوەتە پاڵ ئێران کە ڕاستەوخۆ حوکمی چوار پایتەختی ناوچەکە دەکات و بە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هانیان دەدات. حکوومەتی ئاخوندی لە ئێستادا بەکردەوە ڕێبەری هاوپەیمانەتیەکی بەهێز دەکات لە سەر ئاستی ناوچەکە دا و بە ئاشکراش لەو شوێنانە سەر بەرز دەکاتەوە کە ئەمریکا بەناو لێی حاکمە! ڕێژیمی ئێران بەو کردەوانەی هەوڵدەدات پەیامێک بگەیەنێتە "ترامپ" کە ئێمەیش وێرایی ئێوە دەسەڵات و هێزمان هەیە و ناکرێت حیساب بۆ دەسەڵاتی تاران نەکرێ. باش بوون و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی لە گەڵ درواسێکانیدا بۆ ڕۆژئاوا و هاوپیمانەکانی بەتەواوی جێگای گومان و قسە لەسەرکردنن و هیچ کام لە دۆستە نزیکەکانی ئەمریکا لەو بارەوە بێ ئاگای هەلومەرجەکەنین و بە وشیاریەوە چاوەدێری وەزحەکە دەکەن. ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوەیی، کیشەی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی نیشتیمانی گەروەی هەیە و پەرە ستاندنی ئالۆزییەکانی لە گەڵ ئەمریکا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بارگرژی زۆرتر بۆ حکوومەتی ئاخوندی دروستدەکات.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرفەتێک دەگەڕێن هەتا لە دژی ڕێژیمی ئێران ڕاپەڕن و کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو نیزامە بهێنرێت لە کوردستاندا. وشیاری سیاسی و نەتەوەیی ئەو بەشەی کوردستان هێندەی تر کاربەدەستانی ورد و درشتی حکوومەتی ئاخوندی نیگەران و هەراسانکردوە. ڕەدکردنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی نێوان ئەمریکا و ئێران لە لایەن ترامپەوە، هێمایەکن بۆ دەست پێکردنی ریزە بڕیارێک کە گەمارۆ قورستر لە خۆی دەگرێت بەرانبەر بە تاران. پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ، ڕێژیمی ئاخوندی ئێران دژایەتی کردنیخۆی بۆ بڕیاری گەلی کورد دەربڕی و خۆی هاویشتە باوەشی دەوڵەتی ئانکارا بۆ ئەو مەبەستە و لە نێوان ئە ودوو وڵاتەدا لەماوەیەکی زۆر کوردتدا چەند سەردانێکی ئاست بەرز ڕوویاندا و لە ئاکامدا ڕێککەوتنی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی لێکەوتەوە. تاران و ئانکارا وەک دوو وڵاتی درواسێ کێشەی سیاسی کوردیان هەیە و لە نێوخۆشیاندا پەیوەندیەکی خۆش و دۆستانەی مێژوویان بەیەکەوە نەبووە و بەردەوام هەڕەشەبوونە بۆ سەر ئامانج و هەژەموونی یەکدی. بەڵام ئەمڕۆ پرسی کورد هەموویان لێک نزیک کردۆتەوە وجارێ وەک چوار برای شیر خۆیان پێشاندەدەن و بوونەتە ئەکتەریکی باشی چیرۆکەکانی (شەعەبانی). بەشێک لە وڵاتانی گرینگی ناوچەکەش حکوومەتی تاران بە هۆکاری کێشە و مل ملانەی سیاسی و تایفی و مەزهبی دەناسن و تاران بۆیە ئەو سیاسەتە بەڕێوەدەبات هەتا گەمارۆ و فشارە سیاسیەکان لە سەر خۆیان کەمتر بکەنەوە. هەڵبژاردنی تاکتیکێکی لەوجۆرە کە بنەمای دیالۆگی بنیاتنەرانەی نەبێت، خێر بەخاوەن مالّ ناگەیەنێت. گەشەستاندنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانیەکانی هەرێمی کوردستان لە گەڵ ڕووسیەدا، گەمارۆ و گەلە کۆمەی چوار برای شیری(ئێران و تورکیە و عێراق و سووریە) کردۆتە بڵقی سەر ئاو و لە ئاست ئیرادەی گەلی باشووردا ناچاران بە سیاسەتەکانیاندا بچنەوە و، چوونکی لانیکەم ئێران و تورکیە دووچاری قەیرانی گەورەی ئابووری نێوخۆیدەکاتەوە. هەرێمی کوردستان ئێستا بۆ

روسیە و ئەمریکا و زۆر وڵاتی تر بۆتە سەرچاوەیەکی بەهێزی "وزە" و هەر لەسەر ئەساسی ئەو پێوەرەشە، سیاسەتە تەقلیدی و سوونەتیەکانی وڵاتانی زلهێزی لەبارەی گەلی کورد گۆڕی و ئیدی ئەو جار کوردستانیش بەهۆی هەبوونی سەرچاوەی زۆری وزە، گرینگی "ژیۆپلۆتیکی" سیاسی خۆی هەیە و هەر ئەوەشە پەیوەندی مسکۆ و هەولێری پێک گرێداوە. کوردستانی سەربەخۆ بۆتە ئەمری واقع و ناکرێ وڵاتانی درواسێ سیاسەتی ئینکار و گەماروی بەدژی بەکار بێهێنن و لە ورێگایەوە هیچ دەسکەوتێکیان نابێت. کاتێک وڵاتانی ئێران و تورکیە و سوریە و عێراق لە هەمبەر پرسی سیاسی کورد دا یەکدەگرن و ناکۆکیەکانیان بەلاوە دەنێن،

گەلی کورد لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر کۆدەنگی و هاوپشتی خۆی پاراستووە و لە بەرانبەر دوژمنە هاوبەشەکانیاندا. ڕیفراندۆمی هەڕیمی کوردستان و ئاکامەکەی هەموو کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانی یەکخست و بە تێکڕایی هاتنە سەر شەقام.

١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم، نسکۆیەکی گەورەی سیاسی و نەتەوەییە!

سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بەدواوی رووداوەکانی ئەومداویانەدا، دەرئەنجامی نسکۆیەکی گەورەی سیاسی و نەتەوەیی بوو بۆ گەلی کوردستان بەگشتی و سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشوور بە تایبەتی. ئامانج لەو هەڵپەسارنە ئەوەیە کە بتوانن لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی بکەونەوە گفتووگۆی سیاسی بەمەبەستی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر و کۆتایی هێنان بە شەر لە نێوان هەرێم و ناوەنددا. ئەوەی هەتا ئێرە دەیبینین حەیدەر عەبادی وڵامێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەئاشکرا داوایی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی گشتپرسی کوردستان دەکات و ئەگەر ئەوە نەکرێت، بەغدا رازی نابێت لە گەڵ کورد بکەوێتە گفتوو گۆی سیاسی. ئەوەلە کاتێکدایە کە ئەمریکا و فەرانسە و ڕێکخراوی گەلان، بەگەرمی پێشوازیان لە دەست پێسخەریەکانی کورد بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندی بەغدا و هەولێر کردوە. ئەگەر بێت وحەیدەر عەبادی بەو شێوەیە هەڵسوکەوتبکات و تەگبیر و رایی بە تاران و ئانکارا بێت، داهاتووی عێراق بەرەوروواوی ناخۆش دەبات و ڕەنگە ئیدارەی "ترامپ" ئەو جار بڕیار و قەراری سیاسیەکانی لە بەرژەوەندی پێگەی عەبادی و حکوومەتی ناوەندی بەغدا دا نەبێت. سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم جگە لەوەی بیرۆکەیەکی ئافڵانی و ژێری سیاسی سەرکردایەتی کوردی دەردەخات، بەڵام بە دڵنیایەوە هەڵەیەکی دیکەی سیاسی و سەربازیە کورد دەیکات لە ئێستادا، چوونکی کاتێک باس لە "سڕ" کردنی ئەو پرۆسە دێمۆکراتیک و نەتەوەیە دەکرێ و بە قەرارێکی سیاسی ئیرادەی گەل دەخرێتەلاوە، بژاردەیەکی شیاو نیە. کورد بە ڕێگایتردا دەتوانیت پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆیدا بە خێرای بگۆڕێت، بەمەرجێک کۆدەنگی نەتەوەی هەبێ. سەرکردایەتی سیاسی دەکرا بەرلە ئەنجامدانی گشتپرسی وردتر و بەرچاوروونانەتر لێکدانەوەی دروستی لەسەر بارودۆخی سیاسی نێوخۆی و ناوچەی و نێودەوڵەتیکردبایەوە کە زەمینەی لەبار و گونجاو بۆ ئەو مەبەستە هەیە یان ئەو پشتیووانیە بەدی نەدەکرا. گەلی کورد لە سەر هەلومەرجی سیاسی ئاگادار کرابایەوە و هەتا بە رووداوەکانی پێش ١٦ی ئۆکتۆبریشەوە. بەبراوی من ئەگەر بڕیارلەسەر سەربەخۆی سیاسی کوردستانیش درابا هەر ئەو گەلەکۆمەیە دەکرا، بەڵام بەداخەوە کورد بەوەخت نەیتوانی بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسی بدات. باشە ئەوە چوونەوە بەغدا و گفتوو گۆکان دەستپێکرانەوە! هەتا ئێستا هیچ ڕوونکردنەوەیەک لە سەر میحوەری دانیشتن و گفتوگۆکاندا بەدی ناکرێت یان ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی چۆن دەبێت و ئەو هەرێمە و دەسکەوتەکانی بەرەوکوێ دەڕۆن؟

ناکۆکیە سیاسی و نێوخۆیەکان هۆکاری بنەڕەتی رووداوەکانی ئەمدوایەی باشووری کوردستانبوون و ئێستایش وەک ڕابردوو بێ گوێدانە ئامانج و ویستی نەتەوەیی هەنگاو دەنرێت و هەریەکە و رووبکردۆتەوە لایەک لە داگیرکەرانی کوردستان. زۆر جار کورد نسکۆی سیاسی گەورەی بەسەردا هاتووە و بەڵام پاش زەمەنێکی کورت خۆیی لێیدەربازکردوە و جووڵانەوەی نەتەوەیی

کەوتۆتەوە سەرپێیەکانی خۆی. کورد دۆستی ستراتیژی نیە و ئەوانیشی لەو پەیمانەتیەکەدا کوردیان بە دۆست و هەوپەیمان دادەنا، دەرکەوت کە بێوەفا و دووروون و ناکرێت سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا ئومێیان لەسەر هەڵبچنن. شکستی ئەو جارە کە بە لە دەستدانی کەرکوک دەستی پێکرد بێگوومان نسکۆیەکی گەورەی سیاسی و دیپلۆماسی بوو بۆ کورد. بە بەراورد بەو دەسکەوتە نەتەوەیی کە لە دەستدرا و بە داخەوە بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دەرکەوتنی ئەنجامەکانی کوردی باشوور لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە بەسەر دوو دەستەی بەتەواوی دژ بەیەکدا دابەشبوون و هەر ئەوەش ئەو دەرفەتەی بۆ عەرەبە شۆڤێنیەکان پێک هێنا هەتا لە ژێرەوە بەدژی کورد هاوپەیمانەتیەکی بەهێز دروست بکرێ و لە کاتی دیاریکرایخۆیدا دەسکەوتە گەورەو نەتەوەیەکە بە ئامانج بگرێت. بینیشمان کە بەداخەوە پلانەکەیان سەریگرت. بەڵام بۆ هی ئەو سێ وڵاتە بەدژی کورد سەریگرت و بەرنامەی کورد نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێت. نەیارانی کورد سەرەرایی دژایەتی و ناکۆکیەکانیان لە دەوری یەکدی کۆبوونەوە و بەدژی سەربەخۆی کوردستان بەغدا و تاران و ئانکارا بوونە یەک. کەچی کورد توشی پەرتەوازە و ڕەنجبەخەسریخۆیەهات و گەرایەوە بۆ ڕووداوەکانی پێش هاتنی داعش. ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبێت ئامانجی چی بێ و چۆن خۆی لەو قەیرانە شکستاویە ڕزگار دەکا، خۆ ڕەنگە بەلادانی ڕێزدار بارزانی و چەند سەرکردەی تری سیاسی روخساری ڕووداوەکە ناگۆڕێت و ئەگەر ئەو خاڵەش بکرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کورد لایەنی عەرەبی شۆڤێنی بەسەر خۆیدا زاڵدەکا و دەسکەوتی تر لە دەستدەدات. لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر یەک بڕیار و قەراری سیاسی نەبێت، لە سەر مێزی گفتووگۆکنیشدا سەرکردایەتی سیاسی دەسکەوتی ئەوتۆی نابێ و ڕەنگە نەتوانێت هەتا پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکانیش لە بەرژەوەندی خۆیدا یەک لای بکاتەوە. لە کوردستاندا سیاسەت و هەنگاوەکان بە دوو ئاڕاستەی بەتەواوی نەتەبا لە گەڵ یەکدیدا بەرێوەدەچێت. هێندێک لایەن هەن کە هەر گرفتێک شکبەرن پێیان خۆشە بگاتە سەر مێزی حکوومەتی ناوەندی عێراق، بەڵام ئامادەی ئەوایان تێدا نیە لێرە لە کوردستان باسی بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە لە گەڵ براکانیخۆیاندا. کورد هۆکاری هێنانەوەی دەسەڵاتی ناوەندییە بۆ سەر خۆی و بە ئامانجگرتنی دەسکەوتە گرینگەکانی.

قۆناخی دیالۆگ و گفتووگۆی سیاسی لە گەڵ بەغدا دەبێت زۆر بەهەستیاری و گرینگ سەیربکرێ و هەر ناکۆکی و مل ملانەیەکی نێوخۆی دەکرێ زیانی گەورە بە پرۆسەی سیاسی و نەتەوەی بگەیەنێت. کورد دەبێ کار بۆ ئەوەی بکات وەقدێکی شارەزا و وربین و بەئەوزموون لە گەڵ بەغدا دیاری بکا. شەرت نیە هەموویان هەر حیزبی بن، دەکرێ خەڵکی تێکۆشەر و بەرچاوروونی بێلایەنیش نوێنەرایەتی قەرارو بڕیاری چارەنووس سازبکەن.

٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

قۆناخی ڕزگاری نەتەوەیش دیسانەوە لێکترازان و پەرتەوازی نیشتیمانی لێدەکەوێتەوە!

قۆناخی ڕزگاری نیشتیمانی و پێک هێنانی هەیکەلی بەڕێوەبردن زۆر تر بەدوای سەرکەوتنی شۆڕش یان کودەتای سەربازیدا دێتەوە ئاراوە و وەختێک لە کوردستان دامودەزگای حکوومەتی بوونیان هەیە و پێلانگێڕیەکە نەیتوانی بە ئامانجیان بگرێ. لە ئێستادا دەبێت قەرار و بڕیاری سیاسی بدات و هەرلەوکاتەشدا هەوڵبدرێت هەرچی زووتر هەڵبژاردنێکی پاک و بێگرد لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بینای قەوارەی حوکمڕانی کوردستان دابمەزرێنێت. زۆر لایەن و دەستە ڕوواوە سیاسیەکانی ئەو چەند ڕۆژە بە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم گرێدەدەن. باوەڕ بکەن ئەگەر کورد ئەو بڕیارەشی نەدابا، ئەو داگیرکردنەوەیە هەر دەبوو. سەیرکەن "حەیدەر عەبادی" دەڵێت دەستوور دەسەپێنم بەسەر عێراقدا، بەڵام ئەوەی بە دژی کوردستان ئەنجامدرا، لە سزای سیاسی و داگیرکردنەوە و پەرتاوی نژادی شتێکیتر نیە. چوونکی ئەو بە گەلەکۆمە و پیلانگێڕی ناوچەی دەستوور دەسەپێنێت و ناوچە جێناکۆکەکانی گرتەوە. کەوابوو ئەو ناوچانە دوور لە دەستوور و ئیرادەی سیاسی و تەوافق دەستیان بەسەردا گیراوەتەوە.

کورد بەهۆی پیلانگێڕی ناوچەیی و کەمترخەمی دۆستەکانی و بێمتمانەی سیاسی و نەتەوەیی بەیەکدی، بەداخەوە نیوەی ئەو خاکەکەی لەدەستداوە کە هەم لە ڕووی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی و هەم لە ڕووی سەربازی و ستراتیژی بۆ گەلی کورد گرینگی و تایبەندی گەورەی خۆی هەیە. بۆ ئەو پیلانگێڕیە ناو چەیە ڕێک: کەرکوک" ی کردە ئامانج؟ مەبەستەکەیان زۆر ڕوونە، ئەو سێ وڵاتە بە هەماهەنگی لە گەڵ ئەمریکادا هاتن بۆ ئەوەی دەست بە سەر سەرچاوەی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا بگرن هەتا کورد توانای وزەی لەدەستبدات و ئەو کارتە کاریگەرەی لە بەردەست دەربێنن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەو ڕێگایەوە سیاسەتی ئابووری سەربەخۆ و گەشەی بازرگانی بەرەوڵاوازی و کزی بەرن. کورد لە ئێستاشدا نابێت ئەو داگیرکارییە قبوڵ بکا کە ناوچە جێناکۆکەکان وەک ڕابردوو هەر بە ڕێگای بەکار هێنانی هێزدا کەوتوونەتەوە ژێردەستی حکوومەتی ناوەندی. پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردی زۆر بەوردی دێراسەی ئەو بابەتە و چۆنیەتی باسکردن لە گەل لایەنەکاندا بگاتە ئەنجامێکی ئەو تۆ کە کۆدەنگی نەتەوەی لە پشت بێت. وەک بەشێک لە دۆستەکانی کوردیش دەڵێن ئەو ناوچانە، بەناوچەی کێشە لەسەر ناوزەدکراون و بە دەستووریش چارەسەرنەکراون بە هۆی خۆ دزینەوەی حکوومەتی بەغدا لە ماددەی ١٤٠ کە تایبەتە بە هەموو ناوچە کێشە لەسەرەکان لە عێراقدا. دیارە ئەو کارەی بەغدا کردویەتی لە ١٦ مانگدا بەهیچ جۆرێک بە بژاردەیەکی گونجاو دانانرێ، لە بەر ئەوەی بە ڕێگای بەکار هێنانی هێزی ناوچەیدا دەستی بەسەر کەرکوک و ناوچەکانی تردا گیراوەتەوە. لە ئێستادا تەنیا کورد لەو پیلانگێڕیە زەرەرمەندبووە و بەشێکی گرینگی خاکی کوردستانی لە دەستداوەتەوە. سیاسیەکانی کوردستان ئەگەر لە ئێستاشدا ژیرانە بیر لە دەربازبوون لەو قۆناخە

ئەستەم و دژوارەی پاش ١٦ ئۆکتۆبر نەکەنەوە بە دڵنیایەوە دەبنە هۆی لەدەستدانی دەسکەوتی زۆرتر. کورد هیچ کاتێک نابێت باوەڕی بە بزە و دەستەپشدانی داگیرکەرانی کوردستان هە بێت. ئەو رووداوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبردا بەسەر گەلی کورددا هات و بێگوومان نەتیجەی کێشە و ناتەبایی سیاسی نێومالّی خۆمانبوو، ئێستاش ئەگەر لە سەر ڕێچکەی پێشوو درێژە بە ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، هەر ئەو هەڵەیە دەکرێ کە بەداخەوە لە ئەنجامیدا دەسکەوتی زۆر گرینگی نەتەوەیی مان لەدەستداوە. کورد دەبێت زۆر ژیرانە بەدوای ڕێگاچارەی شیاو و گونجاودا بگەڕێ کە تییدا بتوانێت باڵانسی هێز لە بەرژەوەندی خۆیدا لە عێراقدا بگۆڕێت. سەرکردایەتی سیاسی و نوخبەکانی ئەمڕۆ دەبێت ئەو ئازایەتیان تێدابێت کە ڕەخنە لەخۆیان بگرن و وێرای دەست نیشانکردنی خاڵە لاواز و جێناکۆکەکانی پەیوەندییەکانیان، بەتەبایی و برایەتی و لەسەر بنەمای دێمۆکراسی سیاسی و ئیداری، ستراتیژی نەتەوەیی دابڕێژن و دوور بکەنەوە لە تانەوتەشەر لێکدان. قۆناخی ڕزگاری نەتەوەیش دیسانەوە لێکترازان و پەرتەوازی نیشتیمانی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر بێت و بەکردەوە بچێتە قۆناخی جێبەجێکردنەوە. باشترین ڕێگا ئەنجامدانی زۆر خێرایی هەڵبژاردنی پارلمانیە لە هەرێمی کوردستاندا بەچاوەدێری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئەوەی بەدرێژای مێژووی جووڵانەوەی سیاسی کورد زیانی بە دەسکەوتەکان گەیاندوە و لە نێوی بردوون، سەنگەر لێکگرتن و یەکدی قبوڵنەکردن بووە. بەداخەوە زۆر جار باوەڕمان بەگفتی ناموبارەکی داگیرکەرانی کوردستان کردوە و بەدژی براکانمان جووڵەمانکردوە. لە هەڵومەرجێکی هەستیار و مەترسیداری وەک ئەمڕۆدا سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشوور لە هەموو وەختێک زیاتر نیازی بە یەکریزی و تەبای سیاسی هەیە. سەیربکەن کاتێک کورد ڕیفراندۆمی ئەنجامدا و ئاکامەکەی ڕاگەیاند، دوو وڵاتی وەک تورکیە و ئێران کە نەیار و دوژمنی مێژووی یەکدی بوون چۆن لە بەرانبەر خەباتی ڕەوای ئێمەدا یەکیان گرت و بە هاوبەشیش پەلاماریاندین.کەوابوو ئە و وڵاتانەی پرسی کوردیان وەک کێشەیەکی زەق و بەرچاو بە چارەسەر نەکراوی هێشتۆتەوە،نابێت چاوەڕوانی چاکەیان لێبکەین کە دەرهەقی گەلی کورد بیکەن.

وشیاری نەتەوەیی و هەواڵگری دروستی نەتەوەیی لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی کردەیەکی زۆر گرینگە کە کورد دەبێت زۆر بەهەستیاری بایخی پێبدات و جەوهەریانە بەرەو قۆناخەکانی دیکەی خۆی هەنگاو هەڵگرێت.

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

بە وازهێنانی بارزانی، کورد لە بەغدا ڕۆڵی جارانی نامێنێت!

بەشێک لە هێزەسیاسیەکان و خەڵکی باشووری کوردستان ئەوەندەی خەمی لادانی"مسعوود بارزانی" یان لە پۆستەکەی لەبەرە و شەو ڕۆژ لە خۆدای دەپارێنەوە کە سێبەری لە سەریان نەمێنێت، بەو ڕادەیە بەداخەوە پەرۆشیان دەرنابڕن سەبارەت بەو مەترسیانەی کە لەلایەن حکوومەتی بەغداوە هاهۆتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەڕەشەی داگیرکردنەوەی کوردستان دەکەن. ڕووداوەکانی پاش ١٦ی ئۆکتۆبەر و پێشڕەویەکانی میلیشیا شیعەکان بە فەرمانی حەیدەر عەبادی بۆسەرکوردستان لە ژێز ناوی سپاندنی دەستووردا، زۆر دوورە لە بنەمای هاوبەشی سیاسی و تەوافوقی نیشتیمانی و کەچی ئەو بەڕێزانەی دژایەتی پۆستی بارزانی دەکەن لەو پەیوەندییەدا هەڵوێستێکی ڕوونیان بەکردەوە دەرنەبڕیوە. مرۆڤی تێکۆشەری سیاسی و شەخی بارزانیش بە ڕووداوەکانی شەوی ڕابردوو نیگەرانیخۆی دەربڕیوە و ئەو کردەوانە بە دڵنیایەوە زیان بەیەکڕیزی و ئاوەدانی ناوماڵی کورد دەگەیەنێت. ڕێزدار مسعوود بارزانی بێگوومان ڕۆڵی زۆر دیار و کاریگەری بەسەر ڕووداوە سیاسی و نیشتیمانیەکانی کوردستاندا هەبووە و لە غیابی هەڤاڵی کۆچکرد و "مام جەلال تاڵەبانی" دا پێگەی کورد بەرەو لاوزی دەچێت لە بەغدا و گفتووگۆسیاسیەکاندا، ئەگەر بێت و بارزانی ڕۆڵی تێیدا نەبێت. بە باوەڕی من هیچکام لە سەرکردە کوردەکان بە ڕادەیی ئەو نەتەوەیی و فکری دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانی لە بەردانیە. باشووری کوردستان لە ئێستادا پێویستی بە ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرفراوان هەیە و دێمۆکراسی و ڕێزگرتن لە بیروڕایی جیاواز دەبێت وەک مافی سەرەتایی تاکی کۆمەڵگا بەچەسپێت. دیارە لە وڵاتە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانیشدا ئازادی بیروڕای سیاسی و چۆنیەتی ڕەخنە گرتن خراوەتە ناو تێگەیشتنی مرۆڤ و ڕوانینی تاکی ناکۆمەڵگا بۆ دێمۆکراسی سیاسی. سەرەتا بەغدا دەبوو بە ڕێگای گفتووگۆدا ئەو کێشانەی چارەسەرکردبان، نەوەک بە ڕێگای جوڵەپێکردنی هێز و داگیرکاریدا. ڕەفتارەکانی حکوومەتی ناوەندی هیچیان لە هی حکوومەتی پێشوو کەمتر نیە و بگرە زۆر مەترسیدارترە، چوونکی خەڵکی کوردستان هەرگیز ئەو چاوەڕوانییەیی لە شیعەکانی عێراق نەبوو بەو جۆرە دوژمنکارانەیە پەلاماری خەڵکی کوردستان بدەن و بە سانای چاکە و پیاوەتی گەلی کوردستانیان لە بیربچێ و ڕفتاری زاڵمانە بەرانبەر بە ڕۆلەکانی کورد ئەنجامبدەن. ئەو دەستە ڕەشە هەر بەوەشەوە نەوەستاون و ئەگەر بۆیان بلوێ، بە گوێرەی کۆمەڵێک سەرچاوەی باوەڕپێکراو حەیدەر عەبادی و هاوتەریبەکانی لە بەغدا بە پیلانگێڕی تاران و ئانکارا، کار لە سەر سڕینەوەی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا دەکەن و دەفکری ئەوەیدان پیرۆزییەکانی نەتەوەیی و ئامانجە گەورەکانی گەلی کورد بە ئامانج بگرن. باشە ئەوکات هەڵوێستی برایانمان لەو هێزانە دەبێت چۆن بێ و لەسەر ئەساسی چ بنەما و پێوەرێکی نەتەوەیی خەمخۆریان بۆ کورد و کوردستان دەسەلمێنن! خۆ ڕەنگە بەلادانی ڕێزدار بارزانی و چەند سەرکردەی تری سیاسی ڕوخساری ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستان ناگۆڕێت و ئەگەر ئەو خاڵەش وەک باسدەکرێت کە بارزانی واز لە پۆستی سەرۆکایەتی بهێنێت و پارلمان

پەسندی بکا، بە بڕوای زۆرێک لە چاوەدێرانی سیاسی نێوخۆی و، پێیان وایە زیانێکی زۆر گەورە بەرپێگەی کورد دەکەوێت لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا. بەمجۆرە کورد لایەنی عەرەبی شۆڤێنی و دژ بەکورد بەسەر خۆیدا زاڵدەکا و ئەگەری لە دەستدانی دەسکەوتی گەورە ترهەست پێدەکرێ لە داهاتووی سیاسی عێرقدا. لە هەرێمی کوردستان ئەگەر یەک بڕیار و قەراری سیاسی نەبێت لەمەوبدوا، لە سەر مێزی گفتووگۆکنیشدا سەرکردایەتی سیاسی کورد دەسکەوتی ئەوتۆی نابێ و ڕەنگە نەتوانێت هەتا پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکانیش لە بەرژەوەندی خۆیدا یەک لای بکاتەوە. لە ئێستادا کورد دەبێت خۆی بە ئاڕاستەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەکانی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق کە ئامانجی عەرەبە شۆڤێنیەکانی لە پشتی پەردەیدا لەپشتە بە مەبەستی، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کورد و هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. لە ڕاستیدا ئەو پرسە گرینگ و هەستیارە دەبێت خەمی هەموو کوردێکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کورد بێ و ڕێگانەدرێت دەسەڵاتی شیعەی عێراق لەوەی زیاتر زیان بە دەسکەوتەکانی کورد بگەیەنێت. عەرەبە شیعەکان ئەگەر تۆزێک ئاوڕییان لە ڕابردوویخۆیان بدایەتەوە ڕەنگە ئەو کات چاکتر لەو ڕاستیە گەیشتبان کە حکوومەتی ئێستای عێراق ڕێگاکەی بۆ براشیعەکان لە کوردستان ڕا بەوپلە و دەسەڵاتەیان گەیوون و لە شوێن و جێگایەکی تر بەو ڕۆژە نەگەیشتوون کە ئەمڕۆ بۆنەتە هەڕەشەی گەورە لە سەر بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان. ستراتیژی نوێی کورد دەبێت بەر لە هەر شتێک پاراستن و هێشتنەوەی ئەو دەسەڵاتانەیەتی کە بە گوێرەی دەستوور بەکورد دراوە و نابێت بە هیچ جۆرێک مساوەمەی لەسەر بکرێ. بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە بەغدا ڕووەدات، ئەوەیە کە کورد پەراوێزبخرێ و وەک سەردەمی حکوومەتی پێشوو زوڵموستەمی سیاسی و نەتەوەیی بخرێتەوە سەرکورد و،

ئەو هەنگاوە مەترسیدارەی حکوومەتی ناوەندی کە بەدژی کورد پیلانی بۆ دادەڕێژێت، بابەتێکی مەترسیدارە و گەلی کورد دەبێت بە یەکڕیزی و یەک هەڵوێستی سیاسی نێو ماڵی باشووریەکان پوچەڵبکرێتەوە.

٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

ڕێژیمی ئێران حیساب بۆ گەمارۆ و سیاسەتی بەیاننامە دەرکردنی ئەمریکا ناکا!

حکوومەتی ئاخوندی ئێران هەتادێت زیاتر دەبێتەمەترسی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و باڵادەستبوونی بەو شێوە بەربڵاوەی کە توانیویەتی نفوزی خۆی لە سەر ئاستی ڕووبەرێکی دیاریکراودا پەرەپێبدات، لە هەلومەرجێکی وەک ئەمرۆ هەستیار و قەیراناویدا، بێگوومان بە مانای ئەوەدێ کە ئێران بۆتە گەورەترین زلهێزی ناوچە و شۆینگرەوەی ئەمریکا. چوونکی حکوومەتی ئاخوندی بە ئارەزوی خۆی سیاسەتەکانی دەباتە پێشەوە و هەتائێرەش هەستی بەمەترسی و بەربەستێکی ئەوتۆنەکردوە و ئەو وڵاتانەی کە بۆ ئامانجی خاسی خۆی کۆنترۆڵی کردوون لە پێناوی مەبەستی سیاسی و سەربازیدا بەکاریان دێنێت. ئیدارەی ئۆباما دەرفەتێکی ئەوتۆی خستە بەردەمی کاربەدەستانی ڕێژیمی تاران هەتا بەو ڕادەیە هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ و ململانەی سیاسەت و نفوزی ئەمریکا بکا و بێ گوێدانە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نێوودەوڵەتی درێژە بە سیاسەتەکانیبدات. ئێران بڕیار و هەڵوێستەکانی واشنگتۆن لە سەر وڵاتەکەیان بە هێند وەرناگرن و چوونکی ئیدارەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی گرژییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا، زیاتر خۆی لە گۆتاری هەڕەشە ئامێزیدا دیتۆتەوە و کرداری لە گەڵدانەبووە. ڕێژیمی ئێران بە بڕیاری خومێنی هەر لە سەرەتای شورشی گەلانی ئێراندا، دەستیان بەسەر سەفارەتخانەی ئەمریکاداگرت و ماوەیەکی زۆر کارمەندەکانی خرانە بەندیخانە. ئەمڕۆش دەبینین ئەمریکا لە پەیوەندی لە گەڵ ئێراندا پەیڕەوی هەمن ستڕاتیژی و سیاسەتی دەکا و هەربۆیەش حکوومەتی ناوەندی تاران بو جۆرە پێیەکانی ئەستوور و قایمکردوە لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەییدا و گوێ بۆ قەرارو گەمارۆکانی ڕۆژئاوا ناگرێت. لە ئێستادا دەسەڵاتی تاران بۆتە مەترسی زۆر زەق و بەرچاو لەسەر بەرژەوەندی و نفوزی سیاسی و سەربازی ئەمریکا لە سەر ئاستی ناوچەی ستڕاتیژی و گرینگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەگەر وابڕوات بە چەند ساڵێکی تر شوێنێک بۆ ئیدارەی ئەمریکا نامێنێتە و دۆستەکانی ئەو وڵاتەش ئێستا مەترسی گەیستۆتە بنانگوێیان و خۆیان هاتۆنەتە سەر خەت کە بەرچاوترینیان "سعودیە و ئیسرایل" ن کە دوو هاوپەیمانی مێژووی و گرینگی ئەمریکان. حووسیەکان کە ئاڵقە بەگوێی ئێرانن لەو ڕۆژانەی ڕابرد، مووشەکێکی دوور مەوداین ئاڕاستەی فرۆکەخانەی ریازکرد، دیارە هەر لە ئاسماندا تەقێندرایەوە و زیانی بە سعوودیە نەگەیاند، بەڵام ئەوە پەیامێکی هەڕەشە ئامێزی ئێرانبوو بۆ حکوومەتی سعوودیە و، ئەگەر ئەو وڵاتە لە پێیخۆی زئاتر ڕابکێشیت، ڕێگەری لێدەکەین. بەرووبەکەی تریشدا وشیارکردنەوەی: ترامپ بوو کە ماوەیەکی زۆر بەچڕی سەبارەت بە ڕێژیمی ئێران بڕیار دەردەکەن و بەگەمارۆ و گوشار دەیانهەوێت دەسەڵاتی تاران بگیڕێتەوە سەر خەست. بەڵام ئەو ڕێژیمە ئەوەی حیسابی بۆ نەکات ئەمریکا و بڕیارو ڕاسپاردەکانی ئیدارەی ئەو وڵاتەیە. هەر بە درێژایی مێژووی کیشە و ململانەیەکانی تاران و واشنگتۆن، ئێران دەفەتی لە سیاسەتی هێمنانەی ئەمریکا وەرگرتووە و ئێستایش لە سووریە و عێراق و لبنان بەئاشکرای لە پێگەی ڕۆژئاوا دەدا، بێ

ئەوەی رووبەرووی هێزبووبێتەوە. کاردانەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە سەر ئاستی ناوچەکەشدا بەداخەوە زیاتر خۆی لە بەیاننامە و قسەی بێکرداردادەبینێتەوە و، هەربۆیەش ئێرانی واهارکردووو و پێیان وایە هیچ هێزێک نیە بتوانێت شان لە شانی حکوومەتی تاران بدات و ئەوانیش تائێستا حیسابیان بۆ هیچ لایەک نەکردووەبە حکوومەتی "ترامپ" یشەوە. بەڵام باوەشی لێزیاد بکەین، ئێران بەو ڕادەییەی لە سەر ئاستی ناوچەکەدا خۆی بەهێزکردوە، لە ناوخۆیی ئێراندا بە هۆی سیاسەتی برسیکردن و ستەمی سیاسی و نەتەوایەتی لەسەر گەلانی ئێران و نەبوونی دێمۆکراسی سیاسی و ئازادی بیروڕادەربڕین،

بارودۆخی ئەمنی ڕێژیمی دووچاری مەترسی زۆر کردۆتەوە و ئەگەری سەرهەڵدان و هاتنە مەیدانی خەڵک یەک جار زۆرە. ڕەنگە تێسریوانێکی پچووک ئەو دەرفەتە برەخسێنێ کە ڕاپەرینی جەماوەری کۆتایی بەدەسەڵاتی ئاخوندەکان بێنێت. کەوابوو لە ئاستی نێوخۆیدا بارووودۆخی باشنیە و هەربۆیەش ئالۆزییەکانی بەو ڕێگایەدا بردۆتە دەرەوەیی ولاتە کەیەوە.

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

زەمین لەرزەی کرمانشان و شارەکانی دەوروبەری و خەمساردی دەسەڵاتی ئاخوندی!

رووداوی زەمین لەرزەی کرمانشان و شارو گوندەکانی دەوروبەری کە بەڕێژەیەکی بەرچاو هاونیشتیمانی بوونەقوربانی و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون و هەتا ئانێکی گەورەی بە باڵەخانە و بەگشتی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئاو ناوچانە گەیاند و بەوجۆرە، کە داخ و کەسەرێکی زۆری بۆ گەلی کورد لە پاش خۆیدا بە جێهێشت. بەڵام ئەوەی لە هەمووی زیاتر ئازاری هاونیشتیمانیانیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرانبەر رووداوی زەمین لەرزەکەدا، کە شوێنەوارێکی گەورەیی لە ماڵوێرانی و دەربەدەری بە دوایخۆیدا هێنا، خەمساردی و بێمووبالاتی کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندی بۆ بەهاناوەچوونی بەرکەوتووانی زەمین لەرزەکەبوو! کاربەدەستانی ئێران ئەگەر هاتبا و ئەو زیانە مرۆڤی و ژینگەیە بەر ناوچەیەکی فارس نشین کەوتبایە، بەدڵنیایەوە یارمەتی و بەهاناچوونەوە ڕەوتێکی خێراتری بەخۆیەوە دەبینی و، ئەوجار خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستان دەبێت لە ڕابردوو باشتر سیاسەتی دووڕووی و بانێک و دووهەوای دەسەڵاتی نادێمۆکراتیکی ئێرانیان بۆ دەرکەتوبێت، کاتی دەنگدان و ریکلامی خۆگەورەکردنەوەی بەرپرسانی نیزامی ئاخوندی، کێبەرکێییانە لە سەر بەدەست هێنانی پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لە وەخت و کاتی تەنگانێدا هیچکامیان خۆیان بەدیار ناخەن و بە ئەرکێکی زۆر گرانی دەزانن بۆ دڵ نەوایی خەڵک سەردانی دەقڕەکەش بکەن. کاربەدەستانی تاران زۆر شارەزان لە تەفرەدان و بەلارێدابردنی هەستی خەڵکدا، بەڵام بەو رووداوە لە هەموو کاتێک باشتر نێوەڕۆکی دوژمنکارانەیان بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان ئاشکرابوو. ئێستا هەموو کەس ئەو قسەی حەسەن ڕووحانی لە بیر ماوە کە گووتی:

براکوردەکانمان، خەڵکی ڕەسنی ئێرانن، بەڵام زۆر بەسەر قسەکانیدا تێپەڕ نەبوو کە دەرکەوت تاچ ڕادەیەک بەدڵ ئەو قسانەی کردوە، باشە خۆ ئەوانەی بەر رووداوی زەمین لەرزەکەوتوون ئەو برا کردانەن کە ڕووحانی بە بەژن و بالایانیدا هەڵدەدا! گەلۆ زامانێکی سەیرە! ئەی چۆنبوو ئەو خەڵکە ڕەسەنەتان لەبیرکردوو و هەتای لە کاتی زۆر پێویستدا بە هانایانەوە نە چوون و بۆ ماوەیەک پشتگوێتانخستن. ئەگەر بە هانەوە چوون و یارمەتی خەڵکی کوردستان بۆ براکانیان بەو خێرایە نەگەیاندرابایە، شوێنی رووداوەکان، زیانە گیانیەکان زۆر زیاتر لەوەی ئێستا دەبوون. ڕێژیمی تاران وەک لە ڕابردوودا بەردەوام دژایەتی خواست و ئامانجە سەرەتایی و مەدەنیەکانی کۆمەڵگای کوردستانی کردوە و بە بڕیاری لابەلا و پێچەوانەی ماف و ئازادیەکانی تاک خراونەتە پشتگوێ و پەراوێزخراون! بۆچی چوونکی کوردبوون و لە نەتەوەیی کوردن. بەداخەوە دەسەڵاتی تاران بە بەرچاوی دونیا و خەڵکی لێقەوماوی بەرکەوتووانی رووداوی زەمین لەرزە، بە نیەتی پەراوێزخستن و دژایەتی نەتەوەی کورد، ئاوری لە کرمانشان و ناوچەکانی دایەوە. کاتێک وڵاتانی دەرەوە پاش بڵاو بوونەوەی رووداوی زەمین لەرزەکە و زیانە گیانی و ماڵیەکانی، بە خێرایی ڕایانگەیاند کە ئامادەن یارمەتی و هاوکاری

بـگەیەنە ئەو خەڵـکە ، کەچـی وەزیـری دەرەوی ئێـران بە خێـرای ئەو یارمەتیـانەی ردکـردەوە و زۆر دووروویـانە و رووهەڵماڵاوانە گـووتی: خۆیـان هاوکـاری و یـارمەتی بەخەڵـک دەکەن. بەڵام بینیمـان ئەو خەڵکەی کوردسـتان سـزای کـورد بوونیان وەرگرت لە لایەن حکوومەتی ئـاخونـدی ئێـرانەوە و بە چ شێوەیەک و تـا چ ڕادەیەک یـارمەتیـان پێگەیشـتووە. بەڵام کۆدەنگی و بەهاناوەچوونی خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە دوورتـرین نـوخەتەی بـاکوور هەتـا دوورتـرین خـاڵی باشووری کوردستان تـوانی ئومێد و دڵگەرمی بۆ براکانیان لە کرمانشان و شـارو و ناوچەکـانی دووروووبەری بگەڕێنەوە. دیـارە ئەو یـارمەتی و بەهاناوە چوونە هەتـا ئێستایش بەردەوامی هەیە و ئەوەی ئەمڕۆ بـۆتە خەمی هەمووان، زۆر تـر ئەوەیە کە بـۆچی دەسـەڵاتی تـاران وەک شـوێنە کـانی دیـکەی ئێـران بەهـانـای زیـان لێکەوتـووانی کرمانشـان و دەوروبەریەوە نەچـوون. یـارمەتی و هاکاری شـارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو خێرایە و بە ڕێکوپێکی کە گەیاندرایە شوێنی ڕووداوەکان، بـۆ جارێکی دیکە چین و تـوێژە گەلیەکانی کۆمەڵگای کوردستانی بە خزمایەتی و لە ڕوونەتەوایەتیەوە پێکەوە لێک گرێـدایە وە و دەربـان خست، خەمی هەر کوردێک، دەردی هەمووانە و بەگشتی شانی دەخەنە ژێر.

بێگوومان ئەو ڕووداوە دەریخست کە گەلی کورد لە هەر گۆشەوکەنارێکی گێتیدا بژیت، خۆی بە بەشێک لە خەمەکـانی ڕووداوەکە دەزانێت و کرمانشان ڕۆژهەڵاتیەکانی بە هەموو ڕەنگ و جیاوازیەکـانەوە لێـک کـۆکردنەوە و سەرفەسڵێکی تازە لەپەیوەندیە نەتەوەیەکان پیک هاتووە. ئیدی ئێستا کورد بەیەک دەنگ گۆرانی خەم و سەرکەوتن دەڵێتەوە.

ڕوحی قوربانیەکان شاد

١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

یەکگرتنەوەی دووبالّی دێمۆکرات گرینگە وەک ئەمری نەتەوەی سەیربکرێ!

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەریەکەیان بەسەر چەند دەستە و هێزی تردا، دابەشبوونە و لە نێوخۆ و دەرەوەیی وڵاتدا فشاری زۆریان لەلایەن ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی سیاسی گەلی کورد خراوەتە سەریان بۆ ئەوەی نێومانّی خۆیان بە باشترین شێوەی گونجاو ڕێکبخەنەوە و لە پێناوەدا هەوڵەکانیان خێراتر بکەن هەتا بتوانن بەسەر کێشە و ناکۆکیەکانیاندا زاڵبن و ڕەوتی یەکبوونەوە خێراتر بەرەوپێشەوە ببەن و چیتر ئەمڕۆ و سبەی لە سەر پرسێکی ئەوتۆ گرینگ و نەتەوەیی نەکرێت. دوو باڵی حیزب پرسی وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات لازمە وەک ئەمرێکی زەروری و نەتەوەیی سەیربکەن و هەنگاوەکانیان بەو ئاڕاستەیەدا بهاوێژن کە ڕەوتی یەکگرتنەوە خێراتربکا. ئەزموونی خەباتی سیاسی گەلی کورد دەری خستتووە کە ئەگەر بێت و هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی لە گەڵ یەکدیدا هەڵبکەن و بەیەکەوە بەرەوروووی داگیرکارییەکانی کوردستان ببنەوە، شانسی سەرکەوتن گەلێک زیاتر لەوەی بە پرشوبلاوی بەرخۆدانی نەتەوەیی بکرێ. هەربۆیە بۆ دێمۆکراتەکان زۆر پێویستە لە ئاستی خواست و زەروورەتی خەباتی ڕزگاریخوازیدا بە کارئاسانی زیاترەوە لەسەر مێزی دیالۆگێکی بنیات نەرانەی سیاسی و تەشکیلاتی بەیەکەوە کۆببنەوە و دوابریار لەو پەیوەندیەدا بدەن. کاتێک سەیری ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین،دەبینن خەڵکی کوردستان بە چەند هەنگاوێک کەوتوونەتە پێش حیزبی دێمۆکرات و زۆر جەسوورانە بەدژی ستەمکارییەکانی حکوومەتی ئاخوندی شەپۆلی ناڕەزایەتی و بێزاریان لە سەر شەقامەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵات وەک پەیامێکی ڕزگاری نەتەوەی گەیاندۆتە کاربەدەستانی ڕێژیمی دژ بەماف و ئازادییە دێمۆکراتیکەکانی گەلی کورد. ئەوەی هەتا ئێرە سەیری دەکەن ڕووداوەکان بەو جۆرە نین کە خەڵک و تێکۆشەرانی دێمۆکراتەکان دەیان هەوێت و، وەک دەرکەوتووە هەر دوولایەنی حیزب لە بەهانە دەگەڕێن بۆ ئەوەی خۆیان لە ژێر باری بەرپرسیارەتی یەکگرتنەوەدا لابدەن و بڵێن هێندێک ڕیککەوتن و بابەتی ڕێکخراوەی هۆکاری بنەڕەتین و بێ ئەوەی پێشوەختە چارەسەرنەکرین نەتوانین وەک پێویست هەنگاو بۆ وەسەریەکخستنەوەی وزەوتواناکان لە نێو حیزبێکی بە هێزو پتەودا بۆ خەباتی داهاتووی وڵات بەکبگینەوە. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی یەکڕیزی و کۆدەنگی نەتەوەییدا بە چەند هەنگاوێک پێش حیزبەکان کەوتووە و کە ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وشیاری سیاسی و نەتەوایەتیەوە هەیە و ئەو گەلە لە هەموو سەردەم و وەختێک زیاتر هەست بە گرینگی ئەو یەکگرتوویە سیاسی و نیشتیانیە سەرانسەریە لە کوردستان دەکات و هەربۆیەش ڕۆژانە چالاکیەکانی خەڵک دەبینین. کەوابوو گرینگە ئەگەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیش بەو هەست و ئامانجەوە لە گەڵ یەکدیدا ڕەفتار بکەن و کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەی لە ئاستی زۆر بەرزدا دروست بکەن، هەتا لەو ڕێگایەوە گوشاری زۆرتر بخرێتە سەر دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران. بارووبۆخی سیاسی و ئەمنیی ئێران هێندێک تایبەت مەندی تازەی بۆخۆی لە ئاستی ناو چەو نێوخۆیدا ڕخساندووە و کە

لێرەدا مەجالی شیکردنەوەی نەبێت بۆ ئەوەی لە ستراتیژی بابەتەکە دوور نەکەوینەوە. کاتێک لە کوردستان رووداوێک بۆ هەر شار و ناوچە و تاکێکی کۆمەڵگا بێتە پێشەوە و ڕیژیم ستەمی لە ڕۆڵەیەکی کورد کردبێ، کۆمەڵگای کوردستان بەخێرای دێتە سەر شەقام و وێڕای دەربڕینی پشتیوانیان بۆ هاوزمان و هاو نەتەوەکەیان، سیاسەتی دژی گەلی ئاخوندی ئیدانە دەکرێ. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێکە دەنگیان بۆ سەربەخۆی سیاسی و ئیداری بەرزکردۆتە وە و هەربۆیەش ڕیژیم ئێستا سیاسەتی تۆزێک هێورتر لە کوردستان پەیڕەوی دەکات. کاتێک زەمین لەرزە، کرمانشان و شارەکانی دەوروبەری گرتەوە بینیمان بە چ حەماسێکی نەتەوەی لە باکوور هەتا باشووری ڕۆژهەڵات بە هانای براکانیانەوە چوون و ئەو بەدەنگەوەهاتن و کۆدەنگی نەتەوەییە کە لە پشتیوانی ماددی و مەعنەوەیدا خۆی دیتەوە بە شێوەی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریهەڵدایەوە. دیارە جەو هەری ئەو باسە وەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکراوە، زیاتر تیشکخستنە سەر بابەتی یەکگرتنەوەی حیزبەکانە و ڕووی قسە و ڕەخنەکانمان ئاڕاستەی دوو بەشی حدکا و حدک بکەین کە بەداخەوە وەک خەڵک و تێکۆشەرانی هەر دوو لا چاوەڕوانبوون، بۆ یەکبوونەوە هەست بە گەشەکردن و پێشوەچوونێکی ئەو تۆ ناکرێت و ڕووداوێکی زۆر بچووک و لابەلا پرۆسەکە بە لایەکیتردا دەبات. ئەوەی ڕاستی بێت لەپرۆسەی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات بێ ئومێد نەبووینە و، زۆر جار بیستمان کە ئەمساڵ یان چەند مانگێکی تر موژدەی خۆش بڵاو دەکرێتەوە، کە چی بەداخەوە بەکردار شتێکی لێ سەوزنەبوویەوە. ئەگەر بێت و ئەو باسە لەوەی هەیە زیاتر درێژە بکێشێت، ڕەنگە جیاوازی و کێشەکانیش زۆرتر پەرەبستێنن و لە داهاتوودا بە سانای نەتوانین لە سەر خاڵە هاوبەشەکان بڕیاری دروست بدرێ. هیچ لایەک بۆ ئامانجی گەورەو پیرۆزی یەکگرتنەوە نابێت ماندوو و هیلاکی بناسێ و، هەنگاوێکی ئەوتۆ گرینگ بەدڵنیایەوە دەبێت کۆمەڵێک شتی نادروستیش لیک قبووڵبکرێت. ئەگەر پرسی دوو دێمۆکراتەکان بەچارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە و ئالوگۆڕێکی سیاسی بەسەر ئێراندا بێت و بگەڕێینەوە بۆ نێوخۆی کوردستان، ڕەنگە لە کوردستانی ئازاد دا ئەو دەرەتانە بەتەواوی فیدای کۆمەڵێک دەسکەوتی تایبەتی تاکەکان بکرێ و، هەر وەک ئێستایش هەست بەو مەترسیە گەورەیە دەکرێت. ئاڵێین مەیلی یەکبوونەوە دێمۆکراتەکان نیە، بەڵام بەوجۆرەی گەل و زۆرینەی تەشکیلاتی هەر دوولا دەیانهەوێت لە لای هیچکام لە ڕێبەری دێمۆکراتەکاندا بەدی ناکرێت کە ئەو بابەتەش هۆکاری تەشکیلاتی تایبەتی خۆی هەیە و ڕەنگە هێندێک ئەندامی پلە بەرز بەورادەیی خولیایی دەسەڵاتی خۆیانن، بەو ئەندازەیە مەیلیان بە لای چارەنووسی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەیاندا نەبێت و بە هۆکاری بێبنەما دژایەتی ئەو پرسە نەتەوەیە بکرێ. ئەگەر وانەبێت و زۆرینەی ڕەها بۆ مەبەستی خێر دەنگی لە ئاستی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دووبالی دێمۆکراتەکاندا بەرزبکاتەوە، پرۆسەکە ئەوەندەی درێژە نەدەکێشاو ڕەنگە ئێستا زەماوەندی یەکبوونەومان گێڕابا! هەر بۆیەش کە بابەتێکی بچووک هاتە پێشەوە بەخێرایی هەست بە هەڵچوون و لێکدەرکەوتنەوە دەکرێت و، هەر وەک سەبارەت بە "شورای دەمکراسی خواهان ایران" بەچاوی خۆمان کۆمەڵێک هێرشی تووندمان بینی. بەڵام با زۆر دۆستانە بڵێم نە کۆنگرەی نەتەوەیی ئێرانی فیدرالێ و نە ئەو شورا تازەیەش خێرێکی ئەو تۆیان بۆ کورد نابێت. کەوابوو با چیتر لە سەر ئەو مەسەلە لاوەکیانە دەرفەتی بوونەوەبەیەک لە کیسنەدەین.

کاتێک سەیری رووداوە مێژوویەکان دەکەین، دەبین بە شێوەی گشتی هۆکاری شکەست و تێکچوونی زۆربەی جوولانەوە سیاسی و نیشتیمانیەکان، ناکۆکی و ململانەی نێوخۆی کورد بووە و بەدڵنیایەوە هەمووشمان ئەو ڕاستیە دەزانین و هەست بە زیانەکانیش دەکەین. بە ئومێدی هانگاوی نوێ و خێرادارین.

٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

گێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێکی ژیانی پێشمەرگایەتیم!

بەشی یەکەم:

بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی سەرکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەسەر دوا شوێنەواری حکوومەتی شا لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، لە شاری مەهاباد،

لانکی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، بە دەستی بەهێزی "پێشمەرگە" ی کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسی جووڵانەوەی نەتەوایەتیدا بەئازادی و لە سایەی حوکمڕانی کوردی شەکایەوە. زۆر خۆشحاڵم و شانازی بەڕابردووی سیاسیمەوە دەکەم کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە قۆناخە سەختەکانی خەباتی شار و شاخدا وێرای هەزاران ڕۆڵەی بەجەرگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدژی حکوومەتی ئاخوندی و ستەمکاریەکانی لە ژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگەدا خەباتمان کرد بۆ ئازادی و ڕزگاری نەتەوەکەم.

دیارە هەر پێشمەرگەیەک بەدەیان سەربردە و نووکتەی زۆر خۆش و جوانی لایە بۆ گێڕانەوە، بۆ ئەوەی تۆزێک لە خەم و نارەحەتیەکانی ژیان و خەبات لەو ڕێگایەوە لە خۆمان دوور بخەینەوە بگەڕێینەوە بۆ جوانیەکانی سروشتی کوردستان. ئەوجار منیش هەوڵدەدەم بە پێچەوانەی نووسینەکانی پێشتر دەست بەگێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێکی خۆشی دەورانی ژیانی پێشمەرگایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت نەغەدە و پیرانشاردا بکەم کە هەموومان لە مەڵبەندی سپی سەنگ و هێزی قەندیلدا لە دەوری حدکا دا بۆ ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی کۆببوینەوە و بەیەکەوە هاوبەشی سەرکەوتن و گەشەکردنی زۆر باشبووین. بۆ وەبیر هێنانەوەی هاورێیانم و دۆستە بەڕێزەکانم، بەسەرهاتەکانم لە گەڵ بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکاندا لە مەڵبەندی سپی سەنگ و هێزی قەندیل و کومیتەی شارستانی پیرانشار و نەغەدەی کە لە ناوچە جۆر بەجۆرەکانی هەرێمی کار و خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامیدا، دەگێڕمەوە و بەو هیوای توانیبم هەندێک خزمەت بە چاوەڕوانیەکانی ئەو بەڕێزانەم کرد بێت کە زۆر جار داوایان لێکردووم منیش بیرەوەریەکانی ئەو سەردەمە بگێڕمەوە. بە داوای لێبووردنی زۆرەوە خۆم لە گێڕانەوەی عەمەلیاتەکان دەپارێزم و ئەگەر هاتوو مەرگ مەجالی پێدام، ڕەنگە ئەو مێژووەش بخەمە سەر ڕووپەڕی مێژووی پڕلە شانازی هەڵۆ تیژبااڵکانی قەندیل و فەرەنگ و دەشتی سندووس و لاجان و چیا سەرکەشەکانی شەڕگە و قەڵاتی شا و سپی سەنگ و کانیە خودایی.

ئەگەر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا، هاوڕێیەکم لە بیرچووبێ یان ئەوەتا لە قەڵەم کەوتبێ و بەهەڵە ناوێکیتر هاتبێت، بەدڵنیایەوە خەتای پیرییە و بەئانقەست نەبووە و لێرەوە داوای لێخۆشبوونیان لێدەکەم. ئەگەر هەر هاوڕێیەک بەسەرهاتێکی خۆشی لایە پێمخۆشە بەسەرهاتەکان خۆشتر و ڕەنگاو ڕەنگتر بکا. ئەو بەسەرهاتانەش کە لێرەدا دەخرێنەوە بیر و بڵاو دەکرێنەوە، ئامانج لێیان، پاراستنی ئەو ڕۆژانەن کە بە کۆمەڵ و وەک برا و هاوسەنگەری بەوەفا پێکەوە خەباتمان بەدژی حکوومەتی ئاخوندی دەکرد و سیما و کاریگەریمان لەسەر خەباتەکەیش زۆر بە درەوشاوەی لە سەرانسەری کوردستاندا بە لە بیر نەکراوی دەمێنێتەوە. با ئەوەشی لێ زیاد بکەم، زۆرتر ئەو بەسەرهاتانەم گێڕاونەتەوە کە خۆمیان لە ناودام و ئیزنم بە خۆم نەداوە، لە جیاتی دۆستانی تر بەسەرهاتەکانیان بگێڕمەوە، نەکا لێیان تێکبدەم و خۆم شەرمەزاریان بم.

سالانە پاش سازمەندەهی مەڵبەند و هێز و دیاریکردنی شوێنی کاروچالاکیە سیاسی و تەشکیلاتیەکان، پێشمەرگەکان بەرلەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی کە زۆر دڵخۆشبوون بە گەڕانەوەمان بۆ نێوخۆی کوردستان، لە هێز و لکەکاندا بەسەر دەستەی بچووک بچووکدا دابەش دەبووین و هەر کەسێک سەربەستبوو لەوەی هاومزڵی سالی نوێی تێکۆشانی هەڵبژێرێت ولە چیا و شیو و دۆڵ و لێرەوارەکاندا بەیەکەوە بە قسەی خۆش و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی پیلانگێڕیەکانی هێزە داگیرکەرەکان، پشوویەکیش لە کەش و هەوایەکی دۆستانە و پێشمەرگانەدا بە جەستەی ماندوو و شەکەتمان بدەین. سالی ١٣٦٨ی هەتاوی هێزی قەندیل و مەڵبەندی سپی سەنگ کە ئەوکات کۆچکردو سەید ڕەزای درودگەر بەرپرسی مەڵبەندبوو و ڕێزدار ئەحمەد نستانیش فەرماندەری هێز و محەممەد میقدادیش جێگریبوو. لە کۆتایی سالدا بریاردرابوو کە جەولەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی کە لە مانگی خەرمانان دا ئەنجامدەدرا، دەبوو هەتا ناوچەی نەغەدەی بڕۆین و سالانی تر هێز نەیتوانی بوو سەردانی ئەو ناوچانەی شارستانی نەغەدەی بکا بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی ناوچەو میلیتاریزەکردنی ئەو شارە بە هۆی هێزەکانی حکوومەتی تاران. جەولە لە پیرانشار کە بە ناوچەی مەنگۆڕایەتی مەکۆی شۆڕش و کانگای بیرکوردایەتی تێپەر دەبووین و سەرەتا لەوێڕا بانگی ئازادی و یەکسانیمان دەچڕی. بۆ ئەو مەبەستەش دەبوو بۆ پشوو و حەسانەوە چەند ڕۆژێک لە بەری مێرگان و نەڵین و گەدەی بمێنینەوە و لەوێش ئەرکە حیزبییەکان جێبەجێ بکرین و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی ناوچەکان زیاتر شارەزای سیاسەت و هەڵوێستە نەتەوەیەکانی حیزب بکرێن و هەرلەوکاتەشدا بەرچاوتر لە سالانی تر باس لە مەترسی و پیلان گێڕیەکانی ڕێژیمی ئاخوندی پاش تیرۆرکردنی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلەکەمان، شەهید دکتۆر قاسملوو بکرێ و دڵنیایی بدرێتەوە بەخەڵک کە خەبات و بەرخۆدان تاوەدی هاتنی سەرجەمی مافی ئازادی گەل درێژەی دەبێت. دیارە سالانە پیشمەرگە زۆر لەو ناوچانە دەمایەوە و تارادەیەکی زۆر فشاری ئابووری کەوتبوو، سەر ژیانی خەڵک و بەڵام خەڵکی ئەو ناوچانە هەرگیز بەجۆرێک خۆیان نیشان نەدەدا کە بە هاتنمان دڵخۆشنین و بەڵکوو هەمیشە بە دڵێکی فراوان و هەستێکی گەورەی نەتەوەیی پێشوازیان لێدەکردین و کە ئەوەش هاندەرێکی باش بوو بۆ تێکۆشانی ئێمە. پێشمەرگە هێز و وزەی شۆڕش و بەرخۆدانی لە هاوکاری و یارمەتی بەردەوامی

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەردەگرت و ئێمەیش لەو نیعمەتە بێبەش نەبووین. ڕۆژێک هێز لە گەڵ فەرمەندەکان لە ناوچەی نەڵێن کۆدەبێتەوە و لەسەر پێشنیاری چەند هاوڕێک بابەتێک دەخرێتە بەرنامەی کۆبوونەوە و پاش باسکردنی کۆمەڵێک خاڵ و بەرنامەی سیاسی و تەشکیلاتی و چۆنیەتی هەڵسورانی بەناوچەکاندا، بڕیاردرابوو کە بۆ خواردن زۆر زەخت نەخرێتە سەر خەڵک و هەرچیەک هاتە سەرسفرەی بیخۆین و بەزیادی کەین. بەهەق پێشمەرگەکانیش هەر بەو جۆرە لە گەڵ خەڵکدا رفتاریان دەکرد و مایەیی فشار و ناڕەحەتی خەڵک نەبووین. دیارە ئەوە بڕیارێکی زۆر بەجێ و دروستبوو. ئەو کات لە نەڵێن بووین و بۆ شەو ساخبوونەوە سەردانی گوندەکانی شەختان و بەردەکۆرە و مامەیبە و شەکراوێمان کرد. لکی ٢ کە ڕێزدار محەممەد ئەمین خراپە سەرلکی بوو، چووینە بەردەکورەی. بەڵام ئەوەی دەمەوێت بیگێڕمەوە پەیوەندی بە خواردنی خۆشە و هێنانی خواردنە بەتام هەیە . لکی یەک کە شەهید ڕەسوڵ مەستە فەرماندری بوو و هاوڕێ محەممەد قەرەخدریش جێگری بوو. ئەو لکە لە گەڵ هێزو مەڵبەند بۆ شەختانی دیاریکران و شەو چوون بۆ ئەو گوندە. کاک محەممەد قەرەخدری کە خەڵک زۆر باش دەیانناسی و ماوەیەکی درێژبوو لەوێ خەباتی دەکرد، یەکێک لە ناسراوترین کادرەکانی حیزب لە ناوچەکانی مەنگورایەتی بوو. شەوێ مریشکی بۆ سوور دەکەنەوە و بۆ ڕۆژی دوای بۆی دەپێچنەوە. بۆ مانەوەی ڕۆژی دوایش خۆمان گەیاندە نزیک "گولەک" ی هەتا لەوێڕا پاشان بڕۆینە ناوچەی گەدە و ئەو جار بەرەو نەغەدەی خۆمان هەڵدەینە سەر لاقەکانمان لە جیاتی ماشین و ئوتووبووس. گولەک ئەو گوندە بوو کە زۆربەی کادر و پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سپی سەنگ و هێزی قەندیل نوختە و بیرەوەریان بێگوومان لێی هەیە و خەڵکەکەی زۆر ڕووخۆش و قسە لەڕوو و کەیفیان بە جەفەنگ دەهات و ئەگەر زۆریان شارەزا نەبای ڕەنگە لێیان زوێربای.

بەڵام خەڵکێکی هەتا بڵێی باش و کورد پەروەرن و دیارە هی خراپیشیان هەبوو ، هەر وەک سروشتی ژیانی مرۆڤەکانی تر. کات نیوەڕۆبوو و خۆمان لە بەرتینی خۆر لە ژێر سێبەری داربەڕوەکاندا حاشاردابوو و پێشمەرگەکان کە ژمارەمان زۆربوو، ئەو ناوەیان وەک گوندێکی گەورە ئاوەدانکردبۆوە و هەرکەس لە شوێنێک خەریکی کاری خۆی بوو. کاک محەممەد بەدەستی ئیشارەی بۆ کاک خدر قەڵاتی کرد و ئەویش بەدەستی ئیشارەی بۆ ئەحمەد ڕوبینتەن کرد و منیش بۆ مریشک خواردن دەعوەتکرام. لەو کاتەدا بەڕێز ئەحمەد نستانی چاو دەبڕێتە هەڵسوکەوتەکانی ئێمە و پاشان پێ گوتین بەخوا ئەو منگوڕانە شتێکی شاراوەیان هەیە هەربۆیە یەک یەک و دوو دوو بەرەو قەرەخدری دەڕۆن و خۆیان لە هاوڕێکانیان دوور دەخەنەوە. هەر چۆنێک بوو بانگی کاک ئەحمەدیش کرا و دەستمان بە خواردن کرد. محەممەد قەرەخدری لەو کاتەدا هەستی دەکرد بڕیاری پێشیلکردوە و، زۆر بە شەرمەوە لە بەرانبەر کاک ئەحمەد نستانی قسەی دەکرد. خدر قەڵاتی کە ئەو کات لە ژیاندابوو بە پێکەنینەوە گووتی کاک ئەحمەد ئەمڕۆ هەموومان میوانی قەرەخدرین و سبەیش نۆبەی منە. مەبەستی خدری ئەوە بوو کە تۆزێک قەرەخدری دڵخۆش بکا و هەستێکی تری بۆ بڕەخسێنێت لە لای نەستاندا. منیش تۆزێک بەشەرمەوە ڕووم کردە ڕێزدار ئەحمەد نستانی و گووتم کاک ئەحمەد باوەڕ بکە، کاک محەممەد قەرەخدری بڕیاری نەشکاندوە. چوونکی ئێوە بڕیارتان دابوو کەس بۆی نیە مریشک بە خەڵک بکوژێتەوە و لە گەڵ خۆیدا بێنێت. کاک

محەممەدیش بەڕاستی ڕێزی ئەو بڕیارەی گرتووە و ئەوەی خواردمان "مراوی بوو" و مریشک نەبوو، هەموویان زۆر بەقوولّی پێکەنین و پاشان بە دڵێکی پر لە ئەوین و خۆشەویستی بۆ ئازادی و سەربەستی کوردستان لێک دوور کەوتینەوە.

٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

گێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێکی خۆشی ژیانی پێشمەرگایەتی!

بەشی دووهەم:

ساڵی ١٣٧١ ی هەتاوی بوو و بنکەو بارەگاکانمان لە لێوژێی بناری قەندیل بوون و هێشتا بەرەو قووڵایی خاکی کوردستانی باشوور لە ژێر فشاری هێزە بالّا دەسەتکاندا نەگواستبوونەوە و ناوچە سەرسنووریەکانمان چۆل نەکردبوون. لە سازمەندەهی ئەو ساڵەدا وەک کادری سیاسی لکی یەک دیاری کرام و ڕەحیم مەنگوڕی وەک سەرلک و مینە بازدیش جێگری ئەو لکە بوون. هەر لەو ساڵەدا محەممە میقدادی(ڕەشە) بە سەرپەرستی هێزی قەندیل لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە ناسێندرا، کە زۆرمان پێ خۆش بوو، لەبەر ئەوەی ە ڕەشە خەڵکی ناوچەی پیرانانی پیرانشار بوو کە بەدوای نەقڵکرانی کاک سەید ڕەسوڵ سەید ئەحمەدی و پێشتریش کاک هەمزە بێهنام بۆ هێزی ئاگری. لەو کاتەدا یەکەمجار بوو کەسێکی خۆجێی وەک کەسی یەکەمی هێز دیاری بکرێتەوە. بەگشتی کادر و پێشمەرگەکان زۆر کەیف خۆش بووین و ڕەشەش کە لە نزیکەوە هەموو هاوڕێکانی دەناسی و پەیوەندی پتەو و بە هێز لە نێوان هێز و لکەکاندا دامەزراند. سەرپەلەکانی لکی یەک شەهیدان عەبدوڵا تەبەرزە و مراد ڕەحیمزادە بوون و جێگر پەلەکانیش ئاوارە ئاف و ناوی جێگر پەلەکەی‌ترم نەهاتەوە یاد کە بەیەکەوە هەموومان هاوکاریی بووین و زۆریش پێکەوە دەگونجاین و پێشمەرگەکانیش زۆر بەچاکی یارمەتی و هاوکاری سەرخستنی ئەرکە حیزبیەکانمان بوون.(شەهید مینە بە هۆی کردەوەی تیرۆریستی لە گەڵی عەلی بەگ لە گەڵ محەممەد درەخشانی کادری کومیتەی شارستانی پیرانشار کە ئەو کات شوفیر بوو، تیرۆرکران) ئەو ساڵە سەرەتایی ڕۆژێکی گەرمی هاوینی بوو. لە چیاکانی پشتی ماسۆ مابووینەوە، بۆ ئەوەی درێژە بە کار و چالاکیە سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامیەکان بدەین لە دەڤەری نەغەدەی. پێشمەرگەکان هەموو شاد و کەیف خۆشبوون و دەستە دەستە لەژێر سێبەری تەپڵە گوێنی و بنجی تیروێ و تاشەبەردەکاندا لە دەوری یەکدا کۆببوونەوە و هەر یەکە و بە شتێکەوە سەرقاڵبوو. هێندێکیان بە پێکەنیەوە باسی سەربردە و قسەی خۆشیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوەو و هێندێکیشیان بارودۆخی سیاسی و ئەمنی ڕێژیمان تاوتوێ دەکرد و بە ئومێدەوە بەرەو ئاسۆی سیاسی و خەباتی حیزبیان دەڕوانی. ئەو کات وا باو بوو پێشمەرگەکان بەدڵخوازی خۆیان هاومزڵیان هەڵدەبژارد بۆ نان و پێخۆر هەڵگرتن بۆ ڕۆژانی دوایی و هاونشین لە کاتی پشوو و مانەوەدا. تیمی پچووکی ئێمە لە مینە بازیدی و محەممەد سلێمانی و حوسێن دەمە و جەعفەر ڕێواس و مراد ڕەحیمزادە پێک هاتبوو. (مراد ڕەحیمزادە بەداخەوە پاشان لە گوندی قەڵاتی زێدی خۆم لە گەڵ هاوڕێی عەبدوڵا تەبەرزە شەهیدکران کە ئەو دوو فەرماندەیەش یەکێکیتر بوون لە ئازاترین پێشمەرگەکانی هێزی قەندیڵ) حوسێن دەمە کە بەداخەوە (ئەویش بە پیلانێکی تیرۆریستی لە گەڵ مستەفا محەممەدزادە لە سەر دەروازەی نێوان قەندیلی گەورە و پچووکدا شەهید دەکرێن لە لایەن چەند

پیاو کوژێکی باشووری کوردستان) کوردێکی ئازا و بە هێز و قسەخۆش و پیتۆڵ بوو. لە کاتی مانەوە پشوومان دەدا، حوسێن لەسەر چیا و تەپلۆکە و بن دار و دەون بوایە، بۆ حەسانەوە و پشوودان بە سەرنێزەکەی پاش خۆماندووکردنێکی زۆر جێگای خۆی تەخت و ڕێکدەخست و وەک ئەوە دەچوو کە لە هەر شوێنێکدا کۆشکی پشوودانی سازدەکرد. پێشمەرگەکان بەگشتی زۆریان هەوڵدەدا لە گەڵ حوسێن هاومزڵبن. لە گەڵ ئەوەشدا حوسێن دڵناسک بوو، زوو زوو لێمان زوێر دەبوو و من و شەهید مینە زۆرمان دڵ ڕادەگرت و بەهەق حوسێن ڕێزی زۆری لە مینە بازیدی دەگرت و بەگوێی ئەوی دەکرد . ئەو ڕۆژە لە سەر چا لێنان کە سەرەی خۆی دەبێت هەڵدەچێ و داوایی جیابوونەوەی کرد بوو. کاتێک مراد ڕەحیمزادە بانگی کرد و گوتی محەممەد حوسێن دیسان بەرگە و بنەی پێچاوەتەوە و دەڵێت چیتر لە گەڵ ئێمەدا نابێت. منیش زۆر بە پێکەنینەوە گووتم، مراد بینێرە بۆ" کۆمیسۆنی سیاسی نیزامی" بۆ ئەوەی پاکانە حیسابی لە گەڵ دا بکەین. مراد ڕەوانەی ئێرەی (لای منی) بکە و و با کۆڵەپشتیەکەشی لە گەڵ خۆیدا بێنێت. حوسێن کە زۆرمان لێ دوور نەبوو گوێی لە قسەکانی ئێمە بوو خێراهات و گوتی: ها ئەوە نان و پێخۆرەکەیە و بۆچیتە؟ منیش پاش دابەشکردنی بەدوو بەش، بەشی خۆم پێداو و گوتم بەخێر چیت براڵە، ئەوە پاکانە حسابەکەمان کرد و هیچمان پێکەوە نەماوە، هەرکەسێکت پێ خۆشە بڕۆڵای!!. ئەویش بەتووڕییەوە لێم دوور کەوتەوە و گووتی تازە هەر بەنزیکتاندا تێناپەڕم باشە، تازە ناگەڕیمەوە بۆ لاتان!!. بەڵام ئێمە دەمانزانی نە حوسێن بێ ئێمە هەڵدەکا و نە ئێمەش رازین ئەو لێمان جیابێتەوە و لە کۆتایدا بۆ جارێکترتر یەکمان گرتەوە. شەوێکی هاوینی ١٣٦٩ی هەتاوی بوو بۆ پشوودان و حەسانەوە بڕیاردرابوو بۆ چەند ڕۆژێک لە شیو و دۆڵ و ئەشکەوتەکانی "دۆڵەڕەش" دا بمێنینەوە. شەوێ بەر لە وەڕێ کەوتن کاک محەممەدە ڕەشە، بە کاک محەممەد قەرەخدری دەڵێت تیمێک بنێرە بابڕۆن ئەو کەلوپەلە نیزامیانە لە فلان گوندەی بێنن.

مینە بازیدیش کە خەڵکی ناوچەی بەریمێرگان بوو و هەرلەوکاتەشدا شارەزای بواری ئەمنی و جوگرافیایی ئەوێبوو، وێڕای پۆلێک پێشمەرگە، مەئموریەتی پێدەڕێت. هێز لە شوێنەکە زۆرر دوور نەکەوتبوویەوە. کاتێک کاک مینە و هاوڕێیانی دەگەنە جێگای دیاریکراو تەنیا کەڕێکیان دەست دەکەوێت بۆ گواستنەوەی موهیماتەکە. خۆشتان دەزانن گوێدرێژ هێزی ئەسپ و هیستری نیە و توانای ئەوەی نیە بەڕێژەیەکی زۆر بەرهەڵگرێت.

پێشمەرگەکان دەزانن بەو کەرە نەخۆش و بێ هێزە هەموو ئەو شتانەیان بۆ ناگوازرێتەوە کە هێز داوایکردبوو. ئەو کات ئێمەش بۆ پشوویەکی کورت لە پشتی هەنگەوی، واتە مەلامەحموودی هەرکەسە پاڵی بەکۆڵەپشتیەکەی دابوو لە گەڵ هاوڕێکانیدا گفتووگۆی دەکرد. دەنگە دەنگی سرت و خورت و پێکەنینی پێشمەرگەکان دەبیسرا و ئەو کات هەمیشە دڵمان خۆش و خۆمان بە پادشای وڵات دەزانی و هەرگیز هەستمان بە شەکەتی و بێهێزی نەدەکرد.

هێندێک جاریش جێگرپەلەکان بەسەر پێشمەرگەکاندا دەگەڕان و داوادەکرا، بە سەبری قسە بکەین و نەکا لە دەوروبەرمان

شتی نامۆ هەبێ یان شوان و کەسی تر گوێی لە دەنگە دەنگی ئێمە بی و ڕۆژی دوای بڕۆن ڕاپۆرتمان لە لای دوژمن لێبدەن و پشووەکەمان لێ تێکبدەن و توشی شەربین. لەلای هێز دەنگە دەنگ پەیدابوو و ئێمەیش زۆر خێرا خەیاڵمان بۆ ئەو پۆلە پێشمەرگەیە چوو کە بۆ مەئموورییەتی کورت لێمان دوورکەوتبوونەوە و وامانزانی لە کەمینی دوژمن کەوتوون. هەرچۆنێک بوو خۆمان نزیک کردەوە و زانیمان مەسەلەکە کەلوپەلی نیزامیە. بە حووکمی ئەوەی ئەو شەوە لە گەڵ تیمی پێشڕەودابووم، بۆم هەبوو لە هەرکوێیەک بوەستم. محەممەدە ڕەشە پەیوەندی بە مینە بازیدییەوەکرد و لێپێرسین زۆرتان ماوە بەرەو لای ئێمە بگەڕێنەوە یان جارێ هەرلەوێن! کاک مینە بازیدی دیاربوو باسی دژواری کارەکەی دەکرد و ئەو وڵاغانەی دەست نەکەوتبوون هەتا بری زۆری چەک و تەقەمنی لە گەڵ خۆیاندا بێنن و لەو کاتەدا تەنیا کەڕێکیان دەست دەکەوێت. کاک ئەحمەد نستانی ڕوودیکردە ڕەشە و قەرەخدری و فەرمەندەکانی تر و پرسی چیان کردوە، بەڕێکەوتوون یان هەر لەوێن! ئەوانیش وڵامیان دایەوە و گووتیان کاک ئەحمەد مینە دەڵێت ئەو هەموو شتەمان پێنایەت. نستانی تورەبوو گوتی بۆچی پێیان نایەت خۆ بەکۆڵ نایهێنن، یانی لەو گوندەیدا کەسێک وڵاغی نیە بڕۆن لێی وەربگرن و شتەکانی لێ بار بکەن! کاک ئەحمەد بە بێسیم قسەی لە گەل کاک مینەی کرد، کە ئەوکات ناوی نهێنی شەڕگە بوو، کاک ئەحمەد پرسی ئێ شەڕگە پێمبڵێ بۆچی ئەو شتانەتان بۆنایەت و خۆ بە کۆڵی هەڵناگرن! هەرچی مینەبوو دەیگووت ولاغەکە ئەو هێزەی نیە هەموو کەلوپەلە هەڵگرێ و هیترمان دەست نەکەتووە. نستانی سووربوو کە دەبێت هەرچۆنێک بێ ئەوەی پێتان گوتراوە بیهێنن! مینەش لەوکاتەدا زۆر تورەبوو و لە وڵامدا گووتی: (مەریوان، ناوی نهێنی بێسیمی کاک ئەحمەد بوو) مەریوان گیان! هەر لە خۆت دەپرسم، شەغرە بەکەڵەبابییەوە دەدرێت! مەبەستی مینەی ئەوەبوو کە بە گوێ درێژ هەموو ئەو شتانەی داواکراون بۆمان نایەت. هەموو لێگڕا دەستیان بە پێکەنین کرد و نستانی گوتی بەخوا برام ئەو کابرایە زۆر سەیرە و هەر بەقسەی خۆی دەکات.(شەغرە کۆمەڵێک باقەی گیایە) دیار بوو نستانی بەتەواوی لە بەمەستی مینەی نە گەیشتبوو و ئەگەر هەڵەم نەکردبێت محەممەد قەرەخدری مەبەستی مینەی بۆ نستانی ڕوونکردەوە. ژیان هەرچەندە سەخت و دژواربوو، بەڵام ئیرادە و ئیمان بەڕێبازی سیاسی حیزب و، خەباتی نەتەوایەتی هەموو خەمو خەفەتێکی زەمانەی لەبیربردبووینەوە و لەو ڕۆژگارەداتەنیا بیرمان بە تەنیا لە سەر کارو چالاکیەکانمان بوو. دیسان گەڕاینەوە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، ئێوارەیەکی زوو خۆمان گەیاندە گوندی کانیەکلی، کە گوندێکی دڵگیر و مێژوویی بوو لانی کەم بۆ پێشمەرگە دێرینەکان. چوونکی وەختی خۆی کە ڕێژیم نەتوانیبوو بە هۆی بەرگری شێرانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە مەڵبەندی خۆڕاگری پیرانشار، قارەمانانی هێزی ئاوارە کە پاشان ناوی گۆڕا بۆ هێزی قەندیل هەموو شار و دەڤەرەکان داگیربکات و کۆنترۆڵی بکاتەوە. لەو وەختەدا پەلێک لە پێشمەرگەکانی لکی ٢ی هێزی قەندیل مەقەڕیان لەوێ دەبێت. یەکێک لەو هاوڕێ و دۆستانەیش کە وەختی خۆی لەوێدا ژیابوو و عەلی دیواری بوو. عەلی کوڕێکی شەرکەر و ئازا و فەرمەندەیەکی چاونەترسبوو، بەڵام زوو زوو لێمان تووڕە دەبوو. ئەو شەوە بەڕێکەوت من و عەلی لە گەڵ چەند پێشمەرگەی تردا چووینە ماڵی حاجی عەلی(حاجی یەکان سێ برابوون و زۆر کوردپەروەر و بەڕێزبوون و خۆدا پێدراو و دەوڵەمەندی ناوچەی گەدەی بوون) و وەک سوننەتی پێشمەرگایەتی دەستم کرد بەناساندنی ناوێ هاوڕێکانم. پاش

ناساندنی ناوی یەکە بەیەکەیان بەمام حاجی عەلیم گوت، مام حاجی ئەوەش کاک عەلی دیواریە و کادرێکی تێکۆشەر و بەئەزموونی حیزبە و خەڵکی گوندی قوبادبەگیانە و کوری رەسوڵی خدری شێخەیە. دیارە منیش بەهەڵە ناوی باوکم گووت و ناوی باوکی عەلی لە ڕاستیدا مام " خدر" ە نەوەکی رەسوڵ. هەستم بەو هەڵەیەنەکرد و عەلیش لەوێ هیچی نەگووت و یان ئەوەتا لە بیری نەبوو یان شەرمی کرد لەوێ هیچم پێ بڵێت و لە زەوقم بدات. بۆمانەوەی ڕۆژی دوایی بەرەو چیای سپی سەنگ هەڵدەگەڕاین کە شەوێکی تاریک و ئەنگووستە چاو بوو و ڕێگامان بە نێو گوێنی و کیفاری بەدڕکی ئەو ناوەدا دەبڕی. لە پڕ عەلی کە لە سەفەکەدا زۆرمان فاسیلە نەبوو، بەتوڕەیەوە بانگی کرد و پرسی محەممەد!! کاکە گیان ئەتو ئەگەر ناوی باوکم نازانی و لە بیرت نەماوە، بۆ لەوێ منت بە هەڵە بەمام حاجی ناساند! خۆ مام حاجی عەلی منی دەناسی و پێویستی بە فەلسەفەبافی تۆ نەبوو! پاشان هەر لە خۆت دەپرسم، ناوی باوکم مەردی حیسابی خدرە یان ڕەسوڵ؟ منیش بە هێواشی زانیم عەلی زۆر توڕەبووە و هەقی بەدەستە و هەڵەکە لەمن بووە. گووتم عەلی گیان جا ئەو تووڕە بوونەی دەوێت براڵە! بەخوا قسەی بەینی خۆمان بیت، من ناوی ڕەسوڵم لە هی خدری زۆر زۆر پێخۆشترە!.. عەلی زۆر توڕە و بێزار بوو لە ولاّمدانەوەکەم و بێدەنگەی لێکرد و گەڕایەوە جێگای خۆی لە نێو سەفەکەدا. بەردەوام بووین لە ڕێگا ڕۆیشتن بۆ شوینی مانەوە. ماندوویەتی و شەکەتی ڕێگا لێک زویربوونەکەی لە بیر من و عەلی بردەوە و هەر وەک هەمیشە هاوڕێ و دۆستی نزیکبووین.

١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٧

گێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێکی خۆشی ژیانی پێشمەرگایەتیم!

بەشی سێهەم:

ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە سەر داخوازی کادر و پێشمەرگەکانی کومیتەی شارستانی نەغدەی و پشتیووانی هاوڕێیانی مەڵبەندی سپی سەنگ و ڕەزایەتی کومیسۆنی سیاسی نیزامی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەند درا و هەر دوو شارستانی پیرانشار و نەغدەی بەجیا کۆنفڕاسیان گرت. من لە کونفرانسی کومیتەی نوێدا وێرای کاک حەمەدەمین خراپە و کاک مەحمودلاوازە بە ئەندامی کومیتەی شارستانی پاش هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەندی سپی سەنگ هەڵبژێردراین. کاک سەید برایم هاشمی وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی پیرانشار دیاریکرابوو و کاک سەید عەزیز نیکجویان فەرمەندەی چاو نەترس و لێهاتوو، وەک فەرمەندەری هێز مایەوە. ئەو ساڵە دەبوو بەچاکی قۆڵ لە کار و تێکۆشان هەڵمالێین و بەهەق ئەو ساڵە بەگشتی ئەرکی خۆیان زۆر بە باشی بەڕێوەبرد. لە سازمەندەهی ئەو ساڵەدا وەک بەرپرسی تیمی تەشکیلاتی ناوچەکانی نەلێن و گەدە و بەریمێرگان لە لایەن کومیسۆنی سیاسی نیزامی حیزبەوە دیاریکرام و بۆ ئەو مەبەستەش ڕاسپێردرام، کەسانی شارەز و ناسراوی ناوچەکان سەرەتا قسەیان لە گەڵ بکەم بۆ ئەوەی وەک هاوکاری ساڵی نوێی تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی ناوەکانیان بناسێنم. منیش لە پێشەوە داوام لە دوو برا و دوو هاوڕێی زۆر نزیکی خۆم و ناسراوی ناوچەکان واتە: کاک محەممەد قەرەخدری وکاک ئەحمەد ڕووبینتەن کرد و ئەوانیش زۆر بە خۆشحاڵیەوە ئامادەیان دەربڕی کە هاوکار و یارمەتی دەری یەکبین و بەیەکەوە کار بکەین. هەرچەندە بە سین و ساڵ زۆر لەوان پچووکتربووم، بەڵام بەیەکەوە زۆر باش دەگونجاین و وەک هاوڕێی چاک کارمان دەکرد. ئەو کات شوێنی نیشتەجێبوونمان لە جێژنیکان، گوندێکی نزیکی هەولێربوو.

پێم حەیفە ئەو نوختەیەش هەر لێرەدا بەس نەکەم. ڕۆژێک لە گەڵ کاک یوسف مەولودی بەیەکەوە چۆینە هەولێر، منیش پشتێندێکی ٣ میتریم لە شار کریبوو. ئەو ڕۆژە لە گەڵ خۆمدا بردم هەتا لەلای خەیاتێک سەردروی بکا و بۆ ئەوەی لێک هەڵنەوەشێت. بەرانبەر بە پارکی شار کۆڵانێکی تایبەت بە خەیات و پارچە فرۆشتنی لێبوو. لەوێ هەر لە پێشەوە تەسلیمی دەستی وەستا معێدینمان کرد و گووتمان پاشان دەگەڕینەوە. دوای چەند کاتژمێرێک گەڕاینەوە لای خەیاتەکە بۆ وەرگرتنەوەی پشتێندەکەم. زەرفێکی دایە دەستم و ئەو گووتی ئەوە پشتێندەکەتە و هیچ ناکات، منیش بەهەڵە لێی تێگەئیشتم و وامزانی دەڵێت، ٢٠ دینار دەکات! گووتم وەستا گیان تۆزێک خاترمان بگرە و بەخوا ٢٠ دینار زۆرە؟ وەستا معێدین بە دەم پێکەنینەوە وڵامیدایەوە و گووتی، باشە لە هیچی خاتری چیت بگرم! دەڵێم هیچ ناکات. منیش زۆر

تەریقبوومەوە و چاوێکم لە کاک یوسف کرد، بینم کە زۆر بەگوڕ پێدەکەنێت، گووتم بەخوا نابێت وەستا دەبێ ١٠ دینارمان لێ وەربگری. هەرچیکردمان وەک خۆمان لێنەهاتەوە و هەڵدرونەکە بوو بە بەلاش. دیارە پێشتر هێندێک کارمان پێکردبوو و ببوونە ناسیاوی یەکدی. لەو کاتەدا کاک یوسف زۆر بە قوڵی لە کڵپەی پێکەنینیدا و گووتی هەتی محەممەد دەڵێی گوێت گرانبوونە. یانی پێتوابوو دەڵێت ٢٠ دینار دەکا. وەستا گووتی هیچ ناکات و پیرۆزتان بێت، کەچی ئەتۆ محامەلەت لە گەڵ دەکرد. ئەو رۆژە زۆر بەو رووداوە پێکەنین و کاک یوسف هەر کە تەماشای منی دەکرد، بزەی دەهاتێ. لە رووی جووگرافیەوە زۆر لە سنووری ناوچەکانمان دوور کەوتبوونەوە و بۆ گەڕانەوەش دەبوو یارمەتی لە دۆستەکانی باشووری کوردستان وەرگرین. لە ڕانیەوە زۆر ئاسان نەبوو بە کەلوپەلی پێشمەرگایەتی خۆمان بگەیەنینە سوورەدێی کە لەوێڕا کێشەمان لە سەر ڕێگای نەدەما. ئەو وەختی هێزە باڵادەستەکانی باشوور ڕێگەریان دروستدەکرد لە بەردەم کار و تێکۆشانی هێزەکانی ڕۆژهەڵات و یەک لەوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا.

دۆستێک بە ماشینی خۆی ئێمەی گەیاندە سوورەدێی و لە ڕاستیدا پێشخۆمان ڕەخت و تفنگەکانمان بەرێکردبوون و ئەگەر لە سێتەرەی بەرەو سوورەدێی لە ئێمەیان پرسیبا بۆ کوێ دەڕۆن و کێن، وڵامی گونجاومان بۆیان هەبێ و گوومانمان لێنەکەن کە دەگەڕێینەوە بۆ ناوچەی. بەو زەحمەتە زۆرە و بەدەستی بەتاڵ و بێ چەک ئێوارێ درەنگ گەینە گوندی سوورەدێی و لەماڵی دۆستێکمان بەناوی مام خدر دوو ژن لاماندا و پاش پشوودان بەڕێکەوتین. ڕۆژی دوایی و زۆر بەخێرایی خۆمان گەیاندە کوێستانەکانی بەریمێرگان و شەوی یەکم لە چادری ماڵی حاجی عوسمان لاماند کە هۆبەیان لە هەوارەکانی شەرگەی هەڵدابوو. شەوێ لەوێ میوانبووین و پاشان بەرەو قوڵایی ناوچە درێژەمان بەڕێگا ڕۆییشتندا و بەخۆشیەوە بێ گیروگرفت خۆمان گەیاندە گوندەکانی نزیک چۆمی کەڵوێ. پەرینەوە لە ڕووباری کەڵوێ یەکێکی تر بوو لە کێشە گەورەکان و دەبوو بە هەر ڕێگایەکدا بێت، بەرەو نەلێن و گەدەی لە ڕووبار پەریبانەوە هەتا نیشتنەوەی ڕووبارەکە. سااڵنە کە دەپەڕینەوە بۆ ماوەیەکی باش نەڵێن و گەدەی دەماینەوە و زیاتر خەریکی کار و چالاکیە سیاسی و تەشکیلاتیەکانمان دەبووین و وەختێکیش چۆمی کەڵوێ کەمتر دەبوویەوە، ئاسانتر دەمانتوانی ئەو بەر ئەوبەر لێبکەین و ئەو کات بەجارێک قوڕمان بۆ سەری دوژمن دەگرتەوە و چاکتر هیلاک و سەر لیشێواومان دەکردن. ڕۆژێک مەلەوانێکی ناوچەکەمان ڕاسپارد هەتا بە ڕووناکی بوارەکانی تاقی بکاتەوە و هەرکامێک لە بوارەکان گوونجاوتربێت، هەوڵدەدەین لێی بە پەڕینەوە. خۆ هەر چۆمەکە کێشە نەبوو، کاک ئەحمەد ڕووبیتەنیش لە ڕووبار زۆر دەترسا و دەبوو بەردەوام بچیە ژێر قۆڵەکانی هەتا دەپەڕێتەوە. هەر چۆنێک بوو خۆمان گەیاندە بەری نەلێن. ئەوسااڵ بەهۆی هاوکاری و نفووزی هەردوو کادری بەئەزموون، توانیمان کاری باشی سیاسی و تەشکیلاتی و ماڵی بکەین و سەردانی ٢ - ٣ی گوندەکانمان کرد و ئەرکە حیزبیەکانمان بە باشترین شێوەی موومکین ئەنجامدابوون و وەک تیمێکی سەرکەوتوو، کومیسۆنی سیاسی نیزامی حیزب دەست خۆشی کارو چالاکیەکانی لێکربوودین. ئەوجار بە گێڕانەوەی بەسەر هاتێکی تر بە یەکەوە پشوویەک بەروحی شەکەت و ماندوو و دوڕەوڵاتی دەدەین و بە و ئومێدەی ڕۆژێک بێت لە نزیکەوە شوێن و کەسایەتیەکان لە نزیکەوە لە باوەش بگرین کە لە هەمو

وەخت و ناوەختێکدا بەشێکی زۆری ناڕەحاتیەکانی ئێمەیان لە کۆڵنابوو. لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا خەڵکە ستەملێکراو و هەژارەکەمان هاوکار و هاندەری ئەساسی مان بوون کە بەردەوامبین لە بەرخۆدان و تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی. زۆر جار ئەوەمان بەرگوێچکەی کوتووە کە دەڵێت: مرۆڤەکان هەموویان وەک و یەک نین و جیاوازی زۆریان لە گەڵ یەکدیدا هەیە لە رووی کرداری و بیروباوەری سیاسی ونەتەوەیی.

وەک مرۆڤ کە بوونەوەرێکی گرینگی کۆمەڵایەتیە، بە قیاس و هزر و تێڕوانین هەمووی پێکناچێت و هێندێکمان زوو هەڵدەچن و تەحەمووڵی شۆڕشگێرانەی باوی زۆر کەمە و هەشە زۆر بەدژواری شلۆ دەبێت و وەک لە کوردەواریدا پێی دەڵێن، گومی مەندە. هەیە زۆر کەیفی لە قسەی خۆشە و لە نوختە گێرانەوەدا سەر قافڵەیە هەگبەی پڕیەتی لە مرواری ڕەنگا و ڕەنگ، وەک کاک سەید محەممەد ئەحمەدی(هەڤاڵ) کە بە پادشای قسەی خۆشی دەناسم. بەشێک لە مرۆڤەکان زۆر حەزیان لە گوێگرتن و فێربوونە و هەشە میتری بۆ پێوانی دوونیا هەڵنەگرتووە و خەمی بۆ هاڵناگرێت. هەیە زۆر غەم دەخوا و بەشتی پچووکەوە خۆی سەرقاڵ دەکا و هەشە جیاوازی لە نێوان چیاکاندا و لێک دووریان بە سروشتی ژیان سەیردەکا و تۆزی غەریبی لەسەر نانیشێت. بەڵام ئەوەی زۆربەمان حەزمان لێیەتی خواردنی خۆش و بەتامە. محەممەد قەرەخدری لە گەڵ ئەوەیدا کادرێکی داوێن پاک و تێکۆشەر و قارەمانبوو، دڵی زۆر بەخواردنی چەورو چۆڵ دەکرایەوە و کورێکی خانەدان و بەدڵە و زۆر جار لە نێو حیزبدا بەسەرماندادەدا و دەبووینە میوانی ناوەختی. بەرە بەرەی ٢٥ی گەلاوێژ بوو، ڕێژیم لەو مانگەدا هەستیاری زیاتر دەبوو و ئەو شوێنانەیش کە حزوری کادر و پێشمەرگەی لێبایەوە، بەتایبەتی تیمی تەشکیلاتی هێزی زیاتری بۆ ڕەوانەدەکرد هەتا فشار بخەنە سەر هەڵسوڕان و جموجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتیان یان ئەوەتا لە بۆسەیان بەخەن و زیانیان پێبگەیەنن. لەو کاتەدا ئێمەش بێ پشوودان و ماندووبوون لە ناوچەکەدا هەڵدەسوڕین و جار هەبوو بە شەوێک سنووری دوو لە ناوچەکانمان دەبڕی، هەتا هەم سەر لە هێزەکانی دوژمن بشێوێنین و شوێنەونکەی باشبکەین و هەمیش خۆمان لە دەستیان بپارێزین. ڕۆژێک دانیشتبووین و بیرمان لە خۆمان و داهاتووی حیزب و خەباتە ڕەواکەمان دەکردەوە و بە دڵێکی پڕ لە غەمەوە دەکەوتینەوە یادی ئەو کادر و پێشمەرگانەی حیزب کە تا دوێنێ زۆر جار بە یەکەوە لەو شوێنەدا مابووینەوە(گ.ن). ڕوخساری گەش و ئاڵیان وەک تابڵۆیەکی جوان بە وێنەی مانگی چاردە سەر قەدی دار بەڕوەکانی جێنەدەهێشت و هێشتا بزە و هەڵسوکەوتیان هەر لە بەرچاوبوو. بەدەم دەیان خەیاڵ و بیری تردەوە، دەمەتەقەیەکی خۆماڵیانەمان دەکرد و باسی هەرشوخۆشی ئەو دونیایەمان بۆ یەک دەگێڕایەوە و جار جارەش بزەی شادی و پێکەنین دڵی دەبزاوتین و ئومێدی ژیانی پیدەداین. لە پڕ ئەو ڕۆژە بڕیارماندا بۆ چەند ڕۆژێک لە ناوچەی بەریمێرگان خۆمان بزرکەین وپشوویەکیش بدەین. لە ڕۆژی دووهەمدا کە لە جێگایەکی ئەمین و سەلامەتدا مابووینەوە، قەرەخدری گووتی:

ئەڕێ کوڕینە دەڵێن چی خەمی خوارنێکی بەتام و باش بدەین و (س.م) بنێرین لە شار کەباب و قەنادی و شووتیەکی

خۆشمان بۆ بێنێت. ئەو کات ئەو شتانە بابەتی بەردەوام و هی ڕۆژانەی زۆربەی کادر و پیشمەرگەکانی حێزب بوو، چوونکی زۆر جار هەبوو بە حەفتە چاومان بەخواردنی گەرم نەکەوتووە. ژیانی شۆڕش و خەبات زۆر دژوار و تاقەت پرۆکێن بوو.

بەڵام بیروباوەڕ و بڕوا بەخەباتی نەتەوایەتی هاندەری سەرەکیمان بوو کە بەردەوام بین لەسەر ئەو ڕێبازی کە ئامانج لێی ڕزگاری گەل و خاکە. ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمی، بەدەربوو لە خۆدەرخستن و مانۆڕدانی بێکردار و دوورکەوتنەوە لە نێو دڵی خەڵک و خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەو شانازیانەی کە وەک گرینگترین سەرمایەی ژیان لەلامانداا پیرۆزە و بەرز و درەوشاون، هی ڕۆژانێکن کە " کەم ژیان و کەڵ ژیان" ی ئەو کادر و پێشمەرگانە بوو کە دەرەقەتی ئەو قۆناخەی خەبات دەهاتن. بە دڵنیایەوە زۆربەتان ڕەنگە ئەوەتان لە بیرمابێ کە دەچوویتە گوندەکان، نۆشابەی گەرمان دەخواردەوە هەتا هەر نەبێت بڵێن ئەوەیشمان خواردەوە و خۆمان بە خەڵکی شاری بزانین و پۆز بەسەر زەویدا بکەین. لە زۆر شتی جوان و خۆشی ژیان بێبەش بووین. بەڵام ئەخلاق و کردەوەی جوانی سیاسی و تەشکیلاتی و ڕێزگرتن لە بنەما فیکری و سیاسیەکان، سەختیەکانمان تەحەمووڵ دەکرد. ئەوەی ڕاستی بێت، من و ئەحمەد ڕووبیتەنیش لە سەر پێشنیارەکەی لاریمان نەبوو و بە کەیف خۆشیەوە وڵامان بەڵی بوو کە ئەوەش هێندەیتر دەڵی قەرەخدری خۆشکرد و بزەی شادی وەک میوانی هەمیشەی لە ڕوخساری دەرکەوت. هەر ئەو ڕۆژە شتەکانمان بۆهات. پاش ماڵ ئاوایی لە س.م کە هێشتا چەند هەنگاوێک لێمان دوور نەکەوتبوویەوە و هەستمان بە دەنگی پێیەکانی لە نزیک خۆمان دەکرد. قەرەخدری خێرا کەبابێکی ئەودیوکرد و هەر بەدوای ئەویشدا قاشێکی گەورەی شوتیەکەشی هەڵدایە سەری و سەیری ئێمەی دەکرد و بزەی دەهاتێ. لەو کاتەدا ڕووبینتەن رادیوی دەنگی کوردستانی کردوە و ڕاست وەختی هەواڵ خوێندنەوە بوو و زۆر بەئارامی گوێمان بۆشلکردبوو هەتا بزانین ئەمڕۆ لە کوردستان و ئێران چی ڕوویداوە خەبەرێکی ئەوتۆ هەیە کە دڵی پێخۆش بکەین. چوونکی بەداخەوە شتەکان و هەوڵەکان هەموویان دووبارە و چەند بارەبوون و هیچی ئەوتۆی تێدانەبوو کە تۆزێک لە ئامانجەکامان نزیک بخاتەوە. هەرلەوکاتەشدا بەردەوام بووین لەسەر خواردن و وەک ئەوەی کێبەرکێی خواردن لە نێوانماندا ڕێکخرابێت، لە نێو کەش و هەوایەکی ئارام و سازگاری ناوچەکەدا، دەمانڕوانیە سەر چۆمی کەڵۆێ و هێندێک جار بەدەستی خۆمان نەبوو مەلی خەیاڵ دوورمەودا دەفڕی و هەست و جەستی شەکەت و ماندووی سڕ دەکردین. بەدەم خەیاڵ و هەستی ئازادی و ڕزگاری کوردستان چاومان دەگیڕا و خواردنەکانمان دەخوارد و لە ڕاستیدا شتێکی ئەو تۆمان لە پێشنەمابوو. لە پڕ لە هەواڵەکانی دەنگی کوردستاندا، خەبەری دەرماندواوکردنی تیمێکی تەشکیلاتی کومیتەی شارستانی سەقزی بڵاو کردەوە کە ژهریان بۆ کرابوویەوە ناو خوارنەوە. بە هۆی کاریگەری ژەهرەکەوە سااڵح سەقزی بەداخەوە شەهید دەبێ و سەید ئەحمەد حوسێنی و هاوڕێکەی تر کە ناوم بیر نیە لە مەترسی شەهیدبوون ڕزگاریان دەبێ. لە کات و حاڵیکی ئەوتۆدا دەبوو ئێمە چ هەستێکمان هەبووایە. بەشێکی دڵتەنگی بۆ ئەو ڕووداوە ناخۆشە و گیانسپاردنی کادرێکی بەوەجی کومیتەی شارستانی سەقز ، ئەوەی تریش ڕاست کەمترخەمی خۆمانبوو کە ئەو خواردنانەمان بە م.س نەخواردبوو. پیاو لەوکاتەدا لە هەموو شتێک گوومان دەکا. سەرباری نیگەرانی و دڵەڕاوکێی زۆر، پێکەنین بەیەکدی زۆر چاک بەرۆکی گرتبووین و هەرکەسە لەبەر

خۆمانەوە دەستمان بەپاڕانەوەکردبوو و کە کێ زۆرتری خواردوە و کێمان کەمتری خواردوە. لەووەختەدا پێکەنین و گاڵتە و گەپ بەیەکدی هەستێکی دەرونی زۆر باشی بۆ درستکردین و لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی تاڕادەیەک ڕایچڵەکاندین. کاک ئەحمەد ڕووبینتەن بە خێرایی گووتی هەتی بۆچی لە شتەکان تۆزێکان بە م.س پێنەخوارد، نەکا دەرمانی تێکرابێت؟ ئەو کەسەی شتەکانی بۆ هێنابووین زۆر باوەڕ پێکراو ئەمین بوو، بۆ ئەوەی نەدەبوو گوومانی لێبکرێ. مرۆڤێکی باوەڕ پێکراو تەشکیلاتی بوو و دۆست و باوەڕپێکراوی خۆمانبوو. بەڵام لە وەختێکی ئەوتۆدا مرۆڤ گومان لە سێبەرێ خۆشیدەکات و بیری بۆ هەر شتێکی خراپ دەچێت. کاک محەممەد قەرەخدری کە لەو کاتەدا سەرباری نیگەرانی و دڵەڕاوکێی زۆر، خۆی بە مەقەسیر دەزانی و پێیوابوو ئێمە لەبەر ئەو ڕازی بەکارێکی وابووین. لەولاوە هەڵیدیەوە وگووتی: بەخوا زۆر باشبوو من زۆرم نەخوارد و نیگەران نیم لەوەی خواردوومە و دڵنیام هیچم بەسەر نایەت ئەگەر دەرمانیشی کرابێتەوە ناو. ئەحمەدیش هەر بەوجۆرە بۆخۆی دەپاڕایەوە و هەوڵیاندەدا هەر بەقسە لەو نێوەدا من بکەنە قوربانی نەوسەکە. منیش ڕوومکردە کاک محەممەد قەرەخدری و ڕووک و ڕاست پێمگووت: کاکەگیان ئەوەی ناوێت، هەموومان کێبەرکێی خواردنمانبوو و هیچمان لە بەرنەماوەتەوە لەو شتانەی بۆمان هاتبوون. بەڵام باقسەی خۆمان بێت ئەوەی بای شەهید بوونەکەی خواردوە لە نێو ئێمەدا بەخوا دەبێت بڵێم بەداخەوە کاک محەممەد قەرەخدری ئەوە ئەتۆی و من و ئەحمەدیش هەر بای سەر ڕووتانەوەمان خواردوە. دیارە تۆزێک نیگەران بووین! چەند ڕۆژێک خۆمان خستبوویەوە ژێر چاوەدێری نەکا دووایی چەند ڕۆژێک کارەساتێک ڕووبدات و ئەگەر بێت و هەست بە ناتەندروستی بکەین، ڕێگا و شوێنی تایبەتی بۆ بگرینە بەر و خێرا دەفکری چارەسەرکردن دابین.

٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٧

دروشمی خۆپێشاندەرانی" مەشهەد" و شارەکانی تر. نموونەی روونی ناڕەزایەتی گەلانی ئێرانە!

رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٨ - ١٢ - ٢٠١٧ی زایینی خۆپێشاندن و ناڕەزایەتی گەلانی ئێران لە "مەشهەد" دووهەم گەورە شاری ئێران و چەند شارێکی گرینگ و مێژووی وڵات سەری هەڵداوە و شەقامی شارەکان باوەشیان بۆ ئاپۆڕایی ناڕەزایەتی و بێزاری خەڵک بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکووت و کردەوەی ستەمکارانەی کاربەدەستانی باڵایی ئێران کردۆتەوە و نائارامیەکان هەتا ئێستایش بەدەوامیان هەیە. هێزە ئەمنیەکان لە نێو خەڵکدابە هات و هاوار و قسەی بێکردار هەوڵیاندا بارودۆخەکە ئارام بکەنەوە هەتا زیاتر پەرە نەستێنێت و مەترسیەکان لە سەر نیزام دوور بخەنەوە، بەڵام دامرکاندنەوەی گڕکانی بێزاری و بێکاری و هەژاری و ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەرفەتەی لە بەردەم خەڵک دروستکردوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە و بەیەکگرتووی درێژە بە خەباتی مەدەنیان لە پێناوی خواست و ئامنجەکانیاندا بەرزبکەنەوە و بەدژی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی وڵات هەڵوێست بگرن. خۆپێشاندەران بەدژی حەسەن رووخانی سەرۆک کۆمار و عەلی لاریجانی سەرۆکی پارلمانی وڵات دروشمیاندەدا و بە دەنگی بەرز مەرگ بۆ دیکتاتۆر و گەندەڵ کاران دەوترایەوە. کاتێک لە وڵاتێکدا ئازادی و دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت و ژیان و گۆزەرانی هاونیشتیمانیان دابینکرابێ و بیر لە دزی و بەهەدەردانی سامانی گشتی وڵات نەکرێتەوە لە لایەن گرۆپێکی دیاریکراوە، کەمتر وا ڕێدەکەوێت خەڵکەکەی بەدژی حکوومتی خەڵکی دروشمی روخان بدا و بەردبارانی داموودەزگا و هێزە ئەمنی و سیاسیەکانی بکات.

حکوومەتی ئاخوندی خراپترین نموونەی حوکمڕانی سیاسی و ئیداری لە ماوەی مێژووی دەسەڵاتداریدا پێشکەش بە گەلانی وڵاتکردوە و دەستەیەکی زۆر پچووک کە دەستیان بەسەر جوومگە سەرەکیەکانی حوکمڕانی وڵاتدا گرتووە سودمەندی ژیان و گوزەرانی شایستە و سەردەمیانبوون و هەن و خەڵکێش هەیە بە ڕێگای کۆڵبەری و کاروکاسبی تری تاقەت پڕوکێنەدا بژیوی ژیان و گوزەرانی خۆی و بنەماڵەی دابین دەکات. ئیران وەک وڵاتێکی بە هێز و دەوڵەمەند و گەورەی ناوچەکە، هەڵکەوتوویەکی گرینگ و مێژووی سیاسی و ئابووری و جوگرافی خۆی هەیە و دەوڵەمەندە بە سەرچاوی ژێر زەوی و سەرزەوی بەرفراوان و ئەگەر بێت و ئەو سەروەت و سامانە نەتەوەیە زەبەلاحەی ئێران ڕۆژانە لە کانالّە جۆربەجۆرەکانەوە دەستی دەکەوێت لە دەستێکی ئامان و دەستپاکدا بێ و بە شیوەی باش سەرف بکرێ. ئەوکات داهاتی گشتی سالانەی بۆ هەموو لایەک خێر و بێری دەبێت و ژێرخانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگا بە شیوەیەکی چاوەڕواننەکراو گەشەدەکا و ئاشتی و ئارامی باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێت. ئیدی ئەو جار بەهانەیەک نیە کە دژی ئەو خەڵکە هێز بەکار بێنن، دەسەڵاتی ناوەندی ئێران سالانە بە ملیار دۆلار هاوکاری و یارمەتی پێشکەشی گروپە تۆندئاژۆکان لە یەمەن و لیبیا و سوریە و عێراق دەکا، لە کاتێکدا ناتوانێت ژیان و گوزەرانی باش بۆ گەلانی وڵات دەبین بکا و جەوەکی بەتەواوی ئەمنی

و پۆلیسی بەسەر وڵاتدا زاڵکراوە و بە دەلیل و بەهانەی جۆراوجۆر ڕۆژنیە لە شارەکانی وڵاتدا بەدیان لە ڕۆڵەکانی گەلانی ئێراندا ئیعدام نەکرێن. ئازادی تاک و بە کۆمەڵ و دێمۆکراسی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی بوونی نیە و دەستەیەک لە فارسە شۆفێنیەکان حوکمڕانی دەکەن. حکوومەتی ئاخوندی بەردەوام سەوەت و سامانی گەلانی وڵاتی بەهەدەرداوە و بێگوومان بە شێوەیە هیچ خێرو خۆشیەک بە گەلانی وڵات ناگەیەنێت و بەڵکوو ئێستا هەتا ناتوانن مووچەی فەرمانبەرنیان دابین بکەن. دیارە ئەوەش ئاکامی سیاسەتی فاشل و نادروستی ئەو گروپەیە کە وەک مافیەی ڕەش و سپی دەستیان بەسەر قووتی خەڵکدا گرتووە و بۆ قازانج و مەبەستی تاییەتیان بەکار دەهێنرێت. خەڵکی ئێران.

هێزە سیاسی و تیکۆشەرەکانی کوردستان بە یەکگرتووی هەوڵبدەن ڕووبەرووی ئەگەری ڕووداوە گەورەکانی تری وڵات ببنەوەو بە پرشوبلاوی کورد ناگات بە ئامانج و خواستە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی. ئیدی کاتیەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیەکەوە و لە سایەی کۆدەنگی نەتەوەیدا یەکبگرێ و کار بۆ ڕوخاندنی ڕێژیمی ئیران بکا.

۳۱ی دێسەمبەری ۲۰۱۷

بابەتەکانی ساڵی..... ٢٠١٨

بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان بەگشتی هاو شێوەی یەکن!

سەرهەڵدانی زۆربەی شۆڕشە سیاسی و مێژوویەکانی کوردستان کە رووپانداوە لە زۆر بواردا لێک نزیکن و پێکچوونیان پێکەوە هەیە و تەنیا شکەستەکان دەتوانێت لێکیان جیابکاتەوە، دەنا ئامانج و ستراتیژی زۆربەیان سەرچاوەی هەست و خواستی خەڵکی تێکۆشەری کوردستانن. بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان بەگشتی هاوشێوەی یەکن و ئەگەر تۆزێک ئاوڕ لە ڕابردووی قۆناخە مێژوویەکانی بەرخۆدانی گەلی کوردستان بدەینەوە، ڕەنگە ئەو کات باشتر نێوەڕۆکی دێرەکانی سەرەوەمان بۆ دەربکەوێت.

گەلی کورد زۆر جار لە لوتکەی سەرکەوتندابووە و بەزۆر دەسکەوتی گرینگی گەیشتووە، بەڵام هەموو جارێک بە قەرارێکی سیاسی کە زۆربەیان زادەی ناکۆکیە نێوخۆیەکانبووە، بەداخەوە هەرەسی گەورەی بە تێکۆشان و ڕەوتی خەباتی خۆی لە چوار چێوەی کوردستان گەیاندوە و دووچاری شکەست و پاشەکشێیکردن هاتووە لە ئاستی داگیرکەرانی کوردستاندا.

لەڕاستیدا سروشتی گەشەکردن و پەرە ئەستاندنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە هەرچوار بەشی کوردستاندا لە ڕووی فیکری و داهێنان و ئامانج و خوێندنەوەی بۆ ژینگەی سیاسیەوە زۆر پێکەوە گرێدراون و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکدی هەبووە و هەر جۆرە پاشەکشەیەک کە لە نێو شۆڕشدا ڕوویدابێت، بە دڵنیایەوە شوێنی خراپی لە سەر خەباتی بەشەکانی تری کوردستانیش هەبووە. چوونکی شۆڕشەکانی کوردستان بەشێوەی گشتی لە دایک بووی ئەو بارودۆخەن کە بە درێژایی مێژوو ستەمکارانی کوردستان بە سەر گەلی کوردیاندا فەرزکردوە و بە ڕێگای تونددوتیژی و هێزدا کێشەکانیان بەقازانجی خۆیان یەک لایکردۆتەوە و درێژەیان بە حوکمڕانی لە سەر بنەمای پەراوێزخستن و پەرتاوی نژادی بە دژی نەتەوەی کورد داوە و ئەو بیرکردنەوە شۆڤێنیە ئێستاش ئیدامەی هەیە و گەلی کورد بە هاووڵاتی پلە دووهەم لە وڵاتەکاندا سەیر دەکرێت.

ئەرکی هێزە سیاسی و سیاسیەکانی کوردستانە لە سەر کۆمەڵێک چەمکی نەتەوەیی و هێڵی خێرای گەیشتن بەمافەسیاسی و

کۆمەڵایەتیەکان وەک بژاردەی گرینگ و چارەنووس ساز بخاتە پێش چاوی نەوەی نوێ هەتا ساناتر بۆ ڕزگارینەتەوەی خەبات بکەن و کاریگەریان لە سەر هەلومەرجی نێوخۆی هەبێت. گەلی کورد و بزووتنەوە سیاسی و نیشتیمانیەکانی لە بەر کێشە و خۆخۆڕی سیاسی و نەتەوەیی و پشبەستن بەدوژمنی خاک و خوێنی نەتەوەیی، وەک پێویست نەیوانتوانیوە ئەو دەسکەوتە گەورە و بەنرخانەیش بپارێزەن کە بە خوێنی ڕۆڵە ئازا و تێکۆشەرەکانی کوردستان بەدی هاتوون و لەو پەیوەندیەدا بە هۆی لەدەستدانی دەرفەت و خۆبەزلزانی و پاوانخوازی بەرانبەر بە خۆیان، کورد بۆی نەلواوە لە هەنگاونانیدا بەرەوپێشەوە بڕوات و ژێرخانێکی گرینگی نەتەوەیی لە سەر بناخەی ستراتیژی گەل بنیات بنێت و تاکتیکی خەباتەکەی دژایەتی و تێکۆشان بێت بەدژی دوژمن. سیاسەتی کورد زۆر جاران لە بەرژەوەندی نەیارەکانیدا، بەدژی هەلومەرجی زێڕینی خۆی قەرار و بڕیاری سیاسی دەرکردوە و زیانی گەورەی بە هەنگاوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیەکانی لە کوردستاندا گەیاندوە. ڕەنگە زۆر کەس ئەوە بپرسێت کەی و لە کوێ ڕوویداوە، ئەگەر تۆزێک کات بەخۆمان بدەین و بڕۆین مێژووی ڕوداوەکانی کوردستان بخوێنینەوە ئەو کات زۆر باشتر هەست بەو گیروگرفتە گەورەیەی کورد دەکەین.

ئەگەر کورد و شۆڕوشەکەی لە سەر ئەو هێڵە مەترسیدار و سیاسەتی دژ بە خۆی بەردەوام بێت، کورد زیانی زۆری بەردەکەوێت و ڕەنگە بەو سانایە خۆی بۆ نە گیرێتەوە و نەتوانێت خەباتەکەی پەرەپێبداتەوە و پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بکا. دوژمنانی کورد سەرباری گرژی و ناکۆکیە سیاسیە لە مێژینەکانیان کە پێکەوە هەیانە، بەڵام زۆر بە خێرایی بە دژی کورد و ڕەوتی خەباتی سیاسی ئەو گەلە لێک نزیک دەبنەوە و بە هاوبەشی دژایەتی خواست و مافە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی کورد دەکەن و زۆر کاریگەرانە گەمارۆ دەخەنە سەر بەرخۆدان و خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی کورد.

خۆپێشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش لە ئێستا دا نەیتوانیوە هێزەکانی ئەو بەشەی کوردستان لە دەوری یەک کۆبکاتەوە. کاتێک باس دێتە سەر قسەی جوان و شەریفانە، هەمووی شاکاری پێیە و بەڵام لە کرداردا فاسیلەکان ئەوەندە زۆرن هەر بۆ باسکردن نابن.

ئەمڕۆ ڕۆژی تەبای و یەکدەنگی و هاوپشتی سیاسیە لە هەر چوار بەشی کوردستاندا.

خەڵکی تێکۆشەر و ستەمدیدەی ڕۆژهەڵات لە هەموو وەختێک زیاتر نیازی بەیەکڕیزی هێزەکانیەتی.

٣ی جانیۆیری ٢٠١٨

عەلی جەوانمەردی کانتۆنی مەنگوڕ و هۆزەمەنگورەکانی بە گشتی بە جاش داناون!

هەر کەس و لایەنێک لە ژێر هەر پاساو و هەرناوێکدابێت و، بەچاوی سووک سەیری ڕابردوو و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێگەی "هۆزە مەنگورەکان" لە نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا بکات و، بە بەکار هێنانی کۆمەڵێک دەستەواژەی سواو ناشیاو هەوڵبدەن زیان بە گەورەی و دینەمۆی شۆڕشگێربوونیان بگەیەنن و لە حیزب دووریان بخەنەوە، توشی هەڵەی گەورەی خۆیان بوونە و زانیارەکانیان زۆر دوورن لە ڕاستیەوە. زارو زمان بۆ ئەوە نیە کە هەرچی پێتخۆش بێت و دڵت ئارەزووی بکا، بێ ئەوەی شارەزای تەواوی هەڵسوکەوتی کانتۆنی هۆزە مەنگورەکان بی، دەست بە حیکایەت گێڕانەوە بکەی و تەڕو وشکی پێکەوە بسووتێنی و جاش و باش و خراپ و چاک لێک جیانەکەیەوە! کاک عەلی لەسەر ئەو بێڕێزیەی بە بنەماڵەی شەهیدانی مەنگوڕ و کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات و هێزەکانی تری کوردستانی کردوە، دەبێت داوایی لێبووردن بکا، دەنا پاکانە حیسابەکەی لە لای هۆزەمەنگورەکان و تێکۆشەرانی مەنگور دەمێنێتەوە و شتێک نیە لە بیر بکرێت.

من نایشارمەوە ژمارەیەکێ زۆر لە ناوچەکانی مەنگورایەتی چەکی جاشایەتی و نیشتیمان فرۆشیان لە شانکردوە و دژی شۆڕشی خەڵکی کوردستان لە سەنگەری دوژمندا جێگایانگرتووە. بەڵام جاشایەتی دیاردەیەکی گشتگیر و هەر مەنگور چەکداری ڕێژیم نین و بگرە لە زۆربەی شار و ناوچەکاندا خەڵکی خۆفرۆش هەیە و دژی جووڵانەوەی کورد لە ڕێزی حکوومەتی ناوەندیدان.

دەستەواژەکانی وەک جاش مەنگورەکان یان جاش ئاغا مەنگورەکان کە لە ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتشدا بەداخەوە ڕەنگیداوەتەوە، کارێکی نائاقڵانیە و لە گەڵ ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەکانی مەنگورایەتیدا ناتەبا و شتێکی نامۆ و دیاردەیەکی ناشرین و بێزراوە و هیوادارم حیزبەکانیش خۆیان لە وشەی ناشیاو بە دژی هۆزە کان بەدوور بگرن. ئەگەر بێت و ئەو دەستەواژە سوا و بێڕێزیانە بەردەوامیان هەبێ و خەڵکانێک هەوڵبدەن لەو ڕێگایەوە ناکۆکی دروست بکەن، بەتەواوی گوومانم لە کوردبوونیان دەبێت هەر وەک کاک عەلی کردویەتی. پێدەچێت کاک عەلی غەرەزێکی تری لە بەرانبەر مەنگورەکاندا لە دڵدابێت و ئەمڕۆ لە هەندەرانەوە بۆ ناوزڕاندنی هۆزەمەنگورەکان کار بکات و هەموومان بەجاش دابنێت و، لە سەرچاوەیەکەوە ڕاسپێردرابێت هەتا ناکۆکی و ناتەبای لە نێوان هۆزەمەنگورەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا دروست بکا.

مەنگورەکان نەکەس لە خۆیان بەکوردتر دەزانن و نەخۆشمان پێ لە خەڵکی تر کوردترە. من نالێم لە ناوچەی مەنگورایەتی کەسی خراپ و خۆفرۆشی تێدا نیە و بەڵکوو ژمارەیەک لە خەڵکی ساویلکە بە هۆکاری جیا جیا چەکی ڕێژیمیان کردۆتە شان، هەر وەک لە زۆر بەی شار و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتدا وەک دیاردەیەکی ناشیرین، جاشایەتی هەیە و زیانی زۆریشیان بەخەڵک و شۆڕش گەیاندوە.

باکەس ئەو دێرە وەک دیفاعکردن حیساب نەکات، چ جاشێکی کانتۆنی مەنورڕایەتی ٤٢ پێشمەرگەی شەهیدکردوە، دەبێت کاک عەلی ولامی بۆ ئەوە هەبێ مادام بۆتە کۆگای زانیاری بلاوکردنەوە لە سەر هۆزی مەنگور. پێک هاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەی مەنگورایەتی لە پەیوەندی لە گەڵ هاوکاری و یارمەتیدانی شۆڕشی کوردستان لە هیچ چەشنە پشتیووانیەک دریغیان نەکردوە، کە بەو شێوەیە باس بکرێن و تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێت. ناوچەکانی مەنگورایەتیش وەک زۆر بەی شار و ناوچەکانی تری کوردستان، ژمارەیەکیان بەداخەوە بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەکان، چەکیان بەدژی شۆڕشی خەڵکی کوردستان هەڵگرتووە و سەنگەری دوژمنیان هەڵبژارد کە جێگای نەفرەتن. بەڵام خۆ هۆزە مەنگورەکان هەر هەموویان بە لای ڕێژیمدا نەکەوتوون و وەختێک دەگوترێت جاش مەنگورەکان. مانای گشتی دەگەیەنێت و یانی لەوێ هەموویان پشتیان لە خەباتی نەتەوەکەیانکردوە و دژی شۆڕشن. ئەو لێکدانەوە و خوێندنەوەیە لە سەر مەنگورەکان و چاو پۆشین لێیان و دووبارەبوونەوەی ، بەدڵنیایەوە نیشانەی هەڵەیەکی گەورەی دەرونی و بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەس و لایەنەکە دەگەیەنێت لە کوردستاندا. کەسێک خۆی بە مرۆڤی سیاسی و ڕۆژنامەنووس پێناسەبکا و، بەڵام نەزانێت دەبێت بە چ شێوە ئەدەبیات و وشە گەلێک پێناسەی چاکە و خراپەی گرووپێکی دیاریکراوی کوردستان بکا، چۆن شانازی بە وشیاری سیاسی خۆیەوە دەکا! کاتێک ئەو دەستەواژە لە ئەدەبیاتی سیاسی و میدیای هێزەکوردیەکاندا بەردەوام دووپات و چەند پاتە دەکرێتەوە و جارێک هەوڵنەدرا زاراوەی تر بکرێتە جێگرەوەی و هەر وەک هەمیشە بگووترێت: جاش ئاغا مەنگورەکان و یان جاشە مەنگورەکان، بەو مانایە کە لە نێو هۆزە مەنگورەکاندا خەڵکی تێکۆشەر و خەباتگێڕ بەدیناکرێ و هەموویان کەوتوونەتە بەرەی خۆفرۆشی و خەیانەتی سیاسی و نیستیمانیەوە! ناوچەکانی مەنگورایەتی بەهۆزەکانیەوە بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی دیار و بەرچاویان لە قۆناخە جۆر بەجۆرەکانی شۆڕشدا هەبووە و زۆرینەی ڕەهایی خەڵکی ئەو ناوچانە لایەنگر و پشتیووان و پێشمەرگەی بەتایبەت حیزبی دێموکرات بوون و زۆربەشیان لە ئاستی ڕێبەریدا ڕۆڵی دیار و کارگەریان هەبوو وە هەیە. بەهەزاران کادرو پێشمەرگەی قارەمان و فەرمەندەی ئازا و چاونەترسی لە پێناوی ئامانجی ڕزگاری نەتەوەیدا شەهید بوونە.

شەهیدان خدرە سوور و هەمزە بێهنام لە دیارترینی فەرمەندەرەکانی حیزبن. لە ژێر ڕووناکای ئەو دەستەواژەش کە بۆ نیشتیمان فرۆشەکان بەکاردێت لە جێگای خۆیدا نیە و کاتێک ئێمە بڵێن جاشەکانی لاجان یان ئەوەتا جاشەکانی سندووس و شارۆێران. یانی ئەو ناوچانە هەر هەموویان پیاوی ڕێژیمن. بۆ نموونە وەختێک دەڵێین جاش ئاغا مەنگوور یان جاشە

مەنگووڕەکان، زۆرتر ئەو مانایە دەبەخشێت کە لەو ناوچانەدا کەسی شۆڕشگێر و نەتەوەیی تێدا بەدی ناکرێت.

هەرێمی مەنگـووڕایەتی کەسـایەتی زۆر دیـار و گەورەی سیاسـی و نەتەوەیـی و دژبەری ڕێژیمەکـانی ئیـران و قێراقـی لـێ هەڵکەوتـووە و ڕۆڵـی بەرچاویـان هەبـووە. ئەگەر چـاو بە مێـژووی سیاسـی و خەبـاتی رزگـاریخوازی کوردسـتاندا بگێـڕین و سەیری پێک هاتەی هێزە سیاسی و خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵات بکەیـن، ئەوکـات باشـتر نێـوەڕۆکی قسـەکانم دەردەکەوێـت. من هەرگیز لە گەڵ زمانی زبرو توندو تیژی و زمانی ناەشیاری دانیم و دایم هەوڵمداوە بە ڕێزەوە باس لە کەسایەتی و دیـاردە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان بکەم و بە شانازی نازانم حەیبە و کەموکورتیەکانمـان بشـارمەوە. بەڵام ئەوەش هەرگیـز نـاچێتە خانەی هەقوێژی کە بێڕێزی بە مێژووی سیاسی و ژینگەی پاک و بێگەردی هۆزگەلێکەوە بـکەی کە چەخمـاخەی شۆڕشـە نـوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو دەقەڕەدا سەری هەڵداوەتەوە و هەردەم مەکـۆی خەبـات و تێکۆشـان بەدژی سـتەمکارانی نەتەوەکـان بووە.

ڕۆڵەکانی لە نێو شۆڕشدا هەمیشە پێشەنگ و ئازاو قارەمانانە خەباتیانکردوە و بەسەرشـۆڕی کوردایەتی و حیزبایەتیمـان نەکـردوە. کە ئەوەش نیشانەی وشیاری سیاسـی و نەتەوەیـی ناوچەکـانی مەنگـورایەتی و خەڵکە ئازا و تێکۆشـەرەکەی دەگەیەنێت.

٥ی جانیۆیری ٢٠١٨

خۆپێشاندانەکانی خۆڕسکی ئێران، لە رەوتی درێژەکێشانیدا توانی خۆی ڕێکبخات!

خۆپێشاندانی گەلانی ئێران و دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە چۆنیەتی ئیدارەکردنی وڵات لە لایەن دەسەڵاتی ستەمکارانەی ڕێژیمی ئاخوندی و گەندەڵی ئابووری و نالەباری ژیان و گوزەرانی خەڵک و بەهەدەردانی سامانی گشتی و هەژارکردنی خەڵک رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بەدوایخۆیدا هێنا و ئەو بابەتە گەیشتە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. شەپۆلی بەربڵاوی ناڕەزایەتی و هاتنەمەیدانی بە میلیۆنان لە هاونیشتیمانیەکانی ئێران، کە زیاتر لە ۷۰ شاری گەورە و مامناوەندی گرتەوە و، هەم لە ڕووی ژمارە و بەشداری چین و تۆێژەگەلیەکان و هەمیش سەبارەت بە نێوەڕۆکی خواست و شوعارەکان جیاوازی زۆریان لە گەڵ خۆپێشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوودا هەبوو. لە ساڵانی پێشووتردا کە ناڕەزایەتیەکانی شارە فارس نیشینەکان بەتایبەت بۆ مەبەستی لایەنگری لە پۆستەکانی سەرکۆماری ڕێکدەخران و خەڵک بۆ ئەو مەبەستە دەڕژانە سەرشەقامەکان وەک جووڵانەوەی سەوز. ئامانجی ئەوان گۆڕینی ڕێژیمی ئاخوندی و روخاندنی حکوومەت نەبووە و تەنیا دڵیان بە کۆمەلێک قەل و بەلێنی بێبنەما خۆشکردبوو. لەڕاستیداخۆپیشاندانی ئەوجار بەتەواوی سیاسیە و بەدژی دەسەڵاتی تاران پەرەی گرتووە و هەر چەندە سەرەتا بە شێوەی خۆرسک سەری هەڵدا، بەڵام لە ڕەوتی درێژەکێشانیدا توانی خۆی ڕێکبخا و شوعار و خواستەکانیان ڕوونتر باس بکەن. ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی ئێران بە دووبارەکردنەوەی دروشم و شوعار گەلێک کە بەتەواوی دیمەنی سیاسی هەڵگرتووە حکوومەتی ناوەندی بەتەواوی داماو شۆکرد. لە شەقامەکاندا خەڵکی بەشمەینەت و بێکار و هەژاری ئێران ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە ئەو ڕێژیمە دەبێت بڕوات و سیستمێکی گەلی و دێمۆکراتیک ببێتە جێگرەوەی. لە ساڵانی ڕابردوودا ناڕەزایەتیەکان زیاتر بۆ پشتیوانی و سەرخستنی یەکێک لە مۆرەکانی نێو قۆڵەکانی بەشداربووی دەسەڵاتی ئاخوندی، کە بە بەرنامە و قەل و بەڵێنی ناراست خەڵکیان لە خۆیان کۆدەکردەوە و دەڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمییان دەوتەوە و هەرگیز بەدژی نیزام و هاوقۆڵەکانیان لە گوڵ کاڵتریان نەدەوتەوە. هەر وەک بینیمان، خەڵک بە ڕوونی و دیاریکراوی بەدژی ڕێبەری مەزهەبی عەلی خامنەی و ڕێژیمەکەی بە دەنگی بەرز شوعاری بروخێ ڕێژیم و بمرێ خامنەیان دەوتەوە و کە حکوومەتی نیزامی ئێرانیان بە سەرچاوەی گەندەڵی سیاسی و ئیداری و ئابووری وڵات ناساند.

ئەگەر خوێندنەوەی ڕاست و دروست بۆ خۆپێشاندانەکانی ئێران بکرێ و بێگوومان دەسکەوتی گەورەی هەبووە، کاتیک نەتەوەی فەرمانڕەوا، شوعاری بمرێ ڕێبەر و بروخی حکوومەتی ئاخوندی بە دەنگی زۆر بەرز لە تاران و شارەگەورەکانی تری ئێران دەڵێنەوە، مانای ئەوەیە کە ڕێژیم بەتەواوی متمانە و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی لەدەستداوە و بە سەرچاوە و هۆکاری گەندەڵی ئابووری و سیاسی و بە هەدەردانی سامانی گەشتی وڵات دەناسرێ. گەندەڵی ئابووری و ئیداری بۆ هەموو لایەک و گەلانی وڵاتیش ڕوونە کە حکوومەتی ئاخوندی ئەوەندەی خەمی هاوکاری و یارمەتیدانی گروپە

تووندئاژۆکانی نزیک لە خۆی لە سووریە و عێراق و لوبنان و فەلەستینی لەبەرە و، بە ملیاردان دۆلاری سالانە لە قوتی هاونیشتیمانیانی ئێران بۆ تەرخانکردوون و ، رژێمەکی دیاریکراو لە سەرمایە و سامانی ئەو خەڵکە بۆ بەرژەوەندی ئاخوندەکان و پاراستنی دەسەلات و پەرەپێدان بە پاونخوازیان دەفەوتێ و لە بەرانبەردا گەلانی ولات دەبێت باجی هەژاری و بێکاریەکەی بدەن. ئەگەر لە ڕابردوودا لە بەر هۆکاری جیاجیا و هەلومەرجی نێوخۆی، گەلانی ئێران دەستیان بەدەمی خۆیانگرتبوو و ددانیان بەخۆیاندا دەگرت کە نەڕژێنە سەرشەقام و بێزاریەکانیان پەرە نەستێنن بەدژی حکوومەتی ناوەندی. بەڵام دەرکەوت ئەو جار هەموو لایەک سەبری بەسەر چووە و ئیدی بێکاری و هەژاری و نایەکسانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە لایەن کاربەدەستانی وردو درشتی دەسەلاتی تاران بەسەر خەڵکی ئێرانیاندا فەرزکردوە، بەسەر چووە و ئەمرۆ هاتوونەتە مەیدان و هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاندوە کە ئێران جێگای ئاخونەکان نیە و دەبێت لەسەر دەسەلات لابدرێن . ڕژێمی تاران خەڵکی ناڕازی و بێکار و هەژاری ولات و داواکاری و شوعارەکانیان بە پیلانگێڕی ئەمریکا و ئیسرایل لە قەڵەمدەدات هەتا شەرحیەت بە کاری تووندو تێژیان بدەن و هێزە ئەمنیەکان دەست لە خۆپێشاندەران نە پارێزن. دیارە لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوژرا و برینددار و بەهەزارانیان لە خراوەتە بەندیخانە و چارەنووسیان نادیارە. دەسەلاتی تاران هەر بەوەشەوەنەوەستاون و پنجەی تۆمەتیان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش درێژکردوە کە دەستیان لە پشتی ناڕەزایەتیەکانە و بەو ڕێگایەدا هەوڵدەدەن دیسان پیلانگێڕی دژی کوردی باشوور ئەنجامبدەن. بەگشتی لە ئێراندا گرکانێکی بەتەواوی داگریساو بەدژی ئاخوندەکان هەڵگریساوە و ئەگەر ئەو جارەش خامۆش بکرێ و، ئاکامێکی دڵخۆشکەری ئەوتۆی نەبێت، لانیکەم زەمینەی شۆڕشێکی بەرینی لە سەر ئاستی ولاتدا لە نێوان گەلاندا پێک هێناوە و هەموو لایەک ئامانجیان ڕوخاندنی ڕژێمی نیزامی ئاخوندی ئێرانە لە داهاتوودا. ئەگەر لە ئێستادا هێزە نەیار و دژ بەرەکانی ڕژێم وەک ڕابردوو کاریگەریان لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگەی سیاسی ولاتدا هەبووایە و ڕۆڵییان لە خۆپێشاندانەکاندا بەشێوەی لە پێشدا بەرنامە بۆ دارێژروا هەبا، بێزاری و ناڕەزایەتی خۆرسکی چین و تۆپژە جۆر بەجۆرەکانی نێوخۆی ئێران دوری دیارتریان دەبوو و ڕژێمی دووچاری ئاستەنگی گەورەتر دەکردەوە. ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی حکوومەتی دیکتاتۆری شا سەری هەڵدا و پاشان بوو بەڕاپەڕینێکی سەرانسەری و گەلانی ولات یەکدەنگ هاتنە سەر شەقامەکانی شارە گەورە و گرینگەکانی ولات، هێزە نەیارەکانی حکوومەت دەوری باشتریان لە ئێستا هەبوو.

دیارە هەلومەرجەکە لە کوردستان بە هۆی تایبەت مەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە هەیەتی، سروشتیە کە زەمینەی خەبات و ڕاپەڕینی جەماوەری بەربڵاوتر هەستی پێدەکرێت، ئەگەر خەڵکی کوردستان دەست پێشخەری ڕاپەڕینی سەرانسەری بکەن، ڕێژیم زۆر بێرهمانە دەکەوێتە وزەیان و قوربانی زۆری لێدەکەوێتەوە. ئەگەر بێت و خرۆشان و بێزاریەکان بە گشتی شارەکانی دیکەی ولات بگرێتەوە و بەربڵاوتر بن و کۆی شار و ناوچەکان بەشداری تێدا بکەن، ئەو کات ئەو دەرفەتە هەیە خەڵکی کوردستانیش ڕاپەڕێ و کۆتایی بە دەسەلاتی ئاخوندەکان بێنێت.

١١ی جانێوێری ٢٠١٨

تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات، بە چیرۆکی ساختەی نێو فیلمەکە ناخەڵەتێن!

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بناخەکەی لە سەر بنەمای سیاسی و نەتەوەی و ئازادییەکان دامەزراوە و لە مێژووی تێکۆشانیدا زۆر شێلگیرانە خەباتی بۆ ئازادی و دابین کردنی دێمۆکراسی کردوە و هەرگیز بە شێوەی هەڕەمەکی و کرچووکاڵ، خوێندنەوەی بۆ رووداو و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و بابەتە پەیوەندیدارەکانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد نەکردوە. سەبارەت بە بڵاو بوونەوەی ئەو فیلمەش، حدکا زۆر بە خیرایی هەڵوێستی خۆی لە پەیوەندی لە گەڵ نێوەرۆکی فیلمەکە و و ئامانجی ڕێژیم لە بڵاو کردنەوەیدا لە قۆناخی ئەمرۆی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورددا بە بەرچاو ڕوونیەوە، پێداگری لەسەر هاوکاری و هاوپەیوەندی سیاسی لە گەڵ هێزە کوردیەکانی دەربڕیەوە. ئەو" فیلمەیش" کە دوژمن بە ئانقەست لە ئێستادا بڵاوی دەکاتەوە و، ئامانجی دوژمنکارانەی لە پشتەو بە نیەتی خێرو چاکەی هیچ لایەک ئەو کارەیان ئەنجامنەداوە و بێگوومان هی دڵسۆزی و پرووشیان بۆ حیزب و گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ناگەڕێتەوە و حکوومەتی ئاخوندی چاوی بە دەسکەوتە بەدی هاتووە کانی باشووری کوردستان هەڵنایەت و هەردەم بە دوای دۆزینەوەی پیلانگێڕی نوێدان بۆ لە باربردنی ئەو ئەزموونە و ئاژاوە دروستکردنی لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا. بە نیشاندانی ئەو فیلمە دیکۆمێنتاری و دروستکردنی زانیاری ساختە و ناتەواو بۆ هەموو لایەک و لانیکەم بۆ تێکۆشەرانی دێمۆکرات شتێکی نامۆ و تازە نیە و بەڵکوو نیەتی کار بەدەستانی تاران تێکدانی پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتیە لە نێوان هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی ئەو دووبەشەی کوردستاندا. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کە لە ئێستادا بە دژوارترین بارودۆخی سیاسی و ئەمنیدا تێدەپەڕن و نائارامی و بارگرژی و ناڕەزایەتی گەلانی ستەملێکراوی ولات لە سیاسەتی برسیکردن و گەندەڵی سیاسی و ئیداری حکوومەت بێزارن و ئەگەری سەر لەنوێ سەرهەڵدانەوەی خۆپێشاندان و هاتنە سەر شەقامەکان بە شێوەی بەربڵاوتر دەکرێ. خۆ ئەو ڕێژیمە دەبێت کارێکی ئەوتۆ بکا هەتا خەیالی خۆیان لە سەر ڕووداوە ناخۆشەکانی شارەکانی ولات کمێک دوور بخەنەوە و بیخەنە پاڵ گەلی کوردستان. ئامانج لەو کارە زۆر ڕوونە، کاربەدەستانی نیزامی ئیران، هەوڵدەدەن هێزە کوردیەکانی کوردستان لەو ڕێگایەوە بکێشنە نێو گەمەیەکی تازەی بارگرژی و پێک هەڵپڕژان و شەری بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە هەڵبگریسێنن و خۆشیان تەماشاچی ڕووداوەکان بن. لەو پەیوەندیەدا تەشکیلاتی حیزب دەبێت زۆر بەرپرسیارانە لەو بارەوە هەڵسوکەوت و لێکدانەوەی بۆ کۆی ڕووداوەکە و چیرۆکە ساختەکانی گێڕانەوەی ئەو حیکایەتە ناڕاست و چەواشاکاریانە کە پەیوەندیان بە حدکادا هەیە، خوێندنەوەی وردی هەبێت و بە هەڵەش و شلۆپبوون بابەتەکە لە ڕەوتیخۆیدا بە ناڕاستەیەکی تردا دەبرێت. چۆن دەکرێت لە سەر کۆمەڵێک زانیاری کە بکوژانی گەورە ڕێبەرانمان باسی دەکەن، باوەڕ بکەین و بکەوینە سەنگەری دژایەتی و بێڕێزیکردن بە یەکدی، لەو ڕووداوەدا کەسمان دۆڕاو یانیش براوەنین.

ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات لە بەرزترین پلەی سیاسی و تەشکیلاتی هەتاوەکوو نزمترین پلەی تەشکیلاتی بەشمان هەیە لە کۆی پرۆسەکەدا و کەسمان لە سەرکەوتن و تێک شکاندا بێبەشنین. کورد و بزووتنەوەکەی لە هەموو کات و سەردەمێکی سیاسی و بەرخۆداندا، زۆرتر نیازی بە یەکڕیزی و هاوپشتی نەتەوەیی خۆی هەیە و دژایەتی و لێک زوێربوون و لوت لێک هەڵ ئەنگاوتن و تانەو تەشەر تیکگرتن لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا، بەدڵنیایەوە بۆ هیچ لایەک سودی نیە و تەنیا حکوومەتی ئاخوندی پێی کەیفخۆش بووە. ئەو زانیاریانەش کە باس لە ڕێککەوتن و پشتکردن لە خەباتی چەکداری حیزب دەکەن، بێگوومان دەرئەنجامی هێرشی سەر حیزب لە نزیک شاری کویە دا نەبووە و رووداوەکان نەوحێکیتربووون. زۆرینەی ڕێبەری ئەو وەختی بەو نەتیجەیە گەیشتبوون کە بە ڕێگای ئەو شێوە خەباتە دا، واتە خەباتی چەکداریدا ڕەنگە گەل بە ئامانجەکانی نەگا و لازمە سەرمایەی مرۆی حیزب وەک هێزێکی کاریگەر و بەرچاو بپارێزرێت و شێوەکانی دیکەی خەبات پەرەیان پێبدرێت. ئەو مەسەلەیەم زۆر جار لە زمان ئەندامانی ئەو سای ڕێبەریەوە دەبیست و باسی ئەوەکرا کە ئەو شیوە خەباتە بخرێتە لاوە بۆ کاتێکی نادیار. دیارە ئەو بیرکردنەوەیە هەر لە سەرەتاوە نێوەرۆک و بنەمایەکی بەتەواوی زانستی و سیاسی بەوەختی نەبوو و لە نێو تەشکیلاتی حیزبیشدا ڕاپرسی بۆ ئەنجام نەدرا. پاشان ئەگەر هاتبا و کومیتەی ناوەندی بە ڕێککەوتن خەباتی چەکداری هەڵبوەشاندایەوە، وەک لە گێرانەوەی فیلمەکەدا دەردەکەوێت، باوەڕم نەدەکرد ڕاسان لە کات و هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەتەواوی نوێدا بەدژی حکوومەتی ئاخوندی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدابایەوە و هێزی تایبەت بە شارەکانیش، واتە شانەی چەکداری شۆڕشگێر دروستبانەوە. ڕێژیمی ئێران هەموو هەوڵێکدەدات هەتا بە ڕێگای دروستکردنی ناکۆکی سیاسی لە نێوان هێزەکوردیەکان و بەتایبەت دوو دێمۆکراتدا و، تۆزێک پشووی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی ئیران بەخۆیان بدەن و بە خەیاڵیان لەسەر ئیشەی بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستان نەجاتیان بێت.

زۆر بە شادمانیەوە دەبێت بەڵێم، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری حکوومەتی ئاخوندی ئێران بەجۆرێک نایەتە پێشچاو، بەو پیلان و چەواشاکردنە، هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرقاڵی بابەتی لاوەکی تر بکەن، یان ئەوەتا زیان بە زەمینەی لێک نزیک بوونەوەی حدکا و حدک بگەیەنن.

۱۷ی جانێوێری ۲۰۱۸

ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتدا ، دەرئەنجامی بیری نەتەوەی حدک بووە!

کۆتایەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو دەرفەتەی بۆ زۆربەی گەلانی ستەملێکراوی گێتی ڕەخساند هەتا بڕیاری سەربەستی و ڕزگاری نەتەوەی خۆیان بدەن و دەوڵەتی گەلی دابمەزرێنن و گەشە بەژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە سەربنەمای یەکسانی بدەن و دەسەڵاتە ستەمکاریەکانی وڵاتەکانیان بروخێنن. ئەو هەلومەرجە سیاسی و مێژوویە بێگوومان ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر هزری سیاسی و نەتەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکراتدا هەبووە و بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانداا لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد بوو و، شۆڕنەوارى گەڵێک قوڵی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکدانا و ببوو بەمایەی خێر و ئاسوودەسی بە هەموو لایەک. بە شێوەیەکی بەرچاو ئازادیە سیاسی و دێمۆکراتیکەکان گەشەیانکردبوو و ئابووری و بازرگانیش بەباشی پەرەیان پێدرابوو. ئاسایش و ئەمنیەت بەمانای وشە بۆ دانیشتووان دابین کرابوو و کەس لەسەر دەربڕینی بیر و ڕای جیاواز و ڕەخنەگرتن لە حکوومەت و ئیدارەدانی وڵات نەخرایە بەندیخانە و تاک بەتەواوی دەرفەتی بیرکردنەوە وگەشەکردنی لە هەموبوارەکانی ژیاندا بۆ ڕەخسابوو و مافی تاک بەتەواوی پارێزرابوو. رووداوە سیاسی و مێژوویەکان کە لەسەر ئاستی گێتی و ناوچە و ئێراندا تابوونە ئاراوە، بێگوومان کاریگەری لەسەر کۆی پڕۆسەی سیاسی لە کوردستاندا دانابوو و، لە ژێر تیشکی ئەو ڕووناکیەدا گەلی کورد بە ڕێبەری حیزب توانی بەوەخت حکوومەتی کوردستان وەک تەنیا بژاردەیەک بۆ ڕزگاری نەتەوەی ڕابگەیەنێت لە مەهاباد. بەداخەوە بارودۆخی سیاسی و پەیوەندیە دیپلۆماسیەکان و چاوچنۆکی و سازانی ژێربە ژێری شای ئێران لە گەڵ حکوومەتی ڕووسیە و تێکچوونی هەلومەرجی نێو نەتەوەیی و نێوخۆی، نزیک ساڵێک زیاتر دەرەتان بۆ حوکمڕانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەڕەخسا. ڕاگەیاندنی سەربەخۆی کوردستان لەو بەشەدا، بەدڵنیایەوە پەیوەندی بە هەستی نەتەویی و وشیاری سیاسی و بەرپرسیارەتی نیشتیمانی پێشەوا و هاوڕیانی لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا هەبووە. ڕاستە ئەزموونێکی نوێی حکوومەتی کوردستان لە سەر شێواز و فۆرمی دەوڵەتداری کوردستان پێشکەشکراوە. بەڵام کۆمەڵێک هەنگاوی گەورەی و مێژووی ئەتۆی هاویشتووە کە بەڕاستی بوێری و شانازیەکەی بۆ ڕێبەرانی ئەوسای حیزب دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە گەندەڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەو سەردەمەدا تۆمار نەکراوە و هەربۆیەش ئەو شار و ناوچانەی کەوتبوونە ژێر حوکمڕانی حکوومەتی کوردستان، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بازرگانیەوە گەشەکردنێکی بێهاوتایان بەخۆوە بینیوە و خەڵکی کوردستان هەستیان بە ئارامی و بوونی خۆیانکردوە و بەکورتی تامی ئازادیان چێشتووە. دامەزراندنی حیزبی دێمۆکرات دەرئەنجامی وشیاری سیاسی و نەتەوەی ئەو بەشەی کوردستان دەردەخات و هەرلەو پەیوەندیەشدا دەبێت بڵێین کەوا ئەو زەمینە لەبار و گونجاوەی بە هۆی شەڕی دووهەمەوە لە سەر ئاستی ئێراندا دروستببوو، ئەو هەلومەرجە زێڕینەی بۆ پێشەوا و هاوڕێیانی ڕەخساند بۆ ئەوەی

خێراتـر لە وادەیخـۆی ئەزمـوونە بەنـرخ و مێـژوویەکە بە بەشـداری نـوێنەری هەرچـوار بەشـی کوردسـتان ڕابگەیەنـدرێت. بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلێک لەبار و گونجاو بوو هەتا کورد لەوێدا کەڵک لە بۆشای دەسـەڵاتی ناوەنـد وەربگـرێ و خۆی حـوکمڕانی بەسـەر ئەو نـاوچە جوگرافیـادا بکـات کە بە قەڵەمڕەوی حکـوومەتی کوردسـتان دەست نیشـانکرا لە لایەن کورد خۆیەوە. دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە دوای مـاوەیەکی زۆر کـورت تـوانی لە چـوار چـرای شـاری مەهابـاد حکـوومەتی کوردسـتان ڕابگەیەنێت بە سـەرۆکایەتی پێشـەوا قـازی محەممەد و، هەر ئەوکـاتش کـابینە و بەرنـامەی دەوڵاتـی کوردسـتان لە نێـو ئـاپۆڕای خەڵکـی کوردسـتاندا ڕاگەیانـدرا. ئـاڵای کوردسـتان شـەکایەوە و سـوپای میللـی دامەزرا وەک دامەزراوەیەکی بەرگری نیشـتیمانی. قوتـابخـانە و پورتووخانەکـان بـۆ خزمەتـی گەڵ ئـاواکران و زمـانی کـوردی کـرا بەزامنـی ڕەسمی و لە تەنیشت ڕۆژنـامەی کوردسـتان ئۆگـانی کـومیتەی نـاوەنـدی حیزبـدا ژمـارەیەک تـر گۆڤـار هەلـی دەرچوونیـان بـۆ ڕەخسا. دامەزراندنی حیزبی دێمۆکرات لە لایەن کۆمەڵێک لە سیاسیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بە سـەرەتا سەرفەسـڵێکی نـوێ و مێـژووی و وەرچەرخـانێکی گرینگـی سیاسـی و ڕیکخـراوەی دەژمێردرێـت لە ڕووی پێـک هـاتە و چۆنیەتی ئیدارەدانی حیزب و ئۆرگانەکانی. ئیدی ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کەسایەتیەکی گەورە، کەخاوەنی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تـاک بوو و بەدوور لە دەست تێوەردان و ژێنگەی هۆزێک لە هۆزەکاندا، ببێتە کەسی یەکەمی حیـزب، پێشـەوا لە ڕەوتی درێژەکێشانی خەباتیدا، وەک سەرۆکی حکوومەتی کوردستان دەربکەوێت. پێشـەوا قـازی محەممەد پێگەیەکـی بەهێـز و تـایبەتی خۆی هەبوو، لە نێو خەڵک و دەسەڵاتدا وەک بژاردەیەکی دەگمەنـی سـەردەمی خـۆی سـەیر دەکـرا و هەرلەوکاتەشدا مرۆڤێکـی سیاسـی و نەتەوەی گەورەی کوردبـوو. زۆر جـار لە مێـژووی کوردسـتاندا ڕووداوەکـان و دروسـتبوونی حیـزب و سەرهەڵدانی جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیی لە سەر دەستی سەرۆک هۆزەکاندا دەستی پێکردوە و پاشان پەرەیگرتـووە. ئەو ڕاستیە دەرکەوتووە کە بەهۆی ژێنگەی سیاسی و سروشتی کۆمەڵایەتی جووڵانەوەکانی ڕابردوو، هیچ کامیـان خـاوەنی بەرنـامە و سـتراتیژی بەرگـری سیاسـی و نەتەوەیـان وەک پێویسـت بۆخۆیـان و خەڵکەکەیـان نەبـووە و بەرگەی قۆنـاخە سـەخت و ئاستەمەکانیاننەگرتووە.

وەختێک شۆڕشێک گەشەدەکا و زۆر بەخێرای پەرەدەستێنێت کە یەکەم خاوەنی بەرنامە و ئامانجی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەی بێ و هەرلەو کاتەشدا پایە و بنەماکانی لەسەر ڕاستگۆی سیاسی و بەرژەوەندی نیشتیمانی دامەزرابێت و دوور بێت لە نەریتی باوی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان.

٢٠ی جانێوێری ٢٠١٨

حەیدەر عەبادی ئەگەر بۆی بلووێ، هاوینەهەوارەکانی کوردستانیش دادەخات!

هەر ئەوە مـاوە حەیـدەر عەبـادی و هاوتەریبەکـانی بڕیـاری داخسـتنی هـاوینە هەوار و چێشـتخانە و چایخـانە و سـەموونخانەکانی هەرێمـی کوردسـتان دەربـکەن و سـزای زیـاتر بـخەنە سـەر خەڵکـی باشـووری کوردسـتان کە هەمـووی دەرهاویشتەی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوون. ئێستا عەبادی خۆی بەبـراوەی سەرەکی لە سەر ئاستی وڵاتـدا سەیردەکا و پاش ئەوەی کورد نزیکەی نیوەی خاکەکەی لەدەستدا و کەوتەوە ژێردەسەڵاتی ناوەند و بەشێکی گرینگی گێلگە نەتیەکـانی لەژێر دەست دەرهێنراوە و ئەوەش هێندەی تر کێشەی دارایی بـۆ حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان دروستکردوە و زۆر بەدژواری دەتوانێت بەو بڕە داهاتەی لە بەر دەستیدایە مووچەی فەرمانبەران و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک دابین بکا. بەگوێرەی هێنـدێک سەرچاوەی نزیک لە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەڵێن: پێناچێت لە داهـاتی گشتی عێراق ڕێژەی لە ١٧%ی بەشە بـودجەی هەرێم دابین بکرێ و کەمدەکرێتەوە بۆ خوار ١٣% کە ئەوەش بـارودۆخی هـاو وڵاتیـان باشتر ناکـات. ئەگەر تۆزێک بەوردی لە هۆکـارەکەی بـڕوانین زۆر بە سـانای دەتـوانین لە هۆکـارەکەی بـزنین، ئیـدی کـورد بەداخەوە وەک سـاڵانی پێشـوو ڕۆڵـی نەماوە و ئەگەر هەروابڕوات لەوەش خراپتر دەبێت. کورد لە پـارلماندا ئەو هێزەی نیە ڕێگری لە دەرکردنـی کۆمەڵێک بـڕگە و یاسای دژ بە گەلی کورد بکا و ئەگەر جاران بە سازانی سیاسی کێشەکان یەک لایدەکرانەوە، ئێستا ئەوەش مانـایەکی نیە و بەهەمـوو لایەک دەیـان هەوێت گەمـارۆی سیاسـی و ئیـداری زۆرتـر بخرێتەسـەرکورد و بەزۆریـنەی پـارلمـانی کێشـەکان لە بەرژەوەندی شیعە و سوننەدا یەکلای دەکرێنەوە. دیـارە ئەوەش بڕیـارێکی تـری ستەمکارانەی حکوومەتی مەرکەزی بەغـدایە بەدژی کـورد کە عەبـادی سەرکردایەتی دەکـا. نـاهەقی نـاگرم کە عـابـادی لەوەی خـراپ تـر بەسـەر گەلـی باشـووردا بێنێت، چوونکی سەردانی سـەرۆک وەزیرانی حکـوومەتی مەرکەزی عێـراق بۆتەگرینـگ تـرین سـەیرانگای سیاسـی و هەرجمەی دێت لە سەرکردەی کورد و وەڤدی بـاڵای بەشێک لە هێزە کوردییەکانی باشوور. ئەو بەرێزە بە خوێن ڕشتن و داگیرکـردنەوەی کەرکـوک و نـاوچە دابـڕین ڕاوەکـان نەوەسـتاوە و گەمـارۆی ئـابووری خستە سـەر هەرێمـی کوردسـتان و بە دەرکردنـی ڕیـزە بڕیـارێـک، فڕۆکەخـانە و دەروازە سـنوورییەکانی بە سـەر هەرێمـی کوردسـتان دەخست و بـابەتـی نـاردنی مـووچەی فەرمـانبەرانی هەرێمـی کوردستانیشـی کـردۆتە خـاڵێکی بەتەواوی سیاسـی و هەرجـارەو بەجۆرێـک ئەو مەسـەلەیە لە دەرکەوتـنە ڕۆژنامەوانییەکـانی حەفتانەیدا باس دەکا و بەڵێنی نادروست رادەگەیەنێت. بەڵام ئەمڕۆ وەک ئەوەی نە بای هات بێت و نەبـاران بـۆ ژمـارەیەک لە سیاسیەکانی باشوور و هەر ڕۆژە و لە ژێـر نـاو و بەهانەیەکـدا سـەردانی ئەو زاتە مەزنخوازە دەکەن، بەڵکوو بەگوێیـان بکا و دڵی نەرم بێت و مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستان کە مافی دەستووری خۆیـان ڕەوانە بکـات. کەچی هەتـا ئەمـڕۆش هەر دەستی دەستی بەنـاردنی قووتی خەڵکی کوردستان دەکات و لەو پەیوەندییەدا هیچکام لە بەڵێنیەکـانی بە جێ نەهێنـاوە و بەهۆی غرووڕە سەربـازییەکەیەوە غلور بووە و گوێ بۆ کەس ناگرێت جگە لە حکـوومەتی ئـاخونـدی ئێـران نەبـێ. ڕۆژێـەتـی

کورد دژی ستەمکرایەکانی عەبادی دەست بۆ خەباتێکی نوێ بەرێت و ئیدی دەسەڵاتی بەغدا کوردی بەئاشکرایی لە پرۆسەی سیاسی و هاوبەشیدا پەراوێز خستووە و ئەگەر بۆیان بلوێ، دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بەتەواوی هەڵدەوەشینەوە و لە گەڵ پارێزگاکاندا کاردەکەن. بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆ سەرەتا کورد دەبێت خۆی ڕێکبخات لە هەمبەر بەغدا و لە سایەی کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەیدا دەتوانێت زۆرێک لە مافەدەستوورییەکانی وەک خۆی بپارێزێت و لەوەی خراپتر بەسەر کوردستاندا نەیەت. با ڕاشکاوبین لە گەڵ کۆمەڵگای کوردستاندا، ئەو سیاسەتەی عەبادی لە هەمبەر حکوومەتی هەرێمدا پەیڕەوی دەکات، زۆر ترسەناکترە لە سیاسەتی ئاشکرایی ئانکارا و تاران کە دژی گەلی کورد بە درێژای مێژوو هەیانبووە و لە هیچ جۆرە دڕندەیی و سەرکووتکردنێک دریغیان نەکردوە. حکوومەتی مەرکەزی عێراق دوایی پرۆسەی ڕزگاری و ڕوخاندنی حکوومەتی سەدام، بەهۆی کوردەوە توانی بۆ جارێکی تر بکەوێتەوە سەرپێکانی و دەوڵەتی خۆی ڕێکبخاتەوە و لە سەر ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا پێناسەی خۆی بکاتەوە. دواجار سەرکردە سیاسی و مێژوویەکانی کوردستانی باشوور ڕۆڵیان هەبووە کە حەیدەر عەبادی و هاوتەریبەکانی بگەنە بەرزترین لوتکەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی لە عێراقی نوێدا. بێنمەکی سیاسیەکانی عەرەب لە هەموو وەختێک باشتر بۆ گەلی باشوور دەرکەتووە کە هەرکامێکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان گیروگرفتی بۆ کورد و حکوومەتی هەرێم خوڵقاندوە لە برینی قووتی خەڵکیەوە بگرە هاتا هێرشی داگیرکاری هێزە سەربازیەکانی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان و شەهیدکردنی ڕۆڵەی ئەو گەلە. دیارە هیچکام لە دەسەڵاتدارانی بەغدای نوێ، بەداخەوە بەڕادەی عەبادی دژ بە خواست و ئامانجەکانی گەلی کورد دەرنەکەوتن و ئەو پیاوە لە ژێر ناوی چەسپاندنی یاسادا، سیاسەتی شۆڤێنیانەی دژی کورد بەرێوەبرد و هەر لە سەر دەستی عەبادیدا خوێنی کورد ڕژا. پێک هێنانی هاوپەیمانی و هاوفکریکردن لە گەڵیدا، نیشانەی ڕەوایەتدانە بە سیاسەتە خراپ و مەترسیدارەکانی بەرامبەر بە گەلی کورد. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وەک پێویست لە هەمبەر پێشێل کاریەکانی عەبادی دا هەڵوێستێکی ڕوون و کاریگەری نەبووە و کورد دوو بژارەی لە بەردەمدایە کە یان دەبێت مانەوەی لە گەڵ عێراقدا بە کەمیش ڕازی بێت بە هۆی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر یان ئەوەتا دەبێت بە هێز پارسەنگی بارووداوەخەی وڵات لە بەرژەوەندی خۆیدا بگۆڕێت.

دەرکەوتووە سیاسەتی نەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر هانی حکوومەتی بەغدای داوە هەتا هەڕەشە لە سەر هەرێم دروست بکات. بابەتی شەراکەتی سیاسی و تەوافووق و هاوبەشبوون بەتەواوی هەرەسی هێناوە و ئەگەر بارودۆخەکە هەروا بڕوات، مەترسیەکان زیاتر دەبن لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان. چوونکی هەموشتێک لە داهاتوودا بەزۆرینەی ڕەها یەک لایەدەکرێتەوە کە زەرەرمەندی سەرەکێش گەلی کورد دەبێت لە پاش هەڵبژادنەکانی عێراق.

٩ی فێبریوێری ٢٠١٨

بەئامانج گرتنی حدکا، بۆچ مەبەست و بەرژەوەندیەکە!

بـۆ مـاوەیەک دەبێـت حـدکا بە شـێوەیەکی پـیلان بـۆ دارێـژراو لە لایەن ژمـارەیەکی زۆر کەم لە کـوردە ماسـتاوچی و بەرژەوەندخوازەکانەوە کە دەرکەوتووە،

بەداخەوە پیاو و ڕاسپێردراوی هێزە ئەمنی و سیخوڕیەکانی سەر بەحکوومەتی ئاخوندی ئیـرانن، ئەرکیـان هێرشکردنە سەر حیزبـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران و ناشیرکردنی مێـژووی پڕشـەنگدار و سـەربەرزانەی ئەو حیـزبەیە لە ئەمـڕۆدا. یـان ئەوەتا بەناڕاستی تـۆمەتی نـاڕەواو بـێ جێی دەخەنە پـاڵ، کە ئامانج لە کـارداری بکەرەکـان بـۆ هەمـوو لایەک ڕوونە. بەو قسـە و گۆتـار و هەڵوێسـتە ناشیا و نادروسـتانەیان بەنـزین بەئـاگری نـاکۆکیە نێوخۆیەکانـدا دەکەن و دەیـان هەوێـت هەر نەبێت حیزبی دێمۆکرات و پەکەکە بەگژیەکدیدا بکەن. بەڵام بـا دوژمنانی یەکڕیزی و یەکگرتـووی نەتەوەیـی ئەوەبـزانن،ئەو دوو هێزە زۆر دوورن لە بەگژیەکداچوون و نابێت ڕێگا بـدرێت ئـاواتی نەیـارانی کـورد بەدی بێت. زۆر بەداخەوە کە هێنـدێک مرۆڤ کە خۆشیان بەکورد دادەنێن ڕۆژ و شەویان کردوە بەسـەریەکدا هەتـا بووختـان و قسـەی ناشیرین بە هێـزە کوردیەکـان بڵێن. بەئامانج گرتنی هەردووک دێمۆکرات کە بە دۆستی دوژمن ناویان دەبن و یان بیرکردنەوەکەیەن بەمجۆرە یە کە گـوایە هێـزی ڕێـبەری کردنـی چـووڵانەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـان تێـدا نەمـاوە و دەبێـت زمـان فەلسـەفیەکان بـێن ئەو ئەرکە بگرنەئەستۆیان. هەرلەو پەیوەندەیشدا هەتـا ڕوحم بە مێـژووی زەڵاڵ و سەربەرزانەیشیان ناکرێت و لە زاویەی دەسـەڵاتی تـاراندا، هەڵسەنگاندن لەسەر حیزب و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حکوومەتی کوردستانیشـەوە دەکـرێ.

حیزبی دێمۆکرات هەروەک لە بەرنامە و خەتە گشتیە سیاسیەکانی ڕادیارە، هێزێکی بەتەواوی نەتەوەیی و دێمۆکراسیخوازە و وێڕای ڕێزگرتن لە بیروڕای جیـاواز و تێڕوانینی جودا سـەبارەت بە هەڵومەرجی سیاسی و ڕێکخراوەیـی و تەشکیلاتی ئەو حیزبە، سەبارەت بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکـانی بەشەکانی تـری کوردسـتان، وەک هێزێکی دیـار و نەتەوەیی بەدەر بووە لە دەست تێوەردان و لایەنگری حیزبێکی کوردستان بەدژی هێزێکی تری کوردی کردبێت. بەڵای حدکاوە لادان لە بنەمـا فیکـری و نەتەوەیەکـان بە هێڵـی سـوور دانـراوە و لە ڕەوتـی خەبـات و تێکۆشـانیدا بەئێستایشـەوە، بەردەوام داکـۆکی لە خەباتی ڕەوای بەشەکانی تری کوردستان کردوە و سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتنی هەر پـارچەیەکی کوردستانی بەسـەرەتای دەست پێکی قۆناخێکی گرینگ و نـوێ لە مێـژووی سیاسی گەلـی کـوردا تەماشاکردوە و بەرویەکەی تریـدا بە پشـتیوانێکی نەتەوەیی زانیووە. ئەو زمان فەلسەفی و بەناو نەتەوەیانەش کە بە زمانی زبرو ناشیاو دەمیان بەرانبەر بەحیزب و ڕێبەری و دەسکەوتەکانی کـردۆتەوە، بێگومـان جێگـای گـلەی و گازنـدەنین، چـوونکی پێشـوەختە نـوقرەی ئـاڵتوونی سەرشـۆڕیان لە ئەربابەکـانی قـوم و تـاران بـۆ ئەو مەبەسـەت قێـزەونیە وەرگرتـووە و نابێـت لێـان بگـرین. سـەرنج ڕاکێـش ئەوەیە کە تـۆ بەنـوێنەرایەتی دەزگـای سیخوری و بکـووژانی قـاسملوو و شـەرەفکەندی دەربکەویـت و لەولایشـەوە بەردی دڵسـۆزی بـۆ شۆڕشی

ڕۆژئاوا لێبدەیت! مرۆڤ ئەگەر هات و زەلیلی ناشیاوی بیرکردنەوەیخۆی هات، دوور نیە لەوەی خراپتری بەسەرنەیەت. نام هەوێت یەک بەیەک ناوی ئەو کەسانەی زۆر قین لە دڵانە سەنگەریان لەحیزب و ڕابردووی گرتووە بێنم، چوونکی سیما و ڕوخساری ناپاکی و دژی گەلیان بۆ هەموو لایەک دەرکەتووە و ئەوان هەر بەدژایەتی حیزب نەوەستاون و مێژووی سەروەریەکانی بنەماڵەی بارزانیش بەئامانج دەگرن. هێزێکی تێکۆشەر و نەتەوەیی وەک حیزبی دێمۆکرات کە لە ڕێبازی ڕاستەقینەی هەرگیز لاینەداوە، دەکرێتە ئامانج و هەوڵی ناشیرینکردنی مێژووی سیاسی و پەیوەندیە نەتەوەیەکانی لە گەڵ بەشەکانی تری کوردستان دەدرێت. مرۆڤ سەیری بەڕابردووی ئەو کەسانە دێت کە ئەمرۆ دژی حیزب دەدوێن و قیدۆ و لایف دەکەنەوە و دەڵێن حیزب دژی هێزەکوردیەکانی ڕۆژئاوایە و چاوی بە پەکەکەیش هەڵنایەت! وەختێک ڕێبەرانی حیزب پەیوەندیان لە گەڵ هێزەکوردیەکانی بەشەکانی تری کوردستان دادەمەزراند، زۆر لەو بەڕێزانە ئەوەندەی خەمی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای وڵاتانی تریان دەخوارد و فرمێسکیان بۆ کرێکارانی نەجەف و قۆم و تاران و بەسرە دەڕشت، هەر نەشیان دەزانی خەباتی نەتەوایەتی چیە و بۆ دەستی پێکردوە، یان پێان شەرم بوو بڵێن کوردین. هەربۆیە هەرگیز بەقسە و زمان زبری ئەو ئەنگەلانەی کۆمەڵگا بیزارنابم. ئەو کەسانە سەرەتا دەبێت خۆیان بدۆزنەوە و چاوێک بەئاکارو کردەوەکانیاندا بگێڕن و هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە. مێژووی ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستان گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن کە حیزبی دێمۆکرات لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانیدا، هاوکار و پشتیوانی جوواڵانەوەی ڕزگاریخوازی بەشەکانی دیکەی کوردستان کردوە و بۆ خۆش خزمەتی بە داگیرکەرانی کوردستان، هەرگیز نە چۆتە نێو سەنگەری دوژمنانی گەل و سێرەی لە براکانی نەگرتووە. وەک ئەو بەڕێزانەی ڕۆژ هەتا ئێوارێ لە جێگا و شوێنی پاک و ئەمیندا قسەی ناشیرین و جنێو فرۆشی بە جووڵانەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەلێن. زۆر بە جێیە لەو بەڕێزانە بپرسین بە چۆن وێژدانێکەوە مێژوو و سەروەریەکانی حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی بۆ مەبەستی تایبەتی بەئامانج دەگرن! گەلی کورد و هێزە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکانی کوردستان زۆر باش لەو ڕاستیە گەیشتوون کە شۆڕشی نەتەوەیی لە سەر بناخە و مۆدێرنی نەتەوەیدا، بەرهەمی فیکر و بیرمەندی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێ کانیەتی. ئەوەی دەگوترێت کە گووایە حیزب ناتوانێت ڕێبەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تەنیا قسەیەکە و ئاوازێکە کە هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران گوێ بیسی ئەو قەوانەین و دوژمن دەڵی خۆی بە جۆرە دەداتەوە. وەختێک ڕێژیمی خومێنی بەهەموو هێز و دەسەڵاتی خۆی هێرشی دگیرکارانەی بۆسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد و نزیک بە سێ ساڵ زیاتری برد هەتا ڕێژێم شارەکانی دەست بەسەرداگرتووە. **ئەو کات فرۆکەی هاوپەیمانان و چەک و جبەخانەی ناتۆ بەدەستی هێزی پێشمەرگەی حدکادا نەبووە، چەکی قورسیان دۆشکە و ئارپی جی و بیکەیسی بوو! کەوابوو کوردی ڕۆژهەڵات و هێزە تێکۆشەرەکانی بۆ ڕزگاری نەتەوەیی فیداکاری زۆریان کردوە و هەرگیز وەک منەت بە خەڵکی تری نافرۆشنەوە.**

سڵاو لە یەکڕیزی سیاسی و نەتەوەیی

٩ی فێبریوێری ٢٠١٨

دوور کەوتنەوە لە بەغیلی سیاسی، کورد بەئامانجەکانی دەگەیەنێت!

لە ئێستادا کورد بۆتە فاکتەرێکی کاریگەری ناوچەی و زۆریەک لە وڵاتە بەهێز و کاریگەرەکانی گێتی ئامادەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشدا یارمەتی بەکورد بکەن، ئەگەر بێت و پەیڕەوی لە سیاسەتێکی ژیرانە بکا و ستراتیژی نەتەوەی خۆی بەهێزبکات و کۆدەنگی سیاسی دروست بکرێت و لایەنە سیاسەکان دووربکەونەوە لە بەغیلی سیاسی و یەکتری شکاندن و رووبەڕووبوونەوەی یەکدی. ئاسۆی بەئامانج گەیشتنی گەلی کورد لە ساڵانی رابردوو زوونتر دەبینرێت و کەڵاوەکێشی ناوچەی زۆری بە قازانجی دۆزی سیاسی گەلی کوردە ئەگەر بتوانێت خۆی لە گەڵ ئەو گەمەسیاسیە نوێیەدا بگونجێنێت و دوور بکەوێتەوە لە پرشوبڵاوی سیاسی و هەنگاوە نەتەوەیەکانی بەیەکگرتووی بهاوێژێت. بەڵام خولانەوە بەدەووری میحوەری دژایەتی نێوخۆیدا، ئاستەمە کورد بە مافەکانی بگا و ئەگەر ئەو دەرفەتە نوێیەش لە کیس بدرێت، چەندساڵێکی تری دەوێت کە بارودۆخێکی هاوشێوە بۆ کورد بێتە ئاراوە. هەر بۆیە یەکڕیزی و یەک گۆتاری و هاوپشتی و یەک هەڵوێستی زەرەورەتێکی روحی و نەتەوەیە و هەر تاکێکی کورد دەبێت هەست بە بەرپرسیارەتی سیاسی و نیشتمانیەکانی لەو پەیوەندیەدا بکا. گەلی کورد لە ناوچەیەکدا دەژیت کە بۆتە مەیدانی ململانەی گەورە و مێژووی زلهێزە ناوچەی و جیهانیەکان و ئەگەر کێشەکان زیاتر پەرەبستێنن، بێگومان مەترسی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی زۆرێک لە وڵاتەکان دروست دەکات و بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی کە زیاتر لە نەتەوەیەکیان تێدادژی و تەنیا نەتەوەیەک فەرمانڕەوایی بەسەر وڵاتدا دەکات. ئەو ناوچەیی کە کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە، واتە خۆرهەڵاتی نێوەراست لە مێژووی نوێیدا بەبەراورد بە جۆر و شێوەی کێشەکانی ڕابردوو، بەرادەی ئەو چەند ساڵەی دوایی نەبۆتە مەیدانی ململانەی سیاسی و سەربازی زلهێزەکانی جیهان مەبەمەستی باڵادەستی و گۆڕینی هەوسەنگی و پەرەپێدان بەدەسەڵات و نفوزەکانیان لەسەر ئاستی ناوچەیدا. بەشێکی زۆری سەرچاوەی کێشەکان لە خۆدی ئەو وڵاتانەدایە کە مەسەلەی کوردیان وەک پرسێکی سیاسی و نیشتیمانی پشتگوێ خستووە و بە هێز خۆیان بەسەر هەلومەرجی وڵاتەکەیاندا سەپاندوە، هەر ئەو هۆکارەش بۆتە هەوێنی سەرهەڵدان و ناکۆکیە سیاسی و ناوچەیەکان و لە نەتیجەدا کراوەتەسەرچاوەی قەیران و ململانەی سیاسی و سەربازی گەورە و ئەو وڵاتانەیش کە وەک ناوچەی سووری قەیرانەکان دەرکەوتوون، وڵاتانێکی وەک ئێران و سووریە و تورکیە و عێراقی ئێستان کە لە مێژووی سیاسی و حوکمڕانیاندا، بەرادەی ئەمڕۆ مەترسی لە ئاسایشی نەتەوەیان دروست نەبووە و بگرە لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی سنووری سیاسی وڵاتەکاندان و ئەگەر ئەوەش بکەوێتەبواری کرداریەوە، کورد دەتوانێت مافی سەربەخۆی وەربگرێ. ئەگەر بێت و بارودۆخەکە لەوەی زیاتر لە سنوور دەربچێت و ئاوێک بەئاگرەکەدا نەکرێت و بڵێسەی مەترسیەکان دانەمرکێتەوە، دەرفەتی ئەوەی نامێنێ بەرێگای دیالۆگدا کێشەکان بەلایەکدا بخرێن. جاران ئەگەر کێشەیەک بەرۆکی یەک یان چەند وڵاتێکی گرببێتەوە، خێراتر قەیرانەکان چارەسەرکراون و بەرێگایەکدا ئارامی

زاڵبوونەوە بەسەر کەش و هەوایی ناوچەکەدا. دیارە ڕیشەی ئەو مەسەلەیەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پێک هاتەی نەتەوەیی وڵاتەکاندا هەیە و لە هەر وەڵاتێکدا کە ئێستابوونەتە میحوەری ناکۆکیە ناوچەیەکان و هەتا زلهێزەکانیشی هێناوەتە نێو کەڵاوەکێشیەکی زۆر مەترسیدار و خەریکە بارووددۆخەکە بە هۆی قەیرانی سووریە و پاشان عێراق و تێوەگلانی تورکیە، بەهیچ لایەک کۆنترۆڵ نەکرێت، هۆکاری ئەساسی ناسەقامگیری ناوچەی بە پلەی یەک پاشتگوێ خستنی پرسی سیاسی و گەلی کوردە. ئەگەر سەیری پێک هاتەی ئێران بکرێ، جیا لە نەتەوەیی فەرمانڕەوایی فارس، کورد و ٥ نەتەوە و کەمەنەتەوەی تێدادەژین و هیچکامیان مافە سیاسی و نەتەوایەتیەکانیان دابین نەکراوە. بەدرێژایی مێژووی حوکمڕانی فارسەکان گەلانی وڵات ستەمیان لێکراوە و وەک مرۆڤی پلەدوو سەیرکراون و حکوومەتی ناوەندی بە ڕێژیمی ئاخوندیشەوە سیاسەتی سزادان و لە پاشکەتووبدا هێشتنەوەی بەرامبەر بە پێک هاتە سیاسی و نەتەوەیەکانی ئێران گرتۆتەبەر. لە عێراقدا پاش ڕووخاندنی حکوومەتی سەدام بارۆدۆخێکی باشتر بۆ کوردەکان هاتۆتە ئاراوە و تاڕادەیەک لە سەر بەشێکی نیشتیماندا بەئازادی دەژین و دەسەڵاتی کوردی لەوێدا بوونی هەیە. دیارە بەهۆی هەلومەرجی ناسەقامگیری ناوچەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە گەڵ کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی و دارایی بەرەوروبۆتەوە. لەسووریەشدا جگە لە عەرەب، کورد و کەمینەی تر دەژین و لە مێژووی سیاسی ئەو وڵاتەدا ڕێز لە مافی نەتەوەیی کورد و کەمینەکان نەگیراوە و بگرە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە مافی ناسنامەی شارستانیش بێبەریکراون هەتا تێکچوونی وەزعی سیاسی ئەو وڵاتە و لاوازبونی دەسەڵاتی ئەسەد لەسەر بەشێکی گرنگی سووریەدا. کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەخێرایی لە بارودۆخی ناجێگیری سووریە کەڵکیان وەرگرت و بەشێکی زۆری خاکی ڕۆژئاوایان لە ژێر دەستی حکوومەتی دەمێشق ڕزگارکرد و حکوومەتی خۆجێیان تێدا ڕاگەیاندوە. وڵاتانی داگیرکەری کوردستان سەرەڕایی ناکۆکیە سیاسی و مەزهەبی و مێژوویەکانیان، ئەگەر لە هەر بەشێکی کوردستاندا سەرکەوتن بەدەست هاتبێ و گەلی کورد دەسکەوتی گەورەی لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا بەدی هێنابێ، چوار وڵاتەکە یەکیان گرتووە بەدژی کوردەکان و زیانی گەورەیان بە شۆڕشەکەی گەیاندوە. ڕووداوەکانی کەرکوک و عەفرین دیارترینی ئەو گەلەکۆمەیەن بەدژی نەتەوەکەمان و لازمە بەپیلانی تاران و ئانکارا و دەمیشق و بەغدا بەدژی کورد لە مێژوودا بناسرێت. کوردەکانی باکووریش کە زۆرینەی ڕێژەی خەڵکی کوردستان پێک دێنن و، دووهەم گەورە پێک هاتەی تورکیەی ئێستان، بارودۆخیان لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان باشترنیە و بەردەوام بەهۆی کورد بوونیان ستەمو زوڵمیان لەسەربووە و چەند جارێک لە مێژوودا هەوڵی لەناوبردن و قڕکردنیان دراوە لە سەردەستی حکوومەتە یەک بەدوایی یەکەکانی تورکیەدا. لە سەریەک وەک نموونە باسی ئەو چوار وڵاتەی ناوچەکەمانکرد کە بەدیاریکراوی خاکی کوردستانیان بە بێ ڕەزامەندی کورد بەسەرخۆیاندا دابەشکردوە و ئەو سیاسەتە هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکان لە گەڵ گەلی کورددا بەردەوام پەنایان بردۆتە بەر شەر و بژاردە سیاسیەکان کە خۆی لە دیالۆگ و گفتووگۆدا دەبینێتەوە، بەڵاواوە نراون و دەیان هەوێت بە هێز کۆتایی بە نائارامیەکان بێت. لە حورفی سیاسی نێونەتەوەیشدا ئەو ڕاستیە سەلمێنراوە، کاتێک لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا سەقامگیری سیاسی و ئاسایشی نیشتیمانی دێتەئاراوە کە هەموو پێک هاتەکان وەک یەک ماف و دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریان لە بەڕێوەبردنی

وڵاتدا بە ڕێگای دەستووردا بۆ دابین کرابێ و سیستمێکی ئازاد و دێمۆکراتیک دابمەزرێت کە بتوانێت ڕێز لە ڕەنگاو ڕەنگی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی وڵاتەکەی بگرێ. بەڵام ئەو چوار وڵاتەی کە لێرەدا ئاماژەیان پێدراوە، هیچکام لە بنچینە سیاسی و نەتەوەیانەیان لە بەرچاو نەگرتووە و بە پێی دەستووری هەموو دەسەڵاتێکی بە نەتەوەی فەرمانڕەواداوە و بە پێێ یاسای وڵات کورد ماف و ئازادیەکانی پێشێلکراوە و ڕووبەرووی سیاسەتی ستەمکارانە و قڕکردن و جینۆساید بۆتەوە.

ڕێژیمەکانی ئەو وڵاتانەیش دژایەتی هەرهەنگاوێکیانکردوە کە لە گەل بەرژەوەندی ئەوەندا نەگونجابێ و یان ئەوەتا دەرفەتی شیاوی خستبێتە بەردەم کورد بۆ ئەوەی بە مافە دیمۆکراتیکەکانی خۆی بگات.

٢٨ی فێبریوێری ٢٠١٨

حکووومەتی ئاخوندی خەریکە بەسیاسەتە خراپەکانی سەریخۆی دەخوات!

ئالۆزییەکانی سووریە و سیاسەتی فراوانخوازی تاران لەو ولاتەدا، خەریکە لە ڕەحمەت و باڵادەستی بۆ حکوومەتی ئاخوندیەوە بگۆڕێت و، ببێتە بەڵا و سەرەخۆڕەی ئەو ڕێژیمە مەترسیدار و کۆنەپەرست و ئاژاوەگێڕەی ناوچەکە. ناتانیاهۆ بە ئاشکرای لە گەڵ سەرۆکی ئەمریکادا باسیان لە هاوکاری و کۆندەنگی سیاسی و سەربازی هاوبەش بەدژی حکوومەتی تاراندا، بەیەکەوە باسکردوە و هەرلەو پەیوەندیەشدا بێزاری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەتا دێت زیاتر بەدژی سیاسەتی ئاژاوەگێڕی ئێران لە سەر ئاستی ناوچەی و جیهاندا پەردەدگرێ و ئەگەر ئەمریکا و ئیسرایل بیان هەوێت بەدڵنیایەوە، دەتوانن دەسەڵاتی ئاخوندی بەباشی لەسەر جێگای خۆیدا دەبنێنەوە. ئەو کارەش وەختێک ئاکامی دەبێ کە قسەکانیان بۆ کردار و کردەی تونـد بەدژی حکـوومەتی ئێـران بگۆڕێـت. دەسـەڵاتی تـاران بـۆ ئامـانجی سیاسـی و زاڵبوونیـان بەسـەر قەیرانەکانی ناوچەیدا، دەستیان لە هیچ جۆرە بژاردەیەکی ناتەندروستی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی ناپاراستووە و بگرە زیاتر کێشە و ململانەکانیان قوولتترکردۆتەوە و بوونەتە شەریکە جورمی ئەسەد و حیزبوولا و دەسەڵاتی تەکرەوانەی حکوومەتی عێرا ق و قەیرانەکانی کە لە یەمەن بەردەوامیاندا هەیە. پێک هەڵپڕژانە سەرەتایەکانی ئیسرایل و ئێران لە سەر خاکی سووریەدا دەبێ وەک سەرەتای نوختەگۆڕانی گەورە و مەترسیداری ناوچەی تەماشابکرێ و بەگوێرەی کۆمەلێک ناوەندی هەوائگەی زانیاری گرینگی گێتی، ئێران بنکەی سەربازی لەو ولاتەدا دروستکردوە کە ڕاستە و خۆ دەتوانێت لەوێوە هەڕەشە بێت بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی ئورشەلیم. حکوومەتی ئێران بە دوایی سەرهەڵدانی ڕیکخراوی تیرۆریستی داعشدا زیاتر لە سەر ئاستی ناوچەیدا پەرەی بەهێز و دەسەلاتی خۆیداوە و لەئێستادا بەکردەوە حوکمرانی ئەو ولاتانەدەکات کە بـوونی دەسـەڵاتەی تـارانی بەسـەریاندا فەرزکـردوە. ئەو هەنگـاوانەی ئێـران بەدڵنیـایەوە سـەرەتا وەک گورزێـک لەسـەر بەرژەوەندیە سیاسی و ئـابووری و سـەربازیەکانی ئەمریکا حیساب دەکرێ و کاربەدەستانی پلە بەرزی ئێران بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاندوە کە جێگـای پێـی واشنگتۆنیان بەتەواوی لە نـاوچەکەدا لاواز و لەفکـردوە و ئەگەر بێت و ئەمریکـاش هەروا دەستی بەکلاوی بگرێت لە بەرامبەر ئێراندا کە بـای نەبـات، بێگومـان سەریان بـێ کلاو دەمێنێتەوە و بەکردەوە دەخرێتە پەراوێزی زیـاترەوە. ئەو ئامـاژانە و سیاسـەتی فراوانخوازی ئێـران خەریکە ولاتەکەی دووچـاری بەڵایـی خـۆی دەکـا و گـرژی پەیوەندیە سیاسیەکانی ئیسرایل و ئێـران لە خراپـرتین دۆخی خۆیدایە و ئەگەر بـارودۆخی سیاسی هەروا بـڕواتە پێش و دەسەڵاتی تـاران زیـاتر خۆی بە براوی کەڵاوەکێشیە ناوچەیەکان بزانێت و، حیساب بـۆ هەتـا دۆستەکانیشی نەکـات، تووشی هەلومەرجێکی نارووز و سەرئیشەی زیـاتر دەبێتەوە و مەترسیەکان زۆرتـر بەرەو ڕووی حکوومەتی تـاران دەبـنەوە. ڕێژیمـی ئاخوندی ئێران، بارودۆخی نێوخۆی هەتا بڵێی خراپە و شەقامی ولات هێشتاش بەتەواوی هێور و دامرکـاوە نیە و بێـزاری و نارەزایەتیەکـانی پێـک هـاتە سیاسـی و نەتەوەیەکـانی ولات لە بەرامبەر خـراپ ئیـدارەکردنی ولات کە لەلایەن ژمـارەیەک

ئاخوند و گوێ لەمستیان تورەو و ناڕازین و گڕکانی گەورە دوورنیە دەسەڵاتی تاران بە تەواوی رامالێت. ئەگەر ئەو جار ڕاپەرینی نوێ سەهەڵبداتەوە، مەترسی زۆری بۆ سەر ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران دەبێ و فاکتەرەدەرەکیەکانیش بێگوومان هۆکارێکی تردەبێت بۆ گەلانی وەزاڵەهاتووی ولات کە یەکگرتووانە هەوڵی روخاندنی ڕێژیم بدەن. خروشانی جەماوەری شتیک نیە دوور بێت لە ئەگەری دووبارەوەبوونەوەی و، لەهەلومەرجێکی ئەوتۆدا هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لە دەستی حکوومەتی تاران دەردەچێت و لە تەسلیمبوون بەولاوە شتێکی تریان بۆ ناکرێت. ئێران هەر بە ئاژاوەنانەوە لە سووریە نەوەستاوە و لە عێراق و یەمەن و لوبنانیشدا دەستی بااڵی هەیە و بۆتە سەرچاوەی کێشە و ناوکۆکیە سیاسی و سەربازیەکانی ناوچەی ڕۆژهەاڵتی نێوەڕاست. کاربەدەستانی ئێران جگە لە کاری ناسەقامگیری کە درێژەیان پێداوە، ئەزموونێکی دیار و بەربااڵوی تیرۆری سیاسی شیان هەیە و ئەگەر بەکردار بە دژی مەسەلە و بابەست و هێز و تاک و ولاتێکدا کارێکیان پینەکرابێ و نەتیجەی خۆیان بەدەست نەهێنابێت، پەنایان بردۆتە بەربژاردەی تیرۆری سیاسی.

هەر بۆ یەشە حکوومەتی ئاخوندی ناوبانگی بە ولاتێکی تیرۆریست و پێشێلکردنی مافی سیاسی و مەدەنیەکانی گەلانی ئێران ڕۆیشتووە و دەستی حکوومەتی تاران لەپشتی زۆر کردەوەی زیانبەخشدا دەبینرێ.

٧ی مارچی ٢٠١٨

مایک پۆمپیۆ دژی پێگەی بەهێزی مسکۆ و تارانە و بۆ لاوازکردنیان کاردەکات!

سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترەمپ، بەلادانی وەزیری دەرەوە ڕیکس تیلرسین لە پۆستەکەی و دیاریکردنی "مایک پۆمپیۆ" کەسی یەکەمی دەزگای هەواڵگری کە لە زۆر بوواردا بە مرۆڤێکی سیاسی و وردبین و نزیک لە ترەمپ ناسراوە و لە بۆچوون و خوێندنەوەی سیاسی و ستراتیژی نێونەتەوەیدا پشیتووانی سیاسەتەکانی سەرۆکی وڵاتەکەی دەکات. وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی دەرەوە لە ئیدارەی ترەمپ دا، لەلایەن مایک پۆمپیۆ هەنگاوەکانی دژی ئێران خێرایەکی زیاتر بە خۆیەوە دەبینی و ئەو سیاسەتە پەیڕەوی دەکرێت کە کۆماریەکان بۆ یەک لایکردنەوەی کێشەو قەیرانەکان کاریان بۆکردوە و ئەو وەزارەتەش بێگوومان گرینگی و تایبەت مەندی خاسی خۆی هەیە و سەرۆکی ئەمریکاش هەوڵدەدات لەو ڕێگایەوە سیاسەتە نێونەتەوەیەکانی بەکردارتر بکا و پێگە و نفوزی ئیدارەکەی بەرفراوانتر نیشان بدات لەسەر ئاستی گێتیدا. دەورانی دەسەڵاتی ئۆباماى بەسەردەمی شکەست و پاشەکشەی ئەمریکا لێکدانەوەی بۆ دەکرێ و ئەو دەرفەتە بۆ نەیارەکانی کۆشکی سپی لە نێویاندا ئێران و ڕووسیە پێک هات، هەتا زیاتر خۆیان لە سەر ئاستی ناوچەیی و جیهاندا فەرز بکەن و بەشێوەیەکی بەرچاو پێگەی ئەمریکا بەرەو لاوازی چووەو و ڕۆڵی جارانی لە یەک لایکردنەوەی کێشە سیاسیەکاندا نەمێنێت و نەتوانێت خۆی لە بەرامبەر فشارەکانی تارانیشدا بگرێ. ئیدارەی ترەمپ هەوڵدەدات پێگەی وڵاتەکەی بۆ جارێکیتر بەسەر دونیادا بەڕێگای بەهێزبوونیدا بسەپێنێ و پەیامێکی ڕوونیش بۆ نەیارەکانی بنێرێت کە ئەو لە گەڵ ئەوەدا نیە ئیدارەکەی وەک لایەنێکی لاواز و بێکرداری جیهان تەماشابکرێ و لە بەر چاوسوورکردنەوەی تاران و ئەنکارا و کریملین ڕابکات و بخرێتە پەراوێزی هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسیەکان.

ئەستاندنەوەی پۆستی وەزیریدەرەوە لە تیلرسێن بە دوو ئامانج بووە.

یەکەم: تیلرسین کەسێکی بازرگان بوو و سیاسیەکی بەئەزموون و ناسراو کاریگەرنەبووە و لە سەر زۆر پرس و کێشەی نێونەتەوەیی و یەک لەوان ڕێککەوتنی ناوەکی وڵاتانی پێنج کۆیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئێران ناکۆکن بوو لە گەڵ ترەمپ دا.

دووهەم: بەلادانی وەزیری دەرەوە لە پۆستەکەی، نیشانەی گرینگی دانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەگەیەنێت بۆ بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنی ناوچەی و گێتی و پێک هێنانی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە نێوەڕۆکی قەیرانە سیاسیەکاندا و گێرانەوەی پێگەی بەهێز بۆ واشنگتۆن.

وەزیری دەرەوەیی نوێی ئەمریکا بەلایەنی زۆرینەی کێشەکاندا هاوبیروڕایی سەرۆکی وڵاتەکەیەتی و هەردووکیان بەیەکەوە دەیان هەوێت سیاسەتێکی تازە و باڵادەستکردنەوەی وڵاتەکەیان دابڕێژنەوە و بە چاوی کەم سەیری هێز و نفوزیان نەکرێت و وەک زۆر جار سیاسیەکانی ئانکارا و تاران باسی لێوەدەکەن. پۆمپیۆ هاوشێوەی تەرەمپ دژی سیاسەتی فراوانخوازی ئێرانە و پێیوایە دەبێت ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ناوەکی نێوان تاران و وڵاتانی پێنج کۆیەک ناسراوە، بکشێتەوە و وەزیری نوێ ئێران بە پشتیوانی سەرەکی تیرۆر سەیردەکا و بەهەڕەشە لە سەر ئاسایشی ئەمریکا و جیهانی هەژماردەکات. سیاسەتی پۆمپیۆ سەبارەت بە ڕووسیەش، سیاسەتێکی توند و ڕەخنەگرانەیە و ئەو پێیوایە مسکۆ بەدیاریکراوی سەرچاوەی هەڕەشەیە لە سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و کۆشکی سپی دەبێت پێگەی جارانی هەبێ لەسەر ئاستی جیهاندا. ئەو دوو مەلەفەش کە شالیاری هەندەرانی ئەمریکا دژایەتیان دەکات، بەشێکیان پەیوەندیان بە پرسی سیاسی کورد لە سووریە و عێراقدا هەیە و، لاواز بوونی دەسەڵاتی تاران و مسکۆ شوێنی گەورەی لەسەر کۆمەڵێک خاڵی گرینگ دەبێت کە خەریکن مەسەلەی کورد بچووک و کەم ڕەنگدەکەنەوە. ڕووسیە کە تادوێنێ خۆی بە دۆست و هاوپەیمانی کورد نیشاندەدا، لە گەڵ ئەنکارا ڕێککەوت بۆ ئەوەی کوردی ڕۆژئاوا و دەسەڵاتەکەیان لاوازبکا، جا ئێمە باسی کێشە و ناکۆکیە سیاسی و مێژوویەکانی ئەو دوو وڵاتەش هەر ناکەین. مسکۆ وڵاتێک نیە هەتا سەر دۆست یان دوژمن بێت، ئەگەری هەیە دیسان دژی تورکیە سیاسەتی بگۆڕێت.

بەڵام هەر چۆنێک بێ سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە هەمبەر قەیرانی سووریەشدا گۆڕانی بەسەردادێت و سیاسەتەکانی تیلرسێن ئەگەر تۆزێک پاشەکشەی بۆ ئەنکارا تێدا بووبێت، ئیدی ئەو جار ئەو مەلەفانە قابیلی پێداچوونە و گۆڕانکاری دەبن. ئەو کات کارتە نوێیەکان بە قازانجی دۆزی کوردی دەبێ و فشارەکانی سەر بزووتنەوەیی گەلی کوردستان کە بە سیاسەتی چوار چەقووع تیژی پێناسە دەکەم، ئیمکانی هەڵوەشانەوەی دەبێت. ئەوەش بەومانایە نابێت لێکدانەوەی بۆ بکرێ کە وڵاتێکی وەک ئەمریکا یانیش دەسەڵاتی پایتەختێکی بە هێزی جیهان بێت و سنیەکی پڕ لە ئاڵتون لە پێش کورد دابنێت و سەربەخۆی بۆ دابین بکات. سەرەتا کورد دەبێت ئەو هێزەی هەبێ خۆی وەک فاکتەرێکی کاریگەری ناوچەی دەربخات و چیتر بێ بنەما خۆی نەکاتەوە کەواسووری پێش لشکر و زیان بە خۆی نەگەیەنێت و دواجار بخرێتە پەراوێزەوە. بەداخەوە ئێمە زۆر بە دژواری ئەزموون لە ڕووداوە سیاسی و ناوچەی و جیهانیەکان وەردەگرین و ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر کورد دادێت،

دەرئەنجامی تێڕوانینی کورت خایەنی سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردە و ڕەنگە بەو سانایەش نەتوانینین دروێنەی بەرهەمە سیاسی و نیستیمانەکان وەک دەسکەوتی سیاسی و نەتەوەیی بکەنەوە.

١٥ی مارچی ٢٠١٨

ئەگەر خۆخۆڕی ناوخۆی نەبوایە، یەکێک لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچە، دەوڵەتی کوردی دەبوو!!

بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی گەلـی کـورد بە درێژایـی مێـژوو بە دوو ڕێـڕەوی ناتەبـا و بەتەواوی دژبەیەکـدا هەنگـاوی خـۆی هاویشتووە و هەر بەو هۆیەشەوە مەترسی سیاسی لە سەر بەرخۆدان و دەسکەوتە بەدیهاتووەکـانی شۆڕشەکانی کوردستان لە ڕەوتی مێژوودا دروستبووە و نەبۆتە خاوەنی کیانی سیاسی. هۆکاری بنەڕەتی ئەو بابەتەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژینگەی سیاسی و سروشتی پشتی جەبهەکەی جووڵانەوەی سیاسی کورد هەیە و هەروەک ئاشکرایە زۆربەی هێزەکوردیەکـان بە جۆرێک لە جۆرەکان، پەیوەندییان لە گەڵ حکوومەتە داگیرکاریەکـانی کوردستاندا هەیە و ئەو هاوکـاری و یارمەتیـدانەش زۆر بەی کـات، بەداخەوە بەگژیەکـداکردنی ڕۆڵەکـانی گەلـی کـوردی لە بەشـەکانی تـری لێکەوتـۆتەوە. کاتێـک سـەیری ڕووداو و کۆمەڵکۆژیەکانی گەلی عەفرین بەهۆی حکوومەتی تورکیە دەکەین، ڕەنگە باشتر نێوەرۆکی ئەو دێرانەمـان بـۆ ڕوون بێتەوە و چـاکتر لەو بـابەتە بگەیـن. هەیە کـورد و خـۆی بەکـورد دەزانێت، بەڵام بەهـۆی نەگونجانیـان لە گەڵ سیاسـەتی پەکەکەدا، کەوتنی ئەو شارە وەک شکەست و تێک شکانی پارتی کرێکارانی کوردستان وەسف دەکەن و زۆی ئەسـەف بـۆ نـاخۆن!! ئێمەی کـورد بەداخەوە هەر بەوجـۆرە سیاسـەتمانکردوە و ئەو ڕێـڕەوە هەڵە و نادروسـتە هەتـا ئەمـڕۆش درێژەیـی هەیە و بۆتەسەرەتان لە ژێـر پێـی جـووڵانەوەی ڕزگـاریخوازی گەلـی کـوردا و وەک پێویست نەمـانتوانیووە بستێکی وڵاتەکەمـان کە ڕزگاریشمانکردبێت، بپـارێزین و هاوکـاری و پشـتیووانیە نـاوچە و جیهانیەکـان لە بەرژەوەنـدی دۆزی ڕەوای خۆمانـدا بەکـار بێنین. کەچی بەردەوام ئێمە بـوونەتە هێڵی بەرگریکـردن لە دەسکەوت و بەرژەوەنـدیە سیاسی و ئـابووریەکـانی زلهێزەکـانی گێتی و لە کاتی لازمدا، کێشە و پرسی کورد پشتگوێ خراوە و سیاسـەتێکی ڕوونیـان سـەبارەت بە مەسـەلەی کـورد نەبـووە. سەرکردایەتی سیاسی هەموو بەشەکانی کوردستان پێویستە بە سیاسەت و تێڕوانینی خۆیاندا بچنەوە و چیتر بەدوایی هەست و سۆزی مرۆڤ دۆستی و پاراستنی مافی مرۆڤ و شەڕی ئاشتی جیهانی نەکەون، چوونکی وەک گەمەیەکی دۆڕاو وایە بـۆ گەلـی کورد. دکتۆر قاسملوو دەڵێت: ئێمەی کورد لەبەر ئەوەی تیرۆرناکەن و بیانەکـان بەبـارمتە نـاگرین و فـرۆک نـافڕینین، کەس گوێمان بۆناگرێ و ئـاور لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیمان نادەنەوە. مێـژوویەک بەسـەر ئەو دێـرەدا تێپەڕ دەبێت و ئێستا زیـاتر لە هەمـوو وەختێـک نێـوەڕۆکی لێکـدانەوەی ڕێبەری مێـژووی هـاوچەرخی نوێمـان بـۆ دەردەکەوێت. عەفـرین یەکـان دژی تیرۆر بوون و لەسەنگەری ڕزگاری و ئاسایشی جیهانیدا بوون، کەچی خۆیان و هەرێمەکەیـان بە خەیـانەتی نـاوچەی و گێتی بە تورکیە و جاشەکانی فرۆشرا. سیاسەتی دژبەخۆی هەر بەوەشەوە کۆتایی نەهـاتووە، کاتێک لە هەرێمی کوردستان بڕیـاری گشتپرسی درا، بەشێک لە هێزەکـانی باشـوور کەوتـنە بەهـانە هێنـانەوە و دژایەتـی ئەو پرسـەیانکرد و زەمینەی ئەوەیـان ڕەخسـاند هەتـا وڵاتـانی دەوروبەر کەڵکی زۆر بـاش لە نـارێکی ناومـاڵی کـورد لە بەرژەوەندیانـدا وەرگـرن و ئاکـامی ئەو

سەرکەوتنەگەورەیە، بەرێککەوتنێکی ژێربەژێر و سازانی ناموقەدەس خەریکبوو هەموو شتێک لە دەست بدەین. کورد سیاسەتی دژ بەخۆی زۆر بەهێز و کاریگەرە و ئەگەر تەنیا جارێک بەو رادەیەش کاریگەری لەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا هەبوایە و خۆمان بە کۆیلە و پاشکۆیان نەزانیبا و لە دەرفەوت و کاتی دیاریکراودا، لە پشتەوە خەنجەرمان لە پشتی یەکدی نەدابایە، بەدڵنیایەوە، یەکێک لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچەیی، کورد دەبوو. سیاسەتی رەخنەگرتن و دەست نیشانکردنی لایەنە بەهێز و نیگەتیڤەکان دەبێت وەک سروشتی سیاسی و ڕێکخراوەی لێکدانەوەی بۆ بکرێ و ئەگەر کەسێک هات و رەخنەی لە حیزبێک یان شەخسێک گرت، نابێت بەجۆرێک پێناسەی بۆ بکرێت کە ئیدی ئەوە دژی کەسایەتی و بیری هێزێکە و هێرشی نەڕەوای بکرێتەسەر. جەوهەری خەباتی نەتەوەیی کە لەسەر هێلی تێکۆشانی بەرینی نیشتیمانی بیناکرابێت، دەرهاویشتەکانیشی زۆر جاران ڕەنگە بە پێچەوانەی خواست و ئامانجی تاکڕەوی و بەرژەوەندی خۆازی کەسێک یان کۆمەڵێک سیاسی پێگە لاواز بێت و، ئەو دەستەیەش کە بەڕێچکەی راستەقینەی جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیدا هەنگاو دەهاوێژێت، بە هۆی سروشتی ئامانج و بەرنامەی سیاسی و نەتەوەیان، لازمە رسکی سیاسی بکا و دەست بۆ سەربزێوی گەورە ببات و لە دەرفەتی ڕەخساو وەک هەستانەوەیەکی گەورەی نەتەوەی لە پێناوی ئامانجی سیاسی، ئەنجامبدات و ڕەنگە لە کۆتایدا ئەو کرداره بەسەرکێشی نەتەوەییش پێناسە بکرێت. زۆر بە دەگمەن سیاسیەکانی کورد دەستیان بۆ کردەیەکی لەو جۆرە بردوە و، ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵات بە سەرۆکایەتی پێشەوای مەزن و بریاری ڕاپەرینی جەماوەری لە باشوور و ئەنجامدانی گشتپرسی لە ژێرکاریگەری مەسعوود بارزانیدا، نموونەیەکی جوانی سەرکێشی نەتەوەین و مرۆڤ دەبێت شانازی بەو روودواوانەوە بکات کە مێژوویەکی گەشیان هەیە. بکەرەکانی ڕیفراندۆم نموونەی ئەو هزرە سیاسی و نەتەوەیەبوون کە ژیرانە و چاونەترسانە، دواجار بڕیاریان لەسەر ئامانجێکی نەتەوەیدا و بەداخەوە بە هۆی ناکۆکیە نێوخۆیەکان و سیاسەتی دژبەخۆی، پرۆسەکە وەک پێویست ئامانجی خۆی نەپێکاوە، بەڵام ئەو مەسەلەیە درێژەی هەیە و بەسانای باوەرناکەم کۆتای پێ بێت. پاشان وەختێک خەڵکی شاری سنە بۆ پێشوازی لە کاربەدەستانی پلەبەرزی حکوومەتی ئاخوندی بێنە سەر شەقام و لە سەفی پێشوازیدا دەربکەون، بەمانەی سیاسەتی هەڵەی هێزە کوردیەکانی ئەو بەشە و یانیش چ خەتایەکێ حیزبی دێمۆکراتی تێدایە! کاتێک لە ئامەد بە شێوەی بەربڵاو پێشوازی لە ئەردۆغان دەکرێت، بەجێ نیە هۆکاری ئەو پێشوازییە بۆ هیزێکی تێکۆشەری کورد بگێڕینەوە و خەتایەکەی بخرێتە گەردنی لایەنێکی دیاریکراوی کوردستانی باکوور. جائەگەر ئەوە بکرێتە پێوەر بۆ دەست نیشانکردنی خۆشەویستی یان دژایەتی هێزێکی کوردی لە بەشەکانی کوردستاندا، ڕۆژهەڵاتیش و باشووریش ئەو روودواوانەی بەسەردا تێپەڕبووە. ئەو خەڵکەی کە بەو شێوەیە لە پێشوازی داگیرکەرانی وڵاتەکەیاندا، دەوەستن، بەشێکیان بەزۆر و بەهۆی کۆمەڵێک بەرژەوەندی و بژیوی ژیان و ئاسایشی کۆمەڵایەتیان ئامادەی ئەو جۆرە بۆنە و کۆبوونەوە پڕ لە دەردی سەری و سەر ئێشیە دەبن. ئەگینا بە ئاروزویان بێ هەرگیز لەو شوێن و جێگایانەدا ناوەستن و کەس شانازی بە خۆدەرخستنی ناکات.

۱۹ی مارچی ۲۰۱۸

ڕۆژهەڵاتیەکان لە بەر ئەوەی خۆیان ناپارێزن کراونەتە ئامانجی تیرۆرکردن!!

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران وەک دەیەی ٩٠ی زاینیی هەرێمی کوردستانی کردۆتەوە شوێنی ڕاوکردن و لە ناوبردنی موخالیفانی و لە ماوەی چەند مانگێکدا،

بەداخەوە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و حدک یان بە ئامانج گرتووە و ئەگەر هێزە ئەمنیەکانی کوردستان سنووڕێک بۆ ئەو کردەوانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئێران دانەنێن، چیتر باشووری کوردستان ئەو شوێنە ئەمن و ئامانەی نابێت بۆ هێزە سیاسی و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە، نیشتەجێی ئەو بەشەی وڵاتن. کەس دژی پەیوەندی دوو قۆڵی لە نێوان حکوومەتی ئاخوندی و هەرێمی کوردستاندا نیە و هەر دوولایەنی پەیوەندیدار لازمە وەک نەریتێکی هاوسێیەتی ڕێزی سەروەری یەکدی بگرێ و هیچ لایەک نەبێتە هۆی بشێوێ و نائارامی بۆ یەکدی. بەڵام پاش ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکان بە دوایی ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەردا کۆمەڵێک دەرهاویشتەی نامۆ و ناشیاو گریمانەی سەرهەڵدانەوەیان هەیە و یەک لەوان دەست پێکردنەوەی زنجیرەی کردەوە تیرۆرستیەکانە لە لایەن ڕێژیمی تاران. حکوومەتی ئاخوندی بە دەست پێکردنەوەی دووبارەی پیلانی گەورەی تیرۆری سیاسی نەیارانی لەو بەشەی کوردستاندا، بێگوومان نیەت و ئامانجی خۆی هەیە و زۆر زیرەکانە ئەو کردەوانەیان پەرەپێدەدەنەوە بۆ ئەوەی زیان بە شیرازەی کۆمەڵایەتی و کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەیی ئەو دوو بەشەی کوردستان بگەیەنن. هەربۆیە دەبێت حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو بارەوە زیاتر بەرچاویان ڕوون بێ و ڕێگری لە زیاتر بڵاو بوونەوەی دیاردەی خۆفرۆشی بگیرێ و ئەوانەی خەیانەتی سیاسی و نەتەوەیی ئەنجامدەدەن، لازمە بە تووندترین شێوە سزا بدرێن. ڕێژیمی تاران لە بەر ئامانجی خاسی خۆی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی بە ئامانج گرتووە و هەوڵی لە نێوبردنیان لە باشووری کوردستان دەدات، چوونکی زۆرباش دەزانێت کە حدکا و حدک و هێزەکانی تری ڕۆژهەڵات وێڕای لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و ئەزموونی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان، ناوچە سنووریەکانیان بەرەو قووڵایی باشوور چۆلکرد و دەستبەرداری خەباتی سیاسی و چەکداریان بوون و لە کاتی ڕیفراندۆمیشدا زۆر بە ئاشکرا و بەرچاو، هاوکاری و پشتیوونیان بۆ هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەیەکانی ڕێزدار مەسعوود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند. پاش دەرکەوتنی ئەنجامەکانی ڕیفرۆدۆمیش، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شوعار و وتنەوەی سروودی نیشتیمانی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و دەنگی شادمانیان، هەستی خۆشحاڵیان بۆ گەلی برای باشوور دەربری. کاربەدەستانی ئێران زۆر چاک دەزانن کە پەیوەندیەکی دێرین و مێژووی گەش لە نێوان ئەو دوو بەشەی کوردستاندا هەیە و بۆ تێکدانی ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانیان بۆ ڕاوکردن و تیرۆرکردنی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات دەسنیشانکردوە هەتا لەو ڕێگایەوە ناکۆکی و کۆدەنگی نەتەوەیی نەمێنێ و

هەستێکی تر دروست بکەن. لە بەر تیشکی رووناکایی ئەو ئەگەر و گریمانە مەترسیدار و زیان هێنەرانەدایە کە دەڵێین ئەرکی نەتەوەیی حکوومەت و هێزە ئەمنیەکانی کوردستانە کە زیاتر لەجاران هەوڵی پاراستنی ژیانی هاو وڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی، دانیشتووی هەرێمی کوردستانیان لە بەر چاو بێت و ئیدی بە ڕێگا نەدرێت مەبەستی حکوومەتی ئاخوندی کە پەرەپێدانی ئاژاو و ناکۆکیە لە نێوان گەرمێن و کۆیستاندا، ئەو پیلانە مەترسیداریان گەشەبکات و زیان بە ئاستی هاوخەباتی ڕۆژهەڵات و باشوور بگەیەنێت. ئەگەر سەیری ڕووداوە سیاسی و میژوویەکان بکەین، پەڵەیەکی جێگای شەرم لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نادۆزینەوە کە بۆ مەرامی خاس و بە بەستراوەیەن بە داگیرکەرانی کوردستان، ڕۆڵەکانی بەشەکانی دیکەیان بە دەستی تیرۆر یان شەهید کرابێ. لە ئێستادا سەلامەتی ژیانی هاو وڵاتیانی ڕۆژهەڵات لە ئەستۆی هەر تاکێکی کوردستانە و زۆر بەداخەوە کە هاوپشتی و هاوخەباتی ڕۆژهەڵاتیەکان، بەو جۆرە وڵام بدرێتەوە. ئەو کەسانەی بۆ مەبەستی تایبەتی و لووقمێک نان، خۆفرۆشی دەکەن و براکانیان دەکوژن، جێگای ئەسەف و داخە، چوونکی کوردی ڕۆژهەڵات هەرگیز خراپەی نەبووە و لە کاتیتەنگانێدا هەردەم بە دەنگی براکانیان لە باشوورەوە هاتوون. مرۆڤی بە وێژدان و هەق وێژی کوردستان، نابێت لەوەی زیاتر ڕێگابدەن دەستی باندە تیرۆریستیەکانی حکوومەتی ئاخوندی بەوخۆرە کراوە و ئاوانە بێت و لە باوەشی خەڵکی کوردستاندا، کوردی ڕۆژهەڵات شەهید بکرێ و بکەرەکانیش بێ ئەوەی سزابدرێن، دەربچن و سزای تاوانەکانیان وەرنەگرن. کوردانی ڕۆژهەڵات لە بەردەم هەڕەشەی تیرۆر و لە نێوبردن دان و ئەگەر ئاوڕێکی جدی لە بارودۆخ و ئاسایشی ژیانیان نەدرێتەوە، مەترسی و زیانەکان ڕەنگە لەوەی گەورەتریش بن و منالّی زیاتر بێ باوک و دایک بن. ئەوەی زۆر جێگای داخە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیش وەک پێویست هەڵوێست و کاردانەوەیان نەبووە و تەنانەت بە ڕێگای تایبەتیشەوە هاوڵیان نەبووە بۆ ئەوەی گەرەنتی پاراستنی ژیان و مالّی ئەندامان و لایەنگرانیان وەربگرن و کاتێک بەرەو سنوورەکان جووڵەیانکرد بارۆدۆخێکی تر بوو و ئێستاش ڕووداوەکان شتێکی ترن.

بەڵام لە کەس ڕوون نیە ستراتیژی سیاسی و بەرگری هێزەکان چییە و چۆن خۆیان لە هێرشە تیرۆریستیەکان دەپارێزن یان ئەوەتا هەر دەبێت بە ڕاگەیاندراو دڵنەوایی خۆیان بکەن و هاوبەشی خەمەکان بن!!!!!

١ی ئەپریلی ٢٠١٨

ئێران و تورکیە لە روسیە زیاتر قوربانی رووداوە نوێکان دەبن!

ئەگەر پرسی کورد لە بەشێکی کوردستاندا لە ژێر فشاری ناوچەیدا پێگەی لاواز بکرێ، جەمسەرە دژبەیەکەکان کە بەرامبەر بە یەکدی دەستیان بە سیاسەتێکی نوێ و سەربازیکردوە، لە بەشێکی تری کوردستان هەوڵی بە هێزکردنی کورد دەدرێت و ئەوەی پەیوەندی بە جووڵانەوەی نەتەوەیەوە هەیە، ئەوەیە کە ستراتیژی شیاو بۆ ئەو مەبەستە بەگرێتە بەر و وێرای لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندیەکانی، دۆستایەتی زلهێزەکان رەد نەکاتەوە. بەڵام لە گەڵ عرووسەکاندا لازمە بە وشیاری و بێمتمانەی سەیران بکرێت. سیاسەتی نەتەوەیی ئەوە نیە کە روسەکان لە پشتی پەردەدا بەرنامەیان بۆ دارشتووە و پێیانوایە کورد ڕێگای دیپلۆماسی وەک بژاردەی سەلیم و ئاشتەوایی لە گەڵ تورکیە و عێراقدا لە بیر کردوە و بە کردار کاری بۆ ناکات. پرسی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد وایکردوە کە ئێران و تورکیا بە میواندار دەڵێ ناوچەی کە لە ئیستادا روسیەی دژ بە مافی سیاسی گەلانی بندەستی گێتیە، زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو لەیەکدی نزیکبینەوە و هەر سێ لایەن هاوڕان لە سەر یەکیەتی خاکی سوریە و دژایەتی بەرفراوانییوونی قەڵەمڕەوی کورد لە ڕۆژئاوادا. دیارە فیتنەی ئەو داگیرکاریەش لە تاران و مسکۆدا پلانی بۆ دادڕێژرێت و تورکیەیان بە دژی کورد بەکار هێناوە بۆ ئەوەی سەقامگیری بە دەسەڵاتی ئەسەد بدەن و ئانکارا دژی مانەوەی حکوومەتی دەمێشق نەبێ. حکوومەتی تورکیە لە جیاتی بژاردەی دیالۆگی سیاسی و نیشتیمانی لە گەڵ کورددا، چۆوە شەرێکی خوێناویەوە بەدژیان کە ناکۆکیەکانی لە گەڵ نەتەوەی کورددا پێناوەتە قۆناخێکی ترسەناک. هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان لە سەر بنچینەی جەمسەری نوێ و دژبەیەکدا بە هێمنی لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەیدا خەریکی شکلگرتنەوەن و بریار و ستراتیژی نوێ دەرفەتی ئەوەی پێک هێناوە کە کۆدەنگیەکی بەرفراوان دروست بێ هەتا لەو ڕێگایەوە هەوڵی پەراوێزخستنی زیاتری روسیە بدرێت. هەرچی عرووسەکانن دەیان هەوێت کێشەی تر لە سوریەدا سەرهەڵبدات بۆ ئەوەی شوێنە ونکەی لادانی ئەسەد لە دەسەڵات دروست بکەن و کۆمەڵێک قەیرانی نوێ بێتە ئاراوە و بە تیرێک چەند نیشانەیەک بشکێنن. دوور خستنەوەی تورکیە لە ئەمریکا و ناتۆ و بە گژکورد دا کردنی، بۆ ئەوەی کەلێنێکی گەورە بەخاتە پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی کورد و تورک و هەروەها تورکیە لە گەڵ ڕۆژئاوا و ئۆروپا کە ئەوەش بۆ روسیە و ئێران خێری خۆی هەیە. رووسیە و ئێران دوو دژبەری دێرینی تورکیان و هاوکاری و پەیوەندیەکەیان لە گەڵ ئانکارا زیاتر لایەنی تاکتیکی و سەربازی و گەمەیەکی تازەیە کە پێگەی تورکیەی پێ لاواز دەکەن و هەر لەوکاتەشدا تاران و مسکۆ بەئاشکرا ئەوەیان گوتووە کە عەفرین دەبێت ڕادەستی حکوومەتی سوریە بکرێتەوە و ئەوەی ئێستا تورکیە خەمی پێوەدەخوات و بێ دەسەڵاتبووە لە هەمبەریدا، دوورخستنەوەی هێزەکوردیەکانە بۆ ئەو بەری ڕۆژهەڵاتی فۆرات کە پێناچێت ئەو ویستەیان بەدی بێ. چوونکی مسکۆش وەک فشاری سەر تورکیە نایەوێت پێگەی کورد لەوەی زیاتر بەرەو لاوازی بچێت و هەر ئەو ماوەیەش وەزیری دەرەوەی روسیە بەفەرمی ئەوەی

ڕایگەیاندوە کە لە گەڵ کورد دۆستایەتیەکەیان دەپارێزن و ئامادەن یارمەتی بە کورد بکەن. دیارە پاش خەیانەتی عرووسەکان بەکورد و رادەستکردنی عەفرین بە تورکیە، باوەڕناکەم جارێکی تر گەلی رۆژئاوای کوردستان متمانەیان بە حکوومەتی پۆتین هەبێ و دڵیان بە هاوکاری و دۆستایەتیەکەیان خۆش بێت و وەک ڕابردوو بچنەوە بەرەی روسەکان. کۆبوونەوەی لوتکەی سێ قۆڵی لە سەر کۆمەڵێک خاڵ، سیاسەتێکی ناروون و پێچیدەیان گرتۆتەبەر و ئەو سێ کۆچکەیە پێناچێت زۆر دەوامبکات و چیتر کاریگەری بەسەر ڕووداوەکاندا هەبێ. ئەگەر بێت و تورکیە بەو خێرایە ڕووی لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا وەربگێڕێ و بەئاڕاستەی ڕووسیەدا بڕوات و قبووڵی هاوپەیمانی تاران بکا، زیانی گەورەی سیاسی و ئابووری بە وڵاتەکەی دەگەیەنێت، چوونکی پۆتین بۆ مەبەستی خاسی خۆی هێندیک ئیمتیازی بە حکوومەتی ئەردۆغان دەدات و هەرکاتێک دەوڵەتی تورک لە قسەی دەربچێت، ڕووداوەکان بەتەواوی دژی ئانکارا گۆڕانکاریان بەسەردادێت و شتێک بەناوی هاوپەیمانی ئانکاراو مسکۆ نامێنێت. بەسەرنجدان بە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری تورکیە، ڕوسیە وەک داشەهارە بۆ دژایەتی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئەندامی ناتۆ و گەلی کورد ئەردۆغان بەکار دێنێت و نیازی پۆتین بەتەواوی ڕوونە کە دەیهەوێت ئەو وڵاتە لە ئەندامەتی ناتۆ دووربخرێتەوە و بە لاوازی سیاسی و سەربازی و ئابووری، بیخەنە سەر بەرەکەیان کە دژی ئەمریکا و ڕۆژئاوا پێکیان هێناوە. ڕوسیە هەوڵدەدات ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و ئەگەر بێت و ئەمریکا و ئاڵمان و بریتانیا و فەڕانسە کارتەکانیان لە ئەنجوومەنی ئاسایش دژ بە حکوومەتی دەمێشق بەکار بێن و مەلەفی بەکار هێنانی گازی سارینی لەسەر ساخ بکەنەوە و کۆدەنگی گشتی بۆ بەدەست بێنن، ئەوکات ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی ئەو بەرە تازەیەدا نابێت کە مسکۆ سەرۆکایەتی دەکا و، بتوانێت لە داهاتوودا بەرژەوەندیەکانی لە سوریە و ناوچەکەدا بپارێزێت. ئیدارەی ترەمپ زۆر بەژیری پێداچوونەوەی بە کۆمەڵێک بابەتی هەستیاری سیاسی و ئەمنی و سەربازی ناوچەیدا کردوە و سەرەڕای مانەوەیان لە مەنبج و گوشار خستنە سەر تاران و هاوقۆڵەکانی، بە یارمەتیدانی هێزەکوردیەکانیش پەیامی خۆی گەیاندۆتە دەوڵەتی ئانکارا و ، بە تۆندی ئاگاداری کردوونەتەوە، ئەگەر بێت لە سنووری خۆی زیاتر پێشڕەوی بکات، بە هێز وڵامیان دەدەنەوە کە ئەوەش بە تەواوی دڵی تورکیای هاوپەیمانی شکاندوە و شیکاری ئەو بابەتەش بەو مانایەدێت کە ئەمریکا کوردی هەڵبژاردوە و سەرکۆنەی سیاسەتەکانی ئەردۆغانی کردوە. ئێستا بۆ عێراقیش کۆمەڵێک سیاسەتی نوێ هاتۆتە ئاراوە و هەوڵی ئەوە هەیە هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانیە دابڕینراوەکاندا بڵاوەیان پێبکرێتەوە. ئەو بابەتەش بێگوومان ستراتیژیەکی نوێی سیاسی و سەربازی ئەمریکا و ڕۆژئاوای لە پشتە و بەو ڕێگایەشدا هەوڵدەدرێت لە ئامانجەکانی ئەو سی کۆچکە نوێیەی ڕووسیە و ئێران وتورکیە بدرێت و پێگەی بە هێزیان لە دەست بدەن. ئەمریکا و ئەڵمان و فەڕانسە و بریتانیا، دەستیان بە هەوڵێکی نوێی سیاسی و سەربازی بەدژی ڕوسیە کردوە و لاوازی عرووسەکان، یانی لاوازی پێگەی سیاسی و سەربازی تورکیەش دەگەیەنێ و ئەو وڵاتە ئەگەر بێت و بە سیاسەتەکانیدا نەچێتەوە، دەسکەوتی زۆر لەدەستدەدات و وەک جاران دەرگای بەرەی ناتۆی بۆ ناخرێتە سەرپشت و یارمەتی و هاوکاریە ئابووریەکانی یەکیەتی ئۆروپاش ئیمکانی سنووردارکردنیان هەیە و لە گریمانەی ڕووداوە نوێکاندا، کورد دەبێتە ئەندامە بەهێزەکەی ناتۆ لەسەر ئاستی ناوچەیدا. ئەمریکا هەر بەوەشەوا نەوەستاوە و بە ڕێگای سێ وڵاتی

لیتوانیا و ئەستونیا و لاتفیا دا، بەرەیەکی نوێی فشار بە دژی روسیە دەکاتەوە و پێدەچێت کۆشکی سپی بەباشی یارمەتی سەربازی و بەرگری ئەو وڵاتانە بدات.

ئامانج لەو بەرە نوێیەش چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەیە لە گەڵ مسکۆدا کە زیاد لە پێگەی خۆی دەسەڵاتی بە سەر ناوچەکەداگرتووە و بە شێوەی بەرفراوان یارمەتی ئێران و سوریە دەکا کە دوو دەسەڵاتی نزیک لە مسکۆن. بێگوومان ئێران و تورکیە دوو وڵاتی نێو بازنەی جەمسەری روسیان کە زەرەر مەندی گەورەی سیاسی و سەربازی دەبن و حکوومەتی پۆتین وەک پەرژینی بەرگری خۆی ئەو لوتکەیەی تاران و ئانکارا و مسکۆ بەڕێوە دەبات.

٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

حکوومەتی ئاخوندی ئێران وەک هەیکەلێکی تێک قرماو داتەپیوو ماوەتەوە!

بەدوای هاتنەدەری ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ناوەکی لە گەڵ حکوومەتی ئاخوندی ئێران، هێندێک ڕووداو و کاردانەوەی هاو شێوەو دژبەیەکدی لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەیدا لێکەوتۆتەووە و ئەگەر بێت و بارودۆخەکە بەو ڕێڕەوەنوێیەدا بڕاوات و ئاڕاستەی پێچەوانە وەرنەگرێت، ئیدی دەسەڵاتی تاران ناچار بە پاشەکشەی گەورەی سیاسی و سەربازی و ئابووری دەکرێت و خەونی هیلالی شیعەی ئاخوندەکان دەخرێتەناو گۆڕیانەوە. دیارە هەر جۆرە پاشەکشە و بۆ دواوە گەڕانەوەی ڕێژیمی تاران، بێگوومان یەکێک دەبێت لە نیشانەکانی ڕووخانی و لە ئێستاشدا هەروەک ئاشکرایە، وەک ساڵانی دەیەی ٧٠ و ٨٠ی هەتاوی دەسەڵات و نفووزی بەسەر لانیکەم گەلانی نێوخۆی وڵاتدانەماوە و سەرهەڵدان و ناڕەزایەتی بەربڵاوی خەڵک و نێوەرۆکی داواکاری و شوعارەکانیان، ڕاستی و دروستی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن کە هەمووی زادەی هەستی نەتەوەیی و وشیاری سیاسی گەلانی وڵات دەگەیەنێت. ڕێژیمی نیزامی ئێران لە ئێستادا تەنیا وەک هەیکەلێکی تێک قورما و داتەپیو ماوەتەوە و ئەگەر دەستێکی بەهێزی بگاتێ بە سەر یەکدا دەرووخێ و شتێک بەناوی حکوومەتی ئاخوندی ئێران نامێنێ و بە مێژوو دەسپێردرێ. بەداخە نەبوونی دژبەرانی بەهێز و ڕێکخراوەی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێران، ئەو دەرفەتەی بە حاکمانی وڵاتداتەوە کە هێشتا بەردەوامبن لەسەر ئیدارەکردنی وڵات و درێژەدان بەسەرکووت و ئیعدامی بە کۆمەڵی لاوانی ناڕازی کورد و گەلانی تر. ئەگەر بێت و هێزەکوردیەکان لە نێوخۆیاندا لەسەر بابەتە گرینگ و نەتەوەی و جەوهەریەکان بگەنە ئەنجامێکی باش و ستراتیژییەکی نوێی بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنی و چەکداری هاوزەمان و پێکەوە بەرنەپێش، دەسەڵاتی ناوەند لە کوردستاندا، بەتەواوی توشی هەرەس و لە نێو چوون دەبێت و دەرفەتێک بۆ بووژانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێک دێت. حکوومەتی ئاخوندی لە زۆر میحوەر و بەرەی گەورەدا، کەوتۆتە ژێرفشار و لە سوریەشدا ڕۆژئیە پێگە و بنکە سیخۆری و سەربازیەکانی لە لایەن ئیسرایل و ئەمریکاوە بە ئامانج نەگرێن و زیانی گەورەی مرۆڤی و ئەمنی پێنەگات. ئەوەش لەکاتێکدایە کە ڕووسیە و تورکیەی بەناو هاوپەیمانی پشتیان تێکردوە و بە سیلەی چاویان جار ناجارێک تەماشای دەکەن و خۆیانی لەسەر پیاو خراپ ناکەن. دیارە ئەو لێکدانەوەیە لەسەر تورکیەش تارادەیەک ڕاستە و ئەو وڵاتەش وەک ساڵانی پێشوو جێگای دڵخۆشی و دڵنیایی ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی نیە و هەتا ڕادەیەک بە نەیار و ڕەکەبەریانی لەسەر ئاستی ناوچەی و قەیرانی سووریەدا تەماشای سیاسەتی ڕێژیمی تورکیە دەکەن. ئۆردۆغان پاش هێرشی مووشەکی ئەمریکا بۆ سەر دیمەشق، لە زۆر بواردا سیاسەتەکانی توند ناژۆی و هەڵوێستە تیژبەڕەکانی گۆڕێ و ئێستا خاوتر لە جاران سەبارەت بەڕووداوەکانی ناوچەی و سووریە قسە دەکەن و خوازیاری بارگرژی زیاتر نین لە گەڵ ئەمریکادا و هەوڵدەدەن پەیوەندیەکانیان بەرەو هێوربونەوە بەرن. هەرچیەک بێت ڕووداوەکان کە لە سەر ئاستی ناوچەیدا ڕوودەدەن، زۆربەیان ڕاستەوخۆ شوێن و گاریگەریان بەگوێرەی ئاڕاستەی گۆڕانکاریەکان، لەسەر جوولانەوەی سیاسی گەلی کورد هەیە و

لازمە رێبەری سیاسی جووڵانەوەی نەتەوەیی، خۆی بۆ پێشهاتە نوێ و لەناکاوەکان ئامادە بکات لە هەرچوار بەشی کوردستاندا. کورد ئەگەر تۆزێک بەژێری و وردبینی خوێندنەوەی هەلومەرجی تازە و رەوتی نوێی ئاڵوگۆڕەکان بکات، دەتوانێ بۆجارێکی تر هێزی خۆی ڕێکبخاتەوە و کارتی خۆی کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، لە باشووری وڵاتدا رابگەیەنێت. رێبەری سیاسی باشووری کوردستان پاش دەرهاویشتەی کۆی ئاڵوگۆڕەکان و ئاکامەکەیان، بۆ جارێکی تر دەرفەتی خۆی بۆ دێتەوە پێش کەبتوانێت کەڵکی لێوەربگرێ. پێک هێنانی حکوومەتی تازەی عێراق و چۆنیەتی هاوپەیمانی لە نێوان شیعە و کورد و سوننەدا، دەرفەتێکی تر کە رێبەری سیاسی نابێت ئەو جار لەدەستی بدات و داکۆکیکاری مافە سیاسی و دەستوورییەکانی بێ و خۆی لە ئەگەری پەلاماردانی نێوی حکوومەتی ناوەندی بە ڕێگای دەستوور دا بپارێزێت. بەمەرجێک کردارێکی ئەتۆ نەتەوەیی سوودی دەبێت کە هەموو لایەک دوور کەوتبنەوە لە حیزب گەری و پشتکردن لە بەرژەوەندی نەتەوەیی.

لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیاسەتێکی دژ بەخۆیی کوردیدا، بۆ چەند ساڵێکی تر لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دوور دەکەوینەوە پاش و کەسیش باوەڕی بە هێزە سیاسی و ڕێبەرەکانی نامێنێت. خۆخۆری و سیاسەتی دژ بەخۆیمان لە رەوتی مێژوودا گەورەترین زیانی بە هیزە سیاسی و تێکۆشەرانی رەسەنی ڕێبازی ڕزگاری و سەربەخۆی کوردستان گەیاندوە و ئەگەر تۆزێک لە نێو خۆماندا پێکەوە بتوانین هەڵکەین و قبوولّی ڕەنگاو ڕەنگی سیاسی و کۆمەڵاتی ژینگەی سیاسی بکرێت، کوردیش هەلومەرجێکی ئەوتۆ دەرەخسێنێت کە تێیدا بتوانێت، ئیدارەی وڵاتی خۆی بەدەستەوە بگری و دواجار دەوڵەتی خۆی هەبێت.

٢٠ی مای ٢٠١٨

شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕێبەری کاریزمای دکتۆر قاسملوو ناسرا، بەڵام ئێستاچی!

خەباتی ڕەوایی سیاسی گەلی کوردستان چاوەڕوانی گەلێک گەورەتری لە هێزە سیاسەکانی هەیە و لێیان دەخوازرێت، شۆڕش تەنیا بەمەیل و سەلیقەی کەسێک و یان دەستەیەکی بچووک بەڕێوە ناچێت و، شوێنی ئەوتۆی لە سەر کۆی ڕووداوەکان نابێ. ئەگەر بە شێوەی گشتی ستراتیژی سیاسی نەتەوەیی وەک بژاردەیەکی گەورەی هاوبەشی بەرخۆدان، خوێندنەوە و تێڕامانی لەبارەوە نەکرێ و خانەجەوهەری و بنەڕەتیەکان وەکخۆین تێکەڵاوی هەنگاوە سیاسی و دیپلۆماسیەکان نەبن. بۆ ئەو مەبەستە وەک شۆڕشی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەردەگرین و تیشک دەخینەسەر بارودۆخی دوێنێ و ئەمڕۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەو بەشەی وڵات، ڕەنگە باشتر لە مەبەستی هەڵسەنگاندنەکە تێبگەین. دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەرێکی گەورە و دەگەن و مێژووی هاوچەرخی ئێران و کوردستان، ڕۆڵی بەرچاوی لەسەر گەشەپێدان و بەهێزکردنی حیزب و جووڵانەوەی سیاسی کوردیدا هەبوو و پاش ڕێبەرانی شەهید، بەداخەوە دیتمان، شۆڕشی ئەو بەشەی کوردستان بە چ ئاقارێکی وشکاڵانیدا هەنگاوی ناو بەتەواوی پێێ لە نێو ڕووداوە نێوخۆیەکان بڕا، هەتا دەست پێکردنەوە جمووجۆڵی سیاسی و چەکداری بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر دروشمی ڕاساندا. دیارە ئەو قۆناخەش تەمەنی دەستپێکردنەوەی زۆر لە مێژوو نیە و وەک پێسیت نەیتوانیوە ئامانجەکانی بپێکێت. بە ڕاشکاوی بێڵێن مەبەستی ئەو چەند دێرە هەرگیز بەومانایە نیە کە دژی حیزب و یان هێزە کوردیەکان بین، بەڵکوو هەڵومەرجی سیاسی خەبات ئەوەدەخوازی بە هەیکەل و قەوارەی ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی جەوهەری پەیوەندی و سیاسەتی درێژخیاندا بچنەوە و ئاکادیمیانە لێکدانەوەی دەرهاویشتەکانی نەتیجەی خەبات هەتا ئەمڕۆ بکرێ. بیری سیاسی و نەتەوەیی، نیازی بە ژیری و دوورکەوتنەوەیە لە دەمارگیری و پاوانخوازی سیاسی و ڕێکخراوەی و بە هێندوەرنەگرتنی جەوهەری ستراتیژی نوێێ خەبات و ڕێزنەگرتن لە فکرو بیروباوەری هەمەجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و پشتگوێ خستنی پڕۆرالیزم وەک ڕەهەندێکی مۆدێرنی ژینگەی سیاسی و تەشکیلاتی لە کوردستاندا. بۆ ئەو مەبەستەش لازمە خوێندنەوە و لێکدانەوە فکریەکان لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی نەتەوەییدا ڕێکبخرێنەوە و دامەزراوە گشتیەکانی کوردستان، بە نیشتیمانی بکرێن و شیاو نابێت ئەگەر بێت و بە بیرتەسکیەوە تەماشای ئاڵوگۆڕ و ڕووداوە نوێ کان بکەین و ستراتیژیەکی گونجاومان نەبێ و، بەردەوامی دان بە کولتوری خۆخۆری و یەکدی پەڕاوێزخستن، ئاکامەکەی جگە لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی تری گەورەی نەتەوەیی و لێک ترازان و دوورکەوتنەوەی تازەی تەشکیلاتی، بەداخەوە لە جەوهەردە شتێکی ئەوتۆی نابێت هەتا دروێنەی بەرهەمەکەی بکرێت. وشیاری سیاسی کۆمەڵگای کوردستان لەئاستێکی زۆر بەرزدایە و هەرتاکێک بە باشی لە سەر ماف و ئازادیەکانی شارەزایی هەیە و بەرچاوروونیان بۆ ڕووداو و پێشهاتە جیهانی و ناوچەیەکانیش هەیە و لەوەی گەیشتوون کە بارودۆخی

سیاسی و ئاسایشی نەتەوەی چ شتێکی لازمە و دەبێت سەرمایەگوزاری ماددی و مەعنەوەی لە سەر ئەساسی چ جۆرە میکانیزمێک بۆبکرێت. کۆمەڵگای کوردستان هەوێنی دروست بوونی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی کوردستانە و هەر ئەو کۆمەڵگایەش دەتوانێت لێ پێچینەوەیان لە گەڵدا بکا، کاتیک ئاکامی لێ پێچێنەوەکان دەردەکەوێت کە حیزبێکی سیاسی کوردستان لە هێزێکی گەورەوە نفووز و خۆشەویستی لەنێو خەڵکدا، بەرادەیەک ئەوتۆ دادەبەزێ و کە ڕەنگە خۆی نەناسێتەوە کە چۆن بەوجۆرەی نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەمیکردوە لە نێو خەڵکدا! لەو کاتەدا هێزێکی سیاسی و دێمۆکرات، دەبێت بە ژیری و بەر چاو ڕوونیەوە لە هۆکار و سەبەبی ئەسڵی و ڕادەی لەدەستدانی خۆشەویستی و پێگەی خۆی لە نێو خەڵکدا لە سەر بنەمایەکی زانستی لێکۆڵێنەوەی لەبارەوە ئەنجامبدا و بە ڕق و تۆڵەکردنەوە، بەرەوڕووی خەڵک نەوەستێتەوە، بەڵکوو وێرای ستایشکردن لە ئاستی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەل، بە سیاسەت و کردەوەکانیدا بچێتەوە و بە چاوی ڕەخنە لە خۆگرتنەوە بە ڕەوری قۆناخە نوێ کانی تێکۆشان ببێتەوە. هەرلەوکاتەشدا کورد و ڕێبەری سیاسی لازمە دووبکەوێتەوە لە فراوانترکردنی دەسەڵاتی سیاسی حیزبی و دروستکردنی بەربەست لە بەردەم هێڵە گشتیە نەتەوەیەکاندا کە بیری ڕزگاریخوازی نیشتیمانی زاڵبکرێت بە سەر کەش و هەوای سیاسی کوردستاندا. ئەگەر بەسەرنجەوە میژووی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردی بخوینینەوە، دەبینین هۆیەکانی تێکچوونیان زۆر وێکچوونیان بەیەکەوە هەیە. کەوابوو ئەگەر بە شێوەی گشتی و بنەڕەتی پەند لە ڕابروو و بە شۆڕشەکانی ئێستایشەوە وەربگرین، ڕەنگە بەو ئەنجامەی بگەین، کە بەداخەوە قەرار و بڕیاری سیاسی و دوور کەوتنەوە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد زیانی گەورەی بە جووڵانەوەی کوردی گەیاندوە. جا ئەگەر بێت و لە قۆناخی نوێی خەبات و بەرخۆداندا، ڕێگای تری تێکۆشان تاقینەکرێنەوە و هەستی نەتەوەیی و ستراتیژی سیاسی تازە نێتە ئاراوە، چارەنووسەکان هەمەن لێکەوتە و دەرهاویشتەی پێچەوانەیان بۆ کورد دەبێ و ئاسۆی بەدەوڵەت بوونی کورد هەروا ناروون و نادیار دەبێت. ڕەنگە ئەو چەندێرە وەک چیرۆکێکی بێمانا لە لایەن دەستەیەکی پچووکی نێوکۆمەڵگای کوردستان لێکدانەوەی بۆبکرێ و بەدڵی ژمارەیەک نەبێت و بە هۆی هەستی پتەوی حیزبی گەری،

بەڵام گومان لەوەیدا نیە، ئەو خەڵکەی تەنیا تۆزێک سەری لە ئەلف و بێی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەربکات، لەوەیش زیاتر گلەیی لە سەر شێوەی خەبات و هۆیەکانی بێ ئاکامی شۆڕشەکانی کوردستانی لە نێو دڵدایە و هۆکار زۆرن ئەگەر باس بکرێن، بەڵام ڕەنگە گونجاو شیاو نەبێ هەر هەموو باس و بابەتێکی پەیوەندیدار بڵاو بکرێتەوە.

۲۸ی مای ۲۰۱۸

شەهید سولەیمان ڕەسوڵزادە، کادرێکی سادە و خۆش فکری سیاسی بوو!

شەهیدان لە ڕێباز و خەباتی سیاسی و نەتەوەیدا هەردەم یاد و ناو و بیرەوەریەکانیان بە بەرزی و درەوشاوەیی لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی بەرخۆدانی گەلی کوردستاندا دەمێنێتەوە و جێگای ڕێزو وەفای گەورەن و پلەو پایەیی مەزنیان لە بەرۆکی مێژوودا بۆخۆیان گرتووە. پیرانشاریش وەک شارو ناوچەکانی تری کوردستان، بە مەڵبەندی دەیان و بگرە هەزاران تێکۆشەر و سوارچاکی مەیدانی خۆڕاگری و کوردایەتی ناسراوە و گە لێک ڕۆڵەی بەرچاو و دیاری لە پێناوی ڕزگاری و دابینکردنی مافی سیاسی و نەتەوایەتیدا، گیانی بەنرخیان فیدای سەربەستی کوردستان کردوە. ئەو ڕۆڵە تێکۆشەر و سیاسی و تەشکیلاتیەش کە مەبەستمانە بە چەند دێڕێک یاد و خەباتی بەبەرزی و زیندووی ڕابگرین شەهید "سولەیمان ڕەسوڵزادە" یە، کادری هەڵسوڕ و ناسراوی کۆمیتەی شارستانی پیرانشارە. سولەیمان بە مرۆڤێکی سادە و ڕەوشت بەرز و لێهاتوو و خۆش فکری سیاسی و تەشکیلاتی کومیتەی شارستانی پیرانشاربوو کە هەتا دوا دڵۆپی خوێن بۆ ئازادی و ئاسوودەی گەلەکەی خەباتیکرد و ڕۆژێک لە ڕۆژان لە تێکۆشانی بەکردەوە دانەبڕاو و لە گەڵ خەڵکدا لە پەیوەندی پتەو تووندووتۆڵ دەبا. وەک کەسایەتیەکی گرینگی مەڵبەندی سپی سەنگ و کادرێکی بەوەج و لێهاتووی حیزب بەوپەڕی سەداقەت و بوێری، بەشداری قۆناخەسەختەکانی شۆڕشی نوێی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کرد و لە هیچ تەنگوچەڵەمەیەک نەدەسڵمیەوە و باوەڕ و متمانەی بەجۆرێکبوو کە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژدا، زیاتر بە خەبات و تێکۆشانی دڵ گەرم و لێبڕاوتردەبوو. زۆر بەداخەوە مەرگ دەرفەتی زیاتری پێنەدا و لە ڕێکەوتی ٦ - ٧ - ١٩٩٠ لە گوندی کێلێی سەربەناوچەی لاجان لە گەڵ هاوڕێکانیدا لە لایەن هیزێکی زۆرو ڕێکخراوی حکوومەتی ئاخوندی ئێران، گەمارۆدەدرێن و هەتا دوا هەناسەی ژیان بەرگری دەکەن و دواجار سولەیمان و ڕەحیم بەرشان شەهید دەکرێن و یوسف مارفزادەش بە بریندارای بەدیل دەگیرێت.(بۆ زانیاری و بەرچاو ڕوونی هەموو لایەک پیلان گێڕی ناسراوی لە داوخستنی ئەو تیمە تەشکیلاتیە، عەزیز فیرۆزمەند، کوری حاجی ڕەحمانە سووری کە دەکاتە برای شەهید حەمەی فیرۆزمەند. بەدوایانەوە دەبێ و شەهید سولەیمانیش باوەڕی زۆری بە عەزیز دەبێ و هەتا گوێ بۆ داواکاری بەرپرسی ئەوکاتی کومیتەی پیرانشار محەممەد ڕەسوڵی یش ناگرێت کە پێی دەڵێت خۆی لە عەزیز بە دوور بگرە. عەزیز هەموو زانیاریە هەواڵگریەکان بە ئیدارەی ئیتلاعاتی پیرانشار دەدا و کارئاسانی بۆ هێزەکانی دوژمن دەکات کە ئەو پۆلەکادرە بخرێنە داو شەهید بکرێن). بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لە مەڵبەندی سپی سەنگ و هێزی قەندیلدا، خەبەرێکی ناخۆش و دڵ تەزێنبوو، بەداخەوە قەدەری زۆربەی سوارچاکانی مەیدانی کوردایەتی و خۆڕاگری سیاسی و نیشتیمانی گەلی کورد، هەر بەوجۆرە کۆتایی هاتووە. سولەیمان لە داوێنی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکراتدا گەشە دەکا و هەرلەوکاتەشدا نموونەی کادرێکی بەئەزموون و خەباتگێڕ و بەئەخلاق و داوێن پاک و سادە و ئارام و خۆش فکر و هەڵسوڕبوو. زۆربەمان شانازیمان بە ناو و سیمای ئەو

نەمرە دەکرد و سولەیمان سەرێکبوو لە نێوسەراندا بەرز و دیاربوو، بە مرۆڤێکی پاک و خۆشناوی مەڵبەندی خۆڕاگری پیرانشار ناوبانگی دەرکردبوو، هەرگیز لە خوێندنەوە و بەدواداچوون ماندوو نەدەبوو. بەردەوام لە هەوڵی خۆ پێگەیاندندن و بابەتی فێربوونی، وەک کارێکی سەخت و لاوەکی سەیر نەدەکرد، بگرە بە پێویستیەکی گەورەی دەزانێ و پێیوابوو، بەوشیاری سیاسیەوە خزمەتەکان کارگەریان زۆرتر دەبێت لە سەر خۆمان و شۆڕشەکەمان. شەهید سولەیمان زۆر دڵخۆش و ئارامبوو کاتێک وێرایی هاوڕێکانی خەمی ژیانێکی ئازاد و دادپەروەری بۆ نەتەوەکەی خستبوو سەرشانی و هەتا دوادڵۆپی خوێن وەفادار بە ڕێبازی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی مایەوە. وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بە بنەمای کاری دروستی تەشکیلاتی دەزانی و پێیوابوو، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب هەتا ئاستی زانیاری و سیاسیان بەرزبکەنەوە، بەرچاوروونتر و کاریگەرتر دەتوانن خزمەت بە جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد بکەن. باوەڕێکی قووڵی بە ئامانجە نەتەوایەتیەکانی حیزب و مافەڕەواکانی گەلی کورد هەبوو و لە فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریخۆیدا، ماندوو بوون و هیلاکی نەدەزانی و پەرتووکخانەی وەک ویستگەی گرینگی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر دەکرد و هەر بەو جۆرەش هانی هاوڕێیانی دەدا. کۆمەڵێک خاسیەت و کرداری جوان و سەرنج ڕاکێشی نایابی خۆی لە ڕەوتی کارو هەڵسوڕانی ڕۆژانەیدا، تێکەڵاوی ڕەوتی خەبات و بەرخۆدان کردبوو، دژی تەمبەڵی و خۆبواردن لە خوێندنەوە و پێڕاگەیشتنی هەرتاکێک بوو کە بایخی بە ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی نەدەدا و دوونیای بەسادەی گرتبوو و دێ و دۆزمنی کتێب خوێندنەوەبوو. ئاشنایەتیم لە گەڵ ئەو مرۆڤە دێمۆکرات و کراوەیەدا، سەرەتایی دەست پێکی قۆناخێکی تازە و جەوهەری بوو لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیمدا، بە هۆی کردەوە جوان و نەجیبەکانیەوە، زۆر بە دۆستایەتی و هەوخەباتی دڵمخۆشبوو. زۆر جار بە ڕوونی و دیاریکراوی ئامۆژگاری دەکردین کە کورد و بزووتنەوەکەی وەختێک گەشە دەکا و پێشدەکەوێت، کە فێربوونی سیاسەت و سەردەرکردن لە ڕووداوە و گۆڕانکاریەکان، دەرفەتی باش بۆ ڕێبەری سیاسی جووڵانەوەی کورد دەرەخسێنێت، هەتا چاکتر و کاریگەرانە ترخۆی لە گەڵ ئاستی پێشکەوتنەکاندا ببانە پێش و جەوهەریانە باس و خواسی نەتەوەی بگەیەنینە کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و گرێدانی هەموو شێوەکانی خەبات بەو ڕیرەوەدا، دەتوانێت وێکچوونێکی گەورەی نیشتیمانی و هاوکاری دەرەکی لە خەباتی خەڵکی کوردستان دروست بکات. حیزبی دێمۆکرات وەک زانکۆی بەرزی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەتەوەیی، گەلێک کادر و فەرمەندەی دیار و بەرچاو و ناسراوی لە داوێندا، پێگەیشتن، کە هەریەکەیان بە دیار نەمانیان کەلێنێکی گەورەیان لەسەر ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا بە جێهێشت. شەهید سولەیمان ڕەسوڵزادە جێگای ڕێز و خۆشەویستی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لە مەڵبەندی سپی سەنگ و هێزی قەندیل بوو. بە دەگمەن کەسێک پەیدا دەبوو، دڵی بە سولەیمان خۆش نەبێ و شانازی بە هاوڕێیەتی نەکات. جیا لە خۆش فکری و وشیاری سیاسی، ڕەوشت بەرز و دەست پاکیشبوو، تایبەت مەندیەکانی کادرێکی باشی حیزبی و سیمای دێمۆکرات، بەتەواوی ئاوێتەی ژیان و ئاکاری سیاسی و شۆڕشگێڕانەی ببوو. قەت جارێک لە جاران لە کەسێکم نەبیست باسی خاڵێکی لاوازی شەهید سولەیمان بکا و پشت مله شتێکی لەسەر بڵێت. چوونکی هەڵسوکەوتی ئەوەندە جوان و ڕێکخراوە و وشیارانەبوو، هەمووی لەسەر بنەمای ئەخلاقی سیاسی و نەتەوەیی و باوەڕ بە ڕێبازی حیزب بناخەی بۆ دانابوو. دژی خۆ بەزلزانی و فەرد پەرستی بوو، زۆری

باوەڕ بە چەمکە سیاسی و فیکریەکانی ڕێبەرانی شەهید هەبوو و زۆر جار بەڕاشکاوی باسی دێمۆکرات بوون و شۆڕشگێڕبوونی ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی لە مەیدانی تێکۆشانی سیاسیدا دەکرد.

بە شەهیدبوونی کومیتەی شارستانی پیرانشار کادرێکی لێهاتوو و بەرجەستەی لەدەستدا و کە بێگوومان پڕکردنەوەی کەلێنەکەی ماوەیەکی زۆری برد و ئەگەر بڵێم هەتا ئێستایش جێگای شەهیدەکان پڕنەکرایەوە. ئەوان کێوێک لە ئیرادە و خەباتی سیاسی و نەتەوەیی بوون و ئەگەر لە ژیاندابان دەرفەتی ئەوەیاندەبوو زۆر زیاتر خزمەت بە حیزب و جوواڵانەوەی کورد بکەن. ڕوحی شەهید سولەیمان و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان ئارام و ئاسوودەبێت.

ای جوونی ۲۰۱۸

کە داعش نەما، کوردی خاکی زۆری لە دەستدا و هیچی بەرنەکەوت!

داعش تێکچوو و نەما، بەڵام پاش ئەو رووداوەش گەلی کورد جگە لە خۆبەختکردن و شەرکردن و فرمێسک هەڵوەراندن بەولاوە هیچی تری بەداخەوە پێنەبڕاو دۆستەکانی بە خێرایی رووبان لێوەرگێڕا و بەو جۆرە باڵانسی هێز لە بەرژەوەندی حکوومەتی ناوەندی عێراقدا گۆدرا و بەشێک لە هێزەکوردیەکانی کوردیش بە دەلیلی دژایەتیان لە گەڵ ڕیفڕاندۆمدا، مەیلی ناوەندیان زۆر لە سەردابوو و هەتا بزووتنەوەی سیاسی کورد توشی ئەو قەدەرە گەورە و مەترسیدارەبوویەوە. کاتێک داعش بەشێکی بەرچاوی خاکی عێراق و سووریەی داگیرکرد و زۆر درندانە کەوتە وێزی گیان و مالّی خەڵک و بە بەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە ژیانی لە پیرو گەنج و منالّ دەستاند و بەشێکیانی لێ سەربڕین و سنووری شەرەف و کەرامەتی مرۆڤی کوردیان شکاند و ویستیان وڵاتەکەمان بەسەردا وێران بکەن و قەڵاچووی گەورەی گەلی کورد بکەن و هەتا تورکیەش بەتەواوی بەشداری ئەو پیلان گێڕیەی بەدژی کورد کرد و داعشی بە گژداکردین لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا. کورد وەک گەلێکی ئازا و بوێر بەرگری لە خۆیکرد و ڕێگای نەدا درندەیەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بگاتە هەموو کوردستان و بە مەرەدی برا ئێزیدیەکان بچین و زیاتر لەوەی کە بەسەرماندا‌هات، سەروماڵمان وێران و کاولبکرێ و سەرمان لەلاشەمان جیا بکرێتەوە و لە تاران و بەغدا و دەمەشق و ئانکارا، شای و ڵۆغان بۆ مەرگی کورد بگێڕن و خۆیان بەبراوەی رووداوە نوێ کان لە سەر ئاستی ناوچەیدا پێشانبدەن. ئەو کات هەلومەرجێکی خەمناک و پڕلە ترس و نیگەرانی بەسەر کەش و هەوایی سیاسی و ئەمنی ناوچە و بگرە گێتیدا زاڵببوو. ئاسایشی زۆربەی وڵاتان کەوتبوویەوە ژێر هەڕەشە و هەستیان بەنیگەرانی زۆری ئەمنی دەکرد و دەستەو وەستان بۆ ئاسایشی وڵاتەکانیان دۆشدامابوون و هەتا بۆیاندەرکەوت کە کورد لە سەر ئەرزی بەکردەوەدا، هێزیکی بوێرە و دەتوانێت بەسەر داگیرکاری و درندەی داعش و هاوقۆڵەکانیدا زاڵبێ و تێکیان بشکێنێت، هەر وەک بینیمان مەرگی گەورەی حکوومەتی خەلافەتی بەناو ئیسلامی لە سەردەستی کورد کۆتایی پێهێنرا. لەو کات و وەختە ناروون و ناسەقامگیریەدا، هەردوو بەشی کوردستانی باشوور و ڕۆژئاوا، بڕیاری بەرگریکردن و ڕاگرتنی پێشڕەویەکانی داعش لە عێراق و سووریەدا بوو و ئەو هێزە تاریکی و مەترسیدارە لە سەر دەستی هێزی پێشمەرگە و گەریلای تێکۆشەری کورددا ڕاگیرا و لەزۆر بەی شوینەکاندا پاشەکشەی پێکرا تاوایلێهات، دەسەڵاتی بەسەر چەند ناوچەیەکدا نەبێت، هەموو دەسەڵاتی خۆی لەدەست بدات. بەڵام ئەوەی لێرەدا ئامانجمانە زیاتر تیشیکی بخەینە سەر و وەک بەرچاوروونیەک سەیرێکی دواوەی رووداوەکان بکەین و لانیکەم هەڵوێستە لەسەر خاڵێکی جەوهەری و گرینگی پەیوەندیدار لازمە و زەروورِیە بۆ تێکۆشەرانی ئازادیخوازی کورد. پاش تێکچوون و پاشەکشەی داعش گەلی کورد کە بەهێزێکی ئاشتی پارێز و بەرگریکردن لە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەمینەکانی عێراق و سووریە نادەبرا،بەڵام وەختێک لە باشوور و ڕۆژئاوادا پەلاماری کورد درا، دۆست و هاوپەیمانەکانی کورد چاویان داخست و کاردانەوەیەکی شیاو جێگای

دڵخۆشیان نەبوو. کورد بەداخەوە ئەوەندەی وەک هێزێکی شەرکەر لە رێککەوتنەکاندا تەماشادەکرێ و مەیدانی بەرخۆدانی پێدەسپێردرێت، بەرادەی قوربانی و خۆبەختکردنەکانی، مافە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لە بەرچاو نەگیرەوە و ئەو وڵاتانەیش کە هەتا دوێنێ شانازیان بەکورد و وشەی پێرۆزی پێشمەرگەوە دەکرد، کەچی ئەمڕۆ هەڵوێست و قسە و گۆتاریان شتێکی سەیر و نامۆیە بەرامبەر بە قوڵی و ستراتیژی هاوکاری و هاوپەیمانەتیەن لە گەڵ کورددا. هەروەک دەرکەوت کورد پاش تێکشکاندنی داعش هیچی ئەوتۆی بە دەست نە هێنا و تەنیا قوربانی زۆریدا و ماڵوێرانی و کاولکاری بۆکورد بەدوایخۆیدا هێنا. ئەگەر تۆزێک بە ژیری و بەوێژدانەوە لەو بابەت ورد بینەوە و دوور بکەوینەوە لە دەمارگیری و ئینتیمای سیاسی و کۆمەڵایەتی، دەبینین، خەڵکی کوردستان هیچی بەدەست نەهێنا و ئەوەی بە خوێن دەستی کەوتبوو، ئەویشی لەسەر دانا و وەک لە کوردەواریدا دەڵێن: سەرمان بێکڵاو مایەوە. وەختێک داعش دەسەڵاتی بەتەواوی لاوازبوو و ئاسایش و ئۆقرەی رووی لە ئۆروپا و ئەمریکا و رووسیە و چین کرد، ئیدی ئەو جار کەس کوردی لە بیر نەماو و باوی ئەوە نەبوو بگووترێ پێشمەرگە شەری ئاشتی و دێمۆکراسی، بۆ مەبەستی سەقامگیری ئاسایشی جیهان دەکا. ئەو کات کە حکوومەتی ناوەندی عێراق بە پشتیوانی سپای پاسدارانی ئێران و هێزی سەربازی تورکیە هێرشی سەرکوردستانی بەشووریان دەستپێکرد و نزیک نیوەی خاکی ڕزگارکاروی کوردستانیان داگیرکردەوە، دۆستەکانی کورد و پێشمەرگە مرتەقیان لێوەنەهات و هەتا سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاتێکدا کە هێزە کانی ئەو سێ وڵاتە لە نزیک شاری هەولێربوون جوابی ئەوتۆی نەبوو و ئەوەنەبێت کە گوتی: "ئێمە دژی ئەو شەڕەین و بەلایەنگری هیچ لایەک پشتیوانی ئەو بارگرژیەناکات" و ئەوەش لە کاتێدابوو کە خۆیان بەدۆست و هاوپەیمانی کورد دەزانی و بەدۆستێکی گرینگ و ستراتیژیان ناودەبرد. لە ڕۆژئاواش بارودۆخی سیاسی و سەربازی کوردی بە هۆی خەیانەتی وڵاتەزلهێزەکان هاوشێوەی باشوور، ئەوانیش شاری عەفرین و دەشەرەکەیان کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تورکیە و بە هێزی سەربازی توانی ئەو شوێنە داگیربکا و بە سەدان هەزار لە ژن و منداڵی کورد ئاوارە و بێلانە و ماڵ بکرین و زیانی گەورەش بەر کەرتی ئابووری و ژێرخانی کۆمەڵایەتی بکەوێت. ئەویش لەژێر روناکای گلۆپی سەوزی عرووس و هاوپەیمانەکانی کورددا، تورکیە هێرشی بۆ سەرکوردان دەست پێکرد. بەداخەوە کورد هەموو جارێک دۆراوی گەورەی نێو گەمە سیاسی و سەربازیەکانبووە و ڕەنگە لەداهاتووشدا هەروابێ و بەشی کورد هەر ئەوەبێت. کورد لازمە تێڕوانی خۆی بە جۆرێک لە جۆرەکان نوێکاریتێدا ئەنجامبدات و لەوی بگات کام یەک لەهێزە گەورە و باڵادەستەکان زۆرترین بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و سەربازیان لە گەڵ کورددا هەیە و پشتیوانی و هاوپەیمانیەکان تەنیا بۆ بەکارهێنانی کورد و هێزەکەی نەبێت لە کاتی لاوازکردنی نەیارەکانیاندا. کاتێک تەنگانێک روو لە دەروازەکانی ئەمریکا و ئۆروپا دەکات، کورد بەتێکۆشەرو هەقدار دادەنێن و وەختێکیش ئاسوودەی و ئارامیان هەیە، بە پێچەوانە لە سەر کورد بیردەکەنەوە و هێندیک وڵات بە قەوانی داگیرکەرانی کوردستان ئاواز دەڵێن و کورد بە تیرۆریست ناودەبن، وەک بریتانیای گەورە و کۆلۆنیالیستی خوێنمژ و دژی ئازادی گەلانی بندەستی جیهان.

۱۰ی جوونی ۲۰۱۸

پێشمەرگە نەریتە چەکداری و میژوویەکەی بۆ جارێکی تر درەوشاندەوە!

بزووتنەوەی نوێی "ڕاسان" هەنگاوەکانی خەباتی سیاسی و چەکداری و شۆڕشی جەماوەری لە کوردستاندا بەرفراوانترکردوە و ئیدی ڕۆژنیە لە دەقەرە جۆر بەجۆرەکاندا، دوژمن لە سەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیانی بەرنەکەوێت و لوتکەی هێزیان لە گۆڕنەنرێتەوە. خەڵکی کوردستان ئێستا وەک ساڵانی ڕابردوو ئومێدیان لە سەر وربەرزی و گیان فیدایی ڕۆڵەکانیان لە ڕێزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا هەڵچنیوە و هەڵسوڕان و کارو تیکۆشانی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی زۆر دەرگای داخراوی بەرووی شۆڕشی نوێی خەڵکی کوردستاندا خستۆتەوە سەرپشت و ئیدی ئەو دەرفەتەیش نیازی بە سیاسەتێکی ورد و ژیرانەیە کە تێیدا بتوانن کاریگەریان لە سەر بیر و بۆ چوونی ناوەندەکانی بڕیاردانی گێتی هەبێ. ئامانج و خواستی سیاسی و مافەنەتەوایەتیەکانی گەلی کورد شتێک نین لە کۆمەڵێک خاڵی لاوەکی و لاوازدا کۆبکرێنەوە و جەوهەری باسەکان لە بیر بکرێن. دەسەڵاتی خۆسەپێنی تاران لەو ڕاستیە گەیشتووە کە ئەگەر بێت و فەرمەندە سیاسی و نیزامیەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و، هێزەکانی تری کوردستان هەروەک لە ڕابردووشدا کوردستان بۆ داگیرکەران کرابوو بەگۆڕستانێکی گەورە و تەرس و خۆفیان لە دارو بەرد و شیو دۆڵی ولاتمان هەبوو. ئێستاش ئەگەر تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێمۆکرات و فەرمەندە مەیدانیەکان بەبیرکردنەوە و بەرنامەی ورد و ژیرانەیان بۆ قۆناخی نوێی خەباتی شار و شاخ هەبێت و ستراتیژی نوێی کردە سەربازیەکان پەیڕەو بکەین، دوژمن لە ئاستی هەڵمەتی هەڵۆتیژبالەکانی کوردستان خۆیان بۆناگرێ و هەرئەوەندەیان بۆ دەکرێت، خۆیان لە مەیدانی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ڕۆڵەکانی دێمۆکراتدا ڕابکەن و خۆیان ڕزگارکەن. ئەو دەست وەشاندنە خێرا و گەڵاڵە بۆداڕێژراوە کە تێیدا زیانی گەورەی بە هێزە سەرکووت کەرەکانی ڕێژیم لە شاری شنۆی مەکۆی کوردایەتی گەیاندوە و جارێ چەند وەرزێکی دەوێت هەتا ڕێژیم پشتیان لە بەرامبەر ئەو تێکڕامانە مەعنەوەیاد ڕاست دەکەنەوە بە خۆ دێنەوە. دەرفەتی باشتر بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرەخسێت کە لە شوێن و جێگای تردا بە تۆڵەی شەهیدانی نیشتیمان، هێزی داگیرکەری سپای پاسداران بکرێنەوە ئامانج. یەکێک لەنەریتە دیار و گرینگەکانی خەباتی چەکداری ئەوەیە کە وەختێک کاریگەری گەورەی لەسەر داروخاندنی وڕەی هێزەکانی دوژمن دەبێت، کە دەرفەتی خۆڕێکخستنەوەیان پێنەدرێ و لە شوێن و شار و ناوچەی تردا هێرش بکرێتە سەریان و زیاتر وەریان بروخێنن و مەیدانی شەریان بە ڕووداو بەرفراوان بکرێ و سەریان لێ تێکبدرێ کە کەی و لەکوێ هێرشیان دەکرێتەوە سەر. بەڵام ئەگەر بازنەی خەباتی چەکداری لە هەرێم و سنوورێکی بەرتەسک و دیاریکراودا چڕبکرێتەوە، ڕەنگە هێزی پێشمەرگەش زیانی گیان بەربکەوێت. هەڵبژادنی مەیدانی خەباتی چەکداری و ئەنجامدانی کردەی سەربازی، پێشوەختە دەبێت دەست نیشانکرابێ و تایبەت مەندییە سروشتی و جوگرافیەکان تێدا بەتەواوی ڕەچاو بکرێن و کات و دەرفەتی هەڵمەتی خێرا و بەجێهێشتنی مەیدانی شەڕ کە ئەو دوو خاڵە هەستیاری

گرینگ بە ئەنجامی پڕۆسەکەدەبەخشن. بەتایبەت ئەو هاوڕێیانەی ئەزموونی خەباتی چەکداری و هێرشی خێرایان هەبێت باشتر لە نێوەرۆکی مەبەستە دەگەن. ئەو جار حکوومەتی ئاخوندی لە سەر دەستی هێزی پێشمەرگەی دێمۆکراتدا، زیانی بەرکەوت و لەئێستادا توانایی خێرایی پەلامارداڵیان تێدا بەدیناکرێ و ڕەنگە ئەوەش هیچ بەو مانایە نەبێت، پێشمەرگە لە خۆبای بێ و بە سانای بکەوێتەوە بەر هێرشی دوژمن و زیانی بەرکەوێت. دەمێک بوو هەموولایەکمان خەمی لە دەستانی پۆلێک لە باشترین کادر و پێشمەرگەی حدکا مان دەخوارد کە بە هۆی کۆمەڵێک کەمترخەمی و هۆکاری سیاسی و تەشکیلاتی و چەکداری تووشی زیانی گەورەبوون و ڕێژیمی ئاخوندی و هێزەکانی بەجۆرێک وردیان بەرزبووەوە کە شەر و ڕووبەڕووبوونەوەیان لە گەڵ ڕۆڵەکانی دێمۆکراتدا ئەوەندە پێ گران و دژوارنەبوو کە لە ڕابردوویان خۆیان لێ بەدوور دەگرتن و لێیان نزیک نەدەکەوتنەوە. بەخۆشیەوە ئەو جار باڵانسی هێز و شێوەکانی خەبات و بەرخۆدان و هێرشکردنە سەر دوژمن سەلماندی کە کورد و ڕۆڵەکانی هەر وەک لە مێژوودا بە نەتەوەیەکی خۆڕاگر و ئازا و بوێر ناوبانگی دەرکردوە، پێشمەرگەکانیشی بە پلەی یەکم لە خۆڕاگری و بەرگریکردن لە ماف و ئازادیە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد دێن و هەردەم جێگای شانازی خەڵکی کوردستان دەمێنەوە. ڕێبەری و ناوەندی گشتی هێزی پێشمەرگەی حدکا لازمە ورد و ژیرانە گەڵاڵە و بەرنامەی تێکۆشانی نوێ و کرداری خێرای سەربازی بۆ زیانگەیاند بە دوژمن وەک لە ساڵانی ڕابردووشدا زۆر باوبوو، زیندوو بکاتە وە و زۆر ئاکادیمیانە لێکۆڵێنەوەی جەوهەری ناوەرۆکی بەرنامە خێراکان بەمەبەستی زیانگەیاندن بەدوژمن بکاتە دەست پێکی سەرفەسڵی نوێ بەرخۆدان لە کوردستاندا. کورد و بزووتنەوەکەی لە بەردەمی تاقیکردنەوە و قۆناخێکی گرینگی مێژوویدایە و ئەگەر لەئێستادا بوونی خۆی وەک هێزێکی دیار و کاریگەری سەر گۆڕەپانی مەیدانی خەبات پێشانبدات، بێگومان ئەو وڵاتانەی دژی سیاسەتی فراوانخوازی ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانن بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، سەرنجی زیاتر دەخەنە سەر کورد و هێزەکوردیەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. جووڵانەوەی سیاسی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، لازمە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری و هەستی پێکەوەکارکردنیان هەبێ و مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی بە دژی حکوومەتی ئاخوندی ئێران بەربەرین و کاریگەرتر لە ساڵانی ڕابردوو بکەن و هیچی تر دەرفەتی خۆ ڕێکخستنەوە بە هێزە ئەمنیەکانی دوژمن لە کوردستانیان پێنەدرێتەوە.

ڕێژیمی ئاخوندی لە مێژووی سیاسی و دەسەڵاتی سەرکووتکارانەیدا هەرگیز بە ڕادەی ئەمڕۆ تەریک و لە ژێر فشاری کۆمەڵگای نێو نەتەوەیدا نەبووە و سیاسەتی نوێی ئیدارەی ئەمریکاش ئەو دەرفەتەی پێک هێناوە بۆ ئەوەی هیزە دێمۆکڕات و ئازادیخوازەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان ڕێکبخەنەوە بە دژی سیاسەتی دژی گەلی حکوومەتی ئاخوندی تاران.

۲۷ی جوونی ۲۰۱۸

حیزبی دێمۆکرات بە قوتابخانەی ژینگەی مۆدێرنی سیاسی و روحی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە!

چۆن دەکرێ لە ئاستی چیرۆکی ڕێگای خواردا کە تێدا هێما نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بەئامانج دەگیرێن کە مەبەستی پیلانەکەش کە تاران سەرچاوەکەیەتی دەرهەقی دکتۆر "قاسملوو" ی گەورە ڕێبەری شۆڕشی نوێی کوردستان بێدەنگی هەڵبژێن و بە ڕەخنە وەسفی بکەن و بە هەنگاوی باش و زەریفی بزانین و خۆی لە پشت ئاوبکەین و نێوەرۆکی بابەتەکە بە دێمە و وشکانی سەیر بکەین و تیشکی چاومان لە سەر بژوێنی سەناروێکە بەلاڕێدا بڕوات! نەیارانی جووڵانەوەی سیاسی کورد بەڕێکەوت و هەر لە خۆوە هێرش ناکەن و سیما دیار و نەتەوەیەکان ناکەنە ئامانج و ئەوەی ئێستا خەریکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە هۆی کۆمەڵێک کەسەوە سەرهەڵدەدات، بێگومان نیەتی زۆر خراپی لە پشتە و دەیان هەوێت هەنگاوەکانی ڕاسان و تێکۆشانی بەربڵاوی حیزب کزبکەن و بە لایەکی تریدا بەرن. بەڵام ئەو شێوە خەباتە هەردرێژەی دەبێ و ئەمڕۆ یان سبەی بەئاواتی خۆی دەگا و تارانیش ئەو پایتەختە نامێنێت و بڕیار و قەرارە سیاسی و نەتەوەیەکان لە کوردستانەوە دەدرێن و هەوەک رابردوو دەبێتەوە سەنگەری بەرگری و دێمۆکراسیخوازی سەرانسەری و بەڵام لە نێوەڕۆکدا لازمە کورد خۆی لە گێچڵ فرۆشی فاشیتەکان بەدوور بگرێ. ئەو نوختەی کە لێرەدا تیشکی خراوەتە سەر، بەدڵنیایەوە پێویستی بەیەکڕیزی و یەکگرتنەوەی هێزە لێکدابڕاو و دوورکەوتووەکان لە یەکدی هەیە و لانیکەم بۆ هێزێکی خەباتگێڕی وەک حدکا دەبێت خوێندنەوەیی ڕیشەی بۆ ڕووداوە و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی وڵات بکا و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەک دەنگ و یەک هەڵوێستبن. بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەورازو نیشێووی گەلێک جۆر بەجۆری بڕیوە، هەتا ئەمڕۆ و زۆر بە ڕاشکاوی و سەربەرزییەوە دەتوانین باسی کۆی ئەو ڕووداوە سیاسی و مێژووی و کۆمەڵایەتیانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، کە حیزبی دیمۆکرات وەک تاکە جەمسەرێکی بەهێز و نەتەوەیی لە قۆناخە سەخت و ئاستەمەکاندا، ڕۆڵی بینیوە و شانازی گەورەی لە هەناویاندا تۆمارکردوە و وشیاری گەورەی نەتەوەیی بڵاوکردۆتەوە هەر لەو وەختەیەوە کە پێک هاتووە. لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانیدا هەرگیز ڕێگای بە کەس یان کەسانێک نەداوە لە داوێنی حیزبدا بێن و تانەو تەشەری ناڕەواو و دوور لە ڕەوشتی سیاسی لە ڕێبەرێک یان هێزێکی تێکۆشەر و نەتەوەیی گەلی کورد بگرێ و هەرلەوکاتەشدا خۆی بەئەندام یان لایەنگر و دڵسۆزی حیزب و شۆڕش بزانێت. مێژوویەک کە لیپاو لیپە لە خۆڕاگری و فیداکاری ڕۆڵە بەجەرگ و تێکۆشەرەکانی کە بە هەستێکی بەرزی نەتەوەیی خەباتیانکردوە و زۆریشیان گیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا بەخشێوە و بۆ چرکە ساتێکیش لە ڕەوتی تێکۆسانی خۆی لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەیدا پشووی نەداوە. پاشان کام یەک لە هێزەکوردیەکان بەرادەی حدکا ڕێبەر و سەرکردە و کادر و فەرمەندە و پێشمەرگەی لە ماوەیەکی کورتی تێکۆشانی سیاسی و چەکداری بەدژی

داگیرکەری کوردستاندا، گیانی بەرخیان فیداکردوە و مێژووی پڕشەنداری تۆمارکردوە. ئەو ساڵ چەند جارێک لە لایەن کەسانێک کە ناکرێت وەک مرۆڤی سیاسی و ڕۆشنبیری نەتەوەیی سەیربکرێن، چوونکی گوومان لە کوردبوونیان هەیە، تیروتوانجی بێ بنەما و داتاشراو بۆ مرۆڤێک دروست دەکەن و هەوڵی هەڵبەستنی دەدەن، کە هەتا نەیارانی کوردیش بە بێلوتفی و بیرمناڵی وەسفیان دەکەن، خەریکەن ڕووداوە سیاسی و مێژووی پرشکۆی ڕێبەری ناوسراوی کورد دکتۆر قاسملووش بشێوینن لە ژێر ناوی بەناو ڕەخنەگرتندا. زۆر جار گەورە ڕێبەرانمان دەکرێنە ئامانجی خاینان و تیروتوانجی بێ سەمەریان تێدەگرن، هەر چەندە هیچیان بەسەر هیچەوە نیە زۆریش لە ڕاستیەوە دوورن، بەڵام ئەو کردارانە و هێرش کردنە سەر ناو و کردەوە و ئاکاری دکتۆر قاسملووی، دەچێتە خانەی دوژمنان و ئەو خاینانەی کە بەدرێژای مێژووی حیزب، سێرەیان لە پێک هاتەو ڕۆڵی گەورە ڕێبەر و کادر و پێشمەرگەکانی گرتووە و بوونەتە ئاودێری پیلان گێڕیەکانی حکوومەتی ئاخوندی تاران. کەس بە ڕەخنە تورە نابێ و بە ئامرازێکی گونجاوی دەزانین بۆ ئەوەی تێکۆشەرانی حیزب بەسەر شیوەکانی خەبات و رابروویاندا بچنەوە و لە ژێر دروشمی نوێی ڕاساندا، هەنگاوەکانی بە ئاوات گەیشتن خێراتر بکرێن، بە سینگ فراوانیەوە پێشوازی لە ڕەخنە و سەرنج و تێ بینی بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی حیزب لە نێو تەشکیلاتی حدکا دا دەکرێ.

هەرگیز بە زلەی دۆستانە کە بە نیەتی باش و مەبەستی گونجاو ئاراستەبکرێ، مرۆڤی تێکۆشەر هەست بەئازاری ناکات ئەوەندی بیر لە هۆکار و کاریگەریە پۆزەتیڤەکەی دەکرێتەوە و لەو بارەشەوە بەدڵنیایەوە، دلسۆزانی بزووتنەوەی سیاسی و بەرخۆدانی تازەی کوردستان ئەو ڕاستیە زۆر بە باشی دەزانن کە دەبێت بە چاوی ڕێز و وەفای بەرز سەیری پێشەوایانی گیان بەختکردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ و کەس بۆینیە لە ژێرناوی ڕەخنەدا هێماکانی نەتەوەیی و نەتەوەیی بوونی سەرکردە، تەنانەت ئەگەر سەربەلایەنەکانی تری کوردستانیش بن هەرزان فرۆش بکرێن و مێژووی خەبات و بەرخۆدانیان لەکەدار بکرێ و کەس دەنگی لێوەنەیەت. کاتێک هێزیکی وەک دێمۆکرات تیکۆشانی بەربڵاوی بەدژی دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران دەستپێکردۆتەوە، بەداخەوە پیلان و هەنگاوی سەیر و عەجایبی بەدژی دەنرێن و هەموو لایەکیش هەست بەو ڕاستیە دەکات و زۆر کەس و لایەن لە بەر هۆکاری تایبەتی و بەرژەوەندی سیاسی و تاکی خۆیان لێ بێ خەبەرکردوە، کە بەشێکیان خەریکە بزووتنەوەکەش بەرەوروووی ئاقارێکی نادیاردا دەبەن و بێ ئەوەی بیریان لە ئامانجی کارەکەیانکردبێتەوە، خۆیان بە پێشنگی سازندەگی و ئاسایشی ئێران دەزانن و لایەنە گرینگەکانی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتیان پشتگوێ خستووە. خەباتی سیاسی و سەرهەڵدانی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیازی بە کۆدەنگی و هاوپشتی هەموو لایەک هەیە و زۆر گوومانواییە ڕاست لە ئێستادا دکتۆر قاسملوو بە ئامانج بگیری و ڕووداوەکان چەواشابکرێن و کەسانی سادە و کەمئاقەت و بیرمنالیش ئەوە و کۆی بابەتەکانی پەیوەندیدارو چیرۆکی ڕیگای خوار، بە ڕەخنە وەسف بکەن و پێیان هەنگاوی باش و زەرف بێ و خۆیان لە بابەتە گرینگ و هەستیارەکانی تریش بشارنەوە.

حیزبی دێمۆکرات باوەڕی قووڵی بە بنەما و چەمکی دێمۆکراسی سیاسی و ڕێکخراوەی و سیستمی کراوەی ئازادی تێکۆشانی ڕیکخراوەکان و دیالۆگی سازندە و لێک تێگەئیشتن هەیە و بە ڕەخنەش هەرگیز ڕەگی ملی هەڵ نەستاوە و بە شێوەی ئاسای، خۆی لە گەڵدا گونجاندوە و پەلاماری بارەگا و تاکی کۆمەڵگای کوردستانی نەداوە. دێمۆکرات وەک قوتابخانەی ژینگەی مۆدێڕنی سیاسی و روحی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی کوردستان ناسراوە و هەرگیز لە ئامانج و ڕێڕەوی خۆی لاینەداوە و بەردەوامبووە لە سەر ڕێباز و خەباتی نەتەوەیی، کە ئەوەش هەمووی بۆ فیکر و بیری ڕێبەرانمان دەگەڕێتەوە.

٢١ی جوولای ٢٠١٨

ڕێژیمی تاران لە گێژاوی گەوەری قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆیدا دەژیت!

حکوومەتی ئاخوندی لە گێژاوی گەورەی قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و خۆیدا دەژیت و لە مێژووییستەمکارانەی ئەو ڕێژیمە زۆردار و دژی گەلیەدا، هەرگیز بە وێنەی ئەمڕۆ لە گەڵ بارگرژی و ئاڵۆزییە نێوخۆی و نێونەتەوەییەکان بەرەوڕوو نەبۆتەوە و، نەکەوتۆتە ژێرکاریگەری گەمارۆ سیاسی و ئابووریەکانەوە. خۆپێشاندان و هاتنەمەیدان شارە گەورە و گرینگ و ستراتیژییەکانی وڵات، نموونەی زیندووی بێزاری و دەنگی ناڕەزایەتی گەلانی وڵات لە سەر شێوەی ئەدای حکوومەتی ئێران دەگەیەنێت و شوعار و داخوازیەکانیان بەتەواوی سیاسی و نەتەوین و بەدەنگێکی بەرز و زووڵال داوای ڕوخاندنی ئەو ڕێژیمە دەکرێ. ئەو ئاماژانەش کە خەڵک وەک سیگنالی گۆڕانخوازی و ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێراندا دەریدەبڕن، دڵی کاربەدەستانی وڵاتی شکاندوە و دووچاری نائومێدی و سەخڵەتی زۆری کردوون و کەوتوونەتە بەردەم هەڵبژاردەی گەلێک دژوار و قوورسەوە. هەرچەندە سەرکۆماری ڕێژیمی ئاخوندی بە هێنانەوەی پاساوی بێ بنەما و لابەلا، دەیهەوێت خەڵکی وڵات لە ئاستی کۆی قەرانەکاندا ڕازیبکا و دڵیان بداتەوە کە ئەو بارودۆخە کورت خایەنە و دەوڵەت بەسەریدا زاڵدەبێت و ژیانی هاو وڵاتیان ئاسی دەبێتەوە. بەڵام ئەوە لە قسەکردن بەو لاوە شتێکی ترنیە و هەلومەرجی نالەباریش لە دەستی کاربەدەستان دەرچووە و دەبێت فیکر بۆ داهاتوویان بکەنەوە کە چ ڕۆژگار گەلێکی ڕەش چاوەڕێیان دەکات. سیاسەتی خۆپەرستی و ناژیرانەی سەرانی وڵات بە تەواوی لە خراپتر بوونی ژیان و گوزەرانی گەلانی ئێران بەرپرسیارن و، وڵاتێکی بەپیت و دەوڵەمەندی وەک ئێران چۆن دەکرێ، لە ئێستادا خەڵکەکەی کە ژمارەیان پێوانەی بەرچاوی تۆمارکردوە، بەداخەوە کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاری و نەداریەوە و زۆر بەئەستم دەتوانن خۆیان بژێەنن و ڕۆژانەیەکی زۆر کەم بەدەست بێنن لە مەیدانی کارکردندا. جارێ هێشتا پرۆسەی گەورەی گەمارۆکان بەدژی حکوومەتی تاران نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئەگەر ئەو قۆناخە دەست پێبکات، ئەوەندی تر بارگرانی لەسەرشانی خەڵک دروست دەکا، کە ئەو وڵاتە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە ژێرخانی بەرەو دارمان دەڕوا و، بێگوومان بەرنامە و پیلانی ئەو تۆش لە بەردەستی دەسەڵاتداراندا نیە کە چارەسەری سەرجەمی ناکۆکیەکانی لە گەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەیدا پێبکەن. حکوومەتی ئاخوندی ئەقڵیەتێکی نەفام و نەزان ئیدارەی دەکا و هەرچی کردوویانە کە خۆیان ودەسەڵاتەکەیان لە فەوتان ڕزگاربکەن، ئەویش بەڕێگای بەهەدەردانی سەروەت و سامانی گشتی و نیشتیمانەوەیەوە ئەنجامیانداوە و، بەڵام دەرکەوت کە ئەوجار کاردانەوە و هەڵوێستی گێتی لە هەمبەر ئێراندا کۆمەڵێک ئاڵۆگۆڕی بنەڕەتی بەرهەم هیناون کە پێدەچێت، لە داهاتوودا خێری بۆ کۆی پرۆسەی سیاسی وڵات هەبێ. ڕێژیمێک کە بنەمای فیکری لە سەر ئەساسی سڕینەوەی سیاسی و نەتەوایەتی و تیرۆری سیاسی دامەزرابێت، گەلانی وڵات و یەک لەو نەتەوانەش گەلی کورد دەبێت چ جۆرە چاوەڕوانیەکیان لەو ڕێژیمە دڕندە و کۆنەپەرستە هەبێ کە هەوڵی چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و نیشتیمانیەکان بدات بە ڕێگای دیالۆگ و

لێک تێگەیشتندا!! بارودۆخی ناوچەی و نێونەتەوەیی لانیکەم لە ئێستادا هیچ دەرفەتێکی بۆ حکوومەتی ئاخوندی نەهێشتۆتەوە، جگە لە ڕازیبوونی ئاخوندەکان بە قەدەری لە دەستدانی دەسەڵاتیان لە وڵاتێکی گرینگ و مێژووی وەک ئێراندا، کە جگە لە نەتەوەیی فەرمانڕەوا پێنج نەتەوەی تریش بوونیان هەیە. ئێران زۆر کارت و شانسی شیاوی لەبەردەستدابوو کە دەیانتوانی لە بەرژەوەندی گەلانی وڵاتدا سوودی لێیان بینیبا، بەڵام بە هۆی گەمژەی و خۆبەزلزانینی ئاخوندەکان، بەشێکی زۆری کارتەکانیان لە نێولەپیدەستدا لێ سڕکران یان وەک دەیبینین کاریگەریان نەماوە بۆ درێژکردنەوەی مەودای نەرووخانی حکوومەتی ئاخوندەکان. لەوەها بارووزرووفێکی سیاسی و ئابووریدا، حکوومەتی تاران لە خۆبەدەستەوەدان و سازش و گونجان لە گەڵ ئەمریکادا، هیچ بژاردە و ڕێگایەکی بۆ نەماوەتەوە و ئەگەر دەسەڵاتی ئێران بەوجۆرە خەمساردیە بڕواتە بەرەوە، لە بەرامبەر چارەسەرکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و ئاستەمتر بوونی بژیوی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا، ئیدی ئەو جار گەلانی ئیران جگە لە لادان و ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە، ڕێگایەک لە پێشخۆیاندا نابینینەوە. گەلانی وڵات کە سەبریان گرتووە و جارێ بە ئامانجی ڕوخاندی ڕێژیمی تاران بەتەواوی خۆیان ڕێکنەخستووە و نەهاتوونەتەمەیدان، چاوەڕێی دەرفەتی باشتر و لە بارتر دەکەن و زۆربەی خەڵک دەیان هەوێت ئەو حکوومەتە بەجۆرێک لە سەر ڕێگایان لابدەن، کە وڵات لە کاولبوون و شەڕی نێوخۆی بپارێزن. لە کوردستانی ڕۆژهەڵایشتدا هەلومەرجێکی بەتەواوی ئامادە هەیە بەمەبەستی ڕاماڵینی داموودەزگە داپلۆسینەرەکانی ڕێژیم و چالاکی و تێکۆشانی حیزبەکان ئومێد و وەی بەخەڵک بەخشێوە و کاتێک لە شارێک یان لە هەر دەقەرێکدا خەڵک بە بۆنەی جۆر بەجۆرە لە دەوری یەکدی کۆدەبنەوە، مرۆڤ بە تەواوی هەست بە کەش و هەوای زەمینەی سیاسی و تەشکیلاتی دەکا. ئەگەر لە ئێستادا هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێرەی چاوەڕوانی خەڵک لە گەڵ یەکدا کۆک و یەکگرتوونین، بەڵام خەڵک لە نێو خۆی کوردستاندا،

سەرەڕای جیاوازی تێڕامان و خوێندنەوەیان، هەموویان پێکەوەن و یەکگرتوون بەدژی حکوومەتی ئاخوندی. کاتێک لە مەریوان "شەهیدان" ی ژینگە پارێزی کوردستان لە ڕێپێوانێکی گەورە و بەربڵاودا بە خاک دەسپێردرێن و سروود و شوعاری خەڵک دەبیسین، دەبینین کە هەستی نەتەوایەتی و یەکگرتووی سیاسی بە کردار و بەرخۆدانەکنیانەوە دیارە و ئەوجۆرە لە داکۆکیکردن و پێکەوە کارکردنەش بێگوومان ژینگەیەکی سالم و تەندروستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێت لە داهاتووی سیاسی کوردستاندا.

۲۸ی ئاگۆستی ۲۰۱۸

ستەمی سیاسی و نەتەوایەتی هۆکاری سەرهەڵدانی قۆناخە چەکداریەکانی حدکا بووە!

سێ قۆناخی جیاوازی خەباتی سیاسی و چەکداری کە حیزبی دێمۆکرات ڕێبەریکردوون، هەر یەکێکیان کە لە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەتەواوی جیاوازدا رووباندواوە و، بێگوومان کاریگەری و شوێنی خۆیان لە سەر پرۆسەی سیاسی ولات و بەتایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا داناوە و جەوهەر و بنەمای فیکریان بەتەواوی روون بووە و ئامانجەکاشیان ڕزگاری نەتەوایەتیبووە کە ئەو جوولانەوە نەتەوایەتیە هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

چەند سەرنجێک سەبارەت بە "ڕاسانەوە" کە دەڵێم ڕاسانەوە هیچ بەو مانایە نیە کە وشەی ڕاسان و نرخ و هەزینەی گیان فیدای و لە خۆبردووی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات لەبەرچاو نەگرین و دەرکی ئامانج و شوێنی دیار و قووڵی لەسەر سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی سەرفەسڵێکی تازە لە بەرخۆدانی نەتەوەیی نەکرێ و هەنگاوەکان بەگرینگ نەزانین. بە بیروڕای زۆر یەک لە تێکۆشەرانی حیزب، دەستەواژەی "ڕاسانەوە" گشتی تر و ڕەنگانەوەی قۆناخەکانی تری خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی و چەکداری حیزب بەدژی حکوومەتی شا و دەسەڵاتی ئاخوندی و زوڵموو ستەمی سیاسی و نەتەوایەتیان بەدژی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت. چوونکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ئێستای ڕاسانەوە، سێ قۆناخی مێژووی چەکداری بڕیوە و ئەو کردارەش بێگوومان بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوچەی و نێودەوڵەتی کاریگەری خۆی لە سەر کۆی گۆڕانکاریە سیاسیەکان هەبووە. یەکەم قۆناخ کە دەستپێدەکات، ڕاست پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان کە لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ی هەتاوی بەدژی ڕێژیم شا بەڕێوەچووە و ڕۆڵەی زۆر ئازا و تێکۆشەری حیزب لەو سەردەمەدا ڕۆڵیان بینیوە و بەداخەوە زۆریان شەهیدبوون و زۆر کەم لەو مرۆڤە جوامێرانە نێستا لە ژیاندان. کە بەداخەوە ئەو قۆناخەی سەرەتای خەباتی چەکداری یان" ڕاسان" ئامانج و ئاکامەکانی زۆر گەورە و بەرچاوبوون و هەنگاوەکانیشی شوێنی بەرچاو و دیاریان لە سەر رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان دانابوو. ڕێژیمی شا بەتەواوی نیگەرانی بارودۆخی ولاتبوون و هەربۆیەش بە ڕێگای زۆر ناشایستە و دوور لە مرۆڤایەتی کەرتی شەپۆلەبەهێزەکانی ئەو جوولانەوە سیاسی و چەکدارەیی کرد و بەداخەوە بەهاکەی بە گیان لە دەستدانی کۆمەڵێک لە کادری بەوەج و لێهاتووی ڕێبەری و و پێشمەرگەی سیاسی و چەکداری بەتوانا و ناسراوی حیزب کۆتایی هات. دووهەم قۆناخی خەباتی چەکداری، ئەو وەختە دەستی پێکرد کە حکوومەتی ئاخوندی مافی سیاسی گەلی کوردی نەسەلماند و شەری بەدژی گەلی کورد ڕاگەیاند و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش، بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و پاڕاستنی گیان و مانی خەڵک و دەسکەوتەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، بڕیاری خۆپاراستنیدا و بەدژی هێزە سەرکوتکارەکانی حکوومەتی ناوەندی کەوتە شەڕێکی نابەرامبەرەوە. ئەو قۆناخە سیاسی و چەکداریەش درێژەی هەبوو و لە هەموو ڕوویەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی تاساند و

ئاخوندەکان لە هەستی بەرگریکردن و گیان بەختکردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی تێگەیشتن. هەربۆیەش جەند جارێک کەوتنە ئەنجامدانی گفتوو گۆی سیاسی، دیارە تاکتیکی حکوومەتی ناوەندی بەتەواوی ڕوون بوو کە دەیان هەوێت خۆیان بەهێزبکەن، ئەوجار شەڕێکی یەک لاکەرەوە بەدژی جوولانەوەی کورد دەست پێبەکەن. ئەو قۆناخە پڕشەنگدارەی تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی و چەکداریەش دەوامی زۆریکرد، هەتا بەداخەوە بەهۆی بارووداوخی سیاسی و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان ئەو شێوە خەباتە کەوتە ژێر فشار و، بەناچاری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ناوچە سنووریەکانی بەرەو قوولای نێو خاکی باشوور بە جێهێشتوو و ئەو قۆناخەی بەرخۆدانی ڕۆژهەڵاتیش پشووی پێدار و دواجار بۆ جارێکی تر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو دوو ساڵەی دوایدا، بڕیاریدا لە ژێر دروشمی ڕاسان " ڕاسانەوە" دا خەباتی سیاسی و چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەست پێبکاتەوە. ئاکامی ڕاسانەوە گەلێک کاریگەر و بەرچاوە و ئەگەر پۆلێک لە ڕۆڵەکانی گیان دەبەخشن و شەهید دەکرێن، نابێت نائومێد بین و لە بڕیار و بیروباوەڕی سیاسی و شۆڕشگێڕانەمان دڵ سارد و نائومێد بین و، پێمان وابێت ئیدی تازە کارێک ناکرێ و ڕێژیم توانیویەتی کۆنترۆڵی هەموو کوردستان بکات. گەلی کورد و حیزبی دێمۆکرات وەختێک گەورە ڕێبەر و سەردارەکەی لە دەستدا، دوژمن پێیوابوو تازە حیزبی دێمۆکرات و شۆڕشی ئەو بەشەی کوردستان دووچاری لێک بڵاوبوون و تێکچوون دەبێت. بەڵام خۆڕاگری حیزب و بڕیاری ژیرانەی توانیویەتی مەودای خەبات و تێکۆشانی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی درێژتربکا و ئەو بزووتنەوە سیاسی و چەکداریەش تائەو کاتەی بەتەواوی ئامانجەکانی دەگات، درێژەی دەبێت بەدژی ڕێژیمە زۆردار و کۆنەپەرستەکان. خەڵکی کوردستان و حیزبە کەیان پاش تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملوو و شەڕەفکەندی چۆکی بۆ دوژمن دانەدا و بۆ جارێکیتر خۆی ڕێکخستەوە و ئیدامەی بە خەباتی خۆی بەدژی ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندی دا. هەر وەک ئاشکرایە و لە هەموو لایەک دیارە، ژینگەی پەروەردەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە جۆرێکە، کە وێڕای ددان بەخۆداگرتن و ئارامگرتن لە بەرامبەر ئەو برینەی دەخرێتە سەر جەستەی. بەڵام بە هێوری لە درێژی خەباتی خۆیدا تیماری دەکا و لە ژێر سایەی خۆڕێکخستنەوە و دۆزینەوەی میکانیزمی لەبارتر و کەڵک وەرگرتن لە هێزی ژیری و ئەزموونی دوورو درێژی هاوڕێیانی شارەزای قۆناخە سەخت و دژوارەکانی ڕاسانەوەی نوێ بەرخۆدان لە پێناوی ڕزگاری سیاسی و نەتەوەیدا، تۆڵەی هەر تێکۆشەرێکی کورد لە دوژمن دەستێنەوە و خوێنی بە ناهەق ڕژاویان بە فیڕۆناڕوات. بێگومان ڕێبەری حیزب بە ژیری و وردبینیەوە، بەرەوروی ئاستەنگ و تەنگوچەڵەمەکانی سەر ڕێگای خەباتی دەبێتەوە و لە ئەمڕۆشدا، بەتەواوی لەو ڕاستیە گەیشتووە کە ناردنەوەی تیمی بچکۆڵانە بۆ نێوخۆی کوردستان بەهاکەی گەلێک قورسە و پێویستە تاکتیکی قۆناخەکان بە گوێرەی هەلومەرجی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت. ڕێژیم و هێزەکانی وەختێک خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگەکانی حیزب دەبوێرن و خۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەیان بەدوور دەگرن، کە گورزی باشیان لە بدرێ و زیانی گەورەیان پێبگات لە یەکەم هەڵمەتی خێرا و هەڵۆئاسادا. ڕاسانەوە لە مێژووی نوێدا،بەسەرەتای سەرفەسڵێکی درەوشاوە و زێڕین لە قۆناخی بەرخۆدانی نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەیردەکرێ و ئەگەر کەسێک یان دەستەیەک وێڕای دەربڕینی خەم و ئەسەف بۆ لە دەستدانی تێکۆشەرانی حیزب و گەل دەردەبڕن و

پاشانیش سەرنجی ڕخنەگرانەیان دەخەنەروو، نابێت والێکبدرێتەوە کە ئەوان دژی ڕاسانەوە و ئامانج و کرداره بێوێنەکانی ئەو بزووتنەوە تازەیە هەڵوێستی دژبەریان هەیە. بەڵکوو دەربڕینی هەر جۆرە سەرنج و تێڕامانێکی دڵسۆزانە دەبێت وەک نیەتی باش و خێر و کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەیی تەماشابکرێ. وەختێک پۆلێک پێشمەرگەی ئازا و بەجەرگ دەکەونە بۆسەی دوژمن و بەسانای شەهید دەکرێن، بۆ هەموو لایەک و ئازادیخوازی کورد جێگای داخ و پەرووشیە و هەموولایەک بۆ نرخی ئەو جوواڵانەوە تازەیە کە دەستپێکردۆتەوە، زۆر بەداخن. کەس دڵی بەوە خۆش نیە ڕۆڵەی خەباتگێڕ و نەتەوەیی بە پۆل بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم شەهید و بریندار بکرێن. چوونکی گەشەکردن و بەهێزبوونەوەی حیزب و پەرەگرتنەوەی شۆڕش لە کوردستاندا جێگای ئومێد و دڵخۆشی هەر تاکێکی نیشتیمانپەروەری نەتەوەکەمانە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەردەم وەک سەر قافڵەی خەبات و تێکۆشان لە مەیدانی بەکردەوەدا بووە و بەو کارەشی کە دەست پێکردنەوەی ڕاسانەوە لە کوردستاندا، نیشانەی گەورەی و هەستی وڵات پارێزی ئەو هێزە دەگمەنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنێت.

حیزبی دێمۆکرات نە بەسەرکەوتنەکان لە خۆی بای دەبێت و لە خۆی دەردەچێت، نە لە کاتی شکەست و پاشەکشەکردنیشدا دەبێتە ماستی مەیو و بێجووڵادەوەستێت. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستپێکردنەوەی خەباتی بەکردەوە لە نێوخۆی کوردستان، بۆجارێکیتر ملوانکەی شانازی پێشڕەوبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی وەرگرتەوە و هیوای بەخەبات و بەرخۆدان زیندوو تر کردەوە.

٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

ڕێژیمی ستەمکاری ئێران، شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی بۆ بێدەنگ ناکرێت!

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە دەست پێکردنەوەی قۆناخێکی تری خەباتی سیاسی و چەکداری بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی تاران و لە قاودانی سیاسەتە دژی گەلی و مرۆڤی و بڵاوکردنەوەی بیروهزری سیاسی و نەتەوایەتی لە سەر ئەساسی بنەمای شوناسێکی تازە و دێمۆکراسی کە تێیدا مافی سیاسی گەلی کورد و گەلانی تری وڵات ڕەنگ بداتەوە، خەباتی سیاسی خۆی درێژە پێداوە و لە مێژووی تێکۆشانیدا هەرگیز لە ڕێچکەی ڕاستی و سیاسەتی وردبینی و ستراتیژی نەتەوەیی خۆیدا بەلاڕێدا نەچووە و بەردەوام داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی سیاسی خەڵکی کوردستان بووە و سوارچاکێکی بەئەزمونی ئەوبواوە ماوەتەوە. دوا بە بەدوای ڕووداوەکانی سووریە و ئێراقیشدا، سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ئاخوندەکان زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو کەوتۆتەسەر زار و زمانی ناوەندە گرینگ و بڕیار بەدەستەکانی گێتی و ئیدارەی نوێی ئەمریکاش لە هەمبەر ئێراندا سیاسەتێکی بەتەواوی توند پەیڕەدەکا بۆ ئەوەی کاربەدەستانی وڵات بەزۆر بێنێتەسەر ڕێگای دروست و بەجێ. خەباتی سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا، دەرفەتێکی ئەوتۆی دروستکردوە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاکامی بەرهەمەکەی هەست پێدەکرێت و ئەو بڕیارە سیاسی و مێژوویەی حیزب وەک خاڵێکی دەوشاوە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا پڕشەنگ دەداتەوە.

هەنگاوی ژیرانەی سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بەدژی حکوومەتی ئاخوندەکان دەیهاوێژێت و وەک پڕۆسەیەکی گەورەی نیشتیمانی دەستپێکردوە، دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئێرانی بەتەواوی نیگەران و هەراسانکردوە و هەربۆیەش لە کۆتای و ئاخری تەمەنی خۆیدا، هەر جارەو بە شێوەیەکی دڕندانە و ناجوامێرانە هێرش دەکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب لە ناوچە سەرسنووری و قوولایی خاکی باشووردا و کە ئەوەش نیشانەی دەست ئاوانەی ئێران لە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت. بەداخەوە هەتا ئەمڕۆش دەسەڵاتی سیاسی لەو بەشەی کوردستاندا، دەربڕینێکی ئەوتۆی نەبووە کە حکوومەتی تاران تۆزێک لێی بسڵمێتەوە و ڕوخساری هەڵسووکەوتەکانی بگۆڕێت و ڕێز لە هاوسێیەتی بگرێ، بەهۆی بێدەنگی و هەڵوێستی نەرم و شەرمێوانە و خۆبێدەسەڵاتکردنی حکوومەتی هەرێم لە بەرامبەر سنوور بەزێنی ئێراندا، سپای پاسداران لە جاران زیاتر چێرەگرتووبوونە و بەردەوامن لە سەر پێشێلکردنی سەروەری خاکی کوردستان. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی پتە و بەهێز و خۆشەویستی خەڵکی کوردستان، بێگوومان لە ڕەوتی خەباتی سیاسی و چەکداری خۆیدا بەردەوام شوێنی دیار و بەرچاوی لە سەر گەشەپێدانەوەی شۆڕش لە ژێر فۆرم و کرداری نوێدادانەوە و وشیاریەکی ئەوتۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە کە ، دوژمنی تاساندوە و هەر لە بەر ئەوەشە ئەو ڕێژیمە بەردەوام هێرش دەکاتە سەر ئەو هێزە گەورە و کاریگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مەترسی گەورەی لە سەر تەمەنی حکوومەتی تاران سازکردوە.

خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیش لە ئێستادا چاکتر ماهیەتی سیاسەتی ئەو رێژیمەیان بۆ روون بۆتەوە و هەموو لایەک لەو ڕاستیە گەیشتووە کە حکوومەتی ئاخوندی لە گەڵ گەشەی ئازادی سیاسی و پەرەگرتنی رەوتێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ و یەکساندا بەتەواوی دژ و ناتەبایە و دژایەتی هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی دێمۆکراسیخوازی دەکات و بۆ مانەوە خۆیان لەسەر کورسی حوکمڕانی جەلادانەیان، پەنا دەبەنە بەر هەر ڕێگایەکی شەرمێوانەی پیشەیان و بە تیرۆر وهێرشی موشەکی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و تۆپبارانی چڕ، هەوڵدەدەن ئارامی بۆ وڵاتەکەیان دابین بکەن و پێش بە ڕەوتی خەباتی سیاسی و چەکداری حدکا و هێزەکانی تری کوردستان بگرن. ئیدی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕێژیم بە جۆرێکە کە چاوەڕواننەکراوە تازە بتوانن بەر بە دارمانی ڕێژیمەکەیان بگرن و کۆنترۆڵی هەلومەرجی مەوجوودی وڵاتەکەیان پێببڕێت. گەلانی ئێران بەگشتی خوازیاری گۆڕانکاری ڕیشەین و پشتیووانی دەسەلاتێکی گەلی و دێمۆکراتیک دەکەن و ناکرێت نەتەوەیەک حوکمڕانی بەسەر کۆی پێک هاتە نەتەەیی و مەزهەبیەکاندا بکاتەوە. گەلی کورد و حیزبی دێمۆکراتیش بەتەواوی لایەنگری حکوومەتێک دەکات کە لە سەر بنەمای سازانی سیاسی و نیشتیمانی کە تێیدا ڕەچاوی مافی سیاسی و نەتەوایەتی گەلانی پێک هێنەری ئێرانی کردبێت دەکا و دژی ئەوەیە وڵات بە تەنیا نەتەوەیەکی کەمینە بەڕێوەی بەرێتەوە. ئەزموونی ئەو چەند دەیی ڕابردووی سیاسی ئێران سەلماندی کە ئەو جۆرە لە مۆدێلی ئیدارەکردن و حومکرانی بەتەواوی شکەستی هێناوە و ئەگەر وەک نموونە هەر دووک دەسەلاتی دیکتاتۆری شا وەبیگرە هەتا ئاخوندەکان، هیچ خێر و بەرەکەتێکیان بۆ خەڵک جگە لە کۆشتار و قەتڵوعامی ئازادیخوازانی کورد و گەلانی تر شتێکی ترنەبوو و نابێت دەسەلاتێکی هاوشێوە زەمینەی دروستبوونەوەی بۆ پێک بێت.

دەسەلاتی بێ ئاکامی تاران بە دڵیان بێت یان نا، دەبێت ئەو ڕاستیە قبووڵ بکەن کە ڕۆژی دادگای و محاکەمەکردنیان گەلێک نزیک بۆتەوە و بەو کردار و هێرشانەشیان هیچ یان پێ لە گەڵ بزووتنەوەی نوێ شۆڕشی بەربڵاوی ڕۆژهەلاتی کوردستان ناکرێ و بەڵکوو خەڵکی کوردستان و هێزە تێکۆشەرەکانی بەدژی ئەو رێژیمە کورد کوژە دەباتە پلەیەکی بەرزی کۆدەنگی نەتەوەیی و یەکگرتووی سیاسی و چەکداری و خەباتی بەرفراوانی جەماوەری هاوبەشەوە. کوردستان و خەڵکی ئازادیخوازەکەی لە هەموو وەختێک زیاتر خۆیان بە هاوکار و پشتیووانی شۆڕشە کەیان دەزانن و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی رێژیم بە گشتی و لە سەنگەر و سەفێکی بە هێزی یەکڕیزیدان،

ئەو خاڵەش بێگوومان هێمای وەرچەخانێکی گەورە و جەوهەری سیاسی ئەو شۆڕشەیە کە لە شاخ سەری هەڵداوەتەوە و زەمینەی لە باری خۆی لە نێو خەڵکدا ڕەخساندوە.

٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

کاریگەری ڕاسانەوە دوژمنی دووچاری بێزاری و نائومێدی زۆر کردۆتەوە!

دروشم و ئامانجەکانی "ڕاسان" دوەی ئەمجارەیان بۆتە هەوێنی مێژوویەکی گەش لە جووڵانەوەی کورددا کە بەدرێژایی تەمەنیخۆی لە سەر دەستی حکوومەتە یەک بەدوای یەکەکانی ئێراندا ماف و ئازادیە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی پێشێل کراوە و هەرگیز بە ڕێگای ئاشتیدا هەوڵی چارەسەرکردنی گرینگ ترین پرس نەدراوە کە بەداخەوە کورد بۆ مانەوەی خۆی دەستی داوەتە چەک و بەرگیری دلێرانەی بە ڕێگای شێوە جۆبەجۆرەکانی تێکۆشاندا لە خۆی کردوە. لە ئەمرۆشدا کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پەنای بردۆتەوە بۆ بەر خەباتی چەکداری لە ژێر دروشمی ڕاسانەوەدا، چوونکی دەسەڵاتی تاران بەردەوامبووە لە سەر سیاسەتی سەرکووت و پشتگوێ خستنی پرسی سیاسی و مافی گەلی کورد وەک کێشەیەکی گەورەو بەرچاوی وڵات. بەداخەوە بەهاو نرخی ڕاسانەوە گەلێک قورس و برینەکانیش قووڵ و بەژانن، بەڵام کورد بە داخەوە ڕێگایەک جگە لەو شێوە بەرخۆدانەی لە بەردەمدا نەمابوویەوە. ئاخوونەدکان دژی هەنگاوی ئاشتی و کانالەکانی تری ژیری و لێک تێگەیشتن بوونە و سەری مرۆڤە ئازادیخواز و مافویستەکان دەبڕن و تیرۆریان دەکەن.

ڕێژیمی ئاخوندی چەندەی بە گەمارۆ و فشارەکانی ئەمریکا تورە و بێزارە و بۆ ڕزگاربوونیش لەو قەیرانە بێ ئاکام و سەرلێشێواو ماونەتەوە، بەو ڕادەیە و بگرە زیاتریش ڕاسانەوە حکوومەتی تارانی دووچاری دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورە کردۆتەوە و هەتا کات دورواتە چاکتر هەست بە ترس و بێدەسەڵاتیان لە بەرامبەر شۆڕشی نوێ لە کوردستاندا دەکەن و زۆر باش لە وشیاری و هەستی بەرەنگاری و ڕزگاریخوازی گەلی کورد گەیشتوون و هەر لەبەر ئەوەشە کە هەموو هێزی خۆی و بەو ئیمکانانەتە زۆر و زەوەندەی لە بەردەستاندایە، بەدژی بەرخۆدانی هێزەکانی ڕۆژهەڵات و حدکا و خەڵکی خۆڕاگری بە کاردێنێت. کۆنەپەرستانی تاران پێیانوایە بە ڕێگای کۆمەڵکۆژی و موشەکباران و کاتۆشاباران و ئیعدامی بە پۆلی ڕۆڵە ئازادیوازەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانن دەنگی ئەو بزووتنەوە سیاسی و مێژوویە ڕیشەکەن بکەن و ئەگەر ئەوەشیان بۆنەکرێت بە مەردی دەیەی ٩٠ی زاینی بەرنەوە و بە زۆری پشوو بە بەرخۆدان و تێکۆشانی نەتەوەیی ئەو بەشەی کوردستان بدەنەوە. ئالۆگۆڕە سیاسی و ناوچەیەکان لانیکەم لە ئێستادا بەسوودی ڕێژیمی جینایەتکاری ئاخوندی نیە و کۆی پرۆسەی سیاسیە کە لە بەرژەوەندی قۆناخی گۆڕانکاریە لە ئێراندا. دیارە ئەو قۆناخەش بێگوومان بە روخاندنی ئەو ڕێژیمە بە ئاکامی خۆیدەگات. دەستپێکردنەوەی چەخماخەی نوێی شۆڕش و پەرەپێدان و درێژەکێشانی، توانی گورزی باش لە پێگە و نفوزی ڕێژیم لە کوردستان بوەشێنێت. ئەگەر ئەمڕۆش لە کوردستان پۆلێکی تر لە تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ئامانج دەگیرێن و لە نێو خۆی ڕۆژهەڵات، لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا و، شەهید دەکرێن، سەربەرزی و لە دایکبوونەوەی وەرە و ئیرادەی نوێ خۆی پێناسە دەکا و بوونی

خۆی سەلماندۆتەوە. ڕاسانەوەی ئەوجار لە کات و دەرفەتێکدا سەری هەڵدایەوە کە دوژمن پێیوابوو، ئیدی شتێک بە نێوی تێکۆشانی نەتەوەیی لە کوردستان نەماوە و هەرخۆیان دەتوانن ئیدارەی ئێران بکەن و درێژە بە ستەمی سیاسی و نەتەوەی بەرامبەر بە گەلانی پێک هێنەری وڵاتی ئێران بدەن. کاتێک حکوومەتی تیرۆریستی ئاخوندی دەزانێت ئەو بزووتنەوەیە زۆر قووڵ و ڕیشەی و جەوهەری ڕەگی خۆی داکوتاوەتەوە و ئەوەندە بەهێزبووە، ئاراو قارەی لێبڕاوە و خەریکە هێزەچەکدارەکانی خۆی بە ئیمکاناتی نیزامیانەوە بێنێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مۆڵبداتەوە بۆ ئەوەی پێش بە گەشەکردن و بەربڵاوتربوونی ئەو شێوە خەباتە بگرێت. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی مێژووی سیاسی و خەباتی نەتەوایەتیەی کە بۆ ڕزگاری خەڵکی کوردستان دەستی پێکردوە، بەردەوامبووە لە سەر بیروباوەڕی بەهێزی، بە ئامانجە بنەڕەتیەکانی ئەو شۆڕشەی کە لە کوردستان سەری هەڵداوەتەوە. حیزب وەک هێزێکی مۆدێرنی نەتەوەیی بە درێژایی مێژووی دامەزراندیەوە، پارێزگاری لە ماف و مانەوەی نەتەوەی گەلی کورد کردوە و لەو کاتەشدا کە هەلومەرجێکی نەخوازراو بانّی بەسەر کەش و هەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کێشابوو، لە سەر ڕێچکەی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی بەردەوامبووە و هەرگیز لە مەیدانی بەکردەوەدا، شەرمێونانە باسی مافی گەلەکەی نەکردوە. لە ئێستاشدا وێڕای نرخ و بەهای خەباتی نوێی ڕاسانەوە، حدکا لەسەر پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی ئەو بزووتنەوە تازەیە بەردەوام دەبێت و ڕێبەریش زۆر بە وشیاری هەوڵدەدات زۆر بەژیری و لێهاتووی سیاسی و تەشکیلاتی ئەو قۆناخە میژوویەی تێکۆشانیش بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی بەسەرکەتووی ببڕێت و ڕێگای ئازادی و سەربەستی نەتەوەیی پێشانی خەڵک و کۆمەڵگای کوردستان بدات. "حیزبی دێمۆکڕات وەک هێزێکی مەسئول و بە پرینسیپ، پاش هەڵسەنگاندن و تێڕامانی وردی لەبابەت مەسەلە سیاسی و تەشکیلاتیەکان، بەرنامەی هەموجۆر و گشتگیری بۆ پشوو درێژی خەباتی سیاسی خۆی دارشتووە و بە لێدان و بەرکەوتنیش نائومێد نەبووە و نەتاساوە و ئەژنۆی غەمی بەفرمێسکەوەی لە باوەش نەگرتووە". بە ڕێگای بەردەوامیدان بە خەبات و تێکۆشانی خۆی و خۆڕێکخستنەوەی لە مەیدانی بەکردەوەدا، هەر وەک هەمیشە پیلان و ستەمکاریەکانی حکوومەتی ئاخوندی ئێرانی بەدژی جووڵانەوەی کورد و مافی سیاسی گەلان پوچەڵکردۆتەوە. لە ئێستاشدا ڕاسانەوە کە حیزب بایخی زۆری پێدەدات، هەوڵدەدات لە هەموو کانالّ و میکانیزمەکانی ئەو شێوە خەباتە سوود وەربگرێ و دەرفەتی ئەو تۆی پێک هێناوە کە تەشکیلاتی حیزب بەگشتی خۆی بەخاوەن بزانێت و لەو پەیوەندیەدا سەرنج و بیروڕایان بخەنە روو لە سەر بنەمای خوێندنەوە و توێژینەی بەکەڵکدا. چوونکی گەشەکردن و بەهێزبوونی ڕاسانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەری دەکا، هەتا هاوکاری و کۆدەنگی گشتی لە گەڵدابێت، زیاتر جێدەکەوێت و لە مەیدانی کرداریدا لە ئامانجەکانی نزیکتر دەکەوێتەوە. زەمینەی ئەو شێوە خەباتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتەواوی ئامادەیە و هەستی بەرپرسیارەتی لاوان و چین وتوێژە گەلیەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەڕادەیەک بەهێز و بەربڵاوە کە ڕێژیمی توشی سەرلێشێواوی و دڵەڕاوکەی زۆری سیاسی و ئەمنی کردۆتەوە لە کوردستاندا. دیارە ئەو جۆرە خەباتە هەتا بەتەواوی دەکەوێتە سەر پێو و ڕێچکەی خۆی لە ژێر ئەزموون و بەرنامە و تاکتیکی نوێدا دەدۆزێتەوە، زیانی بەرکەوتووە و ئەگەری هەموو جۆرە ڕووداوێک دەکرێت لە درێژەی بەرخۆدانەوەیی نەتەوەیدا.

بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرینگ تـرە، ئەوەیە کە خەبـاتی ڕزگـاریخوازی هەر دریـژەی هەیە و حیزبـی دێمـۆکراتی کوردستانی ئێـران وەک هێزێکـی تێکۆشـەر و لێهـاتووی ئەو مەیـدانە، لەسـەر خەبـاتی خـۆی بەردەوامە و هـیچ هێـز و کەندوکۆسپ و لەمپەرێک ناتوانێت لە مەیدانی تێکۆشان و بەرخۆداندا، لەپێی بخا و هەنگاوی پێشل بکاتەوە.

١٦ی نۆکتۆبەری ٢٠١٨

هاوپەیمانی سیاسی و ستراتیژی حدکا و کۆمەڵە بە هیچ جۆرە پیلانێک لێک ناترازێ!

ماوەیەکە بەهۆی لایقەکانی تایبەت بەشەری نێوخۆی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە بەڕێز بەختیار بلووری ئەمجامیداون،

بۆتە مایەی سەر ئێشە و دڵەڕاوکەی زۆری بۆ تێکۆشەرانی ئەو دوو هێزە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دڵسۆزانی یەکیەتی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدوایخۆیدا هێناوە و، بەوپەڕی پێناخۆشبوونەوە دەڕوانە هەوڵێکی گوومانلوی لەو چەشنەی بلووری و بلووریەکان ، کە بەداخەوە بۆ کەس ڕوونیە ئامانجی لەوکارە چیە و بەوکردەوەیان هەوڵی بەدەست هێنانی چیدەدەن. لە کاتێکدا ڕێژیمی تاران لە داڕمان و داڕووخانی نزیکتر بۆتەوە و هەلومەرجێکی نوێ لە بەرژەوەندی شۆڕشی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە و دەرفەتێکە کە کورد لازمە سوودی باشی لێوەربگرێ و نێومالّی خۆی ڕێکبخات. حیزبی دێمۆکڕات و کۆمەڵەش بە هەستکردن بەبەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستاندا، بۆ چەند ساڵێک دەبێت هاوپەیمانەتیەکی سیاسی و ستراتیژیان بە یەکەوە واژۆکردوە بۆ ئەوەی پێش بەئەگەری بەریەککەوتنەوە بگرن لە داهاتووی سیاسی کوردستاندا. بەڕێز بلووریش بەو کارەی جگە لە خوێ کردنەوە ناوبرینەکان و قووڵترکردنەوەی ناکۆکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بەداخەوە هیچ بەرهەمێکی تری لە بەڕێوەبردنی لایقەکانیدا پێنابرێت. دەبوو ئەو بەڕێزە لەجیاتی ئەو کارەی ئەمجامی دەدات، وەک مرۆڤێکی کوردپەروەر بەدەم ڕووداوەکاندا چووبا و لە سەر بەهێزکردنی بیری نەتەوەیی و کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانی لایقی بەڕێوەبردبا و ڕێگای دیالۆگی شارستانی و تەبای سیاسی کرابا بە هەوێن و نێوئاخنی بەرنامەکەی و ڕێگای بەکەس یان کەسانیک نەدابا، تۆی دووبەرەکی و بارگرژی بچینەوە. جووڵانەوەی سیاسی کورد کاتێک بە ئامانجەکانی دەگات کە یەکگرتووی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهێزبکرێت و بەهەموو لایەکیش ئەو برایەتیە لە نێوان هیزەکاندا بپارێزین. شەڕ کردارێکی نەفرەت لێکراوە و ئەگەر قەراربێت دژی بین و زەمینەی دووبارەبوونەوەی بۆ نەڕەخسینینەوە، لانیکەم دەبوو بلووریش پابەندی پاراستنی یەکیەتی سیاسی و کۆدەنگی نەتەوەیی کوردستان بێ و لایقەکانی و نێوەڕۆکی بەرنامەکانی لە ڕاستای بە هێزکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان بە بیری نەتەوەیی و هاوکاری لە نێوان کۆمەڵە و حیزبدا بوایە، نەوەک بەو بەرنامەیەی دەستپێکردوە، هەوڵی کۆکردنەوەی بیری توند ئاژۆکان بدات و ڕەوتی سیاسی و تەبای لە باربەرێت. ڕێژیمی ئاخوندی لە دژوارترین قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی خۆیدایە و هێزەکانی کوردستانیش بەلەبەرچاوگرتنی کەش و هەوای سیاسی ئێران و بیری شۆڤێنیستانەی بەشێک لە فارسەکان، لە هەموو وەختێک زیاتر نیازیان بە لێک نزیکبوونەوە و پێکەوەکارکردن هەیە و لە داهاتووشدا دەبێت ئەو ڕێچکەیە بەهێزتر بکرێت و نەخشەڕێگای

هاوبەشی سیاسی بۆ داهاتووی وڵات دابنێن. بەڕێز بەختیار لانیکەم دەبوو تۆزێک بیری لە لایەنە باش و خراپەکەی ئەو کارەی پێی هەستاوەکردبایەوە و زیانە کیانی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە بەرچاو گرتبا. ئەگەر شەر ڕوویدا، کارێکی خراپە و کورد کوژی دەبێت لە نێو بچێت و بەخەتاو تاوانێکی گەورەی نەتەوەیی سەیربکرێ و، بلووری بەرێزیش دەبێت ئەوەباش بزانێت کە هاوشێوەی ئێوەمانانێک بوون ئەو کاتیش ئاگری ئەو شەرەیان هەڵگیرساند و زیانێکی قەرەبوو نەکراوە بە کورد و جووڵانەوەکەی گەیشت. ڕووی قسەم دەکەمە تێکۆشەرانی ئازایخوازی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە کە هەموومان دەبێت لە سەنگرێکدا خەبات بکەین، کە دژی حکوومەتی ئاخوندیە و نابێت بۆ جارێکیتر لووڵەی چەکەکانمان بەرەو ڕووی یەکدی بکەینەوە و سێرە لە خۆمان بگرین. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی هەردووک هێزی کوردستان لە زۆر بووارداهاوکاری و یارمەتی یەکدی دەدەن. کەوابوو زەمینەی هەڵدانەوەی لاپەرە ڕەش و ناخۆشەکان دڵی هیچ لایەک خۆش ناکات، جگە لە بلووری خۆی و گروپێک کە لە ژێر پەردەی ڕەشی گوماناویدا، هەوڵی تێکدانی یەکڕیزی حیزب و کۆمەڵەیان دەستپێکردوە و هەوڵێ شێواندن و بەلاڕێدا بردنی کۆی ڕووداوە سیاسی و میژوویەکانی ڕۆژهەڵات دەدەن. ئێمە وەک ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەچاوی ڕەخنەگرانەوە دێراسەی وردی ڕووداوەکانی ڕابرووماکردوە و لەژێر تیشکی ڕووناکای ئەو هەڵسەنگاندنەشدا، حیزبەکەمان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران هەستی بە زەروورەتی میژووی هاوپەیمانی سیاسی و ستراتیژی لە گەڵ کۆمەڵە و کۆی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی دژبەری ڕێژیمی ئاخوندیدا کردوە و، بە دڵنیایشەوە هاوڕێیانی کۆمەڵەش بەو نیەت و تێگەیشتنە سیاسی و کۆمەڵایەتیە پەیوەندیە دوو قۆڵیەکان لە گەڵ حیزب و هێزەکانی تری کوردستان بەهێزدەکەن و بە هەمووشیان دەیپارێزن ! زۆر ڕاشکاوبین بەیەکەوە، سەبارەت بە ڕووداوەکانی کە بەسەر حیزبەکاندا هاتوون، بە خۆش یان ناخۆشەوە، تازە بۆمان ناگەڕێتەوە، بەڵام دەکرێت هەموو لایەک لەسەر ئەوە کاربکەین کە چۆن هەستی هاوکاری و فرە ڕەهەندی سیاسی و بیرکردنەوەی جیاواز دەرفەتی گەشەکردن و پێشکەوتنی بۆ بڕەخسێت لە داهاتووی سیاسی کوردستاندا و زەمینەی پێکەوە هەڵکردن و هاوکاری کردن بەهێز و بەهێزتر بکرێت. دڵنیام بلووریش چاک دەزانێت بە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی ڕابروو، ئەوەیش بە دەمارگژیەوە، هەوێنی چارەسەرکردنی کێشەکان نیە و بگرە لەو ڕێگایەوە هەوڵی شێواندانی میژووی ڕووداوەکانی لە هەگبەیدایە. کام لایەن هۆکاربووە و زیاتر هۆکاری ئەو شەرە نگریس و ماڵوێرانکەریەبووە، هیچ لە جەوهەر و بابەتی مەسەلەکەی ناگۆڕیت و نە قوربانیەکان زیندوو دەبنەوە و نە دەسکەوتە لە دەستچووەکانیش تازە دەگەڕێنەوە. بەڵکوو ئەو ڕووداوە دەبێت وەک دەست مایە و وەرچەرخانێکی میژووی لە پەیوەندی لە گەڵ کاریهاوبەشدا تاوتوێبکرێت. بێگوومان خۆیشی چاک دەزانێت کە ئامانج لەو کارەی خێر نیە و بیرێکی بەتەواوی ناسەلیم و ناتەندروستی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پشتەوەیە. بۆ هەموولایەک دەرکەوتووە ئامانجی ئەو بەرێزە ئەوەیە کە" تۆندئاژووکانی حیکمەت نیزم کە گرکانی شەرەکەش لە تەپۆلکەی فیکری ئەواندا گەشەیکردبوو"، بۆ جارێکتر تینوێتی خۆیان بە خوێنی خۆکوژی و شەڕی براکوژی بشکێنەوە. ئەگینا بلووریش دەبوو لە سەفی بەهێزکردن و پەرەپێدانی یەکڕیزی سیاسی و نەتەوەیدا خۆی

ڕێکخستبا و وەک مرۆڤێکی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی کردبا و کێوماڵی مێژووی رابردووی بە ئاقارە وشکانیەکاندا نەبردبا و ڕێچکەیەکی خواری هەڵنەبژاردبایەوە.

بەخۆشیەوە تێکۆشەرانی حیزب و هاوڕێانی کۆمەڵەیش لەو بارەوە بەدادوەرییەوە لێکدانەوە و تێڕامانی خۆیان لە بابەت ئەو خاڵە و کۆمێنت و سەرنجەکاندا خستۆتەروو کە، ئاوێزانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانکردەوە بە مەبەستی هێوەرکردنەوەی بارودۆخەکە و قسەی هەموویان جگە لە، کۆمەڵێک دژ بەری یەکڕیزی سیاسی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبێت، بەگشتی لایەنگری پاراستن و گەشەپێدانی هاوکاری و هاوپەیمانی حیزب و کۆمەڵە و هێزە تێکۆشەرەکانی دیکەی کوردستان دەکەن کە دژی حکوومەتی ئاخوندی ئێران لە حاڵی بەرخۆدانی نەتەوەیدان. بەڵام پرسیار لە بەرێز بلووری و هاوبیرەکانی ئەوەیە ئەگەر پێتوایە شەر شتێکی خراپە و کورد دەبێت خۆی لێبەدووربگرێ و بۆ هەمیشە نەفرەت لەو کردارەبکرێت، چۆنە و بۆچی راست لە ئێستادا ئەو لاپەڕەیەتانکردۆتەوە ؟ یان بەوکارەت جگە لە بارگژی و دڵ ئێشەی کۆمەڵایەتی چیترتان دەست دەکەوێت؟ یان ئەوەتا لە شوێنێکی نادیار و دژی بەرژەوەندی نەتەوەی و یەکیەتی سیاسی کورد، دەستیان لە پشتداوی و ئیزنی ئەو کارەت وەرگرتووە؟

بەرێز بەختیار ئەگەر تۆزێک ویژدانی سیاسی و گەلدۆستی هەبووایە و لایەنگری یەکڕیزی سیاسی و کۆدەنگی گەلی کوردی ویستبایە و بە داخ و ئەسەفەوە سەیری لاپەڕەکانی شەری نێوخۆی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران کردبا،لانیکەم لە بارووداوخی سیاسی ئەمڕۆدا ئەو بابەتەیان بە ڕۆژهۆ نەدەکردەوە و لایقی بۆ ڕێک نەدەخست. ئەو بەرێزە بە دڵنیایەوە بە ئانقەست و بە مەبەستی دیاریکراو بەو کارەی هەستاوە و هەوڵی بارگرژی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان دەدات. ئەو دوو هێزەی کوردستان بە تێڕامان و وردبوونەوە بە ڕابردووی پەیوەندیەکانیاندا و بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردووی سیاسی و چەکداریان بەو ئاکامەی گەیشتوون کە ئەگەر کۆک و تەبا و پێکەوە لەسەنگەرێکدا خەبات نەکەن،بە سانای بەئامانجەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی ناگەن و کۆمەڵێک کاڵفام و توند ئاژۆی نێوخۆیەوە، بەگژیەکدا بکرێینەوە. شەر کەسێکی زۆر نەفام و بیرداخراو هەڵیدەگریسێنێ و بە هەزاران مرۆڤی گەورە و بیر هێور و ڕۆشنبیر کۆتای پێنایەت. هاوپەیمانەتی سیاسی کۆمەڵە و حیزب بەرئەنجامی خوێندنەوەی ورد و ژیرانەیە کە ڕوانینێکی مۆدێرن و یەکگرتووی سیاسی بەرهەم هێناوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە کس یان گرووپێکی نەخوازراوە لێک ناترازێ . پاشان ئەو هاوپەیمانەتیە سیاسی و مێژوویە هەر بەرێکەوت و لەخۆوە نەهاتۆتە بەرەوە، بەڵکوو زادەی قووڵبوونەوەیەکی مەسئولانە بووە بۆ داهاتووی کوردستان و پێشگرتن لە بارگرژی و بەریەککەوتنەوەی ئەو دوو هێزەیە و هەر دووک لاشیان هەستیان بەو مەترسیانە کردوە، کە ڕەنگە چەند کەس و گروپ بتوانن ئاگری ماڵوێرانکەری شەرێکی دیکەی براکوژی هەڵبگریسێنەوە. زۆر لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەش کە قسەیان لەسەر رووداوەکان کردوە لە حزوری لایقەکەی بلووریدا، بەشێکیان زۆر دادپەروەرانە باسی بابەتەکەیانکردوە و بەقسەی ئەوانیش

دەردەکەوێت کە حیزبی دێمۆکرات و ڕێبەری مێژووێ هاوچەرخی نوێی شۆڕشی کوردستان، شەهید دکتۆر قاسملوو میحوەری ئەو ناکۆکیە سیاسی و بەریەککەوتنە و، هۆکاری ئەو شەڕە نەبووە. لە زۆربەی میحوەرەکاندا حیزب زیانی بەرکەوتوو و، پاشان بڕیاری بەرگریکردن دراوە. زۆر جێگای داخە کە مرۆڤ گەلێکی دژی بەری یەکڕیزی و کۆدەنگی سیاسی لە ئەمڕۆدا بە بابەتێک هەستن کە نە ڕۆژیەتی و نە بۆباسکردن و لایف پێک هێنان دەبێت. ئەو هەنگاوە بەداخەوە گەلێک مەترسیدارە و هەلەوکاتەشدا بەتەواوی گوماناوییەو لە ژێر پەردەی ڕەشی پیلان گێڕیەکی ترسەناکدا، هەوڵدەدرێت درز بخرێتەوە نێوان هاوپەیمانی حدکا و کۆمەڵە لە سەر ئاستی کوردستاندا. بلووری بێگوومان دژی بەهێزبوون و پەرەگرتنی بزوتنەوەی سیاسی و نەتەوایەتیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەر لەبەر ئەوەش بەو کارەی هەستاوە هەتا لانیکەم بە دڵی نەیارانی کورد هەنگاوێکی هەڵگرێت و دڵی خۆی و هی ئەوانیش ئاو بخواتەوە. چوونکی ئەگەر تۆزێک بیر بکاتەوە و ویژدانی خۆی لەو بارەوە بکاتە دادوەر و بەدوور لە دەمارگرژی بڕوانێتە ئاکامی کارەکەی، ڕەنگە هێندێک لەناسەلیمی کارەکەی خۆی بگات و بزانێت بە قازانجی بزووتنەوەی سەربەخۆی خوازی کوردستاندانیە. کوردی ڕۆژهەڵات بە هەموو ڕەهەند و بیر و فیکری سیاسی کە هەیە، مەحکوومین بە یەکگرتووی و هاوپەیمانی سیاسی و ستراتیژی لە سایەی بەرەیەکی گەورەو فراوانی سیاسی و چەکداریدا بەرامبەر بەڕژیمی ئاخوندی و بەدی هێنان و پاراستنی دەسکەوتە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی کورد.

ئەگەر لە ئێستاوە زەمینەی گونجاو پێک نەیەت و بە یەکەوە کار نەکرێت، جووڵانەوەی سیاسی کورد بۆ جارێکی تر زیانی زۆری بەردەکەوێتەوە. ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ئاوێنەی باڵانوینین بۆ کۆی بارووودۆخە سیاسی لە کوردستاندا، چوونکی ئەوان بە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و بارگرژی نێوخۆی دیتمان چیان بەسەرداهات.

٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لە داماویان زمانی هەڕەشە بەکار دێنن!!

حکوومەتی ئاخوندی ئێران پاش ئەوەی پاڵەپەستووی زۆرتری خراوەتە سەر لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەو وڵاتەوە، بە بارووددۆخێکی گەلیک ئاستم و ئاڵۆزدا دەڕوات و کاریگەری گەمارۆتازەکانیش کە تێیدا هەناردەی نەوتی تاران کراوەتە ئامانج، هێندەی دیکە بۆتە سەرچاوەی کێشە و گیروگرفتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و، ئاسایشی ئەو وڵاتەی بەرەو شڵەژانی زیاتر بردوە و لەئێستایشدا ئاسۆی چارەسەرکردنی کۆی ناکۆکیەکان هەروەک هەمیشە لێڵ و تاریکە بە هۆی ڕوانینی نابەرپرسیارانەی کاربەدەستانی ڕێژیم.

حکوومەتی ئیسلامی ئێران هەر جارە و کێشەیەک دەنێتەوە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت سەرنجی بیروڕایی گشتی نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بابەتە گرینگ و هەستیارەکان بەلاڕێدا بەرێت و دەرگای تر بەرووباندا بکەنەوە. ڕێژیمی ئاخوندی هەوڵدەدات بە ڕێچکەیەکی ئەو تۆ سیاسی و دیپلۆماسیدا بڕواتە بەرەوە، بەڵکوو ئەمریکا وەک کۆریای باکوور مەیلی دانیشتن و ڕێککەوتنێکی تازەیان بۆ نیشانبدات. کوریایی باکوور وڵاتێکی گەورەی وەک چین بەتەواوی لە پشتیبووە و کاتێک شەڕی ئەمریکایان دەکرد، هێزەکانی ئەو دوو وڵاتە لە یەک بەرەدا بەدژی ڕۆژئاوا بەرگرییان دەکرد.

کەوابوو ئێران ئەو شانسەی نیە و هیچکام لە ڕووسیە و چین خۆیان لە سەر دەسەڵاتی تاران و هەڵسووکەتی شەرخوازی تاران، خۆیان خوێن تاڵ ناکەن و بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەیان نەبێت، وەک پێویست ئاوڕیش لە حکوومەتی تاران نادەنەوە! وەختێک ئیسڕایل هەر کاتێک پێی خۆش بێت و بیان هەوێت بنکە سەربازییەکانی حکوومەتی تارانیان بە ئامانجی مووشەکی گرتووە و هەتا ئەمڕۆش نەمان بینی ڕووسیە بەجدی لەو بارەوە بەکردار شتێک بکات بۆ بەرگریکردن لە هاوپەیمانەکەی لە قەیرانی سووریەدا.

ڕێژیمی ئاخوندی لە سووریە لە شەڕدایە و دەستی بە سەر حکوومەتی عێراقدا گرتووە و بۆ چاوترساندنی نەیارانی خۆی لە نێو پێک هاتەی حکوومەتی نوێی ئەو وڵاتەشدا، دەستەی گەورە و پچووکی هەڵمەتی خێرایی تیرۆری پێک هێناون بۆ لە نێوبردنی دژبەرانی و لە لایتریشەوە مووشەکی باڵستیک کە توانایی هەڵگرتنی کڵاوی ئەتۆمی هەیە تاقی دەکاتەوە و هەتا بەو کاردەوەشیان ناوەستن و هەڕەشەی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی وڵاتانی ناوچەکەش دەکەن و خامنەیی دڵنەوایی و ئامۆژگاری فەرمەندە سەربازییە باڵاکانی وڵات دەکات لە قۆناخی شەڕ و ڕووبەروو بوونەوەیان لە گەڵ ئەمریکادا!!

مەبەست لەو کردارەشیان بێگوومان پەیوەندی بە سیاسەتی تێکدەرانە و وێران کردنی ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلانی پێک هێنەری وڵاتی ئێراندا هەیە و بەو نەتیجەیە گەیشتوون کە هەموو دەرگاکانیان بەرووڕا داخراون و کاتێک گۆڕانکاری لە هەڵوێستی رۆژئاوادا دێتە ئاراوە کە هەڵسووکەوتیان بەدڵی ئەمریکا بگۆڕن و دەست بەردار بەرنامەی ناوەکییەکەیان بن.

لە وەش بەرچاوتر بە هۆی گەمارۆ نوێ کانەوە، جگە لەوەی حکوومەتی ئاخوندی لە گەڵ قەیران و دژواری بەردەوروو بۆتەوە و، ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەگشتی بەرەو تێکدارمان چووە و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و کەمداهات کەوتوونە ژێر هێڵی سووری هەژاری و لە ئێستادا، دەست و پەنجەیان لە گەڵ ئالۆزی ژیان و گوزەران و نەداری نەرمدەکەن و ڕۆژ و شەویان دەسەریەککردۆتەوە هەتا بتوانن خۆیان لە برسیەتی ڕزگاربکەن.

گەلانی ئێران ڕۆژێک نەبووە لە سایەیی ئەو حکوومەتە دژی گەلی و ستەمکارەدا تووشی ناخۆشی و نائومێدی ژیان نەهاتبن و خەڵک هەزار جار خۆزگە بۆ مردنی خۆیان نەخوازن، ئیدی ئەوە کارەساتێکی گەورەیە کە ئاخوندەکان بە هۆی سیاسەتی تاکڕەوی و خۆبەزلزانیان بۆ خەڵکی وڵاتیان بەدیاری هێناوە. ئابووری بە هێز ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێت کە ئەو کردارەش دەبێتە پایەکی پتە و قایم کە سەقامگیری سیاسی و حوکمڕانی زامن دەکات، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا لە ئێران ڕووەدات، نەتیجەی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە کە دەسەڵاتی تاران بە زۆر و هێزی سەربازی خۆیان بە سەر ئیرادەی نەتەوەکانی ژێردەستەی وڵاتدا فەرزکردوە و هەر جۆرە دەنگێکی ئازادیخوازانەیش لە گەردندا کپ دەکرێت و جووڵ بیران و بژارەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی وڵات بە هۆی بارودۆخی پۆلیسی و تەرس وتۆقاندن، بە ناچاری وڵات بە جێدێڵن.

کۆی ئەو قەیران و گیروگرفتەش کە بۆ گەلانی وڵات هاتۆتە ئاراوە لە ڕابروو و ئێستاشدا، هەمووی بەهۆی سیاسەتی توند و ستەمکارانەی ڕێژیمی ئاخوندیوەبووە و چاوەڕاونیش ناکرێت لانیکەم بەو زووییانە ڕێگاییەک هەڵبژێرن کە ڕزگاربوون بێت لە کێشەکان بە قازانجی گەلانی وڵات. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران جگە لە زمانی هەڕەشە و زبر، ڕێگایەکیتری هەڵنەبژرادوە و دابەزین لەو کردەوە توند ئاژۆیەش بێگوومان بە قیمەتی لاوازی سیاسی و سەربازیان کۆتایی دێ.

لەبارودۆخێکی هاوشێوەدا کە قەیران بەدوایی قەیران لە ئێراندا سەرهەڵدەدات و بەو هۆیەشەوە بێزاری و ناڕەزایەتیەکانی خەڵک هەتا دێت زیاتر دەبێت و هێواش هێواش ڕێچکەی خۆی بۆ دژایەتی لە گەڵ حکوومەتی ئاخوندیدا دەدۆزێتەوە و فشاری گەورەتر لە سەر ڕێژیم دروست دەبێت. چاودێرانی سیاسی نێو خۆی و دەرەوە لەو بڕوایەدان کە ئەوڕێژیمە جگە لە ڕەوشێکی عادەت پێگرتووی سوونەتیان کە پەیوەندی بە خۆگونجاندنی دەسەڵاتی تاران لە گەڵ ڕووداو ئاڵۆگۆڕەکاندا

هەبێت، شتێکی نوێ و بەرنامەیەکی گونجاویان لە بەردەستی خۆیاندا نە هیشتۆتەوە لە چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەی لاوەکییان نەبێ.

کەچی کاربەدەستانی دژی گەلی ئاخوندی وەک خۆنواندنێک حوکمڕانانی پلە بەرزی ڕێژیم جارێک بە نەرمی ڕوو لە ئەمریکا دەدوێن و جاربەجاریش بەزمانی زبرو چاوسوورکردنەوە لە سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوورەوە دەنگ هەڵدەبڕن و هەڕەشە دەکەن و بێ منەتیان لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا ڕەدەگەیەنن، بێ ئەوەی هێزی پچڕاندنی تاڵە موویەکیان مابێت!

تاقیکردنەوەی مووشەکی باڵیستیکی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دیاردەیەکی نامۆنیە و ئەو ڕێژیمە هەموو هەنگاوێک دەنێت بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا بێنێتە سەر میزی وتووێژی ڕاستە وخۆووە و هەر نەبێت بە ڕێگایەکدا هەناردەی نەوتەکەیان پەکی نەکەوێت و لە گەڵ ئەمریکادا بەرێککەوتنێکی نوێ بگەن.

ئەگەر بێت و کەرتی نەوتی ئێران بە هۆی فشاری ئەمریکاوە بۆ ماوەیەکی درێژمەودا پێش بەهەناردەی بگیری، ئەو وڵاتە لە گەڵ کۆمەڵێک گیروگرفتی مەزنی تر بەرەوروودەبێتەوە کە بە سانایی ناتوانن لە ژێریدا پشتی چەماویان ڕاست بکەنەوە و هەربۆیە جگە لە سازان و مل کەچکردن ڕێگایەکی ئەو تۆ ژیرانەیان لە بەردەمدا نامێنێتەوە.

حەسەن روحانی سەرکۆماری ڕێژیمی ئاخویش کە دەڵێت: ئەگەر نەوتی ئێران هەناردەی بازاڕەکانی جیهان نەکرێ، هیچ نەوتێکی دیکەش بەو ڕێگایەدا ڕێگای هەناردەی پێنادرێت، زیاتر وەک قسەیەکی بێکردار لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، نەوەک هەڕەشە و خۆ نیشاندان. کاربەدەستانی تاران وەک پاڕانەوە لە ئەمریکا باسی پرسی نەوتەکەیان دەکەن و دەڵێن لازمە ئێمەیش نەوتی خۆمان بفرۆشین و کەس ناتوانێت ڕێگریمان لێبکات!

باشە ئەگەر ڕێژیمی ئاخوندی دەسەڵاتی فرۆشتنیان هەبێ، ئەی چۆنە بەو جۆرە لە کانادا و ڕاگەیاندنەکاندا وەک باس و خواسێکی ڕۆژانە باسی لەسەر دەکەن، بەدەم پاڕانەوە گوتارەکانیان پێشکەش دەکەن؟

ئەو قسانەی روحانی لە کاتێکدا دەکرێن کە ئەمریکا سووڕە لەسەر ئەوەی کە گەمارۆکان بەدژی حکوومەتی تاران بەربڵاوتر دەکەن و لە بوارەکانی تریشدا فشار دەخەنە سەر دەسەڵاتی تاران هەتا بەخۆیان و سیاسەتەکانیاندا بچنەوە لە پەیوەندی لە گەڵ کۆی ئەو کێشە و ئاڵۆزیانەی کە لەسەر ئاستی ناوچەی و گێتیدا دروستیانکردوە.

حکوومەتی ئاخوندی بەردەوام هەڕەشەبووە بۆ سەر ئاسایش و ئەمنییەتی ناوچە و گێتی و بەردەوام دەستی کێشاوەتە نێوکاروباری زۆربەی وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێران کە خۆی بە هاوپەیمانی چین و ڕووسیە دەزانێت، هەوڵیداوە بە ڕێگای ئەو دوو وڵاتەدا فشار و گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەریان سووکتربکرێ یان دەرفەتی تریان بۆ برەخسێ هەتا گەمەی نوێی لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەست پێبکەن و برواوە بن.

لە ئێستادا هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسیەکان بە قازانجی ئێران نین و ڕۆژئاوا و ناتۆ لە گەڵ ڕوسیەدا نێوانیان زۆر باش نیە و چینیش لە فیکری چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و بازرگانیەکانی خۆیەتی لە گەڵ ترامپ دا و هیچکام لەو دوو زلهێزی برا و پشتی ئاخوندەکان ئەوەندەی نیگەرانی داهاتووی پەیوەندییەکانیخۆیان لە گەڵ ڕۆژئاوا دەخۆن و هەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانیانن لە گەڵ ئەمریکا دەدەن، ڕێژیمی ئێران و ئاخوندەکانیان بە خەویش نایەتە بەرچاو.

٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨

ئەمریکا دەبوو ڕۆڵی بەیەک گەیاندنی کوردی ڕۆژئاوا و ئانکارایی گێڕابا!

کشانەوەیی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان و پشتکردنە کورد لە بارودۆخێکی هەستیاری تۆدا، بێگوومانداەرئەنجامی ڕوانینی هەڵەیی سیاسەتی دەرەوەیی "دۆنالد ترامپ" سەرکۆماری ئەو وڵاتە لە هەمبەر کۆی ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی گێتی و هەرێمیدا و بە تایبەتیش کێشە و ئاڵۆزیەکانی سووریە دەگەیەنیت و بەوجۆرەش ناتوانی لالوتبوونی حکوومەتی تورکیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە قازانجی خۆیان بگۆڕێت و ساردی بخاتە نێوان مسکۆ و ئانکارایە.

هیچکام لە وڵاتانی زلهێزەیی جیهان لە بەر خاتری کورد و بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان ڕوویان لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان نەکردوە، بەڵکوو هەر یەک لەلایەنەکان بەدوایی پەرەپێدان بە نفووز و دەسەڵاتی خۆیاندان و هەوڵیانداوە لە ژێرنـاوی شەڕی دژی تیرۆر و داعشدا، پارێزگاری لە قازانج و بەرژەوەندییەکانیان بکەن و هێزەکوردیەکانیشیان بۆ ئەو مەبەستە بەکار هێناوە و بەداخەوە گەلێک جار زیانی زۆریان بە دۆخی سیاسی کورد گەیاندوە و بەجدی لە گەڵ چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورستان دانین و وەک گەمەیەکی سیاسی دەستپێکراو ڕۆڵیان لە ناوچەکەدا بینیووە.

ئەو ڕووداوانەی بەدوایی بڕیارە لە ناکاوەکەی دۆنالد تڕامپدا دێنە ئاراوە، زیاتر ناوەرۆکی ئەو خاڵە ڕوون دەکاتەوە، کە کورد بەداخەوە تەنیا دۆستێکی دیار و بەوەفای کە هەیەتی خەڵک و چیاکانی کوردستانن. پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد بەگشتی بە بارووددۆخێکی گەلێک هەستیار و مەترسیداردا تێپەڕ دەبێت و نیگەرانیەکان زۆر لەوەیی بەرفراوانترن و ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا ڕۆژێک بڕیاری کشانەوەی لە عێراقیشدا بدات و لەوێشدا هێزەکانی بەرەو وڵاتەکەی پاشەکشە پێبکات و کورد بە تەنیا جێ بهێڵێ.

باشە ئەو کات بارووددۆخی کوردچی بەسەردێ و بەرەوکوێ دەچێت و ئایا بیر لە هاوپەیمانێکی نوێ کراوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە؟

سەرکردایەتی سیاسی کورد لازمە لە باشووردا بەدوایی هاوپەیمانی نوێدا بگرێ و متمانەی خۆی نەکاتە سەر ئیدارەی ترامپ

و سەرینی دڵنیایەی نەخاتە ژێر سەریەوە، چوونکی ها لەناکاو بە تەنیایی جێهێشتن و ئەو ولاتەش بخاتە ژێر دەسەڵاتی ئێران و هێزە شیعەکانەوە!!

بەو بڕیارە لەناکا و جیاوازەیی ئیدارەی ئەمریکا، کاردانەوەیی جۆر بەجۆری لە نێوخۆی ئەمریکادا بەدوایخۆیدا هێناو و وەزیری بەرگری و نیردەیی سەرۆکایەتی ئەو ولاتە بۆ شەری داعش لە عێراق و سووریەدا، وەک ناڕەزایەتی دەربڕین دەستیان لە پۆستەکانیان هەڵگرتووە و بە نیگەرانییەوە دەڕوانێنە داهاتووی سیاسەتی دەرەوەیی ولاتەکەیان لە هەمبەر دۆستاکانیاندا.

هەرلەو پەیوەندیەشدا و بە نیشانەی ئیدانەکردنی بڕیارە کت و پڕی سەرکۆماری ولاتەکەیان، کۆمەڵێکی تر لە کەسایەتی سیاسی و ئاکامیدی و ڕۆشنبیر و سیاسەتوانی دیار و بەئەزموونی نێو نەتەوەییش دژی ئەو کردارەی ترامپ هەڵوێستیان ڕاگەیاندوە و بە خۆدزینەوە و پشتکردنە هاوپەیمانەکانی لێکدانەوە لەسەر ئەو بڕیارەدەکەن و هەتا وەزیری بەرگری ئەمریکا زۆر بە جدی و دیاریکراوی ئەو بابەتەی وەک خەیانەت بە کورد ناوبردووە و بەهەڵەیەکی گەورەی مێژووی دەزانێت.

ئەمریکا بەو بڕیارە تازەیەیی زیانێکی گەورەی بە ئیعتبار و پڕستیژی سیاسی و دیپلۆماسی خۆیی گەیاند و دەرکەتووە کە ئەو ولاتە تەنانەت لە وەختی تەنگانێدا هاوپەیمان و دۆستەکانی لە مەیدانی ململانەی ئاڵۆزی سیاسی و سەربازیدا بەتەنیا بە جێدێڵێت و بێگوێدانە ئەنجامی ڕووداوەکان، سیاسەتی خۆیان دەگۆڕن و لەسەر ڕێڕەوێکی تر و بەتەواوی پێچەوانەدا دەڕۆنە بەرەوە. کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی بە ئەمریکاشەوە هەرگیز نەدەبوو بەو ڕادەیە بێلوتفیان دەرهەقی کوردی ڕۆژئاوا بکردایە و چاویان لە ئاستی قوربانی و فیداکارییەکانین بنووقێنن و گڵۆپی سەوز بۆ ئانکارا هەڵبکەن بۆ ئەوەی چی پێیانخۆش بێت لە دژی کوردی ڕۆژئاوا بیکا!

ترامپ پێیووایە لەو ڕێگایەوە دەتوانێت پێش بە لێک نزیکبوونەوەی زیاتری مسکۆ و ئانکارا بگرێ و لانیکەم بە چوونەدەریان لە سووریە و دەرفەت ڕەخساندن بۆ تورکیە کە هەژمونی خۆی بەسەر ڕووداوەکانی سووریەدا بسەپێنێت، تورکیە سیاسەتی خۆی دەگۆڕێ و ڕووی لە ڕووسیە لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوادا وەردەگێڕێت و کۆی ڕێککەوتنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە لە گەڵ مسکۆدا.

ئەو گۆڕانکارییە بەو خێرایە و بە سەرنجدان بە کۆی ناکۆکی و لێک هەڵبەزین و دابەزینەوەیی واشنگتۆن و ئانکارا جارێ مەجالی ڕووداتی گەلێک لاوازە و تورکیە وەک لایەنێکی کاریگەر و بەهێزی ناوچەیی هەڵسووکەوت دەکا و ئەگەر ئەمریکا

بەژیری و وشیاری نە جووڵێتەوە و هەڵەکانی خۆی ڕاست نەکاتەوە، پێگەی زۆر زیاتر لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەیدا لاواز دەبێت و بەشێک لە هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکاش دۆستایەتی لە گەڵ مسکۆ دا هەڵدەبژێرن.

چوونکی ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دەربانخستووە کە ڕووسیە لە هیچکات و بارگرژییەکی سیاسی و سەربازیدا پشتی حکوومەتی سووریەی بەرنەدا و هەتا ئەمڕۆش بەتەواوی دەیپارێزێت. کەوابوو سیاسەتی عرووسەکان لانیکەم ڕەچاوی بەرژەوەندی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان دەکەن و لە نیوە ڕێگادا ڕوویان لێوەرناگێڕن و بەتەنیا نایان هێڵنەوە!!

بە زۆر هۆکار تورکیە پەرەپێدانی دۆستایەتی لە گەڵ حکوومەتی ڕووسیەدا وەک هێڵێکی جەوگەری و گرینگ لە ساسەتی دەرەوەیدا سەیردەکات، چوونکی لە زۆر بواردا لە سەر ئاستی ناوچەیشدا لە گەڵ عرووسەکان سنوور و هەرێمی هاوبەشی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و سەربازییان پێکەوە هەیە و خۆیان زیاتر بایخ بەو خاڵەی پەیوەندیەکانیان دەدەن. دیارە ئەو بابەتەش هۆکاری گەورەی پێکەوە گرێدانی مسکۆ و ئانکارایە و لە گەڵ ئەمریکادا ئەو ستراتیژییە سیاسی و جوگرافییان پێکەوە نیە و هەوڵێش لەلایەن ئانکارایەوە نیە بۆ ئەوەی بۆ جارێکیتر باوەڕ بە ئەمریکا بکەنەوە و بۆ باوەشی یان بگەڕێنەوە.

سیاسەتی تورکیە زۆر ڕوونە و بە دیاریکراوی خۆیان خزاندۆتە بەرەیی ڕووسیە و ئێران و دیداری نێوان حەسەن ڕوحانی و ڕەجەب تەیب ئەردۆخان کە بەیەکەوەبوویان، دەرکەوت کە وەک دوولایەنی نزیک و هاوبەشی سیاسی و بارزگانی ناوچەیی لە سەر کۆمەڵێک خاڵ گفتی پێکەوە کارکردن و هاوکارییەکان بۆ یەکدی ڕاگەیاندوە و لە سەر زۆربابەتی گرینگ بیرو ڕایان بەتەواوی وێکچوونی هەیە.

کەوابوو ئەوەش بە نۆبەی خۆی ئەو سیگناڵە دەگەیەنێتە کاربەدەستانی کۆشکی سپی کە چی تر ئانکارا خۆی بە منەتبار و شەریکی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نازانێت!

ئەمریکا ساسەتێکی ڕوون و جێگیرکراوی لە ساسەتی دەرەوەدا نیە و هەرکاتێک بیهەوێت خۆی لە کێشە و ئاڵۆزیەکان دەدزێتەوە و زۆربەی کات دۆستەکانی بەتەنیا لە مەیداندا بە پاساوی ناڕوون و لێڵی سیاسی و بازرگانی و سەربازی، بەجێدەهێڵێت.

ئیدارەی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەگەر وێستبایی و کەیفی لێبووایە، دەمێکبوو دەیتوانی بەقەولی خۆیان دۆست و هاوپیەمانەکانیان لە شەڕ بەدژی داعشدا بەیەک بهەیەنێت. بۆ نەموونە ئەمریکا خۆی بە دۆست و هاوپەیمانی تۆکیە و

پەیەدە دەزانـی و کە ئەو دوو لایەنەش بەتەواوی دژی یەکبـوونە و هەردەم چـاوەڕوانی بەریەککەوتـن و شـەڕ و ئـاڵۆزیی هەبـووە، بەڵام سـەیرە بـۆ حکـوومەتی ئەمریکـا لە ڕابـروو و بە ئێستایشـەوە ڕۆڵـی نێوبژیوانیـان لەو بـارەوە نەگێـڕاوە و هەرکاتێک کەیفیان لێبووبێت، کوردیان وەک کارتێکی فشار بۆ سەر حکوومەتی ئانکارا بە کار هێناوە.

ئەو خاڵە بێگوومان لایەنێکی گرینگی جەوهەری سیاسی و سەربازی هەیە و ئەگەر وڵاتێک قەراربێت دۆستایەتی دوولایەنی دژبەیەک بکـا، لانـیکەم ئەگەر لە بەرخـاتری قـازانج وبە سـوودی خۆیشـی بـووایە دەبـوو کوردەکـانی ڕۆژئـاوای لە گەڵ حکوومەتی تورکیە بەیەک گەیاندبا و کۆتایی بە کێشەو نـاکۆکیە کـان هێنابـایە و هەر سێ لایەن لە بەرەیەکی بەهێزتـردا یەکیانگرتبایە.

حکوومەتی ئەمریکا ئەگەر بەتەواوی ڕووی خۆی لە کورد وەربگێڕێ و ڕوانینێکی دروست و بەجێ بـۆ داهـاتووی سیاسـەتەکانی دەرەوەیی لە هەمبەر ڕووداوەکانی سووریە و عێراقدا نەکـا و هەر بەوجـۆرە دریـژە بە هەڵسـووکەوتی خۆیبـدات، بـۆ هەمیشـە لاواز دەبـێ و ڕووسـیە و هاوپەیمانەکـانی دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر هەرێـمەکەدا دەسـەپێنن و ئەمریکـاش تەنـانەت لە دوورەوەش ناتوانێت چاوەدێری بەسەر بارودۆخەکەدا بکا.

دۆنـاڵد تـرامپ زیـاتر وەک مرۆڤێکی بـازرگان و سوودخواز دەڕوانێتە بارووددۆخە سیاسی و ناوچەیەکـان و ئەوەی ئەمریکایەکـان بە دریـژایی مێژوو هەوڵیان بـۆداوە و بەدەستیان هێنـاوە، لە دەستی بـدات و سەرکۆماری نـوێ بە هێـوری و ئـارامی خەریکە گەورەترین زیان بە پێگە و نفووزی سیاسی و ئابووری و سەربازی ئەو وڵاتە دەگەیەنێت.

بەڵام لەبەرچی ئەمریکایەکان ئەو کارەیاننەکردوە، ڕەنگە ئەوەیش ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە بـۆ ڕوانینی کرچووکـاڵی سیاسـەتی دەرەوەیی ئەمریکا بۆ پرسی کورد و کۆی ئاڵۆزییە هەرێمیەکان بێت!

ئەو وڵاتە لەلایەک هاوپەیمانی تورکیـایە و لەولایـش دۆست و هاوپەیـانی کوردەکـانە لە ڕۆژئـاوایی کوردستان. بەڵام چۆن بوو وڵاتێکی بە نفووز و بە هێـزی وەک ئەمریکـا نەیوانیـووە یـان نەیوویستووە ئەو دوو هاوپیمـانە دژ بەیەکەی لێـک نزیـک بکاتەوە و ڕۆڵی نیوبژیوان بگێڕێت؟

کەوابوو ئەو وڵاتە بەجدی هەوڵی چارەسەرکردنی هیچکام لە کێشە و ناکۆکیەکان نادات، ئەگەر کەمێک سەیری بـارووددۆخی سیاسی و ئـابووری و سـەربازی حکوومەتی عێـراقیش بکەیـن، دەبینین بـارودۆخی ئەو وڵاتەش زۆر لە سـووریە باشتر نیە و هەتا ئێستا لایەنە ناکۆکەکان لەسەر ئەساسی لێک تێگەیشتنێکی گشتی چارەسەری پرس و بابەتە جێ ناکۆکەکانی خۆیان

نەکردەوە و ئەمریکاش زیاتر ڕۆڵی تەماشی چی و خۆی لە چارەسەری ڕیشەی پرسەکان بە دوورگرتووە.

ڕێبەری سیاسی بزووتنەوەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا کە ئامانج لە بەرخۆدان و تێکۆشانی سیاسی ڕزگاری نەتەوەییە، لازمە بە شێوەیەکی زۆر جدی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی داهاتووی سیاسی و جێگۆڕکەی زلهێزەکان لە سەر ئاستی ناوچەیدا بکەن و بەدوایی هاوپەیمانێکدا بگەڕین کە دۆستێکی ستراتیژی و پاڵەپشتی خەباتی گەلی کورد بکات لە پێناوی دابینکدنی مافی سیاسیدا.

بارودۆخی سیاسی و سەربازی ناوچەکە بە ئاڕاستەیەکدا دەڕوات کە چاوەڕواندەکرێت کۆمەڵێک فاکتەر و میکانیزمی نوێی سەرهەڵبدەن و کوردیش یەکێک بێت لەو بکەرانەی کە ڕۆڵی خۆی پێبدرێت لە داهاتووی سیاسی سووریەدا.

٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٨

بابەتی سااڵی..... ۲۰۱۹

ئەمریکا هاوپەیمانەتیەک لە گەڵ دەوڵەتە دژبەرەکانی ئێران پێکدێنێت!

ستراتیژی نوێی ئەمریکا ئەوەیە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە ڕێگای پێکهێنانی هاوپەیمانەتیەکی بەهێزدا، نفووز و دەسەاڵتی سیاسی و سەربازی و بازرگانی خۆی بەسەر ناوچەکەدا فەڕزبکاتەوە و هەر بۆیەش شالیاری هەندەرانی ئەو وڵاتە "مایک پۆمپیۆ" لە زنجیرە سەردانێکی خێردا، توانی چاوی بە گەورە بەرپرسانی کۆمەڵێک وڵاتی دژبەری ئێران بکەوێ سەبارەت بە پلانی سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەاڵتی نێوەڕاست و لەو بارەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕایانکردوە سەبارەت بە کۆی رووداو و پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکان.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران هەتا دێت زیاتر دەکەوێتە ژێر فشاری ئەمریکا و ئامانجی ستراتیژی سیاسەتی نوێی ئەو وڵاتەیش کە تێیدا باس لە پلانی سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەاڵتی نێوەڕاست لە ئەمڕۆدا، وەک بابەتێکی گرینگ هاتۆتەگۆڕێ و بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی پێک هێنانی هاوپەیمانەتیەکی بەهێز لە گەڵ ئەو دەوڵەتانە دەدرێت کە لە سەر ئاستی ناوچەیدا خۆیان بەدژ بەری حکوومەتی تاران و بە هێزبوونی دەزانن.

پلانی سەقاسگیرکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەاڵتی نێوەڕاست وەک بژاردەیەکی تازە لە الیەن کۆشکی سپیەوە هێناوەتە ئاراوە هەتا لەو ڕێگایەوە گوشاری ناوچەی بەهێز لەسەر دەوڵەتی ئێران دروستبکرێ و دەرفەتی ئەوەی پێنەدرێت خۆیان لەژێرکاریگەری گەمارۆی ئابووری و بازرگانیەکاندا ڕێکبخاتەوە و بە نێو دەرگای تری وڵاتانی هەڕێمایەتیدا خۆیان لە بارگرژی و ئاڵۆزییەکان ڕزگاربکەن و کاریگەری کۆی فشارە نێو خۆی و دەرەکیەکان لەسەر خۆیان و دەسەاڵتەکەیان بەرەوکەم ڕەنگبوونەوە بەرن.

بێگوومان ئامانج فشارخستنە سەر حکوومەتی ناوەندی ئێران بەدوایی کۆمەڵێک وەرچەرخانی نوێدا دێتە ئاراوە و ئەگەرەکانی الدانی حکوومەتی ئاخوندی گەلێک بەهێزن و کۆبوونەوەی دژبەرانی ئەو وڵاتەش کە لە "لەهێستان" خەریکە بەڕێوە دەچێت هەر لەو چوار جێوەیەدا خۆی دەنوێنێت. بەرەیی تازەی دژی ئێران بەو نەتئجەیە گەیشتووون کە هەتا ڕێژیمی ئێران حوکمی وڵات بکات، ئەو ناوچەیە هەرگیز ئاسایش و ئاستی بەخۆیەوە نابینێت.

کەوابوو بژاردەی ڕوخاندنی ئەو حکوومەتە گەڵێک بەهێزە و هێرشە سەربازییەکانی حکوومەتی ئیسرایل بۆ سەر پێگە سەربازییەکانی تاران لە سووریە و هەتا عێراقیشدا بەشێوەیەکی بەربڵاوتر دەردەکەوێت. بێگومان ئەو ڕووداوانە بەتەواوی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە ئەو دوو وڵاتە لە قۆناخی شەڕێکی قورسی ڕانەگەیاندراودان و ئەو لایەنەش کە زەرەرمەند و دۆڕی مەیدانەکەیە، سیاسەتی شەرانگێزی و فرواوانخوازی ئاخوندەکانە.

ئێران بۆتە مەترسیەکی فرە جدی و بەهەموسێوەیەک بۆ پەکخستن و لاوازکردنی ئەو ڕێژیمە هاوکاری گەورەی هاوپەیمەنی نوێ لە ئارادایە و ئەو بابەتەش بەدلنیایەوە کاریگەری خۆی لەسەر هاوپەیمانەتیە سێ قۆڵییەکەی مسکۆ و تاران و ئانکارا دەبێت و دیار نیە ئەو دوو وڵاتەی تر هەتا کوێ خۆیان بە دۆستی ئێران دەزانن.

کۆمەڵگای نیونەتەوەیی بەجۆرێک لەسەر حکوومەتی تاران بیروڕایان گۆڕاوە کە وەک دەسەڵاتی ملهوڕ و مەترسیدار تەماشای دەکەن و لایەنگری لادانی ئەو وڵاتەدەکەن و زۆربەیان لەو بڕوایەدان کە وەختێک ئەو ئاشاتیە لە سەرئاستی ناوچەیدا بەباشی بەدی دێت کە ڕێژیمی تاران دەسەڵاتی بەتەواوی لاوازبووبێت یانیش بەتەواوی تێک ڕمابێ، ئەگینا ئەو ناوچەی لە ژێر هەژموونی ئەو وڵاتەدایە هەرگیز ئارامی و ئاسوودەی بەخۆیەوە نابینێت.

جگە لە حکوومەتی ئاخوندی، دەوڵەتێکی ئەتۆنیە بەڕادەیی ئەو وڵاتە ببێتە هۆکاری ناسەقامگیری و بارگرژی هەتا لە سەر ئاستی گیتیشدا، کەوابوو ڕۆژئاوا لە نیەتی تاران گەیشتووە و لەو ڕێگایەوە نەبێت ئەو دەسەلاتە سەرەڕۆیە لەغاوناکرێت.

دیارە ڕووخان یان لاوازکردنی حکوومەتی ئێران بە تەنیا ناتوانێت ئاشتی و ئۆقرەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێبەرهەمبێت، چوونکی وەختێک لە ڕۆژهەڵاتی گەورەدا ئاشتی و سەقامگیری سیاسی و نەتەوایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی بەتەواوی جێگیردەبێت کە مەسەلەی گەلی کورد وەک بابەتێکی بەرچاوی هەنووکەی تەماشابکرێ و وڵاتانی وەک ئێران و تورکیە و سووریە و عیراقیش تاڕادەیەک، دەبێت ڕوانینی خۆیان سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو پرسە گرینگ و مێژوویە بگۆڕن.

بەکردەوە دەرکەوتووە کە بە هێز و سیاسەتی هەڵاوارن و لە نێوبردن، کێشەی کوردیان بۆ بنەبڕ ناکرێ و بەڵکوو پێویستە زۆر جەوهەریانە و بەنیەتی خێر تەماشای ئەو ئەو پرسە سیاسی و نەتەوایەتیە بکرێت و کورد و ئەو دەوڵەتانە بە ڕێگای دانیشتن و وتووێژدا دەتوانن لە سەر کۆی ناکۆکیەکان بە ئاکام بگەن کە بیان هەوێت.

یەکیەتی سیاسی و نەتەوایەتی لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆدا، بێگوومان زەروورەتێکی گرینگ و مێژوویە و ئەگەر کورد خاوەنی کۆدەنگی سیاسی کە بەرئەنجامی ڕێککەوتن و پێکەوەکارکردنی هێزەکانی کوردستان دروست بێت، لە داهاتووشدا ئەو شانسەی هەیە کە یەکێک لە هاوپەیمانە بە هێزەکانی ئەمریکا لە سەر ئاستی ناوچەیدا بێنێتەوە و پێگەی کورد و بزووتنەوەکەی بە هێزترێش لەوەی دەبێت کە لە ئێستادا خاوەنیەتی. کەوابوو هاوپەیمانی و ڕوانینی جەوهەریانەی ڕێبەری سیاسی کوردستان سەبارەت بە کۆی ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکان، زۆر گرینگە کە لەو پەیوەندییەدا هێڵەگشتیەکانی بەرژەوەندی سیاسی گەلی کوردی بە تەواوی تێدا ڕەچاو کرابێ و هەستی هاوکاری و پێکەوەکارکردنی دەرفەتی باشتری بۆ بڕەخسێت.

ئەزموونی مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداری نەتەوەیی ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە ئەگەر کورد وەک نەتەوەیەک و بە بێ هەبوونی ستراتیژی سیاسی و ڕوانینێکی تازە لە بارەی ئەگەری ئاڵۆگۆڕەکان، خۆی لە قەیرانی ناکۆکیە نێوخۆیەکان ڕزگار نەکات و هەردەم دژی خۆی بجووڵێتەوە، ئەو دەرفەتەشی لە کیسدەچێت کە گۆڕانکاریەکانی ناوچەی لە بەرژەوەندی پرسی کوردا دەیهێنێتە ئاراوە.

ئەگەر هاتبا و ئەو وڵاتانە ڕێگای تریان هەڵبژاردبا سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، لە جیاتی تووندووتیژی سیاسی و سەربازی لە نێو وڵاتەکانیاندا، بەدڵنیایەوە لە نێوان داگیرکەران و گەلی کورددا ئاشتی کۆمەڵایەتی باشتر خۆی دەخەملاند و هەستی دەمارگرژی و تۆڵەکردنەوە زۆر کز و لاواز دەبوو!!

تێگەیشتنی ئەو وڵاتانە بەداخەوە هەتا ئەمڕۆش ئەوەیە کە وەک مەسەلەیەکی پچووکی نێوخۆی و لاوەکی سەیری کێشەی سیاسی و مافی نەتەوایەتی گەلی دەکەن و بەژێری هەنگاوی چارەسەرکردنیان بۆ نەناوە و هەروا بەرەقی دژایەتی لە گەڵ دەکەن کە ئەو کردارەش بە دڵنیایەوە زیانی گەورە بە سەقامگیری سیاسی وڵاتانی وەک ئێران و تورکیە و سووریە و عێراق گەیاندوە و زیانەکان لەوەیش زیاتر دەبن ئەگەر بێت گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی جیا لە خۆیان تەماشانەکەن و مافی سیاسی نەسەلمێنن.

گەلی کورد وەک گەلێک کە وڵاتەکەی پاش داگیرکران، بەسەر چوار وڵاتدا لەکێندراوە و ئەو روتە شۆڤێنیە بەداخەوە بەدژی کورد هەر درێژەی هەیە و، بێ گوێدانە خواستی خەڵکی کوردستان ئەو دابەشکارییە ئەنجامدراوە و ئێستاش کورد لەو شۆڕش و بەرخۆدانە مێژوویە کە دەستپێکردوە، بێگوومان کۆی شۆڕشەکان لە پێناوی ڕزگاری سیاسی و نیشتیمانی و دەوڵەتی نەتەوەیدا بووە و ئەو خەباتەش هەتا بەئاکام دەگات ئیدامەی دەبێ و هەستی سەربەخۆیخوازیش زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو لە نێو کورددا گەشە دەکات.

چاوەڕوانیش ناکرێت بارووددۆخەکە بەو زوویانە بەرەو باشتربوون بچێت و ئەو ولاتانە دەرگای دیالۆگ و پێکەوەدانیشتن لە گەڵ گەلی کورددا، وەک بژاردەیەکیەکی ئاقڵانی سیاسی ڕەچاو بکەن و دەرگا داخراوەکان بۆ ئەو مەبەستە بخەنە سەر گازی پشت.

ئەگەر تۆزێک بەوردی سەرنج بخەینە سەر کۆی ئاڵۆگۆرە سیاسی و سەربازییە هەرێمایەتیەکان، دەبینین کە ئەو ولاتانەی زیاتر لە نەتەویەکیان تێدادەژیت، زەمینەی پەرەگرتنی ئالۆزی و ناکۆکیەکان خێراتر و بەرفراوانتر دەردەکەوێت، وەک نموونەیش دەکرێ ئاماژە بە رووداوەکانی عێراق و حکوومەتی سووریە بدەین.

کورد لەو دوو ولاتەدا زۆر بەخێرایی خۆیان ڕێکخست و توانیان زۆربەی خاکی کوردستان لە چەنگی داگیرکەران ڕزگاربکەن و حکوومەتێکی دێمۆکراتیک و گەلی تێدا دابمەزرێنن کە لەسەر ئاستی گێتی بۆتە نموونەی ئاشتی و پێکەوە ژیان.

بارودۆخی گەلی کورد لە ڕۆژئاواشدا خەریکە بەرەو سەقامگیری و ئارامی دەچێت و ناوچەی ئارام کە تێیدا دابینکردنی ئاسوودەی و ئاسایشە و لەو ڕێگایەوە پشتێندەیەکی ئەمینی سنووری بۆ پاراستنی کوردەکان بێتەوە ئاراوە و ئیدی ئەو جار دەوڵەتەکانی وەک سووریە و تورکیە چیتر ناتونن کەی دڵیان خواستی هێرش بکانە سەر کورد بەمەبستی لە نێوبردنی ئەزموونەکەیان.

هەتا ئەو ڕۆژەی وەک مرۆڤی پلە دوو لە لایەن فارس و تورک و عەرەب تەماشای کورد بکرێ و لە زێدی خۆی و لەسەر خاکی خۆیدا، بەئاسوودەی ناژیت و مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی پایەماڵبکرێ، خەڵکی کوردستان جگە لە خۆڕاگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی شتێکی تر نیە پەنای بۆببات. گەلی کورد شەر بۆ شەڕ و داگیرکاریناکت، بەڵکوو ئامانج لە جووڵانەوەکانی کورد، بەگشتی لە پێناوی وەدی هێنانی ئامانجەکانیدا بووە کە ڕزگاری سیاسی و نیشتیمانیە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و بەتایبەتیش بەدوای رووداوەسیاسی و سەربازییەکانی عێراق و سووریە، پرسی کورد بۆتە بابەتێکی گرینگ و، وەک میحوەری ناکۆکی زلهێزەکان دەرکەوتووە و بەشێک لە ولاتەکان کە بەرژەوەندیان لە گەڵ بەهێزبوونی پرسی سیاسی گەلی کورددا هەیە پێگ دەگەیەنێت و دەبنە هاوپەیمان و دۆستی یەکدی و، هێندێکشیان لێک دوور دەکەونەوە و کێشەیان لە نێواندا سەری هەڵداوە.

سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە بارەی قەیرانی سووریە و فشارخستنەسەر ڕژێمی تاران و هەوڵدان بۆ لەمەیداندەرکردن و بەچۆک داهێنانی ئەو ولاتە کە خۆی بە خاوەنداری ناوچەی دەزانێ و، لە ڕاستیشدا دژی هەر جۆرە جمووجۆڵێکی سیاسی و

سەربازی ئەمریکا و ئیسرایل دژکردەوە لە خۆی نیشاندەدات و لە نێوخۆشدا بە تووندترین شێوە سەرکوتی گەلانی وڵات و یەک لەوانیش خەڵکی کوردستان دەکات.

سیاسەتی شەرخوازانەی حکوومەتی ئێران ئەو وڵاتەی بەرەو دۆخیکی ئەوتۆ نالەباربردوە کە لە سایەی ئەو ڕێژیمەدا ژیانی ئابووری و کۆمەڵاتی بەتەواوی بەسەریەکدا ڕوخاوە و حوکمڕانی ستەمکارانەش ژیانی ئەوەندەی تر لە خەڵک تاڵکردوە.
بەڵام حکوومەتی تورکیە سەرباری ئەوەی ناکۆکی گەورەی لە گەڵ کۆشکی سپی لە سەر پرسی سووریە و کورد دا هەیە، دژایەتی سیاسەتی ئەو وڵاتە بەزەقی ناکات. چوونکی ئانکارا لەو ڕاستیە گەیشتووە کە ئەگەر بە تەواویش بەلای مسکۆدا بکەوێت، لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە زیانی گەورەی بەردەکەوێت و ئەمریکا وەک هاوپەیمانێکی جێگای باوەڕ دەڕوانێتە کورد، کە ئەو خاڵەش حکوومەتی تورکیەی لە ڕادەبەدەر بێزار و هەراسانکردوە.

بەشێکی بەرچاو لە دەوڵەتە بەهێز و دراوسێیی و ناوچەیی پێکەوە سازاون و هاوکاریان پێکەوە هەیە، بەڵام بنەمای ئەو لێک نزیکبوونەوەیەیی وڵاتانێکی وەک ئێران و تورکیە بە هەر هۆکار و شکڵێک هەبێت زیاتر دۆستایەتیەکی تاکتیکی و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کورت ماوە دامەزراوە و هەربۆیەش ئەگەری لێک تۆران و دوورکەوتنەوەیان زۆرە. چوونکی ئەو دۆستایەتیان تەنیا لە بەرخاتری دژایەتی گەلی کوردە و ئەگەر ئاڵۆگۆڕەکان بە مەیلی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بڕواتە بەرەوە، ڕاستەوخۆ شوێنی لە سەر لێک دوور کەوتنەوەی تاران و ئانکارا دەبێت.

ئەو وڵاتانە بەدرێژایی مێژووی دوورو درێژیان دژایەتی گەورەیان لە گەڵ یەکدیدا هەبووە. بەڵام ئەمڕۆ قەیرانی سووریە و زەقبوونەوەی بەرچاوی پرسی کورد وەک نەتەوەیەکی گەورە و کاریگەری ناوچەیی، لانیکەم وڵاتانی داگیرکەری کوردستانی بەیەک گەیاندوە و یەکدی لە باوەش دەگرن. دیارە ئەو دۆستایەتی و لێک نزیکبوونەوانە، ناکرێت جێگای ڕوانینی ورد و ژیرانە نەبێت. لە کات و دەرفەتی ئەوتۆدا لازمە کورد وەک گەلێکی ئەو ناوچەیە، هێز و نفوزی خۆی بکاتە یەک و هێڵێکی ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی نوێ دابڕێژێت. کارێک بکات کە زیان بەو دۆستایەتیان بگەیەنێت.

حکوومەتی تورکیە و ئێران دوو وڵاتی بەهێزی ناوچەین کە زۆر بەجدی دژی کورد و مافی ئەو گەلەن و هەر لەو پەیوەندیەشدا زۆر بەباشی پێکەوە هاوکاری و هەماهەنگیان هەیە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە تاران و ئانکارا هەتا سەر ئێستان دژی هەژموونی یەکدی دەکەن لە سەر ئاستی ناوچەیدا. لە ئێستادا پرسی کورد و بەرۆژەڤ بوونی لە سەر ئاستی ناوچەیی و گێتیدا، ئەو دوو وڵاتەی بەیەک گەیاندوە و لە زۆر بواری جیاجیادا بە دژی ئەو بابەتە پێکەوە کاردەکەن و لە هەر جێگایەکدا هەست بە بەرەوپیشچوونی مەسەلەی کورد بکەن و لەسەر ئاستی ڕێککەتن و کۆبوونەوە جیهانیەکاندا، خاڵێک بە قازانجی کورد تۆماربکرێ. ئەو دوو دەوڵەتە بە زەقی و دیاریکراوی بەدژی هەڵوست دەردەبڕن و دژایەتی دەکەن.

ئەگەر مەسەلەی کورد نەبوایە هەگیز ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەوگەرمیەوە خۆی لە باوەشی پۆتین سەرکۆماری ڕووسیە نەدەهاویشت و حکوومەتی ئێرانی وەک دۆست و هاوپەیمانی خۆی سەیر نەدەکرد! چوونکی حکوومەتی ڕووسیە لەکاتی کەوتنەخواری فرۆکە شەڕ کەرەکەیاندا گەورەترین سووکایەتیان بە ئەردۆغان و حکوومەت و تورکیە کرد.

ئالۆگۆڕەکان لە ئێستادا بە جۆرێکن کە خەریکە کارتەکان لە بەرژەوەندی پرسی سیاسی کورددا بگۆڕێن و ململانەکان پێیان ناوتە قۆناخێکی هەستیار و هەرکەس بە دوایی یارگیری و هاوپەیمانی خۆیدا دەگەڕیت. نزیکبوونەوەی حکوومەتی تورکیە بەوڕادەیە لە مسکۆ و دوور کەوتنەوەی لە ئەمریکا ڕاستەوخۆ پەیوندی بەپرسی کورد داهەیە.

هێرشە ئەسمانیەکانی ئیسرایل بۆ سەر هێزە ئێرانیەکان لە سووریە و خەریکە دریژدەبێتەوە بۆ عێراقیش ، بێدەسەڵاتی تارانی بەتەواوی دەرخستووە و هەتا ئەمڕۆش مسکۆ چاوی داخستووە و تەنانەت قسەیەک کردەوەیەکیان لەو بارەیە ڕانەگەیاندوە.

۲۷ی جانێوێری ۲۰۱۹

لە پەراوێزی لە بەیەکی دکتۆر قاسملوو بۆ پەیامی خومێنی!

لە پەراوێزی چەند بەڵگەیەکی مێژوو و کورتە سەرنجێک بەو رووداوە سیاسی و مێژووییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێگوومان زەروورەتێکی گرینگە بۆ خەمخۆرانی بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی ئەو بەشەی کوردستان. بەداخەوە بە هەڵدانەوەی ئەو لاپەرانەی کە رووداوەکەیان نزیک بە ٣٨ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. ڕەنگە هەر بە سوودف و لەخۆوە نەبێ و دەستێک یان کردارێکی دژی گەلی و نامۆ و دژی ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا لە پشت بێت.

وەردانەوەی ئەو بابەتە و تێشک خستنە سەر ئەو باسە ڕەنگە نیازی بە کات و دەرفەتی زۆر هەبێت و ئەو لێکدانەوەیەش بێگوومان لە هێزی ئەو کورتە بابەتەدا نەبێت. ئەگەر ئەو باسە بێ ولاّم بمێنێتەوە، ڕەنگە هێندێک لە تەوژمەکانی زیان بەیەکیەتی سیاسی و نەتەوەیی بەو بەشەی کوردستان بگەیەنێت و درزبخاتە نێو هیزە سیاسی و تێکۆشەرەکان. هەر بۆیە لازمە ئەو باسە بخرێتە ژێر چاوەدێری و لایەنەکانی تاریک و لێلی کردارێکی لەو چەشنە بدرێت و، بزانین ئەو کارە بۆ چی لە ئێستادا دەکرێت!؟

دوکتور قاسملوو وەک زمان زان و سیاسەتوان و دیلۆماتکارێکی سیاسی سەرکەتوو و نێو نەتەوەیی کورد، ڕێبەری هێزێکی گەورە و کاریگەری وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لە ڕۆژهەڵات بەدژی حکوومەتی خومێنی دەکردو زۆر ڕاستگۆیانە پێشڕەوی ئەو خەباتەی کردووە. ئەو وەختی لە میتینگێک کە لە شاری مەهاباد بۆی پێک دێت لە پاش شکەستی هێزەچەکدارەکانی ڕێژیم و کۆتایی شەری سێ مانگە کە بە قۆناخێکی دڕەوشاویی بەرخۆدانی نەتەوەیی تەماشا دەکرێ لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو شەڕەدا هێزی پێشمەرگە توانی لە هەموو بەرەکاندا شکەست بە هێزە چەکدارەکانی سەر بە حکوومەت بێنێ و حیزب و ڕێکخراوەکان بۆ جارێکی تر دەرفەتی گەڕانەوەی نێو شارەکانیان بۆ پێک دێتەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا و لە نێو ئاپۆڕایی خەڵکی خۆڕاگری شارەدا بە ڕاشکاوی و وەک نەریتێکی سیاسی و دیپلۆماسی دەڵێت:

لازمە لەبەیەک بەو پەیامەی خومێنی بڵێین کە تێیدا ڕایگەیاندوە ئامادەن بە ڕێگای ئاشتیدا مافی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە چوار چێوەی حکوومەتی نوێدا بە سەلمێنن و کۆتایی بەو شەڕە بێنن لە ئێران و کوردستاندا. کاتێک کورد بەرگری

دەکرد، ئەو خۆڕاگرییە بۆ ئەوە نەبووە دڕێژە بەشەر بدەن، بەڵکوو لەو ڕێگایەوە هەوڵیادەدا فشار بخەنە سەر ڕێژیم هەتا بە دەم ویست و داخوازەکانیاندا بێت و ئاوڕێک لە جوولانەوەی سیاسی کورد بدرێتەوە.

ئەو پەیامەی دکتۆر قاسملوو کە لە ژێر ناوی "لەبەیەک" دا وەک هەڵوێستی سیاسی حیزب سەبارەت بە پەیامی ئاشتیخوازانە بڵاو کرایەوە شتێک نیە ئەمرۆ بە شەرمێونی شەنوکەوبکرێ و لە لێکۆڵینەوە و تیشک خستەنسەری خۆمان بدزینەوە. ئەو بابەتەش یەکێکیترە لە شانازییەکانی حیزب وەک هێزێکی تێکۆشەر، کە لە کاتی تەنگانێدا زۆر بوێرانە بەرگری لە خەڵک و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشکرد و وەختی ئاشتیش سەنگەری خۆڕاگری گوازتەوە بۆ سەر مێزی ئاشتی. ئەو ڕووداوە و هەڵویستی لەو جۆرە و لە قۆناخی ئەو سای شەڕ و ئاشتیدا لە گەڵ ڕێژیمی خومێنی، ڕوانینێکی هەتا بڵێی دروست و بە جێیە و ناکرێ لێکدانەوەی هەڵەی لەسەر ئەنجام بدرێت. پاشان هەموو هێزەکان پێشوازیان لەو پەیامەی خومێنی کرد و کەس نەبوو دژی بێت و لۆمەی لایەنێکی تری لەسەر بکات..

ئەو کات کەس نەبوو دژی ئەوەبێت لە گەڵ حکوومەتی ناوەندیدا وتوووێژ بکرێ و ڕێگری لە هەڵگریساندنی شەڕ لە کورستان بکرێت.

پاش ساڵانێک کە بە سەر ڕووداوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەپەڕێت، لەو دەم و ساتەدا و لە ٤٠ ساڵەی حوکمی ستەمکارانەی ئەو ڕێژیمەدا، کۆمەڵێک بەڵگە و لێدوان و گۆتاری سیاسی بڵاو دەکرێنەوە کە پەیوەندیان بە دۆخی پاش شکەستی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی لە کوردستانداهەیە.

کاتێک خومێنی نەیتوانی بە سانایی دەست بەسەر شارەکاندا بگرێ و هەموو کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بە هۆی خۆڕاگری هیزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەناچاری پەیامی ئاشتی بڵاو کردەوە و لەوێدا ڕایگەیاند کە ئامادەیە مافی کورد لە شکڵی خودموختاریدا بسەلمێنێت و بۆ ئەو مەبەستەش دەیهەوێت لە گەڵ وەڤدی نوێنەرایەتی کورد وتوووێژی ئاشتی ئەنجامبدات و کۆتایی بە بارگرژی و شەڕ و ئاڵۆزیە نێوخۆیەکان بێت و وڵات بەرەو قۆناخی ئاشتی و ئاسایش بەرێت.

ئەو بەڵگە مێژوویانە کە لە ئێستادا بڵاو دەکرێنەوە، بێگوومان ڕەنگە نیەتی خێریان لە پشت نەبێ و بەمەبەستێکی زۆردیاریکرا و تایبەتی بێت و نیازیان ئەوەبێت لەو ڕێگایەوە لە هەنگاوە سیاسی و مێژوویەکانی ڕێبەران و هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و دکتۆر قاسملوو لە گەڵ ئەحمەد موفیزادەی دا بخەنە نێو تایی یەک تەرازووی. وەک ئاسمان و زەوی لە نێوان دکتۆر قاسملوو و ئەحمەدی موفیزادەیدا جیاوازی هزری و بیرباوەڕ و ئەخلاقی سیاسی و

شۆڕشگێڕی هەیە. مووقتیزادە دواجار بەداخەوە سەنگەری حکوومەتی ئاخوندی بۆ دژایەتی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە و هێزەکانی تر هەڵبژارد و هێزێکی لە ژێر ناوی پێشمەرگەی "موسوڵمان" دا پێک هێنان کە پاشان نازناوی جاش یان دژی شۆڕشی خەڵکی کوردستانیان پێبڕا.

دیارە بە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانە بە خەیاڵێخۆیان دەیان هەوێت و زۆرێشیان مەبەستە سیاسەتی دکتۆر قاسملوو و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ئامانج بگرن و بەو لۆمەکردنە، بەڵێن کە حدکا ڕوانینێکی شلۆ و ئالۆزی لە هەمبەر دۆخی سیاسی ئێران و کوردستاندا گرتۆتەبەر.

ئەو لێدوان و باس و بیرۆڕا دەربڕینە بەگشتی پەیوەندی بە قۆناخێکی بەتەواوی دیاریکراوی سیاسی و مێژووی ئەو(ئێران و کوردستان) دەمیدا هەیە و بە پێچەوانە ڕوانین و چەواشاکردنی ڕووداوەکان، بەدڵنیایە هەرزەکاری و کرچووکاڵی سیاسی هەر کەس و لایەنێک دەگەیەنێت.

بەشێکیان زۆر بە ژیری و لە ژێر بیرو خوێندنەوەیەکدا ئەو کارە دەکەن کە لە ڕابرووشدا دژایەتی حیزب و شەخسی دکتۆر قاسملوویان کردوە و بەو کارەیان بۆ جارێکی تر ئەو هەڵوێستەیان نوێ کردوە. هێندێکیشیان بێ ئەوەی بەتەواوی شارەزایی ڕووداوەکان بن و بەر چاویان ڕوون بێت، خۆیان لەو باسەوە گلاندوە و ئەویش لە ژێرکاریەگەری دونیای مەجازیدا هێندێک نووکە قەڵم لێدەدەن.

دەستەی تریان کە لە نێویاندا زیاتر ئۆگرانی مووفیزادەی دەردەکەون، بە ئاشکرا دەیان هەوێت بە خەڵکی کوردستان بڵێن کە ناوبراویش لە ریزی ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی کورددا خەباتی کردوە و ئەو بەشەی ژیانی کە گەڕانەوە بووە بۆ لایی حکومەتی ئاخوندی و لە سەنگەری ئەو ڕژێمەدا بە ئاشکرا دژایەتی شۆڕشی کوردستانی دەکرد، وەک لە کەیەکی ڕەش بۆ سپی بکەنەوە.

دیارە زۆر گرینگە مرۆڤ پابەندی بیرۆڕایی خۆی بێت و هەرگیز بە لاری نەڕواتە بەرەوە و پێچەوانەی هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانیەکانی نەوەستێتەوە! ئەو فاکتە بکەرەکانی نێو ڕووداوە سیاسی و مێژوویەکانی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک هەڵداوێرێت و هەرکەسە بە کرداری خۆی دادوەری لەسەر دەکرێت و ئەو وشیاریەش لە نێو گەل دابەتەواوی هەستی پێدەکرێت.

بارودۆخی ئەو دەمی پێمان خۆش بێت و یان بەدڵمان نەبێت، هەر ئەوەی دەخواست و گەلی کوردیش سەرەتا هەوڵیدەدا

بەڕێگای ئاشتیدا لە چوار چێوەی حکوومەتی نوێدا بە مافەکانی بگات. ئەگەر بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، بەو ڕێگایەدا بە خواست و ئامانجەکانی گەیشتبایە، دەسکەوتێکی گەورە و شتێکی زۆر باش دەبوو بۆ کۆی پرۆسەی سیاسی لە ئێراندا و خەڵکی کوردستان سوودمەندی گەورەی ئەو ئاشتیە دەبوو.

پاش ئەوەی خومەینی و ڕێژیمەکەی تۆزێک جێگای پێیان قایمکرد و دەستیان بەدەسەڵات گەیشت و هەستیان بە هێزی خۆیانکرد، لە زۆر بەی بەڵێنی و گفتەکانیان بە خەڵکی کوردستان کە درابوون، پاشگەزبوونە و ڕێگای تووندو تیژی و ستەمیان بەدژی گەلی کورد و گەلانی تر گرتەبەر، کە بەداخەوە زیانی گەورەی بە خەڵکی کوردستان گەیاند.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەری هێزێکی گەورە و کاریگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، پاش ئەوەی لە نیازی خومەینی و هاوبیرەکانی تێگەیشت و زانی لە ماهیەتی ئەو ڕێژیمە تازەیەدا شتێک بەناوی مافی سیاسی و نەتەوەیی بەدی ناکرێت، دواجار بەناچاری بڕیاری بەرگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕاگەیاند و هەر لەوکاتەشدا بەڕوونی گووتی: ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و گەلانی دیکەی وڵات، تەنیا چارەسەری ئەو بارگرژییە، بە ئاشتی و وتووێژدا دەکرێت.

پێمووایە لێدان و لۆمەکردنی سیاسیەکانی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەر ئەوەی هەوڵیانداوە بە گفتی خۆش و بەزمانێکی سەلیم و ئاشتی مافی کورد وەربگرن، لێکدانەوەیەکی بەتەواوی بێ بنەما و هەڵەیە. سیاسەتی ئەوکاتی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی ئەوەبووە کە لە گەڵ حکوومەتی ناوەندا، بە ڕێگای دیالۆگدا بە ئامانجەکانیان بگەن و نەهێڵن شەڕ ڕووبدات، چوونکی کورد زەرەمەندی یەکەم دەبێت و هەموو شتێک لە دەستدەدات و خاکەکەیشی لە ژێر دەستدا نامێنێ.

بەداخەوە سەرەڕایی سیاسەتی ژیرانەی حدکا و دکتۆر قاسملوو کە پێش بە هەڵگریسانی شەر بگیرێ، سەرئەنجام شەڕ دەستپێکرد و زیانی زۆر و ماڵوێرانی گەورەی لێکەوتەوە و کە لێکەوتەکانی ئەو شەڕە هەتا ئەمڕۆش لە کوردستان بەدژی گەلی کورد درێژەیی هەیە.

بەڵام ئەگەر هاتابا لە جیاتی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ناوەند و بزووتنەوەی کورد، ئاشتی جێگیرکرابا و مافی کورد بەدی هاتبایە، گەلی کورد سوودمەندی یەکەمی ئەو دۆخە دەبوو و وڵات بەرەو ئاقارێکی تر دەچوو.

حیزبی دێمۆکرات وەختی شەڕ، بەچاکی شەڕی کردوە و بەرگری لە خەڵکی کوردستان کردوە و کاتی ئاشتی هەر بەوجۆرە

هەنگاوێک لە پێش هێزەکانی دیکەوەبووە و هەرگیز هەڵوێستێکی ئەو تۆی نەبووە کە سیاسەتی خۆی ڕەدبکاتەوە، چوونکی زیاتری بارقوورسایی شۆڕشەکەی لەسەر شان بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەگەر کەسێک بە چاویلکەی ڕەش بڕوانێتە رووداوەکانی پێش و سااڵنی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران(١٣٥٨ - ١٣٥٧) ی هەتاوی، بێگوومان ناموّی خۆی سەبارەت بە ژینگە و سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەخات.

١٢ی فیبریوێری ٢٠١٩

"سەمای ئازادی"

پارسآڵ نیەری خۆڕاگرو دوێنی ڕەبەت و ئەمڕۆش تەرەغە سەرچۆپی "سەمای ئازادی" دەگێڕێ!

"نەرۆزی جامانەکان"ی پار و "سەمای ئازادی" ئەمسآڵ بوونەتە سەرچاوەیی شۆڕشێکی گەورەی سیاسی و نیشتیمانی لە ڕۆژهەڵآتی کوردستاندا!

ئەوسآڵیش گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، بەشادی و هیوا بەدواڕۆژێکی گەش بەرەو ئاسۆی خەبات و تێکۆشان هەنگاو دەنێ و بەیەکگرتووی و فرە ڕەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەرەو ڕێزگرتن لە جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و سەمای ئازادی لە ڕۆژهەڵآتی کوردستان خۆیان سازو ئامادەکردوە. چالاکیە جەماوەرییەکان بەدڵنیایەوە ترس و دڵەڕاوکەی زۆری بۆ کاربەدەستانی ڕێژیمی تاران لێکەوتۆتەوە و بەوپەڕی نیگەرانیەوە چاوەدێری بارودۆخەکە دەکەن و ڕووداوەکانیان هیچ بەدڵ نین و بەتەواویش نائومید بوونە لە داهاتووی ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندی.

پەیامی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵآتی کوردستان، بێگوومان شوێنی خۆی لە سەر ئەو پرۆسە نەتەوەیە دەبێ و هەموولایەک بەبێ جیاوازی ڕوانین و هزر و بیرکردنەوەی سیاسی و تەشکیلاتی، وەک کوردێک بە پیر ئەو ڕۆژە گرینگ و مێژوویەوە دەچن، ئەو شێوە هەڵسوڕان و بەشداریەش نیشانەی کۆدەنگی نەتەوەیی گەل دەگەیەنێت.

سەمای ئازادی ڕۆژهەڵآت لە بەهاری ئەمسآڵدا، بێگوومان لە دایکبوونێکی نوێیە بۆ گەلی کورد و جوواڵنەوەی کورد. پەیامی هێزەکانی کوردستان بەیەکەوە و شەپۆلی یەکگرتووخوازی نێوخۆی نیشانەی دروستبوونی زەمینەی پێکەوەکارکردن و هەڵکردن لە ژینگەیەکی سیاسی و نەتەوایەتیدا پێشاندەدا و بەو هیوای ڕووداوەکانی ئەو جار دەرفەتی لێک کۆکردنەوە و یەکگرتنەوەی هێزە لێکترازاوەکان خێراتر بکا.

خەڵکی کوردستان بە پیر و الو و گەنج و منآڵ، بەهەستێکی گەرمی نیشتیمانی ئەوسآڵیش بەرە و پیری ئەو ڕۆژە دڕۆن و بەشادی و دڵخۆشی لە نێو ئاپۆڕای شادی و گەشبینی ئەو بۆنەیە بەڕێدەکەن.

دیداری تەرەغەوە و هەنگاوەکانی دواتری شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵآتی کوردستان، کە بە شێوەیەکی بەربآو سآڵانە

کوردستانیان بە شکۆیەکی گەورەی نەتەوەیی بەرەو پیری نەرۆز پێکەوە و بەیەکگرتووی ئەو ڕۆژە لە یەکدی پیرۆزدەکەن. بەدڵنیایەوە نیشانەی وشیاری سیاسی و هەستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان نیشاندەدا و هەنگاوێکی لەو چەشنە لەهەلومەرجی وەک ئەمڕۆدا گرینگی سیاسی و میژووی تایبەتی خۆی هەیە و جەوهەری کردارەکە، بە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە بەرخۆدانی نەتەوەی خۆرهەڵاتی کوردستاندا پێناسەدەکرێ.

با هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە پەیامی یەکگرتخوازیان پابەندبن و "سەمای ئازادی" بکەنە هەوێنی یەکڕیزی و کۆدەنگی نەتەوەیی و بەیەکەوە و لە سەنگەرێکی بەهێز و بەرینداء بەدژی سیاسەتی سەرکووت و ستەمکارانەی حکوومەتی ئاخوندی دڕێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. جوولانەوەی سیاسی کورد کاتێک بە ئامانجەکانی دەگات کە یەکگرتووی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهێزبکرێت و بەهەموو لایەکیش ئەو برایەتیە لە نێوان هێزەکاندا بپارێزین و نێو ماڵی گەورەی خۆیان ڕێکبخەنەوە.

بارودۆخی سیاسی و ئابووری ڕێژیمی ئێران و رووداوەکانی داهاتووی وڵات، بێگوومان هەمووی لە خزمەتی پڕۆسەی ڕزگاری نەتەوەییدایە و ڕوانینی ژیرانە بۆ کۆی قۆناخەکانی خەبات و کۆدەنگی سیاسی، لانیکەم لە هەلومەرجی ئێستادا زەرورەتێکی میژوویە بۆ شۆڕشی خۆرهەڵاتی وڵات. گەلی کورد هیواخوازە بە شوناس و خوێندنەوەیەکی جەوهەریانە، هەوڵبدرێت ئەو زەمینەیە پێک بێت کە هەموو لایەنەکان بە هاوبەشی لەو دەرفەتە میژوویەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرژەوەندی پرۆسەی ڕزگاری نیشتیمانیدا، بە سوودی نەتەوەکەمان کەڵک وەربگری و بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لە سیاسەتی پاوانخوازی و یەکتری پەراوێزخستن بێنن.
کورد نابێت لە گەڵ یەکدیدا سیاسەت بکا و خۆی لەوەی زیاتر سەبەبی هۆکاری گەورەی شکەست و نەهامەتیەکان بێ و دژایەتی نێو خۆی زیان بە یەکڕیزی و یەکیەتی سیاسی و نەتەوەیی بگەیەنێت.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەو ڕەسالەتە سیاسی و میژوویە کە جوولانەوەی کورد خستوویەتە سەرشانی، زۆر گرینگە کار بۆ ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەبکا، کە زەمینەی یەکبوونەوە و پێکەوەکارکردن لە گەڵ سەرجەمی حیزبەکوردستانیەکان بکاتە سەرفەسڵی شۆڕشێکی نوێ لە کوردستاندا.

خەڵکی کوردستان دەمێکە ڕایگەیاندوە کە یەکیەتی و کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەییان دەوێ و ئەو جۆرە چالاکی و هەڵسوڕانەش، بێگوومان ئەو ڕاستیە زیاتر دەسەلمێنن. ئامانج و شوعاری "سەمای ئازادی" لە "سنەوە بیگرە هەتا ئیلام و سەقز و بۆکان و مەهاباد و پیرانشار و ڕەبەت و سەردەشت و سەڵماس و ورمێ و خۆی"، هەمووی یەک شتە و ئامانجەکەش هەر بەوجۆرە ڕزگاری نەتەوایەتیە و، هەڵقوولاوی وشیاری سیاسی و نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانە.

بەڕێوەبردنی ئەو بۆنەیە لە کەش و هەوای سیاسی و ئەمنیەتی کوردستاندا، کە ڕێژیمی ئاخوندی کوردستانی بەتەواوی بە هێزە دژی گەلی و سەرکووت کەرەکانی تەنیوە، جوامێری و غیرەتی کورد پێشاندەدا و ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە بە هەموو شێوەیەک لە پێناوی ئازادی و سەربەستی دا بەیەکەوە و لە سەنگەرێکدا خەبات بۆ ڕزگاری نیشتیمان دەکەن.

گەلی کورد یادکردنەوەیی ساڵانەی ئەورۆزیان کردۆتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی وەک گەلێکی وڵات داگیرکراو خواستی نەتەوەیان دەربڕن و بە شێوەیەکی ڕێکخراو و شارەزایانە ئەو بۆنە نەتەوەیە بەرز و پیرۆز ڕابگرن و بە دوژمنی خوێن و خاک بڵێن: کە کورد هەر زیندووە و، وەک گەلێکی وشیار ئامادەی هەر جۆرە جووڵە و تێکۆشانێکی نەتەوەیی هەیە و، ڕۆژ بەڕۆژ ئەو هەستە پیرۆزە بەرەو یەکگرتووی سیاسی یان دەبات و ئەو کۆدەنگیە لە کوردستاندا بە هێز و پتەو تردەبێت و بەهەمووشیان پەرەی پێدەدەن.

کوردبوون بێگوومان شانازییەکی گەورەیە و کاتێک "کیژۆڵەیەکی" لاوی کورد لە داوێنی تەرەغە دا، بەدەنگێکی خۆش گۆرانی دەڵێ و شانازی بە قارەمانەتی ڕۆڵە گیان بەختکردوەکانی کوردستان دەکا، جگە لە وشاری نەتەوەیی و هەستی کوردایەتی، هەستێکی ترنیە ئەو هزر و دوروونە گەش و بیگەردانە بەهێزتر و بیان هێنێتە دوان لە گەڵ خاک و بۆنی خوێنی شەهیدانی نیشتیمان.

سەربەستی و ئازادی بەنرخترین ئەو دیاردە و دەسکەوتە سیاسی و مێژوویەن کە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، دەرفەتی گەشەکردن و خۆناسین و بەشداریکردنی لە حومکڕانێکی ئازاد و دادپەروەردا بۆ پێک دێت.
هەنگاوی لەو جۆرە و بڕیاری یەکگرتووخوازی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نیشانەی ئەو پەڕی وەفاداریە بە ڕێبازی شەهیدان و پشتیووانیکردنە لە شۆڕشی نوێی کوردستان بە هەموو ڕەهەند و فرەڕەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بوونی خۆی سەلماندوە.

هەرچەندە ئەو پەیانانەش بەداخەوە هەتا ئەمڕۆش وەک پێویست کاریگەریان لە سەر بەرەو قۆناخی یەکگرتنەوەی هێزە لێک ترازاوەکانی ڕۆژهەڵات نەبووە و جارێ هەر لایەنێک لە سەنگەرێکدا خەبات دەکا و ئەو پرشوبڵاویەش هۆکاری تەمەن درێژی حکوومەتی ئاخوندی ئێرانە.

دڕدۆنگی و نەبوونی یەکگرتووی سیاسی و نەتەوەیی ئەو دەرفەتەی بۆ دەسەڵاتی تاران ڕەخساندوە هەتا زیاتر کۆمەڵکوژی و زوولم و ستەمی سیاسی و نەتەوەیی دەرهەقی گەلانی ئێران و نەتەوەیی کورد ئەنجام بدات و درێژە بە دەسەڵاتیان بدەن.

وشیاری سیاسی ئەو ژینگەجوان و سروشتە ناوازەییەی لە کوردستان بەرهەم هێناوە کە خەڵکی کوردستان بە ئاشکرا و لە نێو قووڵایی دڵی داگیرکەری فارسدا، بوونی خۆی و سەروەری وەک کوردێکی کوردستانی دەربڕی و بەتەواوی خۆی لە کولتوری هەڵە و خۆسەپێنی فاشیزمی فارس و دەسەڵاتەکانی جیا بکاتەوە.

کوردستانیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕوانینی سیاسی و هزریان، وەک کوردێک بەو پەڕی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی بەشداری کار و چالاکیە جەماوەری و مەدەنیەکان لە شار و ناوچە جۆر بەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و، ئەو بەشداریەش بێگوومان لە هەرزی قووڵی نەتەوەیی و باوەڕ بەمافی سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لەو یادکردنەوەیەدا پێ شاندەدا.

خەڵکی کوردستان لەو ڕێگایەوە پەیامی خۆیانگەیاندوە کە پشتیوانی کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانی دەکەن و، ئەو جۆرە کەرنەڤاڵ و گۆڤەند و شایی و دیلانانە کە لە نێو ئاپۆڕایی شایی و هەڵپەڕکیی کوردیدا، بەوتنەوەی سرودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان" و شوعاری سیاسی تری پەیوەندیدار بەو جووڵانەوە سەرانسەریە لە کوردستان، جەوهەری ئامانجی ئەو بزووتنەوە تازەیە دەردەخات.

نەورۆزی نەتەوەیی و یادکردنەوەی بەو جۆرە، لەلایەک دەرفەتێکە بۆ ئەوەی یەکیەتی بزووتنەوە جەماوەریەکان بەتەواوی ڕێکبخات و بەرووبەکەی تریشدا بڵاوکردنەوەی پەیامی بەرەو یەکگرتووی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەگوێی هێزە تێکۆشەرەکانی ئەو بەشەی وڵات بگەیەنێت.

کەوابوو زۆر گرینگە هێزەکان زۆر بەژیری و هەستی یەکگرتووخوازی لێکدانەوە لە سەر کۆی ئەو پرۆسە نیشتیمانیە بکەن کە لەوێ واتە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گەل کردوویەتیە نەرێتێکی سیاسی و نەتەوەیی و ساڵانە یادی نەورۆز دەکەنەوە و کەس لەو بۆنەیەدا هۆگری بۆ لایەنێک یان هیزێکی دیاریکراو دەرناخات.

بەڵکوو ئامانجی ئەو ڕێپێوان و کۆبوونەوە جەماوەریانە کە لە سنە و مەریوان و بۆکان و مەهاباد و ڕەبەت، بەرەو ورمێ و سڵماس و خۆی دریژدەبێتەوە، نەتیجەی وشیاری سیاسی و نەتەوایەتی کوردی سەلماندووە. جێژنی نەتەوەیی نەورۆز لە هەموو لایەک و بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و خەڵکی خۆڕاگری کوردستان پیرۆزبێت.

۱۹ی مارچی ۲۰۱۹

هەسەدە دەستی بەسەر دوا مۆڵگەی داعش لە" باغۆز" دا گرت!

"گەلی کورد لە ڕۆژئاوایی کوردستان خاکی خۆی ڕزگارکردوە و خاکی ئەوانی نەگرتووە کە لە لایەن تورکیە و ئێران و سووریەوە بەوجۆرە دژایەتی دەکرێ و هەوڵدەدەن گەلەکۆمەی بەدژی ڕێکبخەن و ئەزموونەکەی لە نێو دەبەن" و هەڕەشەی هێرشکردنەسەریان لێدەکرێ. پاراستنی ئەو دەسکەوتە سیاسی و مێژوویە بێگوومان ئەرکی هەرتاکێکی تێکۆشەری خەڵکی کوردستانە و بە هێزبوونی پێگەی کورد لەو بەشەی کوردستانیشدا، دەبێتە باشترین پاڵەپشت بۆ باشوور و سەقاگیری سیاسی و سەربازی و، دروونەوەی یەکەم قۆناخی بەرەو سەربەخۆی کوردستان.

ئەگەر وڵاتانی دەوروبەر دژی ئەو سەرکەوتنە دەفیکری لێککۆبوونەوە و هاوکاری چڕدان و لە هەوڵی ئەوەیدان بە هاوبەشی پیلان گێڕی دژی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژئاوا ئەنجام بدەن، هەربە و شێوەیەش لازمە کوردیش بۆ بەرەبگاربوونەوە و بەرگریکردن لە دەسکەوتەکانی کە بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەل بەدی هاتووە نێومالّی خۆی بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕێکبخاتەوە و ناکۆکیەکان جارێ بەلاوە بنرێن هەتا پاش قۆناخی یەکجاری ڕزگاری نەتەوەیی. بیرەکان و چاوەکان هەمووی لەسەر ئەو خاڵە چڕبکرێنەوە کە چۆن و بەچ ڕێگایەدا بەرگری لە خۆمان و ئەزموونەکان بکەین لە ئەگەری هێرشی سەربازی سووریە و تورکیە بۆ سەر کورد!

هەرچەندە ئەو بیرکردنەوەیە بەداخەوە بە هۆی کولتوری زاڵی دژ بەیەکدی و خۆ خۆری نەتەوەیی، جارِی هەروا بە ڕوانینێکی دووڕە دیمن دەبنرێ، بەڵام دەبێت بەو پەڕی پشوو درێژیەوە بەو ئاراستە نەتەوەسازی و شوناسی نەتەوەیدا کار بکرێ کە کۆدەنگی نەتەوەیی کە تێیدا ڕەچاوی یەکیەتی سیاسی و نەتەوەیی کرابێ، ئاوێتەی ئەو قۆناخە تازەیی تێکۆشان بکرێ.

هەسەدە بە وتنەوەیی سروودی "ئەی ڕەقیب" سەرکەوتنی خۆی بەسەر تێکشکاندنی داعش، گەورە ڕێکخراوی تیرۆریستی، بە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا ڕاگەیاند و دەستی بەسەر باغۆز وەک دوا مۆڵگەی ئەو ڕێکخراوەدا گرت. لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری و بەرفراواندا، بە بەشداری ژمارەیەک لە فەرمەندە سیاسی و سەربازییەکانی هەسەدە پەیامی فەرمی هەسەدە بەو بۆنەوە لە باغۆز لە لایەن "مەزڵوم عەبدە" فەرمەندەی گشتی هێزەکانی هەسەدە بەڕاشکاوی ڕاگەیاندراو و داوایان لە حکوومەتی سووریە کرد کە ڕێز لە دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبەری کورد بگرێ و تورکیەش هێزەکانی لە سووریە

بکێشێتەوە و چیتر دەست لە کاروباری ئەو وڵاتە وەرنەدا و لەوەی زیاتر نەبێتە مایە بارگرژی ناوچەی و دژایەتیکردن لە گەڵ کورد بگۆڕیتەوە بە ئاشتی و پێکەوە کارکردن.

هەر چەندە ئەو سەرکەوتنە وەک پێویست لە لایەن کورد خۆیەوە بایخی زۆری پێنەدرا و ڕەنگدانەوەی ئەوتۆی نەبووە و کە بێگوومان جێگای داخە، شۆڕشی هەر بەشێکی کوردستان ئەگەر هەنگاوێک بڕواتە بەرەوە، بەدڵنیایەوە نزیکبوونەوەی کورد لە لوتکەی ئاسۆی ڕزگاری بەرەو قۆناخی سەربەخۆی و دەوڵەتی کوردستان.

کورد قازانج و بەرژەوەندیەکەیان هەمووی پێک گرێدراوە و هەرکەس و لایەنێک بە پێچەوانەی ئەو دێرە بیربکاتەوە، یەکێک لە خسڵەتەکانی وەک کوردێکی ڕەسەن کە تۆرەمەی خۆی دەسەلمێنێ و، دەرچوون لەو هەڵکشانە سیاسی و نەتەوەیە گوومان لە سەر ڕوانینی نەتەوەیی ساز دەبێ. هەربۆیە دڵخۆشی باشوور هی ڕۆژهەڵاتە و هی ڕۆژئاواش هی باکوورە و هەموویان بەیەکەوە دەتوانن لە دەوری یەکدی بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی خەباتەکەیان، لە تەنیشت یەک و لە سەنگەرێکدا" سەمای ئازادی" بۆ سەربەستی کوردستان بگێڕن.

ڕوانینی نەتەوەیی بۆ کۆی ڕووداوەکان و هاوکێشە سیاسیە ناوچەیەکان دەبێت لەسەر بنەمایەک بێ کە تێیدا بەتەواوی ڕەچاوی بەرژەوەندی سیاسی و نیشتیمانی گەلی کورد کرابێ و هیچ لایەک و سەرکردەیەکی کورد دەفیکری هەڵاواردنی یەکدی و هێزە تێکۆشەرەکانی کوردستاندا نەبێ. کورد بەگشتی لە ژێر هەڕەشە و مەترسی گەورەی دوژمنان و داگیرکەرانیدایە و ئەگەر لە هەوڵی بەهێزکردنی کۆدەنگی نەتەوەیدا نەبێ، زیانی گەورەی بەردەکەوێ و دەسکەوتە بەدی هاتووەکانی دەکەونە مەترسی لە نێوبردن بە هۆی دەوڵەتانی دژبەری کوردستان.

کورد داعشی شکەست پێهێنا و ئارامی و ئاسایشی بۆ زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناوچەی گێڕایەوە و دڵی هەموویانی خۆشکرد. ئەو جار دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری کورد لە ڕۆژئاوا کە سەرکردایەتی شۆڕشێکی گەورەی دادپەروەری و پاراستنی مافی سیاسی کەمینەکان و ڕزگارکردنی ژیانی بە میلیۆنان مرۆڤی لە ژێر سایەی ڕەشی داعش لە سەرشانبوو، لە ئێستادا پاراستنی ژیان و دەسەڵاتی ئەو بەشەی کوردستان دەکەوێتە ملی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کە ڕێگری لە سووریە و تورکیە بکەن لەوەی نەکا بە خێرای هێرش بکەنە سەر کورد و ئەزموونەکەیان لە نێوبەرن.

بێگوومان دەمێشق و ئانکارا بەو سەرکەوتنەی هێزە دێمۆکراتیکەکانی ڕۆژئاوا دڵخۆش نین و هەنگاوەکانی سەقامگیری سیاسی و ئاشتی کە ئامانجی سەرکردایەتی سیاسی ئەو بەشەی کوردستانە، بەداخەوە ئەو دوو دەوڵەت بەزیانی خۆیان و وەک مەترسی و هەڕەشەی گەورەی لە قەڵەمدەدەن و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای چارەکردنی ئاشتیان وەک باشترین بژاردەی

کۆتایی هێنان بەو قەیرانە لە گەڵ کورددا، بەداخەوە لە ئێستاشدا لە هەگبەی حکوومەتی سووریە و تورکیەدا نیە و هەر وەک ڕابردوو پەنایان بردۆتەوە بەر زمانی زبر و چاوسوورکردنەوە و هێرشکردنە سەریان.

هەر یەکە لە وەزیرانی بەرگری ئەو دوو وڵاتە بە زمانی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە کورد، دەیان هەوێت بەقەولی خۆیان مەترسی لە سەر وڵات و خاکەکەیان دوور بخەنەوە و ئەو بابەتەشیان بە لە نێوبردنی دەسەڵاتی خۆبەڕیوەبەری ڕۆژئاوای کوردستان گرێداوە. هەلومەرجی سیاسی ناوچەی و گێتی لانیکەم لە ئێستادا بۆ ئەو گەلەکۆمەیە پێک نەهاتووە و هەر هەنگاوێک کە مەترسی لە سەر بەرژەوەندی ڕۆژئاوا دروست بکا، بە هۆی سی پایتەختی تاران و ئانکارا و دەمێشق، جگە زیان گەیاندن بە خۆیان، بەرووداوخەکەش بەرەو شڵژان و ئاڵۆزی فرەتر دەبن. کەوابوو ئەو حکوومەتانە لازمە لە گەڵ کورددا، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە و بە ئاشتی پێکەوە کاربکەن و کۆتایی بە ناکۆکیە مێژوویەکان بێنن.

ئەگەر بێت و حکوومەتی سووریە و و تورکیە بەو جۆرە ئاقڵیەتەوە بڕوانە بابەتەکە و بە ژیری دەفیکری چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نەتەوایەتی کورددا نەبن، کیشەکان هەر بەو جۆرە دەمێنەوە و شەڕ و پەلاماردانی کورد، زیان بە گیانی دۆستایەتی کورد و عەڕەب و تورک دەگەیەنێت و ئەوانیش زیانی گەورەیان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسی بەردەکەوێ. ئەمریکا و ئیسرایل و فەڕانسە و کۆمەڵێک وڵاتی تری بەهێز لایەنگری پرسی کورد دەکەن و ئەو گەلە بە موستەهەقی دەوڵەتی خۆی دەزانن و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ تاران و ئانکارا و دەمێشق کێچیان کەوتبێتە کەوڵی و لە هیچ کوێ عەجمینیان نەبێ و لە بەهانە دەگەڕین، هەتا نێوەرۆکی ئەو ڕەوتە و بارودۆخەکە بە جۆرێکی تر بگۆڕن و دژبەرانی کورد لە بەرەیەکدا ڕێکبخەن و شەڕ هەڵبگریسێنن.

تورکیە خۆی وەک مەترسی لە سەر ئاسایشی گێتی سەیر دەکرێ و لە ئێستادا خەونی گەورەی ئەوەیە کە چۆن دەسەڵاتی خەلافەتی سوڵتانی دابمەزرێنەتەوە! کەوابوو ئەو وڵاتە خۆی کیشەی کەمنیە کە هی کورد بۆ خۆی زیاد بکا. باشترین بژاردەی ئاقڵانی سیاسی بۆ حکوومەتی تورکیە ئەوەیە هەوڵبدات لە گەڵ کورددا بناخەی دۆستایەتی دابنێ و ئەو گەلە بە دژبەر و نەیاری خۆی پێناسە نەکات.

کورد خاکی خۆی ڕزگارکردوە و خاکی ئەوانی نەگرتووە کە دژایەتی دەکرێ و هەوڵدەدەن گەلەکۆمەی بەدژی ڕێکبخەن. هەرچەندە لێکدانەوە و ڕوانین بۆ داهاتووی سووریە، فرە هاسان نیە کە کورد چۆن دەتوانێت دەسکەوتەکانی بپارێزێ، بەڵام بارودۆخی سیاسی و سەربازی ناوچەی و چالاکیەکانی ئەمریکا وەک ناوەندی بڕیاری دونیا، کە پشتیووانی لە هەسەدە دەکا، وەک هێزێکی بەرچاو کە ڕۆڵی لە تێک شکاندنی داعشدا هەبووە، پێناچێت بەو سانایە پشتگوێ بخرێت لە لایەن ئیدارەی ترامپەوە. بەدڵنیایەوە سیاسەتی نوێی ئیدارەی ئەمریکا زیاتر لە بەرژەدەندی کوردایە و لە ئێستاشدا

پەیوەندیەکانی واشنگتۆن و ئانکارا بە جۆرێک تێکچووە، چاوەڕوانناکرێ بەو هاسانیە، بارودۆخەکە بەرەو باشی بڕوا و کورد فیدای خوانێکی بچکۆلانەی نێودەوڵەتی بکرێتەوە.

چوونکی ئەو فیکرەش لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا هەتا دێت زیاتر گەشەدەکا و زۆرێک لە ناوەند و میدیای کاریگەر و ناسراوی نێو دەوڵەتیش لایەنگری دەوڵەتی کوردی و بە هێزکردنی کوردستان، وەک نەتەوەیەک کە بەتەواوی لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیەوە لە فارس و تورک و عەرەب جیایە و کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و ئاشتیخواز و و دادپەروەرن و دژی تیرۆرن.

زۆر دژاوە تێبگەین رووداوەکانی سووریە و دەسەڵاتی خۆ بەڕیوەبەری کورد لەو بەشەی وڵاتدا بەرەوکوێ دەڕوات. چوونکی ماوەیەکە وڵاتانی دژ بەری کورد و سیاسەتی هەسەدە دەستیان بە هێندێک جووڵەی سیاسی و سەربازی لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی دەمییشق دا کردوەو هەر یەکە لە سووریە و تورکیە بە جیا دژایەتی خۆیان لە بەرامبەر کورددا دەر بڕیوە و بێگوومان مسکۆش وێڕای تاران لەو پیلانە نوێ یەدا بەشدار و ئاگادری ئاڵۆگۆڕەکانن.

کورد لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەلێک هەستیار و گرینگی میژووی خۆیدایە لە ڕۆژئاوای کوردستان. ئەگەر ئەمریکا لەو پڕۆسەیە بڕواتە دەرەوە و هێزەکانی بەتەواوەتی لە سووریە بکێشیتە دەرەوە، بارودۆخی دژوارتر بۆ هێزە سیاسی و شۆڕشگێڕەکانی هەسەدە دێتەبەرەوە و ئەو هێزەش بەتەنیا ناتوانێ شەڕی ئەو سێ جەمسەرە بکا.

٢٤ی مارچی ٢٠١٩

ڕزگاری نەتەوەیی، متمانە پێککردن و هاوخەباتی هێزە سیاسیەکانی گەرەکە!

میژووی جوواڵانە سیاسی و سەربەخۆیخوازەکانی

کورد ئەو ڕاستەی سەلماندوە کە ڕێبەرانی ئەو شۆڕشانەی لە قۆناخە جۆبەجۆرەکاندا سەریان هەڵداوە و بەداخەوە بەئامانجەکانیان نەگەیشتوون، گەلێکیان بەلاوە دژواربووە، پێکەوە هەڵبکەن و لە سەر هێڵێکی دیاریکراوی نەتەوەیی درێژە بە خەبات و تێکۆشان بەدژی دوژمنی هاوبەش کە داگیرکەرانی کوردستان بدەن و، خەمی ڕزگاری سیاسی و نەتەوەیی بخنە پێش هەموو ئاروزوویەکی تایبەتی و بەرژەوەندی تاکەکەسی و بنەماڵەیەوە.

ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کورددا هاتوون لە دێرزەمانەوە و هەتا ئەمڕۆ لێکچوونێکی تەواویان لە گەڵ یەکدیدا هەیە و زۆر لە ڕوناکبیران و بیرمەندانی گەلەکەمان لەو بڕوایەدان کە، ڕزگاری سیاسی بەو جۆرە ناکۆکی و پرشوبڵاوییە، بێگوومان ناتوانێت بە ئامانجەکانی بگا و بەشێوەیەکی گونجاو ڕێبەری سیاسی بزووتنەوەی نوێی لە کوردستاندا ڕێبەری بکات.

دیارە ئەو ڕوانینە بەتەواوی دروستە و هەتا کورد لە سەر لایەنی نەتەوەسازی و متمانە کردن بە یارمەتی و هاوکاری و کۆدەنگی نیشتیمانی لە گەڵ خۆیدا، زەمینەی لە بارتری لە سەر ئاستی هاوکاری و یەکیەتی سیاسی و نەتەوەی لە نێو کورددا نەڕەخسێ، ئاسۆی ڕزگاری یەکجاری بەداخەوە هەربەجۆرە بە لێلی دەمێنێتەوە و ناکرێ ئومێد لە سەر قۆناخی سەربەخۆی کوردستان هەڵبچنین!

نەتەوەسازی و متمانەی سیاسی و ڕێکخراوەی وەک بابەتێکی گرنیگی نێوخۆی کوردستان، شتێکی دژوار و ئاڵۆزنیە، تەنیا هێندێک هیمەت و هەستی پێکەوە کارکردنی دەوێ و ئەگەر لایەنەکان دەست بەرداری پلە و لوت بەرزیان بن، بێگوومان ئاسۆی بە ئامانج گەیشتن ئەوەندە تاریک و دوورە دیمن نابێ.

سەیربکەن، هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی قەیرانی نێوخۆی تەشکیلاتی و پێکەوە هەڵنەکردن، دوچاری لێکترازان و دابڕانێک هاتوون و هەر بەو هۆیەشەوە بزووتنەوەی سیاسی کوردستانیش لە ڕووی هزری و کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەیی زیانی گەورەی بەرکەوتووە و شار و ناوچە و خەڵک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش لەو نیعمەتەی بێ بەش نەبوون.

ئەگەر لە ئێستاوە کورد لە سەر پلات فۆرمێکی نەتەوەیی پێکەوە ئامادەی کارکردنی تێدا نەبێ و بیر لە ستراتیژی نەتەوەی خۆی نەکاتەوە و بەردەوام وەک دۆست و هاوپەیمانی زۆر نزیک حیساب لە سەر ولاتانی داگیرکەری کوردستان بکا، ڕەنگە لە داهاتوودا گەل زیانی زۆری بەربکەوێتەوە و بە هۆی بارودۆخی ناوخۆیەوە، دووچاری هەلومەرجێک بێ کە بۆ سەرکەوتن بە سەر لایەنی بەرامبەریدا کە هێزێکی کوردییە، پەنا بەرێتەوە بەر داگیر کەری کوردستان. ئەوجار دیسان مێژوو کارەساتێکی تر لە هەناوی خۆیدا لە سەر ڕێبەرانی کورد تۆمار دەکا.

بەداخەوە ئەو بابەتەشێک نیە هەر لە خۆوە باس بکرێ و وەک خاڵێکی جەوهەری بێتەوە بەرباس. ڕووداوی هاوشێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەر بێگوومان زۆر جاران بەسەر شۆڕشەکانی کوردستاندا هاتووە و جووڵانەوەی کوردی بۆ چەند دەیەک لە خەبات و بەرخۆدان بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە.

هەر چەندە لەوبارەوە بارووبۆخی سیاسی و یەکگرتووی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا زۆر بە وشیاری گەشەیکردوە و ئەوان بەیەکەوە و لە سەنگەرێکدا بەدژی حکوومەتی ناوەندی خەبات دەکەن.

کاتێک ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بە جۆرێک بێ کە دژی یەکدی هەڵسوکەوت بکەن و هەریەک لە لایەنەکان خۆی بە هەقداری هەموو شتێک بزانێ و لایەنی تر و فرە ڕەنگی لە بەرچاو نەگیرێ، بێگوومان ئەو ڕوانین و کولتورە دەگوازرێتەوە بۆ نێو خەڵک و سروشتی سیاسی لە کوردستاندا، دەرهاویشتەی تری لێ دەروێنە دەکرێ.

بەڵام یەکگرتووی نێوخۆی، بەدڵنیایەوە کاتێک لە لوتکەی سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە کە هێزەکانیش نێومالّی خۆیان ڕێکبخەنەوە و بە هەنگاوی سیاسی و ژیرانەیان، کۆتایی بە قەیرانی لێکترازان بێن و هەروەک هەمیشە لە سەنگەرێکدا خەبات بکەن، کە بەر لە ڕوداوەکانی لێک دوورکەوتنەوە و لێک زویربوون تێکۆشاون.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بەکردەوە داکۆکی لە مافی سیاسی و هەولّی بۆ ڕزگاری نەتەوەی دەدا و مێژووش ئەو ڕەسالّەتە گرینگ و هەستیارەی خستۆتە سەرشان وەک هێزێکی دیار و شۆڕشگێری ئەو مەیدانە و هەر بۆیەش لازمە بە چاوی ڕەخنەگرانەوە بەرەو قۆناقی نوێی خەبات بڕواتە بەرەوە و هەولّی ئاشتی و ڕێکخستنەوەی لانیکەم نێومالّی خۆی بخاتە دەستووری کاری خۆی و ئەولەویەت بە یەکڕیزی و کۆدەنگی نەتەوەیی بدات.

ڕێبەرانی سیاسی کورد کە مەبەست لەو چەند دێرە هەر چوار بەشی کوردستانە، گەلّەیەکی هاوبەش و نەتەوەیان نیە و هێزەکانیش هەتا لە گەلّ یەکدیدا هەڵناکەن و حیزبێک بە هۆی ململانەی نێوخۆی دووچاری لێکترازان و دابڕان بێ و جارێ

بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەدژی یەکدی کار دەکەن و کەش و هەوای سیاسی کوردستان بە تەواوی تێک دەچێ و هەرکەس بۆ لای خۆی دەکێشێ و هەوڵدەدات خۆی بسەلمێنێت کە هەر ئەو هەقە.

بەداخەوە بارودۆخی کورد بەگشتی و لە هەر چوار بەشی وڵاتدا، هەر بە شێوەکی لێک نزیک دەڕواتە بەرەوە و هەتا ئەمڕۆش هیچمان بە هیچ پێ نەکراوە.

بیرکردنەوەی ورد و ڕوانینی بەرچاو روونانە و هەستکردن بە قۆناخ و زەروورەتی ئەو بەرخۆدانەی دەستی پێکردوە، هەتا ئەمڕۆش، نەیتوانیووە لە قۆناخی فەریکەی، خۆی ڕزگار بکا و بکەوێتە سەر ڕێڕەوی ڕاست و دورست کە لە ئامانجەکانی نزیکی بخاتەوە.

هێزە کوردییەکان بەجۆرێک خەبات دەکەن کە خۆیان و پێگە و بیرو هزری حیزب بە سەر نەریتە سیاسی و ستراتیژی نەتەوەیدا زاڵدەکەن و بۆ باڵادەستی و دەسەڵاتخوازی، زۆرجاران جووڵانەوەی کورد کە زۆریش چۆتە پێش و سەرکەتووبووە، تێک شکاوە و خۆی پێنەگیراوە و دوژمن بەسەریدا زاڵبووە. ئەو شتانە هەر ئەوەنیە کە نەزانرێ، هەموو لایەک لەسەر ئەو خاڵە کۆکن، بەڵام هیچکام لە هێزەکان ئامادەی ئەوەی تێدا نیە بە کردار بۆ ئەو مەبەستە کار بکا.

گەل و بڕیار و کۆدەنگی نەتەوەیی وەک جەوهەری قۆناخی نوێێ خەبات هێشتا بەتەواوی جێ نەکەوتووە و بایەخی پێنادرێت و ئەگەر کەس یان لایەنێک بیر و ڕایی لەو بارەوە ئەرێنی بێ، بەڵام بەکردار هەنگاوێکی شیاوی هەڵنەگرتووە. خەباتی نەتەوایەتی وەختێک دەتوانێت نەتیجەی باشی هەبێ، کە کرۆکی باس و داخوازەکان، سەمەرەیی خۆی لە هەستی بەرزی ڕزگاری نیشتیمانی وەرگرتبێ و هێزەکان بەگشتی لە سەر کۆمەڵێک خاڵ و بەرگەی تایبەت بە ڕزگاری سیاسی نەتەوەیی پێکەوە کۆک و بسازێن!

ئێمە فێری سازن و کارکردن بە شێوەی بە کۆمەڵ کە ڕەندانەوەی بیر و هزری فرەبێ، هێشتا نەبۆتە نەریت و جێنەکەوتووە! ئەو خاڵە دەبێ کاری لەسەر بکرێ و ناکرێ هەتا دونیا بەدونیایە کورد لە هۆکارەکانی بە دەوڵەت بوونی خۆی نە کۆڵێتەوە و بۆ ئ ژیانی ژێردەستەی خۆی شوکرانە بژێربێ، بەواتایەکی تر بە ژیری دەفیکری داهاتوویدا نەبێ و سەرفەسڵێکی نوێ لە هاوکاری و خەباتی ڕزگاریخوازی دەست پێنەکات.

هێزەکان بە قسە هەموویان نەتەوەیی و نیشتیمانین! بەڵام ئەوە هەر بەقسە ناکرێ، دەبێت پڕۆژە و هێلکاری هاوبەش بکرێتە دەست مایەی شۆڕشی نوێ لە کوردستان. بەقسە هەموو لایەک نەتەوەیە و باسی ئەو بابەتە دەکا، بەڵام بەکردار

گرینگی لە ئێستادا خەباتی بۆ بکەی.

ئەگەر بڵێین کورد خەباتی بەتەنیا بۆ قۆناخەکانی تێکۆشانکردوە، ڕەنگبێ شتێکی هەڵە و سەیر باسنەکرابێ. وەرە سەرنج بخەنە سەربەشێک لە جووڵانەوەی سیاسی کورد، ئێمە هەر مێژوومان لە بەرچاوە و بە وردیش باسی ئەزموون و بەردەوامی و پشوو درێژی ئەو شۆڕشە دەکرێ، بەڵام ڕێبەرانی سیاسی نەهاتوون لەو لایەنەی ئەزموون وەربگرن، کە هۆکاری ئەو هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانیە کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە.

دیارە ئەو لایەنەی زیاتر بۆ ئەوەیە هەتا دڵی خۆمان بەجۆرە خۆش بکەین و یانیش بڵێین ئێمەش وەک کورد خۆ خەباتمانکردوە و مێژوو گەواهیدرمانە!

هەتا لەسەر ئەو بنەمایە بڕوانینی داهاتووی بەرخۆدانی نەتەوەیی و ، قۆناخی گەشەی نەتەوەیی لەو چوار چێوەیەدا خویندنەوەی لەبارەوە بکرێ، کە بەباوەڕی من ئەو لێکدانەوە و تێگەیشتنە، زیانی زۆری بە هێڵە گشتیی و جەوهەریە کانی خەبات گەیاندوە.

کاتێک باس دێتە سەر پاشەکشە و شکەستەکان، دەرکەوتووە کە هەمووی بەهۆی دژایەتی نێوخۆی و خۆ بەزلزانی و وێک هەڵنەکردنی کورد خۆی باحیسی بنەڕەتی ئەو بارودۆخەیە.

ناکۆکیەکان لە گەڵ یەکدیدا هەتا ئەو جێگایە مەترسیداربووە، کە لایەنێک بۆ ئەوەی بە سەر بەرامبەرەکەیدا سەربکەوێ و لە مەیدانی ملمانیدا پەراوێزی بخا، بەپشتی خۆی بە دوژمن بەستووە و و بڕاکەی خۆی کوشتووە! ئەوەی جێگای سەرنجە هەتا ئەمڕۆش لەو بابەتە پەند وەرنەگیراوە و ئەگەری دووبارە بوونەوەیشی کەم نیە. ئەو باسەش پەیوەندی ڕاستە و خۆی بە فەریکەی هەستی نەتەوەیی و جۆری خوێندنەوەی سیاسیەکانە سەبارەت بە مێژوو و داهاتووی کوردستان.

۱۱ی ئەپریلی ۲۰۱۹

کورتەباس کرۆکی کۆی ئەو داخواز و ئامانجانەیە...

"کورتەباس کرۆکی کۆی ئەو داخواز و ئامانجانەیە کە بزووتنەوەی کورد خەباتی لە پێناودا دەکا"

بەشی یەکەم:

سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک بۆتە بە شێکی گرینگ لە ڕێبازی سیاسی و نەتەوەیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ، باسەکان و مامانجەکانی کورتەباس شتێک نین کە حیزب خۆیان لێ بەدوور بگرێ.

ماوەیەکە هێندێک کەس لە ڕوانگەی فەلسەفیانەوە، ئەولەویەتی کاریان بە قەولی خۆیان خوێنەوەی نوێ بە پێناسەیەکی ئەمڕۆی سەبارەت بە سیالیزمی دێمۆکراتیک چرکردۆتەوە و، بە کورتە باسیانەوە گرتووە و بەرنامەی گۆڕانکاریان خستۆتە سەرمێزی کارو چالاکیە روناکبیریەکانیان.

دیارە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو مەسەلەیە لە نەوحی خۆیدا کارێکی باشە و دەبێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەی ئەو ڕێبازە سیاسی و نەتەوەییە بە شێوەیەکی بەربلاوتر و گشتگیرتر توێژینەوە و شیکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدرێ و هەروەک هەمیشە بە تەنیا بژاردەی چارەسەرکردنی کۆی پرۆسەی سیاسی و ڕێکخستنەوەی باڵانسی ژیان و خزمەتی چاکتر بە گەشەپێدانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان بینێتەوە، پاش ڕزگاری سیاسی و نیشتیمانی کوردستان.

کورتەباس لە باری سیاسی و نەتەوایەتی هەنگاوێکی بوێرانە بوو لە سەردەمی هێنانە گۆڕیدا، بە ڕوویەکەی تریشدا ئەو قازانجەشی هەبووە کە کوردی بە کوردستانەوە گرێداوەتەوە و حیزبی دێمۆکرات ئەرکداریکردووە کە هەروەک هەمیشە خەمخۆرێکی بێهاوتای بزووتنەوەی سیاسی و نیشتیمانی گەلەکەی بمێنێتەوە و لە ڕێبازی خۆی کە ڕزگاری کوردستانە دوور نەکەوێتەوە.

کورتەباس و نێورۆکی مەسەلەکان، دەرهاویشتەی ئەخلاقی سیاسی و نیشتیمانی بەتەواوی تێدا بەرجەستەکراوە، سیاسەت و ڕێبازی نەتەوەیی لە ڕوانگەیەکی بوێرانەوە کە مرۆڤی سیاسی و شۆڕشگێر نەکەوێتە سەر کاریگەری تەوژمی بیروباوەڕێک کە زیان بە جووڵانەوەی کورد بگەیەنێت. ئەو باسە و خوێندنەوە لەبارەیدا، بەدڵنیایەوە پێویستی بە مرۆڤگەلێکی وشیار و

لەسەرهەست و نەتەوەیە.

دکتۆر قاسملوو هەر لە خۆیەوە ئەو فیکرەی گەڵاڵە و تیئۆریزەنەکردوە، ئەو بەتەواوی لەو ڕاستیەوە گەیشتووە کە حیزبی دەمۆکرات، وەک هێزێکی شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی کە ڕێبەری بزووتنەوەیەکی بەتەواوی سیاسی دەکا، دەبێ دژی ملهووڕی و چەساندنەوەی مرۆڤ بەدەستی بەمرۆڤەوە بێ، ڕێز لە بیروڕاو ڕوانینی جیاواز بگرێ و کەس لە سەر دەربڕینی نەزەر یان بەیانی فیکری، هەرچییەک بێ، ناکرێ دووچاری توندو تیژی و لێکۆلینەوە بکرێتەوە.

بەڵام ئەوشمان لە بیرنەچێ دێمۆکراسیش هەموو سنوورێکی تایبەتی و ژیانی سیاسی کۆمەڵگا و تاکەکان نابەزێنی و ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە بڕوانینە سەر چەمکی دێمۆکراسی سیاسی، بێگوومان بەهەڵە لەو فیکرە تێگەیشتووین.

ئازادی تاک بە یەکێک لە بنچینەکانی ئەو ڕێبازە دیزانکراوە و بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی زۆر لەو کەسانەی کە زەمانێک پێیانووابوو ئیدی ئەو ڕێبازە گرینگی و زەرووڕەتی سیاسی و مێژووی لە دەستداوە و ناکرێ میحوەری باس لە خۆی بگرێ بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە نیازیان بە ڕێفۆرم و سیستمێکی سیاسی و ئابووری تایبەتی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا!

ئەو بەڕێزانە کە بەداخەوە لە ڕووی فیکرییەوە وەک داشەهارەی کایەی نێو دامەیان بەسەردا هاتبوو، هەر ڕۆژێک بەلایەکدا ئاقرەبەی بیرو فەلسەفەیان دەگۆڕی، لە پاش کۆنگرەی ١٣ی حیزبدا بە ڕوونی دژایەتی خۆیان بۆ ئەو ڕێبازە نیشاندا و لە کۆمەڵێک وتاری ناشەفا و ناڕوونداا ڕق و قینی خۆیان لەو بارەوە هەڵڕشت و زۆری نەبرد کە بەناچاری وهەر بە پێیخۆشیان میلی خۆیان بۆ ئەو ڕێبازە سیاسی و نەتەوایەتیە بەردایەوە و بۆ جارێکی تر وەفاداریان دەربڕییەوە.

ئەو کات پێیان وابوو سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک نیزمێکی ئەو تۆنیە کە بتوانێ ولاّمدەری ویست و ئامانجی گەل بێ و خواستەکانیان زامنبکا و ژیانیکی شایستە بۆ کۆمەڵگای کوردستان دەستەبەر بکات. لە ڕوانگە ئەو کەسانەوە وەک ڕێبازێکی سوننەتی و سواو تەماشادەکرا و بە بێ سوودیان دەزانی!

ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش چەند دەیە لە خۆڕاگری و بەرخۆدانی بێوێنەی، لە هەلومەرجی ئێستادا زیاتر خۆی بە ڕێبوار و درێژە پێدەری ئەو ڕێچکەیە دەزانێی کە دکتۆر قاسملوو داهێنەری بووە وەک میراتێکی گەورەی نەتەوەیی لە پاش خۆیدا بە جێی گێشتووە.

هەتا ئێرەش سیستەمێکی لەو باشتر و شیاوترنیە کە وڵامدەری ویستەکانی خەڵکی کوردستان بێ و ئەو ڕێبازە لە ڕووی وشیاری و قەوارە و ڕیفۆرمی گشتیەوە، بێگوومان هەر وەک خۆی و بە فیکرە تاقانەی چارەسەرکردنی کۆی کێشە و گیروگرفتە سیاسی و نەتەوایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێنێتەوە.

خوێندنەوەی نوێ سەبارەت سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک، سەرەتا زۆر گرینگە بەوردی شەنوکەوی کۆی ئەو باس و خاڵە ئەساسیانە بکرێ کە میحوەری ئەساسی هێنانە گۆڕی باسێک لەسەر کورتەباس لە نێو حیزبدا بە دوای خۆیدا هێناوەتەگۆڕێ. پاشان ناکرێ هەموو لێکدانەوەیەک بخرێتە خانەی ئەو پێناسەیەکە مرۆڤ لە ڕوانگەی خۆیەوە پێی باشترینە.

ئەگەر ڕاشکاوبم لە گەڵ خۆماندا کەسێک نیە لە ئاستی دکتۆر قاسملووی پەیدابێ و خۆی لە قەرەی باسە کانی نێو کۆرتەباس بدات و لە ڕووی نێوەرۆک و دەستووری و یاسایەوە دەوڵەمەندتری باکا، بە جۆرێک کە خواست و ویستی گۆمەڵگای بەتەواوی تێدا ڕەچاو کراوبێت!

ئەو بەڕێزانەیش کە خەیاڵێکی لەو چەشنەیان هەیە، جگە لە شیکردنەوە و سادەکردنەوە بابەت و خاڵبەندییەکانی ، باوەڕ ناکەم خاڵ یان لە ڕووی هزرییەوە بتوانن مادەیەک بخەنە سەر خەرمانی پڕلە بەرەکەتی ڕێبازی سیاسی و نەتەوەی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دکتۆر قاسملووی نەمر لە دوو توێی باسێک لە سەر سیۆسیالیزمی دێمۆکراتیکدا کە لە بەردەستدایە.

پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی ئەو بنەما فیکریە، بێگوومان کارێکی ئەوەندە هاسان و کەم زەحمەت نابێ و نیازی بە لێکدانەوە و توێژینەوەی وردی زانستی و ئاکادیمی تایبەتی خۆی هەیە.

پاشان ئەگەر گروپێک یان کەسێک خۆی لە ڕابردوودا بەتەواوی لە گەڵ ئەو ڕێبازەدا نەتەبا و ناسازگاربووبێ، چۆن دەتوانێت لە ڕوانگەیەکی گشتی و پێشکەتنەوە دێراسەی نوێ لەسەر ئەو باسە بخاتە ڕوو و چاکتری بکاتەوە و زیان بەو زانستە سیاسیە نەگەیەنێت؟

ئەو بابەتەش بەکەسانێک دەکرێ کە شارەزاییەکی بێ وێنەی ئەو ڕێبازەیان هەبێ و بە نابەدڵییەوە دێراسەی جەوهەری مەسەلەیەک ناکرێت کە تاڕادەیەک لە گەڵ سروشتی سیاسی و ژینگەی باسەکەدا خۆی نامۆبێ.

پاشان لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر زانستی سیاسی هاوشێوە مافی هەر کەسێکە کە لەو ڕێگایەوە خزمەتێک پێشکەش

بکا، بەڵام ئەو خاڵە لە ڕاستیدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاستی وشیاری و تێگەیشتن لە سەر سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک زیاتر تێدا بەرجەستە دەبێت. زۆر نین ئەوانەی بەباشی باسەکانی کورتەباس تێگەیشتوون و دەشتوانن بیبەنە نێو خەڵک. سروشتی لە دایکبوونی ئەو چەمکە فیکریە بەداخەوە بێ سەرئێشە و دەردیسەری نەبووە و گەڵێک لەسەر ئەو ڕێبازە لۆمەی دکتۆر قاسملووی کرا. ئەو ڕێبازە ملکی سیاسی و نەتەوەیی یاییەت بە هێزێکی هەرە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری کوردستانە و ناکرێ هەر کەس بێ و لە ڕوانگەی خۆیەوە دیراسەی بکا و لە گەڵ سەلیقەی خۆی و حیزبەکەیدا ملایمی بکا. کەوابوو بەر لە هەر هەنگاوێک کە لەو ڕاستایەدا بنرێ، لازمە ئەو بەرچاو روون نیە لە نێو تەشکیلاتی حیزب لەو بارەوە کاری لەسەر بکرێ کە چۆن بوانین ئەو ڕێبازە زیاتر شی بکرێتەوە و داکۆکیکاری بین.

بە زمانیکی تر ئەو دۆستانەش کە هەوڵی نوێکردنەوەی ئەو ڕێبازە دەدەن، دەبێ نیشانی بدەن کە لە چ بارێکەوە ئەو گۆڕانکاریە دەکەن ، یان بەتەنیا چەند رستە و زیادکردنی دەستەواژە ئەو پێناسەی کە لە هەگبەیاندایە، بێگوومان بەدی نایەوە و ڕاستی ئەو بابەتە ناسەلمێنرێ.

خوێندنەوەی نوێ لەسەر سۆسیالیزم وەختێک ڕەواجی دەبێ و خەڵک بایخی پێدەدات کە تێیدا لایەنی سادەکردنەوە و دوورکەوتنەوە لە بنەمای فیکری مەبەستی ئەو شیکردنەوەیە نەبێ یان زووتر بڵێین، لەو پێناسەیەدا کارێک نەکرێ کە شیواندن و بەلاڕێدابردنی ئەو چەمکە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی لێ بکەوێتەوە.

کەس ناڵێت با شیکردنەوەی زیاتر لە سەر دەقی خاڵ و بابەتەکان نەکرێ، چوونکی ئەو باسە زۆر بە کورتی و پووختی وەختی خۆی پێشکەشکراوە و هەتا ئەمڕۆش بێ ئەوەی وشەیەک یان ڕستەیەک بەو باسەوە زیادبکرێ، لە هەموو کۆنگرەکاندا بە زۆرینەی دەنگ وەک ڕێبازی حیزب پەسنکراوەتەوە.

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کاتێک ئەو ڕێبازە سیاسی و زانستیە خەڵک و تێکۆشەرانی دێمۆکرات بایخی زیاتری پێدەدەن کە لە جەوهەر و نێوەڕۆکدا، دووچاری شێواندن و تێکەڵ پێکەڵی هزری نەکرێ.

"کورتەباس کرۆکی کۆی داخواز و ئامانجانەیە کە بزووتنەوەی کورد خەباتی لە پێناودا دەکا."

وێڕای بیرکردنەوە لە قۆناخ و شێوەکانی گەیشتن بەمافی سیاسی و نەتەوایەتی و پێک هێنانی نیزامێکی بەتەواوی دێمۆکراتیک، کە لەوێدا ئەو دەرفەتە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات پێک دێ بە شێوەی کارا و چالاک بەشداری لە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ولاتدا باکا و خۆیان لە حوکمرانی بە دوور نەگرن. ئەو مەسەلەیەش کاتێک باشتر

جێدەگرێ کە حکوومەتێکی گەلی و نیشتیمانی وڵات بەڕێوەبرێ و هەموو لایەک دەرفەتی بەشداری چالاکانەی لە ئاڵۆگۆڕەکانی حکوومەتی کوردستاندا بۆ پێک بێ.

بەداخەوە مەرگ دەرفەتی بە ڕێبەری شارەزا و فلیسووفی ئەو ڕێبازە نوێیە واتە: دکتۆر قاسملووی نەمر نەدا کە خۆی کورتەباس بە ئەزموون و تێگەیشتنی ورد و زانستی زیاتر پاراو بکا و سەرلەنوێ پێشکەشی بکاتەوە. بۆ ئەوەی جووڵانەوەی سیاسی کورد سوودی خۆی لێوەربگرێ و لە پاش مەرگیدا، ئەو فیکرە بەو جۆرە "هەتیو" نەکەوێتەوە.

دکتۆر قاسملوو دەڵێت: "هەڵسەنگاندنی ئەو باسە ئەگەر بە غەرەزو بووغزنەبێ، شتێکی باش و جێگای ئافەرینە."

بەداخەوە کەم نین ئەوانەی بە خشکە خشک لە بنەما فیکری و ئیداریەکانی دکتۆر قاسملووی دەدەن. لە ڕێبەری گەورەمانەوە فێربووین کە دژی فەرد پەرستی و بوێری بیروراوەربڕین بین. بیروباوەڕی پێشکەتوو، کە لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگا دەرفەتی گەشەکردن و بووژانەوەی بۆ پێکدێ، وەک ئەرکێکی سیاسی و نیشتیمانی حیزب و ئەندامان و لایەنگرانی لازمە پارێزگاری لێ بکەن و زۆرتر لە نێو بازنەی تێکۆشانی حیزبدا شۆڕبێتەوە و سوودی لێ ببینین و ئاوێتەی خەباتی سەردەمیانەی بکەین.

هێندێک لە دۆستان کە لە ڕابردووشدا بەداخەوە کەوتبوونە ژێر تەوژم و کاریگەری بیر و هزری تروە(تووده)، لە بەنرەتدا زۆر ئەلاقەیان بە ئامانجی دواڕۆژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، "سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک" نەبووە و زۆرێشیان تەنە و تەشەر تێدەگرت و بە ڕێبازێکی دروستیان نەدەزانی. زۆر تریش لەبەر ئەوەی بوو کە دانەر و نووسەری ئەو بیر و باوەڕە، کوردە و ڕێبەری حدکا و جوولانەوەی نەتەوایەتیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

زۆر جێگای خۆشحاڵیە کە پاش نزیک بە چوار دەیە، ئەو کەسانێک پەیدادەبنەوە، قسەیەکی خێر لەسەر ئەو ڕێبازە سیاسی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووریە بکەن و بە بنەمای وەرچەخانێکی گەورەی بزانن بۆ کۆی باس و پرسە گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەو باسانەی کە زۆر گرینگن وەک دێمۆکراسی سیاسی و ئازادییە دێمۆکراتیکەکان و پێک هێنانی گۆڕانکاری لە ژیان و گووزەرانی خەڵک بە پێشکەشکردنی سیستمێکی ئەو تۆ کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگای کوردستان سوود لە دەسکەوتە ئابووری و پێشکەوتووەکانی ژیانی سەردەمی نوێ ببینێ و دەرفەتی کار و هەلی کار بۆ خەڵک دابین بکرێ، لە کورتەباسدا ئاماژەیان پێکراوە.

هەر لەپەراوێزی ئەو خاڵەدا ئاسایشی ئابووری بە ڕێگای دانانی بەرنامەی درێژخایەنی ئابووریدا بۆ هاو وڵاتیان لە بەر چاو بگیری و نیزامێک پێک بێ کە دەرفەتی گەشەساندن بۆ خەڵک برەخسێ نێ و ڕێگا نەدات سەرمایەداری مرۆڤەکان بکاتەوە بەردە و ئاسوودەیی ژیانیان لە پێناوی بەرژەوەندی ماندوەیدا بخاتە تەنگانەوە.

کورتەباس بێگوومان وڵامی کۆی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە کە ئەمڕۆ خەڵکانێک باسی هێندێک بابەتی ئەوتۆدەکەن کە تەنانەت زەروورەتی ناوهێنانیشیان نیە. چ شتێک زۆر جەوهەریە کە لە کورتەباسدا ئاماژەی پێنەدرابێ؟ باسی سیاسی ونەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، کرۆکی ئەسڵین و تەنیا ئەوەندەی دەوێ هێندێک خاڵ زیاتر روون بکرێنەوە. ئەویش پاشان لێرەدا باسیان دەکرێ.

پێناسەی نوێ ئەگەر مەبەست گۆڕینی قەوارەی ئەو تیزەیە و بەلاڕێدابردنی پرۆسەکەیە، بێگوومان خەڵکی کوردستان ئەوە لە کەس قبووڵ ناکا و هەڵویستی دەبێ.

هەرکەس ئازادە خۆی چ ئامانج و سیستمێکی هەڵدەبژێڕی و خەباتی بۆ دەکا. بەڵام کەسێک کە خۆی بە خاوەنداری بیر و هزری ڕێبەری شەهیدمان بزانێ و بە نیەتی تەرەوە ئەوەبکا، ڕێگای پێنادرێ. ئاستی وشیاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەگەڵ چەند دەیەی ڕابروو زۆر جیاوازە و ئێستا زۆر بە ژیری ئەو باسانە هەڵدەسەنگێنن و هەڵوێستیان هەیە و خۆیان بە خاوەنی کۆمەڵێک ڕیچکەی هزری دەزانن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، وەک هێزێکی دێمۆکڕات کە ڕۆڵی دیاری لە ڕێبەری کردنی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناخە سەختەکانی مێژوودا کەوتبوویەوە سەرشان، بە پشتیوانی و هاوکاری خەڵکی خۆڕاگری کوردستان ڕەوتی خەباتی بەوپەڕی لێوەشاوەیەوە درێژە پێداوە.

بە درێژایی میژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی، حیزبی دێمۆکڕات هەنگاوێک لە پێش هێزەکانی تری کوردستان بووە. حیزبی دێمۆکڕات بە داهێنان و ڕوانینی لە هەمبەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی کوردستاندا، پێشەنگی ئەو بزووتنەوە جەماوەریەی بە ڕێوشوێنی گونجاو دا کردوە و دژواری و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای تێکۆشان، شوێنی لە سەر ڕوانگە و ڕێبازی ئەو حیزبە نەبووە و لازمە ئەو ڕەسااڵتە وەک نەریتێکی نەتەوەیی و وشیاری سیاسی لە داهاتووشدا زیاتر گەشەبستێنێ و بۆ جارێکی تر ڕەنگ ڕێژی ئامانج و دەرهاویشتەکانی کوردتەباس بکرێتەوە.

هەوڵدان بەمەبەستی کەمڕەنگ کردنەوەی ئەو ڕێبازە، دوور کەوتنەوەیە لە کۆمەڵێک خاڵ و دەستەواژەی بنچینەی هزری کە

جەوهەری گۆڕانکارییەکی گەورەن بۆ قۆناخی پاش ڕزگاری کوردستان.

ئەو بنەمافیکریە بەجۆرێک داڕێژراوە کە بیر لە کۆی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان لە کوردستان کراوەتەوە. لەوێدا پێداگری لە سەر ڕشدبوونی خەباتی نەتەوایەتی کاروەتەوە و هەر لەبەر ئەوەبوو کە هێندیک هێزی دوگم و داخراو لە کوردستان، هیرشیان دەکردە سەر حیزب کەچۆن دەکرێ، ئامانجێکی لەو چەشنەی هە بێ لە کاتێکدا خۆی ناوی حیزبی کۆمۆنیست نیە!

پێیان وابوو هێزێکی دێمۆکڕات و پێشکەوتنخوازی وەک حیزبی دێمۆکڕات نابێ ئامانجێکی لەو چەشنەی هەبێ. کاتێک هێزێک خۆی بەپێشڕەی خەبات پێناسەدەکا و کۆمەڵگاش ئەو شەرحیەتەی پێدەدات، دەبێ سیاسەت و بەنامەکانی لە خزمەتی گەشەپێدان و بەهێزکردنی هەموو شێوەکانی تێکۆشاندابێ، کە بتوانیت لە سایەیدا ئامانجەکانی گەل بەدی بێنێ.

کورتەباس وڵامی کۆی ئەو باس و باتەتانەی داوەتەوە و بە ئەندازەی نووکە دەرزییەک دەرفەتی لاریبوون لەو ڕێبازەی تەنانەت بۆ تەشکیلاتی حیزبیش نە هێشتۆتەوە. خوێندنەوەی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک لەسەر چ ئەساس و بنەمایەک دەبێ؟
ئایا هیچکام لە تەوەرە سەرەکی و جەوهەریەکان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا هاتووە کە لە گەڵ ڕوح و سروشتی ئەو ڕێبازە ناتەبایی هەبێ لە قۆناخی ئەمڕۆی بەرخۆداندا؟

باشە خۆ بەتەنیا زیاد کردنی بیمەی بێکاری و بیمەی لەشساخی و دابینکردنی ئاسایشی ژیان و گوزەرانی خەڵک، ناکرێ بە پێناسەی نوێ لەسەر ئەو ڕێبازە حیساب بکرێ. ئەگەر بەوردی سەرنج بەخینە سەر ئامانجی ئەو سۆسیالیزمەی بۆتە ئاسۆی ڕوانینی دواڕۆژی حیزب، لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریەوە کۆی بابەتە هەستیار و گرینگەکانی پەیوەندیدار بە باشترکردنی ژیان و گوزەران و ئاسایشی کۆمەلایەتی بۆ هاوڵاتیان تێدا ڕەچاو کراوە.

ئەگەر پێمانوابێ بە زیادکردنی کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی گولوبالیزم و بچووک بوونەوەی مەودای جەمسەرەکانی گێتی و پەیوەندییەکان، شتێکی ترمان خستۆتە سەر خەرمانی دەوڵەمەندی زانستی و وێژەیی سۆسیالیزم، بێگوومان خۆتەفرەدان و کەملوتفی نواندنە بەرامبەر ئەو ڕێبازە.

۱۵ی ئەپریلی ۲۰۱۹

بەشی دووهەم:

سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک بۆتە بە شێکی گرینگ لە ڕێبازی سیاسی و نەتەوەیی حیزبی دێمۆکڕات و مانەوەی وەک خۆی بێگوومان نیشانەی وشیاری و تێگەیشتنە لەو چەمکە سیاسی و فیکرییە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کۆی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە دەمێکە خەڵکی کوردستان بە دەستیەوە دەنالێنێ.

پاشان ئەگەر بێت و ئەو باسە لە ڕوانگەیەکی مێژوویەوە تەماشابکرێ و ناوی بیرمەندە جیهانی و مێژووی سالّی رووداوەکان بە دوای یەکدا بێنین، هیچ شتێکمان نەکردوە کە دری بخات پێناسەی نوێی ئەو باسە کرابێ و ڕوانینی ئاسۆی وردی لەسەر سۆسیالیزمی دێمۆکڕاتیک وەک فەرزی عالّ بیکەینە منەت لەسەر شانی خەڵک و ڕێبوارانی ئەو فیکرە مۆدێرن و جیهانیە. ئەو ڕێبازە هەمووخاڵێکی گرینگ و جەوهەری تێدا کۆکراوەتەوە و بە شێوەیەکی زۆر زانستی گەڵاڵەکراوە. هەر ئەوەندەی دەوێ زیاتر لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی ڕوون و شیکردنەوەیان لەسەر بکرێ.

لانیکەم لە ئێستا و داهاتووشدا کەس نابینم بە چە شنی دکتۆر "قاسملوو"ی کە ئەو باسەی هێناوەتە گۆڕێ و لە تۆڕی "کورتەباس" دا پێشکەشی کردوە، کەسێکی تر بتوانێ خۆی لە کێوماڵ و کرۆکی ئەو باسە چڕ وگشتگیرە بدات و ڕەشنووسێکی شیاو کە لە نێوەرۆکدا، کەمی نە هێنی بخاتەوە ڕوو لە ژێر ناوی خوێندنەوەی نوێدا.

دەورلێدان و خوولانەوە بەدەوری بازنەی ئەو فیکرەدا، بێگوومان ناچێتە خانەی خوێندوەی نوێ یان پێناسەی ئەمڕۆی لەسەر سۆسیالیزمی دێمۆکڕاتیک. دیارە کەس یان کەسانێک خەیاڵێکی ئەوتۆیان هەیە و دەهەوڵی سڕینەوەی ئەو بابەتە دان یان بەواتایەکی تر و وردتر بڵێین، نیازی سادەکردنەوەی نێوەرۆکی خاڵە گرنیگ و جەوهەریەکانیان لە لایی گەڵاڵەبووە.

بەدڵنیاوە کەش و هەوای سیاسی و تەشکیلاتی لە لای هیچکام لە دێمۆکڕاتەکان بۆ ئەو مەبەستە هێشتا گونجاو نیە و لایەنگرانی ئەو خەتە سیاسیە گەلێک زۆرن و کاریگەریشیان لە سەر ئاسۆی ڕوانگەکاندا هەیە.

هێنانە گۆڕی کورتەباس، بێگوومان لەخۆوە و شتێکی لەناکاو نەبووە بۆ حیزبی دێمۆکڕات. دکتۆرقاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی و بەرچاو ڕوون زۆر بە خێرایی هەستی بەزەرورەتی هێنانە گۆڕی ئەو چەمکە فیکرییەی لە کوردستاندا کردوە. لە کورتەباس دا زۆر بەڕوونی سیاسەتی حیزب لە هەمبەر مەسەلەی نەتەوایەتی و چۆنیەتی پێک هێنانی دەسەڵاتێکی بەتەواوی گەلی و دێمۆکراتیک باس کراوە و ناکرێ ئەو باسە بەلاڕێدا ببرێ.

دکتۆر قاسملوو پاش ئەوەی تـوێژینەوە و لێکـۆڵینەوەی ورد لەسـەر ئەو ڕێبـازە دەکـا، لە ئاکـامی ڕوانینـی ژیـرانەی دا بەو ئەنجامەی دەگا کە جۆرە سیستمێکی ئەو تۆ لە کوردستان پیـادە بکـرێ کە بەگشـتی لە گەڵ هەلـومەرج و سروشتی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگونجێ و تەبایی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی سەقامگیر بکا.

ئەو هات سۆسیالیزمی دێمـۆکراتیکی وەک ڕێچکەی خەبـاتی دواڕۆژ دیـاریکرد، هەر چەنـدە ئەو گۆڕانکـاریەش کێشـە و هەرای زۆری لە نێو حزبیدا بە دوای خۆیدا هێنا. بەڵام بە خۆشیەوە ئەو ڕێبازە دەرفەتی سەرکەوتن و جێگربووونی بۆ ڕەخسا و بە سەر دژبەرانیدا سەرکەوت.

ئیدی لەوێڕا ئەرک و بەرپرسیارەتی گەورەتری خستۆتەسەرشانی حیزب و ئەندامان و لایەنگرانـی کە ڕێگـای تێکۆشـان پـاش ڕزگـاری کوردسـتان، دیسـان ئیـدامەی دەبـێ و وەک زۆر نەیـاری حیـزب دەیـانگووت، دەبـی حـدکا هەڵبوەشـێتەوە، چـوونکی بەرنامەی بۆ دواڕۆژی سیاسی کوردستان نیە. کورتەبـاس قۆناخەکـانی تێکۆشـانی حیزبـی بە دواڕۆژیشـەوە گرێـداوە و تـانەو تەشەری ئەو هێز و کەسانەیش وەک بەڵقی ئاوی لێهات سەبارەت بە حیزب.

ئەگەر هاتبا و هەرێمی کوردسـتان بەو داهـات و نەوتە زۆری لەبەردەسـتیدایە، بەرنـامەیەکی درێژخـایەنی ئـابووری ئەوتـۆی هەبا، زۆر زیـاتر لە ئێستا پێشکەتووتردەبوو. زۆر لە مێـژە سۆسیالیزمی دێمۆکراتیـک بـۆتە ڕێبـازێکی جەوهەری سیاسـەت و ڕوانگەی حیزب، چوونکی سیاسەتی حیزب ئەوەیە ژیـان و گوزەرانی شیا و سەردەمیانە بۆ هەموو چین و تـوێژێکی کـۆمەڵایەتی دابین بکات.

ڕێـز لە یەکسـانی ژن و پیـاو لە کـۆمەڵ و خێزانـدا دەگـرێ و بەتەواوی مـافی ژنـان لە تێکۆشـانی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری و تەندروستی لە بەرچاو گیراوە و جەخۆڕێک ئەو مەسەلەیە بایخی پێدەدرێت کە بەهەموو جۆرێـک هەڵاواردن کۆتـای بێ.

ئەگەر ئـاوڕێکی سەرپێێ لە ڕووی تەرکیبـی کـۆمەڵایەتیەوە لە حیزبـی دێمـۆکرات بـدەین، دەبینین چ جـۆرە پێـک هـاتەیەکی دەگـمەن و بەربـڵاوی هەیە و هێزێکـی ئەوتـۆ مـۆدێرن کە خـۆی بە نـوێنەری خواست و ئـاروزووی خەڵکـی کوردسـتان دەزانـێ، تەرکیـبەکەی بێگوومـان، پێـک هـاتەیەکی سـەرنج ڕاکێشبووە. هەر ئەوەش بـۆتە هـۆی خۆشەویسـتی و پشـتیوانی خەڵکـی کوردستان لە حیزبی دێمۆکڕات کە بە نوێنەری ڕاستە قینەی ئاوات و ئامانجەکانیان زانیووە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نوێنەرایەتی ئیرادەی زۆربەی چین و تـوێژێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان لە نێو

تەشکیلاتی حیزبدا بوونیان هەبووە و ڕۆڵی بەرچاویان لەو خەباتەدا گێڕاوە.

لە شوان و جووتیار و زەحمەتکێش و ژن و دکتۆر و مامۆستای قوتابخانە و مامۆستایی ئایینی یەوەبیگرە کە، بە خۆیتی خۆیان بەشداریان لە شۆڕشی نوێی کوردستاندا سەلماندوە و، لە نێو حیزبدا ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە کە ئەو جۆرە بەشداریە هەر درێژەی هەیە.

ئەوەش بەو مانایە کە حیزب لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئازادی بیروڕا دەربڕین و بەیانکردنی ڕوانین و خوێندنەوەی فرە ڕەنگی و ڕەهەندی جۆربەجۆر ئیمکانی تێکۆشانیان بۆ پێک بێ لە نێو خۆ و دەرەوەی حیزبدا.

نان و ئازادی لە ڕوانگەی دکتۆر قاسملوویەوە، دوو واتەی تەواوکەری یەکدین. وەختێک لە وڵاتێکدا ئازادی تێدا گەشەناکا، کە کۆمەڵگای مەدەنی و کرێکاران و زەحمەتکێشان و چین و توێژەکانی تری کوردستان، دەرفەتی پێشکەوتن و خۆ نیشاندانیان نامێنێ و لەو کاتەدا شتێک بە نێوی ئاسوودەی ژیان و گوزەران بەدی نایەت.

هێزێکی تێکۆشەری وەک حدکا بۆیە جێگای ئومێد و دڵخۆشی خەڵکی کوردستان بووە، چوونکی کۆمەڵگای کوردستان بە هەموو چین و تووێژێکەوە ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنیدا هەبووە و، حدکا تایبەت بە چینێکی دیاری کراوی کوردستان نەبووە و خەباتەکەیشی لەو ڕاستایەدا قەتیس نەماوەتەوە.
وێڕای خەباتی سیاسی و چەکداری بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی لە پێناوی دابینکردن و بەدی هێنانی مافی نەتەوەیدا، دەرکی بە گرینگی لادانی ستەمی چینایەتیشکردوە و هەنگاوی لەو بوارەشدا بەکردار هەڵگرتووە، کەلە کورتەباس دا بەگشتی ئاماژەی پێکراوە. باسی ئەو مەسەلە گرینگەش کراوە کە چ وەختێک قۆناخی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی کە یەکسانی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا تێدا ڕەچاوکرابێ، دەست پێدەکا.

حیزبی دێمۆکرات وەک هێزێکی نەتەوەیی کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی بەتەواوی شۆڕشگێڕ و دژی زۆرداری و نابەرامبەری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکا، هەستی بە زەرەورەتی گۆڕانکاری بنچینەی سەبارەت بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی کردوە و هەربۆیەش دەفیکری پیادەکردنی سیستەمێکی ئەوتۆدابووە کە بتوانێت لەو ڕێگایەوە ئاسایشی ژیان و ئازادی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکات.

هەرجۆرە مەترسی و ستەمێکی لاوەکیان لەسەر هەڵبگرێ و پێش بەگەشەکردنی بیری تۆندئاژۆ و دەمارگیری نێوخۆی بگرێ و دەرفەتی زاڵبوونی بیری نایەکسانی بە کەس یان هێزێک نەدرێ و هەموو دەسەڵاتەکان، بەڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد دادیاری

بکرێن.
نەتیجەی هەموو شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکان بەداخەوە ئەونەبووە، کە خەڵکی وڵاتەکان یان نەتەوەکان چاوەڕوانیان لێی هەبووە.

بەڵکوو بە پێچەوانەی لێدوان و سیاسەتی خۆیان وڵاتی ڕزگارکراویان بەڕێوەبردوە و دێمۆکڕاسی دەرفەتی گەشەکردنی نەبووە. ئەوە مەترسیەک بووە کە ڕێبەری نەتەوەی شەهید دکتۆر قاسملوو هەر لە زوویەوە هەستی بە گرینگی ئەو خاڵە کردوە پاش قۆناخی ڕزگاری کوردستان ئەرکە سیاسی و نیشتیمانیەکان دەست پێدەکات.

حیزبی دێمۆکرات لەکاتی دامەزرانیەوە هەتا ئەمڕۆش، بەرپرسیارەتی سیاسی و مێژووی گەورەی لە سەرشانە و بەرنامە و هەنگاوەکانی دەرئەنجامی لێکەوتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانبووە.

دکتۆر قاسملوو بە هێنانە گۆڕی سۆ سیالیزمی دێمۆکراتیک، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئەرکدارکرد کە بە گشتی ڕەسانەتی مێژووی خۆی وەک هێزێکی میللی دێمۆکراتێک بپارێزێ و سەرەڕایی خەباتی نەتەوایەتی، لە دواڕۆژێشدا بیر لە باشترکردنی ژیانی خەڵک بکاتەوە و بە ڕێگایی ژیرانەدا شۆڕشی چینایەتی بەڕێوەبەرێت.
لەو نێوەشدا کەس هەست بە بەرکەوتن و تێکشان نەکا و ئاڵوگۆڕەکە بە جۆرێک بێ کە هاوسەنگی تێدا ڕەچاوکرابێ. سیاسەتی پیادەکردنی سۆسیالیزمی دێمۆکڕاتیک ئەوەنیە کە چینێک بە سەر چێنێکی کۆمەڵگادا زاڵبکا و ئەو جار بڵی ئەوە کاری خۆم تەواوکرد.

لە کورتەباسدا بە ڕوونی ئەوە باسکراوە کە دژی ناتەواوی و نابەرانبەری خەبات دەکرێ . لە ڕێگای پلان و بەرنای دیاریکراوە، ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە لە نیزامی سۆسیالیستیدا بازار پەیڕەوی ئەو بەرنامەیە دەکا کە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەردەدا، لەوێدا بازاز تابعی پلان نە.
کەوابوو سەرمایەداری ئەو دەرفەتەی نابێ کە بە ئارەزووی خۆی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان هەڵبسووڕێنێ و هەموو شتێک لە بەرژەوەندی ئەو سیستمە ئابووریەدا بەڕێوەبچێ.

حیزبی دێمۆکرات دژی گەشەکردنی سەرمایەداری نیە، بەڵام بەو ڕێگایەدا کە حکوومەتی کوردستان توانایی کۆنترۆڵکردنی هەبێ و گەشەکردنی بە قازانجی کۆمەڵگا و ئازادی سیاسی و بنەما دێمۆکراتیکەکان بێ.

٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

یادی ١٧ ساڵەی ماڵپەری گیاڕەنگ پیرۆزبێت!

بە بۆنەی ١٧ی دەست بەکاربوونی پاڵپەڕی گیاڕەنگ، پیرۆزبایی گەرم لە یەک بەیەکی بەڕێوەبەرانی دەکەم و دەستی ماندووبوونیان دەگووشم و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن و گەشەکردنی زیاتریان لەو بوارە گرینگ و جەوهەرەیدا بۆ دەخوازم.

گەڵێک دڵخۆشم گیاڕەنگ بێ ئەوەی ڕەچاوی جیاکاری و هەڵاوارنی سیاسی و هزریکردبێ، ئەو بابەت و وتارانەشیان بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا ڕەخنە لەو حیزبەی گرتووە کە بەڕێز" حەمەڕەسوڵ" خۆی ئەندامیەتی.

زۆر شانازی بە بوێری و هاوڵ و ماندووبوونتان لە بواری ڕاگەیاندندا دەکەم، ئێوە هەتا خەباتی شار و شاخ بوو وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس، هەردەم لەسەنگەری پێشەوەدا مەتەرێزتان دەگرت، ،ئێستا هەر بەو ئازایەتی و بوێریە ترۆپی ڕاگەیانتان گرتووە.

هەر بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە ئێوە و لە لایەنگران و خوێنەرانی گیاڕەنگ دەکەم و خۆم بە منت بارتان دەزانی کە لەو ڕۆژەدا شتێک نەڵێم و نەنووسم. گیارەنگ بۆتە هەوێنی کۆکردنەوە و پێکەوە ئاشناکردن و لێک نزیککردنەوەی زۆر لە تێکۆشەرانی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازانی کوردی نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

پێمخۆشبوو لەو بارەشەوە ستایشتان بکەم کە ماڵپەڕی سەرسەوزی "گیاڕەنگ" لە مێژووی دەست بەکاربوونیەوە هەتا ئەمڕۆ بەتەواوی خۆی پاراستووە لە بڵاوکردنەوەی بابەت گەلیک کە زمانی زبر و تووندئاژۆیی بەسەردازاڵبووە و زیانی بۆ سەر ئاشتەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووبێ.

لەو بارەشەوە زۆر حەکیمانە هەڵسو کەوتی لە گەڵ ئەو بارودۆخە سیاسەیی کە پاش لێکترازانی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕات بەسەر کەش و هەوای سیاسی و کومەڵایەتی کوردستان و ژیانی ڕاگەیاندن زاڵبووە، هەڵوێستی وەرگرت و نەبووە بە بەشێک لە گڕدانی تەندووری تووندوتیژی و ئاڵۆزترکردنی بارۆخۆی پەیوەندیەکان.

٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٩

حکوومەتی ئاخوندی ئێران وەک هەیکەلێکی تێک قرماو داتەپیوو ماوەتەوە!

بەدوای هاتنەدەری ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ناوەکی لە گەڵ حکوومەتی ئاخوندی ئێران، هێندێک ڕووداو و کاردانەوەی هاو شێوە و دژبەیەکدی لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەیدا لێکەوتۆتەووە و ئەگەر بێت و بارودۆخەکە بەو ڕێڕەوەنوێیەدا بڕاوات و ئاڕاستەی پێچەوانە وەرنەگرێت، ئیدی دەسەڵاتی تاران ناچار بە پاشەکشەی گەورەی سیاسی و سەربازی و ئابووری دەکرێت و خەونی هیلالی شیعەی ئاخوندەکان دەخرێتەناو گۆڕیانەوە. دیارە هەر جۆرە پاشەکشە و بۆ دواوە گەڕانەوەی ڕێژیمی تاران، بێگوومان یەکێک دەبێت لە نیشانەکانی ڕووخانی و لە ئێستاشدا هەروەک ئاشکرایە، وەک ساڵانی دەیەی ٧٠ و ٨٠ی هەتاوی دەسەڵات و نفووزی بەسەر لانیکەم گەلانی نێوخۆی وڵاتدانەماوە و سەرهەڵدان و ناڕەزایەتی بەربڵاوی خەڵک و نێوەرۆکی داواکاری و شوعارەکانیان، ڕاستی و دروستی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن کە هەمووی زادەی هەستی نەتەوەیی و وشیاری سیاسی گەلانی وڵات دەگەیەنێت. ڕێژیمی نیزامی ئێران لە ئێستادا تەنیا وەک هەیکەلێکی تێک قورما و داتەپیو ماوەتەوە و ئەگەر دەستێکی بەهێزی بگاتێ بە سەر یەکدا دەرووخێ و شتێک بەناوی حکوومەتی ئاخوندی ئێران نامێنێ و بە مێژوو دەسپێردرێ. بەداخە نەبوونی دژبەرانی بەهێز و ڕێکخراوەی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێران، ئەو دەرفەتەی بە حاکمانی وڵاتداتەوە کە هێشتا بەردەوامبن لەسەر ئیدارەکردنی وڵات و درێژەدان بەسەرکووت و ئیعدامی بە کۆمەڵی لاوانی ناڕازی کورد و گەلانی تر. ئەگەر بێت و هێزەکوردیەکان لە نێوخۆیاندا لەسەر بابەتە گرینگ و نەتەوەی و جەوهەریەکان بگەنە ئەنجامێکی باش و ستراتیژییەکی نوێی بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنی و چەکداری هاوزەمان و پێکەوە بەرنەپێش، دەسەڵاتی ناوەند لە کوردستاندا، بەتەواوی توشی هەرەس و لە نێو چوون دەبێت و دەرفەتێک بۆ بووژانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێک دێت. حکوومەتی ئاخوندی لە زۆر میحوەر و بەرەی گەورەدا، کەوتۆتە ژێرفشار و لە سوریەشدا ڕۆژنیە پێگە و بنکە سیخۆری و سەربازیەکانی لە لایەن ئیسرایل و ئەمریکاوە بە ئامانج نەگرێن و زیانی گەورەی مرۆڤی و ئەمنی پێنەگات. ئەوەش لەکاتێکدایە کە ڕووسیە و تورکیەی بەناو هاوپەیمانی پشتیان تێکردوە و بە سیلەی چاویان جار ناجارێک تەماشای دەکەن و خۆیانی لەسەر پیاو خراپ ناکەن. دیارە ئەو لێکدانەوەیە لەسەر تورکیەش تارادەیەک ڕاستە و ئەو وڵاتەش وەک ساڵانی پێشوو جێگای دڵخۆشی و دڵنیایی ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی نیە و هەتا ڕادەیەک بە نەیار و ڕەکەبەریانی لەسەر ئاستی ناوچەی و قەیرانی سووریەدا تەماشای سیاسەتی ڕێژیمی تورکیە دەکەن. ئۆردۆغان پاش هێرشی مووشەکی ئەمریکا بۆ سەر دیمەشق، لە زۆر بواردا سیاسەتەکانی توند ئاژۆی و هەڵوێستە تیژبەڕەکانی گۆڕێ و ئێستا خاوتر لە جاران سەبارەت بەڕووداوەکانی ناوچەی و سووریە قسە دەکەن و خوازیاری بارگرژی زیاتر نین لە گەڵ ئەمریکادا و هەوڵدەدەن پەیوەندیەکانیان بەرەو هێوربونەوە بەرن. هەرچیەک بێت ڕووداوەکان کە لە سەر ئاستی ناوچەیدا ڕوودەدەن، زۆربەیان ڕاستەوخۆ شوێن و گاریگەریان بەگوێرەی ئاڕاستەی گۆڕانکاریەکان، لەسەر جووڵانەوەی سیاسی گەلی کورد هەیە و

لازمە ڕێبەری سیاسی جووڵانەوەی نەتەوەیی، خۆی بۆ پێشهاتە نوێ و لەناکاوەکان ئامادە بکات لە هەرچوار بەشی کوردستاندا. کورد ئەگەر تۆزێک بەژێری و وردبینی خوێندنەوەی هەلومەرجی تازە و ڕەوتی نوێی ئالۆگۆڕەکان بکات، دەتوانێ بۆجارێکی تر هێزی خۆی ڕێکبخاتەوە و کارتی خۆی کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، لە باشووری وڵاتدا رابگەیەنێت. ڕێبەری سیاسی باشووری کوردستان پاش دەرهاویشتەی کۆی ئالۆگۆڕەکان و ئاکامەکەیان، بۆ جارێکی تر دەرفەتی خۆی بۆ دێتەوە پێش کەبتوانێت کەڵکی لێوەربگرێ. پێک هێنانی حکوومەتی تازەی عێراق و چۆنیەتی هاوپەیمانی لە نێوان شیعە و کورد و سوننەدا، دەرفەتێکی تر دەرە کە ڕێبەری سیاسی نابێت ئەو جار لەدەستی بدات و داکۆکیکاری مافە سیاسی و دەستوورییەکانی بێ و خۆی لە ئەگەری پەلاماردانی نێوی حکوومەتی ناوەندی بە ڕێگای دەستوور دا بپارێزێت. بەمەرجێک کردارێکی ئەتۆ نەتەوەیی سوودی دەبێت کە هەموو لایەک دوور کەوتبنەوە لە حیزب گەری و پشتکردن لە بەرژەوەندی نەتەوەیی. لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی سیاسەتێکی دژ بەخۆیی کوردیدا، بۆ چەند ساڵێکی تر لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دوور دەکەوینەوە پاش و کەسیش باوەڕی بە هێزە سیاسی و ڕێبەرەکانی نامێنێت.

خۆخۆری و سیاسەتی دژ بەخۆیمان لە ڕەوتی مێژوودا گەورەترین زیانی بە هیزە سیاسی و تێکۆشەرانی ڕەسەنی ڕێبازی ڕزگاری و سەربەخۆی کوردستان گەیاندوە و ئەگەر تۆزێک لە نێو خۆماندا پێکەوە بتوانین هەڵکەین و قبوڵی ڕەنگاو ڕەنگی سیاسی و کۆمەڵاتی ژینگەی سیاسی بکرێت، کوردیش هەلومەرجێکی ئەوتۆ دەرەخسێنێت کە تێیدا بتوانێت، ئیدارەی وڵاتی خۆی بەدەستەوە بگری و دواجار دەوڵەتی خۆی هەبێت.

٢٠ی مای ٢٠١٩

حکوومەتی ئێران کاتی ڕوخانی نزیک تر بۆتەوە!

حکوومەتی ئێران لە مێژووی چل ساڵ حاکمییەتیدا، هەرگیز بە وێنەی ئەو چەند مانگەی ڕابردوو لە ژێر فشاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نەبووە و گەلانی وڵات لە هەموو وەختێک زیاتر دژایەتی خۆیان بە شێوەی جۆبەجۆر بەدژی ئەو ڕێژیمە دەربڕیووە و ئامادەنین خۆیان فیدای دەسەڵاتێک بکەن کە جگە لە کوشتار و برسیکردنی خەڵک هیچی تری لە گەڵ خۆیدا بۆ گەلانی بندەستی ئێران بەدیاری نەهێناوە.

ئەگەر کاربەدەستانی تاران هێندێک جار بە زمانی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە بەرامبەر ئەمریکادا لێدوان و قسە دەکەن، بێگوومان هەمووی لە بەر هۆکاری ترس و دڵەڕاوکەیانە سەبارەت بە داهاتووی سیاسی ڕێژیمی ئاخوندییە و دەنا ئەو هێزەی بەرگرگریکردنیان هەیە و بە هۆی سیاسەتی هەڵە و ئاژاوەگێڕیان ئەو کۆدەنگیە نێو نەتەوەی یەشیان لە پشت نیە کە لە بەرەیەکی هاوبەشدا دژایەتی ڕۆژئاوا بکەن.

ئەمریکا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانی بە کۆکردنەوەی هێزی زۆر لە سەر سنوورە ئاوی و وشکانیەکانی ئەو وڵاتەدا، ئەو پەیامەیان پێبدات، ئیدی ئەو جار سیاسەتیان سەبارەت بە ئێران قسەی خۆش و بێ کردارنابێ و لەو ڕاستیە گەیشتوون کە مانەوەی حکوومەتی ئێران بەو جۆرە، مەترسی لەسەر بەرژەوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەتەواوی دروستکردوە و دەبێ سنووریک بۆ حکوومەتی ئاخوندی و سیاسەتی ئاژاوەنانەوەیان دابنرێ.

سیاسەتی کۆشکی سپی بەگشتی ئەوەیە کە ناکرێ بڵێن ئەو وڵاتە بەشەڕ ناکۆکیەکان لە گەڵ ئێراندا بەلایەکدا دەبخات، بۆ ئەو مەبەستە زۆر بە هێوری و زمانیکی سیاسی و دیپلۆماسی لێدوان دەدەن و بەڵام پاش کەوتنەخواری کاتوێشاکیەک لە نزیک باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ناوچەی سەوزی بەغدا، ترامپ زۆر بە تووندی هێرشی کردە سەر حکوومەتی ئێران و هەڕەشەی لە نێو بردنی لێکردوون.!

ئەو ڕووداوەنەی کە ڕووەدەن بێگوومان زمینەی کاردانەوەخێراکانی ئەمریکا زۆر بە هێزتر دەکا و هەلی لەبارتر دەخاتە بەردەستی حکوومەتی دۆناڵدترامپ بۆ لێدانی ئێران. لەو ماوەیەدا بە فیتی ئێران هێرشی مووشەکی کرایە سەر ئیسرایل و چەند بەلەمێکی بەرهەڵگریش بە ئامانج گیران و لە درێژەی ئەو پیلانگێڕیەدا دوێنی لە نزیک باڵوێزخانەی ئەمریکا کاتیۆشایەک کەوتۆتەخوارێ و حوسیەکانی سەر بەئێرانیش هیرشەکانیان بۆ سەر سعوودیە چڕترکردۆتەوە.

وەختێک حکوومەتی ئەمریکا بە ڕاشکاوی دەڵێت: ئەوان هاوپەیمانەکانیان لە مەترسیەکانی حکوومەتی ئاخوندی دەپارێزن. کەوابوو ئەو جووڵە سەربازییەش دەبێت بۆ پاراستنی دۆستە نزیک و کاریگەرە ناوچەیەکانی بێ و ڕێگا لەسنوور بەزاندنی حکوومەتی تاران دەگرن و هەوڵدەدەن سەرەتا بە زمانی خۆش بیخەنە سەر ڕێگای ڕاست. بەڵام باوەڕ ناکرێت ڕێژیمی ئێران بە قسەت خۆش و دیالۆگ بە خۆیدا بچێتەوە و سیاسەتێکی نوێ لە هەمبەر ڕووداوەکاندا پەیڕەو بکات و خۆی بە کویخای ناوچەی نەزانێت..

بەدڵنیایەوە ئەمریکا بێ لەبەرچاوگرتنی بەرنامەی سیاسی و ستراتیژی و بێ بێ ئامانجی گەورە، جۆڵە بە هێزەکانی ناکا و نایان خاتە حاڵاتی ئامادەباشییەوە لە بەرامبەر ئێراندا. وەشاندنی گورزی سەربازیش کات و دەختی خۆی دەوێ و ئەگەر ڕۆژی هات، بەڵایەک بە سەر حکوومەتی تاراندا دێنن کە خۆیان نەزانن بۆ کوێ ڕابکەن. کۆشکی سپی زۆر بە ژیری لە بارەی ئێراندا دەچێتەپێش و کارێک ناکات دڵی دۆستەکانی لە خۆی بکا و لۆمەی سیاسەتی ئەمریکا لە سەر بێ حەوسلەی بکەن. دەسەڵاتی تاران بێگوومان دەرفەتی مانەوەی خۆی بەتەواوی لە دەستداوە و لە لای گەلانی وڵاتدا شەرعیەتی لە دەستداوە و هەربۆیەش ناکرێ وڵاتێکی وەک ئێران کە بە مەکۆی فرەنەتەوەیی ناسراوە بێ حکوومەتێکی گەلی و دێمۆکراتیک بەڕێووەببرێت.

لە ئەگەری هەر ڕووداوێکداکە بەسەر ڕێژیمی ئاخوندیدابێت، لە بۆشایی سیاسی و سەربازیدا کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرفەتێکی گەورەی بۆدێتە بەرەوە و لە ڕاپەڕینێکی بەربڵاو جەماوەریدا بە سانایی دەتوانێ خۆی ڕزگاربکات و زەمینەی پێک هێنانی حکوومەتی کوردستان پێک بێ نێت. چوونکی ئەو ڕووداوە سەرەتایی هەرەسی بەتەواوی هێزە سەربازییەکانی سەر بە حکوومەتی ناوەندی دەبێت لە کوردستاندا.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی ساختارەوە پێویستی بە کۆمەڵێک بنچینە و جێگۆڕکەی سیاسی و دەسەڵاتی نوێ هەیە و ئەمریکا وەختێک بەتەواوی هەست بە هەژموونی خۆی دەکا، کە نەخشەی سیاسی بە جۆرێک ڕێکبخرێتەوە کە وڵاتانی وەک عێراق و سووریە و ئێران و هەتا تورکیەش بڕووخێن و چەند وڵاتێکی تر پێک بێن کە لە نێویاندا باس لە دەمەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش دەکرێ.

ئەوجار دەوڵەتێکی تر بە ناوی دەوڵەتی کوردستان دێتە ئاراوە و کە ئەو جێگۆرکە سیاسی و ژئۆپلۆتیکییە بە تەواوی لە بەرژەوەندی هەژموونی ئەمریکا و ئیسرایل دایە و حکوومەتی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازە لە فارس و عەرەب و تورک و دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانەی ئاماژە پێکراو ناوەستێتەوە، چوونکی زۆر خاڵی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

ئەوەی لە هەموویان زیاتر لێرەدا خۆی دەردەخات، ئاسایشی سیاسی و نیشتیمانی کوردە لە گەڵ ئەمریکا و ئۆروپا و ئیسرایلدا. دیتمان بە درێژایی مێژوو عەرەب و فارس و تورک کوردیان زیندە بە چاڵکردوە و هەوڵی لە نێوبردنیان داوە.

گەورە هاوپەیمان و هابەشەسیاسی و بارزگانیەکەی ئیران کە حکوومەتی مسکۆبووە، ئەویش خۆیان لەسەر پیاو خراپ ناکا و عرووسەکان بە ڕاشکاوی ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە ئەوان " ئاگرکۆژێنیەوەی" حکوومەتی تاران نین لە کوێ ئاگری فیتنەیان هەڵگریسان، رووسیە بەفریان بگا و دڵی ئەمریکا و وڵاتانی تری ناوچەی لە خۆیان بیشێنن و ئاویان بۆ بە ئاگریدا بکەن.

حکوومەتی چینیش پاش ئەوەی ئەمریکا باجی لە سەر کەل و پەلی وڵاتی چین زیادکردوە، قۆناخێکی نوێ لە پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانیەکانی ئەو دوو وڵاتە گەورە و بە نفۆزەی گێتی هاتۆتە ئاراوە. حکوومەتی چین کە ساڵانە کاڵاکانی هەناردەی ئێران دەکا و دۆستایەتییەکی گەرمی ئابووری و بازرگانیان بە یەکەوە هەیە و ئەو نزیکایەتیش بێگوومان ناکرێ ئەو حیسابەی لەسەر بکرێ کە ئەگەر ڕۆژێک شەڕ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕووبدات، حکوومەتی چین بە پشتیووانی ڕێژیمی تاران شەڕی ئەمریکا بکات.

لە ئاستی نێونەتەوەیشدا ئێران بە تەنیاماوەتەوە و هیچ ئومێدی بە دۆست و هابەشەکانی نەماوە، ئەگەر هێندێک جار لێدوانی سەیر و بە زمانی هەڕەشە دەردەکەون، بە دڵنیایەوە تەنیا ئەو خاڵە دەرکەوتنێکی ڕووکەشە و بەو وردە نزیلانیان هەوڵی ئەوە دەدەن لە گەڵ ئەمریکا بە ڕێگای وتوویژدا کێشەکانیان یەک لای بکەنەوە.

دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تیرۆرستی ئێران بەو ئاکامەی گەیشتوون کە بە هێزی سەربازی ناتوانن تەمەنی حکوومەتەکەیان درێژبکەنەوە.

هەر بۆیە کە سەیری ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان دەکرێ، ئێران بە هۆی گرووپە توند ئاژۆکانیەوە زووتر لەوەی دەکێشرێتە نێو شەڕەوە کە هێندێک لە سیاسی و شارەزاکانی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئێران تازە ئەو شەڕەی بە مل داهاتووە و هەر دەبێت بیکا.

دیارە بە گورزی سەربازی نەبێت، ئێران دەست بەرداری هاوکاری و پشتیووانی گرووپە تیرۆریستی و توند ئاژۆکان نابێت. ئەمریکا زۆر بە هێوری لە گەڵ بارووددۆخەکەدا دەڕواتە بەرەوە و زۆر کەس پێیوایە ئەمریکا بە هۆی نیگەرانیەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ هێزەکانی ئێراندا، خۆی لە شەڕ دەدزێتەوە. بێگوومان ڕێژیمی ئێران ئەو هێزەی نیە کە بتوانێت بەو سوپا دۆڕاو و کەرەستەی نیزامیەوە خۆی لە بەرامبەر هێرشی هەوایی و زەریا و وشکای ڕۆژئاوادا بگرێ.

هێزەکانی ئەمریکا ئەزموونی درێژخایەنی سەربازی و ڕووبەڕووبوونەوەیان لە گەڵ هی حکوومەتی ئاخوندیدا، ناکرێ پێکەوە بخرێنە نێو تای یەک تەرازوو. پاشان هەر هێز نیە کە دووری یەکلاکەرەوەی لە تێکهەڵچوونە سەربازی و کێشە و ململانەی وڵاتاندا هەیە. بەڵکوو هەمووی گرینگتر باوەڕ و ئیرادە دەتوانێ پارسەنگی هێز لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەدا بگۆڕێ.

هێزی سەربازی ئێران لە ڕووی سیاسی و بیربـاوەڕەوە دووچاری ترس و نائومێدی لەو ڕێژیمە هاتووە، هەروەک چۆن ئەرتەشی ئێران لە دژی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەرگریان لە حکوومەتی شا نەکرد. هەر بەوجۆرەش ئەو ڕێژیمە هێزەکانیشی بەرگری لێناکەن و خۆیان بە فیدای ناکەن.

ڕێژیمی ئاخوندی بە درێژایی تەمەنی ، جگە لە ئەزیەت و ئازاردانی خەڵک و لە نێو بردنی جووداییران و بژاردە دیار و کاریگەرەکانی وڵات، هیچ کارێکیان نەکردوە کە خەڵک بۆ لە دەستدان و ڕووخانیان قووڕیان بۆ بپێوێت. بەپێچەوانەوە گەلانی ئێران ئەو کات هەست بە ئازادی و ئاسوودەی دەکەن، کە ئەو نیزامە بە تەواوی تێک چووبێ و حکوومەتێکی گەلی و دێمۆکراتیێک بە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێمۆکراتیکدا، لە ئێراندا بێتە جێگرەوەی لە بەدەستەوە دەسەڵاتدا.

کاربەدەستانی تاران هەر ڕۆژە و بەدژی لایەک قسە دەکەن و دەردەکەوێت کە لە ئاستی ناوچەیدا وڵاتێک نادۆزنەوە لە بارودۆخێکی وەک ئەمڕۆدا هاوسۆزیان لە گەڵ نیشانبدات و بە فیتی ئەوان بجووڵێتەوە. چوونکی لە کۆتایی دۆستایەتی کە لەسەر قازانج و سوودی هاوبەش پێک هاتبێت، ناکرێ حیسابی دۆست و هاوپەیمانی سیاسی و ستراتیژی لەسەر بکرێ. دۆست و هاوپەیمانەکانی حکوومەتی ئاخوندی زۆرتر دۆستی بازرگانی و ئابووریین.

٢٢ی مای ٢٠١٩

سیاسەتی تورکیە بەگشتی دژی گەلی کورد و شۆڕش و ئامانجەکانیەتی!

لێکدانەوەیەکی ژیرانە نیە ئەگەر ئەو هەڵوێستەی گەلی تێکۆشەری ڕۆژئاوایی کوردستان بە بەزی و خۆبەدەستەوەدان بزانین، چوونکی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە پێناوی ئاشتیدایە و ناکرێ هەنگاوی ئاشتی خوازانە و خێرخوازانە ڕەد بکرێتەوە و ئەو کارە دووبارە لە بەها و تێگەیشتنی سیاسی گەلی کورد!

پرسی کورد بە هۆی سیاسەتی شەڕانگێزی و هێرشی سەربازی و هەڕەشەکانی ئەردۆگان لە خەڵکی کوردستان بۆتە مەسەلەیکی ڕۆژ و سەرجەم جەمسەرە گرینگە سیاسی و ئابووری و مەدەنیەکانی گێتی بەخۆیەوە خەریک کردوە و کە ئەوەش هێندەی تر ئەردۆگان تووڕە و بێزرا کردوە. پاش هێرشی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوا و بەئامانج گرتنی خەڵکی مەدەنی و بێ تاوانی شارە کوردەستانیەکان، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زیاتر هێناوەتە سەر خەت و وەختێک وڵاتێکی وەک ئەمریکا نێردراوی تایبەتی دەنێرێتە ئانکارا بۆ ئەوەی بە ڕێگای ئاشتیدا کێشەکان چارەسەربکرین و لەژێر فشاری واشنگتۆندا ڕێککەوتنێک دێتە ئاراوە و تێیدا باس لە ناوچەی ئارام و ڕاگەیاندنی ئاگربەست دەکرێت بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ.

بەڵام تورکیە پابەند نابێ و لەسەر هێرش و هەڕەشەکانی بەدژی خەڵکی کوردستان بەردەوام دەبێت. ئەو ڕفتارەی ئەردۆگان بێگوومان بەسوودی گەلی ڕۆژئاوا دەبێ و ئیدی ئێستا بۆ هەموو لایەک ئەو ڕاستیە ڕوون بۆتەوە کە حکوومەتی تورکیە دژی کورد و دەسکەوتەکانیەتی و ئەوەی لە ڕۆژئاواش ڕووەدات، هۆکارەکەی دەخرێتە گەردنی ئانکارا. ئەردۆگان نەیشاردۆتەوە و بە ئاشکرا دەڵێت: لە هەرکوێیەک هەوڵی دورستکردنی کیانی کوردی بدرێ، ئەو هێرشی دەکاتە سەر، هەر وەک کاتی ڕیفراندۆم زۆر دوژمنکارانە ئەو کارەیکرد و تاران و بەغدای هێنایە نێوکێشەکە و هێرشێکی ناوچەی بەدژی ئەزموونی باشوور ڕێکخست.

سیاسەتی یەکیەتی ئورۆپا و ئەمریکا ئەوەیە کیانی کوردی لەو بەشەی کوردستان لە ژێر ناوی ناوچەی ئارامدا بپارێز و سنووردار بۆ سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەتی تورک دابنرێت.

ئەوەی ئێستا بۆ هەموو لایەک و ئەمریکا و کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی زۆر گرینگە و بایخی پێدەدرێت، ڕاگرتنی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکە بۆ سەر خەڵکی کوردستان و پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنی شار و ناوچەکانی ڕۆژئاوایی وڵاتە.

وەختێک ئەو مەرجەیان بەسەر ئانکارادا فەرزکردوە، هەرچەندە پێیەوە پابەند نەبووە، چوونکی ئەگەر لە بەرژەوەندیدا بووایە بەتەواوی مل کەچ دەبوو و هێرشە سەربازییەکەی بەتەواوی ڕادەگرت. پاشان بە پیچەوانەی ڕوانینی زۆر کەس و لایەن سەبارەت بە پاشەڕۆژی ڕۆژئاوایی کوردستان لە پێیاوایە بە ڕێگای ئەو ڕێککەوتنەدا یەپەگە دەسەڵاتی نامێنێ و تورکیە ئەو بەشەی کوردستان بەتەواوی کۆنترۆڵ دەکات. بێگوومان پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمە ئارامە هەرگیز بە تورکیە نادرێ، چوونکی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیش هەست بە مەودای دووری و ناکۆکیەکانی ئانکارا لە گەڵ ڕۆژئاوادا بەتەواوی تێگەیشتوون. وەختێک ترامپ سەرکۆماری ئەمریکا بە ڕاشکاوی دەڵێت: "کێشەی نیوان کورد و تورک زۆر لە هی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان قوڵتر و دژوارترە، مانای زۆرە. کەوابوو چۆن لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ڕێگا بە حکوومەتی تورکیە دەدرێت بڕوا حوکمڕانی ئەو هەرێمە کوردستانیە لە ژێر ناوی ناوچەی ئارامدا بکات! ئەو مەسەلەیە بابەتێکی هەستیار و جەوهەرییە و پاشان کۆنگریسی ئەمریکا دژایەتی خۆی لە گەڵ نێوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنە دەربڕیووە و ئەگەر بە سوودی کورد نەبێت، بەڵای ئەوانە وە شتێکی قبووڵ کراونابێت. هەر بەدوایی بڵاو بوونەوەی پرسی ڕێککەوتنی ئەمریکا و تورکیە سەبارەت بە مەسەلەی ڕۆژئاوایی کوردستان، کە دەگووترێ دەبێت یەپەکە بە بەشێکی بەرچاوی ناوچەکان بکشێتەوە دواوە، باوەڕ ناکرێ شتێکی دروست بێ، هەر دوێنێ وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕایگەیاند کە تورکیە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە پاراستانی ناوچەی ئارامدا نابێت.

کەوابوو ئەمریکا و وڵاتانی تریش لە سەر ئەو بڕوایەن کە هەر کورد دەتوانێ ئارامی و ئاسایشی هەرێمەکەی بپارێزی و ئەمریکا بەو کارەی هەوڵی بەدەست هێنانەوەی دڵی کوردەکان ئەدات و هەوڵدەدەن بە جۆرێک تورکیە لە ناوچەکان بکشێتەوە کە لە نێوخۆیدا لە ژێر گوشاردا ناچار بە لەدەستدانی دەسەڵات نەکرێ. ئەردۆگان لە مێژووی سیاسی و حوکمڕانیدا بەڕادەی ئەمڕۆ لە ژێر فشاری نێوخۆی و دەرەوەدا نەبووە و بەو سیاسەتەی ئائارامی و ناجێگری ئابووری هێناوەتە تورکیە.

گەلی کورد بەو ڕێککەوتنە کە لەسەر دەستی ئەمریکایە، پیناچێت تییدا زەرەرمەندبێ و بێگوومان دەسکەوتی خۆی دەبێت. سیاسەتی ئەردۆغان ئەوەندە دژ بە ئاشتی و گەلی کوردە، کەس ئەو متمانەی پێناکات، پاراستنی هەرێمی خۆبەڕێوەبری کوردستان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتە کە مێژوویەکی ڕەشی لە سەرکوت و چەوساندنەوەی گەلی کورددا هەیە.

ئەمریکا خۆی لەوێ حاکم دەبێ و بە ڕێگای ناوچەی ئارامدا هەوڵدەدەن هەم خۆیان لەوێ بگریسێنەوە و پێگەی خۆیان بەهێز بکەنەوە و بەرووبەکەی تریشدا ئارامی و ئاسایشی کوردەکان بخەنە سەر شانی خۆیان و لە مەترسیەکانی تورکیە و ئەسەد بیا پارێزن. کاتێک لێکدانەوەی بابەتیانەی ڕووداوەکان و هاوکێشە ناوچەیەکان دەکەین، بەو نەتئجەیە دەگەین کە ناکرێ بەو ڕێککەوتنە ڕەش بین بین و وابیر بکرێتەوە کە گەلی ڕۆژئاوا دەست بەرداری خۆی و دەسەڵاتەکەی بووە، بەشێک

لە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە دەڵێن: ئەوان خاکی خۆیان بۆ تورکیە بە جێ ناهێڵن و متمانەیان بە ئانکارا نیە بێت و ئەوان بپارێزی. ئەوەی ئێستا ئەمریکا و یەکیەتی ئۆروپا گرینگی پێدەدرێت، لایەنی کوردیە و هەوڵدەدەن ئاسایشی کوردەکان بە باشترین شێوەی گونجاو دابین بکەن. بەمانەوەی تورکیە لەو ناوچانە، ناکرێ گەلی ڕۆژئاوا هەست بە ئارامی و ئاسوودەی خۆی بکات.

ڕێبەری گەورەمان دکتۆر قسلووی مەزن دەڵێت: "لە سیاسەتدا ئەوە نیە بڵێی یان هەموو شتێک یان هیچ شتێک، یان ڕەش یان سپی" دەبێت بە پێی دەرفەت و هەلومەرجی سیاسی و نێودەوڵەتی بێ و زۆر ژیرانە بارودۆخی هەنووکەی بخوێن ڕێتەوە. جارێ ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ هاوسارکردنی ئەردۆغان و پاشەکشە پێکردنیان لە ڕۆژئاوایی کوردستان.

بائەوەشی لێ زیاد بکەین، دەمێکە تورکیە لە خەریتەی سیاسی و ژیپلۆتیکی سیاسی ئەمریکادا کەمڕەنگ بۆتەوە و هەرگیز نابێتەوە دۆستەکەی هەشتاکانی زاینیی و ڕاستە ئەندامی ناتۆیە، بەڵام زۆر جار قسە لە دەرکردنی لەو یەکێتیەش دەکرێ! پاشان گەمە سیاسی و سەربازییەکە زۆر لەوەی گەورەترە، ئیدی سووریە بۆتە گۆڕەپانی شەری نیوە سارد و گەرمی ڕووسیە و ئەمریکا و ئەگەر ترامپ لەوی بشکێ، یانی مسکۆ دەبێتە خاوەنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەمریکا بەتەواوی لە مەیدانە سیاسی و سەربازی و ئابووریەکە دوور دەکەوێتەوە و بالانسی هاوکێشەکان لە بەرژەوەندی ئێراندا دەبێت. سەرکۆماری ئەمریکا بە بڕیاری کشانەوەی لە سوویە و پشتکردنە کوردی ڕۆژئاوا، زیانێکی گەورەی بە متمانەی سیاسەتی دەرەوەیی وڵاتەکەی گەیاند و زۆر یەک لە دۆستە سیاسی و میژوویەکانیشیان لێمەی ئەو کرداریان کردوە و ئەگەر لە سووریە بکشێنەوە، دیسان قۆناغی پاشەکشەی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا دەست پێدەکات.

کورد تەنیا هێزێکی مەیدانی و بەوەفایە کە بتوانێت لە هێنانەوە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا کاربکات. بەمەرجێک ئیدارەی ئەمریکا ڕەچاوی بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد بکا و پەیڕەوی ڕێڕەوێکی ڕوونی ستراتیژی سیاسی و سەربازی لە گەڵ کورددا واژۆ بکات.

ئەگەر بە سەرنجەوە بڕوانینە قوولی و ستراتیژی ڕووداوەکان،باوەڕناکرێ ئەمریکا کوردی ڕۆژئاوا بە تەواوی ڕادەستی تورکیە بکا و ئیدی خۆی لە پاراستنیان بێ بەری بکات. پاش ئەو هەڵە سیاسیە گەورەی ترامپ کە کردی، سیاسەتی دەرەوەیی ئەمریکا ئەوەنابێت کێشە بە کێشەیەکی نوێ چارەسەربکات و گەلی کورد بخاتە بەردەمی مەترسی گەورەترەوە، چوونکی ئەگەر وەبکات، زیان بە بەرژەوەندی سیاسی خۆی لە گەڵ هاوپەیمانەگرینگ و میژوویەکانی لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەی دەگەیەنێت.

زۆر کەس بۆچوونی ئەوەیە کە ڕۆژئاوا بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی تورکیە و ئەو ولاتەش بە کەیفی خۆی سیاسەتی نژاد پەرستانەی بە دژی کورد بەڕێوە دەبا.

ئەگەر تۆزێک بە وردی لێکدانەوەی ئەو ڕێککەوتنە بکەین، بە ڕوونی و دیاریکراوی باسی ڕۆڵی ئەمریکا نەکراوە وەک لایەنی جێ بە جێکاری ئەو پڕۆسەیە.

ئەو خاڵە دەکرێ بەو جۆرە ڕوانینی لە بەرەوە بکرێ و ئەوەی بەکردار ئەو هەرێمە ئارامە دەپارێزێ لە داهاتوودا، بێگوومان ئەمریکایە نەوەک دەسەلاتی تورک، چوونکی سیاسەتی تورکیە ئەوەنیە کە لە گەڵ بوونی کیانی کوردیدا هەڵبکا و بەڵکوو خەریکن دژایەتی خۆیان لە گەڵ هەرێمی کوردستاندا زیاتر دەردەخەن و بە چاوی دوژمنکارانە سەیری ئەوێش دەکەن.

٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

بابەتی ساڵی ..... ٢٠٢٠ - ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ - ٢٠٢٦

سیاسەتی نابەرپرسانەی تاران بۆتە مایەی سەر ئێشە بۆ گەلانی ئێران!

ئاڵوگۆڕە سیاسیە نێودەوڵەتی و ناوچەیەکان بەتەواوی بە زیانی حکوومەتی ئاخوندی شکاوەتەوە و، هەرچەند تاران لە لای خۆیەوە هەڕەشە لە ئەمریکا و نەیارەکانی تری دەکات کە توانای وەشاندنی زلەی گەورەی هەیە و دەتوانێ ڕووبەڕووی دژبەرەکانی بێتەوە و لە سەر ڕێگایان بە هێزی سەربازی لایان بدات.

دیارە ئەو قسانەی کاربەدەستانی تاران زیاتر داماوی و تەریک کەوتنەوەیان لە کۆمەڵگای جیهانی دەخاتە ڕوو و ئەو چەند وڵاتەی کە زۆریان هیوا لە سەر هەڵچنیبوون و بە یار و پشتیوانی گەورەی خۆیان دەزانی لە ئەگەری بارگرژییەکاندا، وەک ڕووسیە و چین ، لە کاتی تووندبوونی گرژییەکانی نێوان واشنگتۆن و تاراندا، زۆر ژیرانە و بە خشکە خۆیان لە ڕێژیمی تاران بەدوور گرت و کاردانەوەیەکیان نەبوو کە دڵی تاران ئاسوودە بکات.

ئەوەی زۆر جار دەگووترا حکوومەتی ئاخوندی لە دوا بەلەقاژەکانی ژیانی خۆیدایە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی مانەوەیان دەدەن، بەتەواوی نیشانەکانی کۆتایی تەمەنیان دەردەخات و زۆر نابات، گۆڕانێکی گەورەی سیاسی و نەتەوەیی بە سەر ئێراندا دێ و کوردیش وەک نەتەوەیەکی وشیار و بەتەواوی لە مەیداندا، سوودمەندی یەکەمی وەرچەرخانەکان دەبێ و بە سانای کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات.

کاربەدەستانی ڕێژیم هەریەکە و بە شێوازی خۆی سەبارەت بە گوشارەکانی سەر ئێران دەدوێن و ڕوانینی نامۆ و دژبەیەکیان بەردەوام دەخەنەڕوو و، ئەوەی بەتەواوی کاربەدەستانی ڕێژیمی لەسەر کۆک و لێک گرێداونەتەوە، هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەکانی ئەو وڵاتەیە لە ئەمریکا و دژبەرەکانی تری ناوچەی.

ئۆروپا بەتەواوی پشتیوانی هەنگاوە سیاسی و سەربازی و ئابووریەکانی واشنگتۆن دەکات و لەسەر ئاستی ناوچەیشدا هاوپەیمانەکانی ئەمریکا زیاتر لە جاران خۆیان بە دژی حکوومەتی ئاخوندی ڕێکخستووە و گوێ ڕایەڵی ئەمریکا دەکەن و

بە هاوبەشی هەوڵی تەریک کردنەوە و پەراوێزخستنی تاران دەدەن.

ئەو وڵاتانەی کە تادوێنێ لە سەر ئێران دژایەتی ئەمریکایان دەکرد و دەم بەردووکەیان لەگەڵ واشنگتۆن دەکرد، پاش هەڕەشەکانی خامنەی و روحانی لە وڵاتانی فەڕانسە و ئەڵمان و بریتانیا، سیاسەتی دەرەوەی بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانە لە هەمبەر تاراندا گۆڕا و ئێستا بەو ئاکامەی گەیشتوون کە حکوومەتی ئێران بەتەنیا مەترسی نیە بۆ سەر وڵاتانی ناوچەی، بەڵکوو بە سەرچاوەی هەڕەشە و فینتنەی گەورەی لەسەر ئاستی گێتی دەزانن. هەر لە بەر ئەو هۆکارەشە ئێستا هەوڵدەدەن وێڕایی هێزەکانی ئەمریکا، لەسەر سنووری ئاویەکانی نزێک لە ئێران چاودەدێرێ و کۆنترۆڵی زیاتری جووڵەی تاران بکەن و لەو ڕێگایەوە ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیان دابین بکەن و بەهاوبەشی لە گەڵ دۆستە دێرین و ستراتیژیەکانیان بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن.

ئەگەر تۆزێک بە قووڵی سەیری ڕوودا و پێشهاتەکانی ئەو چەند مانگەی دوایی بکەین، ڕەنگە ئەوکات باشتر لە جەوهەری هەستیاری بەبەتەکانی پەیوەندیدار بە بارگرژییەکانی واشنگتۆن و تاران بگەین. ئەمریکا سەبارەت بە ئێران بە تەواوی سیاسەتی خۆی گۆڕیووە و ئەگەر هێندێک جار نەرمی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا بەدی دەکرێت لە پەیوەندی لە گەڵ تاراندا، بێگوومان زیاتر ئەو بابەتە دەچێتە خانەی تاکتیکی ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەیی ئەمریکا.

ئەگینا کۆشکی سپی و سیاسیە بەئەزموونەکانی ئەو وڵاتە، بەو نەتیجەیە گەیشتوون کە حکوومەتی تاران بۆتە سەر چاوەی مەترسی و نانەوەی ئاژاوەی زیاتر لە ناوچەکەدا و دەبێت بە هێز بەرگری لە باڵادەستیەکانی بکرێت و هەتا لە سەر ئاستی نێوخۆشدا ڕێگری لە سیاسەتی ستەمکارانەی بکرێت.

بەدوای کوژرانی قاسم سلیمانی فەرماندەی سپای قوودسی ڕێژیم، بەدڵنیایەوە هاوسەنگی هێز بەتەواوی لە بەرژەوەندی ئەمریکا و دۆستەکانیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. حکوومەتی ئێران و باڵی سەربازی ڕێژیمی ئاخوندی هەراوهوریایەکی زۆریان نایەوە و لە لای خۆیانەوە کەوتنە هەڕەشەکردن و تۆڵەکردنەوە لە هێزە ئەمریکایەکان. بە تێگرتنی چەند مووشەکێک بە هێزەکانی ئەمریکاجێگر لە عێراق، تەپووتۆزی ڕاگەیاندن و دەنگ بەرزکردنەوەیان بە سەر نەیارەکانیاندا بە تەواوی کۆتایی پێ هات و ئێستاش جار بەجار لە سەر ئەو شێوازە ترسەنۆکانەیان دەڕۆنە بەرەوە، بێ ئەوەی بۆیری ئەوەیان هەبێت دەستیان بەرزبکەنەوە.

نیشانەکانی ڕوخانی ڕێژیمی ئاخوندی تادێ باشتر دەردەکەوێ و، زەمینەی شیاوتری دارمانی بەسەریەکدای بۆدەرەخسێ، بە هۆی گوشارە نێو خۆی و نێودەوڵەتیەکانەوە.

گەلانی وڵات بەتەواوی کەوتوونەتە دژایەتی ئەو ڕێژیمە و ئازادی و ژیانێکی شایستە و ئابووریەکی ئەو تۆیان دەوێت کە بتوانێ ئاسایشی کۆمەڵایەتی خەڵک بەگشتی و بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی دابین بکات و دەرفەتی ژیانێکی ئاسوودە و سەردەمیانە بۆ گەلانی ئێران برەخسێ و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ببووژێنەوە.

لە یاسیەی حکوومەتی ئاخوندیدا هیچکام لەو خواست و ئارەزوانەی خەڵک بەدی نەهاتووە و بەدوایی خۆپێشاندان و بێزاری دەربڕینی گەلانی وڵات لە سەر شێوەی ئەدای حوکمڕانی دەسەڵاتی ستەمکارانەیان، جەوێکی بەتەواوی ئەمنیەتی و پۆلیسی بەسەر بەشێک لە شارەکانی ئێران و کوردستاندا فەرزکراوە.

لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە سروشتێکی بە تەواوی سیاسی و نەتەوەیی تایبەتی هەیە، وەختێک ئازادی و مافە دێمۆکراتیک و نەتەوایەتیەکان بەدی دێن، کە حکوومەتی تاران داڕمابێ و دەسەڵاتێکی نوێ کە ڕەنگدانەوەی ویستی فرەنەتەوەیی گەلانی وڵات بێت، لەو وڵاتەدا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ.

گەلانی پێک هێنەری ئێران ئازادیەکیان دەوێت کە دەرفەتی بەشداری لە حوکمڕانی وڵاتیان بەتەواوی بۆ زامن بکات و مافی نەتەوایەتی گەلان بە گوێرەی دەستووری وڵات بۆ هەموو نەتەوەکان لە بەرچاو بگیرێت و، بۆ جارێکی تر غەدری سیاسی و مێژووی لە نەتەوەکانی وڵات نەکرێتەوە.

لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە بنەماکانی دیاریکردنی مافی نەتەوایەتی گەلانی وڵات لەسەر بنەمای فیدراڵێ بێ و بە جۆرێک دەستوور ڕێکبخرێ، هەرکاتێک یەکێک لە نەتەوەکان بڕیاری جیابوونەوەی خۆی بدات، لە گەڵ دژایەتی و تۆندوتیژی سیاسی و سەربازی نێوخۆی بەرەوڕوو نەبێتەوە.

چوونکی سروستی پێک هاتەی سیاسی و نەتەوایەتی ئێران تایبەت مەندی خۆی هەیە و لە داهاتووی وڵاتدا بەتەواوی دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵە گرینگ و جەوهەریە بکرێت تا لەو ڕێگایەوە ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی هەموو لایەک پارێزراوبێت.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە ڕۆڵی گەورەی لە نێو بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کوردا لەسەر شانبووە، زۆر ژیرانە لەو پەیوەندییەدا هەڵویستی خۆی دربڕێووە و ئەو مەسەلەیە بەشێکی گرینگی لە بەرنامەی سیاسی حیزب بۆ تەرخانکراوە و سیاسەتی حیزب لە هەمبەر داهاتووی سیاسیدا بەتەواوی ڕوون کراوەتەوە.

وڵاتی ئێران بە تەنیا خاکی فارس یان نەتەوەیەکی تر نیە، بەڵکوو هەموو نەتەوەکان خاوەن خاک و سنووری نەتەوەین و دەکرێ ئەو باسە لە داهاتووی سیاسی و سازانی نیشتیمانی وڵاتدا بەتەواوی ڕەچاو بکرێت.

هەتادێت گوشارەکانی سەر ڕژێمی ئاخوندی لە سەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا، کاریگەیان لەسەر دەسەڵاتی تاران دەردەکەوێت و ئەگەر ڕووداوەکان بەو جۆرە درێژەیان هەبێت، بێگوومان حکوومەتی ناوەندی هێزی کۆنترۆڵکردنی ئەو تۆی نامێنێ و ئەو کات گەلانی بێزار لە حکوومەتی ئاخوندی زیاتر دێنە مەیدان و دەرفەتی ڕوخانی حکوومەت زەمینەی شیاوتری بۆ پێک دێت لە ئێراندا.

ئەو وڵاتانەی کە پێشینەی دیکتاتۆیان هەبوو لە سەر ئاستی ناوچەیدا و لە زەبروزەنگ و لە نێوبردنی ئازادیخوازانی گەلانی وڵاتەکەیاندابە هیچ جۆرێک شانیان لە شانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران نەداوە و ئەو ڕژێمە وڵاتی کردۆتە بەندیخانە و کۆمەڵ کوژی بەدژی گەلانی ئێران بەڕێووە بردوە. بەشیکیان بە تەواوی تێک ڕووخان و شوێنەوارێک لە حوکمڕانیان نەماوە و، بێگوومان داهاتووی ڕژێمی تاران هەر بەو جۆرە کۆتایی دێ و ئەو ڕۆژەدێ گەلانی ئێران بە ڕێگای دادگا و یاسا نێودەوڵەتیەکاندا، سزای توندی کاربەدەستانی ڕژێمی ئاخوندی بدرێت بە هۆی کردەوەی کۆمەڵکوژی و زەبروزەنگی لە ڕادەبەدەریان بە ڕامبەر بە ڕۆڵەکانی گەلانی وڵات.

ڕژێمی تاران لە ئێستادا بەتەنیا نیگەرانی تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و سەربازی لە سەرئاستی گێتی و ناوچەیدانیە، بگرە مەترسی ئەوەشیان هەیە هێزە چەکدارەکانیان لە سەنگەری خەڵکدا، سێرە لە خۆیان بگرن.

چوونکی لە کاتی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و سەربازی وڵاتدا، هێزە چەکدارەکانیش لە ژێر هەژموونی حکوومەتدا نامێن و ڕیزی خۆیان لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری حاکم بەسەر ئێراندا جیا دەکەنەوە و پشتیوانی لە دەنگی ئازادی و دادپەروەری دەکەن.

حکوومەتی ئاخوندی هەوڵی زۆر دەدات بۆ ئەوەی متمانەی خەڵک بۆ حکوومەت بەدەست بێنێتەوە، بەڵام گەلانی ئێران ئەوەندەیان چەرمەسەری و نادادپەروەری سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە سایەی ئەو ڕژێمەدا بینیووە، هەرگیز بۆ جارێکیتر شوێن قەول و بەڵێنیەکانیان ناکەونەوە و زۆر مووکوورن لە شەر ڕوخاندنی و لایەنگری گۆڕانی بنەڕەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا دەکەن.

ئەمریکا بە زمانێک پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەکات و لە لایەکی دیکەش هەوڵەکانی زیاتر چڕکردۆتەوە بۆ

ئەوەی گوشاری تونددتری سیاسی و سەبازی و ئاووری بخاتە سەر تاران و لە ژێر کاریگەری ئەو پاڵەپەشتۆیەیەدا، شادەمارەکانی بەتەواوی بەرەو لاوازی و لەکارکەوتن بەرێت.

جگە لە فشارەکانی کە لەسەرەوە ناوبراون ، کۆدەنگیەکی کاریگەرتری ناوچەی بەدژی پێگەی ڕێژیمی تاران دەبینرێ و بێگوومان ئەو بابەتەش دەتوانێ کاریگەری لەسەر لاق خرکردنەوەی تاران هەبێت.

حکوومەتی ئێران بەتەواوی لە گەڵ قەیرانە جۆر بە جۆرەکان بەرەوڕووبۆتەوە و شوعاری خەڵک ئەوەیە کە دەسەڵاتداران وازلەکاری سیاسی بێن و وڵات بەجێ بێڵن. ڕێژیمی تاران هەوڵی زۆریدا کوژرانی قاسم سلیمانی وەک بەدەست هێنانەوەی متمانە و پشتیووانی گەلانی وڵات بەکار بێنێ. هەر بەو دەلیلەش شار بە شار تەرمەکەیان گەڕاند و هەروەک بینیمان خۆپێشاندەران ئەوەندە لەو ڕێژیمە و کردارەکانی بێزران، تەنانەت وێنەکانی ئەو گەورە تیرۆریستەشیان لە دارودیوارەکان کردەووە.

گەلانی وڵات ڕوخانی ڕێژیمیان کردۆتە شوعاری ڕۆژیان و بە پێچەوانەی حکوومەتی ئاخوندی، خەڵک و گەلانی ئێران جگە لە ڕێز و خۆشەویستی بۆ ئەمریکایان نیە. دەرکەوت کە ئەوەی شوعاری بمرێ ئەمریکا دەڵێن، شوێن کەوتووانی دەسەڵاتی ئاخوندین و "گەلانی وڵات لەو دژایەتیە بە تەواوی بێبەرین."

بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی کاربەدەستانی وڵات بەتەواوی کەوتۆتە ژێر گوشار و هەست بە دوو بەرەکی زۆر دەکرێت لە نێو کاربەدەستانی نیزامی حاکم بەسەر چارەنووسی سیاسی و نەتەوەی گەلانی وڵاتدا.

ئێران هەوڵی زۆر دەدات تۆزێک شانیان لە ژێر گوشاری ئالۆزییە ناوچەی و نێو دەوڵەتیانکاندا ڕاست بکاتەوە، کەچی بەو دوایانە پێکانی فرۆکە ئوکراینیەکەی هاتە سەر و ڕووداوی پێکانی ئەو فرۆکەیە لە لایەن سپای پاستدارانی ڕێژیمی تاران، هێندەی تری شەقامی وڵاتی لە خۆی دەهری کردەووە.

حکوومەتی ئێران دەسەڵاتێکی چاوچنۆک و مرۆڤ کوژە و، دژی ئازادیەکان دەوەستێ و ئەوەی ئێستا بە سەریاندێ، بەدڵنیایەوە هۆی خراپ جووڵانەوەی خۆیان بووە لە ماوەی تەمەنی حوکمڕانیان بەسەر گەلانی وڵاتدا.

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لازمە سەبارەت بە داهاتووی وڵات و پاش ڕوخانی ڕێژیمی تاران، بەجۆرێک ماف و

ئازادییەکانی گەلی کوردیان گەڵاڵە و ڕێکخست بێت کە کورد وەک گەلێکی دیاری نێو بزووتنەوەی سیاسی ئێران و کوردستان بەتەواوی بەمافەکانی بگات.

چوونکی ئەگەر لە ئێستاوە ئەوە نەکرێ، بەدڵنیایەوە لە کاتی ڕووداندا بارگرژی و تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و سەربازیدا، کورد بە کۆی دەسکەوتەکانی ناگات و ئەگەری ئەوەهەیە بە ڕێگای کایە و گەمی نوێی سیاسی و نێودەوڵەتیدا کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن ببرێنەوە و پینە بەشڕەی بکەن.

٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

سیاسەتی حدکا وەک گومی مەند وایە و بە کەس شلوێ ناکرێت.

لەو ماوەیەدا پیلان بە دوای پیلاندا، بەرۆکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەگرن و تاوانی ئەو کارەش، بێگوومان حکوومەتی ئاخوندی ئێرانە کە هەوڵی لە نێوبردنی ئەو هێزەکاری گەرەی ڕۆژهەڵات دەدات.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی تێکۆشەری سیاسی و نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە قووتابخانەی مۆدێرنی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان ناسراوە، لە ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەید،ابەردەوام پشتیووانی لە هەر هەنگاوێک دەکات کە یەکڕیزی و یەکیەتی سیاسی نەتەوەیی لە نێوان هێزەکانی کوردستاندا دەستەبەربکات و دژی ژاوە ژاوی سیاسی بووە.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بە ڕێگای هاو بەشە سیاسی و بازرگانە نێوخۆیە کوردیەکاندا، فایلی دەنگێک سەبارەت بە شەڕی نێوان دوولایەنی کوردستان بڵاو دەکاتەوە کە مێژووی ڕوودانەکەی بۆ ٣٩ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و بەداخەوە ئەو کات شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە نێوان حیزب دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عیراق، بە پیلان گێڕی ڕێژیمی ئەو کاتی خومێنی سەریهەڵدا و چەند ساڵێکی خایاندتا کۆتای پێهات.

بێگوومان ئەو کارە بە پیلان و بەمەبەستی ئازاو و بەقەولی خۆیان بەگژیەکداکردنەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردتان کراوە و داگیرکەرانی کوردستان هەرگیز چاوی دیتنی یەکڕیزی و هاوپشتی خەباتی گەلی کوردیان نیە و بەردەوام هەوڵی تێکدانی ئەو کۆدەنگیە دەدەن.

بەداخەوە ئەو کات شەڕێکی توند و خوێناوی بە پیلانی حکوومەتی ئاخوندی لە نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و (قیادەی مووقەتە) پارتی دێمۆکراتی کوردستان ڕوویدا و قسەی زۆریشمان پێک گووت و لە کاتی شەڕ و بارگرژیدا هەموو شتێک دەگووترێ و هەرلایەک هەوڵدەدات بەسەر بەرامبەرەکەیدا براوەبێت٠ لە کاتێکدا کەس لە شەڕی خۆکوژیدا بەراوە نیە و هەموو لایەک وەک یەک زیانی بەردەکەوێت، چوونکی گەل و جووڵانەوەکەی تێیدا زەرەرمەند دەبێت.

کاتێک ئاڵوگۆڕی و گرژی دەکەوێتە نێوان دوو لایەنی سیاسی، شێتکی زۆر سروشتیە کە بە زمانی زبر و توند بە دژی یەک قسە بکرێ و لێدوان لە ڕاگەیاندنەکانیدا بڵاو بکەنەوە بەدژی بەرامبەرەکەیان و ئەوەی ئەمڕۆ هەوڵی بە ڕۆژهۆ بوونی

دەرێت، نزیک بە چوار دەیەی بەسەردا تێپەڕبووە و ئەو کات ئەو شتانە لە کاتی شەڕ و بارگژیدا پێک گووتراون. ئیدی باسکردنەوەیان بە فلسێک ناچێ و بەو ڕێگایەدا بێگوومان بە ئامانج و خواستە مەترسیدارەکانیان ناگەن.

کاتێک باشوور ڕزگارکرا، ڕێزدار مەسعوود بارزانی سەردانی دەفتەری سیاسی حدکا ی کرد لە ئەستێرۆکە و بۆڵی و لەو کاتەوە لاپەڕەیەکی بەتەواوی نوێ لە پەیوەندی ئەو دوو هێزەی کوردستان هەڵدرایەوە و هەوڵی باش داروە بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی ئەو شەرە کاوڵ کاریە کاڵبکرێتەوە و بە خۆشیەوە ئەو ئیرادەیە سەرکەوتووە کە ئاشتی سیاسی و نەتەوەیی دەوێت.

ئەو کەس و گروپانەی بیان هەوێت بە ڕێگای کومەڵێک بەڵگەی مێژوویدا زیان بە پەیوەندی ئەو دوو هێزە گەورە و نەتەوەیە بگەیەنن، بەتەواوی هەڵەن.

ئەندام و لایەنگران و دڵسۆزانی حیزب و بزووتنەوەکەش بێگوومان بەو ئەسڵە گرینگ و هەستیارە پەبەند بوونە و زۆر بە ژیری و هەستی بەرزی نەتەوەیی پشتیوانیان لە هەنگاوە سیاسی و نەتەوەیەکانی حیزبەکەیان کردووە و خۆیان لە زمانی زبرو و تووندئاژۆی پاراستووە و کارێکیان نەکردوە بە دەربڕینی ڕوانینی خۆیان زیان بە ئاستی پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەگەیەنن و هەرگیز بەشێک لە سیاسەتی هەڵگریساندنی شەڕ و تێکچوونی هەوسەنگی سیاسی و نەتەوەی نە بوونە لە کوردستان.

خۆیان لە شەڕ و پێک هەڵپڕژان پاراستووە و بەڵام غەدریشیان لە کەس قبووڵ نەکردووە.

زۆر کەس و سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات نیگەرانن کە بێ هۆکار و دەلیل ئەو ڕووداوەانە بە شێوەی بەرنامە بۆ دارێژراو بە ڕێوەدەچن و بە گشتی گوومانەکەئەوەیە کە حدکا بخرێتە نێو جەوێکی ئەوتۆی سیاسی کە بە سوودی حکوومەتی ئاخوندی ئێران بێت. هەربۆیە ئەرکی هەموو لایەکە بەوپەڕی ژیری و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی سیاسی و حیزبی لە گەڵ دۆخەکەدا هەڵ بکەن.

بارودۆخی سیاسی و ژینگەی حیزب بە جۆرێک نیە کە بتوانێت لە بەرامبەر ئەگەری پیلان گێڕی گەورە و ناچەیدا خۆی بپارێزێت و ئامانجی تاران ڕێک ئەوەیە کە زیان بە پێگە ونفووزی حیزب بگەیەنێ و بکێشێتە نێو شەڕێکی نێوخۆیەوە.

پیلانەکان بە ئارامی و یەک بەدوای یەکدا بەڕۆکی حیزب دەگرن و ئەگەر بە شێوەی کرچ و کاڵ و هەرزەکارانە لە گەڵ

دۆخەکەدا بڕۆینە بەرەوە، بێگوومان مەترسیەکان لە سەر ئاسایشی ڕێبەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر دەبن.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەدرێژایی مێژووی خۆی لایەنگری سەرخەستی تەبای و یەک هەڵوێستی بزووتنەوەی سیاسی کوردی ویستووە و دژی بارگرژی و کەش و هەوایی ناسالمبووە لە گەڵ هێزەکانی تری کوردستاندا و زۆر جاران و بە ئێستاشەوە گەلێک لۆمەی سیاسی کراوە کە سیاسەتێکی زۆر هێور بەڕێوە دەبات.

حیزبی دێمۆکرات وەک قوتابخانەیەکی مۆدێرنی سیاسی و نەتەوەیی، پشتیووانی لە هەنگاوەکانی پێکەوەکارکردن و خەباتکردن کردووە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاری نەتەوەیی هەموو هەولێکی خۆیداوە و لە مەوە بەدواش بە شانازییەوە لە سەر ئەو ڕێچە نەتەوەیە خەباتی خۆی درێژە پێدەدات.

ئەندامان و لایەنگرانی حدکا بە جۆرێک پەروەردەی سیاسی و تەشکیلاتی کراون کە لە ئاستی هەر کێشە و گرفتێک کە بۆ حیزبەکەیان بێتە بەرەوە، بە هەستی بەرپرسیاری و هێوری و زمانێکی سەلیم و دۆستانە هەڵسەنگاندن بۆ بابەت و مەسەلەکان بکرێت و هۆکاری بارگژی و تێکدانی کۆدەنگی نەتەوەیی نین و پشتیووانی سیاسەتی دروستی حیزبەکەمان دەکەین.

هەربۆیەش نابێت ڕێگا بە کەسانێک بدرێت سنووری خۆیان لە سایەی هێزی تردا ببەزێن و تیرو توانج و پلار بگرنە حیزب و ڕابردووی پڕشەنداری و، بەخەیاڵی ئەوەی حدکا بکێشنە نێو ئەو ژاوە ژاوە گوومانلێکراوەی کە ماوەیەکە دەستی پێکردوە و سەرچاوەی ئەو بارگرژی و شڵژانە ڕێکخراوەیە بە دڵنیایەوە دەستی ڕێژێمی تیرۆریستی ئاخوندی لەپشتە و بە ڕێگای هاوبەشەکانیەوە خەریکە بە ئامانجەکانی دەگات.

سیاسەتی حەکیمانەی حیزبی دێمۆکرات هۆکاری گەشەکردن و وشیاری سیاسی و نەتەوەیی بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بۆتە پردی متمانەی سیاسی و نەتەوەی لە نێوان هێزەکانی تری کوردستاندا. ئەو بابەتە شتێک نیە هەر لە خۆوە بگووترێت، مێژووی سیاسی و جوواڵانەوەی کورد شاهیدی ئەو سەربەرزییەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە.

دیارە زمانی سەلیم و پابەندبوون بە ئوسووڵ و پرینسیپەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ڕاست و دروستی حیزب. لە حیزبدا هەر کەسێک ئازادە بیروڕایی خۆی دەربڕێت و لە کۆڕوکۆبوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتیدا باسی لەسەر بکات و پەرەی پێبدات. بەڵام هەر بیرو تێڕامانێک کە زیان بە بەرژەوەندی نەتەوەیی و یەکیەتی سیاسی کورد بگەیەنێت، باسکردن و

قسەکردن لە سەری بەهێڵی سوور دانراوە.

کەوابوو حدکا لە رەوتی خەبات و تێکۆشانیدا بەدوایی بەهانەدا نەگەڕاوە و هەرگیز هۆکاری شەڕ و ئاشووپ نەبووە لە گەڵ هێزە کوردیەکاندا لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی تری کوردستاندا. بە پێچەوانەی نەیاران و ناحەزانی حیزب کە هەوڵی شێواندنی ڕووداوە سیاسی و مێژوویەکانی ڕۆژهەڵاتیان دەستپێکردوە و بە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانەی کە ٣٩ ساڵ بە سەر ڕووداڵیان دا تێپەڕ بووە، جگە لە ویست و ئامانجێکی دوژمنکارانە، هیچ وەسفێکی تر هەڵناگرێت.

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابردوو هیچ خزمەتێک بە لێک نزیکبوونەوە و پێکەوەکارکردنی حیزبەکانی کوردستان ناکات و بەڵکوو زەمینەی لێکترازانی زیاتر پێک دێنێت و بەو ڕێگایەشدا سوودی باش بە داگیرکەرانی کوردستان دەگەیەنین. مەبەست لە هەڵدانەوە و شۆڕبوونەوە بە نێو ڕووداوە مێژوویەکاندا، بێگومان بۆ ئەوەی نیە کە خوێ بکەینە برینەکان و زیان بە یەکڕیزی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد بگەیەنین.

هەر وەک ئاماژەمان پێداوە، شەڕێکی ماڵوێرانکەرو خوێناوی بە هۆی پیلان گێڕی حکوومەتی ئاخوندی کەوتە نێوان حدکا و پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق کە ئەو ڕووداوە نزیک بە چواردەیەی بە سەردا تێپەڕبووە.

کاتێک باس دێتە سەر کۆدەنگی نەتەوەیی و یەکیەتی سیاسی گەلی کورد، هەموومان خۆمان بە ئەندازیاری ئەو فیکرە دەزانین، بەڵام وەختێک لە ڕوانیگەیەکی سیاسی و نەتەوەیی هەوڵی تیمارکردنی برینە قووڵەکانی سەر جەستەی مێژووی سیاسی مان دەدەین، بە ناڕەوا هێرش دەکرێتەسەرمان و شتی نامۆ و پێچەوانەی تەنانەت بێرکردنەوەی بەقەوڵ خۆیان، نەتەوەیان دەر دەبڕن.

سیاسەتی حیزبی دێمۆکرات ئەوەیە پەرە بە یەکیەتی سیاسی و نەتەوەی بدات و لە درِدۆنگی سیاسی خۆی بەدوور بگرێ و بەردەوام هەوڵیداوە پیلانەکانی ڕێژیمی تاران بە باشترین شێوە لە سەر جووڵانەوەی سیاسی گەلی کورد پووچەڵ بکاتەوە و خۆی لە شەڕی خۆکوژی و براکوژی بەدوور بگرێت.

٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠

فارس و تورک به خشکه خەریکی شێواندنی دیمۆگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

بێ دەنگی و نەبوونی گۆتاری نەتەوەیی سەبارەت بە وەرمێ و چەند شار و ناوچەیەکی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێگوومان دەرفەتی مەترسیەکە زۆر زیاتر لەوەی هەیە دەکات و ناکرێ هەر بێ دەنگ و خۆمان لەو باسە گرینگەی ڕۆژ بپارێزین. ئەوە جاری یەکەم نیە تورکەکان بە هاوکاری و پشتیووانی حکوومەتی تاران هەوڵی شێواندن و سنوور بەزاندنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن و دواجار بە پیلانێکی لە پێشدا بەرنامە بۆ دانراوە هەوڵی گۆڕینی تابلۆی مێژووی بۆزی سینا لە ناوچەی مەرگەوەریان دەست پێکرد. بەڵام هاتنە مەیدانی چین و تۆڕە گەلیەکانی ورمێ و دەوروبەری و بەشداری ڕێکخراوەمەدەنیەکان، بۆ جارێکی تر تابلۆیەکەینا جێگیرکردەوە. ئەو شوێنەی تورکە دژە کورد هەوڵی دانانی تابلۆیەکی نامۆیان دەست پێکردبوو، بێگوومان ڕاگەیاندنی شەڕە بە دژی خەڵکی کوردستان.

لێرەدا قسەیەک لەسەر ورمێ وەک شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندانیە، چوونکی ئەو شارە لە قووڵەی خاکی کوردستاندا هەڵکەوتووە و بە ناوگۆڕینی تابلۆیەک یان هێمایەک و چەند ناوی مێژووی ناکرێتە ملک و خاکی تورکە دژ بە کورد و شوناسی سیاسی و نەتەوەی یان پێ ناگۆڕێت و ئەوەی ئەو گرۆپە بە هاوکاری دەسەڵاتی تاران دەیکات، بابەتێک نیە بە سادەی سەیربکرێ و لە بەرامبەریدا بێ هەڵوێست بین.

هەڵوێست و کۆدەنگی خەڵکی خۆڕاگرو تێکۆشەری ورمێ و ناوچەی مەرگەوەڕ و دەوروبەری و ڕێکخراوەمەدنیەکان بەدژی گۆڕینی تابلۆی "بۆزێ سینا" زۆر بوێرانە و شۆڕشگڕانە بەرامبەر بەو پیلان گێڕیەی ڕێژیمی تاران دەرکەوت و بە دڵنیایەوە کاریگەری گەورەی لە سەر وشیاری و کۆدەنگی نەتەوەی لە دەڤەرەدا بە دوایخوێدا هێنا.

وێڕای پشتیوانی کردن لە هەنگاوی بوێرانە و نەتەوەیان و دەست خۆشی پێگووتن، ئەرکی هەرتاکێکی کورده هاوپشتی یان بۆ ئەو بزووتنەوە جەماوەریە دەربڕن و ڕێگا بە تورکی فاشیست نەدرێت غەدری ترمان لێبکەن و بۆ جارێکی دیکە بەشەڕ غەدرێکی تری سیاسی و مێژوویمان لێ بکەن و خاک و دیمۆگرافیا نەتەوەی مان بخەنە سەر خۆیان. ڕێژیمی دژی گەلی ئێران لە شاری نەغەدەش دەستی بەو پیلان گێڕیەکردوە و بەشێک لە لەوەرگەی گشتی خەڵکی دەڤەرەکانی بەناوی تورکە هاوردەکان کردوە و کراونەتە خاوەنی قەبالەی مەڵک و دۆنمی زۆیان بە نێوکراوە. بێگوومان ئەو هەنگاوانە زۆر مەترسیدارن کە ڕێژیمی بە هێواشی بە دژی کورد و نەتەوەی بوونی خاکی کوردستان دەستی پێکردوە.

هاتنە مەیدانی ڕۆڵەکانی کورستان لە دەڤەری ورمێ دا بێگومان هەوڵە چەپەڵەکانی دژ بە کورد بە تەواوی تێک دەشکێن درێن و داگیرکەری فارس و تـوکی دژە کـورد بە مەبەستە گـلاوە کانیـان نـاگەن و کوردستانی بـوونی ئەو شـارو نـاوچـانە بە چەند دانە زۆڵە تورکێک ناگۆڕێت.

دەسەڵاتی تـاران کە سیاسەتێکی بەتەواوی دژ بە نەتەوەی کورد پەیـڕەو دەکـات، ئەوە بـۆ جـاری یەکەم و بەڵکـو دواجـاریش نابێت هەوڵـی گـۆڕینی نـاوی شـار و نـاوچەکـان دەدات و ئەوەی تـا ئێـرە کردویـانە، بەدڵنیـایەوە نیشـاندانی دوژمنـایەتی هاوبەشی تـورک و فارسە بە دژی گەلـی کـورد و بـزووتنەوەی سیاسی. بـۆ داگیرکـردنەوەی کوردسـتان و قەتڵوعـامی خەڵکی کوردستان تورکەکان بە ڕێنوێنی "مەلا حەسەنی " ڕۆڵی گەورەیان لە شەهید و بریندارکردنی خەڵکی مەدەنـی و سـوتاندن و وێرانکردنـی گونـد و ڕەز وبـاغ و لەوەرگەی هاووڵاتیـانی کوردسـتاندا هەبـووە. ناکرێت بە هیچ جۆرێک پشـتمان بە تـورک و فـارس گەرم بکەیـن، هەر چۆنێـک سیاسـەت بکەیـن، دواجـار ئەوان بەیەکەوە دژی داخوازیەکـانی گەلـی کـورد و داگیرکردنـی کوردستان یەک دەگرن، هەربۆیە بـا بەڕاشکاوی لەسەر سنوور و سەراوەردە جوگرافیەکـان بـدوێن و شـەو ڕۆژ لەو پەیوەنـدیەدا بەرچـاو ڕوونـی و وشـیاری شـیاو بخەیـنە بەرچـاوی گەلـی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. پێشـەوای مەزن لە سـەردەمی ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستاندا، سازشی لە سەر سنووری کوردستان نەکرد و لەوەش دوورتـر بـڕۆین، سمکۆی شکاک بەو پەڕی بوێری و مەردایەتیەوە بە فارس و تورکە کـانی سەلماند کە ورمێ شارێکی بەتەواوی کوردسـتانیەوە هەر لەوکاتەشدا ڕێـزی لە سـەرجەمی دانیشـتوانەکەی دەگرێت و ئەو تورکـانەش کە نـی شـتەجێی ئەوێـن، هەمـوو مافێکیـان پـارێزراو دەبێت. کەوابوو بەڵگە سیاسی و میژوویەکانیش، نەسلی ئێمە ئەرکـدار دەکەن، کە لەو بـارەوە بێینـە سـەر خەت و ڕێگـا نەدرێت ئەو سیاسەتە دەرفەتی گەشەکردنی بۆ بڕەخسێت بە دژی گەلە کەمان.

وەختـی خـۆی ڕێژیمـی ئاخونـدی ویسـتیان نـاوی کرماشـان بگـۆڕن، بەڵام بە هـۆی یەک هەڵوێسـتی و هاوپشـتی نەتەوەی شکەستیان بە نیازی چەپەڵی تـاران هێنـا و پیلانەکەیان بە زووی گۆڕکرا.

کاتی ئەوەی هاتووە هێزەکانی ئەو بەشەی کوردستان سەبارەت بەو مەترسیانەی کە لە سەر شوناسی نەتەوەی ورمێ و چەند شارێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستیان پێدەکرێت، هەڵوێستی ڕوونیـان هەبـێ و ئەرکی پێشـەنگی خەبـاتی سیاسی و نەتەوەی خۆیان بەرێوە بەرن و خۆیان لێ بێ بەری نەکەن.

سیاسـەتی شـەرمێوانەی حیزبەکـان لەو پەیوەنـدیەدا زیـان بە هەڵکەوتـووی و کوردسـتانی بـوونی ئەو شـار و دەڤەڕانەی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان دەگەیەنێت کە ڕێژیمـی ئاخونـدی ئێـران بە هاوبەشی لە گەڵ تورکەکـان بە دژی شێواندن و تێکدانی دێمۆگرافیای بەشێکی گرینگی کوردستان دەستیان پێکردووە.

ئەگەر بە ڕاشکاوی سەبارەت بە هەڕێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیاسەتی خۆمان بخەینە ڕوو خزمەتێکی گەورە بە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەی دەکەین و نابێت نیگەرانی ئەوەبین کە دۆخە کە بەرەو ئاڵۆزی بچێت، ئەگەر ئەمڕۆش خۆی لێ پشت ئاو بکەین، بێگوومان سوود بە بزووتنەوەی سیاسی نەگەیەنین و تورک و فارس زیاتر دەرفەتی پێشڕەویان بە رەو تێکدانی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پێک دێت.

لە هەر شوێنێک کەمینە و پێک هاتەی تر لە شارێک یان چەند گوند و ناوچەدا بوویان هەبێت و بژین، هیچ بەو مانایە نیە کە ئەو شوێنە بەشێک نەبێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو گەلی کورد وێڕای ڕێزگرتن لەمافی کامینەکان، باشترین مۆدێلی پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە ژیانی پێشکەش کردوە و بەتەواوی مافی ئەو پێک هاتەی سەلماندوە کە لە کوردستان نیشتە جێن و دەژین.

خەریکە مەترسیەکان بە پشتیوانی و کارئاسانی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی بۆ سەر ورمێ و ناوچە گرینگەکانی تری زیاتر پەرە دەستێنێ و لازمە زۆر شێلگیرانە لەو پەیوەندیەدا بێینە سەر خەت و بەرچاو ڕوونی شیاو لەو بارەوە بڵاو بکەینەوە.

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێویشیاندا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە خاوەنی پێگەو نفوزی سیاسی و جەماوەریە لەو هەڕێمە گرینگ و ستراتیژیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لازمە لەو پەیواندیدا هەڵوێست بگرێت و چارەنووسی کۆمەڵێک شار و ناوچەی تر بە نادیاری نەهێڵینەوە.

قسە لەسەر کوردستانی بوون و هەڵکەوتووی سیاسی و جوگرافیای ورمێ ناکەین و ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرینگە تیشکی بخرێتەسەر لەو چەند ساڵەی ئاخیردا،گێچەڵ و پیلان گێڕیەکانی پشتی ئەو سەنارۆ نامۆ و دژ بە کوردن کە بەدیاریکراوی بە دژی شێواندنیی ورمێ و شارو ناچەکانی دەنرێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ڕاستە لەو شارە کوردستانیەدا تورکەکان دەژین و مێژووی کۆچکردنیان بە پیلانی داگیرکەرانی کوردستان زیاتر بۆ سەردەمی پێش خەبات و تێکۆشانی سمکۆی شکاک دەگەڕێتەوە و لەو کاتەدا دەسەڵاتی تاران هەوڵیدا بەو ڕێگایەدا مەترسی لە سەر کوردستانی بوونی ورمێ و شارەکان تری کوردستان دروست بکات بۆ ئەو مەبەستەش زۆر جاران تورکەکانیان بە گژ کورددا کردوە و شەڕ ڕوویداوە و ئەوانیش کەمتریان لە فارس بە دژی کورد جنایەت ئەنجام نەداوە.

بەداخەوە دەسەڵاتی شا و ئاخوندی دەرفەتی شیاویان بۆ ئازەریەکان ڕەخساندوە کە بە ئارەزوی دڵیان هێرش بکەنە سەر

سەمبوول و هێما نەتەوەیەکانی گەلی کورد و لە زۆر شوێنی کوردستاندا دەرفەتی جێگیربوونیان بۆ ڕەخساندوون.

دیارترین هەنگاوی لەو چەشنەی ڕێژیم و تورکە شۆڤێنی و دژبە برایەتی و دۆستایەتی کورد و گەلی ئازەری بێگۆمان ڕۆڵی گەورەیان لە دانانی تابلۆی "بۆزێ سینا" دا گێڕا و بە نیەتی قووڵکردنەوە ناکۆکیەکانی ئەو دوو گەلە ئەو کارەیان ئەنجامداوە و دەنا خۆشیان ئەوە باش دەزانن کە نابێت لەوێ دەست کاری هێمانەتەوەیەکان بکرێت.

وەک ئەوەی وایە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بڕۆن بە بەرزایەکانی نزێک لە شاری تەوریز ناوی تابلۆکان بۆ کوردی بگۆڕن، ئیدی کارێکی لەو چەشنە جگە لە گێچێڵ فرۆشی و ڕاگەیاندنی شەڕ ناکرێت ناوێکی تری لێ بنرێت.

٢١ی جوولای ٢٠٢٠

بابەتی سااڵی ..... ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی ڕەزا پەهلەوی و هاوتەریبەکانیەتی بۆ سەر دەسەڵاتی ستەمکارانەیان

وردستانی ئێران بە هۆی داکۆکیکردن لە مافی سیاسی و نەتەوەیی گەلەکەیدا و هەڵوێست گرتنی جەسوورانەی بەرامبەر بەنەیارانی گەلی کورد، بۆتە هێمای ئەو هێزە تێکۆشەر و ڕزگایخوازییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خەڵک بەشیاوی هاوکاری و پشیووانی گەورەی خۆیانی دەزانن و شوێن هەڵوێست و بڕیارە سیاسی و ستراتیژیەکانی ئەکەون و بێگومان ئەو حیزبەش کارێک ناکات بە پێچەوانەی ویستی گەل بێت.

حدکا لە ڕەوتی خەباتی سیاسیدا بەو پەڕی سەداقەت و لەخۆبردوویەوە ڕەسااڵەتی مێژووی خۆی ئەنجامداوە و لە هەمبەر هەڵوێستی فاشیزمانەی نەیارانی کورد و بزووتنەوەی سیاسیدا، جوامێرانە ڕوانینی خۆی خستۆتە ڕوو و بەرپرچی سیاسەتی ئەو هێز و لایەنانەی وڵاتی داوەتەوە و دژایەتیان دەکات، کە دژایەتی خۆیان لە گەڵ فرەنەڕەوەیی ئێران و مافی سیاسی گەلانی پێک هێنەری ئێران ڕاگەیاندووە و بەداخەوە ئەو سیاسیەتە شوقێنیە ئێستاش درێژەی هەیە و بە کوڕی شای دیکتاتۆرەوە باوەڕیان بە فرەنەتەوەیی وڵات نیە و ئەوەندە دژی مافی سیاسی گەلانن، تەنانەت ناوی کورد و گەلانی تریان وەک نەتەوە بەسەر زماندانایەت.

بەداخەوە ناوەندی سیاسی هێزە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات بەیەکگرتووی نەیانتوانی وڵامی هەڵوێستی فاشیزمانە و پاوانخوازی ودژایەتی کوڕی شای دیکتاتۆر لە بەرامبەر مافی نەتەوەیی گەلی کورد بدەنەوە و مەحکوومی ڕاگەیاندنی بەتەواوی چەواشاکارانەی پەهلەوی بکەن و ئەوەی بیربخەنەوە کە گەلی کورد ڕۆڵی گەورەی لە ڕاونانی ئەو بنەماڵە فاسید و دیکتاتۆرەدا هەبووە و هەرگیز بەدکارییەکانیان دەرهەقی کۆماری کوردستان و حدک و پێشەوای نەمر لە بیر ناکرێن و ئەگەر بەردەوام بن لە سەر ئەو هەڵوێستەیان. حیزبی دێمۆکرات هۆکارێک نابینێت کە لە گەڵ نەیارانی خۆیدا بکەوێتە دیالۆگ کە هیچ باوەڕیکیان بە مافی بنەڕەتی گەلان نەبێت.

هێزە فارسەکانی دژبەری ڕێژیمی تاران، وەک ڕێژیمی ئاخوندی دژایەتی فرەنەڕەوەیی ئێرانن و بێگوومان لە ژێر پاساوی یەک پارچەی خاکی ئێراندا و پەنابردنە بەر هەڵبژاردنی ئازاد، دژایەتی ماف و ئازادی گەلانی وڵات دەکەن و ئەوە یەکەم جار نیە ئەو قسانەیان دەبیسین و بەرگوێمان دەکەون و ئەخوێنینەوە.

قسەکانی ڕەزا پەهلەوی ڕوانینی فاشیزمانەی لایەنەکانی تری یەک پارچەی خاکی ئێرانی سەلماند و نەتەوەیی کورد و گەلانی تری وڵاتی بە خێڵ و هۆز ناوزەد کرد و پێی وایە هەر لەسەڕ ئەو بناما نافەلسەفی و میژوویە دەبێت ڕفتار لە گەڵ گەلانی وڵاتدا بکات و لەبندەستیدا بمێنەوە.

ڕەزا پەهلەوی هەوڵدەدات دەسەڵاتدارانی تاران بڕۆن و خۆیان بگەڕینەوە سەر دەسەڵات و وەک ڕابردوو خۆیان لەسەر گەلانی ئێران بکەنەوە باڵادەست و بە شێوەی پێشوو ڕفتار لە گەڵ گەلی کورد بکەن کە بێگوومان ئەوجار ڕووداوەکان و وشیاری سیاسی بەگشتی لە وڵاتدا ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەرداهاتووە.

بەخۆشیەوە هەستی ڕزگاریخوازی و وشیاری سیاسی و نەتەوەیی خەون و خەیاڵی فاشیزمانەی هاوشیوە و هاوئاوازەکانی ڕەزا پەهلەوی دەکاتە بڵقی سەرئاو و بەوقسانەی کۆڕی شا و هاو تەریبەکانی زیاتر ڕوخساری خۆیان بۆ خەڵکی وڵات کە چ یان لە بن سەریدایە، ئاشکراتر کردەوە و ڕەنگە زۆر کەس پێیان وابێت کە ڕەزاپەهلەوی لە وەی کە لە ئەمریکایە و ئازادی و دێمۆکرسی و بنەماکانی فرەنەتەوەیی کردووە، گۆڕان بەسەر ڕوانینی دا هاتبێت. بەڵام بەقسەکانی خۆی سەلماندییەوە کە بەڕاستی کۆڕی شای دیکتاتۆرە و نابێت دەرفەتی گەرانەوەی بۆ سەر دەسەڵات بۆ برەخسێت و سیاسەتەکانیان لەقاو بدەن.

هێزەکانی ڕۆژهەڵات بەو پرشووبڵاویان کە تا ئێرە نەیانتوانیووە لەسەر چەند خاڵی سیاسی و جەوهەری تایبەت بە مافی سیاسی و داخوازی گەلەکەمان، بگەنە ئەنجام و ڕێککەوتنی سیاسی، ئیدی بەڕاستی کارەساتە و لازمە هێزەکان لەو بارەوە زیاتر لەسەر هێڵبن و پرشوبڵاو نەبەن بەسەر لایەنە فاشیزمەکاندا.

وەختێک سەڵتەنەتخوازەکان ئەوە ڕوانینیان بێت، ئیدی جگە لە ئیدانەکردن و لێدوان لەسەریان و پەردەلادان لەسەر ڕوخساری شاراوەیان، ناکرێ شتێکی تر بکەین.

""ڕێبەری گەورەمان دکتۆر "قاسملووی" مەزن کاتێک باس دەهاتەسەر سەڵتەنتخوازەکان و کۆڕی شای دیکتاتۆر، بێگوومان بەردەوام پێداگری لەسەر ئەو خاڵە جەوهەریەی دەکردەوە کە وەختێک ئەوان واتە: ڕەزاپەهلەوی باوەڕی بە فرەنەڕەوەیی ئێران نەبێ و هەر وەک باوانی خۆی سەیری پێک هاتەی سیاسی و نەتەوەیی ئێران بکات، هیچ جۆرە دانیشتن و

قسەیەکمان بۆکردن نابێت و زەمینەیەک شک نابەین بۆ دیالۆگ و کۆبوونەوە لەگەڵیاندا.""

بەڵێ ئەوە ڕوانینی ڕێبەرمان بوو سەبارەت بە ڕەزا پەهلەوی و بێگوومان ئەگەر خۆیان بە براگەورە و موختاری گەلانی ولّات، وێنابکەنەوە ، هۆکارێک نیە هێزەکانی ڕۆژهەلّات خۆیان لە گەلّ هیلاک بکەن و چاویان لەوەی بێ، لە باوکی باشتر بێ.

پاشان ڕەزا پەهلەوی لە هێزەکانی ڕۆژهەلّاتی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەهێزتر نیە کە قەراری سیاسی لەسەر چارەنووسی داهاتووی ولّات بدات.

گرینگە گەلی کورد لەوڕاستیە بگات، ئەگەر ئالّوگۆر بەسەر ئێراندا بێت، جگە لە بنەماڵەی شای، هێزی دەستەڕاست و چەپ و ئیسلامی تـرن هەن کە خۆیان بە نوێنەری نەتەوەیی فارس دادەنێن و شەڕیانە بگەنە سەر لوتکەی بڕیاری سیاسی و سەربازی تاران.

کەوابوو کەش و هەوای سیاسی بەوجۆرە نیە کە ڕەزا پەهلەوی بەهەڵە لێی تێگەیشتووە و پێبوابێ ئیدی یەک ڕاست دەگاتەوە سەرتەختی دارماوی باوکی و تاجە ژەنگاویەکەیان بکاتەوە سەری و ستەمی سیاسی و نەتەوەیی لە گەلانی ولّات بکات کە خەونی گەورەی باوانیەتی.

٢١ی جوونی ٢٠٢٢

ئەو سێ وڵاتە ئەوەندە پێک ناکۆکن، هەرگیز ناگەن بەیەک.

سێ ناوەندی بڕیاری بەتەواوی دژبەیەک و پێکە ناکۆک، ئەگەر دەستیش لە ناو دەستی یەکبنێن، ناتوانن، ناکۆکیە سیاسی و مێژوویەکانیان بشارنەوە لەسەر کۆی برگرژیەکان پێک بگەن و لە بەرەیەکدا یەکبگرن.

بارودۆخی سیاسی و ئابووری و پێک هەڵپڕژان و ئالۆزیەکان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا و، پاشان هێرشی دەوڵەتی ڕووسیە بۆ سەر ئوکرانیا تادێ زیاتر ئاکامەکانی دەردەکەون و وڵاتانی لاوازیش بەسەر جەمسەر و ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی دا دابەش و بڵاو دەبن و دەبنە دەستەچیلەی زیاتری ئاگری کێشە و ئالۆزیەکان.

کاتێک سێ وڵاتی وەک ڕووسیە و ئێران و تورکیە لە تاران لەسەر ئاستی زۆر بەرزدا پێکەوە کۆدەبنەوە و باسی کۆمەڵێک پرسی هەنووکەی دەکەن، بێگوومان نیشانەی قوونڵتربوونەوە و دەرکەوتنی ناکۆکی زیاترە لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانی هاوبەش پێکەوەیان لێک گرێدەدات و تاران و مسکۆ و ئانکار بەڕادەیەکی ئەو تۆ پێکەوە دژ و ناکۆکن، هەرگیز ناتوانن لە بەرە و هاوپەیمانیەکی هاوبەشدا پێکەوە کار بکەن.

بێگوومان سێ وڵاتی ئێران و تورکیە و ڕووسیە جگەلە هەبوونی خاڵی هاوبەش، هەر بەوڕادەیەش و بگرە زیاتریش خاڵی دژبەیەکیان هەیە و پێک ناکۆکن و لەسەر کۆی پرسە سیاسی و ئەمنیەکان نەیان توانیووە بگەنە ڕێککەوتن و پێکەوە بزازێن.

نێوانی کریملین و تاران پێکەوە سازگارترە بەهۆی دۆستایەتی مێژووی مسکۆ لە گەڵ تاران و دیمێشق و خاڵی هاوبەشی فرەیان لەسەر ئاستی هەرێمایەتیدا پێکەوە هەیە و، هەوڵدەدەن بە هەر جۆرێک بۆیان بلوێ تورکیەی ژێر دەسەڵاتی ئەردۆگان بخەنە نێو باتڵاق و لە شەڕێکی قووڕسیەوە بگلێنن و لە ناتۆی دووربخەنەوە تا ساناتر لە ناوببرێ.

بەدڵنیایەوە کریملن و تاران زۆر بە باشی لە ستراتیژی ناسەقامگری تورکیە گەیشتوون و سەرکۆماری ئەو وڵاتەش بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکات کە لە ڕاگەیاندنەکاندا، ڕەحم بەدۆست و هەوپەیمان ناکا و تەنیا هەوڵی خۆ فەڕزکردندەدا و بێگوومان ئەو شێوە بیرکردنەوە و سیاسەتە سەرەڕۆیانە، جگە لە زیان گەیاندن بە خانەخوێ، ناکرێ خێرێکی تری هەبێت و کاتێک هێرش دەکاتە سەر وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئۆرپای لە ناتۆدا و بە لایەنگری تیرۆر و داڵدەی ئەوانیان ناوزەد

دەکات.

زیاتر تەریک دەکەوێتە وە ناچارە بە مەرج و پێشنیازی تاران ڕازی بێ و هەتا گوێ بۆ ڕێبەری ئێران بگرێ، چوونکی ئەردۆگان باش دەزانێت، تاران منەت باری ئانکارا نیە و ئەگەر ئێران بی هەوێ بە هۆی نەیارەکانی دەوڵەتی تورکیەوە، هەڕەشە دەخاتە سەر بڕیارە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتەوە.

ئەردۆگان زیانێکی گەورەی بە پڕستیژ و سیاسەتی هێوری دیپلۆماسی وڵاتەکەی گەیاندووە و تادێ سیاسەتی پەراوێزخستن تورکیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەدیاریکراویش یەکیەتی ئورۆپا و ناتۆدا زیاتر دەبێ.

ڕووسیە وەک وڵاتێکی بە هێزی گێتی پاش ئەوەی هێرشی کردۆتە سەر وڵاتێکی ترو و لەشەڕیکی گەرم و قوورس کەوتووە و بەهۆیەش زیانێکی گەورەی بە کەرتی ئابووری و بازرگانی وڵاتەکەی گەیاندووە و تەنیا شتێک کە زەبەلاعی کریملێنی ڕاگرتووە، هەڕەشە ئەتۆمیەکانە و دەنا وەک پێشتر بەمەترسی و هەڕەش تەماشاناکرێ پاش ئەوەی نەتوانیووە لە گەڵ وڵاتێکی وەک ئوکڕانیادا بڕاوەی شەڕەکەبێت تا ئەمڕۆ. گەمارۆکانی سەر ڕووسیە بەتەواوی ئەو وڵاتەی هیلاک و ماندوو کردووە و پاش کۆتایی شەڕ، ئاسەوارەکانی زیاتر دەردەکەنو ئێستا زیاتر وەک گەرمە بڕینە لەسەر جەستەی وڵاتێکی زلهێزی وەک مسکۆ.

ئێرانیش لەوسەری گەردوونەوە کۆمەڵێک قەیرانی گەورە بەڕۆکی گرتووە و ئابووری و ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەگشتی بەسەریەکدا داڕماوە و شەقامی وڵات بەتەواوی لەو ڕێژیمە و حوکمڕانیەکەی هەراسان و بێزارن و ئەگەر جێگرەوەیەکی شیاو لە سەر ئاستی نەیارانی دەسەڵاتی تاراندا بوونی هەبووبە، دەمێک بوو ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و ستەمکارە لەسەر دەسەڵات لادرابوو.

بەگشتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا تادێ وڵاتە زلهێزەکان زیاتر لێک دەترازێن و ئەگەر سەیری ڕوواوەکانی پاش شەڕی نێوان ڕووسیە و ئوکڕنیا بکەین، ڕەنگە ئەوکات باشتر نێوەڕۆکی ئەو قسانەی خوارەوەمان بۆ دەربکەوێت.

وڵاتانی ئۆروپا لە پێناوی مانەوە و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییاندا زیاتر لێک نزێک بوونەتەوە و بە بوونە ئەندامی سوێد و فیلاند، جگە لە بەهێز بوونی هاوپەیمانی سیاسی و سەربازی ناتۆ، ڕووسیە لەسەر سنوورەکانیەوە زیاتر گەمارۆ ئەدرێ و پاش کۆتایی هاتنی شەڕ، ڕووسیە دەبێت زیاتر ئاگای لەخۆی بێ و خۆی خربکاتەوە و ئیدی ناتوانێ وەک ڕابردوو ببێتە چاوسووری سەر وڵاتە درواسێ کانی.

دەمێکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بشێوی و بارگرژیدا دەژی و لەگەڵ ئەو دۆخەدا ڕاهاتووە، شەڕی نێوان ڕووسیە و ئوکرانیا گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ وڵاتانی ئۆروپایی دروست کردووە و نرخی شتوومەک و کەلو پەلی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بە شێوەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو بەرزبۆتەوە و خەریکە پەردە بەتەواوی لەسەر هەتیوان لادەدرێت.

کۆبوونەوەی پۆتین لە تاران لە گەڵ ئەردۆگان و ئامادەبوونی سەرکۆماری تورکیە لە تاران، هیچ دەسکەوتێکی نەبوو، ئەوە نەبێت خامنەیی بە ئاشکرای پێی ڕاگەیاند کە نابێت هێرش بکاتە سەر سنووری سووریە، چوونکی بەقازانجی تیرۆریستەکانە. دیارە تاران و مسکۆ بە هاوبەشی هەوڵدەدەن سەرکۆماری تورکیە بخەنە تەڵە و گەورەی تورکیە لەسەر نەخشەی سیاسی و گیوگرافی بسڕنەوە.

بەهێزبوونی ئانکارا بە زیانی دوو وڵاتی تاران و مسکۆیە و ئەو ڕووخۆش یەش کە لە دیدارەکانیاندا بە ڕوخساریانەوە دەردەکەوت، بەشیکی ترس و نیگەرانیە لە یەکدی و ئەو سێ وڵاتە بە هۆی سیاسەتی فراوانخوازی و خۆ سەپێنی، خاڵی دژبەیەکیان ئەوەندە زۆرن، هەرگیز نابنە دۆست و هاوپەیمانی یەکدی و بەردەوام چاڵ بۆیەک هەڵ دەکەنن.

۲۳ی جوولای ۲۰۲۲

ساڵی..... ٢٠٢٣

دەبێت هەموو نەتەوەکانی وڵات ڕۆڵیان کە ئێرانی داهاتوودا هەبێت..

هێندێک هێز و دەستەی سیاسی ئەوتۆ هەن کە بەتەواوی بوونەتە سەرچاوەی ئاڵۆزی و لێک دوورخستنەوەی هێزە دژبەرە سەرەکیەکانی ئێران لە ڕەوتی خەباتی سیاسی کە لە مێژسالە بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی لە ئێران و کوردستان سەری هەڵداوە.

بەرێوەبردنی کەمپینی دانی وەکالەتی سیاسی بە ڕەزا پەهلەوی لە دۆخێکی وەک ئەمڕۆدا، جگە لە نیشاندانی پێگە و نفووزی لاوازی ناوبراو لە نێو گەلانی وڵاتدا. بەداخەوە بەوکارەیان تەفرەقە و لێک زویربوونیان هێنایە نێو کایەی سیاسی وڵات و ئەستەنگی لە بەردەم دروستکردنی ئیتلافی سیاسی لە نێوان ئەو هێزانەی باوەڕیان بە فرە نەتەوەیی بوونی ئێراندا هەیە پێک هێنا.

ڕەوتی سەڵتەنەتخوازەکان بە ئاشکرای بوونەتە سەرچاوی فیتنە و کۆسپ دروستکردن و و هۆکاری نائومێدکردنی خەڵک لەو شۆڕشەی لە بەشەکانی ئێران بەدژی ڕێژیم و هەر ئیستبدادێکی تر دەستی پێکردووە.

گەلانی ئێران لەبەردەم بڕیارێکی چارەنووس سازدان، سەڵتەنتخوازەکان کە ڕابردوویەکی ڕەش و جینایەتکارانەیان هەیە، خەڵک ئەگەر سەرپشک بکرێ لە نێوان دەسەڵاتی ئێستا و قووماربازڕەزا دا کامیان هەڵدەبژێرن، بێگومان هەر بەدڕندەکەی خۆیان ڕازین و دیکتاتۆری شایان لە بیر نەکردوە کە وڵاتی کردبوویە بەندیخانەیەکی گەورە بۆ گەلانی ئازادیخوازی وڵات.

ئیدی بەسە با ڕێبەرانی سیاسی کورد چی تر کلاوی ئەو هێزانەیان نەچێتە سەر کە لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە ئێرانێکی دێمۆکراتیک و فیدراڵ نیە و مەترسین لەسەر داهاتووی ئێران و شا و ڕێبەر وەک یەک سەبارەت بە پێک هاتەی سیاسی و مێژووی ئێران بیردەکەنەوە و هەردووکیان دوژمنی سەرەکی کوردن و قووربانی گەورە و بەنرخمان لەسەر دەستی دەسەڵاتی شا و ڕێژیمی ئاخوندی داوە و ، کۆماری کوردستان لە سەر دەستی ئەو بنەماڵە فاسید و دیکتاتۆرە تێک چوو و پێشەوا و بەشێکی بەرچاو لە ڕێبەری حیزب شەهید کران.

ئەو هێزانەی باوەڕیان بەو بنچینە سیاسی و نەتەوەییانەی ئێرانی پاش ڕوخانی ڕێژیمی ئاخوندی هەیە، دەتوانن پێکەوە زەمینەی ئیتلافی سیاسی لە سەر بنەمای سازانی سیاسی و نیشتیمانی پێک بێنن و دووڕەدیمەنی سیاسی ئێران بگۆڕن.

شیاو نابێت کورد و هێزەکانی چاوەڕوانی لایەنێک یان هێزێک بکەن ئاخۆ کەی ڕەنگی خۆی بگۆڕێ و بڵێت ئامادەیە مافی سیاسی گەلان بسەلمێنێت، لە کاتێکدا خۆی هیچ پێگە و هێز و دەسەڵاتێکی نەبێ و خەڵک وەک چۆن لە ڕێژیمی ئاخوندی ڕاپەڕیون، ئاواش بە شۆڕش و ڕاپەڕین لە ئێرانیان کردنەدەرەوە و تەخت و تاجیان ڕوخاندن.

ئاستی پێگە و نفووزیان پاش ئەنجامدانی کەمپینی وەکالەتدانی سیاسی بە ڕەزا پەهلەوی باشتر دەرکەوت و بێگوومان دەرکەوت کە خاوەنی ئەو هێز و نفووزەنین کە خۆیان کیسەیان بۆ هەڵدروبوو.

پێک هاتەی ئێران بەوجۆرەی کە هەیە دەبێت وەک فاکتەرێک بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشە ئەساسیەکان تەماشابکرێ و هەموو نەتەوەکان و هێزە تێکۆشەرەکانیان ڕۆڵیان لە دامەزراندنی سیستمی سیاسی و ئاوەدانکردنەوەی ووڵاتدا هەبێ و هیچ هێزێک ناتوانێ وەک سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، دەسکەوتەکانی خەباتی سەرانسەری بەلاڕێدا ببات و مافی نەتەوەکان پایەماڵ بکات.

بەخۆشیە گەلانی ئێران شارەزای زۆر باشیان لەسەر حکوومەتی دیکتاتۆری شا و ڕێژیمی ئاخوندی هەیە و شوعارەکان کە لە خۆپێشاندانەکاندا دووپاتەدەکرێنەوە و دەڵێن: نە شا و نە ڕێبەر، نیشاندەری ئەو ڕاستییە کە وەک یەک وڵاتیان بەرەو خەفەقان و تاریکی برد و ئەوەی لەو بەینەدا زەرەمەندی سەرەکی بووە، گەلانی ئێران بوون.

لە گەڵ ئەو هێزانە ئیتلافی سیاسی سەبارەت بە داهاتووی ئێران پێک دێ کە باوەڕیان بە چەمکی فرە نەتەوەیی بوونی ئێران هەبێ و هەرکەس و لایەنێک ئینکاری ئەو ڕاستیە بکات، یانی باوەڕی بەمافی سیاسی نەتەوەبندەستەکان نیە و لە ڕوانگەی کەڵفامانەیەوە دەڕوانێتە ئێرانی داهاتوو و جیاوازێک نابێت لە نێوان ڕێژیمی حاکم بەسەر ئیرادەی گەلانی وڵاتدا و ئەوەی نوێ کە دەیهەوێت شۆڕشی ژینا و دەسکەوتەکانی قۆرغ بکات کە خۆی بۆ شای وڵات داناوە.

پێک هێنانی ئیتلافی سیاسی لە نێوان ئەو هێزانەی کە باوەڕیان بە ئێرانێکی دێمۆکراتیک و فیدراڵ هەیە، لازمە پەلە لە پێک هێنانی بکەن بۆ ئەوەی ئەو دەستەیەی دژی ئەو ڕەوتە نوێیەن لە دووڕەدیمەنی سیاسیدا تەریک بخرێنەوە و ئەو دەرفەتەیان نەدرێتێ لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندیدا، شەقامی سیاسی بەلاڕیدا بەرن لە ژێرناوی کۆمەڵێک شوعار و ئیدیعای بێ بنەمادا.

پێک هێنانی ئەو ئیتلافە کە تێیدا مافی سیاسی گەلانی ئێران بەتەواوی ڕەچاو بکات و ڕێگری لە دروست بوونەوەی دەسەڵات لە دەستی کەسێک و گروپێک کە پشتیوانی کۆبوونەوەی هێزی بریاردان لە دەستی تاک یان گروپێک کە خۆیان خەلاقیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیان نیە و فێری کۆلایەتی سیاسی و مل بەردانەوە بوون بگرن. پڕۆرالیزمی سیاسی وەک بژاردەیەکی سیاسی و دێمۆکراتیک بە هێز و پەرەی پێ بدری تا ڕێگری لە تاک حیزبی و تاک بریاری بگرێت.

ئەگەر گەلانی ئێران بەیەکەوە و لە گەڵ یەکدا ئەو ئیتلافە سیاسی و نەتەوەیی کە بەرئەنجامی سازانی نیشیمانی بێت، پێک بێنن، ڕێگری لە وەکالەتدانی ئەو کۆمەڵە موفلیس و مایەپووچە بەناو سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەریانەی تاراوگە دەهێنێت کە خەریکەن دیکتاتۆری مردوو بۆ جارێکی دیکە زیندوو دەکەنەوە.

ئێرانی پاش روخانی ڕێژیمی ئاخوندی هەر وەک لە شوعاری گەلانی ڕاپەڕیو دا دیارە، نا شا و نەڕێبەرە یانی هەردووکی ئەو جەمسەرانە، لە یەک خاڵدا هاوشێوە و پێک دەچن و بە زەڕەش جیاوازی لە بەینیاندا نابینرێ و دژی ئازادی و پێک هاتەی سیاسی و نەتەوەیی ئێرانن.

شا و سەڵتەنەت و ڕێژیمی ئاخوندی و دەسەڵاتی ولایەتی فەقی دژی فرە نەتەوەیی بوونی ئێرانن و دژی دێمۆکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد و دێمۆکراتیک، ئازادی هەڵبژاردن و دێمۆکراتیک بەو تام و ڕەنگەجیاوازانەی کە گەلانی وڵات خۆیان بڕیار لەسەر شکڵ و چارەنووسی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات بدەن.

ڕێژیمێک کە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە سازانی سیاسی و نیشتیمانی نەبێت و بەئاشکراش دژایەتی فرە نەتەوەیی بوونی وڵات بکات، بێگوومان نابێت زەمینەی بۆ بڕەخسێ کە بگاتە لوتکەی دەسەڵات و بڕیار لەسەر داهاتووی ئێران بدات.

ڕەزا پەهلەوی بەکورتی و بەکوردی باوەڕی بە جەوهەری فرە نەتەوەیی بوونی ئێران نیە و کورد غەدرێکێ گەورە لە خۆی دەکات، بۆ پێک هێنانی ئیتلافێکی سیاسی بەڕبڵاو، چاوەڕوانی ئەو دژەگەلیە بکات، کەی ڕوخسار و ڕوانینی خۆی بگۆڕێ!

لایەنگرانی ڕەزا پەهلەویش بەداخەوە ئەو دەستەیەن کە لە ڕێژیمی ئاخوندی زیاتر دژایەتی ئازادی سیاسی و نەتەوەیی گەلانی ئێران و گەلی کورد دەکەن و هەروەک هەمیشە سەیری پێک هاتەی سیاسی و میژووی دەکەن و هەست بە هیچ جۆرە گۆڕانێک لە تێ فکرین یان سەبارەت بە فرە نەتەوەیی بوونی ئێران ناکرێت.

۳۰ی جانێوێری ۲۰۲۳

دیالۆگ لە گەڵ کێ، کە هەرهەمووشتی بۆخۆی دەوێ و هیچی تۆی قبوول نەبێت.

مەنشووڕێک کە ئینکاری مافی سیاسی و نەتەوەیی کورد بکات، دەبێت بەتەواوی دژایەتی لە گەڵ بکرێ و ڕێگا نەدرێت لە ژێر ناوی دێمۆکراسی و مافی بەرامبەردا، ئەسڵی خەباتی زیاتر لە چواردەیە قووربانیدانی ئێمە بەڵاڕێدا ببرێت و دەستیان بەدەسەڵات ڕابگاتەوە.

ڕەزای و بنەماڵەیکەی کە بەڕاپەڕینی سەرانسەری لە وڵات دەرکران وبە هۆی سیاسەتی دیکتاتۆرانەی باوانی و شکەستخواردنیان لە پڕۆسەی سیاسی وڵاتدا، هەروەک پێشبینی دەکرا قسەی خۆیکرد و وای پێشاندا کە مرۆڤێکی پاک و دێمۆکڕاتە و هەروەها لە قسەکانیدا هەوڵیدا ، خۆی بە میحوەری ئەو شۆڕشە پێناسەبکات کە لە کوردستان سەری هەڵداوە و ئیدی ئەوە مەجلیسی مووئەسەسان لە تەنیشتی دوانیشتوون و قەرار و بڕیار بەسەر چارەنووسی گەلانی وڵات دادەن.

پێم حەیف و ناشکوریە کوڕی شای خۆی بکاتە میحوەر و دەمڕاستی شۆڕشێک کە بە ئەندازەی پەیکی ئێران و لاوازترین هێزی ئێرانی شوێنی لەسەر ڕاپەڕین نەبووە، بەڵام بۆ لێکترازان و دوورکەوتنەوەی هێزەکان لەیەکدەی پشکی گەورەی بەرکەتووە.

ئەو هاوتەریبەکانی ئەگەر زیانی بەو شۆڕشە و یەکگرتووی لە نێوان گەلانی ئێران نەگەیاندبێت، بێگومان، سوودی پێنەگەیاندووە. کاتێک لەو کۆبوونەوەیەشدا قسەی کرد و وڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، دەرکەوت کە مرۆڤێکی نەخۆش و ئۆقدەیەی و دەوربەرەکەشی لە ئێستاوە دەهۆڵی تۆڵەکردنەوەی کورد کۆژی دەکووتن.

ڕەزا پەهلەوی لەو کۆبوونەوەیەکدا کە ناویان نابوو کۆبوونە لەسەر داهاتووی سیاسی و دێمۆکڕاسی ئێران، زۆر نابەرپرسانە و کەڵفامانە وڵامی پرسیارەکانی دەدایە و هەتا ئەو شوینەی بۆیکرا، هێرشی کردە سەر ئەو هێزە و دەستانەی کە دژایەتی لە گەڵ ڕفتار و کرداریان دەکەن و بەبەڕاستی سیاسی ناوبردن. مرۆڤێکی ئۆقدەی و دژە نەتەوە و دێمۆکڕاسی و حکوومەتێکی دێمۆکراتیکە لە ئێرانێک کە پێک هاتووە لە چەند نەتەوەیی جیاواز. دیالۆگ لە گەڵ ئەو دەستەیەدا بەڕاستی بێ سەمەرە و حەیف و هێزەکان و حدکا دەبێت بە بە دوای دۆزینەوەی ڕێگا و ناوەندی نوێدا بن سەبارەت بە داهاتووی سیاسی ئێران.

بائەوەش بڵێین باسی هاوڕەگەزبازی زیاتر بایخی پێدرا تا پرسی سیاسی و نەتەوەیی ئێران، مەبەست لەو کارەشیان،

بەدڵنیایەوە هەنگاوێکی بەتەواوی فریودەرانە بوو بۆ ئەوەی کەڵکی خراپ لە پشتیوانی ئەمریکایەکان و ڕۆژئاوایەکان وەربگرن.
مەنشوورەکەیان ئەوەیە کە ڕازا پەهلەوی دەیهەوێت و باسی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران لە دوور و نزیک ئاماژەی پێنەکرا و دەرکەوت هاوتەریبەکانی هەر ئەوە دەڵێن کە بنەمای تێ فکرینەکەی، سەرچاوەکەی شا و سەڵتەنتخوازەکانە.

ئیدی دەرکەوت بەشداران ئەو قسەیە دەکەن کە دەمێکە زیرەکانە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە و ئەو ڕەوتە ئەگەر بێت و زیاتر گەشەبکات، مەترسی گەورە لە سەر خەباتی ڕەوایی گەلی کورد و ڕاپەرین و شۆڕشی ژینا ساز دەکات و دەبێتە بەربەست لەسەر ڕێگای ئیتلافی سیاسی لەسەر بنەمای لە نەتەوەیی لە ئێراندا.

شەرتی نیوە پەهلوی بۆ هاوپەیمانی و پێکەوە کارکردن ڕاست ئەوەیە کە نەڵێی کوردین یان کەس باسی نەتەوەکەی خۆی نەکات، ئەو جار دەتوانێ بە "هیلالی" شاپەرستی ئەو پیاوە ماقوولە پەیوەست بێت.

من سەرم لەمافی بەرابەری تێناگات، بە هیچ جۆرێک بەلای جەوهەرو کاکڵی باسەکەدا نەچوون کە مەبەستیان لەو دەستەواژە سواو و بی بەهایە چییە.

کورد و بزووتنەوەی سیاسی بەوقسە لوسکانە هەڵناخەڵەتێ و نامان هەوێت دیکتاتۆرێک بۆ یەکی خراپتر لەوەی ئێستا خەبات بەدژی دەکەین بگۆڕین و هەروەک دەرکەوت دیالۆگ و قسەکردن لە گەڵ مام ڕەزای بێ سوودە و لەسەر تێ فکرینی فاشیستی خۆی سوورە و هەرهەمن قەوانی کۆن دەژەنێ.

کوڕی شای دیکتاتۆر و قاتڵی پێشەوا و کۆماری کوردستان هەروەک هەمیشە دەڕانێتە ڕووداوەکان و دەرکەوت کە لە دوور و نیزیک باوەڕی بە مەسەلەی نەتەوەیی و ئێرانی دێمۆکڕات و فیدراڵ نیە و هەر ئەو قەوانە لێدەدات کە بۆی بە میرات ماوەتەوە و خەیاڵی پووچی لەسەر هەڵچنیووە.

لە مەنشوورە بێ بنەما و گاڵتەجارەیەکیاندا زیاتر پێداگری لە سەر ماف و ئازادییەکانی تاک کرایەوە و بە هیچ نەوحێک باسی فرە نەتەوەیی و فرە چەشنی یان نەکرد و هەوڵدەدان کۆی پرسە جەوهەری و گرینگەکان بە هەڵبژاردن و مەجلیسی باڵای وڵات یەک لای بکەنەوە، کە ئەوەش بە تەواوی مەترسی لە سەر ڕەوتی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی لە وڵاتدا دروست دەکات.

جارێ سروشتی ئێران و پێک هاتەکەی جۆرێکە، بەر لە هەڵبژاردن و مەجلیسی باڵا، دەبێت لەسەر بنەمای نەتەوەیی و جوگرافیای هەڵبژاردن لە وڵاتدا بەڕێوەبچی و وەختێک کورد نوێنەرەکانی هەڵبژێرێت، دەتوانێ داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات.

ئەو هەڵبژاردن و دەستوورەی ناویان برد، نێوەرۆکەکەی ئەوەیە کە تەنیا دیکتاتۆرێک جێگای ڕێژیمی فێعلی بگرێتەوە لە ژێر ناوی هێندێک چەمک و پێناسەی شارستانی و پێشکەوتنخوازیدا، وەک مافی تاک و هاوڕەگەزبازیانی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرانسەری، هەر وەک خومێنی کردی.

بەڵێ، بەر لەبەڕێووەچوو نی ئەو دیدارە پێشبینی ئەوەمان کرد بوو کە چ لەو کۆبوونەوەیەدا ڕوودەدات و باس دەکرێ، ئیدی بەڕوونی لە نێوەرۆکی مەنشووری ڕەزا پەهلەوی وەک نەخشە ڕێگایەک کە خۆی دەیهەوێت بۆ داهاتووی ئێران ، تێگەیشتین.

کورد و هێزەکانی لازمە بەو نەتیجەیەبگەن کە کارێک نەکەن، ئەوزاتە مەترسیدارە، وەک میحوەری دژبەرانی ڕێژیم خۆی بناسێنێ و لەوەی زیاتر دەرفەتی گەشەکردنی پێ بدرێت.

سەڵتەنتخوازەکان زۆر زیرەکانە هەوڵدەدەن دەست بەسەر شۆڕشی ژینادا بگرن و وا وێنەبکەن کە بەو مەنشوورە پڕ لە شووڕەییان کە باوەڕیان بە ئەسڵی مافی سیاسی نەتەوەیی نیە و شتێکی نوێ لە قسە وگۆتاریان ڕووینەداوە، وای بنوێن کە لایەنگری هاوکاری و هاوخەباتین، تەنانەت لە گەڵ مووخالیفەکانی خۆشیاندا.

دیالۆگ دەبێت لەسەر بنەمای دوو فاکتەری ئەساسی بکرێت؛

یەکەم: ئەوەی کە ئەو دەستە و هێزەی لە گەڵی دادەنیشی تا چەند باوەڕی بە جەوهەری داواکاریەکانیە تۆیە و داخوازیەکانی تۆی بەلاوە پەسندە.

دووهەم: ئەگەر هیچ گۆڕانێک لە ڕوانین و خوێندنەوەیان ڕونەدات و هەڕوەک هەمیشە پێداگری لەسەر ئەو خاڵ و ستراتیژیە بکەنەوە کە مەترسی جیددین لە سەر مافی نەتەوەیی مان، ئیدی هەر هەمن دیمەنی دەورا نی شۆڕشی گەلانی ئێران مان دەخاتەوە بەڕچاو کە خومێنی چ کارەساتێکی بەسەر کورد دا هێنا.

ئەوەی ئامانجی ئەو زۆڵەیە ئەوە بوو کە بڵێ ئەو دەنگانەی لە نێوخۆناتوانن بیروڕای خۆیان بەئازادی بڵێن، ئەو نوێنەرایەتیان دەکات و دەنگی ئەوانیشە لەو دانیشتنەدا.

ڕەزا پەهلەوی تەنانەت بەزمانی تەهدید و هەڕەشە و ڕوو لە هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی ئاخوندی قسەکانی دەکرد و، لە وڵامی پرسیارەکاندا و وای نیشاندەدا کە زۆری نەماوە تاجەمردووە کە بخاتەوە سەری. ئەوەندە بێ باکانە قسەی دەکرد کە بەڵێت، ئەوە بووسە بەلاشەکەیان بەرەو تاران کەوتۆتەرێ، کە پێێ خۆشە باسەرکەوێ و هاوسەفەربین.

بەداخەوە پەیامە دوو دەقیقەیەکەی موعتەدیش شتێک نەبوو کە داکۆکیکردن بێت لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و پێداگری لە سەر شوناسی سیاسی نەتەوەیی گەلی کورد و گەلانی دیکەی وڵات بکات.

من تێناگام، بۆچی ڕێبەرانی سیاسی کورد و هێزە سیاسیەکان هێشتا زۆر ڕووک نین لە بەیانکردنی داواکاریەکانی کورد و زۆر شەرمێوانە و بەپارێزەوە دەدوێن. کورد وەک نەتەوەیەک کە کاریگەری بەرچاوی بەسەر ڕووداوە سیاسی و مێژوویەکانی وڵاتدا هەیە، شەفاف تر باسی نێوەرۆکی مافەکانی بکا و ئەگەر بێت و بە پێداگری کورد ناکۆکی دروست بێ، با ئێستا دورست بێ، نەک پاش دارمانی ڕێژیم.

مەسیحی ش زۆر زیرەکانە لە جەهەتی پەسندی ڕەزا دا قسەی دەکرد و لە لای خۆیەوە لەنگەری بۆ ڕاگرتبو و، ئەویش خەریکە بە نێوبردنی وشەی کوردستان و بلووچستان کڵاومان دەخاتەسەر.

٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣

پردی متمانەی نێوان جەمسەری ڕۆژئاوا و تاران بەرەو داڕمانە.

سیاسەتی شەڕانگێزی و خۆبەزلزانی کاربەدەستانی ورد و درشتی ڕێژیم ئاخوندی هەتادێت ناوەندی بڕیاری سیاسی و دیپلۆماسیەکانی وڵاتانی ئۆروپای، بە هەڵوێستە دوژمنکاریەکانییان زیاتر لە خۆیان نیگەران و تووڕە دەکەن و ئەگەر تادوێنی هێندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە هۆی ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانیان لە گەڵ ئێراندا، چاوپۆشیان لە پێشیل کاری ئەو وڵاتە دەکرد و خۆیان لە قەیری نەئەدا بێ دەنگبوون.

بێگوومان سیاسەتی نوێی ئەو وڵاتانە سەبارەت بە ڕێژیمی تاران بەرئەنجامی ڕوانینی تازە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانە لەو پەیوەندییەدا. پاش تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزیەکانی ئۆروپا بە هۆی هێرشی ڕووسیە بۆسەر ئۆکرانیا و بێلایەن نەبوونی تاران لەو شەڕەدا و چوونە نێو بەرەی پۆتین، بەدڵنیایەوە کۆمەڵێک ڕەهەند و بیرکردنەوەی ستراتیژی سیاسی تازەی لە ناوەندی بڕیاری سیاسی پارلمانی یەکیەتی ئۆروپایە بە دژی دەسەڵاتی تاران بەدوایخۆیدا هێناوە ولە ئەمڕۆ دا لە بەهانەیەک دەگەڕێن تا بەربینگی پێبگرن و لەسەر ڕێگای خۆیانی لادەن.

سیاسەتی یەکیەتی ئۆروپایە بەگشتی لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایشی سیاسی و نەتەوەییان بینا کراوە و هەر وڵات و هێزێک مەترسی لەسەر دروست بکات جگە لە هاوپشتی و کۆدەنگیان، وەک نەیار و دژبەری سەرەکی سەیری دەکەن و هەرکارێک دەکەن بۆ دوور خستنەوەی مەترسی لەسەر ئامانجە هاوبەشە گرینگەکانیان. وەختێک ڕێژیمی ئێران بووە بە بەشێک لەبەرەی ڕووسیە و مسکۆش بە دیاریکراوی وەک گەورە نەیارە خۆیان دەزانن و ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی ئەو یەک ساڵەی بکەین، ئەوکات زیاتر لە قووڵی نیگەرانی بەرەی ڕۆژئاو سەبارەت بە ئاڵۆزیە سیاسی و سەربازیەکان بە هۆی دەست پێکردنی شەڕ لەئۆکرانیا تێدەگەین.

کاربەدەستانی باڵای سیاسی و سەربازی ڕێژیمی ئاخوندی هەرلەخۆیانەوە دەستیان بە لێدوان و قسەی ڕەق لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا بەرەمبەر بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لەو ماوەیەدا نەکردووە و بەدڵنیایەوە هەستیان بەو هەرەوەز و کۆدەنگیە گشتیە لە هەمبەر هەڵوێستە نابە جێی ژێمەکەیان کردووە و هەر جارە هێرش دەکەنەسەر جەمسەریک لە دژبەرەکانیان.

سیاسەتی دەرەوەیی وڵاتانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی لە گەڵ ساڵانی ڕابردوو گۆڕانی بەسەرداهاتووە و، لە

ئێستادا زۆر بە هەستیاری چاوەدێری جوولاّ سیاسی و سەربازیەکانی تاران، وەک نەیارێکی مەترسیداری نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی دەرەوەدا دەکەن و ئەگەر جاران بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان بەلایەنگری ئێران قسەی خیریان دەکرد، ئەمڕۆ بەپێچەوانە سەیری ئەو ڕێژیمە دەکەن و خێرو بێری وڵاتانی ڕۆژئاوای لە ڕوخاندنی دایە ولەبەر ئەوەش زەمینەی سازانیان لە گەڵ تاران بەلاوەناوە.

تاران سنووری دژایەتی و بە نەیاردانانی وڵاتانی زۆر بەرفراوان کردووە و لەو چەند ڕۆژەنەدا بەرپرسانی باڵای سەربازی ڕێژیمی ئاخوندی دەستیان بە هێرشکردن بۆ سەر وڵاتانی ئۆروپاش کردووە و وەک نەیار و بە هۆکاری ئالۆزیە نێوخۆیەکانیان دادەنێن و دەڵێن تۆڵە لە نەیارەکانیان دەستێنەوە و تەنانەت قسەیان لە تیرۆرکردنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا و وەزیری دەرەوەکردووە کە دەستیان لە کوشتنی قاسم سلێمانی و گروپەکەیدا هەبووە.

باشە ئەگەر تاران هێندە شانازی بەتوانا سەربازی و بەرگریەکانی دەکات و ڕۆژانە خەریکی چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەکردنن بە دژی نەیارەکانیان، ئەی خێرە بۆ جارێک نەیانتوانیووە ڕووبەڕووی ئەو هێرشانەی ئیسرائیل ببنەوە کە لە نێوخۆی ئێران و سووریەدا دەکرێتە سەر پێگە و بنکە سەربازیەکانیان و هەر جارێک دنیایەک زیانیان پێدەگات و هەتا ئێرە بێ وڵام و دەستە وەستان بۆی دانیشتوون.

لێدوانی تۆندئاژۆیانەی کاربەدەستانی تاران سەبارەت بە وڵاتانی ڕۆژئاوا وڕیزکردنیان لە ڕیزی نەیارەکانیاندا، بە دڵنیایەوە زەمینەی خاوبوونەوەی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی بەتەواوی سەلماندووە و دەرکەوت کە دەسەڵاتی ئاخوندی لەسەر ئاستی بەرزی سیاسەتی دەرەوەیدا دووچاری شکەست و داڕمانی زۆربووە و جگەلەوەی بەسەرچاوەی فیتنەی سیاسی و سەربازی دەزانن کە کارو پیشەیان ئالۆزی و قەیران دروستکردنە لە نێوان وڵاتان و جەمسەرەکاندا.

بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە بۆیان هاتۆتەبەرەوە، وەک ساڵانی پێشووتر ناتوانن بەئارەزوویان لە دەرگای هەر وڵاتێک بدەن و داوای هاوکاری و پشتیووانی لێ بکەن لە مەڕ پێگ گەشتنیان لە گەڵ ئەمریکادا، کە بە نەیاری سەرسەختی دەزانن و بەردەوام کۆشکی سپی یان بە مەترسی لە سەر فراوانخوازیەکانیان لەسەر ئاستی ناوچەیدا ناسیووە.

فشارە سیاسی و ئابووریەکان بۆ سەر کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم پاش دەست پێکردنی شۆڕشی ژینا و بە نێودەوڵەتیبوونی پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا، بەخۆشیەوە زەمینەی پشتیووانی و هەرەوەزێکی گشتی نێودەوڵەتی بەدژی سیاسەتی سەرکۆب لەو وڵاتەی بە دوایخۆیدا هێناو و دەبینین کە لە گشت لایەکەوە ڕێژیم خراونەتە ژێر گەمارۆ و بەپێچەوانەوەشەوە، دەرگای فرەتر بەسەر هێزە دژبەرەکانی ئێراندا لە سەر ئاستی ڕۆژئاوادا دەخرێتە سەرپشت و باشترین دەرفەتە لەو پیوەندیەدا بۆ

کورد هاتۆتە پێش کە بزانێ کەڵکی لێ وەربگرێت.

تاران بەدوای شکەستە یەک بەدوای یەکە نێودەوڵەتیەکاندا، خەریکە گەڕێکی نوێ لە چالاکیە پیلان گێریە ناوچەیەکان دەست پێدەکاتەوە و بەرپرسی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی سەر سنوورەکانیان،وەک ڕایانگەیاندووە، سەردانی عێراق بکات. ئامانجی سەردانی شەمخانی بۆ بەغدا شتێکی چاوەروان نەکراونیە و ئەو وڵاتە زۆر لە مێژوو بەدوای ڕێگایەکدان کە بە ڕێگای حکوومەتی ئەو وڵاتەدا مەترسی لەسەر سنوورەکانیان دوور بخنەوە.

تاران لەو بارەوە بەتەواوی دووچاری لێکدانەوەی هەڵە و سەرلێ شێواوی هاتووە و لانیکەم لە بەرژەوەندی هیچ وڵاتێک و عیراقیش دانیە، گوشارەکانی سەرتاران سنووردار بکرێن. لەو دۆخەی ئێران لە سەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتی تێیکەوتووە، پێناچێت حکوومەتی بەغدا بە مەرجە ئەساسیەکانی ئەو وڵاتە ڕازی بێ و لەو بەستێنە سیاسی و دیپلۆماسیەدا ناکرێت بەرژەوەندیەکانیان لە گەڵ ئەمریکادا بە لاوە بنێن و هەموو شتێک بەدڵی تاران بکەن.

ڕێژیمی ئێران دەمێکە هەوڵدەدات بە ڕێگای میلیشیا چەکدارەکانی نزیک لە ئێران باڵانسی بڕیاردانی سیاسی حکوومەتی عێراق بەسوودی تاران بگۆڕێ، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەکرێت، بتوانن گوشاری فرەتر لە سەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکات و ئامانجی ڕێژیم بەدیاریکراوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی ئێران و کوردستاندا هەیە.

بەدڵنیایەوە ڕێژیمی ئێران لە گەڵ قەیرانی زۆر بەرەو ڕوویە و پێناچێت بتوانێت بەو جۆرەی هەیە لە گەڵ کۆی کێشە و ململانە سیاسی و سەربازیەکاندا هەڵبکات و پشتی لە ژێرقوورسای فشارە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووریەکاندا بۆ بەرزبکرێتەوە. حکوومەتی ئێران متمانەی لە دەستداوە و کاتێک بەڕەقترین شێوە سەرکوتی گەلانی ڕاپەڕیو دەکا و ڕێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ ناگرێ و بەپێچەوانەی یاسانێودەوڵەتیەکان لە گەڵ نەتەوە بندەستەکان ڕفتار دەکات، بێگومان جگە لە ڕێسوابوون و دارمانی پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسیەکانیان، دەسکەوتێکیان نەبووە و کاتێک وەزیری دەرەوەی ئێران لە شوڕای مافی مرۆڤی کۆمەڵەی نەتەوەکان، وتاری پیشکەشکرد.

وەک نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تۆندوتیژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بەرامبەر بە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، زۆرینەی بەشداران سانۆنەکەیان بە جێ هێشت و ئەو هەڵوێستەی نوێنەری وڵاتان لەو ناوەندە بەرزەی مافی مرۆڤدا، ڕەدکردنەوەی ئاشکرای ئیدیعاکانی تاران بوو کە هەوڵی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی سەبارەت ڕووداوە نێوخۆیەکان دەدا.

تاران لە زۆر جەمسەرەوە لە سەر ئاستی جیهاندا دژایەتی جیدی دەکرێ و دەرکەوتن و لێدوانی بەرپرسانی بااڵی نیزام، لەبەر ئەوەی نیە کە هەست بە ئاسایشی سیاسی و ئەمنیەتی دەکەن، بەڵکوو بە پێچەوانە بەسەر دۆخێکدا کەوتوون کە لە مێژووی سیاسی و حوکمڕانیاندا، دژواری سیاسی و ئابووری ئەوتۆیان نە دیتووە. گوشارەکانی ئەو جارەی سەر تاران، بەتەواوی جیاوازن لە گەڵ سالانی ڕابردوو و جیهان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەو ئاکامی گەیشتووە، کاتێک گێتی ئاسوودەی و ئارامی بەخۆیەوە دەبینێت کە دەسەاڵتی ئاخوندی بە تەواوی بەسەریەکدا بروخێت و حکوومەتێکی دێمۆکراتیک و فرەڕەهەندی و فرەچەشن شوێنی بگرێتەوە.

حکوومەتی ئێران هەر بە تەنیا مەترسی لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەاڵتی نێوەڕاست دروست نەکردووە بە هۆی دەستە و پەیوەندەکانی، بەڵکوو بۆتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئاسایشی نیودەوڵەتی بەگشتی و ئەگەر بە خێرای ڕێگری لێ نەکرێت، پاش دەست گەیشتنی بە چەکی ناوەکی، بێگوومان هاوسارکردنی بۆ گشت الیەک دژوارتر ئەبێت.

ئەگەر ئاوڕێکی سەرپێی بەسەر هەڵوێستە دژبەیەکەکانی بەرپرسانی باڵای سیاسی و سەربازی ڕێژیمدا بگێڕین، ئەوکات باشتر لە قووڵی نیگەرانی کاربەدەستانی نیزام سەبارەت بە داهاتووی حکوومەتی ناوەندی تێدەگەین.

بە هۆی کەڵەکەبوونی قەیرانەکان بەسەریەکدا و الوازی بەرپرسانی سیاسی و ئابووری ڕێژیم لەوباوەوە، جگە لە خۆشترکردنی زەمینەی لێک ترازان و دەرکەوتنی ناکۆکیەکان، هیوایەک بەدی ناکەن کە ڕێگای دەربازبوون بێت. کاتێک کێشەکان بەجۆرە زیاتر لەسەر یەک کەڵەکەدەبن، هەربەوڕادەیەش درز و ناکۆکی بەرچاوتر دەخاتە نێو قۆڵە دژبە یەکەکانی نێو بازنەی دەسەاڵتی ئێران.

مێژووی ڕووداوە سیاسی و سەربازیەکانی ئێران، شاهیدی ئەو ڕاستیەن کە ڕێژیمە دەسەاڵتدارەکانی ئەو وڵاتە کە بە زۆر خۆیان بەسەر چارەنووسی نەتەوەکاندا فەرزکردووە، لە مەیدانی ڕووبەڕووی سەربازیدا جگە لە دۆڕان و شکەست و خاک لەدەستدان، خێرێکیان نەبووە و هەر بەو ڕادەیەش بەخۆشیەوە زەلیل و داماون لەبەردەم ئیرادە و خۆڕاگری گەالنی ئازادیخوازی ئێراندا و لە زۆر شوێن و شار و هەرێمدا، ئەو دەسەاڵت و کۆنترۆڵەیان نەماوە. ئەوەش نیشانەی الوازی و بێ هیزی ڕێژیمی ئاخوندی دەگەیەنێت.

۷ی مارچی ۲۰۲۳

ڕێژیمی ئێران خەباتی کوردی پێ لە ناوناچێت..

بزووتنەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێمان خۆش بێت یان ناخۆش، لە ڕووی کرداری و فراوانتر بوونی مەیدانی تێکۆشانی سیاسی و ڕێکخستنی نێوخۆی گرێدراوە بە داهاتووی سیاسی هەرێمی کوردستان.

بە هێزبوون و پەرەگرتنی ئەو ئەزموونە سیاسی و نەتەوەییەی باشوور، بە نۆبەی خۆی شوێنی لەسەر پەرەگرتووتر بوون و بە هێز بوونی شۆڕشی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەبێت لە کاتێکدا کورد لە ڕووی هەڵکەتووی سیاسی و جوگرافی بەسەر چوار وڵاتی بەهێزی ناوچەیدا دابەشکراوە و سروشتی پەیوەندییەکان بەجۆرێک نیە کە جووڵانەوەی سیاسی کورد پشتی جبهەی ئارامی هەبێت.

ئەگەر گیروگرفت و سەختیەک بۆ شۆڕشی کوردستان لە هەرکام بەشی نیشتیمان بێتەبەرەوە و بە تایبەتیش بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرێدراوە بە هەنگاوی بەرپرسانەی سیاسی و داهاتووی هەرێمی کوردستان کە ئێران دەمێکە خۆی ڕێکخستووە کە بەدژی کورد لە هیچ پیلانگێڕیەک خۆی نەپارێزێت.

داگیرکەرانی کوردستان لە مێژ ساڵە لەسەر ئەوەی ڕێککەتوون کە هەرچۆنێک بێت دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوبەرن و ئەگەر ئەو کارەشیان بە هۆی هەلومەرجی نێودەولەتی بۆ نەلوێ، هەرنەبێت دەسەڵات و پێگەی لاواز بکەن تا لەو ڕێگایەوە بەربەست لە بەردەم شۆڕشی کورد بەگشتی دروست بکەن و هەنگاوەکان بەدڵی تاران و ئانکارا و دەمیشق و بەغدا بن.

ئەگەر ئەو بەشەی نیشتیمان بە هێز و سەقامگیربێت و تەبای و هاوکاری نەتەوەیی هەبێت، بێگوومان پیلانگێڕی ناوچەی بەدژی خەباتی لە مێژینەی کورد بەسانای پووچەڵ دەکرێتەوە و ئیدی تاران و ئانکارا ناتوانن چی دیکە زیان بە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بگەیەنن. بەداخەوە بە هۆی ناکۆکیە نێوخۆیەکان، کورد وەک هێزێکی کاریگەر و دیاری ناوچەی پێگەی خۆی نەپاراستووە و بەغدا کە سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە کورد بەرێووە دەبات، گوشاری زیاتر لە کورد دەکات و تەنانەت بە ڕێککەوتنیش لە گەڵ هەرێمی کوردستان نایەنە پێش.

ڕەنگە زۆر کەس و ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ بە کارهێنانی ئەو دەستەوەژەیەدا کۆک نەبن و بە پێچەوانە دێراسەی

ڕووداوە سیاسی و هەرێمایەتیەکان بکەن و پێیان شتێکی سەیر و حەنتیکە بێت کە ئەوە چۆن دەکرێت بڵێین بەهێزبوون و پەرەگرتووتربوون خەباتی سیاسی و نەتەوەیی ڕۆژهەڵات، پەیوەندی ڕاستە وخۆی بە سەقامگیری و بەهێزبوونی زیاتری حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت!

لێکدانەوەی ژیرانەی هەلومەرجی سیاسی ناوچەی بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە وابیربکەینەوە، وەختێک هێزەکانی ڕۆژهەڵات گوشاریان لەسەر لادەچێت کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیگەی بەهێز بێت و دەستێوەردانی تاران لە کاروباری سیاسی بەغدا و هەرێم کەم بکرێتەوە.

بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق ڕووەدات شتێک نیە کە خەمی پێووە نەخۆین وەک کوردێک، ئەو باسەی لێرەدا شڕۆڤەی لەسەر دەکرێت و ئاماژەی پێدراوە. مەبەست ئەوەنیە بە لایەنگری لە هیچ لایەنێکی باشووری کوردستان خوێندنەوەی داهاتووی سیاسی عێراق بکەین و بەڵکوو نیشاندانی دوورەدیمەنی داهاتووی سیاسی ئەو وڵاتەیە بە هۆی دەست تێوەردانی تاران لە کاروباری حکوومەتی بەغدا و هەرلەوپەیوەندییەشدا گوشار دروستکردنی لەسەر کوردستان بۆ ئەوەی بە مەرجەکانی ئێران ڕازیبن لەسەر شۆڕشی ڕۆژهەڵات و هێزەکانی.

وەختێک باڵانسی پێگە و دەسەڵاتی زلهێزەکان خەریکە بەرەو گۆڕانکاری و جێ گرەوەی نوێ دەچێت، زۆر سروشتیە کە بڵێین بەداخەوە ئەوەی حوکمی ڕاستەوخۆی عێراق دەکات لە ئێستادا، ڕێژیمی ئاخوندی تارانە و ئەگەر ئەمریکا تۆزێک سیاسەتی خۆی لەو وڵاتەدا نەگۆڕێت، زیان بە متمانە و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی دەگات.

کاتێک ئەمریکا لەسەر ئاستی ناوچەی و بەدیاریکراویش لە کاتی بوونی ئۆباما بەسەرۆکی ئەو وڵاتە، دەرفەت و هەلی زۆر نوێی بۆ تاران خوڵقاند کە زیاتر خۆی بەسەر ناوچەکەدا فەرزبکات و پەرە بە پێگە و نفووزی بدات.

پاش هەڵگریسانی شەڕی ڕووسیە و ئوکرانیا، بەکردەوە گۆڕانکاری بەسەر فرە جەمسەریدا هاتووە و پاش ئەوەی مسکۆ زیانی گەورەی مرۆڤی و ئابووری بە هۆی ئەو شەڕە بەرکەوتووە، ناچارە لە مەوەبەدوا، وەک برا بچووکی چین هەڵسوکەوت بکا و ئیدی دەبێت گوێ ڕایەڵ بێت و چی تر وەک زلهێزێکی ناوچەی حیسابی بۆ ناکرێ.

وەختێک بەدەست وڵاتێکی بچووک گیریکردووە و دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەتەواوی بەسەریەکدا ڕماوە و ئەمریکا زۆر هەوڵدەدات چینیش لە تایوان بکێشێتە شەڕ تا بەدەردی مسکۆی بەرێت. بەڵام تا ئەمڕۆ چێن بەژیری خۆیان لە شەڕ لادەدەن و نایان هەوێت ئەو هەڵەیە بکەن کە مسکۆ کردی و بە سانای لێی ڕزگار نابێت.

ئەمریکا و چین لە ئێستادا وەک دوو جەمسەری بەتەواوی ناکۆک و دژبەیەک لەسەر ئاستی گێتیدا بوونی خۆیان سەلماندووە و واشنگتۆن بەجددی هەوڵدەدات چینیش وەک ڕووسیە بکێشێتە شەر لە بەرەی تایوان بۆ ئەوەی زیانی ئابووری گەورەی بەربکەوێت ولە دووڕووە ئەو شەڕە فەرمەندەی بکات بەدژی سەرسەختترین نەیاری نێودەوڵەتی خۆی.

بۆ ئەوەی ئەو وڵاتەش دووچاری قەیرانی سیاسی وئابووری نوێ بکا و ئەوکات زیاتر مەرجەکانیان بەسەر دژبەرەکانییاندا فەرزبکات و نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئارەزووی خۆی بگۆڕێت.

کاتێک بەرەی ڕووسیە و چین لاوازتربێت، ڕاستەوخۆ شوێنی لەسەر داهاتووی سیاسی ڕێژیمی ئێران دەبێت و ئەو وڵاتەش دەبێتە هەتیوو و داماوی ناوچەی و لە بەشارئەسەدی خراپریان بەسەردێت.

وڵاتانی ئوروپایی بەهۆی کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی کە لە گەل تاران هەیانە، بەرزی و نزمی لەسیاسەتی دەرەوەیاندا هەستی پێدەکرێت و ناکرێت حیساب لەسەر ناسەقامگیری بێ بازاری سیاسی و دیپلۆماسیان بکرێ و بەدەست شەڕی ئوکڕانیا بە تەواوی گێژ و مەلوول کەتوون و چاویان لە بەرەکەت و روحمی بایدنە کە بیا پارێزێت لە ئاگری شەڕ. بارودۆخی ناوچەی و گێتی لە ڕووی ستراتێژییەوە ئاڵۆگۆڕی بەسەردادێت و، بەدڵنیایەوە ئێرانیش لە سەر ئەو جەمسەرە تەماشادەکرێت کە بە دوو کوچکەی چین و ڕووسیە ناسرابوو بەر لە شەڕی ئوکڕانیا و هاوپشتێکی باشی سمکۆ یە لەو شەڕەدا.

بەهێز بوون و باڵادەستی تاران لەسەر ئاستی ناوچەیدا، بە زیانی جووڵانەوەی سیاسی کوردە و ئەوەی ئەمڕۆ لە پەیوەندییەکانی حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕووەدات، ئەو پیلانە مەترسیدارەیە کە تاران نەخشەی بۆداناوە بەدژی لاوازکردنی پێگەی سیاسی و نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و ئەو جار بەهانەگرتن بە هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو وڵاتەدا.

ئێران و دەسەڵاتەکەی زۆر باش لەو ڕاستیە تێگەیشتوون کە ئەو پێگە و نفووزەی ساڵانی ڕابردوویان لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران نەماوە و خەڵک بەکردەوە بەدژی ڕووخاندنی حکوومەتی تاران ڕژانە سەرشەقامەکان و حکوومەتێکی دێمۆکڕاتیک و ئازادیان دەوێت کە ڕێز لە فرەنەتەوەیی و فرە ڕەهەندی سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران بگرێ.

زۆر گرینگە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنەوەی جەوهەریانەی ڕووداوە سیاسییە ناوچەیەکان بکەن و هەر لە خۆمانەوە تیروتوانج لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەگرین و بێ دەلیل هێرش نەکەین.

بەداخەوە هەرێمی کوردستان بەهۆی بااڵدەست تربوونی لایەنی شیعەی عێراقی سەر بەتاران، گیروگرفتی هەتا بڵێی زۆر بۆ کورد دروست دەکەن و ئەگەر دەرفەتیان هەبێت، قەوارەی سیاسی کوردستان زۆر زیاتر بچووک و لاواز دەکەن یان هەر لێکی دەترازێنن.

ناکۆکیەنێوخۆییەکانی ئەو بەشەی کوردستان، دەرفەتی زۆر باشی بۆ نەیارانی کورد ڕەخساندووە تا زیاتر لە پیالنگێڕیەکانییاندا سەر بکەون و کێشەیان بۆ دروست بکەن.

بێگوومان بەهێزبوونی پێگە و نفووزی هەرێمی کوردستان لە عێراق و لەسەر ئاستی ناوچەیدا بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسی کوردە لە ڕۆژهەاڵت و ئیدی ئەو کات گوشارەکانی سەرهێزەکانی ڕۆژهەاڵت کۆتایی پێدێت و ئێران ناتوانێ بەدڵی خۆی ڕاوی تێکۆشەرانی کورد لە باشوور بکات.

ئێران هەر کارێک دەکات تا پێش بەخەبات و تێکۆشانی هێزەکانی ڕۆژهەاڵت بگرێ و لە شوێنێکدا کۆبکرێنەوە بۆ ئەوەی دەست و پێیان ببەستێت و زیانی گەورەتریان پێ بگەیەنێت.

دەست و پێ گرێدانی هێزەکانی ڕۆژهەاڵتی کوردستان سەرەتا بە زیانی هەرێمی کوردستان ئەبێت، دواجار بە هی ڕۆژهەاڵتی کوردستان. لەبەر ئەوەی ڕۆژهەاڵت ئەزموونێکی سیاسی لە چەشنی باشوورنیە تا لەدەستی بدات، ئەگەر بێت و ئێران ئەوەیان بەسەردا بسەپێنێت، هەرێم زیاتر زیانی بەردەکەوێت و پێگەیان زیاتر لاواز دەبێت.

هەر بۆیەش پێناچێت تا ئەو جێگای بکرێ هەرێمی کوردستان لە گەڵ شتێک دابێت کە ڕوون بزانێت بەزیانی چارەنووسی سیاسی خۆیەتی.

تاران زۆر بەهەاڵدا چووە ئەگەر پێی وابێت بە بە گوشارخستنەسەر هێزەکان،خۆی لە تەنگژەی سیاسی نێوخۆی وڵات ڕزگاردەکات.

ڕێڕەوی ئاخوندی باش دەزانێت گەلی کورد بەتەواوی ڕەدیان کردۆتەوە و لە شارەکانی کوردستان ئەو دەسەاڵتەی جارانی نەماوە و لە بەهانەیەک دەگەڕێت تا ناخی دڵی بە لایەنی تر بڕێژێت، ئەگەر ئەوە هەرێمی کوردستانیش بێت.

۲۷ی جووڵای ۲۰۲۳

هێرشی نەو جارەی سەر ئیسرائیل خەوی لە چاوی کاربەدەستانی ئێران تاراندووە.

تاران سەری ماری نێوکێشەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان بووە، بە درێژایی مێژووی گرژییەکانی ئەو دوو نەتەوەییە و بەڕۆژی ڕوونـاک بەئاشکرای پشتیووانی حەماس دەکات و ئەوە بزووتنەوەی چەکداریە بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و ئاسایشی گەلی فەلەستین، بە فیتی تاران ئەو هەرایەی نایە و بۆ بەهۆکاری تێکچوونی ئاشتی و ئارامی و ئاوارەکردنی خەڵک بۆ جارێکی دیکە، لە کاتێکدا ماوەیەکی زۆر بوو ئەو دوو نەتەوەییە بێ کێشە و ئاڵۆزی ژیانی خۆیان بەسەردەبرد و برایەتی و هاوکاری بەتەواوی گەشەیکردبوو و هەستی دوژمنایەتی و ڕقلێک بوونەوە تاڕادەیەکی باش لە بەینی یەهودی و فەلەستینەکاندا لە کزیدابوو.

سەقامگیری سیاسی و ئارامی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هیچ جۆرێک بە سوود و ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندا نیە و بگرە لە کوێ ئاشتی هەبێت، حکوومەتی تاران بە ڕێگای پاشکۆ و میلیشیا چەکدارەکان بە ئامانجی دەگرێ و هاوبەشەکانی هەر وەک پێشەی هەمیشەیان بەدژی تێکدانی ڕێکدەخات و دەگیانی خەڵکیان بەردەدات بۆ ئەوەی زیاتر دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەرێمەکەدا فەڕزبکەن و لەو بارەوە ئەوە بڵێن وڵاتانی عەڕەبی لاواز و بێ دەسەڵاتن و توانای ئەوەیان نیە پشتی فەلەستینیەکان بگرن.

ئێران هەرکارێک دەکات کە ئەو شەڕە زیاتر درێژە بکێشی بۆ ئەوەی بیروڕایی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بەڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەنێوخۆیەکانی وڵات و قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان کە بەرۆکی گەلانی وڵاتیان گرتووە، بەلاڕێدا بەرێت و ئەو پەیامەش بە ئەمریکا و هاوبەشەکانی بدات کە هەرکەس و وڵاتێک هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندی و فراوانخوازی تاران، بە دەردی ئیسرائیلیان دەبان و بەتەواوی شۆکیان دەشکێنن.

دەخالەتی ڕاستەوخۆی ئێران لە ڕووداوە شڵژاوەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان و قووڵترکردنەوەی کێشە و ململانەی بەینی ئەو دوو نەتەوەییە، بێگوومان بەرژەوەندی دەسەڵاتی تاران تێدا بەرجەستەیە و حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان وەک کارتێکی بە هێز بەدژی نەیارە سەرسەختەکانی لەسەر ئاستی ناوچەیدا بەکاردێنێت.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی تاران مەبەستێکی خاس و دیاریکراوی تایبەتی نیزامی ئاخوندی نەبێت، بەو شێوەیە خۆی ناخاتە نێو کێشەی ڕاستەوخۆوە. تاران و تەلەقی دەمێکە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەگیانی یەکدی بەربوونە و چەند

جارێک ئیسرئیل لە نێو قووڵایی خاکی ئێراندا بنکە سەربازی و هەستەیەکانی ئەو وڵاتەی کردە ئامانج و زیانی گەورەی پێگەیاند و بەبەردەوامیش لە سووریە هێرش دەکاتە سەر هێزە چەکدارەکانی ئێران.
ناکۆکی ئەو دوو وڵاتە لە گەڵ هاتنەسەرکاری ڕێژیمی خومێنی سەری هەڵداوە و لەو دەمەوە تا ئەمڕۆ ئەو وڵاتە هاوکاری و پشتیووانی ڕاستەوخۆی ئەو گروپەیکرووە کە بەبانّی چەکداری و دژی ڕیککەوتنی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان، واتە حەماس ناسراوە.

لە کەس شاراوە نیە کە تاران لە پشتی ئەو هێرشە گەورەی سەر ئیسرائیل بووە و بەرپرسە سیاسی و سەربازیەکانی حەماسیش بەهەق بە ئاشکرا و ڕوونی لەسەرەتایی ڕووداوەکاندا، سپاس و ستایشی تاران یان کرد لە هەمبەر ئەو هاوکاری و یارمەتیەی پێکردوون.

بەڵام پاش ئەوەی ئیدانە و سەرکۆنەی توندی تاران لەو پەیوەندییەداکرا، بەرپرسانی سیاسی و سەربازی ئێران کە زانیان مەترسیان لەسەر دورست دەبێت، تۆنی ڕاگەیاندن و لێدوانەکانیان گۆڕی ولەوپەیوەدنییەدا ئامۆژگاریان بە حەماسدا کە نابێت بە ئاشکرا باسی هاوکاری و پشتیووانی تاران بکرێ و هەر لەبەر ئەوەی بەرپرسانی حەماس لە دوا دیدار و لیدوانیاندا، ئێرانیان لە دەخالەتی ڕاستەوخۆ بێ بەریکرد و بە جۆرێک هەوڵیاندا پینەی بکەن، کەبۆیان نەکرا لە کاتێکدا لە یەکەم ڕۆژی هێرشەکەدا بەڕوونی ستایش و ڕۆڵ و هاوکاری تارانیان بەرز نرخاند.

حەماس تازە سوێند دەخوات کە تاران ئاگا و خەبەری لەسەر ئەو هێرشەی نەبووە بە هەموو دەلیل و خوێندنەوەیەکی سیاسی و سەربازی، ئێران داڕێژەر و بەڕێوەبەری کرداری ئەو شەڕەیە و تەنانەت میدیا ئەمریکایەکانیش نیکۆڵی لێناکەن و لە ڕومالّ و باس و لێکدانەوەکانیاندا، پێداگری لەسەر بەشداری تاران لەو هێرشەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەکەن.

پاش درێژەکێشانی ئەو شەڕە و لێکەوتەکانی داهاتووی، بەرپرسە سیاسی و سەربازیەکانی حەماسیش خەریکەن بەشداری و عزووری تاران لەو شەڕەدا پەردەپۆش دەکەن، لە کاتێکدا هەر لە ڕۆژی یەکەمدا، وەک مووژدانە و سەرکەوتن بەسەر ئیسرائیلدا سپاسی هاوکاری و پشتیووانی ڕێژیمی ئاخوندیان کرد.

کەچی تازە بەرپرسانی حەماس، کە بەتەواوی دیارە لەسەر ئامۆژگاری تاران هەواو و ڕاوێژی لێدوانەکانیان بە ئاڕاستەی ژێربەژێرکردنی جەوهەری ڕووداوەکان، دەخالەت و بێ ئاگای تاران بسەلمێنن.

دیارە تازە کارلەوەی دەرچووە و دونیا بەگشتی ئەوەدەزانێت کە ئێران لە پشتی ئەو هێرشەیە و پێی لە نێو ئەو تاوانە

دڕندانەیەدا ناشاردرێتەوە و قسە و لێدوانی ئێستای حەماس هیچ لە نێوەرۆکی بابەتەکەی ناگۆڕێت.

بەرپرسێکی باڵای حەماس لیدوانیداوە و رەتیکردەوە ئێران و حیزبوڵڵا رۆڵیان لە هێرشەکەیان بۆ سەر ئیسرائیل هەبووبێت و هەوڵدەدەن ڕووداوەکان شلۆژ بکات و دەڵێت: "ئەگەر بێت و غەززە رووبەڕووی شەڕی لەنێوچوون ببێتەوە، هاوپەیمانەکانمان وەک و ئێران و حیزبوڵڵا بەشداری لە شەڕەکەدا دەکەن و بەتەواوی دێنەمەیدان."

عەلی بەرەکە وەک یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی حەماس (سێشەممە، ١٠ی ئۆکتۆبەر ٢٠٢٣) رایگەیاند، هێرشەکەی سەر ئیسرائیل لەلایەن سەرکردەکانی بزووتنەوەی حەماسەوە پلانی بۆ دانەدراوە و، هاوپەیمانەکانیان بە هیچ جۆرێک ئاگاداری ئەو هێرشە نەبوون و کاریگەریان لەو بەینەدا نەبووە.

لەبەر ئەوەی دووچاری شۆک و بێ دەرەتانی هاتوون و باش دەزانن لێکەوتەکانی بەقازانج یان نابێ و بەتەواوی شاربەدەر دەکرێن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەستی ئیسرائیلی ئاواڵەکردووە بە هەموو شێوەک خۆی بپارێزی و مەترسی لەسەر ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی دووربخاتەوە.

کاتێک تاران هەست بە نیگەرانی و لیکەوتە مەترسیدارەکانی ئەو هەوڵەتیرۆریسەی دەکات و دەزانێت، تەلەقی بەزیادەوە تۆڵەی خۆی لە کاربەدەستانی ئێران دەکاتەوە و ئەگەر سەبریان گرتووە، لەبەر ئەوەیە کە بزووتنەوەی حەماس وەک نەیار و دژبەری سەرەکیان ئەگەر بۆش لەناونەچێت بەتەواوی لاوازی بکەن و کەوڵی لەحاجەت بخن.

ئەو سەرکردەی حەماس سەر و بنی قسە و لێدوانەکەی ئەوەیە بڵێت، ئێران و حیزبوڵڵا بێ ئاگان و بێ خەتان. هەرخۆشیان دەڵێن تا ساڵی ٢٠١٤ ئێران و حیزبووڵڵا یارمەتیی هەمەچەشنی بزووتنەوەی حەماسیان داوە و، حەماس ئەو جار بێ هاوکاری ئێران و هەر خۆی توانیویەتی مووشەک دروست بکات و راهێنان بە چەکدارەکانی بکات تا بەگژ ئیسرائیلیاندا بکەن.

بێگوومان ئەو لێدوانەی ڕێبەرانی باڵای حەماس ناتوانن ڕویی ڕەش و قێزەونی تاران وەک ناوەندی فیتنە و کردەوەی تیرۆریستی و شڵژانی ناوچەی سپی بکەنەوە و لە پیلان گێڕی ئەو هێرشەی بخەنە دەرەوە.

وەزیری دەرەوەیی ئێران، حوسێن ئەمیر عەبدوڵلاهیان مەبەستی خۆشترکردنی ناکۆکیەکانی نێوان حەماس و ئیسرائیل، سەردانی عێراق و لوبنان دەکات و بڕیارە لە گەڵ گروپە چەکدارەکانی سەربەتاران کۆبێتەوە و هانیان بدات بڕۆن بە دژی

تەلەقی و پشتیوانی لە حەماس بەرەیەکی نوێی شەڕ بکەنەوە بۆ ئەوەی تەرکیزی شتراتیژی سەربازی و هێرشەکانی ئیسرائیل دابەش و بەربڵاو بکەن و نەتوانێت زیانی گەورە لە غەززەدا بە هێزە چەکدارەکانی حەماس بگەیەنێت و بیان کاتە دەرەوە.

دوور خستنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە، بە شکانی گەورەی ئێران تەواو دەبێ و ئیدی ئەوکات ئەو ڕاستیە دەسەلمێت کە ڕێژیمی ئێران ئەو توانا و بوێریەی نیە ڕاستەخۆ بچێتە شەڕی ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی بەرەی ڕۆژئاوا دەمێکە زۆریان لە ئێران لە دڵیدا ڕاگرتووە و چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاودەکەن کە بەدەری دیکتاتۆرەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەرن. تاران خۆی سەرچاوەی ئەو فیتنەیەبووە و بێگوومان ئەگەر ئەو وڵاتەش ڕازی نەبێت، ئاشتی لە ناوچەکەدا بەرەو پێش ناچێت.

بەڵام ئەوەی جەوهەری باسەکەیە، یەک ڕاست ئەوەیە کە چ شەڕ و چ ئاشتی لە دۆخی ئێستای تاران دووچاری بووە، هەر بەزیانی دەبێ و کارێکی نەکردووە، بە ڕێگایەکدا سەقامگیری سیاسی وڵاتەکەیان لە مەترسی هێرشی دەرەکەی بە دوور بگرن.

دەسەڵاتی ئێران زۆر زیرەکانە و بۆ جارێکی دیکە شەڕ و کاولکاری وەک دووڕەدیمەنی ستراتیژی سیاسی نوێ خستەوە بەردەرگای وڵاتانی عەڕەبی، لە کاتێکدا دونیایی عەڕەب هەوڵی باشکردن و ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ حکوومەتی ئیسرائیل دەدا و لەو بارەوە بەباشی چووبوونە پێش و گەشەکردنێکی فروانی بازرگانی و ئابووری دەستی پیکردبوو.

سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ بەغدا و لوبنان، هاندانی گروپە شیعەچەکدارەکانی نزیک لە وڵاتەکەیانە، کە بڕۆن بەشداری شەڕبکەن و ڕێگری لە پێشڕەوەیەکانی هێزەکانی ئیسرائیل بۆ نێو غەززەی بکەن و نەهێڵن هێزەکانی حەماس شار بەدەر بکرێن.

دیارە حکوومەتی تەلەقی جگە لەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەستیان ئازاد و ئاواڵە کردووە بەتەواوی مەترسی حەماس لە سەرخەڵک و ئاشایشی نەتەوەیی دووربخاتەوە و بەجۆرێک ئەو گرۆپە لاواز و بێ هێز بکات، کە جارێکی دیکە هێرشێکی لەو جۆرە و بە هاوکاری و پشتیوانی دەرەکی نەتوانێ بکاتەوە سەر ئیسرائیل.

ئێران و دەسەڵاستەکەی سەریان لەشەڕ و کاولکاری دەخوڕێ و هەوڵدەدەن دوژمنایەتی نێوان فەلەتنیەکان و ئیسرائیل

یەکان زیاتر قووڵبێتەوە و ئاسۆی ڕێککەتوون و پێکەوە هەڵکردنیان لێ تێکبدەن و دەرفەتی ئاشتی و پێکەوە هەڵکردنیان لی ببڕێت.

حوسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهیان سەردانی بۆ بەغدا و لوبنان تاوتوێکردنی شەڕیی نێوان بزووتنەوەی چەکداری حەماس و ئیسرائیل دەبێ و بەدڵنیایەوە ئەو سەردانە و دیدارەی نوێنەری بڕیاری سیاسی و سەربازی ئێران لە گەڵ دەسەڵاتی ئەو دوو وڵاتە بۆ خێر و ئاشتی نیە و هاندانیانە بڕۆن بەشداری شەڕبکەن بۆ پشتیووانی لە برا فەلەستینیەکانیان.

بەدڵنیایەوە خەڵکی دڵسۆز و خەمخۆری پرسی ئاشتی و چارەسەرکردنی گرژیەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان لە نێو دونیای عەرەبدا زۆر بەباشی لەوەی تێگەیشتوون کە هەوڵەکانی ئێران لە بەرژەوەندییان دانیە و بە دوایی ڕێگا و بژارەی تـرەوەن کە لە دەرەوەی کەڵاوەکێشیەکانی تاران بێت و خۆیان لەو کێشەیە ڕزگار بکەن و پەیوەندییەکانیان لە پێناوی ئاشتی بەکار بێنن.

بەگوێرەی زۆر سەرچاوەی هەواڵگری عەرەبی و ڕۆژئاوایی، هەتا فەلەستینیەکانیش تۆڕە و نیگەرانن لەو هیڕشەی حەماس بە هاندانی تاران کردی و ئەو کاولکاریەی بەدیاری بۆ گەلەکەیان هێنا.

١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

دەسەڵاتی ئێران بەشەق و زلە نەبێت ڕاستە ڕێ نابێت.

ڕێژیمی تاران وڵاتێک نیە بە پەیام و ڕاسپاردەی وڵاتانی دیکەی گێتی، گوێ بۆ داواکاری شەرمێونانە و ترسەنۆکانەی وڵاتانی ڕۆژئاوای بگرێ و لە هێرش بۆ سەر بەرژەوەندیە سیاسی، ئابووری و بازرگانیەکان، روحمیان پێ بکات و دەست ڕاگرێت.

بە شیوەی ناڕاستەوخۆ شەڕ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا سەری هەڵداوە و کاتێک لە نێو خاکی عێراق هێرش دەکرێتەسەر هێزەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو وڵاتەش بێ وڵام نەبووە و بەزیادەوە زیانی بە گروپە میلیشیاکانی سەر بەتاران گەیاندووە.

دەسەڵاتی ئێران زیاتر لە دوو دەیەی تەواوە بووە بەمەترسی و هەڕەشەی جددی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی وڵاتانی ناوچە و لەو ساڵانەی دوایدا بەهۆی زیادبوونی چالاکی میلیشیا چەکدارەکانی سەڕ بەو وڵاتە، نیگەرانیەکان لە لایەن جەمسەرە دژبەرەکانی دژبەری تاران زۆریان زیاد کردووە و بە ڕێگای جیا جیادا هەوڵیانداوە تاران واز لە چالاکیەکانی بە دژی ئەمریکا و هاوبەشەکانی بێنێ.

چارەسەرکردنی کۆی کێشە و ئالۆزییە سیاسی و سەربازی و ئابووریەکان لەسەر ئاستی ناوچەی و نێو خۆی وڵات هەمووی دەکەوێتە گەردنی ڕێژیمی ئاخوندی و بێگوومان بەواکسێنێکی دژە دەسەڵاتی تاران و خامنەی نەبێت کۆتای بە کۆی دژواری و نەهامەتیەکان نایەت و ئارامی و ئۆقرەی باڵ بەسەر هەرێمەکەدا ناکێشێت.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بەدڵنیایەوە بەقسەی خۆش و دیپڵۆماسی ئارامی ڕاستە ڕێ نابێ و لەژێرگوشاردا نەبێت، دەست بەرداری ڕفتارەکانی نابێ و ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوا سیاسەتی خۆیان لەو بارەوە نەگۆڕن بە هیچ ئاکامێک سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی ناگەن.

لەکاتێکدا تاران گوێ بۆ قسەی حیسابی دەگرێت کە فشارەکانی سەر حکوومەتی تاران زیاتر پەرەیان پێ بدرێ و ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەوئەنجامەی بگەن کە ئێران وازلەکرداری خراپەکانی خۆی ناهێنێ و ئەگەر لە ڕابردوودا دەرفەتی هەستانەوە بەو ڕێژیمە نەدرابا، بێگوومان لە ئێستادا بەهۆی ئالۆزبوونی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوخۆی پاش

سەرهەڵدانی شۆڕشی ژن،ژیان، ئازادی، دەیانتوانی مەرجی سیاسی زیاتری بەسەردا فەرزبکرێت و، ئێران ناچاردەکرا گوێ بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بگرێ و، ناچار بە خواردنەوەی جامە ژەهرێکی تر دەکرایەوە.

ئیدی ئەوکات هەموو شتێک دەگەڕیتەوە دۆخی ئارامی خۆی و ململانە هەرێمایەتیەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو کۆتایان دێ و ئاشتی و سەقامگیری سیاسی و سەربازی باڵ بەسەر ناوچەیەکدا دەکێشێ، کە دەمێکە بە هۆی ڕێژیمی تاران لە قەیران و ژاوەژاوی گەورەدا دەژیت و تاران بۆتە سەرچاوەی فیتنە و ئاژاوەگێڕی ناوچەی و تەنانەت مەترسی لەسەر ناوچە ستراتیژییە ئابووری و بازرگانیەکانیش دروست کردووە و بارودۆخێکی ئەوتۆیان خوڵقاندووە کە وڵاتانی بەهێزی ئۆروپا لە ئێران بپارێنەوە کەشتیە بارهەڵگرەکانیان لە سنوورە ئاوەیەکاندا بەئامانج نەگرن.

گەلانی وڵات بە گشتی لە دەسەڵاتی ناوەندی کە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی و ئاسوودەی تایبەتی خۆیان دەکەنەوە و سەروەت و سامانی گشتی نەتەوەیی بە فیڕۆدەدەن و، بۆ ئەوەی تەمەنی سیاسی دەسەڵاتەکەیان درێژتر بکەن، بڕێکی بەرچاوی داهاتی گشتی وڵات دەخرێتە خزمەتی گروپ و میلیشانەی بەفتی خامنەی هەڵدەسووڕێن و تا لەو ڕێگایەوە سیاسەتی فیتنەیان پەرەپێ بدەن و باڵانسی هێز بەقازانجی دەسەڵاتەکەیان بگۆڕن.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران تادێ هەڕەشەکانی بۆ سەر دژبەرەکانی زیاتر دەکات و، بە ئاشکرای باسی لە توانایی بەگری سەربازی و ئاسمانی وڵاتەکەیان دەکەن بەجۆرێک پەرەیان بە توانای فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆتەقێنەر داوە کە هەرکات دڵیان بخوازێت، هێرش دەکەنە سەر نەیارە و دژبەرەکانیان.

لەو ماوەیەدا لە دەریا و وشکانیدا ئاگریان لەسەر پشتی هێزەکانی ئەمریکا و نەیارەکانیان کردۆتەوە و هەرکاتێک بیان هەوێت بەئامانجی گرتوون.

ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەی دەمێک بوو باسی لەوەی دەکرد کە کارێک بە سەر حکوومەتی ئیسرائیل دێنن کە هەرگیز لەبیریان نەچێتەوە، بێگوومان ئەو قسانەی ڕێبەری باڵای نیزام هەر لەخۆیەوە نەبوو ئەو پیلانگێڕیە گەورەیەبوو کە لە ٧ی مانگی ئۆکتۆبەردا کرایە سەر ئیسرائیل و ئاکامەکەی ئەو شەڕە ماڵوێرانکاریە کە بەدژواری کۆتایی پێدێت، دەستی پێکردووە و بارودۆخی ناوچەکەی بە لوتکەی مەترسی گەیاندووە.

دیارە دەمێکە ئێران بەو زمانە باسی هەڕەشەکانیان بەدژی تەلەبی دەکەن و بەڵام تاران هەرگیز ئەو بوێری و توانا سەربازییەی نەبووە ڕاستەخۆ هێرش بکا، تا سەرنجام بزووتنەوەی حەماسی باڵی چەکداری نزیک لە خۆیان بەگژداکردن و

پەیوەندییەکانی ئەو دوو نەتەوەی بەدۆخێکی مەترسیدار گەیاند.

زۆر جار خامنەی بە زمانی گاڵتەکردن بە ئەمریکا و دژبەرەکانی لێدوان دەدات و ئەوەش مانای ئەوەیە کە منت لە کەس هەڵناگرن و چیان پێ خۆش بێ و بیان هەوێت ئەوە دەکەن و خۆیان بەکوێخا و دەمڕاستی ناوچەی دازانن و تەنانەت پاش کوژرانی ڕاوێژکاری سەربازی سەربە سپای قووds لە سووریە، هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە لە ئەمریکا دەکات.

بێگوومان ئەو قسانەی کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندی هەر لە خۆوە نیە و سوور دەزانن وڵاتانی ڕۆژئاوا خۆیان لەسەر ئێشەی شەڕ و ئاژاوە بەدوور دەگرن و هەرچی دەکەن لەو شەڕەی لە ئۆکرانیا بەملیاندا هاتووە، ڕزگاریان نابێت تا بگات بە بەرەیەکی نوێی شەڕ.

دیارە ئەگەر بێت و نەیارەکانی تاران بەجددی دژایەتی تاران بکەن و ڕووبەڕووی ببنەوە و، واز لە سیاسەتی شەڕانگێزی و تێکدانی ئاشتی و ئارامی ناوچەی دێنێ و کاتێک هەست بە مەترسی لەسەر پێگە و نفووزی ناکات، بێباکانەتر سنووری پیلانگێڕیەکانی فراوانتر دەکات و میلیشیا چەکدارەکان بەرە و ئامانجەکانی ئاڕاستە دەکات.

ئێران دەمێکبوو هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە مووشەکەکانیان لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل جێگرکردوون و هەرکاتێک بیان هەوێ، دەتوانن ئامانجە کانیان بە نیشانە بگرن و، ئەو بابەتەش شتێک نیە ئێران بوێری کردارێکی لەو چەشنەی هەبێ و توانای دەست وەشاندنی هەبێت، بە بێ هەڵبژاردەی تر کە دیتمان لە ڕێکای گروپێکی سەر بەتاران چ بەڵایەکی بەسەر حکوومەتی تەلەقی هێنا.

هەروەک دەرکەوتووە ڕێژیمی تاران پیشەی بە ڕفتاری درندانە و سیاسەتی فیتنەگێڕانەی گرتووە و بە درێژایی مێژووی ئەو چەند ساڵەی، بەردەوام بە ڕێگای میلیشیا و گرۆپە تیرۆریستەکانەوە، شەڕی نەیارەکانیان کردووە و لەو کردارەیاندا بەڕاستی لێزان و بێ وێنن و بەداخەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تا ئێستا سیاسەتی خۆیان لە هەمبەر پێشێلکاریەکانی دەسەڵاتی ئێراندا نەگۆڕیووە و بەردەوام لایەنگری سیاسەتی نەرمیان کردووە.

هەر لەبەر ئەوەشە تاران گوێ بۆ کەس و وڵاتێک ناگرێ و خۆیان بێ دژبەرو ڕکابەری ناوچەی دەزانن و حیساب بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوای ناکات.
ئەوەی ڕاستی بێ دۆخی سیاسی و سەربازی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە هۆی سیاسەتی خۆفەڕزکردن و هێژموونی خوازی تاران

لە گەڵ ئاڵۆزی و مەترسی زیاتر بەرەڕوو بۆتەوە و، جارێ هێشتا ڕوون نیە ڕووداوەکان ناوچەکە بەرەوکوێ دەبات، لە کاتێکدا تاران زیاتر خۆی بەسەرناوچەکەدا سەپاندووە و بەردەوام هێرش دەکاتە سەر ئامانجی نەیارەکانی.

ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەسیاسەتی هەندەرانیان لە هەمبەر ئێراندا نەچنەوە و ستراتیژی ڕوانینی یان نەگۆڕن، تاران زیاتر پەرە بەکەڵاوەکێشیەکانی دەدا و مەترسی گەورە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان دروست دەکات کە، دەرفەتی جووڵەیان لێ بەرتەسک تر ئەکات.

ئەو تیئۆریانەی سەبارەت بە ڕێژیمی ئێران بەمەبەستی دەستەمۆکردنی کاریان پێکراوە، دەرکەوتووە کە جگە لە شکەستی ساسی و دیپلۆماسی بەرهەمێکی تریان لێ دروێنە نەکردووە و بەشێکی بەرچاو لە شارەزایانی سیاسی لەو بڕوایەدان، تاران بەزۆر نەبێت مل بۆ داواکاریەکان شل ناکات.

بەداخەوە ئەمریکا لەسەر ئەو شێوازە نوێیەی سیاسەتی هەندەرانی خۆی دەباتە بەرەوە کە ستراتیژیەکەی ئۆباما وەک میراتێکی شکەستخوارد بۆ داناون و هۆکارێک نیە کە واشنگتۆن لەوەی زیاتر دەستی تاران ئاواڵە بکات کە خۆی بە کوێخا و دەمڕاستی ناوچەی دابنێ و مەترسی لەسەر دۆستەکانی دروست بکات.

ئەگەر بێت و ئەمریکا و ئۆروپا لەوەی زیاتر سیاسەتی نەرم لە هەمبەر تاراندا بەڕێووە بەرێ، ئەو ولاتە زیاتر هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازیەکانی یان دروست دەکات و بەتکا و پاڕانەوە کێشەکانیان لە گەڵ تاران بۆ چارەسەر ناکرێت.

لە دۆخێکی ناڕوون و شڵژاوی وەک ئێستادا، بێگوومان وڵاتانی ڕۆژئاوای دەبێت شەڕی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکانیان لە گەڵ تاران بکەن و ئەگەر بەو پێیەش بێ، ئیدی یەک ڕاست ئەو سیاسەتە دەبێ بەرێووە بەرێن کە تێیدا زیاتر تاران هەوساربکات و دەرفەتی هەستانەوەی پێ نەدرێت.

پارلمانی ئێران بڕیاری پیتاندنی یۆرانیۆمی بە ڕێژەی ٢٠ لە سەت پێشتر پەسند کردووە و نزمکردنەوەی ئەو ڕێژەیەی گریداوە بە پابەند بوونی ئەمریکا بە ڕێککەوتنی ناوەکی لە گەڵ وڵاتەکەیدا و بێگوومان ئەوەش وەک مەرجێکی پێشوەختە بۆ حکوومەتی بادین تەماشا دەکرێ و جارێ هەر ڕوون نەبوو، سیاسەتی ئەوان لە هەمبەر تاراندا چۆن ئەبێت. ڕێژیمی ئێران بەردەوام هەوڵی داوە بە ڕێگای هەڕشە و ئاژاوەدا سیاسەتی خۆی بسەپێنێ و بەردەوام کاریان لەسەر ڕێچکەی شەڕ و پێک هەڵپڕژانکردووە.

بە لاڵم لە مێژووی ئەو ولاتەدا کەم واهەبووە لە مەیدانی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدا براوەبن، بەڵکوو بە زۆری براوەی سەر مێزی گفتووگۆکان بوونە و توانیوویانە بە سوودی دەسەلاتەکیان ڕێککەوتنەکان واژۆ بکەن.

ئێران لە دۆخێکی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی ئاڵۆزدایە و بە هۆی داڕمانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتی نێوخۆی و دوورکەوتنەوەی گەلانی ولات، لەو دەسەلاتە ستەمکار و دیکتاتۆرە، ئەو بۆشایەی دروستکردووە کە وەک مەترسی گەورەی نێوخۆی لەسەر داهاتووی ولاتەکەیانی بزانن.

گەلانی ولات و بە تایبەتی لە نێو خەڵکی کوردستاندا ئەو وشاریە سەری هەڵداوە کە دەسەلاتی تاران، جگە لە ناوەندێکی داپلۆسینەر و کاولکار شتێکی تر نیە و هەربۆیەش بە یەکگرتووی دژایەتی پێگە و نفووزی سیاسی و کۆمەلایەتی ڕژێمی ئاخوندی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکرێت.

ئێران بە هۆی ئەو هەموو هەڵبەزدابەزەی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیدا دەستی پێکردووە، بەدڵنیایەوە بەزمێکی گەورەی بۆ خۆی ناوەتەوە و یان ئەوەتا ئەوجار بەتەواوی تێدا دەچێ، یان دەبێتە براوی ئەو ناوە و موختاری دەست ڕۆیشتووی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست.

بێگوومان زۆر دژوارە بە هۆی بەرژەوەندییەکان و گرینگی ئەو ناوچەیە بۆ ولاتانی تری ناوچە و زلهێزەکان، ئەو خەونەیان بێتەدی و بەتەواوی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن.

ئاشتی لە نێوان ولاتانی عەرەبی و ئیسرائیل و پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانیەکانیان، لەو چەند ساڵەیدا، ئارامی و ئۆقرەی لە دەسەلاتی ئێران بڕیبوو و تاران دەمێک بوو بەرنامەی هەڵگریساندنی شەڕی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان داڕشتبوو کە ئەو ولاتانە زیاتر بەدژی تەلەڤی هانبدات و پەیوەندییەکانیان تێک بدات.

٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

بابەتی ساڵی..... ٢٠٢٤

ڕێزگرتن لە شەهیدان، وەفاداریە، نەک دواکەوتوویی و لادان لە ڕێبازی سیاسی،

ڕێزگرتن لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، نەک دواکەوتووی نیە، بەڵکوو وەفاداریە بە ڕێبازی سیاسی و نەتەوەیی ئەو تێکۆشەرانەی لە پێناوی ئازادی کوردستاندا گیانی بەنرخیان بە کوردستان بەخشیوە.

ڕێزگرتن لەو ڕۆژە مێژوویە، نەریتێکی پاشکەوتوانە نیە و کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو دواوە نابـاتەوە، بەڵکوو نیشانەی وەفاداری و ڕیزگرتنە لە خوێنی ئاڵیان کە لە پێناوی ئازادی و سەربەستیدا تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی نیستیمان بووە.

بەداخەوە کـۆمەڵە و هاوفیکرانیـان لە کوردسـتان، زیـاتر لە چـواردەیە لەمەوبەر ئامـانجە سیاسـی و نەتەوەییەکـانی بزووتنەوەی کوردستانیان پێ دواکەوتووانە و بێ سەمەرە بوو و بە شەرمێوونیەوە بە لای مەسەلەی نەتەوایەتیدا دەڕۆیشتن. دوای بێ بازاڕی دیکتـاتۆری پرۆلیتاریـا بایانـدایەوە بـۆ لای مەسەلەی نەتەوەیی کە بە کـارێکی باشی دەزانین و هەردەبێ ئەوەشیان کردبا کە لە کۆمەڵگای کوردستان دانەبڕێن.

بەڕاستی مرۆڤ نازانیت پێناسەی ئێوەمانان لە نێو کۆمەڵەدا چیە بۆ دواکەوتوویی و پاشکەتوویی!

ڕێز گرتن لە شەهیدان بۆ دەبێت مەترسی دواکەوتوویی لە سەر کوردستان تەماشا بکرێت، بە دڵنیـایەوە ئەو هەڵسەنگاندنە هیچ جۆرە بنەمایەکی ژیرانەی نیە و بەدوور نیە لە دەمارگرژی سیاسی و دژایەتی پێگە و نفووزی حدکا.

دەبێت لە ڕۆژێکی ساڵدا ڕێز لە شەهیدەکانمان بگرین و پەیمانی وەفاداری لە گەڵ ڕێگـای خەباتیـان نـوێ بکەیـنەوە، ئیـدی ئەگەر وەک حیزب ئەوە بکەین و داوا لە خەڵکی کوردستان بکرێت، بۆ دەبێت هێندێک ئەندامی کۆمەڵە پێیـان شتێکی خـراپ و پاشکەوتوانە بێت و لۆمەی حیزب لەسەر ئەو هەڵوێستەی بکەن و هەوڵی شلۆێ کردنی بـارودۆخی سیاسی لە کوردستان بدەن.

بەڵێ حدکا بە ئەرکی سیاسی و نەتەوەیی خۆی دەزانێ ڕێز لە شەهیدانی ڕێگای رزگاری و ئازادی کوردستان بگرێ و ڕۆژێکی ساڵ وەک دەرفەتێک بۆ پەیمان نوێ کردنەوە لە گەل ئامانجە سیاسیەکانیان کە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەیە دیاری کردووە.

زۆر سروشتیە داواش لە خەڵک بکات ئەو ڕۆژەی بە تایبەتی تر ڕێز بگرن و سەردانی کەس و کاری شەهیدان بکەن.

حدکا و ڕێبەرانی گەورەمان دەمێکە ئەو مەسەلەیان بڕیوەتەوە کە ئێمە بۆ شەهیدەکانمان ڕەش ناپۆشین و خۆمان لە شایی و هەڵپەڕین نابوێرین، حدکا هەر بە قسە و شوعار ئەوەی نالێت، بەکردەوە نیشانمانداوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش شاهیدی ئەوەمان بۆ دەدەن.

لە کاتێکدا ڕێژیمی تاران لە داڕمان و داڕووخان نزیکتر بۆتەوە و هەلومەرجێکی نوێ لە بەرژەوەندی شۆڕشی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە و دەرفەتێکە کە کورد لازمە سوودی باشی لێ وەربگرێ و نێومانی خۆی ڕێکبخات و خۆمان بەدوور بگرین لە ژاوە ژاوی سیاسی و ڕێکخراوەی.

حیزبی دێمۆکڕات و کۆمەڵەش بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستاندا، بۆ چەند ساڵێک دەبێت هاوپەیمانەتیەکی سیاسی و ستراتیژیان بە یەکەوە واژۆ کردوە بۆ ئەوەی پێش بە ئەگەری هەر بەریەک کەوتنەوە بگرن لە داهاتوودا.

بەداخەوە بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو هێرشی بەربڵاویان بۆسەر حیزب دەست پێکردوە و کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی ئەوتۆ بەکار دەێنن کە بە داخەوە هەر لە خۆیان دێتەوە و بێگومان بەو کارەیان جگە لە خوێ کردنەوە ناو برینەکان و قوونتر کردنەوەی ناکۆکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و بەداخەوە خەڵکی کوردستان ناتوانێ دروێنەی باشی لێ بکات و جگە لەوەی مەترسی ڕاستەوخۆ لەسەر تەبایی و کۆدەنگی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت، زیان بە برایەتیش دەگەیەنێ.

دەبوو ئەو بەرێزانە بە سینگ فراوانی و ڕیزگرتن لە فرە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو داواکاریەی حیزب لە خەڵکی کوردستان وەری بگرن و زۆریش سروشتیە لە نێو گەلانی تریشدا کە ڕێز لە سەمبوولە سیاسی و شۆڕشگێرایەکانی خۆیان بگرن و حدکاش وەک هێزێکی دیار و کاریگەری نێو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، مافی خۆیەتی لە ڕۆژێکی ساڵدا، وەک پەیمان نوێکردنەوە لە گەڵ شەهیدانی ڕیگای ئازادی و ڕزگاری نەتەوەیی ڕێزبگرێ و داواش لە خەڵکی کوردستان بکات لەو ڕۆژەدا بەسەردانیکردن لە بنەماڵەی شەهیدان، پەیمان لە گەڵ ڕێگا و ڕیبازی سیاسیاندا نوێ بکەنەوە و درێژەدەری

بەوەفای ڕێگای خەباتیان بین.

ئەوە نەک هەر شتێکی پاشکەوتوانە نیە، بەڵکوو ڕیزگرتنە لە جەوهەری ئەو خەباتەی کە بە خوێنی ڕۆڵەکانمان بە ئەمڕۆ گەیشتووە و مەشخەڵانی ڕزگاری و سەمای ئازادی و جامانەکان لە نەورۆزدا، بێگوومان خەرمانەی خوێنی ئەو شەهیدانەی کوردستانە کە وەک قۆناخێک لە خەباتی سیاسی سەیری دەکەین و بەتەواوی دووڕە دیمەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گۆڕێووە و ناوەندی بریاری سیاسی و سەربازی تارانی بەتەواوی لەرزاندووە.

مرۆڤی سیاسی و نەتەوەیی هەرگیز هەوڵی بێ ڕێزی و تێکدانی تەبایی و یەکیەتی سیاسی نادا و ئەو کارەش بەدڵنیایەوە جگە لە خۆش خزمەتی بە دەسەڵاتی تاران خێرێک بە کۆدەنگی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناگەیەنێت و ڕێبەری کۆمەڵە دەبێت سنووڕێک بۆ ئەو بێڕێزیانەی ئەندامانی بە حیزب و جووڵانەوەی سیاسی کوردستان دابنێت.

بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئەندمانی کۆمەڵە ئەوە جاری یەکەم و بێگوومان دواجاریان نابێت کە بەو جۆرە هێرش دەکەن و سنووری ئەخەلاقی سیاسی بەرامبەر بە حدکا و شەهیدانی دەبەزێنن و لە گومڕایدا بە تەواوی خۆیان بزر کردووە و خەریکە بەو ڕێگایەدا سەریان لە کوچە تاریکەکانی خەیاڵدا دەربێنەوە.

با تۆزێک ڕاشکاو و ڕوون لە گەڵ یەکدیدا قسە بکەین، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە سەرچاوەی هزری سیاسی و نەتەوەیی ناسراوە و خەڵکی کوردستان بە هەڵوێستە سیاسیەکانیان لە شۆڕشی ژینا و نەورۆزی ئەمساڵدا بە تەواوی متمانەی سیاسی یان بەو حیزبە داوە و بە تیروتوانج تێگرتنی ژمارەیەک لە برایانمان لە نێو کۆمەڵە لەبەرچاوی خەڵک ناشیرین ناکرێت و لەو پێگە بەهێزەی کەخاوەنیەتی نادرێت و زیاتر خۆشەویست دەبێت.

خەڵکی کوردستان بە خۆشیەوە بەو ڕادەیە لە وشیاری سیاسی گەیشتووە کە بزانێ کام هێزی کوردستان بە تەواوی لە پێناوی خەڵکدا تێدەکۆشێ و بە هەڵوێستێک یان بڕیارێکی سیاسی لابەلا زیانی بە خەبات و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کوردستان گەیاندووە.

حیزبی دێمۆکڕات لەو ڕۆژەیدا واتە ١٠ی خاکەلێوە ڕێز لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کوردستان دەگرێ و تەنانەت ئەو کادر و پیشمەرگەی کۆمەڵەش کە لەسەنگەری خەبات بەدژی دەسەڵاتی تاران شەهید بوون، ڕێزیان لێ دەگرێ و لێرەدا هیچ جۆرە هەڵاوردنێکی سیاسی و ڕێکخراوەی بە دروست نازانێ و نایکات.

لەو ڕۆژەدا، کە ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوەیە لە گەڵ خوێنی تێکۆشەرانی کوردستان، هەوڵی تەبایی و پێکەوە هەڵکردن بدەین و کارێک نەکەین درز بخەینە نێومان و سەر لە خەڵکی کوردستان بشێوێنین و تێکدانی تەبایی لە نێوان هێزەکانی کوردستاندا، بەدڵنیایەوە شەقامی کوردستان بێزار و تۆرە دەکات.

لە جیاتی بەرهەم هێنان و پەرەپێدان بەو دەمارگرژیە ڕێکخراوەیە لە کوردستان، لە سەر بە هێزکردنی بیری نەتەوەیی و کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانی لە کوردستان کاربکەین، چوونکی ئەوە تەنیا ڕێگای خزمەت کردنە بە جووڵانەوەی سیاسی گەلی کورد و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای کوردستان.

جووڵانەوەی سیاسی کورد کاتێک بە ئامانجەکانی دەگات کە یەکگرتووی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهێز بکرێت و بە هەموو لایەکیش ئەو برایەتیە لە نێوان هیزەکاندا بپارێزین و ڕێڕیمی تاران بە یەک چاوی سەیری حیزب و کۆمەڵە و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەکا و ئەو کاتە دڵیان خۆشە کە لە دونیای مەجازیدا، دەکەوینە شەڕە دندووکە و وێک هەڵناکەین.

شەڕ و ناکۆکی قووڵکردنەوە کردارێکی نەفرەت لێکراوە و ئەگەر قەرارێت دژی بین، نابێت زەمینەی دووبارە بوونەوەی بۆ نەرەخسینینەوە و بە قسە و کردار زیان بە هاوکاری نێوانمان نەگەیەنین.

بێگوومان بەیانی توند و هێرشکردنە سەر لایەنی بەرامبەر و ڕەچاو نەکردنی هەستی تەبایی و یەکگرووتویی نێوخۆی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، جگە لە جووڵانەوەی ساویلکە و هەرزەکارانە، ناکرێت ناوێکی دیکەی لەسەر دابنرێت.

ئەو بەڕێزانەی ڕەخنەی توند لە حیزبی دێموکڕات دەگرن، کە کەسانێک بە ناوی چالاکانی مەدەنی داوایان لە خەڵکی کوردستان کردووە لە ڕۆژهکانی ٩ و١٠ی خاکەلێوەدا بەسەردانیکردنی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، وێرای ڕێزگرتن لە ڕابردوویان، پەیمان لە گەڵ ئامانج و خەباتە سیاسیەکەیاندا نوێ بکرێتەوە، ئەوە نەک شتێکی بەجێیە، بەڵکوو برایانمان لە نیو کۆمەڵەی نەدەبوو بەو جۆرە و دەمارگرژانە بابەتەکەی بەلاڕێدا بەرن و دژایەتی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بکەن کە لەو ڕۆژەیدا پێشەوای مەزن بە دەستی دەسەلاتی پەهلەوی لە سێدارە درا و کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسی کورد دێت.

ڕێڕیمی ئاخوندی لە دژوارترین قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی خۆیدایە و هێزەکانی کوردستانیش بە لەبەرچاو گرتنی کەش و هەوای سیاسی ئێران و بیری شۆڤێنیستانەی بەشێک لە فارسەکان، لە هەموو وەختێک زیاتر نیازیان بە لێک نزیکبوونەوە و پێکەوەکارکردن هەیە و لە داهاتووشدا دەبێت ئەو ڕێچکەیە بەهێزتر بکرێت و دەفکری

نەخشەڕێگای هاوبەشی سیاسی بۆ داهاتووی وڵات دابین و بە خەونی خەیاڵی دووبەرەکی دروستکردن بە هیچ جێگایەک لە تێکۆشان بەدژی ڕژێمی ئێران ناگەین.

بەڕێزانی کۆمەڵە لانیکەم دەبوو تۆزێک بیر لە لایەنە خراپەکانی ئەو هەڵمەتە بە دژی حیزبی دێمۆکڕات دەستیان پێکردووە بکەنەوە و زیانەکەیانی بۆسەر یەکیەتی و کۆدەنگی نیشتیمانی لێک بدەنەوە و تەنانەت خێر بە خۆشیان ناگەیەنێت.

ئەگەر شەر ڕوویدا، کارێکی خراپە و کورد کوژی دەبێت لە نێو بچێت و بەخەتاو تاوانێکی گەورەی نەتەوەیی سەیربکرێ و ئەو بەڕێزانەی بەو خەیاڵانە دەژین، دەبێت ئەوە باش بزانن کە هاوشێوەی ئێوەمانانێک بوون ئەو کاتیش ئاگری ناکۆکی و شەڕی نێوخۆییان هەڵگیرساند و زیانێکی قەرەبوو نەکراوە بە کورد و جووڵانەوەکەی گەیشت و لە ئامانجەکانی دووری خستینەوە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی هەردوک هێزی کوردستان لە زۆر بووارداهاوکاری و یارمەتی یەکدی دەدەن لە نێوخۆی کوردستان.

کەوابوو زەمینەی هەڵدانەوەی لاپەرە ڕەش و ناخۆشەکان دڵی هیچ لایەک خۆش ناکات، جگە لە لەو بەڕێزانەی کە ئەو خەونەی دەبینن.

ئێمە وەک ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بە چاوی ڕەخنەگرانەوە دێراسەی وردی ڕووداوەکانی ڕابردوومان کردوە و لەژێر تیشکی ڕووناکای ئەو هەڵسەنگاندنەشدا، حیزبەکەمان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران هەستی بە زەروورەتی مێژوویی هاوپەیمانی سیاسی و هاوکاری لە گەڵ کۆمەڵە و کۆی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی دژبەری ڕژێمی ئاخوندیدا کردوە و بە دڵنیایشەوە هاوڕێیانی کۆمەڵەش بەو نیەت و تێگەیشتنە سیاسی و کۆمەڵایەتیە پەیوەندییە دوو قۆڵیەکان لە گەڵ حیزب و هێزەکانی تری کوردستان بەهێز دەکەن و بە هەمووشیان دەپیارێزن و ڕێگری لەو گروپەی دەگرن کە خەریکی ئەو کارەن!

ڕەخنەگرتن و ڕوانینی جیاواز دەوڵەمەندی فرە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژینگەی کوردستان دەگەیەنێ و سروشتی سیاسی و پێکهاتەی حیزب بە جۆرێک ڕەنگ ڕێژکراوە کە ڕێز لە هەر بیر و باوەڕێک بگرێ و خۆی بە دوور بگرێ لە دەمارگرژی و بەکار هێنانی زمانی زبر کە زیان بە کۆدەنگی نەتەوەیی بگەیەنێت.

حیزبی دێمۆکرات خاوەنی ئیرادە و پێگە و خۆشەویستیە لە نێوخەڵک و بۆ پاراستنی تەبایی و یەکگرتوویی نیوخۆی، لە شەرە دندووکەی رێکخراوەی بە تەواوی خۆی دەپارێزی و قەزاوەت و داوەریەکەی دەدەینە دەستی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان لە ئەمڕۆی خەباتی نەتەوەییدا.

بێگوومان ئەو بەڕێزانەی کۆمەڵە چاک دەزانن کە ئامانج لەو کارەیان بەداخەوە بەنیەتی خێر نیە و بیرێکی بەتەواوی ناسەلیم و ناتەندروستی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پشتەوەیە و ڕێبەری کۆمەلە نابێت لە ئاستیدا بێ دەنگ بێت و بەرپرسانە هەڵوێست بگرێ.

بە شانازیەوە دەڵێم ئێمە پەروەردەی مەکتەبێکی بە تەواوی سیاسی و نەتەوەیین و وەک تەشکیلاتی حدکا بە تەواوی هەست بە بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی دەکا و خۆی لە درِدۆنگی لادەدات و لە سەفی بەهێزکردن و پەرەپێدانی یەکڕیزی سیاسیدا خەبات دەکات و وەک هێزێکی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی کوردستان دەکا.

ئەو ژمارەیە لە برایانی کۆمەڵە ئەگەر تۆزێک ویژدانی سیاسی و گەل دۆستی یان هەبووایە و لایەنگری یەکڕیزی سیاسی و کۆدەنگی گەلی کوردیان بە لاوە گرینگ بووایە و بەداخ و ئەسەفەوە سەیری پەیوەندییەکانی رابردووی کوردستانیان بکردایە، هەرگیز بەو جۆرە خۆیان لە قەرەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە لە زمانی بزر نەدەدایەوە و بەرەو قووڵ کردنەوەی ناکۆکیەکان نەدەچوون.

فەلسەفەی شەڕ و تێکدانی تەبایی ئەوەیە کە کەسێکی زۆر نەفام و بیرداخراو هەڵی دەگریسێنێ و بە هەزاران مرۆڤی گەورە و بیر هێور و ڕۆشنبیر کۆتایی پێ نایەت، جا باسی کارەسات و گاریگەریەکانی لەسەر ڕەوتی خەبات هەرناکرێت.

حدکا و کۆمەڵە هاوپەیمانەتیەکی سیاسیان لە نیوخۆیاندا پێک هێنا بوو و دیارە ئەو بابەتە هەر بەڕێکەوت و لەخۆوە نەهاتۆتە بەرەوە، بەڵکوو زادەی قووڵبوونەوەیەکی مەسئولانە بووە بۆ داهاتووی کوردستان و پێشگرتن لە بارگرژی و بەر یەککەوتنەوەی ئەو دوو هێزەیە و هەر دووک لاشیان هەستیان بەو مەترسیانە کردوە، کە ڕەنگە چەند کەس و گروپێک بتوانن ئاگری ماڵوێرانکەری شەرێکی دیکەی براکۆژی هەڵبگریسێنەوە.

کوردی ڕۆژهەڵات بە هەموو ڕەهەند و بیر و فیکری سیاسی کە هەیانە، مەحکوومین بە یەکگرتوویی و هاوپەیمانی سیاسی و ستراتیژی لە سایەی بەرەیەکی گەورە و فراوانی سیاسی و چەکداریدا بەرامبەر بەڕێژیمی ئاخوندی و بەدی هێنان و پاراستنی دەسکەوتە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی کورد.

ئەگەر لە ئێستاوە زەمینەی گونجاو پێک نەیەت و بە یەکەوە کار نەکرێت، جووڵانەوەی سیاسی کورد بۆ جارێکی تر زیانی زۆری بەردەکەوێتەوە. رووداوەکانی باشووری کوردستان ئاوێنەی باڵانوینین بۆ کۆی بارووودۆخە سیاسی لە کوردستاندا، چوونکی ئەوان بە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و بارگرژی نێوخۆییان دەبینین وەزعیان چۆنە.

٢٨ی مارچی ٢٠٢٤

خەباتی سیاسی و چەکداری لە شاخەوە گەیووەتە نێوشارەکانی ڕۆژهەڵات.

کاتێک خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی بە ئاکامی خۆی دەگات، کە بە شێوەیەکی گشتگیر کەڵک لە هەموو شکڵ و جۆرەکانی تێکۆشانی سیاسی و چەکداری وەربگرین. بەداخەوە بەهۆی تێک چوونی هاوسەنگی سیاسی و سەربازی لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرەگرتنی فرە جەمسەری نێودەوڵەتی و تێک چوونی ڕەهەندە سیاسی و ستراتیژیە ناوچەیەکان، بەجۆرێک کاریگەری لەسەر خەباتی چەکداری داناوە و کە نەتوانرێ جەوهەریانە کەڵک لەو شێوە تێکۆشانەی وەربگرین.
ئەوە بەومانایە نیە کە کۆتایی کۆی ڕەهەند و ڕێچە فیکریەکانی خەبات هاتووە و بزووتنەوەی سیاسی کوردستان ناچار بە چۆکدادان بکات، بە خۆشیەوە ڕەوتی ئەو خەباتە بە تەواوی خۆی خزاندۆتە نێوقۆڵایی خاکی کوردستان و هەرتاکێک لە کوردستان بەکردار ڕۆڵی چالاکی خەباتگێڕانی شاخ دەگێڕێت کە ڕێژیمی تاران بەتەواوی زراوی لێی چووە.

خەباتی سیاسی گەلی کورد لەوقۆناخەیدا، وێڕای پەرەگرتنی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی لەو بەشەی وڵاتدا، بەخۆشیەوە کۆمەڵگای سیاسی کوردستان جگە لە یەکگرتووی و هاوخەباتی نێوخۆی، بەجۆرێک خەبات دەکەن کە بەتەواوی کاریگەریان لەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستان و ئێران داناوە.

دکتۆر قاسملووی نەمر، کە وەک دیارترین ڕێبەری فەلسەفی و نەتەوەیی نێو بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە،جگە لەوەی بیرمەندێکی مەزنی تێکۆشەر و خەباتگێڕی کورد بوو و، خزمەتی گەورەی بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە کرد. هەر لەو کاتەشدا باوەڕی قوونڵی بە هەموو شێوەکانی شۆڕشی ڕزگاری نەتەوەیی هەبوو و بە مەبستی ئازادی و دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد هێزێکی دیاری وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لە پێناوی مافەکانی گەلی کورد بە دژی تاران ڕێبەری دەکرد.

ڕەنگە بەلای زۆر کەسەوە و بەتایبەت ئەوانەی باوەڕیان بەهیچکام لە جۆرەکانی خەباتی سیاسی نیە، بۆ دژایەتی و کەم ڕەنگ کردنەوەی کاریگەری و پێگەی فراوانی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب لەسەر ڕەوتی نوێی خەباتی سیاسی، گەرویان بگیرێ و پەنابەرنە بەرکۆمەڵێک فاکتی سواو و کرچ و کاڵ کە بە شوعار و ڕوانینی بێ بنەما، ڕوانینی خۆیان نیشان بدەن.

پەیدابوون و دروست بوونی کۆمەڵێک ناوەندی جۆر بەجۆر بە شکڵ و فۆرم و ڕوانینی جیاواز، بەدڵنیایەوە لە هیچ ڕوویەکەوە

ناتوانن ڕۆڵی هێزێکی سیاسی بگێڕن و بەوجۆرەی خۆیان کیسەیان بۆ هەڵدرووە، ناتوانن دڕوێەک لە جەستەی کوردستانی داگیرکراو دەر بێنن. ئەو ڕوانینە بە هیچ جۆرێک ڕەدکردنەوەی فرەچەشنی و فرە ڕەهەندی سیاسی و نەتەوەیی ناگەیەنێت، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە لێک تێبگەین و هەوڵبدەین هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵات بە کار و چالاکیەکانمان زیاتر بەرەوپێش بەرین و بەیزیان بکەن و واز لە پرشوبڵاوی بێنێن.

بەشانازیەوە دەڵێم هەرچی گەڕام و سەیری ڕابردووی مێژووی خۆمانم کردووە، هێزێک لە چەشنی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران م نەتەوەیی تر نەهاتە بەرچاو تا گلەی لە خۆمان بکەم و بە ڕێگای ڕەخنەدا، خۆمان بەرەو ڕێچکەی خەباتی نەتەوەیی ڕێک بخەینەوە.

حیزبی دێمۆکڕات بەسەرچاوەی بیری مۆدێرنی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە و جگە لە بەشدارکردنی کۆی چین و تۆێژە گەلیەکانی کۆمەڵگای کوردستان، ئەگەر سەیری پێک هاتەی کۆمەڵایەتی بکەین، دەبینین پێک هاتەکەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، گەلێک نایاب و گشتگیرە، لەبەر ئەوەی دەرفەتی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی بۆ گشت لایەک پێک هیناوە.

حیزب باوەڕی بەڕزگاری نەتەوەیی لەسەر بنەمای کۆدەنگی خەباتی سیاسی گەلی کورد هەیە و دژی لێک هەڵبەزینەوە و پاوانخوازی و دوور کەوتنەوەیە لە ڕەهەندە جەوهەریە سیاسیەکان و هەوڵی داوە میحوەری کۆکردنەوەی دەنگە نەتەوەیی و دێمۆکڕاتیکەکانی کوردستان بێ.

هەر وەک لە ڕابردوودا ئەو تەوەرە باوبوو کە دەگوترا، ە شۆڕش بە مرۆڤی ئازا و شۆڕشگێڕ دەکرێ و دەسکەوتەکانی خەباتیش هەر بەوان دەپارێز ڕێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

پاشان ئەگەر هێزێک و کەسێک لە بنەڕەتدا باوەڕی بە بنەماکانی ئەو خەباتەی نەبێت، کە لە ڕەوتی مێژوودا بەقەول خەباتی بۆکردووە!! چۆن دەتوانێ بەقازانجی ئەو خەباتە سیاسیە بەرنامە و کاری بەرچاو بکات و شتێک بەقازانجی کورد بکا.

بەداخەوە زۆر هێز و تەنانەت کەسایەتی سیاسی جگە لەخۆ پەراوێزخستینان و دووركەوتنەوەیان لەبنەما دێمۆکڕاتیکەکانی خەباتی سیاسی و مەدەنی، بەداخەوە هەر ڕۆژە و قسە و هەڵوێستێک دەگۆڕن و هەوڵی سەرلێشێواندنی شەقامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن.

هەر تاکێک مافی تەواوی خۆیەتی چۆن خەبات دەکا و هەڵگری چ جۆرە ڕەهەندێکی فیکریە، بێگوومان هەر هێزێکی سیاسی لە بەرامبەر سیاسەت و ڕێبازی خۆیدا بەرپرسیارە و کە چ بکات، بەڵام ئیدی بەو مانایە نیە کە بۆ دژایەتی و بەلاڕێدابردنی شەقامی سیاسی کوردستان، دەست بە هەر کونێک دا بکات و هاوپەیمانی لە گەڵ دژبەرانی سیاسی بزووتنەوەی کوردستان پێک بێنی.

ڕوانینی دروست و لێکدانەوەی شیاو بێگوومان شوێنی لە سەر هەستی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی دەبێ و بە پێچەوانەش زیان بە یەک گوتاری نەتەوەی و هاوخەباتی بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی دەگەیەنێت. بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کات و زەمانی جیاوازدا ئەو ئەونەوحە لە سیاسەتکردن، لەتمەی زۆری بە ڕەوتی تێکۆشانی بەربڵاوی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندوە.

ڕێژیمی ئێران زیاتر لە چواردەیە بە هەموو شێوەیەک نیکۆڵی لە مافی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەکا و بە درندانەترین شێوە هەوڵی بە چۆکدا هێنان و بڵاو پێکردنی داوە، کە بە خۆشیە شۆڕشی ئەو بەشەی کوردستان هەتا دێ زیاتر بەهێز و پەرەگرتوتر دەبێ و یەکگرتووی شەقامی سیاسی ڕۆژهەڵات، دەمێکە بەڕووی دەسەڵاتی تاران هەڵگەڕاەتەوە، کە ئەوەش نەوحێکە لە گۆڕانکاری هزری نەتەوەیی لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا.

ڕێژیمێکی کۆنەپەرست و دیکتاتۆری وەک حکوومەتی تاران بە ڕێگای شۆڕش گشتگیردا نەبێ، زۆر دژوارە لە سەر ڕێگا لابدرێت و کۆتای بەحوکمڕانیان بێ.

بەداخەوە کەمنین ئەوانەی لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیاندا لە ڕابردوو و تا ئێستاش لە ڕووی هزری و خەباتی شێلگیرانەی نەتەوایەتی خۆیان ساغ نەکردۆتەوە و باوەڕیان بە پەهلەوی هەیە و ئەگەر بۆیان بکرێ دژایەتی کۆی چەمکەکانی بەرخۆدانی نەتەوەیی دەکەن و ناکۆکیەکان بە جۆرێک پەرەپێ دەدەن کە یەکگرتووی نێومالی کوردی پێ تێک بدەن کە بەداخەوە ئەوەشیان کردووە.

لێرەدا ئەرکی پێک هاتەی تەشکیلاتی حدکایە کە زۆر بەرپرسانە و نەتەوەیانە هەڵسوکەوت لە گەڵ کۆی هاوکێشە سیاسیەکاندا بکا و هەر وەک هەمیشە باڵانسی کۆدەنگی سیاسی و یەکیەتی نەتەوەیی و هاوکاری لە نێوان هێزەکاندا بپارێزێ.

ڕێبەری هەر هێزێکی سیاسی و نەتەوەیی بەر لە هەر شتێک دەبێت باوەڕی قووڵی بە سیاسەت و ڕێبازی ڕێکخراوەکەی هەبێ

و ئەو ئامادەیەی هەبێت بەسەربەرزی و بوێری داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلەکەی بکات و سیاسەتی بانێک و دوو هەوای نەبێت و نەتەوەیی خۆی بەکەم سەیر نەکات. ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە سیاسیەت نەکرێ و ڕەچاوی پاشکۆیەتی سیاسی بکرێ، ئیدی ئەوە پێی دەڵێن کەڵفامی سیاسی و گەوجاندنی شەقامی سیاسی کوردستان، کە هەرگیز ئەوەیان بۆناکرێ و خەڵک لە گەڵ چوار دەیە لەمەوبەر لە هەموو ڕوویەکەوە گەشەی کردوە و لە شۆڕشی ژینادا ئەوەمان بەچاوی خۆمان دی.

حیزبی دێمۆکراتِ ڕێز لە فرەڕەهەندی و بیروڕایی جیاواز دەگرێ، بەو مەرجەی ئەو ڕەهەندە ئازادە زیان بە شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی گەلە کەمان نەگەیەنێت و شوێن دژبەرانی جوڵانەوەی سیاسی کوردستان نەکەوێ.

حیزبی دێمۆکراتِ وەک هێزێکی بەتەواوی سیاسی و شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی، باوەڕی بە شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە و کاتێک ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر ئێراندا بێت، حیزب ئەو هێز و پێگەیەی هەیە کە بتوانێ دەسکەوتەکانی خەبات بپارێزێت و ئیدارەی وڵات بکات.

کاری ئێمە ئەوەیە کە سیاسەتی ڕوونی حیزب وەک هەیە و بەدروستی بەرینە نێو خەڵک و شەنوکەوی سەرلیشێواوی سیاسی و فیکری لایەن و کەس و تاکی تر با بۆ خەڵکی کوردستان بە جێ بێڵین.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسیدا بەو ڕەسالەتە مێژوویە وەفادار ماوەتەو ە و ئەو ڕێبازە هەروەک ڕابردوو دەپارێزێ و ناکەوێتە ژێرکاریگەری کەش و هەواوی سیاسی کە بەجۆرێک زیان بە شۆڕشی کوردستان بگەیەنێت.

۱۱ی جوونی ۲۰۲٤

ئیسرائیل ئەمریکای هێنایە ناوشەڕ وبێ ڕەزامەندی ئەوان شەڕ بەتەواوی ناوەستێ.

ئیسرائیل ئەمریکا و حکومەتی ترامپی هێنایە نێو شەڕ لە گەڵ ئێران و بەشداری هێرشی بۆ سەرخاکی ئەو وڵاتە پێکرد و لە ئاکامدا ژمارەیەک بەرپرسە سیاسی و سەربازیە باڵاکانیان لە نێواندا، ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی بە ئامانج گیران و کوژران. وەختێک ئەو شەرە کۆتایی پێدێت کە تەلەقی ڕەزامەندی نیشان بدا و کاتییکیش ئەوە بەدی دێ کە ڕێژیمی تاران لە ناوبچێت، ئەگینا بەردەوام هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل و وڵاتانی ناوچەیی و ئە بابەتەش بە لای حکومەتی ئیسرائیل جێگای سازان لەسەر کردن نیە و بە پێچەوانەی کۆسکی سپی ڕووواوەکانی پەیوەندیدار بەتاران تەماشا دەکەن.

ئەمریکا و بەدیاریکراوی سیاسەتی نارووونی ترامپ لە هەمبەر دۆست و نەیارەکانیدا بۆ کەس جێگای متمانە نەماوە و بێگوومان ئەو بابەتەش ئەمریکای وەک وڵاتێکی باڵادەستی جیهان بەتەواوی هێناوەتە ژێر پرسیار و ئەگەر پێنتاگۆن و وەزارەتی هەندەران بە ستراتیژیە سیاسی و سەربازیەکانیاندا نەچنەوە، پێگەی ئەو وڵاتە هێندەی دیکە لاواز دەبێ و ئێران حیساب بۆ ئەو وڵاتە ناکات و زیاتر شوی لێ هەڵدەکێشن و دەبنە چاو سووری ناوچەیی.

دیارە قسەی خۆمان بێ، ئەمریکا لەهێرش بۆسەر ڕێژیمی ئێران دەسکەوتێکی ئەوتۆی نەبووە کە خۆیان کیسەیان بۆ هەڵدروبوو، پاش ئەوەی ترامپ بەو سیاسەت و لێدوانە سەیرو سەمەرانەی ویستی ئەو شکەستەی بخاتە گەردنی هێزەکوردیەکان و بە بووختانی دزینی چەکەکانیان شکەستەکەی بشارێتەوە و لە کۆتایی هێنان بە هێرشەکان خۆی بدزێتەوە.

پاشان چۆن دەکرێ وڵاتێکی گەورەی وەک ئەمریکا بێتە ناو شەڕێکەوە و چاوی لەدەستی خەڵکی ئاسایی و هێزەکوردییەکان بێ کە وەک پێوێست چەک و ئیمکاناتی نیزامیان لە بەردەست دانەبووە و ئەو هێزانەش بە دڵنیایەوە خاوەن بڕیار و قەراری سیاسی و چەکداری خۆیانن و ناکرێ بە قسەی کەسێک کە بەسانیە بڕیار و تێڕوانینەکانی دەگۆڕێ، بێتە ناو شەڕێکیەوە کە ئاکامەکەی دیار نەبێ چۆن دەبێت! ئەگەر ئەمریکا ڕاست دەکات، کەی بە ڕەسمی لە گەڵ کوردەکاندا کۆبوویەتەوە و لەسەرڕوخاندنی ڕێژیمی ڕیککەتون لە گەڵ کورد ئەنجام دراوە. دیتمان ترامپ پرۆسەی گۆڕانکاریە خێراکانی روخاندنی تارانی کە پێشتر بڕیاری لەسەردرابوو، بێ هۆکار و دەلیل پەشیمانبوویەوە و، بابەتی روخاندنی تاران بە هێرشی هەوایی کۆتایی پێ هێناوە و کە دیتی ڕێگای هات و چۆی نەفەت گیراوە، دووچاری دڵەڕاوکێ و خۆ بەدەستەوەدان هات.

ئێران وەک هێزێکی توتالیتار و کۆنەپەرست کە خاوەن سەرچاوەیی دارایی بە هێز و هەروەها پەیوەندی چڕ لە گەڵ گرۆپە تۆندئاژۆکاندا هەیە و کەی تاران بی هەوێت، ئەو گروپە تیرۆریستانە دەست بەهێرش و جووڵەی چەکداری بەدژی نەیارەکانی ئێران دەکەن و ئیسرائیل و ئەمریکا بە ئامانج دەگرن.

تەنانەت ئەمریکا نەیتوانی وەک پیویست گرۆپە تۆندئاژۆکانی عێراق کە بەردەوام هیرشیان دەکردە سەر کورد و ئەمریکا، بێ دەنگ بکات. باشە کەی ئەوە ستراتیژی سەربازییە کاتێکدا ولاتێکی بە هێز و خاوەن بڕیاری سیاسی جیهان بەدەستی کۆمەڵێک فەرمەندەی سپای پاسداران گیردەخوا ورێژیمی ئێرانی نەک بۆ تەسلیم و دەستە مۆنەکرا، کەوتە کفتوگۆی ڕاستەوخۆ تا کۆتایی بە ناکۆکیەکان بێ.

وەختێک ولاتێکی وەک ئەمریکا لە هەموو ئاڕاستەکانەوە دەکرێتە ئامانجی هێرشی هاژەکی درحنیەکانی تاران و زیانی گەورەی ماددی و مەعنەویان پێ گەیشت و، لە کاتێکدا واشنگتۆن نەتوانی هێڵی تێکشکاندنی بەهێز دەبنێی و وەک ترامپ ئیدیعای دەکرد دۆزەخیان بۆ دروست بکات. کەوابوو لەو دۆخەدا شتێک بەناوی ئاشتی و سەقامگیری سیاسی بەدی نایە و ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەگەر بەو ڕێککەوتنەی لە گەڵ ئێران دەیکەن، ڕازین، ئەوە کلاو دەکەنە سەریان و خۆیان لە کیشەکان دەدزنەوە و خۆ بەدەستەوەدانی ئەمریکای سەلماند.

ترامپ کۆتایی هێنانی ئەو شەڕی گرێداوە بە کردنەوەی گروی هۆرمز، بەڵام کاتێک شەر دەستی پێکرد، ئەو شوێنە وەک ڕێڕەوێکی گرینگی ئابووری و بازرگانی کراوەبوو! کەوابوو ئەگەر بکرێتەوە، ئەمریکا و کابینەی ترامپ دەسکەوتێکیان نەبووە تەنیا شەڕ وەستاوە و ئەمریکا پاشەکشەی کردوە.

هەروەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێکردوە، ئیسرائیل دەمێکە لە شەردایە لە گەڵ تاران و ئیدی هەر ئەوانیش بوون ئەمریکایان کردە هاوبەشی هێرشەکانیان بۆسەر تاران. کەوابوو ئەو شەڕە کاتێک بەتەواوی کۆتایی دێ کە تەلەقی هەست بە ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی ولاتەکەی لە ژێر هەڕەشەکانی ڕێژیمی تاران بکات.هەر وەک دیتمان، تاران نەک هەر پاشەکشەی نەکردوە، سووڕە لە سەر بە هێزکردنی توانا سەربازی و بەرگری و هاژەکیەکانی و تەنیا شتێک کە بەشاراوەی ماوەتەوە ئەو بڕە "یورانیۆمەیە" کە دژاوەر بزانرێ لە کوێ قایمکراوە و تا کەی بە نهێنی دەمێنێتەوە. کاتێک ئەو مادە ئامادەکراوە خاوە لەدەستی ڕێژیمی تاران و بەدیاریکراویش باڵی سەربازی دەسەڵاتدا بێ، دژاوەر ئیسرائیل هێرشەکانی بوەستێنێ و هەست بە ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی بکات.

ئیسرائیل وەک نەیاری سەرسەختی تاران، حیساب بۆ واژۆی ترامپ بە ڕێککەوتن ناکاو و هەڕەشەی هێرشی گەورە بۆ سەر

ئێران دەکات ئەو شوێنانەی گرتوونی لێیان ناکشێتەوە. ترامپ خۆی دەڵێت هەر جارێک لێدوان و قسەیەک دەکات، وادەزانێ بەو کردارەی جیهانی سەرسامکردووەو بەڵام متمانە و پڕستیژی سیاسی خۆی و وڵاتەکەی خستۆتە ژێر پرسیار.
ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا و ئێران جگە لە کات بە فیڕۆدان و کایەکردن بەهەستی گەلانی ناوچەیی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری دەسکەوتێکی دیکەی نابێ و ئەو شەرە زیاتر تەشەنەی دەکات.

کاتێک ئاشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەستەبەر دەکرێت کە دەسەڵاتی تاران بەتەواوی لە دەسەڵات لابدرێ و حکومەتێکی دێمۆکراتیک و فرە چەشن شوێنی بگرێتەوە.ئەگینا ئەو ڕێککەوتنەی باسی دەکرێ، لێک تێگەیشتنی دوولایەنی پێک ناکۆک دەگەیەنێت کە هەر لایەک بەدوایی بالادەستی و دەسکەوتی فرەتری سیاسی و ئابووری و بازرگانی خۆیدایە.

ترامپ وەک سەرۆکێکی بازرگان و خاوەن سەرچاوەی بەهێزی دارایی، لایەنی ئابووری زیاتر بەلایەوە گرینگە. حکومەتی تارانیش هەوڵدەدات بە هەر قیمەتێک بێ خۆی لە شەرە ڕزگار بکات و ئەگەر بە نیوە ئاشتیەکی کرچوکاڵێش بێ، بە لایەنگرانی خۆیان بڵێن، ئەوان براوەی ئەو شەڕەن.

بەڵام ئەو لایەنە بە هێز و کاریگەرەی کە بەتەواوی چارەنووسی ئەو ئاشتیەکاتیەی نێوان ئەمریکا و ئێران یەک لای دەکاتەوە، بڕیار و سیاسەتی ئیسرائیلە وەک نەیار و دژ بەری سەرەکی حکومەتی ئاخوندی و تەلەقی بە هیچ جۆرێک دانوی لە گەڵ حکومەتی تاران ناکوڵی و تا ئەو ڕوانینەش بەردەوامی هەبێ، ئیدی شتێک بە نێوی ڕێککەوتن بوونی نابێت.

یەهۆدییەکان بەتەواوی بەسەر سیاسەت و بڕیاراتی پێنتاگۆن و سیاسەتی هەندەراندا زاڵ و دەست ڕۆیشتوون و کاتێک تاران دەتوانێ بە خەیاڵی ئاسودە بخەوێت کە ئیسرائیل ئەو ڕێککەتنەی واژو بکات.

١٧ی جوونی ٢٠٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧١٨ی کوردی = دێسەمبەر ٢٠١٨ی زایینی

نۆژنکردنەوە: ڕەزبەری ٢٧٣٦ی کوردی = نۆکتۆبەری ٢٠٢٦ی زایینی



سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ محەممەد سلێمانی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتوویژەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

